فاتح ڕەسوڵ

# بنچینەی
# مێژووی بیرۆکەی چەپ
# لە کوردستاندا

چاپی یەکەم

# بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ
# لە کوردستان

فاتیح ڕەسوڵ

٢٠٠١
سوید ـ ستۆکهۆڵم

بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ

لە کوردستان

نووسینی: فاتح رەسول

چاپی یەکەم _ سۆکهۆڵم ٢٠٠١

لەچاپدانەوەی بەدەست خاوەنێتی

©Solförlaget 2001

Box 136
191 22 Sollenttuna, SWEDEN

ISBN 91-89150-12-0

پێشکەشە:

به ئینتەرناسیونالیستی ڕاستەقینەی تورک، تێکۆشەر

دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی

به نووسەری ڕاستگۆی عەرەب، دۆستی مرۆڤ و مرۆڤایەتی؛

کۆچکردووی زانا هادی ئەلعەلەوی

# پێڕست


١- سەرەتا ٩

**٢- بەشی یەکەم** ١٩

١- دەستپێکردن ١٩

٢- سەرهەڵدان و زاراوەی چەپ ١٩

٣- شۆڕشی فرەنسا و وشەی چەپ ٢١

٤- گەشەکردنی بیرۆکەی چەپ ٢٣

٥- سەرەتاکانی ماک و هەوێنی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان ٢٨

**٣- بەشی دووەم** ٣٥

١- جیهان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ٣٥

٢- باری سۆسیۆلۆژیی کوردستان لەو سەردەمەدا ٣٦

٣- جەنگی یەکەمی جیهان ٤٠

٤- دۆزی گەلی کوردستان و کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) ٤٣

٥- کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤیەتیدا ٤٦

**٤- بەشی سێیەم: کوردستانی باکوور** ٥١

١- ڕابەینی مستەفا کەمال و کوردستان ٥١

٢- پیلان لەسەر ڕێککەوتننامەی سیڤر ٥٩

٣- بەرەو هەڵگیرساندنی شۆڕی ١٩٢٥ ٦١

٤- دامەزراندنی پارتیی خۆیبوون و شۆڕشی ئارارات ٦٧

٥- شۆڕشی سەید ڕەزا ٧٣

٦- جەنگی دووەمی جیهان و کوردستانی باکوور ٧٧

٧- تورکیا و کوردستان و ڕووداوەکان دوای جەنگەکە ٨١

٨- کاردانەوەی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ی عیراق لەسەر تورکیا ٨٥

٩- بنیاتنانی ژمارەیەک ڕێکخراوی نەتەوەیی ٩٠

١٠- سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە تورکیادا ١٠٣

١١- دەرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە سوریا ١٠٩

١٢- دیدەنییەکان ١١٣

ئا. ئەیوب ئالاجایەگ ١١٣

ب. کەمال بورقای ١١٤

پ. ئەکرەم دەلیو ـ خالید ١١٨

ت. دکتۆر محەمەد ئیگرام ١٢٣

ج. عەبدوڕەحمان گوندی ـ فەرید ١٢٧

١٣- تایبەت بە پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.) ١٣٤

**٥- بەشی چوارەم: کوردستانی ڕۆژهەڵات** ١٥٣

١- کوردستانی ڕۆژهەڵات ١٥٣

٢- سەرهەڵدانی یەکەمی گەلەکانی ئێران ـ شۆڕشی مەشروتیە ١٥٧

٣- کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان ١٦٣

٤- کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی ڕەزاشادا ١٦٦

٥- کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ١٨١

٦- پیلانی نێودەوڵەتان و تێکدانی کۆماری کوردستان ١٨٩

٧- بەرەو خەباتی نهێنی و خۆڕێکخستنەوە ١٩٣

٨- کوردستانی ڕۆژهەڵات و شۆڕی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عیراق ٢٠٤

٩- بەرەو خۆئامادەکردن بۆ سەرهەڵدان و شەڕی پارتیزانی ٢١٣

١٠- خۆڕێکخستنەوە و گۆڕان بەسەر باری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ٢١٩

١١- کۆنگرەی سێیەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ٢٢٤

١٢- گۆڕان و گۆڕانکاری لە ئێران و کوردستانی ئێران ٢٢٥

١٣- کۆنگرەی چوارەم و کەرتکردنێکی پڕ زام و ئازار ٢٢٦

١٤- کەرتکردنێکی تر لە ڕیزی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ٢٣١

١٥- كورتەیەک لەسەر کۆڕ و کۆمەڵەکانی تری کوردستانی ڕۆژهەڵات ٢٣٤

**٦- بەشی پێنجەم: کوردستانی باشوور** ٢٤٧
١- داگیرکردنی کوردستانی باشوور لە لایەن بریتانیاوە ٢٤٨
٢- کوردستانی باشوور و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان لە سیڤر ٢٥٤
٣- پلانی مستەفا کەمال و کوردستانی باشوور ٢٥٦
٤- تەقەلا و پەیوەندییەکانی شێخ مەحموود بە وڵاتانی بیانییەوە ٢٦٠
٥- کوردستانی باشوور دوای بڕیارەکانی کۆنگرەی لۆزان ٢٦٥
٧- گرێدانی کوردستانی باشوور بە عیراقی عەرەبییەوە ٢٦٩
٧- بیرۆکەی نەتەوەیی گەشە دەکات ٢٧٤
٨- شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ و باری کوردستانی باشوور ٢٨٢
٩- هەندێ ڕووداوی سەرنجڕاکێش ٢٩٥
١٠- کودەتای بەکر سدقی و کوردستانی باشوور ٣٠٢
١١- گەشەکردنی بیرۆکەی چەپی نوێ ٣١٣
١٢- بنیاتنانی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق ٣٢٤
١٣- پەیوەندی نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عیراق ٣٢٧
١٤- شۆڕشی ١٤ی تەموز و پیلان و نەخشەی وڵاتانی بیانی و کۆنەپەرستان ٣٣٢
١٥- کوردستانی باشوور لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ٣٣٦
١٦- ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ٣٤٩
١٧- ڕمانی شۆڕشی ئەیلوول و ڕووداوەکان لە کوردستان ٣٥٤
١٨- کوردستانی باشوور لەنێوان دوو جەنگدا ٣٦٠
١٩- کوردستانی باشوور و ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ١٩٩١ ٣٦٧

**٧- بەشی شەشەم: کوردستانی باشووری بچووک** ٣٧٨
١- دەربارەی سوریا ٣٧٨
٢- کورد و سوریا لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ٣٨١

٣- كوردستانى باشوورى بچووك له دواى جه‌نگى يه‌كه‌مى جيهانى ٣٨٢
٤- باشوورى بچووك له ژێر ده‌سه‌ڵاتى ئيمپرياليزمى فره‌نسادا ٣٨٣
٥- باشوورى بچووك له دواى سه‌ربه‌خۆيى سوريا ٣٨٧
٦- حوكمڕانيه‌تى پارتيى به‌عسى عه‌ره‌بيى سۆسياليست و كوردستانى باشوورى بچووك ٣٩١
٧- تێكۆشانى پارتيه كورديه‌كانى كوردستانى باشوورى بچووك ٣٩٥

**٨- به‌شى حه‌فته‌م** ٣٩٩
١- كورد له ئه‌رمينيا و كوردى كۆچكردوو و ده‌ربه‌ده‌ر ٣٩٩
٢- كورد له يه‌كێتيى سۆڤيه‌تى جاران ٤٠٠
٣- كورد له كۆمارى لوبنان ٤٠٣
٤- كورد له خۆراسان ٤٠٦
٥- كوردى كۆچكردوو و په‌رتوبلاو ٤٠٧

**٩- چه‌ند گۆته‌يه‌كى كورت** ٤١٠

# سەرەتا

لە ئاکامی کۆتاییپێهاتنی جەنگی دووەمی جیهان و تێکشکانی بەرەی فاشیزم و شەڕخوازی، هەل و مەرجێکی تازە هاتە کایەوە، سەرتاپای جیهانی گرتەوە. هەڵبەتە مەسەلەی ئازادیی گەلان و خەبات لەپێناو ڕزگاریی نیشتمان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە ئاشتی، بوون بە مۆرک و سیمای سەرەکیی تێکڕای بزووتنەوە سیاسی و جەماوەری و بزاڤە ڕزگاریخوازییەکانی ئەو سەردەمە لە سەرتاسەری دونیادا. دیارە کۆمەڵگای ئێمەش لەو پێیە بەدەر نەبووە لە کارتێکردن و ئاکامەکانی ئەو تەوژمە جیهانییە تازەیە، بۆیە خەباتی نیشتمانی و میللی لە وڵاتەکەماندا، پەیوەست بەو فاکتەرانە، پتر گەشەی کرد و کەوتە قۆناغ و ئاستێکی دیکەوە. هەر لەو دەورووبەرەشدا من لە تافی هەرزەکاریدا بووم و بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانە کە بوون بە مایەی گەشەپێکردنی هۆشمەندیی سیاسی و نیشتمانی خەڵک، بەتایبەتی لاوان و خوێندکاران، خۆم لە ڕیزی یەکەم شانەی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، کە لە شارەکەمان (کۆیە) دامەزرا، دیتەوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە وەک ئەندامێکی سەرگەرمی پرنسیپ و دروشمەکانی حزب، زۆر بە گوڕج و گۆڵی، چالاکانە کەوتمە کار و خەبات بۆ بەدیهێنانیان. لە ماوەیەکی کورتدا ئەو ڕێکخراوە ساوایەی شارەکەمان گەشەی کرد و کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی لە دەور کۆبووەوە. ـ لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە لە ڕیزی ڕێکخراوەکەماندا دوو سێ هاوڕێ کە پلەی زانیارییان لە ئەندامانی وەک من زێدەتر بوو پەیدا بوون. ئەو هاوڕێیانە زۆر جوامێرانە و بە لە خۆبووردنەوە ئەرکی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسی و فیکریی هاوڕێیانی دیکەیان خستە سەر شانیان، کەوتنە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بازنەی فێرکردن بۆ هاوڕێیان. لەم کارەشیاندا پشتیان بە هەندێک پەرتووک و سەرچاوە دەبەست کە باسیان لە ژیانی ڕێکخراوەیی و تیۆرەکانی مارکسیزم ـ لینینیزمیان دەکرد، وەک پێڕەو و

پرۆگرامی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، یان نووسینە بەناوبانگەکەی یوسف سەلمان یوسف (فەهد)، حزبێکی کۆمۆنیست، نەک سۆسیال دیموکرات (حزب شیوعی لا اشتراکیە دیمقراطیە)، هەروەها سەرچاوەی دیکەی وەک مارکسیزم چییە، ئەمیل بێرنز، (ماهی الماركسیه، امیل بیرنز)، بنچینەکانی لینینیزم، ستالین، (اسس اللینینیه، ستالین)، ئیمپریالیزم بالاترین قۆناغی سەرمایەدارییە، لینین، (الامبریالیه اعلی مراحل الراسمالیه، لینین) و...تاد.

- بەم جۆرە لەگەڵ کۆمەڵێک وشە و زاراوەی سیاسی وەک قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ، کێشەی چینایەتی، ئینتەرناسیونالیزم، شۆڤێنیزم، چەپ و ڕاستی سیاسی و...تاد ئاشنا بووین.

سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکان لە جەنگی دووەمی جیهان و هاتنەکایەی بلۆکی سۆسیالیستی تەکانێکی بەهێز بوو بۆ خەباتی گەلانی ژێردەستە و حزبە کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوە کرێکارییەکان و چەپ لە هەر سووچێکی دونیادا. هەواڵەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە چەند وڵاتێک و ڕزگاربوونی کرێکار و زەحمەتکێشانی ئەو وڵاتانە لە چنگ کۆیلایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی ببوون بە مایەی دڵخۆشی و سەرگەرمیی خەباتگێڕانی بزووتنەوەی کۆمۆنیست و چەپ لە هەموو جێگایەک. ئەمە وایکرد کە یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستی ببن بە قیبلەگا و هیوای بەرزی دەیان هەزار خەباتگێڕ و ملیۆنان خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم جیهانە.

ئیدی پەیوەست بەو واقیعە نوێیەوە، مەسەلەی داکۆکیکردن لە سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی دیکە بوو بە کێش و پێوانەی دڵسۆزی و ئەمەکداری بۆ بیری کۆمینیستی! هەرچ لایەنێک لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا ئەم سنوورەی ببەزاندایە، یان جۆرە سەربەخۆییەکی لە بۆچوون و هەڵسووڕانی سیاسیدا پیادە بکردایە، دەیان تۆمەتی دەخرایە پاڵ، سووکایەتیی پێ دەکرا و ناو و ناتۆرەی ناڕەوای بەدوادا هەڵدەدرا، وەک لادەر، شۆڤێنیست، سوسیال ئیمپریالیست، تا دەگەیشتە سیخوڕ و نۆکەری سەرمایەداران!

هەر لەپێناو ئەم ڕەوتە سیاسی و فیکرییەدا، کۆمۆنیستەکانی دونیا

کەوتبوونە خەباتێکی سەخت و دژوار بە نیازی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە چنگ سەرمایەداری و بنیاتنانی سۆسیالیزم و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی زەحمەتکێش. لە ڕێڕەوی ئەم کاروانەدا گەلێک قوربانی سەخت و فیداکاریی بێوێنەیان نواند، هەزاران کۆمۆنیست، لە سەرتاسەری دونیادا، بوون بە سووتەمەنیی ئەم کاروانە و گیانی خۆیان لە دەست دا.

بەم شێوەیە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهان بۆ ماوەیەکی زۆر گیرۆدە و دیلی کۆمەڵێک بیرورا و بۆچوون بوو کە لە قیبلەگای کۆمۆنیستەکانی دونیادا (مۆسکۆ) دەقاودەق سەرچاوەی دەگرت. ئەم بارە تا سەردەمی کۆنگرەی بیستەمی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت کە لە ١٩٥٦/٢/٢٤دا گیرا برەوی هەبوو، چونکە لەم کۆنگرەیەدا، زۆر بوێرانە و بەڕاشکاوی، دیاردەی ستالینیزمی مەحکووم کرا و کۆنگرە پەنجەی خستە سەر تەواوی لایەنە دزێو و زیانبەخشەکانی ئەم دیاردەیە، وەک دیکتاتۆری و پەرستنی تاکەکەس و پێشێلکردنی دیموکراسی و دوورکەوتنەوە لە پرنسیپ و بنچینەکانی مارکسیزم بە درێژایی ٢٩ ساڵ لە فەرمانڕەوایی ستالین (١٨٧٢-١٩٥٣).

کۆنگرەی بیستەم وەرچەرخانێک بوو لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، چونکە بنچینە و بناغەی گرنگی بۆ گۆڕانکاریی فیکری و سیاسی لەنێو جوولانەوەی کۆمۆنیستیی جیهاندا داڕشت، بڕیار و بۆچوونەکانی کۆنگرە لە تەواوی دونیادا ڕەنگ و دەنگیان بڵاوبووەوە، بەتایبەت لە ڕیزی حزب و بزووتنەوە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکاندا و بوون بە هاندەر بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکانی پێشوویان. هەروەها تێزەکانی کۆنگرە ڕێگای بۆ زانا و ڕۆشنبیرەکان ساز کرد کە بکەونە لێکۆڵینەوە و پشکنینی تیۆریی مارکسیزم بە نیازی پەرەپێدان و گونجاندنی ئەو تیۆرییە لەگەڵ واقیعی ئەوسادا. لەم بوارەشدا چەندین تێز و بۆچوون هاتنە کایەوە، پەسند کران و بوون بە سیاسەت و ڕێبازی نوێی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی دیکە و ژمارەیەکی زۆری حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکانی دونیا. لە نموونەی ئەو تێزانەش بە ئاشتی پێکەوەژیان لەگەڵ

وڵاتانی سەرمایەداری، ڕێگای پەرەسەندنی ناسەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزم و... تاد. گومان لەوەشدا نەبوو کە جێبەجێکردنی ئەم تێز و بۆچوونانە و پیادەکردنیان لە واقیعدا، گواستنەوەیەکی چۆنیەتی بوو لە بیر و ڕێبازی کۆمۆنیستەکاندا کە پتر لە ٢٩ ساڵ بە تێزەکانی ستالینیزم بیر و مێشکیان ئابڵووقە درابوو.

بیر و بۆچوونەکانی کۆنگرەی بیستەم کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە و ئاستەنگیان دەخرایە پێش، لە لایەن ئەو کادیر و سەرکردە کۆمۆنیستانەی کە بە هۆی کاریگەریی ساڵانی دەسەڵاتی ستالینیزمەوە تووشی بەستەڵکێکی فیکری ئەوتۆ بووبوون کە بە هیچ شێوەیەک گۆڕانکارییەکانی واقیع و کەشوهەوای تازەی نێودەوڵەتان کاری تێنەدەکردن. ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو بەرهەڵستکارییانەدا تێز و ڕێبازی کۆنگرەی بیستەم شکستی هێنا و بوو بە مایەی کارەساتێکی فیکری و ڕێکخراوەیی بۆ گشت کۆمۆنیستەکانی دونیا و تۆوی دووبەرەکی و کەرتکاری خستە نێو ڕیزەکانی حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستی و کرێکاری و چەپخوازەکانەوە لە سەرانسەری دونیادا.

بەم جۆرە دیسان ڕێگا بۆ دیکتاتۆری، تاکپەرستی و بیروکراتییەت لەنێو حزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتە سۆسیالیستەکاندا خۆش کرایەوە و هەموو دەرفەتێک لە پێشخستن و پەرەپێدانی فیکر و تیۆریی مارکسیزم داخرا، بەڵام ئاسەوار و کارتێکردنی بۆچوونەکانی کۆنگرەی بیستەم، لە قۆناغێکی دواتردا، لە گەلێک وڵات و شوێن دەرکەوتنەوە، چونکە ئەو بۆچوون و تێزانە، بە ئاشکرا بێت یان نهێنی، مێشکی خەڵک و کۆمۆنیستەکانی بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو، بەتایبەتی لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئەورووپادا. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٦ لە هەنگاریا و لە سەرەتای شەستەکاندا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ساڵی ١٩٦٨یش لە چیکۆسلۆڤاکیا سەرهەڵدان و یاخیبوونی جەماوەریی فراوان بە نیازی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵدا و لە پێناوی دیموکراسی و ڕزگاربوون لە چنگ یەکێتیی سۆڤیەت بەرپا بوون، بەڵام بە ئاگر و ئاسن وەڵام درانەوە و بوون بە کارەساتی میللی لەو وڵاتانەدا و وەک پەڵەیەکی ڕەش کەوتنە نێو مێژووی کۆمۆنیستەکانەوە.

بەم شێوەیە وڵاتە سۆسیالیستەکان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپڕەوی لە جیهاندا، بە هۆی ڕێبازی دیکتاتۆری و پشتکردنە جەماوەری خەڵک و پێشێلکردنی دیموکراسییەوە، کەوتە قەیرانێکی قووڵەوە. ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ وڵاتە سەرمایەدارەکان خوڵقاند کە لەو جەنگە ساردەی لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستەکاندا لە ئارادا بوو ئامراز و دەسگاکانی خۆیان پتر بخەنە گەڕ بۆ کارتێکردنی سایکۆلۆژیایی و ئایدیۆلۆژیایی و ئابووری، بۆ بەرچاوڕەشکردنی خەڵکی سەبارەت بە هەموو لایەنەکانی سۆسیالیزم و لە ئاکامی ئەم قەیرانەشدا تەواوی وڵاتە سۆسیالیستەکان لە حاڵەتی هەژاندا بوون و گەیشتبوونە ڕادەیەک کە دەبوو تێیدا گۆڕانکاریی بنەڕەتی بکرێت!

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، دەستپێشخەرییەک لە لایەن سکرتێری گشتیی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت (گورباچۆڤ)(×) لە

---

× میخائیل گۆرڤاچۆڤ: ساڵی ١٩٣١ هاتووەتە دونیاوە. دوای ئەوەی کۆلیژی یاسا و سیاسەت تەواو دەکات، دەبێت بە کادیرێکی پێشکەوتوو لە ڕیزی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەتدا. ساڵی ١٩٧١ کە بەرپرسیاری ڕێکخراوەکانی پارتییەکە دەبێت لە شاری ستاڤرپۆل لە باشووری ڕووسیا، دەبێت بە ئەندام لە کۆمیتەی لیژنەی مەرکەزیی پارتییەکەدا. ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٨٥ کورسیی وەزارەتی کشتوکاڵی یەکێتیی سۆڤییەتی پێ دەسپێردرێت. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٩١دا بە سکرتێری گشتیی پارتییەکە هەڵدەبژێردرێت. لە ١٩٨٨ تا ١٩٩١دا دەبێت بە سەرۆککۆماری وڵاتەکە و ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی نۆبڵیی ئاشتی پێ دەبەخشرێت.

لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی مەرکەزیی پارتیی کۆمۆنیستدا، مانگی نیسانی ١٩٨٥، ڕاپۆرتێکی پڕ ڕەخنە دەربارەی کەموکوڕتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگای یەکێتیی سۆڤیەت پێشکەش دەکات. لە کۆنگرەی ٢٧ی پارتییەکەدا پرۆژەی پرۆسترۆیکا دەخاتە بەردەم بەشداربووانی کۆنگرەکە و دوای کێشە و مشتومڕێکی یەکجار توندوتیژ، بە زۆرینەی دەنگ، پرۆژەکە پەسند دەکرێت.

بە ڕا و بۆچوونم پرۆژەکە پڕ بوو لە ڕەخنە و بۆچوونی ڕاست و ڕەوا، بە قەبوڵی و ڕاستییانە، دەستنیشانی کەموکوڕتییەکان و پاشکەوتوویی کۆمەڵگای یەکێتیی سۆڤیەتی تێدا کرا و لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی و دەرەکی و عەقڵیەتی دۆگماتیستەکانی ڕیزی پارتییەکە و خائینان و داراکان و نۆکەرانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری، پرۆسترۆیکا سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و یەکێتیی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی هەرەسی هێنا.

خوێندنەوەی کتێبی گۆرباچۆڤ: «پیریسترۆیکا والتفکیر الجدید لبلادنا والعالم» بۆ گشت خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی کورد گەلێک پێویستە.

ژێر ناوی "پریسـتـرۆیکا و گـلاسنۆست"دا، بە نیـازی ئاشکراکـردنی کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی و هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لە ڕێگای بەرفراوانکردنی بەشداریی خەڵک لە ژیانی سیاسی و گۆڕانکارییە ئابوورییەکان، کرا.
لەبەر ئەوەی پرۆگرامی "پریسترۆیکا" بە شێوەیەکی کاڵوکرچ و بەپەلە ئامادە کرابوو، تەواوی مەبەستەکانی دژ بە بەرژەوەندیی سۆسیالیزم و پەرەپێدانی ئاوازە بوونەوە و هێزەکانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانی بەئاسانی بەرهەمەکانی پریسـتـرۆیکایان قـۆستـەوە و بە چەندین شـێـوە کـەوتنە هەڵمەتبردن بۆ سـەر بیری سـۆسیالـیزم و حزبە کۆمـۆنیسـتـەکـان و ناشیرینکردنی هەموو لایەنەکانی سۆسیالیزم و بیری سۆسیالیستی.
ڕاگەیاندنی بیرۆکـەی پریسـترۆیکا لـە تەواوی وڵاتە سـۆسـیالیسـتـەکانی ئەورووپادا ڕەنگی دایەوە و بوو بە ماندەرێک بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کاروبار و تاقیکردنەوەکانیان، بەڵام لە ئاکامی پاڵەپەستۆی یاخیبوونی خەڵک و پیلان و دەستـتێوەردانی وڵاتانی سـەرمـایەداری و ئیمپریالیـستی بەرەی وڵاتانی سـۆسـیـالیـستی شـیرازەی تێکچوو و لەبەر یەکـە هـاتە دەر و بە شێوەیەکی دراماتیکی تێکوپێک چوون.
دارمانی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئەورووپا بەم شێوە سەرسووڕمێنەرە، کە چاوەڕوان نەدەکرا! بووە مایەی ئاسان و نەبڵەقبوونی ملیۆنان تێکۆشەر و خەباتگێڕی کۆمۆنیست و چەپڕەوی ئەم دونیایە، چونکە ماوەی پتر لە حەفتا ساڵ یەکێتیی سۆڤیەت بووبووە هیوا و قیبلەگای خەڵکی زەحمەتکێش و گـەلانی زۆرلێکراوی سـتـەمدیدە لە هەموو سـووچێکی ئەم زەوییەدا. هەروەها هەزاران کـەسی خـستـە گێژاوی فـیکری و سـیـاسی و دەروونییەوە و بوو بە هۆی ئەوەی ئەو خەڵکە زۆر و زەبەندە لە دووڕێـیانێکی فـیکریدا بـحـەپەسـێن و بکەونە لێکدانەوەی جـۆراوجـۆر و پێداچوونەوە، هەڵوەستەکردن و مشتومڕ، تێڕامان و گرژی، پشکنین و بەراوردکردن لەنێوان ڕووداو و گـۆڕانکـارییـەکـاندا بە نیـازی دەربازبوون لەم کـارەسـاتە پڕ زام و

ئازارە و دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست و دروست بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەو واقیعە سەخت و دژوارەی هاتە کایەوە!

هەڵبەتە بەندەش یەکێک بووم لەو هەزاران خەڵکە و کەوتمە ماتەمی و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی هۆیەکانی ئەو تەنگوچەڵەمە و ڕووداوانە! هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ستراتیژیەتی حزبە کۆمۆنیستەکان و بیرۆکەی چەپ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ببن بە سەرمەشقی لێکدانەوە و پشکنینی بابەتە فیکری و سیاسییەکانم و تەقەلا بدەم زیاتر و قووڵتر بچمە نێو ناخی مێژوو و بنەمای چەپی کورد و چۆنێتیی پەرەسەندنی لە قۆناغە جیاکانی خەباتی دوورودرێژی گەلی کوردستاندا. بەو مەبەستەی هەندێک بیروڕا گەڵاڵە بکەم، تا ببێت بە هەوێنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بۆ خوێندەواران و خاوەن فیکر و سیاسەتمەدارانی کورد لە داهاتوودا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە تیشکێک بخەمە سەر بنچینەی مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی "چەپ" لە فەرهەنگی سیاسیدا و ئەو بنچینەیە بۆ ساڵی ١٧٨٩ دەگەڕێتەوە. واتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرپابوونی شۆڕشی بۆرژوا لە فەرەنسا. ئەو کاتە سیفەتی چەپ بەو تاقم و کەسانە دەگوترا کە تەقەلای گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانیان لەنێو کۆمەڵگادا دەکرد دژ بە کۆنەپەرستی و زۆرداران ڕادەوەستان. وەلێ تێگەیشتن لە زاراوەی چەپ هەر لە یەک ئاقاردا نەمایەوە، بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ بەپێی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان چەمکی "چەپ"یش واتای دیکەی گرتە خۆی. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر دەورووبەری حوکمڕانیی ستالین، بگرە تا ناوەڕاستی سەدەی پێشووش، زاراوەی چەپ خزێنرابووە چوارچێوەیەکی تەسکوتروسکەوە و بۆ ئەوەی خەباتگێڕێک یان بزووتنەوەیەکی کرێکاری یان نەتەوەیی (شەرەف)ی چەپی پێ ببەخشرایە، دەبوو ببێت بە مورید و دەروێشی سیاسەت و بۆچوونەکانی ستالین.

بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا جۆرە گۆڕانێکی بەربڵاوتر بەسەر ناوەڕۆکی "چەپ"دا هات، چونکە پارسەنگی هێزە دەوڵەتییەکان و پێشکەوتنی

زانست و تەکنیک ڕێگاخۆشکەر بوون بۆ چەندین بزووتنەوەی کرێکاری، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و نیشتمانیی ڕزگاریخواز کە بە سیمای ترەوە بێنە کۆڕی خەباتەوە و لە ڕووانگەی نوێوە ڕەفتار لەگەڵ واقیع و سەردەمدا بکەن. پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی، پاراستنی مافی مرۆڤ و ژینگە و ئاشتیی جیهان بوون بە بەشێکی کاریگەری سەرەکی لە پرۆسەی شۆڕشگێڕی بۆ قەلاچۆکردنی ئیمپریالیزم و بنیاتنانی سۆسیالیزم. ڕا و بۆچوون و لێکدانەوەی جیاجیا لە بەرەی «چەپ»دا فراوانتر تەشەنەیان کرد. لە گەلێک شوێن و وڵات ناکۆکی و دووبەرەکیی زیانبەخش سەریان هەڵدا.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانیش یەکێک لە سەرجەمی ئەو پرۆسە شۆڕشگێڕییەیە و تا هەنووکەش هەر درێژەی هەیە.

شایانی باسە گۆڕانکارییەکانی دونیا، لەم ساڵانەی دواییدا، هەل و دەرفەتێکی لەباری بۆ گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هێناوەتە کایەوە. مەسەلەی نەتەوەیی کوردیشی خستە ئاستێکی بەرزتر لە سیاسەتی نێودەوڵەتاندا. ئەم هەل و دەرفەتە مێژووییە دەبێت بە شێوەیەکی ژیرانە لە لایەن ڕابەرانی کورد و بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

پلەی سەرهەڵدان و بزووتنەوە و هەستی نەتەوایەتی لە سەرتاپای کوردستاندا بۆ پێشەوە ڕۆیشتووە و کەوتووەتە پێبازۆیێکی چالاکەوە. بەرپرسیاری و ئەرکی مێژوویی گرنگ کەوتووەتە ئەستۆی گشت پارتی و هێز و دڵسۆزانی نەتەوەوە هەر لە کۆمۆنیست و مارکسیستەکانەوە تا نەتەوەیی و چەپڕەوەکان، کە شانبەشانی دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەرەکان لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان بەرەیەکی نەتەوەیی گشتی بنیات بنێن. دەبێت کۆمۆنیستەکان و ئەو گرووپ و کەسایەتییانەی خۆیان بە نزیکی یەکتری دادەنێن، لە ڕیزی ئەو بەرە گشتییەدا فراکسیۆنێک ساز بکەن، بە مەرجێک سەرتاپای کار و تەقەلاکانیان بۆ پێشکەوتن و سەرخستنی بەرە سەرەکییەکە تەرخان بکەن. لە هەمان کاتیشدا لەتەک ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی باسمان

کورد پێویست دەکات دڵسۆزانە و بە جیددی هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی بەربڵاوی کوردستانی بدرێت، لە شێوەی کۆنگرەیەکی نیشتمانیدا بێت یان نەتەوەیی فراوانی ڕێکوپێک و دیموکراسیدا و ستراتیژێکی ڕوون بۆ داهاتووی گەلی کوردستان دابڕێژرێت، تاوەکوو ببێت بە زامنێکی بەهێز بۆ دوارۆژی گەلەکەمان. بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕێبازی ڕاست و ڕەوا و ڕێگای هاوکاری و هاریکاری نەگرێتە بەر، ئەوا دواچارەی ڕەنج و ئەنجامدان قوربانییەکانی ئێستاکەش ئاکامی وەک ئاکامی شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدڵای نەهری (١٨٢٠–١٨٨٨).(*)

---

* شێخ عوبەیدوڵای نەهری: سالّی ١٨٢٠ لە گوندی (نەهری)ی کوردستانی باکوور هاتووەتە دونیا. خوێندنی ئایینی و زانیاری و فەزیلەت لە لای بەرزترین زانا بەرزەکانی ئەو سەردەمە تەواو دەکات. لە دوای کۆچکردنی شێخ تەهای باوکی، شوێنی ئەو دەگرێتەوە و دەبێت بە ڕابەر و سەرۆکی ڕێگای نەقشبەندی.
هەر لە سەرەتای ژیانیدا، هەستی کوردایەتی دەکەوێتە دڵ و دەروونییەوە. لە کۆتایی تەممووزی ١٨٨٠دا شێخ عوبەیدوڵا کۆبوونەوەیەکی فراوان لە شەمدینان ڕێک دەخات و نوێنەرانی کوردی سلێمانی، ئامێدی، هەورامان، بۆتان، شاخی ساسون، وان، موش، سێرت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا دەکەن. [کە وەک کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بووە(ف)] ئامانجی سەرەکی لە کۆبوونەوەکەدا خۆئامادەکردن دەبێت بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕشێکی ئازادیخوازی لە دەست تورک و ئێران.
شێخ عوبەیدوڵا لە وتەکانیدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دەکات لە موسڵەوە تا تەورێز. بە هۆی هێزی زۆری دەوڵەتی عوسمانی و درندایەتییان و دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە لە ڕووی هەست و دڵسۆزی بۆ نەتەوەوە، شۆڕشەکەی شکست دەهێنێت. سالّی ١٨٨٢ شێخ بە فرتوفێڵ دەکەوێتە دەستی عوسمانییەکان و بۆ شاری مەککە دوور دەخرێتەوە. سالّی ١٨٨٨ دونیا بە جێ دەهێڵێت و لە مەککە بە خاک دەسپێردرێت. (الحركه الكرديه فى العصر الحديث) (ص٢٤)

شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨٦-١٩٥٦)،(×) شێخ سەعیدی پیران،(××) شۆڕشی ئارارات (١٩٢٧-١٩٣١) و شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٥) بە فیڕۆ دەڕوات و جارێکی تریش گەلی کوردستان مایەپووچ دەردەچێت و هیوای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاواتە پیرۆزەکانی دوور دەکەوێتەوە.
دواتکام لە خوێنەرانی بەڕێز و سیاسەتمەداران ئەوەیە کە دیموکراسیانە و بە دڵێکی کراوەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کارەکەمدا بکەن و بەهاترین خەڵات و پاداشت بۆ من ئەوەیە کە کوردپەروەران و ڕۆشنبیر و توێژەرەوان بە ڕێژەیەکی بڵندا تەقەلادانەکە بەگەن بکەن و بە دڵیان بێت. هەروەها ببێت بە هاندەر بۆ پێداچوونەوە و پشکنینی زانستیانەی لاپەڕە وێنکراو و شێوێندراوەکانی مێژووی خەباتی دوورودرێژ نەتەوەییمان.
سەرکەوتن، هەمیشە، هەر بۆ ڕاستی و خواست و ئاواتی ڕەوای گەلی کوردستانە، چا زوو بێت یان درەنگ.

٢٠٠١/٧/١٤
ستۆکهۆڵم

---

(×) شێخ مەحموودی حەفید، ساڵی ١٨٨١ هاتووەتە دونیاوە. کوڕی شێخ سەعیدی شێخ محەمەدی کاک ئەحمەدی شێخە. زانیاریی ئایینی و سۆفیەتی خوێندووە. ساڵی ١٩٠٤ لەگەڵ باوکی دەچێتە ئەستەنبوڵ، ساڵی ١٩١٠ باوکی و ئەحمەدی برای لە موسڵ بە دەستی ئاوانباران شەهید دەکرێن. ماوەیەک حکوومەتی عوسمانی زیندانی دەکات و ساڵی ١٩١٥ ئازاد دەکرێت. کە ساڵی ١٩١٨ سوپای ئینگلیز گەیشتە کەرکووک و سلێمانی، شێخ مەحموودیان کرد بە حاکمی شاری سلێمانی و ڕۆژی ١٩١٩/٥/١٩ سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند، ئینگلیزەکان پەلاماریان دا و دەستگیریان کرد و بۆ هیندستان دووریان خستەوە. ساڵی ١٩٢٢ گێڕایانەوە سلێمانی و مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ جارێکی تر سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند، خۆی کرد بە مەلیکی کوردستان و یەکەم وەزارەتی کوردەی پێکهێنا. پوول و پۆستە و ڕۆژنامەی کوردی دەرهێنا. پەیوەندی بە سۆفیەتەکانەوە کرد و داوای یارمەتیدانی لێکردن. بە حکوومەتی عیراق و بە ئینگلیزەکان بە کار و کردەوەی شێخ مەحموود ڕازی بوون و لە سلێمانی دەریانپەڕاند. لە ساڵی ١٩٣٢ تا ١٩٣٩ بۆ خوارووی عیراق دوور خرایەوە. لە دوایدا بۆ بەغداد گوێزرایەوە و تا ساڵی ١٩٤١ بە خاووخێزانەوە لەوێ دەژیا. لە هەمان ساڵدا گەڕایەوە سلێمانی و لە گوندی (داری کەلی) ژیانی بەسەر دەبرد. ساڵی ١٩٥٦ لە نەخۆشخانەی بەغداد دونیای بە جێ هێشت و لە مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی بە خاک سپێردرا.
(××) شێخ سەعیدی پیران: تەقەلای زۆرم دا شتێک لەسەر ژیانی شێخی شەهید کۆ بکەمەوە و بڵاوی بکەمەوە، بەڵام بە داخەوە سەرنەکەوتم.

# بەشی یەکەم:

١- لەو کاتەوە کە مرۆڤ گەیشتە پلەی هۆش و بیرکردنەوە لەوە تێگەیشت کە گیانلەبەرێکە و جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ سەرتاپای گیانلەبەرانی دیکەدا هەیە، کەوتە پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەری خۆی و ناسینی دیاردەکانی سروشت و تێدەکۆشا لەگەڵیاندا بگونجێت. ئەو بەسەرهات و ئەزموون و تاقیکردنەوانەی لەنێویاندا دەژیا، بە شێوەیەکی خۆبەخۆ و هەمیشە فێری شتی نوێیان دەکرد، زانین و شارەزایی و ئاشنایی لە لا کۆ دەبوونەوە و پەندی لێیانەوە وەردەگرت. ناو سیفاتی بەسەر دیاردەکاندا دادەبڕی و پێناسەی دەکردن. وەک شەو - ڕۆژ، تاریکی - ڕووناکی، گەرما - سەرما، هەور - باران، بەفر - برووسکە، ئاو - هەوا، پیاو - ژن، نێر - مێ، گەورە - بچووک، گریان - پێکەنین، شادی - ماتەمی، کورت - درێژ، سەر - ژێر، بەرزی - نزمی، چەپ - ڕاست، لای چەپ - لای ڕاست، ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا، ئاسمان - زەوی، نەخۆشی - لەشساغی، ئەستێرە - مانگ، برسێتی - خواردن، ئەندامەکانی جەستە و...تاد.

پەیداکردنی زانیاری دەربارەی ئەم خاڵە سەرەکییانە بوون بە چەمکی یاریدەدەر بۆ هەڵسوکەت، گەڕ و سووڕ و کارکردن لەپێناو پەیداکردنی پێداویستییەکانی بژێوی و هۆی خۆپاراستن لە دیاردە ترسناکەکانی سروشت. قۆناغ دوای قۆناغ، ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی سەختیی ژیان، بیرکردنەوە و لێکدانەوەکانی ئادەمیزاد گەشەی دەکرد. گۆڕان بەسەر ئەو ئامێرانەدا دەهات کە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانیان بەکاریان دەهێنا. کار و ژیان بەرەوپێش دەڕۆیشتن. کۆششی دەکرد زێدەتر سوود لە سروشت وەربگرێت و باری ژیان و حەوانەوە ئاسوودەتر و خۆشتر بکات.

## ٢- سەرهەڵدان و زاراوەی چەپ

چەپ، وەک زاراوەیەکی سیاسی یان وەک بیرۆکە و ڕا و بۆچوون لە پرۆسەی خەباتی چینایەتی و تێکۆشانی نیشتمانیی گەلاندا، ماوەی پتر لە دوو

سەدەیە دەرکەوتووە و فەرهەنگی سیاسی پێ ئاشنا بووە. هەڵبەتە چەمکی «چەپ» لە سەرەتای دەرکەوتن و سەرهەڵدانیەوە تاوەکوو ئەمڕۆ گەلێک گۆڕان و بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە و شانبەشانی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە، چ بە هۆی دژواربوونی خەباتی چینایەتی نێو کۆمەڵ، یان بە هۆی پەرەسەندنی خەباتی نیشتمانی و ڕزگاریخوازیی گەلان، هەر بەو پێیەش چەمکی «چەپ» شێواز و مانای هەمەجۆری گرتووەتە خۆی لەو قۆناغە جیاجیایانەدا.

بۆ ئەوەی پتر تیشک بخەینە سەر چەمکی «چەپ» وای بە باش و ڕەوا دەزانم کە بگەڕێینەوە سەر پێشینە مێژووییەکانی سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە و تێکەڵبوونی بە کاروباری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، چونکە ئەمە کارەکە سانائتر دەکات و دەمانخاتە سەر ڕێگایەکی ڕاست و دروست بۆ باس و لێدوان لەمەڕ ئەو بابەتە ئاڵۆزە کە تاوەکوو ئێستا لە لایەن هیچ نووسەرێک یان سیاسەتمەدارێکی کوردەوە ئەو بایەخەی پێ نەدراوە.

هەڵبەتە ئەوەشم لە لا ڕوون و ئاشکرایە کە باسێکی لەم جۆرە ئەرکێکی گەورە و زێدە ئاڵۆزە و لە تاقەتی تاکەکەسێکدا نییە، چونکە هەوڵێکی وەها پێویستی بە دەیان سەرچاوەی زانیاری و سیاسی و مێژوویی هەیە، جگە لە ئاگابوونێکی تێروتەسەل لە خەبات و ڕێڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی گەلی کوردستان لە تەواوی پارچەکانی کوردستاندا و هەڵسەنگاندنی پرۆگرام و بۆچوونەکانی تەواوی ئەو ڕاپەڕین و یاخیبوون و شۆڕشانەی کە لە سەرانسەری کوردستاندا، لە ماوەی دوو سەدەی ڕابوردوودا، سەریان هەڵداوە.

هەروەک ئەو پەندە چینییەی کە دەڵێت: "ڕێگایەک ئەگەر هەزار میلیش درێژەی هەبێت، هەر بە هەنگاوێک دەست پێ دەکات."

ئاواتەخوازم ئەم تەقەلایەی من لەسەر ئەم باس و لێکۆڵینەوەیە ئەو هەنگاوە سەرەتاییە بێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم بابەتە لە لایەن ڕۆشنبیران و نووسەر و سیاسەتمەدارانی کوردەوە دەوڵەمەند بکرێت و لە ئاکامدا بەرهەمێکی پوخت و تێروتەسەل و زانستیانە بخەینە بەر دەستی خوێنەواران و خەباتگێڕانی گەلی کوردمان و هەروەها کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەین.

## ٣- وشەی چەپ و شۆڕشی فەرەنسا

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی زاراوەی «چەپ» پابەندە بە ڕۆژگاری سەرهەڵدانی یەکەم شۆڕشی بۆرژوازیی سەرکەوتوو لە جیهاندا کە لە ساڵی ١٧٨٩وە لە مێژوودا بە شۆڕشی فەرەنسا ناسراوە.

ئەم شۆڕشە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتیی فیودالی لە فەرەنسادا هێنا، دامودەستگای بۆرژوازی هێنایە سەر کار. ئەو چینە بۆرژوازییەی کە دەمێک ساڵ بوو، وەک چینێکی نوێی کۆمەڵایەتیی چالاک هاتبووە کایەوە و جڵەوی ئابووری و پیشەسازی ئەو سەردەمەی گرتبووە دەست، تەقەلای ئەوەی دەدا کە دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری بکەوێتە دەست و ڕێگا بۆ پەرەسەندنی ئابووری و سیاسی و پیشەسازیی نوێی خۆش بکات.

شۆڕشی بۆرژوازیی فەرەنسا توانی کرێکاران و چەوساوان و ڕۆشنبیرانی نێو کۆمەڵ گۆش بکات و ڕابەرایەتییان بکات لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا کە لە ڕووی ڕژێمی پاشایەتیی فیودالی لە فەرەنسادا ڕوویدا. هەڵبەتە دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنساش "ئازادی، یەکسانی و برایەتی" بوون بە هاندەری بەهێز بۆ تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەکە کە بەشدارییەکی گەرموگوڕ لە ڕووداوەکانی شۆڕشەکەدا بکەن و بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە، چوست و چالاک، تێبکۆشن بۆ نەهێشتنی ئاسەواری ڕژێمی فیودالیی بەسەرچوو، لە پێش هەمووشیانەوە تێکدانی زیندانی (پاستیل) کە هێمای کۆیلایەتیی مرۆڤ بوو لەو سەردەمەدا.

هەر لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕشەکەوە، ڕابەرانی شۆڕش بە نیازی ڕێکخستن و چاککردنی سیستێمی ژیان و بەڕێوەچوونی وڵات و مسۆگەرکردنی حوکمڕانیی یاسا و دابینکردنی ئازادی بۆ گەل، کۆمەڵێک دەستگا و ئۆرگانیان پێکهێنا. لەوانە ئەنجوومەنی نیشتمانی بوو. هەروەها بە مەرامی پاراستنی شۆڕشەکە لە دوژمنان و بەکرێگیراوان سازمانی دادگای شۆڕشیان دامەزراند، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە سزادان و پاکتاوکردنی

کەسانی سەر بە ڕژێمی پاشایەتیی بەسەرچوو و ئەوانەی بەرهەڵستی شۆڕشەکەیان دەکرد، زۆری نەخایاند شۆڕشەکە دووچاری ململانێیەکی زۆر توندوتیژ و دژوار بوو لەگەڵ پاشماوەی ڕژێمی فیودالیی کۆنەپەرست، چونکە پیادەکردنی بەرنامە و بۆچوونی شۆڕشی بۆرژوازی ئەوەی دەخواست کە تەواوی بنەمای ئابووری و بەڕێوەبردنی باری کۆمەلایەتیی ئەو سەردەمەی فەرەنسا هەڵبتەکێت و شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندیی کۆمەلایەتی لەسەر بنچینەیەکی نوێ دابڕێژرێتەوە کە ژیانی ئابووری و بەرەوپێشچوونی پیشەسازی و زیدەکردنی بەرهەمهێنان مسۆگەر بکات. داب و نەریتی تازە بهێنێتە کایەوە. سنووریکیش بۆ کەنیسە و پیاوانی ئایینی دابنێت کە چیتر نەتوانن دەست لە کاروباری فەرمانڕەوایی وەربدەن، کە وەک هێزێکی خاوەن دەستەڵاتی کۆنەپەرست بەرهەڵستی هەموو جۆرە پێشکەوتنێکی دەکرد، بەڵکو دەبێت کنیسە ملکەچی پاسای دەوڵەت بێت و دژایەتیی ڕێبازی شۆڕش نەکات!
لە ئەنجامی پیادەکردنی ئەو بەرنامەیەدا، ڕابەرانی شۆڕشەکە کەوتنە دووڕێیانێکی فیکری و سیاسییەوە. هەندێکیان لایەنگری ئەوە بوون کە دەبێت شۆڕش سوور بێت لەسەر هەنگاوەکانی بە نیازی بەرەوپێشبردنی شۆڕش و گەشەکردنی کۆمەلایەتی و ڕێگابەستن لە دوژمنانی شۆڕش و پاشماوەی ڕژێمی ڕووخاو، کە خوازیار بوون باری شۆڕش تێک بدەن و ڕێگا لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵەکە بگرن. لایەنەکەی تریشیان پێیان وابوو کە شۆڕش ئامانجەکانی خۆی وەدیهێنا و ئیدی هەموو شتێک ئارامە و دەبێت پیاوانی سەر بە ڕژێمی پاشایەتی لە زیندانەکاندا ئازاد بکرێن و کەنیسە و پیاوانی ئایینی دەوری جارانیان پێ بدرێتەوە و...تاد.
هەڵبەتە ململانێ لەنێوان ئەو دوو بۆچوونەی نێو ڕابەرانی شۆڕش شێوە و کێشەیەکی زەق و بەرچاوی گرتە خۆ، ئەوە بوو لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا مشتومڕێکی یەکجار توند و دژوار لەنێوان ئەندامەکانیدا هاتە کایەوە، بە شێوەیەک کە بە تەواوی بووبوونە دوو بەشی جیا، ئەمەش سەرنجی سەرۆکی ئەنجوومەنەکەی ڕاکێشا و ئەوجا بە ڕێکەوت

ئەو تاقمەی چەختیان لەسەر بەرەوپێشبردنی شۆڕش دەکرد و داوای ئەوەیان دەکرد کە ڕەگ و ڕیشەی فیودالی لە کۆمەڵگاکە هەڵبکێشرێت، ئازادی و سەربەستی بۆ خەڵک مسۆگەر بکرێت، ئەو تاقمە لە لای دەستەچەپی سەرۆکی ئەنجوومەن خڕ بوونەوە، لەکاتێکدا تاقمەکەی دیکە، کە بیر و بۆچوونی جیاواز و دژیان هەبوو، لە دەستەڕاستی سەرۆک کۆ بوونەوە، ئیدی لەو کاتەوە ئەم دوو وشەیە: چەپ و ڕاست، هاتنە نێو فەرهەنگی سیاسییەوە و هەڵوێست و بۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژیایی چین و گرووپە سیاسییە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵی پێ کێش و پێوانە دەکرا و دەناسرا.

## ٤- گەشەکردنی بیرۆکەی چەپ

هەروەک لە سەرەتای باسەکەمدا ئاماژەم بۆ کردووە، ئەو دوو چەمکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەپێی گۆڕان و وەرچەرخانی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی، مانای دیکەیان بە خۆوە گرتووە.
لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا، چەندەها سەرهەڵدان و شۆڕشی ناسیۆنالیستی و نیشتمانی بە ئاواتی ئازادی و بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بە خێرایی و چالاکانە بۆ پێشەوە دەڕۆیشتن و سەرکەوتنی مێژوویيان ئەنجام دەدا. هەر لە هەمان وەختدا چینی کارگەران وەک چینێکی نوێ لە گەشەکردن و پەرەسەندندا بوو و تا دەهات ڕۆڵی لە شانۆی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەرچاو دەبوو، ئەم چینە ساوایەش هەر لە سەرەتاوە کەوتە تەقەلا و کۆشش بۆ خۆڕێکخستن لە چوارچێوەی سەندیکا و دامەزراوی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٤٨دا کارڵ مارکس(×) و

(×) کارل مارکس: ساڵی ١٨١٨ لە شاری تریف لە ئەڵمانیا هاتووەتە دونیاوە. هەر لە سەرەتای تەمەنیدا زیرەکی و بلیمەتی تێدا بەدی دەکرا و زوو کەوتە ناو کاری سیاسی، فیکری و کۆمەڵایەتییەوە و بوو بە سیاسەتمەدار و فەیلەسووفێکی کۆمەڵایەتی. ساڵی ١٨٤٧ کۆمەڵەی کۆمۆنیستی «عصبە الشیوعیین» بە هاوکاریی ئینگلس بنیات نا. ساڵی ١٨٤٨ مانیفێستی، یەکەم بەیاننامەی کۆمۆنیستییان بڵاو کردەوە و ساڵی ١٨٦٤ ئینتەرناسیونالیزمی یەکەمیان ساز کرد. گەورەترین و ناودارترین تیۆریستی سۆسیالیستییە. کتێبی «سەرمایە»ی لە دوای خۆی بە جێ هێشت و ساڵی ١٨٨٣ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. (المنجد الاعلام) (ص٦٢٦)

فردریک ئەنگلس(×) یەکەم بەیاننامەیان بە ناوی بەیاننامەی پارتیی کۆمۆنیست «مانیفێستۆ»(××) بڵاو کردەوە. بەیاننامەکە بانگەوازێکی دلێر بوو بۆ گوێی تەواوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژارانی دونیا کە خەباتی خۆیان پەتین بکەن و ڕیزەکانیان لە ڕووی چەوسانەوە و سەرمایەداریدا ڕێک بخەن. لەم بەیانەدا بەڕاشکاوی ڕاگەیەنرا کە کارگەران و چەوساوان "لە ئەنجامی ئەو خەباتە سەرسەختەیاندا لە کۆت و زنجیری دەستیان بەولاوە هیچی دیکەیان لە دەست ناچێت،' بڕیاری ئەوەیان دا کە ساڵانە کۆبوونەوە ساز بکەن، بەردەوام لە گۆڕانکارییەکانی جیهان، کێشەی نێوان سەرمایەداران و کرێکاران بکۆڵنەوە. هەروەها ئەرکی ئەوەیان خستە سەر شانی خۆیان کە پرۆگرامی نزیک و دوور و شێوەی کاری تێکۆشان بۆ کرێکارانی دونیا دابڕێژن و کار بکەن بۆ هاندانی کرێکاران و زەحمەتکێشان کە خۆیان لە قەوارەی ڕێکخراوی تایبەت بە چینەکەیان کۆ بکەنەوە.(×××)

---

(×) فردریک ئینگلس: ساڵی ١٨٢٠ لە بنەماڵەیەکی زەنگین لە ئەڵمانیا چاوی بە دونیا کەوت. هەر لە تەمەنی لاوییەوە بەزەیی بە هەژار و چەوساواندا دەهاتەوە و بیروبڕوای سۆسیالیستی هەڵبژارد و لە ئاکامدا بوو بە نزیکترین هاوڕێ و یاریدەدەری کارل مارکس. لە زۆربەی کارە سەرەکییەکانید' هاوبەش و بەشداری کردووە. لە دوای کۆچکردنی مارکس درێژەی بە خەبات دا و ئینتەرناسیونالیزمی دووەمی ڕێکخست. کتێبەکەی مارکس «سەرمایە»ی تەواو کرد. ساڵی ١٨٩٥ کۆچی دوایی کرد. (المنجد...ص٨٠)

(××) کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان «عصبە الشیوعیین» یەکەم ڕێکخراوی نێونەتەوەییە و لە هاوینی ١٨٤٧دا لە شاری لەندەن لە لایەن مارکس و ئینگلسەوە بنیات نرا. یەکەم بەیاننامەیان بە ناوی «مانیفێستۆ» ساڵی ١٨٤٧ بە دونیا ڕاگەیاند. لە بەیاننامەکەدا داوا دەکەن کە کۆمەڵگای کۆن بمێنێت، کۆمەڵگایەک ساز بکرێت کە چەوسانەوە و ستەمداری و ڕەنجەڕۆیی چینایەتی تێدا نەبێت و یەکسانی باڵ بەسەر هەموو چین و توێژەکاندا بکێشێت. کۆمەڵەکە کەوتە تەقەلادان و پەیوەندیکردن بە چینی کرێکار و چەوسێنەرانی جیهانەوە و تا ساڵی ١٨٥٢ لە تێکۆشانەکانیدا بەردەوام بوو. لە دواییدا کارگێڕەکانی ڕۆڵی باشیان لە بنیاتنانی ئینتەرناسیونالی یەکەمدا، ساڵی ١٨٦٤، بینی.
(مختارات لینین، الجزء الثانی ٤٨٩)

(×××) کتێبی «بەیاننامەی پارتیی کۆمۆنیست» مانیفێست، بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە. تاکوو ئەنووکەش لە لایەن کاک حەمەدەمینی سراجی و کاک جەلال دەباغەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و هەریەکەیان بە جیاواز بە چاپیان گەیاندووە. خوێندنەوەی گەلێک بەسوودە.

مارکس و ئەنگلس، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، توانیان نوێنەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ژمارەیەک وڵاتانی دونیا لە ژێر ناوی ئینتەرناسیۆنالی یەکەمدا کۆ بکەنەوە. دروشمی سەرەکییان: "کرێکارانی دونیا و گەلانی ژێردەست یەک بگرن."(×)

سالانە دەرسی گیرگرفتە نهێنی و ئاشکراکانی نێوان چینی کرێکار و سەرمایەداران لە لایەک و لە لایەکی تریش کێشەی قووڵی دژوار و بەرفراوان و جەنگەکانی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانیان دەکرد. نەخشە و پرۆگرامی نزیک و دووریان دادەڕشت، کە بە چ ڕێبازێک کرێکاران و گەلانی ژێردەست تێکۆشینی جۆراوجۆری خۆیان گەشە پێ بدەن و هەردەم جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە بە هاوکاری و هاریکاریکردن نەبێت، نە چینی کرێکار و نە گەلانی ژێردەست ڕزگاربوونیان مەحاڵە.

لە مێژوودا ئینتەرناسیونال ڕۆڵی ڕێنمایی و پێشڕەوی ڕەوای بینی و مانا و لێکدانەوەی زاراوەی چەپ و چەپڕەوی بەربلاوتر و ڕۆشنتر کرد و زێدەتر هەڵسەنگاندن و ڕووداوە سیاسی و فیکرییەکانی پێ دەناسێنرا.

---

(×) لە مێژووی خەباتی چینی کرێکارانی جیهاندا، سێ ئینتەرناسیونال بنیات نرا:

١- ئینتەرناسیونالی یەکەم (١٨٦٤-١٨٧٢) بە کۆششی مارکس و ئینگلس، بە مەبەستی دارشتنی بناغەی ڕێکخستنی کرێکاران لەسەر ئاستی جیهان بۆ ئامادەکردنی چینی کرێکار تا بکەوێتە تێکۆشان و فشاری شۆڕشگێڕانە بۆ سەر سەرمایەداران و چەوسانەوە، لە پێناو دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا. سالانە کۆبوونەوەیان ئەنجام دەدا.

٢- ئینتەرناسیونالی دووەم، لە دوای کۆچکردنی مارکس، بە تەقەلای ئینگلس و ژمارەیەک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی چینی کرێکار، لە ساڵی ١٨٨٩دا، ئینتەرناسیونال ڕێکخرا و تا ساڵی ١٩١٤، سالانە، کۆنگرەی خۆی پێک دەهێنا. ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی چینی کرێکار بە بەربلاوی پەرەیان دەسەند و لە ئاکامی کۆمەڵێک گۆڕانی بنەڕەتی کە لەو سەردەمەدا بەسەر باری جیهاندا تێپەڕی دەکرد. سەرمایەدارە مۆنۆپۆڵەکان کەوتبوونە کێشە و ململانێی توند و کاردانەوەی خراپی کردە سەر ڕێڕەوی پارتییە کرێکارییەکان لە هەندێک لە وڵاتاندا، ڕاڕایی و دووبەرەکی لە ڕیزی چینی کرێکار و پارتییە سۆسیال دیموکراتەکاندا ڕوویاندا. ژمارەیەکیان کەوتنە پشتگیریکردن لە سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان. لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهاندا، ئینتەرناسیونالی دووەم ڕۆڵی نەما. ـ

ڕووداوەکـانی یەک دوای یەکی ئەورووپا لە نێـوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەم دونیـای هەژاند. چەندەها ڕاپەڕین و تێکـبـڕژان و شـەڕی خـوێناوی، وەک برووسکە، بڵاو بوونەوە.

---

- ٣- ئینتەرناسیونالی سێیەم: ساڵی ١٩١٨ حکوومەتی رووسیا بە ڕابەرایەتیی لینین، بڕیاری دامەزراندنی ئینتەرناسیونالی سێیەمی دا. لەو کاتەی کە پرۆسەی تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم لادان و ڕاڕایی تێکەوتبوو و بیروبڕوای سۆسیالیستیی ڕاستەقینە بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕ دەبوو. لە مانگی ئاداری ١٩١٩دا یەکەم کۆنگرەی لە (مۆسکۆ) ساز کرد و ڕێکخستنەکە بە ڕەسمی ڕاگەیەنرا و ڕۆڵێکی سەرەکی لە دامەزراندنی چەندەها پارتیی کرێکاری و کۆمۆنیستدا لە وڵاتانی دونیا بینی. (مارکس، ئینگلس، مارکسیزم، نووسینی لینین، ل. ٤٠)
- لە دوای کۆچکردنی لینین، دەسـەڵات کەوتە ژێر چنگی ستالینەوە و زۆری نەخایاند عەقڵیەتی دیکتاتۆریی ستالینیزمی باڵی بەسەر ئینتەرناسیونالدا گرت. بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت هەڵسوکەوتی دەکرد. کاتی جەنگی دووەمی جیهان، ساڵی ١٩٤٢، ئینتەرناسیونال خۆی هەڵوەشاندەوە و تەما. کێشە و ناخۆشی و دووبەرەکیی توندوتیژ لە ڕیزی بزووتنەوەی چینی کرێکار لە دونیادا ڕوویدا. هەر هێز و پارتییەک کە بە ناوی سۆسیال دیموکراتەکان تێدەکۆشان، بەرەرەکانی دەکران. جۆرەها تاوانی ناڕەوایان ئاراستە دەکرا. هەڵبەتە ملیۆنان کرێکار و خەباتگێڕی دڵسۆز لە ڕیزی پارتییە سۆسیال دیموکراتەکاندا هەن، بەڵکو ئەواتیشەوە پارتیی شۆڤینیست هەن، بۆ نموونە وەک پارتیی کرێکارانی ئیسرائیل.
- ئێوارەی ٢٠٠١/٣/١٤ لە تەلەفیزیۆنی «الجزيرة» وانەیەک لەسەر پارتییە سۆسیال دیموکراتەکان لێدوانی لەسەر دەکرا. سەرەنجی ڕاکێشام ئەم چەند ڕستەیەم تۆمار کرد. کە ساڵی ١٩٥١ لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا ژمارەیەک لە ڕابەر و سەرۆکەکانی پارتیی سۆسیال دیموکرات و سەندیکای کرێکاران کۆبوونەوە و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە پەیوەندی نێوانیان بەهێز بکەنەوە، ساڵانە کۆنگرەی گشتی ساز بکەن. ئێستاکە ژمارەی ئەو پارتی و هێزانە چوونەتە ڕیزی سۆسیال دیموکراتەکان و گەیشتووەتە (١٧٠) پارتی و ڕێکخراو. ژمارەیەک لە پارتییە عەرەبی و کوردییەکان بەشداری لە کۆنگرە گشتییەکاندا دەکەن و تا هەنووکە (٢١) کۆنگرەیان بەستووە.

لێرەدا بە سوودە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو کێشە و ناکۆکی و دووبەرەکییە پان و بەرینەی دەورووبەری هەشتا ساڵ زیدەتر درێژەی کێشا لەنێوان بەرەی پارتییە کۆمۆنیستی و هێز و پارتییە سۆسیال دیموکراتەکاندا: دوا بە دوای ڕمانی بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی، هەلومەرجێکی نوێ هاتە کایەوە، تا سنوورێکی باش جیاوازییەکان تەسک بوونەتەوە. لە بەرانبەر گەلێک ڕووداو و دیاردە، هەڵوێستیان لە یەکترەوە نزیکن، وەک مەحکومکردنی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و وڵات لە لایەن یەک پارتییەوە، سیما و خەسڵەتی سەردەم بووەتە سەردەمی دیموکراسییەت و فرەلایەنی (پلورالیزم) و پاراستنی مافی مرۆڤ و ژینگە و سروشت، پاراستنی ئاشتی و مافی گەلانی گەورە و بچووک، تێکۆشان لە پێناو مسۆگەرکردنی ژیانی خۆشگوزەرانی، چارەکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتان و گەلان بە ڕێگای دیالۆگ و پشووی درێژ.

ساڵی ١٨٤٨ ڕاپەڕین و شۆڕش لە چەند وڵاتێک ڕوویاندا. یەکەم دەوڵەتی کرێکار و زەحمەتکێشان ساڵی ١٨٧١ لە پاریس، پایتەختی فەرەنسا، کە لە مێژوودا بە حکوومەتی کۆمۆنەی پاریس ناوی دەرکرد بنیات نرا.(×) شۆڕشی پیشەسازی و تەکنیکی نوێ بەرەوپێش دەڕۆشتن. لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتییەوە گۆڕان بەسەر باری چینی کرێکاردا هات. لە هێندێ وڵاتانی وەک سوید، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ڕووسیای تساری(××) ژمارەیەک پارتی و ڕێکخراوەی سیاسی و سەندیکای کرێکاران سازکران. لە ڕێبازی کارکردن و پرۆگرامەکانیاندا تەوەری خۆشکردنی ژیان و گوزەرانی کرێکار و هەژاران، چارەکردنی پرۆسەی زەوی و پێشخستنی کشتوکاڵ، مافی یەکسانی نێوان ژن و پیاو، سەربەستییەکانی مافی دیموکراسی و ژیانی ئازادی و بەختیاری بۆ زۆربەی گەل و...تاد بە زەقی بەرچاو دەکەوتن.

---

(×) کۆمۆنەی پاریس: ساڵی ١٨٧١ چینی کرێکاری فرەنسا یەکەم تەقەلای لە مێژوودا دا کە دەستەڵاتی بکەوێتە دەست و دەوڵەتی کرێکار و زەحمەتکێشان بنیات بنێت. ڕۆژی ١٨٧١/٣/١٨ جەماوەری پاریس ڕاپەڕی. توانی دەست بەسەر کاروباری دەوڵەتی بۆرژوازیی دیکتاتۆریدا بگرێت. یەکەم حکوومەتی کرێکاران دابمەزرێنێت. لەو ماوە کورتەی چینی کرێکار حوکمی لە ژێر دەستدا بوو، کۆمەڵێک بڕیاری مێژوویی دەرهێنا، وەک ئەوەی کە دەستەڵاتی کنیسە لەسەر دەوڵەت وەلانرا و لە شوێنی سوپای دەوڵەتی، میلیشیای میللی ساز کرا و چەک بەسەر جەماوەردا دابەش کرا، یاسای پرنیسیپی هەڵبژاردنی داپەروەران و مووچەخۆران لە لایەک خەڵکەوە دەرهێنا. ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکە ترس و لەرزی خستبووە دڵ و دەروونی سەرتاپای فەرمانڕەواکانی ئەورووپا و هێزە بۆرژوازی و کۆنەپەرستەکانەوە، کەوتنە پشتگیریکردن و ناردنی کۆمەک بۆ ئەوانەی لە کۆمۆنە یاخی بووبوون و توانیان لە ڕۆژی ١٨٧١/٥/٢١دا بە هێرشێکی بەهێز پاریس بگرنەوە و حکوومەتی کۆمۆنە تێکوپێک بدەن. زیدەتر لە ٣٠هەزار کرێکار و هەژاراتی پارسیان کوشتوبڕ کرد و ٥٠هەزاریش زیندانی کران.

(لینین، دلیل موجز من سجلە ضد الانتهازیە) (ص٧٩١)

(××) تکایە لاپەڕەکانی ٧٦٣ تا ٧٦٦ لە کتێبی «ضد الانتهازیە الیمینیە والیساریە، لینین» بخوێنەرەوە. بە درێژی باسی ئەوە دەکات کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا چەندەها ڕێکخراو بە ناوی سۆسیال دیموکرات و سەندیکای کرێکاران لە ئەورووپا دامەزرێنراوە.

## ٥- سەرەتاکانی ماک و هەوێنی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا

بە هۆی پان و بەرینی سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەرفراوان لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا هەبوو، بەم هۆیەشەوە تەواوی ڕووداوەکانی ئەورووپا لەنێو کۆمەڵگاکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕەنگی دەدایەوە و دەبوون بە هاندەر بۆ ڕۆشنبیران و نەتەوەپەرستەکان کە بکەونە بزووتن و خۆڕێکخستن بە مەرامی دابینکردنی ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکانیان لە کۆت و زوڵم و زۆرداریی دەستەڵاتی عوسمانیی کۆنەپەرست.

شاراوەش نییە کە بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان داگیرکراوی دەوڵەتی عوسمانی بوو و ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی کوردیش لە پێناو ڕزگاربوون و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستاندا زنجیرەیەک ڕاپەڕین و یاخیبوونیان بەرپا کرد، لەوانە ڕاپەڕینەکانی محەمەدپاشای ڕەواندوزی (١٨٣٦)، بەدرخان پاشای گەورە (١٨٣٧-١٨٤٧)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری (١٨٧٠-١٨٨٢).(×)

بەپێی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی من ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری ئاسۆکەی لە گشت ڕاپەڕینەکانی تری ئەوسا پێشکەوتووتر بوو، ئەویش لەو بەڵگەنامە و دروشمانەدا دەردەکەوێت کە لە دوای شۆڕشەکە بۆمان ماونەتەوە، هەرچەندە بە داخ و پەژارەوە ئەویش سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا.

وا لێرەدا بەسوودی دەبینم کە یەکێک لەو بەڵگەنامە دێرینانە پێشکەش بکەم، ئەویش ئەو نامەیەیە کە شێخ عوبەیدوڵا لە شەمدینانەوە، ساڵی ١٨٨٠، بۆ کۆنسوڵی بەریتانیای ناردووە کە لە شارۆچکەی (باشکال)(××) کاری کردووە.

---

(×) بڕوانە کتێبی «مبحثات علی هامش ثورة الشیخ عبیدالله النهری» [دراسة عن الثورة لثلاثة باحثین] لە ئامادەکردن و نووسینی جرجیس فتح الله.

(××) باشقەلا: شارۆچکەیەکی بچووکی کوردە، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی (وان)ەوە لە کوردستانی باکوور.

الى المحترم القنصل البريطاني في باشكال

ان الامة الكرديه امه مستقله و دينها مختلف عن اديان الامم الاخرى وكذلك بالنسبه لقوانينها وعاداتها، ان زعماء كردستان فيما اذا كانو خاضعين للاتراك او الفرس، وكذلك شعب كردستان بمسيحيها و مسلميها متحدين ومتفقين بان الامور لايمكن ان تسير كما هي الان مع الدولتين.

وانه امر ملح بان الحكومات الاوروبيه، يجب ان تفعل شيئا وان تفهم حقيقه الموقف. اننا نريد ان ناخذ زمام الامور بايدينا. لم تعد بامكاننا تحمل الظلم والاظطهاد واللذين ترفضهما علينا حكومات الفرس والامبراطوريه العثمانيه.

الشيخ عبدالله شمديني (من كتاب 'لا اصدقاء سوى الجبال، تاليف هارفي موريس، وجورج بلوج، ترجمه راج ال نوح، ص٦٧)

دەقی نامەکە بە کوردی:

بۆ بەڕێز کۆنسوڵی بەریتانیا لە باشکال

نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، دینی و ئاداب و نەریتی لەگەڵ نەتەوەکانی تر جیاوازە، ئەگەرچی ڕابەرانی کوردستان لە ژێر دەستی تورک و فارسدان، بەڵام گەلی کوردستان بە ئیسلام و گاورییەوە، یەکگرتوون و لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە کاروباریان نابێت لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتەدا بەڕێوە بڕوات. لە لای ئێمەوە گرنگە کە حکوومەتەکانی ئەوروپا کارێک بکەن و باش لە واقیعی ڕاستییەکان بگەن.

ئێمە دەمانەوێت کاروباری خۆمان بکەوێتە دەستی خۆمان، چیتر توانای ئەو زوڵم و ستەمکارییانەمان نەماوە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارس بەسەر ئێمەیاندا سەپاندووە.(×)

شێخ عوبەیدوڵای شەمدینی

---

(×) بڕوانە کتێبی «مبحثات على هامش ثوره الشيخ عبيدالله النهري – دراسه عن الثوره لثلاثه باحثين» من اعداد جرجيس فتح الله، ستوكهولم: ٢٠٠٠، پڕە لە دۆکیومێنت و ناو و بەڵگەنامەی گرنگ، کە شێخ عوبەیدوڵا پەیوەندی فراوانی بە وڵاتانی بیانی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکعەشیرەت و پیاوانی ناوداری کوردەوە هەبووە و یەکجار بە دووربینی و بلیمەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەرمەنی و ئاشووری و کەمەنەتەوە و ئایینەکان تردا کردووە.

لە هەمان کات و دەورووبەردا سرووەی ئازادی و سەربەستی، بیرۆکەی تازەپێگەیشتوو، سەرەتای لەنێوان ڕۆشنبیر و زانا و شاعیرانی کورددا هەڵدابوو. بەتایبەت ئەو کوردانەی لە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (ئەستەنبول) و ئەورووپادا دەژیان کەوتبوونە جووڵە و هەست و سۆزی دەروونی نەتەوەییان بە گەلێک شێوە دەردەبڕی. یەکێک لەو شاعیرانەی کە دەتوانین ناویان بهێنین بە دەستەی یەکەم هۆشیارکەرەوانی نەتەوەی کورد، ئەمر حاجی قادری کۆیە(×)یە کە لە بواری شیعری نەتەوەیی، شۆڕشگێڕی و پێشکەوتووخوازیدا داوای دەکرد کورد یەک بگرن و ڕاپەڕن و تەقەلا بدەن لە کاروانی پێشکەوتن، شارستانییەت و زانست و زانیاری دوا نەکەون. خۆ ئەگەر بە وردی هێندێ لە شیعرەکانی بخوێنینەوە، بە قووڵی لێکیان بدەینەوە و هەڵیان بسەنگێنین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نێوەڕۆکی بۆچوونەکانی حاجی قادر لە چ پایەیەکی بەرزی زانین و دووربینیدا بوون.

لێرەدا ئەم پارچەشیعرەی دەخەمە بەرچاو:

بۆچی فەرمویەتی نەبی ئەمین

"اطلب العلم ولو بالصین"

نێرومێ لەم حدیثە فەرقی نیە

گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نیە

تۆ وەرە فەن فێر بە چیتە لەوە

گاورە جووە یاخود هیندوە

---

(×) حاجی قادری کۆیی، ساڵی ١٨١٥ لە گوندی کۆرقەرەج لە باشووری شاری کۆیە لە خێزانێکی هەژار چاوی بە دونیا کەوتووە. هەر زوو باوکی مردووە و لەگەڵ دایکی هاتووەتە ماڵی خاڵی لە کۆیە و هەر لەوێش، لە مزگەوتە گەورەکانی شار، خراوەتە بەر خوێندن. لە تەمەنی خوێندن و لاویدا، هزش و هەستی دژی عەقڵیەتی دواکەوتوویی وشکەسۆفییەتی بووە. کۆیە بە جێ دەهێڵێت و دەربەدەر دەبێت، لە شاری شنۆ ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت و ڕوو دەکاتە ئەستەنبوڵ. بە هۆی زیرەکی و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی، لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان نزیک دەبێتەوە و دەبێت بە مامۆستای ئەوەکانی. دەستێکی باڵای لە نووسینی شیعری نەتەوەیی و پڕ دڵسۆزی بۆ کوردایەتییدا دەبێت. ساڵی ١٨٩٧ دونیا بە جێ دەهێڵێت و کۆچ دەکات و لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ئەستەنبوڵ نێژراوە.

لازمە خول بخۆی وەکو بەردی ئاش
هەمو دەورێ دەگۆڕێ ئەمری مەعاش
تەمبەلی کاری حیز و بێخێرە
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە
ئەهلی جەنەت نە شوان و گاوانن
صاحبی فەن و عیلم و عرفانن
فائیدەی گەر بدایە ذکر و دوعا
ئەبوون بە قارون، گەدای سەر ڕێگا(٢)

ئەگەر بەوردی، ڕستە ڕستە، پارچەشیعرەکە شرۆڤە بکرێت و لێک بدرێتەوە، لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕا و بۆچوونی فیکری هەندێ بڵاوکراوەکانی فەیلەسووف و هۆزانڤانە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەدا، وەک مارکس و ئەنگلس و...تاد و بەراوردی بکرێت، بە ڕا و بۆچوونم ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەی کە حاجی قادر ئاگاداری و شارەزایی لەسەر بڵاوکراوە دێرینەکانی ئەو سەردەممە هەبووە. بۆ نموونە لە «مانیفێستۆ»دا بە چڕوپڕی باس لە یەکێتیی گەلان و ئینتەرناسیونالیزم دەکرێت بە شێوەیەک کە هیچ کۆسپ و تەگەرە و سنوور نەبێت لە پێش فێربوونی زانیاری و زانست و شتی نوێدا، هەروەها باسی یەکسانیی ژن لەگەڵ پیاودا دەکرێت و باسی ئەوەش دەکرێت کە ژیانی هیچ کۆمەڵگایەک بە تەقەلا و کۆشش نەبێت ناگۆڕێت و پێش ناکەوێت، ئەویش بە گۆڕانی بنەمای یاساکانی ئابووری و بژێوی و ئامێرەکانی بەرهەمهێنەوە بەندە، هەر کارکردنە ئادەمیزاد لە گشت تەنگوچەڵەمە و تەنگژەیەک ڕزگار دەکات.
لە سەدان بڵاوکراوە و کتێبدا باسی ئەوە هاتووە کە چەرخی مێژوو (عجلە التاریخ) بەرەوپێش ناڕوات ئەگەر یاسای ئابووری و بژێوی گۆڕانی بەسەردا نەیەت و بۆ بەرژەوەندیی جەماوەریش نەگوزەرێت.
حاجی قادر لە پارچەشیعرەکەیدا ڕەوڕەوەی مێژووی بە بەردەناشی ئاسیاو چواندووە کە گەنم دەهاڕێت و دەیکات بە ئارد. مەبەستی سەرەکیی حاجی لە ژیانیدا ئەوە بووە کە گەلی کوردستان لە دواکەوتوویی و کوێرەوەری ڕزگار

بکات. لە مێژووی کۆن و نوێی خەباتی نەتەوەییدا ڕۆڵێکی دیاری بینیوە و تا دواهەناسەی هەڵگری ئاڵای ڕزگاربوونی کوردستان و پێشکەوتنی بووە. تێکۆشەرێکی زیرەک و زانا و لە سەردەمی خۆیدا ڕۆشنبیرێکی کەموێنە بووە. هەمیشە تەقەلای دەدا و هانی دەبرد کە نەتەوەکەی خۆی ڕێک بخات و ئەندامانی نەتەوە یەک بگرن و دووبەرەکی و کینەبەری لەنێو خۆیاندا نەهێڵن. باش لای ڕوون بوو کە هەر تەنیا بە یەکگرتن سەرکەوتن بەسەر داگیرکەرانی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت.

لەم پارچەشیعرەشدا هەستی دڵسۆزی و گیانی شۆڕشگێڕی حاجی قادر، بەڕاشکاوی، دەبینرێت:

چۆشێک بدەن وەکو هەنگ

کۆڕێ بەستن بەبێ دەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیداکەن

تۆپ و تفەنگ و هاون

دیوانی حاجی قادر، ل.٢٢٠(٣)

بە هۆی ئەوەی هۆزانڤانێکی یەکجار پایەبەرز و لێهاتوو، دووربین و کورپەروەر بوو بە بڕوای تەواوە دەیزانی کە داهاتووی هەر گەلێک لەم دونیایەدا بە پاراستنی زمان و کولتوور و داب و نەریت و کەلەپوورەوە شەتەکدراوە. بە قووڵی هەستی ئەوەی کردبوو کە زلهێزان و دوژمنانی نەتەوەکەی لە نەخشەیاندا هەیە بەتەک فشار و ئەشکەنجەدان و درندایەتیی داگیرکەرانی خاکی کوردستان، زمان و ڕەچەڵەی کورد لە بن بەرن و نەهێڵن گەشە بکات و پێش بکەوێت. وەک هەستیارێکی زیرەک لەم پارچەشیعرەیشدا دەرد و ئازارەکان دەروونی ئاشکرا دەکات:

ئەگەر کوردێک قسەی باوکی نەزانی

محەقەق دایکی حیزە باوکی زانی

وەرە یا بۆت بکەم باسی نیهانی

ئەفەنتون خۆشە گەر چاکی بزانی

صەلاحەدین و نورەددینی کوردی
عەزیزانی جەزیرە و موش و وانی
لەبەر بێ دەفتەری ون بوون و فانی
کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلا و شێخ و پیر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناونیشانی ل١٤٦

لە شوێنێکی تردا حاجی نیشان دەدات کە زانیاریی فراوان و شارەزایی باشی لەسەر سۆسیۆلۆژیەتی گەلی کوردستان هەبووە کە دەڵێت:
جوو چاکە ئیتیفاقی هەیە
کورد بێ غیرەتی و نفاقی هەیە
کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگر و نەوتن
دیوانی حاجی قادر[٤]

ڕاستییەک هەیە نابێت قەت نۆش بکرێت یا لە یاد بکرێت کە لەو سەردەمەدا حاجی قادری کۆیی تاکە هۆزانڤان و تێکۆشەر نەبووە لە گۆڕەپانی کۆشش و تەقەلادان، لەپێناو پەرژان و ئاشتی ماک و تۆوی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەیان و هاندانی بۆ یەکگرتن و ڕاپەڕین بە ئاواتی ڕزگاربوون لە دەست ژێردەستی و دواکەوتوویی. هەمیشە مێژوو بە قەڵەمی زێڕینی ناو و ناوبانگ و ڕۆڵی قوربانییەکانی بنەماڵەی بەدرخان پاشای لە ڕیزی یەکەمی خەباتگێڕان دڵسۆزی کوردپەروەر تۆمار کردووە. ئەو هەنگاوە مێژووییەی ئەمران مقداد و عبدولڕەحمان بەدرخان نایان و توانیان لە کازیوەیەکی دژوار و ناجۆری تەماویدا، بە تەقەلا و ماندووبوونێکی زێدەبەدەر، ڕۆژی ١٨٩٨/٤/٢٢، بۆ یەکەم جار لە مێژووی دێرینی کورددا، لە شاری قاهیرە، ڕۆژنامەیەک بە ناوی «کوردستان» دەربهێنن و بیگەیەننە دەستی خوێنەران و زانایانی کورد و وڵاتە بیانییەکان. بەم هەنگاوە پیرۆزە شۆڕشگێرییەش بە دونیایان ڕاگەیاند کە

گەلێک هەیە ناوی کوردە، کوردستانیش خاک و نیشتمانیەتی و لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە داگیرکراوە.
لە ئاکامی فشار و هەڕەشە و هێرشی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆژنامەکە بۆ سویسرا گوێزرایەوە و چەند ژمارەیەکیشی لەوێ دەرهێنرا.
ڕۆژنامەی «کوردستان» بە یەکەم شەپلەی ڕێگاڕۆنکەرەوە دەژمێردرێت لە جۆشدانی هەست و هۆشی کوردایەتیدا.

سەرچاوەکان:


(١) هارفي موريس، جورج بلوچ، ترجمة: راج ال نوح، ص٦٧
(٢) هەمان سەرچاوە
(٣) دیوانی حاجی قادری کۆیی، کەریم شارەزا، سەردار حەمید میران، ل١٨٦-١٨٧
(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٠
(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٤٦
(٦) هەمان سەرچاوە، ل١٤٧

## بەشی دووەم: جیهان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا

لەگەڵ سەرهەڵدانی سەدەی بیستەمدا چەندین پرۆسەی تازە، گۆڕان و ئاڵوگۆڕی هاتنە کایەوە. پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان گرژی و ئاڵۆزی، توندوتیژی تێکەوتبوو. ناحەزی و دوژمنایەتیکردن، گەف و گوڕ و هەڕەشە لە یەکتر، ڕۆژ دوای ڕۆژ، گەلێک بەپەلە، پێشبڕکێ بۆ خۆئامادەکردن لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالیست و زلهێزەکان، لە هەموو لایەکەوە، مەترسیی هەڵگیرساندنی جەنگێکی جیهانیی وێرانکەر هەست پێ دەکرا.
لینین (١٨٧٠-١٩٢٤) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «ئیمپریالیزم بالاترین قۆناغی سەرمایەدارییە»[١] لە ڕووانگە و بۆچوونی زانستیانەوە پەردەی لەسەر ڕووی وڵاتە سەرمایەدار و کۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکانی دونیا داماڵی. بەڕاشکاوی ڕا و هەڵسەنگاندنی خۆی بەرانبەر بارە ناهەموارەکان ڕاگەیاند، جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، لەپێناو بەرژەوەندیی هەندێ لە وڵاتە ئیمپریالیستەکان، کارەساتێک دێتە کایەوە جیهان دەهەژێنێت و ملیۆنان کەس تێیدا دەبن بە سووتەمەنی.
لینین لە کتێبەکەیدا، هەندێ لە سیفاتە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی وڵاتە زلهێز و کۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکانی ئەو سەردەمەی، بە تێروتەسەلی، شرۆڤە کردبوو، وەک:
١- وڵاتانی سەرمایەداری بەخێرایی گۆڕانیان بەسەردا دێت و ئەویەڕی پلەی هێز و دەسەڵات و دەوڵەمەندی بە دەست دەهێنن.
٢- لەپێناو سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی وڵاتانی دونیادا لەنێو دەوڵەتە زلهێزەکاندا ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانی فراوان دەست پێ دەکات.
٣- کۆمپانیای مۆنۆپۆلی یەکجار گەورە و خاوەن توانای دارایی و سیاسی پێکدێن و وەک تەونی جاڵجاڵۆکە، چاوچنۆکانە، سەرانسەری وڵاتانی دونیا دەگرنەوە، بەو مەرامەی خێروبێریان هەڵلووشن.
٤- کێشەی چینایەتی (الصراع الطبقي) نێوان سەرمایەداران و چینی کرێکار و ڕەنجدەران چەندین شێوەی جیاجیا دەگرێتە بەر و پەلەی خەباتی چینایەتی بەرەو بەرزبوون و توندوتیژی دەڕوات.

٥- بڵێسەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نیشتمانی بۆ خۆڕزگارکردن لە ژێر چنگی داگیرکەران و بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە گەلێک وڵاتانی دونیادا دەکەوێتە جموجووڵ و سەرهەڵدان.
دەوڵەتی عوسمانی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کەوتبوونە ناوەندی گێژەنی ئەو دراما سەرسووڕهێنەرەوە کە جیهان پێوەی سەرقاڵ بوو. پرۆسەی تاوتوێکردنی ئیمپراتۆریەتەکە و ئەو وڵاتانەی داگیری کردبوون، یەکێک بوو لە پێشەوەی خاڵە سەرەکییەکان و سەرنجی هەموو لایەنەکانی تری ڕاکێشابوو و بایەخی زۆریان پێ دەدا.

## ٢- باری سۆسیۆلۆژیی کوردستان لەو سەردەمەدا

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالی زلهێز، دەورووبەری پێنجسەد ساڵ ژمارەیەک وڵاتی داگیر کردبوو، بە سیستەمێکی سیوقراتی(×) و کۆنەپەرستی ڕەفتاری لەگەڵ وڵاتەکانی ژێردەستیدا دەکرد. کۆسپ و بەرهەڵست بوو لە پێش بچووکترین پێشکەوتن و بزووتنەوەی نیشتمانیدا.
بە هۆی ئەوەی کە خاکی کوردستان نزیکترین شوێن بوو لە چەقی مترۆپۆلەکە، زوو هێرشی چەکدارییان کردە سەر و داگیریان کرد و کرا بە سەرەڕێگا و کاروانسەرای هێرش و پەلاماردانەکانی دەستەڵاتی ناوەندیی عوسمانی بۆ سەر وڵات و ناوچەکانی تر.

---

(×) سیوقراتی: بەو دەستەلات و دەوڵەتە دەگوترێت کە لە پەنای ئاییندا خۆ حەشار دەدەن، لە پێناو چەسپاندنی دەستەلات و چەوساندنەوە، ئەوەی پێی بگوترێت کاری خراپ، کوشتوبڕ و وێرانکردن و درندایەتی ئەنجامیان دەدەن. خێڵە تورکە کۆچەرەکانی ناوەڕاستی ئاسیا کە لە سەرەتای سەدەی پانزدەیەمی زایینییەوە شوێنی خۆیان لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ چەسپاندووە، لە دواییدا بە ناوی دەوڵەتی عوسمانی زێدەتر لە ٥٠٠ ساڵ چەندەها وڵاتیان داگیرکردن. بە فرتوفێڵ و درۆ وا خۆیان پیشان دەدا کە پارێزگاری لە خەلافەتی ئایینی ئیسلام دەکەن. لە مێژوودا بە دواکەوتووترین و خراپترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ناسراوە.

ماوەیەکی یەکجار دوورودرێژ زۆرینەی خاک و گەلی کوردستان کەوتبووە دۆزەخێکی کەموێنەوە! بە ئەشکەنجەدان و فشار، کوشتوبڕ و قڕکردن، ڕاگوێزان و ئاوارەکردن، وەک دیل و کۆیلە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا. لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا، عوسمانییەکان، ئەوەی پێیان بکرایە لە کاری ناڕەوا و دژوار بەرانبەر ئەو وڵات و گەلانەی لە ژێر چنگیاندا پەرێشان بوون، ئەنجامیان دەدا.

لە هەمان دەوروبەردا وڵاتە ئەوروپاییەکان، لە بواری پیشەسازی، فەرهەنگی و زانستیدا بە هەنگاوی خێرا بۆ پێشەوە دەڕۆیشتن. دەوڵەتی عوسمانییان بە ناوی "پیاوە نەخۆشەکە!"وە دەناساند. بە زەقی دەبینرا کە لە هەموو ڕوویەکەوە شیرازەی فەرمانڕەواییان لاواز بووە و پچڕپچڕی تێکەوتووە. ناکۆکی و کێشە و دووبەرەکی لە ڕیزی ڕابەرە سەرەکییەکانیدا بەدی دەکرا. سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی لە چەند وڵات و هەرێمدا دژیان بەرپا ببووبوو.

ئیمپریالیست و وڵاتە زلهێزەکان کەوتبوونە داڕشتنی نەخشە و پلانگێڕان کە چۆن لە داهاتوویەکی نزیکدا دەوڵەتی عوسمانی تێکوپێک بدەن، لەبەریەکی دەربهێنن و پاشماوە و وڵاتەکانی ژێر چنگی لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن!

بە هۆی ئەوەی خاکی کوردستان لە چەند ڕوویەکی جوگرافیایی و ئابووری و ستراتیژییەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەبوو، چەندین ساڵ بوو ئیمپریالیستەکان بایەخی زۆریان پێدابوو. لە ڕێگای سیخووڕ و شۆفار و پیاوە عەسکەرییەکانیانەوە، زانیاری و شارەزایی تێروتەسەلیان کۆکردبووەوە، لایان ڕوون و ئاشکرا بوو کە پڕە لە سەرچاوەی نەوت و کەرەستەی خاوی تر، بۆیە یەکجار مەرامیان بوو زوو دەستیان پێی بگات. ڕووسیای تساری، فەرەنسا و بەریتانیا، سەرگەرمانە، کەوتبوونە پێشبڕکێکردن بە مەبەستی ئەوەی کە بەشێک لە وڵاتەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیان بکەوێتە ژێر چنگ.

ناوچە و هەرێم، کون و قوژبن لە کوردستان نەمابوو تێردراوەکانی ڕۆژئاوا پێیان ڕانەگەن. ناسین و ئاشنایی، پەیوەندیی بەتینیان لەگەڵ

سەرۆکعەشیرەت و سەرۆکخێڵ، بنەماڵەی ناودار و کەساپەتییە کۆمەلایەتی و ئایینییەکان پەیدا کردبوو، بە چەندین شێوە تەقەلایان بۆ ئەوە دەکەراپەوە تا لە کاتی پێویستدا بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و سوودیان لێ وەربگرن.

گەلی کوردستان ئەو سەردەمە لە بارێکی دژوار و تاریکدا دەژیا. هەژاری و نەداری، نەخوێندەواری و دواکەوتوویی باڵی ڕەش و شومیان بە سەرتاپای ولاتەکەدا کێشابوو.

بەڕێوەبردنی کاروباری ولات و فەرمانڕەوایی لە ژێر چنگی نۆکەر و ئەڵقەلەگوێیەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو و ئەوانیش چاوچنۆکانە کەوتبوونە ڕاووڕووت، دزیکردن، بەرتیلوەرگرتن و گرنووشبردن و پاساوکردن لە بەرژەوەندیی داگیرکەران و دامودەستگاکانیان. بەشی هەرەزۆری دیاردەکان لە لایەن خوێندەوار و هۆشمەندانی کوردەوە هەستی پێ دەکرا، دەرکی ئەوەیان دەکرد کە کارەساتێکی مەترسیدار لە ئارادایە و خاکی کوردستان دەگرێت بە مەڵبەند و گۆڕەپانی ئەو ڕووداوانە و هەر گەردەلوولێکی سیاسی یان کۆمەلایەتی لە هەر ولات و شوێنێک هەڵبگیرسایە، کتوپڕ، دەنگ و ڕەنگی دەگەیشتە کوردستان و کاری لە حەڵکەکەی دەکرد.

وا لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ لە ڕووداوە گرنگەکانی ئەو سەردەمە دەکەم کە لە دەورووبەری خاکی کوردستان بەرپا دەبوون و کەم یان زۆر خەڵکی کوردستانیشیان دەگرتەوە:

١- لە مانگی شوباتی ١٩٠٥دا ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕیی فراوان لە ڕووسیای تساریدا بەرپا بوو. گەلی ڕاپەڕیوو داوای دەکرد زوڵم و زۆردارییان لەسەر هەڵبگیرێت، نان و ژیانیان بۆ مسۆگەر بکرێت، پەرلەمانێکی نوێ بە هەڵبژاردنێکی ئازاد بێتە کایەوە. دامودەستگا و ئامێرە ئۆتۆکراتییەکان بە ئاگر و ئاسن و تیرۆرکردن کەوتنە گیانی گەلانی ڕووسیا و هەزاران کوژران یان دەستگیرکران و فڕێدرانە نێو زیندانەکانی ڕژێمی تسارییەوە، بەلام لەگەڵ گشت شالاو و هێرش و فشارێکی ڕژێمی تساری، جەماوەر توانی بۆ ماوەیەک بەشێک لە خواست و ئاواتەکانی بهێنێتە دی. پەرلەمانێکی

نیمچەئازاد سازکرا و خەڵکەکە کەمێک ئازادی بە خۆوە بینی. زۆری نەخایاند ڕژێمە ئۆتۆقراتییە کۆنەپەرستەکە کەوتەوە جموجووڵ بە مەبەستی تاوتوێکردنی دەستکەوتەکان و پاکتاوکردنیان.

ساڵی ۱۹۰۷ دژوارترین شاڵاوی دڕندانە دژی هەموو گەلەکانی ڕووسیا دەستی پێکردەوە. هێرش، پەلاماردان، ڕاونان و دەربەدەرکردن و ئیعدام و کوشتوبڕ سەرتاسەری ڕووسیای گرتبووەوە و ئەو کارەساتە ماوەی چەند ساڵێک درێژەی کێشا.[٢]

٢- لە ساڵی ۱۹۰۷ تا ۱۹۱۱ ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە باکووری ئێران بە ناوی ڕاپەڕینی «مەشروتیە» دژی ستەمکاریی بنەماڵەی پاشاکانی قاجاری بەرپا بوو. داواکارییەکانی ڕاپەڕیووان بریتی بوون لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی ئێران بە سەروەریی یاسا و قانونی مۆدێرن لە ژێر سایەی پەرلەمانێکی دیموکراتیدا. ژمارەیەک لە کوردە ڕۆشنبیرەکان بەشداریی چالاکانەیان لە ڕاپەڕینەکەدا کرد. شاری تەورێز بە ناوەندی سەرهەڵدانەکە دادەنرا. باسیل نکیتین لە کتێبی «کوردەکان»[٣] ئاماژەی بەوە کردووە کە ژمارەیەک لە ڕابەرەکانی مەشروتیە پەیوەندییان بە سۆسیال دیموکراتەکانی ڕووسیاوە هەبووە. بە هۆی پشتگیری و یارمەتیدانی حکوومەتی ڕووسیای تساری، فەرمانڕەواکانی ئێران توانیان ڕاپەڕینەکە دابمرکێننەوە و لە هیچ ڕوویەکەوە ئاسەواری نەهێڵن.[٤]

٣- ساڵی ۱۹۰۸ کۆمەڵەی تورکیای لاو «ترکیا الفتاة» بە کودەتایەکی سەربازی هەڵسا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەوتە ژێر دەستەڵاتیان. کۆمەڵەکە توانی لە ژێر دروشمی 'ئازادی، یەکسانی و برایەتی'دا هەست و دەروون و ڕای زۆرینەی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. گۆڕانکارییەکە باری گەلانی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی هەژاند. زۆری نەخایاند کودەتاچییەکان ڕووی شۆڤێنیست و تورانیەتیی خۆیان ئاشکرا کرد و لە دروشمەکانیان دوور کەوتنەوە و گەڕانەوە سەر ڕێبازی بەربەرەکانێکردنی ئەو گەل و نەتەوانەی لە نەژادی تورک نەبوون. بە دڕندەترین شێوە کەوتنە گیانی کورد و ئەرمەنییەکان.[٥]

٤- له هەمان دەورووبەردا، ساڵی ١٩٠٨، بۆ یەکەم جار لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستاندا کۆمەڵەی «پێشخستن و بەرزکردنەوەی کوردستان»، جمعیە تعالی وترقی کردستان، لە لایەن ئەمین عالی بەدرخان، ژەنراڵ شەریف پاشا، شێخ عەبدولقادری نەهری و ژمارەیەکی تر لە تێکۆشەرانی کوردپەروەرەوە بنیاتنرا. ژمارەیەکیش لە دڵسۆز و خوێندەوار و نیشتمانپەروەران چوونە ریزی کۆمەڵەکەوە و رۆژنامەیەکیان بە ناوی «رۆژنامەی کورد»ەوە لە ژێر دروشمی هاریکاری و پێشکەوتن بە زمانی تورکی دەرهێنا. ساڵی ١٩١٠ حکوومەتی کودەتاچییەکان کۆمەڵەکەیان داخست.(٦) کوردپەروەران چۆکیان دانەدا و سوور بوون لە تێکۆشانیان. هەر لە هەمان ساڵدا، ساڵی ١٩١٠، دووەم کۆمەڵەی کوردی بە ناوی کۆمەڵەی «هێڤی» لە شاری ئەستەنبوڵ لە لایەن عومەر جەمیل پاشا، قەدری جەمیل پاشا، ئەکرەم جەمیل پاشا، لە کەسایەتییە ناودارەکانی شاری دیاربەکر و فوئاد بەگ وانلی، زەکی بەگ، مەمدووح سەلیم بنیاتنرا و زانا و هۆزانڤان خەلیل خەیالی مۆتکی رێنمایی دەکردن. چالاکانە کەوتنە خەبات و تەقەلادان و خوازیار بوون بە هەموو توانایانەوە خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن. ساڵی ١٩١٣ سێ ژمارە لە رۆژنامەی «رۆژی کورد»یان بە زمانی کوردی بڵاو کردەوە و عەبدولکەریمەفەندی بەرپرسیاری رۆژنامەکە بوو.(٧)

## ٣- جەنگی یەکەمی جیهانی

ساڵی ١٩١٤ جەنگی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا. دەوڵەتە ئیمپریالیست و زلهێزەکان بوون بە دوو بەرەوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەڵمانیا و نەمسا لە لایەک و بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا و رووسیای تساری لە لایەکی دیکە. جەنگە شوومە ناڕەوایەکەیان پێنج ساڵی رەبەق درێژەی کێشا و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان و گەلانی دونیا کەوتنە بەر شەپۆلی ئاگری شەڕەکە. کوشتوبڕ و وێرانکردن، برسێتی و نەبوونی، دەربەدەری و ئاوارەبوون یەکجار بە بەربڵاوی

بڵاو بووەوە و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خاکی کوردستانیشەوە کەوتبوونە چەقی گەرمەی جەنگەکە،× هەزاران کەس لە کوردستان بوون بە سووتەمەنی، سەر و ماڵ و ژیانیان تێداچوو.[×] بە تێکشکانی بەرەی عوسمانی ـ ئەڵمانیا ساڵی ١٩١٨ جەنگە شووم و نافرەچاکە کۆتایی پێهێنرا. بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان سەرکەوتن، سوپاکانیان دەستیان بەسەر خاکی بەرەکەی تردا گرت. ئاڵای سەرکەوتنیان لە ئەستەنبوڵ و بەرلین بەرز کرایەوە. گۆڕان بەسەر باری دونیادا هات و پارسەنگیی هێز گۆڕدرا. پێش ئەوەی جەنگەکە بەتەواوی کۆتایی پێ بێت، گەورەترین ڕووداوی مێژووی، ساڵی ١٩١٧، لە ڕووسیا ڕوویدا. شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپا بوو و دونیای هەژاند. ڕژێمی تساری تێکوپێک درا. پارتیی کۆمۆنیست «بۆلشەفیک» دەسەڵاتی کەوتە دەست. ڕۆژی ١٩١٧/١١/٨ سەرکردایەتیی شۆڕش یەکەم بڕیاری وەرگرت، کە بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی مەرسوومی ئاشتی. ڕووسیا خۆی لە جەنگەکە کێشایەوە و بە دونیایان ڕاگەیاند کە ئەوان دۆستایەتی و ئاشتیی گەلانیان دەوێت. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، ڕۆژی ١٩١٨/١/٣، بانگەوازێکی تریان ئاڕاستەی گەلانی ڕۆژهەڵات کرد و داوایان لێکردن دژی داگیرکەرانی بێگانە و چەوسێنەرانیان ڕاپەڕن، شۆڕش بەرپا بکەن و سەربەخۆیی وڵاتانی خۆیان بە دەست بهێنن.[٩]

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا بە گەورەترین پاڵپشت و یاریدەدەر بۆ گەلانی ژێردەست و مافخوراو دەژمێردرێت، چونکە بە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە هەڵقەیەکی بەهێز لە زنجیرەی وڵاتانی ئیمپریالیزم و ستەمکار وردوخاش کرا و گۆڕانێکی بنەڕەتی و چۆنێتی بەسەر باری جیهاندا هات.

---

(×) ساڵی ١٩١٠ دەوڵەتی عوسمانی (٧٠٠) هەزار کورد لە هەرێمەکانی خۆیان بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕادەگوێزێت. هەر بە ڕێگاوە، بە هۆی برسێتی و ماندووبوون و فشار و ئازاردان، ژمارەیەکی یەکجار زۆریان لێ دەمرێت. بڕیاریش وا بوو کە هەر ١٠ خێزانی کورد لەنێو ١٠٠ خێزانی تورکدا نیشتەجێ بکەن.

(لاپەڕە ٢٢ و ٢٣) لە کتێبی «الکرد وکردستان فی الوثائق البریطانیة» ترجمە: وليد حمدي.

هەر زوو ڕای گشتی گەلانی ژێردەست و چەوساوە بۆ لایەنگریی شۆڕش و حکوومەتە تازەکەی ڕووسیا وەرچەرخا. کەوتنە کۆشش و تەقەلاکردن بۆ نزیکبوونەوە و پەیداکردنی ئاشنایوون لەگەڵیاندا. پرۆسەی پاکتاوکردنی ئاسەواری جەنگە قریژەکە و پاراستنی ئاشتی و داهاتووی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی دونیا کەوتە ئەستۆی وڵاتە سەرکەوتووەکان.

ڕۆژی ١٩١٨/١/١٢ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «ویلسۆن»(×) بەیاننامەیەکی گرنگی پێشکەش بە کۆنگریسی «پەرلەمان»ی وڵاتەکەی کرد، کە بریتی بوو لە چواردە خاڵ و لە خاڵی چواردەمدا هاتبوو: "پێویستە هەلی لەبار بڕەخسێت بۆ ئەو کەمەنەتەوانەی لە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕزگار بوون، سەروەرییان بۆ بگەڕێتەوە و بە سەربەخۆیی و ئازادی بژین." ناوی گەلی کورد و عەرەب لە پێشەوەی ئەم گەلانەدا هاتبوون.

بە مەبەستی داڕشتنی پلانێکی ستراتیژیی بنەڕەتی کە ببێت بە پێگە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و کاروباری نێو وڵاتانی دونیا، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا وڵاتە هاوپەیمانەکان لە شاری «سان ڕیمۆ»ی ئیتالیا کۆنگرەیەکیان سازکرد. لە کۆبوونەوەکەدا پەیمانی ئاشتی مۆرکرا. بڕیاریشیان وەرگرت بۆ پاراستنی ئاشتی و تەبایی و چارەکردنی ئەو ناکۆکی و جیاوازییانەی لەنێو دەوڵەتاندا ڕوو دەدەن کۆمەڵەی گەلان «عصبە الامم» بنیات بنرێت. کۆمەڵەکە ساڵی ١٩١٩ یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە شاری پاریس ئەنجام دا و ٤٣ وڵات بەشدارییان تێدا کرد. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا تا ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆمەڵەکە نەبوون. تا هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهان کۆمەڵەی گەلان هەر مابوو و ساڵانە بەردەوام بوو لە کۆبوونەوەکانیدا، بەڵام لاواز بوو و لە ژێر دەستەڵاتی وڵاتە زلهێزەکاندا ڕەفتاری دەکرد و ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەدەبینی کە بۆ بەرژەوەندی و سوودی گەلانی لاواز و بێتوانا بگەڕێتەوە.

---

(×) ولسون: ساڵی ١٨٥٦ هاتووەتە دونیاوە. لە سەرەتای لاویدا چووەتە ڕیزی پارتیی دیموکراتییەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ساڵی ١٩١٣ بە سەرۆککۆماری وڵاتەکە هەڵبژێردرا و تا ساڵی ١٩٢١ سەرۆکایەتیی کرد. پێش ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهان کۆتایی پێ بهێنرێت، گۆشەگیریی وڵاتەکەی شکاند و بڕیاری بەشداریکردنی ئەمریکای لە جەنگەکەدا ڕاگەیاند. سەرەتای ١٩١٨ بەیاننامە گرنگەکەی بڵاو کردەوە. سەرۆککۆماری (٢٨)ەم بوو و ساڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کرد. (المورد، معجم الاعلام، ص٨٩)

## ٤- دۆزی گەلی کوردستان و کۆمەڵەی گەلان

وەک پێشووتر ئاماژەمان پێکرد، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕۆشنبیرانی کورد و دڵسۆزان نەتەوە کەوتبوونە بزووتن و جموجووڵ و تێدەکۆشان بۆ گونجانی شێوەی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان لەگەڵ ئەو گۆڕان و ئاڵوگۆڕانەی بەسەر باری جیهاندا دەهاتن؛ گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەڕوخێت و ئەو وڵاتەی سەدان ساڵ بوو داگیری کردبوون لە ژێر چنگیدا نامێنن، لەنگەری هێز و باری نێودەوڵەتان دەگۆڕێت و کەشوهەوایەکی دیکە دێتە کایەوە.
هەر کە سوپای دەوڵەتە هاوپەیمانەکان گەیشتە ئەستەنبوڵ و جەنگەکە کۆتایی پێهێنرا، پەیمانی ئاشتی مۆرکرا و کۆمەڵەی گەلان بنیاتنرا، شەریف پاشای خەندان[*] وەک نوێنەری گەلی کوردستان توانی دۆسیەی کێشەی کورد بگەیەنێتە بەردەم کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گەلان.

* شەریف پاشا: ساڵی ١٨٦٥ لە شاری سلێمانی هاتووەتە دونیاوە. وەک هەندێک سەرچاوە دەڵێن بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر هەشیرەتی جاف. خوێندنی سەرەتایی و ئاینیی لە سلێمانی تەواو دەکات. لە دواییدا دەچێت بۆ ئەستەنبوڵ و دانشگای سەربازی تەواو دەکات و دەبێت بە ئەفسەر. بە هۆی زیرەکی و چالاکییەوە پلەی دەگاتە ژەنراڵ. سەرەتای سەدەی بیستەم دەکرێت بە باڵیۆزی حکوومەتی عوسمانی لە سوید، بە نهێنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی تورکە لاوەکاندا دەبێت. لە دواییدا دەکەوێتە خەباتی کوردایەتییەوە و لەگەڵ کۆمەڵەی «هیڤی» و کۆمەڵە کوردییەکانی تر هاوکاری و بەشداری دەکات.
ڕۆژی ١٩١٩/٣/٢٢ دۆسیەی دۆزی کورد دەخاتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان لە فەرەنسا و بۆ جاری دووەم ڕۆژی ١٩٢٠/٣/١ یاداشتێکی تر پێشکەش دەکات. لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاردا، بەتایبەت بەرژەوەندیی وڵاتە ئیمپریالیستەکان و ڕاڕایی و ساویلکەیی ژمارەیەک لە ڕابەرانی کوردستان، سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، ماوەیەکی زۆر لە فەرەنسا، لە مۆناکۆ دەژی. ساڵی ١٩٤٥ جارێکی تر یاداشتێک بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەدات. ساڵی ١٩٤٧ دونیا بە جێ دەهێڵێت. لەبەر ئەوەی خێزانەکەی لە بنەماڵەی پاشاکانی میسر دەبێت، لەسەر بڕیاری مەلیک فاروق: پاشای پێشووی میسر، تەرمەکەی دەگەڕێننەوە بۆ (قاهرە) و لە گۆڕەپانی پاشاکانی میسر نێژراوە.
(الحركة الكردية في العصر الحديث، ص٦٥، ٦٦ و ١٠٤)، (لا اصدقاء لهم سوى الجبال، ص٩٨)

ڕۆژی ١٩٢٠/٨/١٠ کۆمەڵەی گەلان لە شاری سیڤری فەرەنسا کۆبووەوە و چەند بڕیارێکی گرنگی وەرگرت. لە ساڵی ٦٢، ٦٣ و ٦٤دا باسی کوردستان دەکرێت و دەنووسرێت کە گەلی کورد گەلێکە سەربەخۆ، نە تورکە، نە عەرەب و مافی هەیە سەربەست بژی. لە خاڵی ٦٢دا هاتووە: "کە لیژنەیەک لە سێ ئەندام پێکدێت، بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا، سێ ئەندام دەپاڵێون و ئەرکی لیژنەکە بریتی دەبێت لە ئامادەکردنی یاسا و پلانی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو دەڤەر و ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانی کوردن، لە ڕۆژهەڵاتی ئاوی فورات و باشووری سنووری ئەرمینیا، باکوور و سنووری نێوان سوریا و تورکیا، مەبەست لە ولایەتی نێوان دوو زێیەکە «بلاد مابین النهرین» پێکدێت."

لە خاڵی ٦٤دا هاتووە: "ئەگەر لە ماوەی ساڵێک لە دوای بڕیاروەرگرتن لەسەر ڕێککەوتنەکە، ئەگەر بینرا زۆرینەی دانیشتووانی کورد سەربەخۆیان گەرەکە، نایانەوێت لەگەڵ تورکیادا بژین و کە کۆمەڵەی گەلان بینی کوردەکان توانای ژیانی سەربەخۆیان هەیە، ئەوە کۆمەڵە سەربەخۆییان پێ دەدات. تورکیاش بە بڕیارەکەی ڕازی دەبێت. هەر کە تورکیاش لە هەرێمە کوردنشینەکان خۆی کێشایەوە، ئەوکات دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دژی ئەوە ناوەستن کە ئەو کوردانەی لە ویلایەتی موسڵدا دەژین بە ڕەزامەندی خۆیان بێنە ئەو دەوڵەتە کوردییە."(١٣)

کێشە و مشتومڕی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لە سەردەمی ئاشتیدا، دوای جەنگە شوومەکە، چەندین شێوە و ڕێگای تری گرتە بەر و هەر دەوڵەتێک لە بەرەی وڵاتە هاوپەیمانەکان، سەرکەرمانە، تەقەلای ئەوەی دەدا کە هەرێمێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕ بێت لە سەرچاوەکانی نەوت و بایەخی تایبەتیشی هەبێت بکەوێتە ژێر چنگییەوە. بە زەقی ئەمە لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسادا بەدی دەکرا، کە ساڵی ١٩١٦ ڕێککەوتننامەیەک بە ناوی «سایکس بیکۆ»وە(×) لەنێوانیاندا مۆر کرابوو، کەوتبوونە ململانێیەکی

---

× سایکس پیکۆ: ڕێککەوتننامەیەکی نهێنی بوو، ڕۆژی ١٩١٦/٤/٢٦ لە شاری پترۆگراد لەنێوان فرەنسا، بریتانیا و ڕووسیای تساریدا مۆرکرا، کە چۆن دوای کۆتاییهاتنی جەنگ وڵاتانەی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی دابەش بکرێن. ڕووسیای تساری مەرجی لە کوردستانی باکوور خۆش کردبوو، فرەنسا و بریتانیاش لە وڵاتەکانی (هلال الخصیب) کە عیراقی عەرەبی، سوریا و فەلەستین دەگرێتەوە. بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە ئاشکرا بوو و خاڵە نهێنییەکانیش ڕیسوا کران.

(د. کەمال مەزهەر، کوردستان لە شەڕی یەکەمی جیهاندا، ل-١٦)

توندوتیژەوە و هەرلایەکیان بەپێی بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆی ڕەفتاری دەکرد.(١٤)

لە هەمان دەورووبەردا گەلێک ڕووداو و گۆڕانکاریی کاریگەر ڕوویان دەدا، کتوپڕ کاردانەوەی دەکردە سەر داهاتووی کێشەی کورد و کوردستان. لەوانە ڕاپەڕینی مستەفا کەمال لە ناوەڕاستی ئەنادۆل دژ بە داگیرکەرانی تورکیا، سەقامگیربوونی دەستەڵاتی دەوڵەتی سۆڤیەتی، گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی لە چەندین وڵاتدا و...تاد سەرتاپای ڕووداوەکان و بەرژەوەندیی وڵاتە ئیمپریالیستەکان و سەرمایەدارانی دونیا، گەورەترین زیانی بە کێشەی نەتەوەی کورد گەیان. ساڵی ١٩٢٣ کۆمەڵەی گەلان لە شاری «لۆزان»ی سویسرا لە بڕیارەکان سیڤر پاشگەزبووەوە و خستنیە پشت گوێ و ناڕەواترین بڕیاری بەرانبەر بە دۆزی کورد و کوردستان وەرگرت. باکووری کوردستان درا بە تورکە تۆرانیستەکان، باشووریش بە عیراقی عەرەبییەوە لکێنرا و بەشێکیش بەر فەرەنسا کەوت و کرا بە پاشکۆی سوریا. خاکی کوردستان کە لە ڕێککەوتننامەی چاڵدێرانەوە، ساڵی ١٥١٤،(×) کرابوو بە دوو پارچەوە، لۆزان نیشتمانەکەمانی کرد بە چوار پارچەوە،

(×) چاڵدیران: لە ساڵی ١٥١٤دا شەڕێکی قورس لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی بە سەرۆکایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و فارسەکان بە ڕابەرایەتیی ئیسماعیل سەفەوی ڕووی دا. عوسمانییەکان، لە چاڵدیران، کە کەوتووەتە باکووری ئازربایجانی ئێرانەوە، بەسەر هێزی ئێرانییەکاندا سەرکەوتن و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە وڵاتی ڕۆژهەڵاتی شاخی زاگرۆس بۆ ئێران بێت و بە درێژایی ڕۆژئاواشی لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا بێت. بەم ڕێککەوتننامەیە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا خاکی کوردستان کرا بە دوو بەشەوە.

## ٥- کورد و کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤیەتیدا

کاری دیپلۆماتیکی و ڕێباز و هەنگاوەکانی دەوڵەتە تازەکەی ڕووسیا لە ژێر فەرمانـدەیی لینین (١٨٧٠-١٩٢٤) سەرنجی گشت ئازادیخوازان، نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕانی دونیای ڕاکێشا و بوویوو بە قیبلەگا و شوێنی هیوا و مەڵبەندی ئازادی و پشتگیریکردنی گەلانی ژێردەست و بێماف و ستەمدیدە. لە هەموو لایەکەوە پەیوەندییان پێوە دەکرا و داوای یارمەتییان لێ دەکردن.

شێخ مەحموودی نەمر، تێکۆشەرانی کوردستانی باکوور، شۆڕشگێڕانی ئێران و عەرەب و... تاد بە نامە و ناردنی نوێنەران کەوتبوونە تەقەلادان بە مەبەستی ئەنجامدانی پەیوەندی بە سەرکردایەتیی دەوڵەتی سۆڤیەتی تازەوە.(×)

لە ماوە کورتەی کە لینین ڕابەرایەتیی دەوڵەت و شۆڕشەکەی دەکرد بە لێوەشاوەیی و بلیمەتی توانی ڕووی وڵاتەکە بگۆڕێت و شۆڕشەکە سەر بخات و بناغەی دەوڵەتێکی نوێ بنیات بنێت.(××)

---

(×) لەو بەشانەی تری کتێبەکەدا، بە درێژی باسی ئەو کۆشش و هەوڵدانانە کراوە، کە ئەوکات ئەنجام دەدران بۆ پەیداکردن و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕابەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و پارتیی بۆلشەویکی ڕووسیا.

(××) پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لینین چەند نامیلکە و گوتاری لەسەر پرۆسەی مافی گەلان وەک «حق الامم فی تقریر مصیرها» و «ملاحظات انتقادیە حول المسالە القومیە»، بە فراوانی بڵاو کردبووەوە و مشتومڕی زۆری پەیدا کردبوو و دەنگ و ڕەنگێکی زۆری دابووەوە. لە دوای پەنجاکانی سەدەی پێشوو، وەرگێڕدرانە سەر زمانی کوردی.

جگە لە کێشانەوەی ڕووسیا لە جەنگە فرێژەکە و ئاشکراکردن و ڕیسواکردنی پەیمان و پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان، مەرسوومی ڕاگەیاندنی ئاشتی، چارەکردنی گیروگرفتی زەوی و کشتوکاڵ، دانانی بە مافی چارەی خۆنووسینیدا بۆ گەلان، ڕێککەوتن لەگەڵ گەلی فینلەندا کە دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، هەروەها چۆنیەتیی بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی لە وێرانەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای تساریدا و...تاد.

لینین گەلێک تیۆریی گونجاو و ڕێکوپێکی تری لە دوای خۆی بۆ مرۆڤایەتی بە جێ هێشت. هەر دوا بە دوای ئەوەی کە ڕاگەیەنرا هەموو گەلێک، بچووک و گەورە، مافی تەواوی ئەوەی هەیە بە سەربەخۆیی بژی و بگەن بە مافی چارەی خۆنووسین.(١٦) بە مەبەستی پیادەکردن و ئاشکراکردنی ئەم بڕیارە مێژووییە سالی ١٩٢٠ یەکەم کۆنگرە بۆ گەلانی ڕۆژهەلات لە شاری باکۆ، پایتەختی ئازربایجان، سازکرا و دووهەزار و پەنجا کەس تێیدا بەشدار بوون و هەشتیان کورد بوون.(١٧)

بەرامبەر بەو کوردانەی لە پشتی شاخەکانی قەفقاس دەژیان لە مانگی تەمموزی ١٩٢٣دا حکوومەتی شۆڕش لە مۆسکۆ بڕیاری پێکهێنانی هەرێمی کوردستانی دا «کوردستانی ئوێزد» و دەستەلاتی مافی ئۆتۆنۆمی پێدرا. حاجیف کرا بە سەرۆککۆمار، ئەلیانۆف بە بەڕێوەبەر و شارۆچکەی لاچین کرا بە پایتەخت. هەرێمەکە لە پێنج ناوچەی کوردنشین پێکهاتبوو و سالی ١٩٢٨ کۆمیتەی ناوەندی پارتیی کۆمۆنیستی ئەرمینیا بڕیاری سازدانی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی وەرگرت. جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش بە دوو زانای پایەبلندی ئەرمەنی سپێردرا.(×) ڕۆژی ١٩٣٠/٣/٢٥ بۆ یەکەم جار

---

× د. بیجرمان دەڵێت: "ڕۆژی ١٩٢١/٤/٤ مۆزانی ئەرمەنی هاکوب غازریان ئەلفوبێی زمانی کوردی ساز کرد." کەچی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/١١/٨ تەلەفزیۆنی کوردستان لە هەولێر دیدەنییەکی دوورودرێژی لەگەڵ کوردپەروەر و زانا شاکرو خدو ڕێکخست و گەلێک ڕا و بۆچوون و زانیاریی بەسوودی دەربارەی ئەو کوردانەی لە وڵاتەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا دەژیان و پەرتوبلاوکراونەتەوە، پەخش کرد و گوتی: مۆزانی کورد عەرەبی شاملو ئەلفوبێی زمانی کوردی دانا

ڕۆژنامەی «ڕێیا تازە» لە یەریڤان، پایتەختی ئەرمینیا، کەوتە دەست خوێنەرانی کورد و ئەو هەنگاوە بە سەرەتایەکی پیرۆز دەژمێردرێت لەپێناو پێشبردنی هەست و نەستی کوردایەتی.(١٨)

دوای کۆچکردنی لینین، دەستەڵات کەوتە دەست ستالین (١٨٧١-١٩٥٣) و زۆری نەخایاند دووچاری لەخۆباییبوون و تاکرەوی هات و هێدی هێدی لە پرنسیپە سەرەکییەکانی مارکسیزم-لینینیزم لایدا. بە هۆی ئەوەی کە خۆی بە ڕەچەڵەک گرۆزی «جۆرجی» بوو لە ژێر پەردەی ئینتەرناسیونالیزم و بەرژەوەندیی چینی کرێکاردا کەوتە ژێر تەوەری خزمەتکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەی گەورەی ڕووس و ڕێبازی کۆسمۆپۆلیتی لە ئایدیۆلۆژیای پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت و دەوڵەتەکەدا تەشەنای کرد و ڕەگوڕیشەی داکوتا. ئەو ڕەوتە ناڕاست و نارەوایە گەورەترین زیانی بە سیستێمی سۆسیالیستی، کێشەی چینایەتی و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلان، گەیاند و ماوەیەکی زۆریشی دەوێت تا مرۆڤایەتی لە پۆخڵەواتەکانی ڕزگاری دەبێت.

لەنێو ئەو لادن و گێژاوە لیخنەی کە پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت تێی کەوت، کەسانی ڕاڕا و کاسەلێس، خۆپەرست و شۆڤێنیست، گومانلێکراو و کۆنەپەرست، خۆیان بە پارتییەکەدا هەڵواسیبوو و لەناویاندا هەبوون گەیشتبوونە پلەی سەرکردایەتیی دەوڵەت و پارتییەکە و بە جۆرەها شێوە و فرتوفێڵ دەرەتانیان دەکرد، کە چۆن زیانی سەخت بە ناخی بیروبڕوای ڕاستەقینەی ئینتەرناسیونالیزم بگەیەنن و ڕووی سۆسیالیستیش بشێوێنن و ئاداری بەسەر پادارییەوە نەهێڵن.

یەکێک لەو تاوانبارانە جەعفەر باقرۆڤ، ئەندامی پۆلیتبیرۆی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و سکرتێری یەکەم و سەرۆککۆماری ئازربایجان بوو. باقرۆڤ لە بنچینەدا تورکێکی تۆرانیست، دوژمن بە گەلی کورد و ئەرمەن بوو، بە تەواوی پابەند بوو بە عەقلیەتیی ستالینەوە و هەر زوو کەوتە ئانەوەی فرتوفێڵ هەڵبەستنی درۆ و دەلەسە و بوختانی نارەوا.

بەڕاشکاوی کەوتنە دژایەتیکردنی گەلی کورد و کە ساڵی ١٩٢٩ هەرێمە ئۆتۆنۆمییە کوردییەکە تێکوپێک درا، کەوتنە ئازاردان و ڕاگوێزانی کوردەکان و پەرت و بڵاوەیان پێکردن. بەشی زۆریان فڕێدرانە دەشت و بیابانەکانی کۆمارەکانی ناوەڕاستی ئاسیا وەکوو تورکمەنستان، ئۆزبێکستان، کازاخستان و وەکوو تۆوی زەوی و ئاردی نێو دڕک پرژێندران. دووچاری ناخۆشترین ژیانی دەردەسەری و ئاوارەبوون هاتن. بە هیچ شێوەیەک ئاووهەوای ناوچە و نشینەکانی بنەڕەتیان، خاکی باووباپیریان، ئاداب و نەریت و کولتووری کوردییان لەگەڵ پیشە و ژیانی ئەو وڵات و گەلانەدا نەدەگونجان کە تێی فڕێدرابوون، بە توندوتۆڵی قەید و بەند کرابوون و یەکجار بەبێ نرخ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن. دەوروبەری ٧٥ ساڵ لەو ژیانە کولەمەرگی و پڕ ئازار و ئێشەدا ژیان. بە دواکەوتوویی و کوێرەوەری مابوونەوە. لە کولەکەی تەریشدا ناویان نەدەهات، تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم کە گۆرباچۆڤ: سکرتێری گشتیی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، پریسترۆیکای ڕاگەیاند و کوردەکانی ئەوێش کەوتنە بووژانەوە و جموجووڵ و کۆشش دەکەن بگەڕێنەوە شوێنە دێرینەکانی باوباپیرانیان. تاک تاکە پیاوی زانا و لێهاتووی ناودار و کوردپەروەریان لەناودا هەڵکەوتوو.

ئەوەی کە جێگای نارەزایی و ئازارە، نە کۆماری ئەرمینیا و نە کۆماری ئازربایجان ماوە نادەن بە هیچ شێوەیەک کوردە ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوە ناوچە و گوند و شوێنەکان خۆیان.(×)

---

(×) بەپێی ئەو سەرژمێرییەی حکوومەتی ڕووسیا ساڵی ١٩١٠ بۆ دانیشتووانی ناوچەکانی قەفقاسیا ئەنجامی داوە، ژمارەی کوردەکان لە ١٥٠ هەزار کورد زیادەتر بوون. (تاریخ الكرد وكوردستان، محمد امين زكي، ترجمە: محمد علي عوني، طبعە القاهرە، ص٢٣). ئەوجا دەبێت دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ١٠٠ ساڵ، ئێستاکە ژمارەیان چەند بێت!؟

سەرچاوەکان:

١- الامبرياليه اعلى مراحل الراسماليه، لينين، تكايه بروانه لاپەڕەکانی ٣٧٦ تا ٤١٥، المختارات، الجزء الثانی، (حول تقسيم العالم).
٢- تقرير عن ثوره ١٩٠٥ فی روسيا، لينين، المختارات، المجلد الاول، ص٤٥٣-٤٧٤
٣- باسيل نيكيتن، الاكراد.
٤- ابو قاسم اللاهوتی، د. جەبار قادر.
٥- الطورانيه التركيه بين الاصوليه والفاشيه، جهاد صالح، فصل القضيه الكرديه والقضيه الارمنيه، ص١١٣-١٢٦
٦- الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكرديه فی نصف قرن، ص١٩-٢٣
٧- الحركه الكرديه فی العصر الحديث، مجموعه من المولفين السوفيتين، ترجمه: د. عبدی حاجی، ص٦٥
٨- هەمان سەرچاوە، ٧٩-٨٠
٩- د. عبدالستار طاهر، هەمان سەرچاوە، ٣٨-٣٩
١٠- بروانە: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانیدا، د. کەمال مەزهەر
١١- بروانە: کتێبی «عشره ايام هزت العالم»، جون ريد.
١٢- لوتسكی، تاريخ الاقطار العربيه الحديثه، ترجمه: د. عفيفه البستانی، ص٤٦٩
١٣- لينين، ضد الانتهازيه، ص٧٨٤
١٤- بروانە: یاداشت، ڕەفیق حیلمی.
١٥- د. عبدالستار طاهر، ٥٨-٥٩
١٥- لوتسكی، تاريخ الاقطار العربيه الحديثه، ترجمه: د. عفيفه البستانی، ص٤٦٢
١٦- د. بيجرمانی، کوردستان الوطن والقضيه، ص٨
١٧- هەمان سەرچاوە، ص٩
١٨- هەمان سەرچاوە.

# بەشی سێیەم: کوردستانی باکوور

## ١- ڕاپەڕینی مستەفا کەمال و کوردستان

دوای پێنج ساڵ کوشتوبڕ، برسێتی و هەژاری، قاتوقڕی، دەربەدەرکردن و ئاوارەبوون، دوای لەناوبردنی ملیۆنان مرۆڤ، وێرانکردنی هەزاران شار و دێ، جەنگە شووم و نەگریس و قڕێژەکەی یەکەمی جیهان، ساڵی ١٩١٨، کۆتایی پێهێنرا. گۆڕانکاریی بنەڕەتی و قووڵ بەسەر باری دونیادا هات و چەند ئیمپراتۆریەت و وڵات شکستیان هێنا و تەپین، هەندێ وڵاتیش باری لەباریان بۆ ڕەخسا، خواست و مەبەستەکانیان هاتنە دی.

لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بە کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگی مێژوویی کردووە کە یەکسەر کاریگەریی ڕاستەخۆیان لەسەر باری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبوو.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە ماوەی ٥٠٠ ساڵێک گەورەترین دەوڵەتی بەدەسەڵات و داگیرکەری وڵاتانی تر بوو، دووچاری تێکشکان و هەرەسهێنانی تەواو هات، ئاداری بەسەر پادارییەوە نەما. بستێک زەوی نەما دەستەڵاتی هێزی وڵاتە هاوپەیمانەکانی نەگاتێ و ئاڵای سەرکەوتنیان لە ئەستەنبوڵ بەرزکرایەوە. زۆری نەخایاند لەنێو ئەو ئاڵوگۆڕ و بگرەوبەردەیەدا، یەکێک لە ئەفسەرە گەورەکانی دەوڵەتی عوسمانی؛ مستەفا کەمال(×) ڕاپەڕی

---

(×) مستەفا کەمال: ساڵی ١٨٨١ لە (سالونیک) لە یۆنان هاتووەتە دونیاوە. کۆلێژی عەسکەری تەواو کرد و بوو بە ئەفسەر لە ریزی سوپای دەوڵەتی عوسمانیدا، لە سەرەتای تەمەنیدا بوو بە ئەندام لە ریزی «کۆمەڵەی تورکە لاوەکان»دا و بەشداری لە شەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کرد. ساڵی ١٩١٨ کە دەوڵەتی عوسمانی ڕووخا و سوپای وڵاتە هاوپەیمانەکان ئەستەنبوڵیان داگیرکرد، مستەفا کەمال یاخیبوونی خۆی ڕاگەیاند و پێگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا ساز کرد. پەنای بردە بەر ئەفسەر و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستان کە پشتگیری بکەن بە بەڵێنەی کە دوای سەرکەوتن داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان ئەنجام دەدرێت. بەڵام هەر کە سەرکەوتنی بە دەست هێنا شۆڤێنیستترین دەوڵەتی دامەزراند و بێبەزەییانە کەوتە گیانی گەلی کوردستان. ئاواتی ستراتیژی ئەوە بوو کە ڕەگوڕیشە و ناوی گەلی کورد نەهێڵێت. لە ساڵی ١٩٢٣دا بوو بە یەکەم سەرۆککۆماری تورکیا و بە هەندێک کاری چاکسازی و پێشخستن و مۆدێرن هەڵسا بۆ نەتەوەی تورک، بۆیەکا بە «ئەتاتورک» باوکی تورک، ناوی دەرکرد. لە هەمان کاتدا بە هۆی دڕندایەتی و نامرۆڤایەتییەوە دژی کورد و کەمەنەتەوە و ئاینییەکانی لە تورکیادا هەبوون لە دونیادا بە «گورگەبۆر» «الذئب الاغبر» ناوی دەهات. ساڵی ١٩٣٨ دونیا بە جێ هێشت.

لە (المنجد فی الاعلام، ص٢٤) وەرگیراوە.

و یاخیبوونی خۆی دژ بە داگیرکەرانی بێگانە ڕاگەیاند، ئاڵای ئازادکردنی ئەنادۆڵ و ئەستەنبوڵی لە ژێر جنگی داگیرکەران بەرز کردەوە، ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچووکی کرد بە مەڵبەندی هێزکۆکردنەوە و خۆڕێکخستن و ئامادەکردن. توانی لە مانگی ئابی ١٩١٩دا سیوپێنج هەزار سەرباز لە شاری سیواس کۆ بکاتەوە، هەر لەو کاتەشدا بۆ یەکەم جار دۆزی کورد و کوردستان کەوتبووە سەر مێزی باس و لێدوان لەنێو وڵاتە سەرکەوتووەکان و کۆمەڵەی گەلان «عصبە الامم»دا. ڕۆژی ١٩١٩/١٢/١٠ شەریف پاشا بە هاوکاری لەگەڵ نوێنەری گەلی ئەرمەن بەعوز پاشا یاداشتێکیان بە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس پێشکەش کرد، لە ناوەڕۆکدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ گەلی کوردستان و دەوڵەتێک بۆ گەلی ئەرمەن کرابوو.(١)

هەر لە سەرەتاوە دوژمنەکانی گەلی کوردستان، هێدی هێدی، هۆشیارانە کەوتنە پلانگێران و نەخشەکێشان بۆ ئەوەی ئاواتی پیرۆزی کورد پووچەڵ بکەنەوە، نەهێڵن خاکی کوردستان ئازادی و سەرفرازی بە خۆوە ببینێت.

هەرچەند ئەوکات پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی بووبوو بە دوو کەرتەوە، ئەستەنبوڵ و ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ لە ژێر دەستەلاتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا بوو، ڕۆژهەلاتیش بووبوو بە مەڵبەند و پێگەی کەمالیستەکان. هەردوو لایەنیش ناحەزی و دوژمنایەتیی توندیان بەرانبەر بە کێشەی گەلی کوردستان نەدەشاردەوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیان بریتی بوو لەوەی کە بە فرتوفێڵ و بەڵێنبێدانی ناڕاست کوردەکان هەڵبخەڵەتێنن و نەهێڵن بە ئاواتەکانی بگات و ببێت بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ.(٢)

ئەوەی لاپەڕە کۆن و تازەکانی مێژووی دووروودرێژی خەباتی سەختی گەلی کوردستان هەڵبسەنگێنێت، بۆی دەردەکەوێت کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی خاکی کوردستان بە ژێر دەستی و پارچەپارچەکراوی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابەر و سەرۆکەکانی کورد.

بەشێک لە پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر چاوەدێریی سوپای وڵاتانی هاوپەیماندا مابوون، شاری ئەستەنبوڵیان هەر بە پایتەختی دەوڵەتەکە

دادەنا، دەیانزانی کە شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵلای نەهری کەسایەتییەکی ناسراو و ناوداری گەلی کوردستانە، بە سەرۆکی ئەنجوومەنە کارتۆنییەکەی خۆیان هەڵبژارد. لە سەرەتادا شێخ عەبدولقادر دۆست و لایەنگری شەریف پاشا و دۆزی کورد بوو، لە نیسانی ١٩١٩دا نامەیەک بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنێرێت و پشتگیری لە شەریف پاشا دەکات و دەڵێت کوردستان داوای سەربەخۆیی دەکات، دەیانەوێت لە ژێر دەستی داگیرکەران رزگاریان ببێت.(٣)

لە لایەکی ترەوە هەرچەندە کەمالیستەکان شوێنپایان نەچەسپیبوو، رۆژی ١٩١٩/٦/١٥ مستەفا کەمال برووسکەیەکی نهێنی بۆ جێگری والی دیاربەکر دەنێرێت و دەڵێت: "پێویستە ماوە نەدرێت هیچ کۆڕ و کۆمەڵێک کە دووبەرەکی بڵاو دەکاتەوە کار بکات و دەبێت لەناوببرێن."(٤)

لە سەرەتای گەرمەی کێشە و تەقەلاکانی گەلی کورددا، گۆڕان بەسەر هەڵوێستی شێخ عەبدولقادردا دێت. یاداشتێک دژ بە کۆششی شەریف پاشا بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنێرێت: "رادەگەیەنین کە شەریف پاشا نوێنەری گەلی کورد نییە، گەلی کوردستان ئیسلامن لە دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی جیا نابێتەوە."(٥)

لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیش مستەفا کەمال سەرگەرمی خۆبەهێزکردن و خۆڕێکخستن بوو، کۆنگرەیەکی فراوانی لە شاری ئەرزەرۆم سازکرد. چەند کۆڕ و کۆمەڵ بەشدارییان تێدا کرد. ساڵی ١٩٢٠ لە شاری ئەنقەرە ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆ کردەوە و ٧٢ کەسایەتیی کورد تێیدا ئامادە بوون. مستەفا کەمال کۆمەڵێک بەڵێن و پەیمانی دا بە کوردەکان، کە هەر خاکی تورکیا لە داگیرکەران پاک کرایەوە، کۆمارێکی سەربەخۆ و ئازاد بنیاتنرا، مافی تەواو بە کوردەکان دەدرێت.(٦) کوردەکانیش بە تەواوی ئامادەیی خۆیان راگەیاند کە بەرگری لە هەموو خاکی ئاسیای بچووک دەکەن و دەبێت وڵاتەکە لە سوپای داگیرکەران پاک بکرێتەوە.

کێشە و ململانێش لەنێوان دەوڵەتە زلهێزە سەرکەوتووەکانی جەنگدا،

بەتایبەت لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا، توندی و ئاڵۆزی و گرژی و تێکهەڵکێشانی چڕی تێکەوتبوو، هەریەکێکیان دەیویست زۆرینەی خاک و خێروبێری وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بکەوێتە ژێر چنگ. داهاتووی گەلی کوردستان کەوتبووە چەقی ئەم داوایانەوە و لە هەموو ڕوویەکەوە سازشکاری بە دۆزی کورد و خاکەکەیەوە دەکرا.

ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و کوردپەروەران هۆشیارانە دەرکی ئەو پلانە ترسناکەیەکان دەکرد کە ناحەزان و دوژمنانی گەلی کوردستان بە ئامانجی خنکاندن و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان شەو و ڕۆژیان بۆ لێک دەدا و گشت شێوازێکیان دەگرتە بەر تا نەهێڵن کورد بە هیچ ئاواتێکی بگات. بۆیەکا تێکۆشەرەکانی کورد چالاکانە هەوڵیان دەدا کە سوود و دەرفەت لە بچووکترین هەل وەربگرن، کە بەرژەوەندیی داهاتووی گەلەکەیانی تێدا بێت. ڕۆژی ٢٤ی ئاداری ١٩٢٠ ژمارەیەک لەو خەباتگێرانە یاداشتێکیان بۆ سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا «لوید جورج» بەرز کردەوە. ئەمە دەقەکەیەتی:(×)

---

(×) دەقی یاداشتەکە بە عەرەبی:
الی صاحب الفخامه السید لوید جورج
رئیس وزراء حکومه صاحب الجلاله
نحن الموقعین ادناه ممثلی المنظمات السیاسیه الکردیه، نقدم الیکم شکرنا وامتناننا للتصریحات الواضحه التی ادلیتم بها بتاریخ ٢٥ شباط فی مجلس العموم البریطانی، بصدد تحریر الشعب الکردی، ونوکد لکم باننا نقدر ثقه قوی التحالف ونطلب وعده الحکومه البریطانیه لتطویر بلادنا ضمن حدودها القومیه.
التواقیع
امین عالی بدرخان
نائب رئیس جمعیه تعالی کوردستان
المعلم نبری معروف
سلیم بکر
امین عام الحز الدیمقراطی الکردی

باقی
رئیس جمعیه الدعایه
کمال فوزی، باسم الصحافه
عیری
رئیس خویبون، جمعیه الطلبه الاکراد

بۆ خاوەن پایەبەرز لوید جۆرج؛ سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی خاوەنشکۆ:
ئێمە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی سیاسیی کوردین، سوپاس و ڕێزلێنانی خۆمان پێشکەش دەکەین، بە بۆنەی ئەو گوتارەی ڕۆژی ۲٥ی شوبات لە ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانیا، دەربارەی گەلی کورد پێشکەشتان کردبوو، باسی ڕزگارکردنی گەلی کوردی تێدا هاتبوو. ئێمە جەخت بۆ ئێوە دەکەین، کە بڕوای تەواومان بە هێز و توانای وڵاتانی هاوپەیمان هەیە، داوای یارمەتی لە حکوومەتی بەریتانیا دەکەین کە وڵاتەکەمان لە سنووری نەتەوایەتیی خۆیدا بەرەوپێش بڕوات.
مۆرکەکان
ئەمین عالی بەدرخان، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی بەرزی کوردستان
سەلیم بەکر؛ ئەمینداری گشتیی پارتیی دیموکراتی کوردی
میری؛ سەرۆکی خۆیبوون، کۆمەڵەی قوتابیان بۆ کوردەکان
باقی؛ سەرۆکی کۆمەڵەی پروپاگەندە.
مامۆستا نهری مەعروف
کەمال فەوزی، بە ناوی ڕۆژنامەنووسان[٧]
بە کۆشش و تەقەلای بێوچانی دڵسۆزەکانی کوردستان توانرا لە مێژوودا گەورەترین دەستکەوت بۆ نەتەوەی کورد لە بەرزترین کۆمیتەی نێودەوڵەتیدا تۆمار بکرێت. ڕۆژی ۱۹۲۰/۸/۱۰ کۆمەڵەی گەلان «عصبە الامم» لە شاری سیڤری فەرەنسا پەیمانێکی مۆرکرد. لە خاڵەکانی ٦۲، ٦۳ و ٦٤ بە ڕوونی و ڕاشکاوی دان بە پرۆسە ڕەواکەی کورددا نرا. لە خاڵەکاندا هاتووە: "پێویستە ئەم نەتەوەیە (سنووری وڵاتەکەشی دیارکرابوو) لە ماوەی شەش مانگدا لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی کۆمەڵەی گەلاندا بێت، لەدوایيدا سەربەخۆیی پێ بدرێت."[٨]
بڕیارە مێژووییەکەی سیڤر، ترسی زۆری لە دڵ و دەروونی ناحەزانی کورد و دوژمنانیدا پەیدا کرد، بەتایبەت هەردوو دەستەڵاتدارەکانی کەمالیستەکان و پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ، ئارامیان لێ هەڵگیرا و

دووچاری سەرلێشێوان و تەنگەتاوی و پەلهاویشتن هاتن، نارەزایی و بێزارییان بەرامبەر بەو خاڵانەی کە بە زەقی دانی بە مافی ڕەوای کورددا نابوو، کە دەبێت بە ئازادی لە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆدا بژی، ئەوەی لە هەموو لایەنێک زیدەتر کەوتبووە سەرئێشە و تەنگوچەڵەمەوە بەرانبەر بە ئاییندەی گەلی کوردستان و ئاسیای بچووک، مستەفا کەمال بوو.

مستەفا کەمال دووچاری تەنگەتاوی هاتبوو، کەوتبووە پێشبڕکێ لەگەڵ زەماندا و چالاکانە بە پەلە تەقەلای دەدا کە ئاواتە سەرەکییەکانی کە لە دوو خاڵی ستراتیژیدا خۆیان دەنواند ئەنجام بدات. خاڵی یەکەمیان: پاککردنەوەی خاکی ئەنادۆڵ و ڕزگارکردنی لە ژێردەستیی داگیرکەران و دووەمیان: بنیاتنانی کۆماری تورکیا و سەقامگیرکردنی. بۆ ئەمەش پەنای بۆ زۆر وڵات و کۆڕ و کۆمەڵ برد و پەیوەندی بە دەوڵەتی سۆڤیەتەوە کرد و لە ژێر دروشمی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی تورکیادا داوای پشتگیری و یارمەتیدانی لێکردن.

یەکێتیی سۆڤیەت ئامادەی تەواوی بۆ کەمالیستەکان خستە ڕوو و کەوتنە دۆستایەتیو هاوکاریکردنیان. ڕۆژی ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١، پەیمانێکی دووقۆڵی لەنێوانیاندا، لە شاری قارس،(×) مۆرکرا. لە ئاکامی ڕێککەوتنەکەدا باری سنووری نێوان تورکیا و قەفقاسیا ئارامیی تێکەوت و سۆڤیەتەکان بە چەک و پووڵ کەوتنە یارمەتیدانی کەمالیستەکان. نووسەری ڕووسی ناودار: لازاریف، ئاماژەی بە کۆمەڵێک دۆکیومێنتی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت کردووە کە کەمالیستەکان سوودی یەکجار زۆریان لە ڕێککەوتننامەکە بە دەست هێنا.(٩) ڕێککەوتننامەکە وایکرد کە ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و خوێندەوار و سەرۆکەشیرەت و کەسایەتییە کوردەکان زیدەتر بکەونە پاڵپشتی کۆمارییەکانی تورک، بەو هیوایەش بوون کە هەر دوا بە دوای سەرکەوتن بەسەر داگیرکەرانی خاکی ئاسیای بچووکدا، گەلی

---

(×) قارس: شارێکی بچووکە، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە لە سنووری ئەرمینیاوە نزیکە.

کوردیش بە مافە ڕەواکانی خۆی دەگات. بە بەڵێن و درۆ و دەلەسەکانی شۆڤێنیستەکان هەڵخەڵەتابوون، چەند ی دەرسیان لە زوڵم و زۆرداری و تاوان و چەوسانەوەی سەدان ساڵەی تورکەکان وەرنەگرتبوو. مخابن لە کەشوهەوای ئەو کاتەدا سەرۆک و ڕابەرانی کورد لە بارنەیەکی بۆشدا دەخولانەوە و کەوتبوونە گێژاوێکەوە کە سەری لێشێواندبوون و حسێبێکیان بۆ ئەوە نەدەکرد کە شیمای ئەوەی هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا کەمالیستەکان سەرکەوتن بە دەست بهێنن و گەلی کورد بخەنە بەر هێرش و شاڵاوی تورانیستەکانەوە و تووشی کارەساتی مەزنی بکەن. لە گەرمەی ئەو کێشە و گرفتانەدا کە ئەنادۆڵ و وڵاتانی دەوروبەری داگرتبوو، وەک ئامارەم پێکردووە، شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەیاننامەیەک ڕادەگەیەنێت کە تێیدا هاتووە: "بۆ ئێمەی کورد گەلێک بێشەرەفی و ناڕەوایە لەم کاتە ناسکەی بەسەر تورکیادا تێپەڕ دەبێت، وازیان لێ بهێنین و بکەوینە دوژمنایەتیکردنیان، پشتیان بەربدەین و داوای سەربەخۆیی کوردستان بکەین. بە سووربوونێکی تەواوەوە داوای یارمەتیدان و هاوکاری و هاریکاریی تورکیا دەکەم."(١٠)

لازاریف لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا نووسیویەتی: "هەر دوای ئەوەی کەمالیستەکان ڕێککەوتننامەکەیان لەگەڵ حکوومەتی سۆڤیەت مۆرکرد، کەوتنە هەڵبەستن و پڕوپاگەندەی ناڕەوایان دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بڵاو دەکردەوە. سۆڤیەتییەکانیان هان دەدا هەڵوێستیان دژی کوردەکان بێت، بە مێژووی ١٩٢١/٨/٤ وەزیری دەرەوەی کۆمارییەکان؛ یوسف کەمال بەگ، یاداشتێک بۆ وەزیری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت؛ تشیتشرین، دەنێرێت و تێیدا هاتبوو کە بزووتنەوەی کوردەکان بە هاندانی پیلانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزییە، بۆیەکا دەبێت بەتوندی بەرپەرەکانی بکرێت و ماوەیان پێ نەدرێت بە هیچ شێوەیەک دەوڵەتی کوردی بنیات بنرێت."(١١)

بەم جۆرە حکوومەتی سۆڤیەت لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، کەوتە پشتگیریکردن و یارمەتیدانی کۆمارییەکانی تورکیا، تەنانەت ئەوەیان ڕەچاو نەدەکرد کە هەر لە سەرەتاوە کەمالیستە تۆرانییەکان دژایەتیی خۆیان بۆ گەلانی کورد و ئەرمەن و تورکە پێشکەوتووخواز و چەپەکان نەدەشاردەوە، بە هەموو توانایانەوە فشاریان دەبردە سەریان و تیرۆریان دەکردن و هەوڵی لەناوبردن و پاکتاوکردنیان دەدان.

تێکۆشەرەکانی کوردیش بە ڕێگای تایبەت تەقەلایان دەدا کە سوود لە ڕاگەیاندنەکانی لینین و پارتیی کۆمۆنیستی بۆلشەوی وەرگرن، کە هەمیشە

بڵاویان دەکردەوە کە لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی گەلاندان و دژی داگیرکەران و ستەمکاران دەخەیتن.

د. جەمال نەبەز لە کتێبی «گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتیی تێکۆشین»دا نووسیویەتی: "کە ئەحمەد تەقی ئەفسەرێکی کورد بوو، لە سوپای عوسمانی پێگەیشتبوو، لە یاداشتەکانیدا هاتووە، کە عەقید خالد جوبران و هاوڕێکانی پەیوەندیان لەگەڵ سۆڤیەتەکان پەیداکردبوو، داوای یارمەتیدانیان لێکردبوون، ڕووسەکان وەڵامیان دابوونەوە "ئێمە نامانەوێت وەکوو ئینگلیزەکان فریوتان بدەین و هەڵتان بخەڵەتێنین و بڵێین کۆمەکتان دەکەین، ئێستاکە حکوومەتی سۆڤیەتی ناتوانێت هیچتان بۆ بکات، چونکە نامانەوێت تورکەکان زویر بکەین."

لە هەمان لاپەڕەی هەمان کتێبدا د. جەمال دەڵێت: "بەهەشتی ئیسماعیل حەقی شاوەیس[×] لە کۆتایی پەنجاکاندا لە سلێمانی هەر ئەم قسەیەی بۆ خۆم کردووە."

ئیسماعیل حەقی شاوەیس یەکێک بوو لەو کوردانەی کە لە بیستەکاندا پەیوەندییەکی نزیکی بە بزووتنەوەی کوردایەتییەوە هەبوو، خۆشی یەکێک بوو لەو «وەفد»ەی نێردرابوو بۆ لای کاربەدەستانی سۆڤیەت بۆ ئەم کارە.[١٢]

(×) ئیسماعیل حەقی شاوەیس: لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە خێزانێکی ناسراوی شاری سلێمانی هاتووەتە دونیاوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی و بەغداد تەواو کردووە. بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە ئەستەنبوڵ و بووە بە ئەندازیار. پەیوەندی لەگەڵ کوردپەروەرەکانی تورکیا و کەسانی پێشکەوتووخواز لە ئەورووپادا پەیدا کردووە. لە دوای تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەشداری لە ڕاپەڕینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانی باکووردا کردووە. لە سەرەتای بیستەمی سەدەی پێشوودا وەک ئەندامێک لەگەڵ شاندێکی کورددا بە مەبەست داواکردنی پشتگیری و یارمەتیدانی کورد، پەیوەندی بە سەرکردایەتیی دەوڵەتی سۆڤیەتییەوە دەکەن، کە دەبینێت ئەڤەلاکانیان بێ سوود دەبێت، بە دەستی بەتاڵ و نائومێد دەگەڕێتەوە. هەر دوای سەرکەوتنی کەمالیستەکان و سەقامگیربوونی دەستەڵاتیان، بۆ باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە و دەکەوێتە ناو کاروباری مووچەخۆری لە دامودەستگاکانی حکوومەتی عیراقدا. لە دەورووبەری جەنگی دووەمی جیهاندا، پەیوەندی بە پارتیی (هیوا) و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دەکات و بە هۆی دڵسۆزی بۆ گەلەکەی و هەڵوێستی نیشتمانپەروەری و بیروبڕوای پێشکەوتووخوازی خانەنشین دەکرێت. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا وەک کەسایەتییەکی ناسراوی ئاشتیخواز، قسەخۆش و ڕەفتارجوان و خۆشەویست و بەڕێز لە لای خەڵک دەناسرێت. لە ساڵی ١٩٧٦دا کۆچی دوایی دەکات و لە سلێمانی بە خاک دەسپێردرێت. [ئەم زانیارییانەم لە چەند برایەک وەرگرتووە کە لە نزیکەوە ئاشنایی و ناسیارییان لەگەڵ کۆچکردوو هەبووە (ف.ر.)]

## ٢- پیلان لەسەر ڕێککەوتننامەی سیڤر

تاوتوێکردنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشە و بگرەوبەردەی توند و دژواری تێکەوتبوو. کەینوبەینی نێوان فەرەنسا و بریتانیا بەرەو ئاڵۆزی و گرژتری دەڕۆیشت، هەرلایەکیان تەقەلای ئەوەی دەدا، بە تەواوی ئەو هەرێمانەی بکەوێتە ژێر دەستەڵات و چاوەدێریکردن کە پڕن لە سەرچاوەکانی پترۆل و لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکیشەوە گرنگی ستراتیژییان هەیە. باری پەیوەندیی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانیش بۆ بەرژەوەندیی کۆمارییەکانی تورکیا دەرەخسا و ئەوانیش ژیرانە سوودیان لێ وەرگرت. لە کۆتایی مانگی ئاب و سەرەتای ئەیلوولی ١٩٢٢دا بە هاوکاریکردنی کوردەکان توانییان سوپای یۆنان لە ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ وەدەرنێن و ئەستەنبوڵ و ئەزمیر لە ژێر چنگی داگیرکەران ڕزگار بکەن. ڕۆژی ١٩٢٢/١٠/١٢ ڕێککەوتننامەی ئاشتیی نێوان هەردوو حکوومەت مۆرکرا. بەم شێوەیە ئەوەی کە پێی دەگوترا پرۆسەی ئاسیای بچووک کۆتایی پێهات. بەو سەرکەوتنە، کۆمارییەکان شوێنیان چەسپا و کەوتنە هەنگاوناتی نوێ. مستەفا کەمال، ڕۆژی ١٩٢٢/١١/١، دەستەڵاتی سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ پەکخست و دوای ساڵێک لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٣دا شاری ئەنقەرە کرا بە پایتەختی کۆمارەکە. سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٢٤ بەیەکجارەکی سیستێمی خەلافەتی ئیسلامی لە تورکیا هەڵگیرا و کۆمارێکی سەراتسەری لە ئاسیای بچووک ڕاگەیەنرا.(١٢)

گۆڕان و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر باری نێوان دەوڵەتاندا دەهات، کۆماری یەکێتیی سۆڤیەت بەسەر هێزەکانی بێگانە و شۆڕشی چەواشەدا بەتەواوی زاڵ بوو و ڕژێمە تازەکە سەقامگیربوو. لەنگەری پەیوەندی نێوان وڵاتان گۆڕانی بەسەردا هات. نووسەری کتێبی «مستەفا کەمال پاشا»

ئەستەرلینگ، دەڵێت: "عیسمەت ئینەنۆ،(×) لە کۆنگرەی (لۆزان)دا ڕایگەیاند کە بە هاوپەیمانێتیی تورک و کورد توانیمان خاکی ئەنادۆڵ لە یۆنانییەکان پاک بکەینەوە. هەروەها ئینەنۆ کە سەرۆکی شاندی کۆمارییەکان بوو لە لۆزان، ڕۆژی ۲۳ی تەمموزی ۱۹۲۲ ڕایگەیاند کە تورکیا وڵاتی دوو گەلە، تورک و کورد. هەردوو نەتەوە یەکسانن، مافی تەواوی ئەوەیان هەیە وەکوو یەک بژین."(١٤)

زنار سلوپی «قەدری جەمیل پاشا» لە کتێبەکەیدا «فی سبیل کردستان»دا دەڵێت: "لە کۆبوونەوەکانی (لۆزان)دا عیسمەت ئینەنۆ کە نوێنەری تورکەکان بوو، دوو نائیبی لەگەڵ خۆی ئامادە کردبوو، هەردووکیان بەرانبەر بە نوێنەرانی کۆنگرەکە گوتبوویان ئێمە بە ناوی گەلی کوردەوە دەپەیڤین، ئێمە و تورک براین و هیچ جیاوازی لەنێوان ئێمە و ئەواندا نییە. ناماتەوێت جیابینەوە." ئەحمەد خواجە، چیم دی.

لە خاڵی (۳۸)ی بڕیارەکەی کۆنگرەی (لۆزان)دا هاتووە کە کۆماری تورکیا بەڵێن دەدات کە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ناخاتە پێش دانیشتووانی تورکیا. لە ژیانی کۆمەڵایەتییان، پەیوەندیی ڕۆژانەیان، سەرفرازیی ئایین و باوەڕ، دەرهێنانی ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان و لە پاراستنی کولتوور و ئاداب و نەریتی خۆیان ئازادن."(١٥)

---

(×) عیسمەت ئینۆنۆ: ساڵی ۱۸۸٤ لە شاری ئیزمیر هاتووەتە دونیاوە. دوای تەواوکردنی کۆلێژی عەسکەری، لە سوپای دەوڵەتی عوسمانیدا، دەبێت بە ئەفسەر. لە سەرەتای تەمەنیەوە دۆست و هەڤاڵی مستەفا کەمال بووە و لەگەڵ مستەفا کەمالدا ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرخستن و سەقامگیربوونی کۆماری تورکیادا گێڕا و لە سەردەمی ئەودا سەرۆکی وەزیران بوو و لە ساڵی ۱۹۳۸ تا ۱۹۵۰ بوو بە سەرۆککۆمار. ساڵی ۱۹٤٥ کە بینی بەرەی (محور) لە جەنگەکەدا بەرەو تێچوون دەڕۆیشت، جەنگی دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند. جارێکی تر ساڵی ۱۹٦۱ بووەوە بە سەرۆکوەزیران و لە کۆتایی شەستەکاندا دونیای بە جێ هێشت. (المنجد فی الاعلام، ص۱۰۲). [لە زۆر سەرچاوە و بەڵگەنامەدا هاتووە کە ئینۆنۆ بە ڕەچەڵەک کورد بووە، بەڵام بە کردەوە و ڕەفتارکردن گەلێک لە تۆرانیستەکان سەرگەرمتر دژی کورد کاری کردووە و زیانی بە کورد و کوردستان گەیاندووە. (ف.ر.)]

بە ڕەفتار و کردەوە، بە ڕەگەزپەرستی و ڕەچەڵەک تورکەکان بۆ پاشماوەی شاڵاوی جەنگیزخان، هۆلاکۆ و تەیمووری لەنگ و خێڵە کۆچەرەکانی ناوەڕاستی ئاسیا دەگەڕێنەوە. هیچ ساتێک نە ڕاستگۆ بوون، نە مانای ئاشنایی و برادەرایەتییان لەگەڵ گەل و نەتەوەکانی دیکەدا زانیوە. کە بینوویانە پارسەنگیی هێز و توانا بۆ بەرژەوەندیی ئەوان دەگەڕێتەوە، بە زەبر و کوشتوبڕین دەستەڵاتی خۆیان بەسەر گەلانی تردا سەپاندووە، بەتایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا چەندین وڵاتیان داگیر کردبوو. کەمالیستەکان، کە پاشماوەی ئەوانن، هەر لە سەرەتای جێی خۆ خۆشکردنیاندا لە هەموو بەڵێن و ئاداب و ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتیی ڕووی خۆیان وارا کرد، پیشانیان دا کە ئەوەی پێی بگوترێت مرۆڤایەتی لە دەفەری ئەواندا نییە. هەر دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەسەر بڕیارەکانی کۆنگرەی لۆزاندا، لە مانگی ئابی ١٩٢٤دا، بەپێی مەرسوومی کۆماری و یاسا، زمان و نووسینی کوردی قەدەغە کرا. دەستیان کرد بە گۆڕینی ناو و شوێنی ناوچەکانی کوردستانی باکوور.[١٦]

## ٣- بەرەو هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٩٢٥

کوردپەروەرانی دڵسۆز، ڕۆشنبیر و خاوەن ئەزموونان تۆزقاڵێک بڕوایان بە کەمالیستە تۆرانیستەکان نەبوو! گومانیان لەسەر گشت ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانیان هەبوو. لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوودا، کۆمیتەی «سەربەخۆیی کوردستان» لە ژێر ناوی «ئازادی» بە نهێنی پێکهێنرا. عەقید جبرانلی خالید بەگ بە سەرۆکی کۆمیتەکە هەڵبژێردرا. سازمانەکە زۆر چالاکانە کەوتە تێکۆشین و خۆڕێکخستن، توانی ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارەکان، کۆمەڵێک ئەفسەر، ڕۆشنبیران و سەرۆکعەشیرەتەکان کۆ بکاتەوە. هەروەها پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ پیاوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان توندوتۆڵ کرد. داوای پشتگرتن و یارمەتیدانیان

لێکردن. ئەوانیش ئامادەیی خۆیان بە کۆمەککردنی کۆمیتەکە ڕاگەیاند. هاوینی ١٩٢٣ «یوسف زیا» کە یەکێک بوو لە ڕابەرەکانی کۆمیتەکە بۆ دیدەنیی شێخ سەعیدی پیران[×] لە شارۆچکەی «خنیس» ڕۆیشت. داوای هاوکاری و هاریکاری لە شێخی ئەمر کرد. ڕێکەوتن لەنێوانیان ئەنجام درا. کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕشێکی نەتەوایەتی و ڕزگارکردنی کوردستانی باکوور لە ژێر چنگ و ستەمکاریی کەمالیستەکان.[١٧]

وەک ئاماژەی پێکراوە، تورانییەکان، هەرزوو کەوتبوونە بەریەرەکانێکردنی گەلی کوردستان، لە سەرەتاپای ئەو بەڵێن و پەیمانانەی بە کوردیان دابوو پاشگەزبوونەوە و خستیانە ژێر پۆستاڵەکانیان.

بە فەرمانی مستەفا کەمال، مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤، یوسف زیا بەگ دەسگیر کرا و فڕێدرایە زیندان. دوای دوو مانگ لە کانوونی یەکەمدا جبرانلی خالید بەگ بەندکرا. هەر دوای ئەو فشار و هێرشە تارەوایانە، شێخ سەعید بە سەرۆکی کۆمیتەکە هەڵبژێردرا.[١٨] تا دەهات شەپۆلی شالاو و مەترسیی تورانیستەکان بەسەر گەلی کوردستاندا، شێوازی جۆراوجۆری دەگرتە بەر و فراوانتر دەبوو. ڕۆژی ١٩٢٥/٢/١٤ شۆڕشی کوردستان ڕاگەیەنرا. لە ماوەیەکی کورتدا مەشخەڵی شۆڕش و ڕاپەڕینەکە چواردە پارێزگای لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک گرتەوە. شەڕ و پێکدادان بە گەرمی دەستی پێکرد. ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٢١ کۆمیتەی تایبەت بە سەرکردایەتی و سەرپەرشتکردنی شۆڕش دیاریکرا. کەمالیستەکان دووچاری سەرلێشوان و هاربوون هاتن، کەوتنە خۆئامادەکردن و پەنایان بۆ چەند وڵاتی بێگانە برد. داوای کۆمەکیان لێکردن، یارمەتی و پشتگیرییان لە چەند لایەکەوە پێگەیشت و کەوتنە پەلاماردان و هێرشبردن بۆ سەر هەرێمە کوردنشینەکان.

(×) شێخ سەعیدی پیران: تەقەلای زۆرم دا و پەیوەندیم بە ژمارەیەک لە برایانی کوردی کوردستانی باکوورەوە کرد، کە زانیارییەک لەسەر ژیانی شێخ سەعید و بنەماڵەکەی و مێژووی لەدایکبوون و شوێنی خوێندن و پێگەیشتنی تا گەیشتنە سەرکردایەتی و لەسێدارەدانی پەیدا بکەم، بەڵام بە داخەوە سەرنەکەوتم.

ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٤ مەرسومی کۆماریی ژمارە (٥٧٨) بڵاوکرایەوە، تایبەت بوو بە پاراستنی دەسەڵاتی حکوومەتی تورکیا و باری هێمنایەتی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا. ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ئەنقەرە کەوتە بڕیاروەرگرتنی یەک لە دوای یەک دژی گەلی کوردستان. نوێنەرە پێشکەوتووخوازەکانی نێو ئەنجوومەنەکە کۆششی زۆریان کرد کە ئەنجوومەنەکە بۆ سازکردنی دوو دادگا بە نێوی «دادگای سەربەخۆیی، محکمە الاستقلال» بڕیار وەرنەگرێت، بەڵام بێ سوودی بوو، بڕیار وەرگیرا و بە هەمان مەرسوم گشت گۆڤار، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی پێشکەوتووخوازی تورکی و کوردی، لە سەرانسەری تورکیادا قەدەغەکران.(١٩)

لە ئاکامی هەڵوێستی ئاعادیلانەی کۆمەڵەی گەلان و پشتگیریکردنی فەرەنسا و حکوومەتی یەکێتیی سۆڤیەت و یارمەتیدانی زۆریان بۆ کەمالیستەکان و، هەڵوێستی ڕاڕایی و هەلپەرستی بەریتانیا، لەنگەری هێز و شەڕەکان بۆ بەرژەوەندیی کۆمارییەکان وەرچەرخا و شۆڕش شکستی هێنا. لە مانگی ئاپاری ١٩٢٥ شێخ سەعید و سەرکردەکانی شۆڕش دەستگیر کران. دادگاکان بە سێ دەستە کەوتنە دادگاییکردنی شۆڕشگێڕەکان، ڕۆژی ١٩٢٥/٥/١٤ دادگاییکردنی شێخ قادری نەهری(×) و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازان دەستی پێکرد و ڕۆژی ١٩٢٥/٥/٢٧ ئیعدام کران. هەروەها ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٢٩ دادگا بڕیاری خنکاندنی شێخ سەعید و ٤٧ تێکۆشەری وەرگرت و بۆ ڕۆژی دوایی ئیعدام کران، کە لەنێویاندا عەقید جبرانلی خالیدبەگ، دکتۆر فوئاد، ڕۆژنامەوان کەمال فەوزی، ژەنەراڵ ئیسماعیل و چەند پارێزەر و پزیشک و مامۆستا و ڕۆشنبیری هەبوون. لە ژێر پەتی سێدارەدا شێخ سەعیدی نەمر فەرمووی: "ژیانی سروشتیی مرۆڤ بەرەو نەمان دەچێت، پەشیمان نیمە لەو کارەی پێی هەڵساوم، لەپێناوی

---

(×) هەرچەندە شێخ قادر لە دادگاکەدا بەرگری زۆری لە خۆی کرد، کە ئەو قەت لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا نەبووە، سوودی نەدا و هەر ئیعدام کرا.

گەلەکەمدا خۆم دەکەم بە قوربانی، بۆ ئێمە ئەوپەڕی شانازییە کە لە داهاتوودا نەوەکانمان بەوە سەربەرزن کە ئێمەی شۆڕشگێڕ سەرمان بۆ دوژمنی داگیرکەر شۆڕ نەکرد.'(٢٠)

تورانیستە داگیرکەرەکان لە گورگی هار و برسی دڕندەتریان لێ هاتبوو، هەر دیاردەیەک، یان ناوێک، ئاداب و نەریت و کولتووری کوردی تێدا بەدی بکرایە، پەلاماریان دەدا و بە ئاگر و ئاسن لەناویان دەبرد.

دادگای سەربەخۆیی «محكمە الاستقلال» لە شاری خەربوت بە ماوەیەکی یەکجار کورت (٤٠٠) ڕۆڵەی کوردی ناردە ژێر پەتی سێدارە. بە فەرمانی تایبەتی مستەفا کەمال، تێکۆشەرێکی کوردی (جەلال محەمەد) کە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی بوو بە تاوانی ئەوەی کە لە هۆڵی ئەنجوومەنەکەدا بە جلوبەرگی کوردییەوە گەڕاوە و، بە کردەوەش ئەم کارە پروپاگەندەیە بۆ کوردایەتی، درا بە دادگا و دادگاش بڕیاری ئیعدامکردنی دا و ئیعدام کرا.(٢١)

هەر بەتەک تێکشکانی شۆڕشی ١٩٢٥ەوە کە بە ناوی شۆڕشی شێخ سەعید ناوی دەرکرد، تورانیستە فاشیستەکان لە ناوچەی (داراحەنی) زیاتر لە پێنج هەزار کوردیان زیندەبەچاڵ کرد.(٢٢)

لە بڵاوکراوەی «التضامن» کە بنکەکەی لە بروکسل، پایتەختی بەلجیکە و ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کرایەوە "هەر دوای لەناوبردنی شۆڕشی شێخ سەعید هێزەکانی حکوومەتی تورکیا (٢٠٦) دێیان خاپوور کرد، (٨٧٥٨) خانوویان لەسەر زەوی نەهێشت و کاولیان کردن. زیاتر لە نیوملیۆن کوردیان کوشت."(٢٢) کردستان الیوم، بروکسل، ژمارە ٩، ل١٢–١٥

(جۆناسان ڕندل) نووسەری کتێبی «امە فی الشقاق» دەڵێت: "کەمالیستەکان لە ساڵی ١٩٢٥ تا ١٩٢٧ (٧٤٤٠) ڕۆڵەی کوردیان زیندانی کرد، (٦٦٠) کوردیان بە پەتی قەنارە هەڵواسی، سەدان دێیان وێران کرد، لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان و فشار و ڕاونان ٤٠هەزار تا ٢٥٠هەزار کورد ژیانیان لە دەست دا، یەک ملیۆن کوردیان لەسەر خاک و ماڵ و شوێنیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بۆ ڕۆژئاوای تورکیا ڕاگوێزا.(٢٣)

ئەو تاوان و کارەسات و ناپۆرانەی تورکە ڕەگەزپەرستەکان هێنایانە سەر گەلی کوردستانی باکوور، ڕەنگ و دەنگدانەوەی خراپەکارییەکانیان لە دونیادا بڵاوبووەوە. ژمارەیەکی زۆر لە پارتییەکان، سەندیکاکان، ڕێکخراوی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی بێزاری و ناڕەزاییان دەربڕی و کەوتنە ناردنی سکاڵا و برووسکە و نامەی ناڕەزایی دژ بە دڕندایەتیی کۆمارییەکانی تورکیا و لایەنگریی خۆشیان بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان پێشان دەدا.

ساڵی ١٩٢٥ کەسایەتیی ناودار و ناسراوی هیندستان و دونیا، جەواهر لال نەهرو،[×] کە ئەو ڕۆژگارە لە بەندیخانەدا بوو، پەیدەرپەی نامەی بۆ خاتوو (ئەندیرا گاندی)ی کیژی دەنارد، کە لە دواییشدا لە کتێبێکی قەبارەگەورە و لە ژێر ناوی مێژووی جیهان «تاریخ العالم»دا چاپ و بڵاوکرایەوە و وەرگێردراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دونیا و لەوانەش زمانی عەرەبی و کوردی، تێیدا هاتووە: "مستەفا کەمال پاشا نیازی هەیە و مەبەستێتی کوردەکان لە بەین بەرێت و نەیانهێڵێ، دادگای سەربەخۆیی بۆ دادکردنیان سازداوە، سەرۆکی کوردەکان؛ شێخ سەعیدی پیران و دکتۆر فوئاد و گەلێکی تر، کە ئاواتی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لەسەر لێویان بەدی دەکرا، ئیعدام کران. سەیر لەوەدایە تورکەکان تا ئەم دواییە ژێردەست کرابوون، داوای ڕزگاربوونیان دەکرد. لە نەتەوەیەکی چەوسێنراوی ستەمدیدەوە بوونەتە چەوسێنەر و ستەمکاری کەمویێنە، بەم ڕەفتارە پووچەڵ و بەدکارانە ئازادیخوازان لەناو دەبەن."[٢٤]

---

(×) جەواهیر لال نەهرو: ساڵی ١٨٨٩ هاتووەتە دونیاوە. هەر لە دوای تەواوکردنی خوێندن، بووە بە نزیکترین دۆست و لایەنگری «گاندی» کە ڕۆڵی سەرەکییان لە دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی هیندیدا بینی و هەر کە هیندستان، لە ساڵی ١٩٤٧دا، سەربەخۆیی وەرگرت؛ نەهرو بوو بە سەرۆکی وەزیران و تا ڕۆژی کۆچکردنی لە ١٩٦٤دا مایەوە. ئاشتیخواز و لایەنگری گەلانی دونیا بوو. چەند بڵاوکراوەی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە و گرنگتریان «لمحات من تاریخ العالم».

لە (المنجد فی الاعلام)ەوە ص٧١٤ وەرگیراوە.

ئاواتی ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا ڕق و کینە و نارەزایی گەلی کوردستانیشی خستبووە جۆش و خرۆش و ئاگری لە دڵ و دەروونیاندا هەڵگیرساندبوو.
لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٥دا کوردەکانی شاری بەغدا، لە باخچەی (مود)[×] کۆبوونەوەیەکی فراوانیان ڕێکخست، بەتوندی ئاوانەکانی حکوومەتی تورکیا دژ بە گەلی کوردستانی باکووریان ڕیسوا و شەرمەزار کرد. بە ناوی کۆبوونەوە جەماوەرییەکەوە برووسکەی نارەزاییان بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) و وڵاتە زلهێزەکان بەرز کردەوە، داوایان کرد کە یەکجار پێویستە کتوپڕ سنوور بۆ ئاواتی تورانییەکان دابنرێت. گەلەکە لە ئاپۆر و دڕندایەتییان ڕزگار بکرێت، دەستی پارمەتییان پێ بگات. هەروەها لە شارەکانی کەرکووک، هەولێر و سلێمانی برووسکەی نارەزایی دژی تورکیا بەرز کرایەوە.(٢٥)
ئاژانس و دامودەستگاکانی ڕاگەیاندن و پروپاگەندەی حکوومەتی تورکیا بە چەندین شێواز، بە گەرموگوڕی، کەوتبوونە بڵاوکردنەوەی بوختان و درۆی ئاردوای بێشەرمانە، ئاوانی ناڕاستیان دژ بە شێخ سەعید و شۆڕشەکەی هەڵدەبەست، تەقەلایان دەدا بەر هەر نرخێک بێت بە ڕای گشتیی جیهانگری بسەلمێنن کە بزووتنەوە چەکدارییەکەی شێخ سەعید یاخیبوونێکی گومانلێکراوە و بە فیت و پیلان و هاندانی دەوڵەتە بیانییەکان، نەیارانی کۆمارە تازەکە هەڵگیرساوە و لە بنچینەدا ڕابوونێکی کۆنەپەرستیی ئایینیی چەواشەیە و ئاواتی سەرەکییان گەڕانەوەی سیستێمی سەڵتەنەتە بۆ تورکیا.
بە پێچەوانەوە گەلێک بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی مێژوویی هەن لەسەر پاکی و بێگەردیی شۆڕشەکە و ڕابەرانی. شێخ سەعیدیش زانا و پێشەنگێکی ئایینیی پایەبەرز و کەسایەتییەکی لێهاتوو و کوردپەروەرێکی کەموێنە، دڵسۆز بۆ گەل و خاکی نیشتمانەکەی، هەر هەست و نەستی کوردایەتی بوو بە پەتی سێدارەی گەیاند.

---

× ژەنراڵ مود، ئەو فەرماندە عەسکەرییەی سوپای بریتانیا بوو کە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ گەیشتە بەغدا و داگیری کرد.

کۆمارییە ڕەگەزپەرستەکان هەر کە بەسەر شۆڕشەکەدا سەرکەوتن، کەوتنە سازکردنی مەراسیم و دەرهێنانی یاسای یەک بە دوای یەک، بە مەبەستی ڕەکازۆکردنی ئایدیۆلۆژیای تورانییەتیان و ڕایانگەیاند کە بۆ هیچ کەس و خێزانێک، تیرە و عەشیرەت، نەتەوە و هەرێم و ناوچەیەک، ماوە نییە بە زمانی زگماکی باوک و باپیرانی خۆیان بپەیڤن، یان بخوێنن و بنووسن. زمانی تورکی زمانی سەرجەم دانیشتووانی ئاسیای بچووکە و لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی قەدەغەیە.

لە خاڵی (٨٨)ی دەستووری تورکیای ساڵی ١٩٢٤دا هاتووە و تا ڕۆژگاری ئێستاکەش بە تەواوی پێڕەو دەکرێت: "گشت دانیشتووانی ئاسیای بچووک تورکن، ڕەگوریشە و ئایینیان هەر چۆنێک بێت."[٢٦] نە تیرۆر و فشار و ئەشکەنجەدان، نە هێرش و شالاوی قڕکردن و نە ڕاگوێزان و وێرانکردنی داگیرکەرە فاشیستەکان، نەیانتوانیوە و ناشتوانن هەست و نەستی نەتەوایەتی، جۆش و گەرموگوڕیی نیشتمانپەروەریی گەلی کوردستان بنبڕ بکەن و لە کۆتەڵدا نەیانهێڵن. کار و کردەوەی چەپەڵ و ناهەموار نییە، کاردانەوەی بە دوادا نەبێت. تێکۆشەرە کۆڵنەدەر و ڕۆشنبیر و ئازادیخوازان ساتێک چۆکیان بۆ داگیرکەر دانەنواندووە، دەستە دوای دەستە ئاڵای تێکۆشینی پیرۆزیان بەرز کردووەتەوە و هەر بۆ پێشەوەش هەنگاویان هاویشتووە.

## ٤- دامەزراندنی پارتیی خۆیبوون و شۆڕشی ئارارات

خوێنی شەهیدانی شۆڕشی ١٩٢٥ تەڕێتی هەر تێدا مابوو، کفنەکانیان گەردی نەگرتبوو، دڵسۆزانی خاک و نەتەوە سوور بوون لەسەر بەرگریکردن و سەرکەرمانە کەوتبوونە دەرسکردن و لێکدانەوەی کاروباری وڵاتەکەیان، کە کەوتبووە بەر زوڵم و زۆرداریی تورانییە فاشیستەکان، لەبەر چاوی دونیا سڵیان لە هیچ نەدەکردەوە و گوێیان بە هیچ نەدەدا و وەک درندە کەوتبوونە گیان گەلی کوردستان و وشک و تەڕ و ژیان و ژینگەیان لەناودەبرد.

کوردپەروەران چالاکانە بە نهێنی و ئاشکرا کۆڕ و کۆبوونەوەیان ڕێک دەخست. تاوتوێی باری سەخت و ناهەموارییەکانیان دەکرد. پەیوەندی نێوانیان پتە و توندوتۆڵتر دەکرد. لە ئاکامدا گەیشتنە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویست دەکات هەنگاوی سەرەکی و یەکەمیان بنیاتنانی پارتییەکی سیاسیی کوردستانی بێت و بە پرۆگرام و ئامانجی ڕێکوپێک گەلی کوردستان کۆ بکاتەوە، ئامادەیان بکات بۆ بەربەرەکانێکردنی داگیرکەر و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی. کۆشش و تەقەلاکان گەیشتە ئەوە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا لە هاوینەهەواری «بحمدون» لە «لوبنان» کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ساز کرا. ژمارەیەک ڕۆشنبیر و خوێندەوار و زانا، ئەفسەر و کەسایەتیی ناودار، هەندێ سەرۆک خێڵ و عەشیرەتی کورد، بەتایبەت دەربەدەر و ئاوارەبووەکان لە کۆنگرەدا بەشدار بوون و سەرۆک و نوێنەری چوار کۆمەڵەی کوردیش لە کۆنگرەکەدا ئامادە بوون.(×) دوای تاووتوێکردن و دەرسکردنی باری کوردستان کە دانیشتەکانی ٤٥ ڕۆژ درێژەیان کێشا، بڕیاری دامەزراندنی پارتییەکی سیاسیی کوردستانی بە ناوی پارتیی «خۆیبوون» «الاستقلال» ڕاگەیەنرا. لەو ناودار و کەسایەتییە کوردانەی ڕۆڵی سەرەکییان لەناو کۆنگرەکەدا دەبینی، تێکۆشەرانی کوردپەروەر؛ جەلادەت

---

(×) سەرۆکی چوار کۆمەڵ و ڕێکخراوی کوردی لە کۆنگرەکەی «بحمدون»دا بەشدار بوون و ڕێکخراوەکانیش ئەمانە بوون: ١- ڕێکخراوی پێشکەوتنی کوردستان، ٢- ڕێکخراوی کوردستانی، ٣- ڕێکخراوەی نەتەوەی کورد، ٤- کۆمەڵەی سەربەخۆیی.
[الحركة الكردية في العصر الحديث ص١٦١/ الجمعيات والاحزاب الكردية في نصف قرن. د. عبدالستار طاهر، ص٤٧]

بەدرخان،[×] کامیران بەدرخان. ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا،[××] قەدری جەمیل پاشا و گەلێکی تر بوون.[٢٧] زۆری نەخایاند، لە بەهاری ١٩٢٧دا، سەرەتای راپەڕینی چەکداریی نوێ لەپێناو رزگاربوون لە ژێر چنگی تۆرانییەکان و سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکردەوە و یەکجار زوو پەرەیسەند. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و دامودەستگا حکوومییەکانی تورکیا دووچاری سەرشێتی و سەرلێشوان هاتن، گشت ئامێر و ئاژانسەکانیان بەگەرموگوڕی کەوتنە هێرش و پەلاماردان بۆ سەر پارتیی «خۆیبوون»، جۆرەها درۆ و دەلەسەی ناڕەوا و تاوانی ئاراستیان ئاراستە دەکرد. وەک ئەوەی کە گوایا پارتیی «خۆیبوون» نۆکەری بێگانەیە، بە پیلان و هاندانی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان سازکراوە. بە لای ئەوەوە نەدەچوون کە ئەوان خاکی کوردستانیان کۆلۆنی کردووە و ڕەفتاریان دژ بە گەلی کوردستان فاشیستانەیە.

(×) جەلادەت ئەمین بەدرخان، ساڵی ١٨٩٧ لە ئەستەنبوڵ هاتووەتە دونیاوە، خوێندنی تەواو کرد و بوو بە پارێزەر، لە دواییدا چووە ئەڵمانیا و دکتۆرای قانونی وەرگرت. ساڵی ١٩٢٥ بەشداری لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کرد و دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشەکە ماوەی چەند ساڵێک لە ئەڵمانیا ژیاوە. لە ساڵی ١٩٣٠دا شوێنی ژیانی یەکجارەکی کەوتە سوریا (دیمەشق) و سەرگەرمانە بۆ خزمەتکردنی گەلی کورد تێدەکۆشا. گۆڤاری (ڕوناهی) و (هاوار)ی دەردەهێنا. زانایەکی پایەبەرز بوو و هەشت زمانی دەزانی. ساڵی ١٩٥١ بە ڕووداوێکی دڵتەزێن دونیای بە جێ هێشت.

(××) ئیحسان نوری پاشا: ساڵی ١٨٩٢ لە شاری بتلیس چاوی بە دونیا کەوتووە. خوێندن و زانکۆی سەربازی تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەر لە سوپای دەوڵەتی عوسمانیدا. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتیی «خۆیبوون» و ساڵی ١٩٢٧ ڕووی کردووەتە ناوچەکانی شاخی ئارارات و هەر کە شۆڕشەکە رادەگەیەنرێت دەبێت بە فەرماندەی یەکەمی شۆڕشەکە. ساڵی ١٩٣١ کە سوپای کەمالیستەکان ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش داگیر دەکەنەوە، ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا دەبێت بە پەناهەندە لە ئێران. ڕۆژی ١٩٧٧/٣/١٩ دەکەوێتە بەر تەوژمی ماتۆرسایکلێک و گیان لە دەست دەدات. لە ئارامگای «زەهرا» بە گۆڕ دەسپێردرێت.

لە مانگی نیسانی ١٩٢٨دا ڕۆژنامەی «ئاگری» کە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەردەهێنرا، ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە کە پارتیی خۆیبوون پارتییەکی نیشتمانپەروەری نەتەوەی کوردە، ئامرازی هیچ وڵاتێک و هێزێکی بیانی نییە! ئامانجی سەرەکی ڕزگارکردنی گەلی کوردستانە، خەبات دەگێڕێت لەپێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ و، بۆ ئەنجامدانی ئامانجە پیرۆز و دێرینەکەی، تەنیا پشت بە توانا و هێزی لەبننەهاتووی گەلی خۆی دەبەستێت.'(٢٨)

ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا، کە بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشەکە هەڵبژێردرابوو، لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٣٠دا، بانگەوازێکی پڕ دڵسۆزی لە ڕۆژنامەی «ئاگری»دا بڵاو کردەوە و داوای لە سەرتاپای خەڵکی کوردستان کرد 'ڕیزەکانی خۆیان ڕێک بخەن، یەکتری بگرن، هاوکاریی شۆڕشە پیرۆزەکەیان بکەن؛ دەستی کۆمەک و بازبوو و پشتگیری پێڕابگەیەنن. پێویستە لاتان ڕوون و ئاشکرا بێت، بە قووڵییش بزانن کە ئێوە ڕۆڵەی نەتەوەیەکی مەزنن، چۆن بەوە ڕازی دەبن بە دیلێتی و ستەمکاریی تورکەکان ژیان بەرنە سەر، زۆربەی گەلانی دونیا سەربەستییان بەرجەستە کردووە، بە یەکگرتن و هاوکاری و هاریکاریی ئێوە» ڕاپەڕین. دەستمان بە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان کرد. دژ بە دەوڵەتی داگیرکەری تورکیای زۆردار. دەبێت لە کوردستان بە سەربەخۆیی بژین.'(٢٩)

دیسان لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکار و تاستەنگدا، بەتایبەت پشتگیریی زۆری دەوڵەتانی دەوروبەری تورکیا، کە یەکێتیی سۆڤیەتیش(×) یەکێکیان بوو، (٥٠٠)

(×) ئەوەی بە وردی و بابەتییانە هەڵوێستی دەوڵەتی سۆڤیەتی بەرانبەر بە گەلانی مافخوراو و بچووک هەڵبسەنگێنێت، بەرانبەر بە تیشکی ڕاستیش شەنوکەوی بکات، بۆی دەردەکەوێت کە هەر لە دوای پاککردنەوەی خاکی وڵاتەکەیان و سەقامگیربوونی دەوڵەتەکە، دوورکەوتنەوە و لادان لە ڕێبازی «ئینتەرناسیونالیزم» دەست پێ دەکات. ئەوجا ئەوە ڕوون نییە کە ئەوە بەندە بە دیکتاتۆریەت و کۆسمۆپۆلیتیی ستالینەوە یان بەندە بە خیانەت و خۆمەلاسدانی تورکە تورانیستەکانی کۆماری قەفقاسیاوە کە ماوەی سی ساڵ لە ژێر دەستەلاتی جەعفەر باقرۆفدا بوو، کە بەرپرسیار و ڕێنماییکەری سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەتی بوو بەرانبەر بە گەلی کوردستان. بۆ نموونە: هەر لە یەکەم ڕێککەوتننامەوە ـ

چەكداری سوارەی ناردە پشتی شاخی ئارارات «دلڤو» یارمەتی بەسوودیان بە هێزی كەمالیستەكان گەیاند.[٢٠] پارسەنگی شەڕ و پێكدادانەكان بۆ بەرژەوەندیی سوپای توركیا وەرچەرخا و توانیان ناوچە ڕزگاركراوەكانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش داگیر بكەنەوە.

بەپێی ئەو بەیاننامەیەی كۆمیتەی سەركردایەتیی «خۆیبوون» بڵاوی كردەوە "توركە تۆرانییەكان لە ماوەیەكی كورتدا (٦٦٠) دێیان خاپوور كرد. چەندان هەزار كوردیان كوشت، یان بە زیندوویی فڕێیاندانە نێو دەریاچەی (وان)ەوە."[٢١]

دادگای شاری ئەتەنە (اطنە) ڕۆژی ٢٢-١٩٣١/٥/٢٤ بڕیاری ئیعدامكردنی (٣٠) ڕۆڵەی كوردی دا و (٥٨) كەسیش بە زیندانیكردنی قورس(٣٢) حوكمدران.[×]

- لەگەڵ مستەفا كەمالدا، ساڵی ١٩٢١، و ناردنی تەسپسواری چەكدار بۆ دلڤو و ڕێككەوتننامە لەگەڵ حكوومەتی ئەحمەد قەوام ئەلسەڵتەنە، ساڵی ١٩٤٦، و جێهێشتن و كشانەوەی سووك و هاسان لە كۆماری كوردستانی ئێران و كۆماری ئازربایجان لە تەوریز، تا فرۆشتنی چەك و جبەخانەی زۆر بە حكوومەتە دیكتاتۆرەكانی عیراق تا ڕمانی یەكێتیی سۆڤیەت، تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆكەشدا هەڵوێستی پارتیی كۆمۆنیستی ڕووسیا، كە سكرتێرەكەی (زەگدانۆڤ)ە و پارتییەكەشی خۆی بە میراتگری پارتیی كۆمۆنیستی یەكێتیی سۆڤیەت دەزانێت، بەرانبەر بە گەلی كوردستان و هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق چەوتە و بە ڕاستی نازانم و ڕەواش نییە كە لایەنگری سەدام حسێن و ڕژێمی عیراق دەكرێت و ئەم هەڵوێستانەیان زیانی زۆری بە دۆزی كورد و دیموكراسیەت و ناوونیوبانگی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی گەیاند. (ف.ر)

(×) بڕوانە: بەشی (الانتفاضە فی منطقە ارارات، ص١٦٣ تا ١٦٨) كتێبی (الحركە الكردیە فی العصر الحدیث) تاوان و دڕندایەتیی تۆرانیستەكانی توركیا زۆر باش و زیاتر لات ڕوون دەبێتەوە، كە بە چ جۆرە كردەوەی جانەوەرانە و كشتوبڕكردنی گەلی كوردیان ئەنجام داوە. لە هەمان بەشدا هاتووە كە كوردەكانی باشووری گەورە و باشووری بچووك، دەوروبەری هەزار چەكداریان بۆ یارمەتیدانی شۆڕشگێڕانی ئارارات ناردبوو و گەیشتبوونە كوردستانی باكوور.

## ٥- شۆڕشی سەیدڕەزا

چەتە پیاوکوژەکانی تورکیا، هەر کە سەرکەوتنێکیان دژی گەلی کوردستان بە دەست دەهێنا دڕندەتر دەبوون، شەپۆلی هێرش و پەلامارەکانیان زێدەتر، سەختتر و زیانبەخشتر دەبوون. درێژەیان بە گۆڕینی ناوی شار و شارۆچە و لادێ و شاخ و دەڤەرە کوردنشینەکان دەدا. ناوی کوردی و تەنانەت پەیڤین لەنێو خێزان و بنەماڵەشدا بە زمانی زگماک، نەک هەر قەدەغە کرا بەڵکوو دادگا و حوکمدانیشی بە دواوە بوو. تورانییەکان هیچ شێوە و ئامرازێک نەما نەیگرنە بەر بۆ هاڕین و هەڵکەندنی ڕەگوڕیشەی گیان و کەسایەتی و سۆسیۆلۆژی نەتەوەی کورد. تێدەکۆشان کە ناوی کورد و کوردستان، هەتاهەتایە، لە کوولەکەی تەریشدا نەهێنرێت.

ڕۆژی ١٩٣٦/٦/٦ حکوومەتی ئەنقەرە دەستەڵاتی تەواو دەدات بە ژەنراڵێکی تۆرانیی فاشیست، ژەنراڵ عەبدوڵڵا دۆقان، کە بەرژەوەندیی دەوڵەتی تورکیا و نەتەوەی تورک لە هەر کار و شتێکدا بەدی بکرێت، بەبێ پرسینەوە، بپارێزرێت. هەنگاوی یەکەمی ئەم ژەنراڵە لە هەرێمی دەرسیم دەستی پێکرد. داوای لە دانیشتووانی هەرێمەکە کرد، کە پێویستە لە ماوەیەکی کورتدا بیست هەزار پارچە چەک بە دەوڵەت بدەن و ئاگاداریان دەکاتەوە کە سەرپێچیکردن لەم بڕیارە گەورەترین سزا و هێرشی بەدواوەوەیە!

ڕۆژی ١٩٣٧/٦/١٦ حکوومەت یاسای ژمارە (١٠٩٧)ی دەرکرد و بەبێ پێچوپەنا ڕایگەیاند کە بە هۆی باری ناهەمواری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەبێت پەرتوبڵاوی بە کوردەکان بکرێت و لە شوێنە بنەڕەتییەکانی خۆیان ڕابگوێزرێن. ناوەڕاستی ١٩٣٧، سەید ڕەزا ئیبراهیمی کوری بۆ لای ژەنراڵ عەبدوڵڵا دۆقان دەنێرێت بۆ ئەوەی داوای لێ بکات هێرش و پەلامارەکان بوەستێنێت و بە ڕێبازی ئاشتییانە و بە گفتوگۆ چارەی گیروگرفتەکان بکرێت. ژەنراڵ عەبدوڵڵا لەجیاتی ئەوەی هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ وەربگرێت، بەبێ یەکودوو، یەکسەر، سەید ئیبراهیم دەکوژێت. ئەم کارە نامرۆڤانەیە

چارە لە پێش سەیدڕەزادا ناهێڵێت لەوە ڕاپەڕین و بەرگریکردن زیاتر. سەیدڕەزا شۆڕش ڕادەگەیەنێت و لە ماوەیەکی کورتدا شۆڕش پەرە دەستێنێت و ژمارەی چەکدارانی دەگاتە سەرووی (٣٠) هەزار. سوپای تورک، وەک پیشەی کۆنی، دەکەوێتە کوشتوبڕ و سووتاندنی دارستان و جەنگەڵ و لادێیەکان. هەر گیانلەبەرێک بکەوتایەتە چنگیان، بێبەزەییانە لەناویان دەبرد.[٣٣] سەیدڕەزا بەیاننامەیەک وەک بانگەواز و هانابردن بڵاو دەکاتەوە، وێنەش بۆ سەرۆکی هەندێ لە وڵاتە زلهێزەکان دەنێرێت، دەقی بەیاننامەکەش لە ئەرشیڤی وەزارەتی بریتانیا پارێزراوە:

ئەوە چەند ساڵە نامە بۆ حکوومەتی تورکیا دەنێرم؛ تکا و داوا دەکەم واز لە پەرت و بڵاوکردنەوەمان بهێنن. گەلی کورد لە بڵاوکردنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێب و، خوێندن بە زمانی نەتەوەیی خۆی، پەیڤین و ئاخاوتن بە کوردی لەگەڵ یەکتری قەدەغەیە؛ ستەمکارانە ئەشکەنجە دەدرێن، فشاریان دەکرێتە سەر. بەم دواییەش دەوڵەتی تورکیا هەزاران کوردی لەسەر خاک و شوێنی دێرینیان، بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕاگواستووە. دەمێکە کەوتوونەتە تەقەلادانی عەسکەری بە مەبەستی سەرپێشۆڕکردنی دانیشتووانی ناوچەی (دەرسیم)[×] و چەسانەوەی تەواوی کوردەکان.

بەرانبەر بەم واقیعە تاڵە، لە شوێنی ئەوەی هێزەکانی سوپای تورکیا ئەهێڵن ناوچە کوردنشینەکان وێران بکرێن و کەسی تێدا نەمێنێت، کەوتوونەتە شاڵاوبردن، وەک دڕندەی هار پەلامار دەدەن، چارەمان نەما، کوردەکان لە شاخی ئارارات، زیلان و بایەزید وەک ساڵی ١٩٣٠ ڕاپەڕین و چەکیان هەڵگرتووەتەوە، ئەمە سێ مانگە شەڕێکی شوومی ستەمکارانە لە دەڤەرەکانمان بەردەوامە. هێرشی ئاسمانی و بە جۆرەها چەک کەوتوونەتە گیانمان. بۆ قڕکردنمان بۆمبای ژەهراوی بە کار دەهێنن. هیچ ڕێگایەک لە

× دەرسیم: شارێکی دێرینی کوردە، کەوتووەتە نێوان دیاربەکر و ئەرزەنجانەوە. دوو سەد کیلۆمەترێک لە باکووری دیاربەکر هەڵکەوتووە. هەر لە دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشی سەید ڕەزاوە کەمالیستەکان ناوەکەیان کرد بە (تونجەلی)

پێشماندا ئەماوە چەکهەڵگرتن و بەرگریکردن نەبێت. هەرچەندە لەنگەری شەڕ و چەک و جبەخانە بۆ بەرژەوەندیی سوپای تورکیا وەردەچەرخێت، وەلێ چاوەنواڕی ئەوە دەکەین زەرەر و زیانێکی پڕ ئازار بە هێزەکانی تورکیا بکەوێت. ژن و منداڵ، پیر و پەککەوتە دەکوژن، تەڕ و وشک دەسووتێنن، دەرگای زیندانەکانیان بۆ کوردەکان کردووەتەوە، بە گوللەباران و ئیعدامکردن ژمارەیەکی زۆر کورد لە ناو دەبەن. ڕاگوێزان و دوورخستنەوە بەردەوامە. سێ ملیۆن کورد(×) لە تورکیادا هەیە، داوای ژیانی ئازادی، ئاشتی، یەکسانی دەکەن. داوای پاراستنی زمان، ئاداب و نەریت و کولتوور و مێژووی خۆیان دەکەن.
ئەی خاوەنشکۆ و پایەبەرزان، بە ناوی خۆم و گەلی کوردەوە داواتان لێ دەکەم ئەقەلا بدەن کە لە ڕێگای دەوڵەتی ئێوەی بەڕێزەوە ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریانە لەسەر گەلی کورد هەڵبگیرێن.
هیوادارم ئەی بەڕێز و پایەبەرزان، بە داوا و هاناکەماندا بێن، یارمەتیمان بدەن، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆتان.
سەیدڕەزا
ڕایەری گشتیی دەرسیم
وەلید حەسەن لە کتێبی الحرکه القومیه الکردیه، کتشارا وەریگرتووە.

---

(×) لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی پێشوودا تورکیا ڕایگەیاندبوو کە سەرژمێری کۆمارەکەیان ١٥ تا ١٦ ملیۆنە و ناوی یەک کوردی تێدا نەهاتبوو. کە شێخ ڕەزا ژمارەی کوردی باکوور لەو ڕۆژگارەدا بە سێ ملیۆن دادەنێت. لە دونیادا زانرابوو کە بە هەزاران کورد لە کۆچەر و عەشیرەتەکان لە مەترسیی لەناوبردنیان لە دۆڵ و ناوچە شاخاوییە سەختەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووکدا خۆیان شاردبووەوە، جگە لەوەش لە ناسنامەیاندا دەنووسرا تورکی شاخی.
لە کتێبی «الجمهوریه الترکیه فی زمن المتحول» لە لاپەڕە ١٦٧دا نووسەر محەمەد نورەدین نووسیویەتی کە ساڵی ١٩٢٧ ژمارەی دانیشتووانی هەموو تورکیا ١٣,٦ ملیۆن بووە و ئێستاکەش ژمارەیان بووە بە ٧٠ ملیۆن، جا هەر بە ڕێژەیە سەرژمێری کورد لە کوردستانی باکووردا لە دەوروبەری ٢٠ ملیۆندایە.

خۆڕاگری و بەرگریکردنی پاڵەوانانەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی «دەرسیم» نەبەردانە لە هەموو لایەکەوە پەلاماری سوپای تورکیای کۆلۆنیالیستی دەدا، زەرەر و زیانی قورسیان پێ دەکەوت. ژەنراڵ عەبدوڵڵا هەستی بە مەترسی و ئایندەیەکی ترسناک دەکرد. بۆی دەرکەوت کە کۆسپ و ئاستەنگی سەخت لە پێشیاندا هەیە، کەوتە گۆڕینی نەخشە و پلان و تاکتیکەکان، پەنای بردە بە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی، بە زمانێکی لووس و پاڕانەوە، نامەی بۆ سەیدتەهای برای سەیدڕەزا نارد و داوای لێ کرد کە یەکجاری ئارەزووی دیدەنی لەگەڵ سەیدڕەزا هەیە لە شاری «ئەرزنجان»(*) بۆ ئەوەی بکەونە گفتوگۆکردن و چارەی ئاشتییانە بۆ شەڕ و ناکۆکییەکان بدۆزنەوە و کینەبەری و یەکترکوشتن لەنێواندا نەمێنێت.

لە نامەیەکدا چەندین بەڵێن و سوێند بە ئایین و شەرەف دەخوات. سەیدڕەزا بە بەڵێنەکان بڕوا دەکات و ڕۆژی ١٩٣٧/٩/٥ دەگاتە «ئەرزنجان» و شوێنی دیاریکراوی کۆبوونەوەکە. بەبێ یەک و دوو سەیدڕەزا و ئەو هەڤاڵانەی لەگەڵیدا دەبن، دەستگیریان دەکەن.

ڕۆژی ١٩٣٧/١١/١٠ دادگای عورفیی عەسکەری بڕیاری ئیعدامکردنی سەیدڕەزا وەردەگرێت. سەرۆکی دادگاکە بە سەیدڕەزا دەڵێت: "کوردەکان هەموویان یەک ئامانجیان هەیە و کۆیان دەکاتەوە، ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە. ئەم ئاواتەش یەکجار بە گران لەسەریان دەوەستێت."(٣٤)

ڕۆژ ١٩٣٧/١١/١٨ سەیدڕەزا لە ژێر پەتی سێدارەدا هاوار دەکات و دەڵێت: "ئەمەنم ٧٥ ساڵە، ئیعدام دەکرێم و دەچمە ریزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان. دەرسیمسان لە کیس چوو، بەلام گەلی کورد هەر دەژی و تۆڵە لە ستەمکاران و زۆرداران دەکاتەوە، هەر سەرشۆڕییان بۆ دەمێنێتەوە."(٣٥)

---

* ئەرزنجان: شارێکە کەوتووەتە باکووری شاری دەرسیمەوە و ١٥٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شاری ئەرزەڕۆم هەڵکەوتووە. پێش فڕکردنی گەلی ئەرمەنی ساڵی ١٩١٥ زۆرینەی شارەکە ئەرمەنی بوون. هەنووکەش دانیشتووانی نێو شارەکە تورک و کورد و لازەرین، دەوروبەریشی هەمووی کوردە. لە (المنجد في الاعلام، ص٢١)ەوە وەرگیراوە

ماکینە و ئامێری هارین و وێرانکردنی کورد و کوردستان تا دەهات زێدەتر دەکەوتە گەڕ و وێرانکردن. لە تەمموزی ١٩٣٨دا سەرۆکوەزیرانی تورکیا «جەلال بایار» لە ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا ڕایگەیاند کە "پێویستە، بەپێی ئەو نەخشە و پرۆگرامەی کێشراوە، لەم ساڵەدا ئۆپراسیۆنەکانی هێزی چەکداریی دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەی دەرسیم و ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ کۆتایی پێ بهێنرێت. ڕەگوڕیشەی چەتە یاخیبووەکان بە یەکجارەکی لە کۆتەڵ هەڵبکێشرێت و نەهێڵرێت."

دوای چەند مانگێک لە ئەیلوول و تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا حکوومەتی تورکیا بڵاوی کردەوە کە هێزەکانیان توانیان بەرگریی کوردەکان بهاڕێت و لە ناوی بەرێت. هەزاران کورد کوژران و سەروماڵیان تێداچوو.[٣٦]

سەرهەڵدان و شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور، لە بیست و سییەکانی سەدەی پێشوودا، شێوەی ڕاپەڕینی جەماوەریی فراوانی وەرگرتبوو. ڕاپەڕینەکانی هی هەموو گەل بوون. گشت چین، تاقم و توێژە کۆمەلایەتییەکان، پیاوانی ئایینی، دەرەبەگ، بازرگان، کاسبکاران، هەژارانی شار و لادێ، گرووپ و بیروبڕوای جیاواز بەشدارییان تێدا دەکردن. ژمارەیەک لە ئەفسەرانی کورد، ئەوانەی لە سوپاکانی تورکیا، عیراق و ئێراندا پێگەیشتبوون، هەروەها پزیشک، مامۆستا و قوتابییانی کورد، خوێندەوار و ڕۆشنبیران ڕۆڵی خۆیان تێیاندا هەبوو، کەچی لە ڕووی تیۆری و ئایدیۆلۆژیاییەوە نەخشە و شێرازی پەیوەندییەکان شاشی و لاوازیان تێدا دەبینرا. پرۆگرامی ڕێکوپێکی داڕێژراویان نەبوو. ڕابەر و سەرکردایەتیکردنیش لە دەستی پیاوانی ئایین و ناودار و خاوەن دەستەلاتەکاندا بوو. لە زۆر کاتیشدا ڕابەرەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان مافی فەرهەنگی و خوێندن و نووسینیان بە زمانی کوردی و ژیانی سروشتی و خۆشگوزەرانییان بۆ گەلەکەیان داوا دەکرد.[٣٧]

لە گەلێک نووسین و سەرچاوەشدا هاتووە کە لە هەموو دەور و قۆناغەکانی شۆڕشەکانی کوردستاندا، دروشمی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان نەخراوەتە پشت گوێ و هەر بەرز کراوەتەوە.[٣٩]

فەرمانڕەواکانی تورکیا و وڵاتە ئیمپریالیست و زلهێزەکان هەرگیز مەترسی و نائارامیی خۆیان بەرانبەر بە دۆزی کورد و کوردستان نەدەشاردەوە. بە وردی حسابی ئەوەیان بۆ دەکرد کە بەتەک باشووری یەکێتیی سۆڤیەتەوە نووساوە! هەمیشە تەقەلای ئەوەیان دەدا جڵەو لە چنگیان دەرنەچێت، سنوورەکان بە توندوتۆڵی لە ژێر چاوەدێریی هێزە چەکدارەکانیاندا بێت، هاوکاریی ئەمنی و عەسکەریش هەبێت بۆ لەناوبردنی هەر سەرهەڵدان و سەرپێچییەک لە هەرێمەکاندا.

بۆ زیدەتر خۆتەیارکردن و ئامادەیی، لە تەممووزی ۱۹۳۷دا پەیمانێک لەنێوان ئێران، ئەفغانستان، عیراق و تورکیا لە ژێر سەرپەرشتیی حکوومەتی بریتانیادا لە قەسری ڕەزاشا بە ناوی پەیمانی «سەعدئاباد» مۆرکرا. خاڵێک لە خاڵە سەرەکییەکانی، بەڕاشکاوی، تەوەری سەرکوتکردنی گەلی کوردستان و خنکاندنی گیانی نەتەوەی کورد و سەرهەڵدانەکانی بوو. ئەم کارەش باری گەلی کوردستانی یەکجار ناهەموار و دژوارتر کرد.

ڕووداوەکان هۆش و هەستی ڕۆشنبیر و کوردپەروەرە ئاوارەبووەکانی بزواند و کەوتنە جموجووڵ. لە ڕۆژی ۱۹۳۷/۱۱/۳۰دا یاداشتێکیان پێشکەش بە ئەمینداریتیی گشتیی کۆمەڵەی گەلان «عصبە الامم» و نوێنەرانی وڵاتە زلهێزەکان کرد. بە توندی سیاسەتی پاکتاوکردنی گەلی کوردستانیان لە لایەن ڕژێمی تورکیاوە شەرمەزار و ڕیسوا کرد. داوایان لە کۆمەڵەکە کرد ئازەزایی دەربڕێت و سنوورێک بۆ ئەو تاوانە دڕندانانە دابنێت کە چەند ساڵێک بوو دژی بە گەلی کوردستان ئەنجام دەدران.[٣٩]

## ٦- جەنگی دووەمی جیهانی و کوردستانی باکوور

جیهان شڵەژا بوو، کەوتبووە نێو قەیرانێکی ترسناکەوە و گێژاوێکی قووڵ و لیخن بەدی دەکرا. ژاوەژاوی چرویر، پێکدادان و تێکهەڵپڕژان لە گەلێک هەرێم و وڵاتاندا دەستیان پێ کردبوو، کێشەی سەختی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرنجی مرۆڤی ژیر و دووربینیان ڕادەکێشا.

بەرەی دیکتاتۆریەت و فاشیزم بە ڕابەرایەتیی هیتلەر(×) و مۆسۆلینی(××) کەوتبووە هێرشبردن و پڕتاوکردن و گەف و گوڕ دژ بە هەموو گەلانی دونیا و مرۆڤایەتی. شالاوی ئاگر و پەلاماردانەکانیان بۆ ئەملا و ئەولا پەرەیدەسەند تا گەیشتە هەڵگیرساندنی بەربلاوترین شەڕی جیهانیی وێرانکەر کە مێژووی دووروودرێژی ئادەمیزاد کارەساتی وەها زیانبەخش و شوومی بە خۆوە نەبینیبوو. شەڕەکە لەنێوان ١٩٣٩ تا ١٩٤٥ سەرتاپای جیهانی شێواند و تێکوپێکی دا. کەم ناوچە و هەرێم هەبوو پریشکی ئاسەواری زیانبەخشی شەڕی پێ نەگات. زێدەتر لە پەنجا ملیۆن کەس کران بە سووتەمەنیی جەنگ، هەزاران شار و شارۆچکە و لادێ، کارخانە و دامودەستگاکانی ئاوەدانی و شارستانییەت، دارستان و جەنگەڵ، ئاژەڵ و باڵندە و ژینگە کەوتبوونە بەر لافاوی کارەساتی وێرانکەری جەنگ.

---

(×) هیتلەر: سالی ١٨٨٩ لە شارێکی نەمسا لە خێزانێکی لات و پەرپووت هاتووەتە دونیاوە. لە سەرەتای ژیانیدا سەربازێک بوو لە سوپای ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیادا، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوودا بوو بە سەرۆکی پارتیی نیشتمانیی سۆسیالیست کە کورتکراوەکەی (نازی)بوو و ستراتیژیەتی پارتییەکە لەسەر ڕەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی ڕەچەڵەکەی جوولەکە و لەناوبردنیان بنیات نرابوو. دژی هەموو بیروبڕوا و دیاردەیەکی پێشکەوتووخواز و مرۆڤایەتی و کۆمۆنیستی بوو. سالی ١٩٢٣ بە ژاوەژاو و هەڕەشە و گوڕەشە کرا بە سەرۆکوەزیران و سالی ١٩٣٤ بە تەواوی هەموو دەستەڵاتی ئەڵمانیای کەوتە ژێر دەست. ترسناکترین باری ئافەمواری لە هەموو دونیادا دروست کرد و کەوتە پەلاماردانی وڵاتانی تر. سالی ١٩٣٩ جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرساند. سالی ١٩٤٥ کە بەرلین لە لایەن سوپاکانی وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە ئابڵووقە درا، خۆی و عەشیقەکەی (ئیڤا براون) خۆیان کوشت و فڕێدرانە زبڵخانەی مێژووەوە. بە یەکێک لە تاوانبارترین تاوانبار لە مێژوودا دەژمێردرێت.

هەندێک زانیاری لە (المنجد في الاعلام، ص٧٢٦)ەوە وەرگیراوە.

(××) مۆسۆلینی: سالی ١٨٨٣ لە ئیتالیا هاتووەتە دونیاوە و سالی ١٩١٩ پارتیی فاشیستی ئیتالیای دامەزراند کە بناغەکەی لەسەر تیرۆر و کوشتن و ئاژاوەنانەوە دارێژرابوو. سالی ١٩٢٢ بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا کەوتە تیرۆرکردنی پارتی و هێزەکانی چەپ و سەندیکاکان و پەیوەندیی بە نازیستەکانی ئەڵمانیاوە بەهێز بوو و لەگەڵ هیتلەردا پێکرا جەنگی دووەمی جیهانیان ڕاکەیاند. سالی ١٩٤٣ کەوتە دەست شۆڕشگێڕەکانی ئیتالیا، وەلێ سوپای ئەڵمانیا ڕزگاری کرد و گەیاندییەوە سەر کار. سالی ١٩٤٥ شۆڕشگێڕەکانی ئیتالیادا، کە پارتیی کۆمۆنیست ڕۆڵی سەرەکی بوو تێیدا، بە دیلیان گرت و ئیعدام کرا. بە دەستکارییەوە لە (المنجد في الاعلام، ص١٩٤)ەوە وەرگیراوە.

شەش ساڵی ڕەبەق دونیا کرابووە دوو بەرەی شەڕ و یەکتر لە ناو بردن، بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان (الحلفاء) لە یەکێتیی سۆڤیەت، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا و چین و وڵاتانی دیکە پێکهاتبوو و زۆربەری گەلانیش پشتگیریی ئەم بەرەیەیان دەکرد. بەرەکەی تریان (المحور) لە ئەڵمانیای هیتلەری، ئیتالیای مۆسۆلۆنی و ژاپۆنی عەسکەری پێکهاتبوو. دەوڵەتی تورکیاش لە ڕووی ڕێبازی سیاسی و ئایدیۆلۆژیاییەوە تا ماوەیەک مەرایی بۆ بەرەی وڵاتانی محوەر دەکرد و نزیک بەم بەرەیە بوو و هەڵوێستی ڕاڕایی و فرتوفێڵی گرتبووە بەر. تورکەکان خوازیاری ئەوەش بوون ڕابگەیەنن کە وڵاتەکەی ئەوان بێلایەنە و لە واقیعیشدا چاوەتواڕی ئەوەیان دەکرد کە بزانن لەنگەری شەڕەکە بە لای کام بەرەدا دەشکێتەوە و دەوڵەتەکەیان بووبوو بە دەوڵەتێکی کاسەلێس و چەشەخۆر و هەلپەرست.

کەچی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوەوەی وڵاتەکەیاندا بۆ چرکەیەکیش وازیان لە بەربەرەکانێکردنی گەلی کوردستان و هێز و کەسایەتییە ناودارەکانی بەرەی چەپ و پێشکەوتووخوازی نەدەهێنا. سەرکەرمانە بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازی ڕەگەزپەرستی و کۆنەپەرستانە و دیکتاتۆرانەیان.

کەشوهەوا بە خواست و مەبەستی فەرمانڕەواکانی تورکیا نەدەسووڕایەوە. هەستی ئازادی و سەرفرازی، مافی گەلان و دیموکراسیەت لە گشت وڵاتانی دونیادا هەستیان پێ دەکرا و خواستی گەلانیان بزواندبوو. گەلی کوردستانیش بە جۆرەها شێواز تەکانی بە ڕەوتی خەبات و تەقەلاکانی دەدا. لە هەر چوار پارچەی کوردستانی کۆلۆنیکراودا، پەیوەندی و هاتوچۆکردن لەنێو ڕێکخراو و هێزە کوردپەروەرەکاندا، چالاکانە، ئەنجام دەدران. دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت: "کوردەکانی کوردستانی باکوور، پەیوەندییان بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو، کە ئەوکات، بەشێکی لە ژێر چاوەدێری و دەسەڵاتی سوپای سووری یەکێتی سۆڤیەتدا بوو، لە مانگی ئابی ١٩٤٤ لە لوتکەی شاخی (دالانپار)(*) نوێنەرانی کوردی

---

(*) دالانپار: شاخێکی بەرزە، کەوتووەتە سێسووچی نێوان عیراق، تورکیا و ئێرانەوە و لە ڕۆژهەڵاتی دۆڵی خواکورک (ناحیەی سیدەکان) قەزای سۆران هەڵکەوتووە.

هەر سێ پارچە، هی باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات، کۆبوونەوە، گفتوگۆ و لێدوانی زۆریان لەسەر باری ژیان گەلی کورد و داهاتووی کوردستانیان کرد. بە تێروتەسەلی باسی چۆنێتیی هاوکاری و هاریکاری نێوان تێکۆشەرانی هەر سێ پارچە، لەپێناو بەرژەوەندیی ئایەندەی کوردستانی گەورە، توندوتۆڵ و پتەوی بکەن."(٤٠)

ڕۆشنبیر و کوردپەروەران، وەکوو ئازادیخوازانی هەموو دونیا، هیوای زۆریان بە سەرکەوتنی بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان لە جەنگ دووەمدا هەبوو. بە هیوا بوون کە گەلی کوردستانیش وەکوو گەلانی تری دونیا ڕزگار دەبێت و بە ئاواتەکانی دەگات، بۆیەکا هەر کە لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩٤٥دا شەڕەکە کۆتایی پێهێنرا و بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان سەرکەوتن، بانگەوازێک لە ئەورووپا لە ژێر ناوی «کۆمیتەی کوردەکانی ئەورووپا»دا بڵاوکرایەوە و تێیدا هاتبوو: "کوردستان گرنگییەکی ستراتیژی هەیە، خاکەکەی پڕە لە گەنجینە و پیت و بەرەکەتی سروشتی، پەیوەندیی توندوتۆڵی دێرینی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە. ئێمە ژمارەیەک لەو کوردانەین کە لە ئەورووپا دەژین، بڕوای تەواومان بە هێزی لەبنەهاتووی گەلەکەمان و باربوو و یارمەتیدانی دراوسێیەکانمان هەیە. پێشنیار دەکەین کۆنگرەیەکی نیشتمانی ساز بکرێت. تەعبیری تەواو لە ڕاوبۆچوونی خەڵکی کوردستان و گشت ڕێکخراوەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەری و کەسایەتییەکانی کورد بکات. ئێمە لە ناخی دەروونەوە، بە دڵسۆزییەکی بێپایانەوە، داوای ڕێکخستن و بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دەکەین. نەخشە و پلانێکی سیاسیی کوردایەتی دابڕێژێت. ئاکامی دەبێتە پێگە و سەکۆیەکەی بەتین. دۆزی گەلی کوردستان و ئازادبوونی لە ژێردەستی داگیرکەرانی بەرجەستە بکات. لێدانی کوشندەش ئاراستەی ئیمپریالیزم بکات."(٤١)

## ٧- تورکیا و کوردستان و ڕووداوەکانی دوای جەنگەکە

ماوەی شەش ساڵ جەنگی دووەمی جیهانی درێژەی کێشا. لە مانگی ئایاری ١٩٤٥دا کۆتایی پێهێنرا.(×) سەرەتای ئاشتی و برایەتی و پێشکەوتنی گەلان لە ئاسۆوە سەری دەرهێنابوو. کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان «هیئه الامم المتحده» و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی «مجلس الامن الدولی» و دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتان «محکمه العدل الدولی» پێکهێنرابوون. هەروەها تاوانبارانی هەڵگیرساندنی جەنگ درانە دادگای تایبەت لە شاری «نورەمبرخ» لە ئەڵمانیا.

کات یەکجار بە خێرایی تێدەپەڕی، لە ماوەیەکی کورتدا، وڵاتانی هیندستان، پاکستان، ئەندەنۆسیا، سوریا و لوبنان ڕاگەیەنران. هاواری گەلانی دونیا بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەرفرازی، بۆ دیموکراسیەت و فرەلایەنیی سیاسی، بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و یەکسانی، تێکۆشین لەپێناو سارێژکردنی برین و ئازار و زامەکانی جەنگ، کۆشش بۆ خۆشگوزەرانی و مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی بژێوی فرە گەشەی دەکرد و لە هەموو لایەکەوە پەرەی دەستاند.

ئەو پێشکەوتن و سەرهەڵدانانەی لە جیهاندا بڵاو دەبوونەوە، نائارامی و سەرئێشەی لە دەروونی فەرمانڕەوایانی تورکیادا دروست کردبوو. ترسی سەرەکییان، قێز و بێزارییان بەرانبەر خواستی ڕاپەڕینی گەلانی مافخوراو و دیموکراسیەت و فرەلایەنی بوو. بە ناچاری و نابەدڵی لە کۆتایی ١٩٤٥دا

---

(×) لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا ئیمپراتۆریەتی ژاپۆن، کە لە بەرەی محوەردا بوو، خۆی بە دەستەوە نەدا، تاوەکوو ئابی هەمان ساڵ. ئەویش دوای ئەوەی کە دوو شاری مەزنی هیرۆشیما و ناگازاکی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بە بۆمبای ئەتۆم وێران کران، چۆکی دادا و سەری شۆڕ کرد و بە تەواوی تەقوتۆق نەما. بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و لەناوبردنی ١٢٠هەزار مرۆڤ لە چرکەیەکدا و بریندارکردنی هەزاران، بە گەورەترین تاوانی مێژووی دەژمێردرێت.

بڕیاری نەهێشتنی سیستێمی تاکەحزبیان وەرگرت.(×) یاسای فرەلایەنی پارتایەتییان ڕاگەیاند. ئەم هەنگاوە کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر باری دژوار و ناجۆری کوردستانی باکوور و ڕای گشتیی ولاتەکە. تۆرانیستەکان بەردەوام بوون لەسەر پێڕەوکردنی ڕێبازە سەرەکییەکانی کۆنیان دژی گەلی کوردستان و گشت هێز و کەسایەتییە چەپ و پێشکەوتووخوازەکانی ولاتەکە. ڕۆژی ١٧ی نیسانی ١٩٤٦ پەیامنێری ڕۆژنامەی (نیویۆرک پۆست) گوتارێکی دەربارەی تورکیا بلاو کردەوە و نووسیبووی: "تورکیا بە کۆمەڵ کوردەکان دەکوژێت، بە فراوانی لەسەر خاک و شوێنی خۆیان دەریان دەکات، ڕایان دەگوێزێت و دەیەوێت وا نیشان بدات کە لەسەر خاکی ئەنادۆڵ پرۆسەیەک نییە پێی بگوترێت پرۆسەی کورد."

هەر لە هەمان دەوروبەردا، پەیامنێری ڕۆژنامەی (مانشستر گاردیان)ی ئینگلیزی، لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢٦دا، بلاوی کردەوە کە "فەرمانڕەواکانی تورکیا لە کۆتایی ١٩٤٥ و سەرەتای ١٩٤٦دا کەوتنە ڕاگوێزان و دوورخستنەوەی کوردەکان لە ناوچەکانی سنوور بۆ قووڵایی ناوەوەی تورکیا."

لە ئەنجامی ئەو هەموو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی بەسەر باری جیهاندا دەهاتن ژیان و باری گەلی کوردستان لە چنگ تورکە تورانیستەکان، ڕۆژانە، بەرەو خراپتر دەڕۆیشتن. لە خوێندن و فێرکردن، لە ژیانی ساکاری و ئاسوودەیی، لە کارکردن لە گەلێک ئامێر و دامودەستگاکانی حکوومەت، دەروازە لە پێشیان داخرابوو. سەرەتای ١٩٤٧ سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە لەمەودوا کوردەکان بۆ سەربازی گاز بکرێن!

---

(×) لە سالی ١٩٢٤ تا کۆتایی ١٩٤٥ تەنیا پارتیی گەلی کۆماری (حزب الشعب الجمهوری) کە مستەفا کەمال دامەزرێنەری بوو، تاکە پارتی بوو کە بواری کارکردنی هەبوو. پارتییەکە لە هەلبژاردنی سێ سالی پێش ئەمڕۆکەدا ڕێژەی دەنگی پێویستی نەهێنا بۆ پەرلەمان و ئێستاکە نوێنەری لە ئەنجوومەنی نیشتمانی تورکیادا نییە.

ئەم دوو بڕیارەی حکوومەتی تورکیا کە لە ماوەی دوو سالدا وەرگیرابوون، جموجووڵی لە ناوچە کوردنشینەکان دروست کرد. زەمینەی لەباریش ڕەخسا بۆ بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان فیودال و دەوڵەمەندەکانی کورد و بۆرژوا فەرمانڕەواکانی تورک، بەرژەوەندیی چینایەتیان لە یەکتری نزیک خستنەوە.

شارەزا و نووسەری ئینگلیزی ئەدمۆنز نووسیویەتی: "هەر دوای ئەوەی سیستێمی فرەلایەنیی پارتایەتی (پلورالیزم) لە تورکیا ڕاگەیەنرا، ئاژانسەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە لە داهاتوودا دەنگی کوردەکان لە هەڵبژاردنەکاندا گرنگی و بەهای زۆری پێ دەدرێت. نرخ و بایەخدان بە فیودال و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد دەکەوێتە بەرز بوون."(٤٢)

ئەم بۆچوون و هەڵسەنگاندنە ڕاست و ڕەوایە لە باری گشتیی تورکیادا بە زوویی دەرکەوت. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٠دا کوردەکان زۆرینەی دەنگیان بە ئەندام و لایەنگرانی پارتیی دیموکراتی تورکیا (پارتییەکەی عەدنان حەندەرس و جەلال بایار) دا و بەوەش زۆرینەی دەنگی هێنا و حوکمڕانی کەوتە دەست و دوای بیستوپێنج ساڵ حوکمڕانی لە پارتیی گەلی کۆماری وەرگیرا.

لە سەرەتادا کە حزبی دیموکراتی حوکمی کەوتە دەست، کەمێک زەبر و فشار و ئەشکەنجەدان، شالاوی تیرۆر و هەڕەشە و ترس لەسەر هەندێ لە ناوچە کوردنشینەکان سووک کرا. ئەمەش زۆری نەخایاند! کەوتنەوە تەقەلادان کە نەهێڵن هیچ لاوازی یان کون و کەلەبەر بکەوێتە نێو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەوە و کۆسپ و ئاستەنگیان دەخستە پێش بچووکترین دیاردەی پێشکەوتن و بیروبڕوای ئازاد. ئەوەی یەکجا نائارامی کردبوون، ئەو ڕووداوە بنەڕەتی و کاریگەرانە بوون کە لە دەوروبەری تورکیادا ڕوویان دەدا، وەک شۆڕشی ٢٢ی تەممووزی ١٩٥٢ لە میسر و دەرکردنی سوپای ئینگلیز لە کەناڵی سویس ساڵی ١٩٥٤، خۆماڵیکردنی کۆمپانییەکانی نەوت لە ئێران و ڕۆڵی دکتۆر محەمەد موسەدەق ساڵی ١٩٥٢، خۆماڵیکردنی کەناڵی سویس و

شەڕەکەی ١٩٥٦ و گرنگترینیشیان کە شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە عیراق کە لەپاڵ تورکیاوە ڕوویدا، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی بەغدا.(×)

دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانە لەنێو گەلەکانی ئاسیای بچووکدا ڕۆڵی کاریگەری لەسەر تورکیا هەبوو. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشوودا، هەست و بزووتنەوەیەکی نوێ لە ڕیزی خوێندەوار و قوتابییە کوردپەروەرەکاندا دەستی پێکردەوە. لە دیدەنی و کۆڕ و کۆبوونەوەی بچووکەوە بە نهێنی دەستی پێکرد و باسوخواسەکان لەسەر باری گەلەکەیان و بیرۆکەی چەپ بوو.ساڵی ١٩٥٢ پۆلیس هێرشی کردە سەر کەسانی دیموکراتیخواز و چەپەکان بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بیروبڕوای سۆسیالیستی و مارکسیست لینینیستی. ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی تورک و کورد و کەمەنەتەوەکانی دیکە زیندانی کران. لەنێو گیراوەکاندا نووسەری بەناوبانگی کورد یەشار کەمال(××) و هونەرکاری نەمر یەڵماز گونای هەبوون. ساڵی

---

(×) لە ڕۆژی ١٩٥٥/٢/٢٤دا ڕێککەوتننامەی عەسکەری و ئاسایشی نێوان تورکیا، عیراق، ئێران، پاکستان و بریتانیا بە ناوی پەیمانی بەغدا مۆرکرا. ئامانجی ستراتیژیی پەیمانەکە بەربەرەکانێکردنی کۆمۆنیستی و هەر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕی بوو لە وڵاتەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز کۆماری عیراق لە پەیمانەکە هاتە دەرەوە و ناوی بە پەیمانی سنتۆ گۆڕدرا.

(××) یەشار کەمال: سەرتاپای نووسینەکانی بە زمانی تورکی نووسیوە و سوودی زۆری بە وێژەی تورکی گەیاندووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی نووسینەکانی پێشکەوتووخوازانەن و بۆ خۆیشی کوردە، تا هەنووکەش هەر بەربەرەکانی دەکەن و چەند جار گرتوویانە.

١٩٥٥ بە تاوانی نووسینی چیرۆکێکی کورت دەربارەی ژیانی هەژاران، یەڵماز گونای(×) درا بە دادگا و بە دوو ساڵ زیندانی حوکم درا.

## ٨- کاردانەوەی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ی عیراق لەسەر تورکیا

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و گۆڕینی سیستێمی پاشایەتی بۆ کۆماری و ڕاگەیاندنی دەستووری کاتی کە لە خاڵی سێیەمیدا، بە ڕاشکاوی، هاتبوو کە عیراق وڵاتی عەرەب و کوردە، بە جارێک فەرمانبەرانی تورکیای تۆقاند و هەتەریان لێپەڵسا و بە زەنگێکی یەکجار ترسناکیان لێکدایەوە و کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ کۆنترۆڵکردن و هێرش و پەلاماردانی ناوچە کوردنشینەکان.
کە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٥٨یشدا کە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی قوتابیانی دونیا بڕیارێکی دەربارەی دۆزی کورد وەرگرت، ئەوەندەی تر فەرمانڕەوایانی تورکیای هەژاند. کۆنگرەی قوتابیان لەو بڕیارەدا سیاسەتی دەوڵەتی تورکیای ڕیسوا کردبوو دژ بە گەلی کوردستان کە چۆن و بە چ ڕێبازێکی

(×) یەڵماز گونەی: هونەرمەند و ناودارێکی کوردە. ساڵی ١٩٣٧ لە خێزانێکی هەژاری دەوروبەری ئەدەنە لە باشووری تورکیا چاوی بە دونیا کەوتووە و بووە بە هونەرمەند و دەرهێنەری فیلمی سینەمایی و شانۆگەری. ساڵی ١٩٥٨ فیلمی یەکەمی بە ناوی «ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە» دەرهێنا. ساڵی ١٩٧٠ فیلمێکی تری بە ناوی «هیوا» دەرهێنا و ناوی دەرکرد. ساڵی ١٩٨٢ لە فێستیڤاڵی سینەمای جیهانی لە (کان) خەڵاتی باشی پێدرا. بە هۆی دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی و بەرگریکردن لە ماف و داهاتووی کوردستان، پتر لە دوانزە ساڵ لە بەندیخانە ژیانی بەسەربرد. ساڵی ١٩٨٤ ئەو تێکۆشەرە ناودارە، دوور لە خاکی نیشتمان و نەتەوەکەی، لە پاریس، دونیای بە جێ هێشت و کەوتە ڕیزی شەهیدانی کورد و کوردستانەوە.

ڕەگەزپەرستانە دەوڵەتی تورکیا تەقەلا دەدات کە پێنج ملیۆن کورد نەهێڵێت، کە چۆن لە هەموو مافێکی ژیان بێبەش کراون و لەپێناو ڕزگاربوون و پێشکەوتندا تێدەکۆشن.(٤٤)

لە کۆتایی ١٩٥٩دا دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی تورکیا پەتجا تێکۆشەری کوردیان دەسگیر کرد و خرانە ژێر ئەشکەنجە و ئازارەوە و لە ئەنجامدا لاوێکی کورد ژیانی لە دەست دا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە، لە ڕیزی گیراوەکاندا ژمارەیەک تێکۆشەری بەجەرگ و چاونەترس هەبوون، وەکوو شەهید موسا عەنتەر، شەهید سەعید قرمزی تۆپرەق، کە لە دواییدا بە دکتۆر شڤان ناوی دەرکرد، محەمەدعەلی دینلەر کە بە یەکەم سکرتێری پارتیی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دادەنرێت، سەعید ئاڵچی، سکرتێری پ.د.ک.ی تورکیا و یەشار کەیا و ناجی کوتلای و گەلێکی تر. هەروەها لەنێویاندا کۆمۆنیست و چەپ و کەسانی سەربەخۆی پێشکەوتووخواز و کوردپەروەر هەبوون،(×) و گشتیان بە تاوانی کۆمۆنیستی و کوردایەتی و تەقەلادان بۆ پارچەکردنی تورکیا دران بە دادگا و دادگاییکردنیشیان درێژەی کێشا.(٤٥)

باری تورکیا شلۆقی و نائارامی تێکەوتبوو، قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێو پارتییە خاوەن دەستەڵاتەکاندا تا دەهات شێوازی دژوارتری بە خۆوە دەبینی. خەبات و کێشەی جەماوەری هەژار و ڕەنجدەر و چەوسێنراو دژی چینی بۆرژوا و چەوسێنەر، چڕ و گرژتر و فراوانتر دەبوو، کەچی ئەوەی لە هەموو ڕووداو و دیاردەیەک زیاتر بیر و هۆشی فەرمانڕەوایانی تورکیای دەهەژاند و تووشی سەرئێشە و سەرلێشێوانی کردبوو، بزووتنەوە و جموجووڵی گەلی کوردستان بوو.

---

(×) ژمارەیەک لە قوتابییەکانی کوردستانی باشوور کە لە زانکۆکانی تورکیا دەیانخوێند، کەوتنە بەر شاڵاوەکەی پۆلیس و زیندانی کران و لە تورکیاش دەرکران، ناچار ڕوویان کردە ئەورووپا.

لە گێژەتی ئەو تەنگوچەڵە چڕوپڕانەدا، لە مانگی ئایاری ١٩٦٠دا، هێزە چەکدارەکانی تورکیا بە یەکەم کودەتای سەربازی هەڵسان و حکوومەتی شارستانی عەدنان مەندەرسیان لەسەر کار لابرد. کاروباری وڵاتەکە کەوتە ژێر دەستەڵاتی ژەنراڵەکانی سوپاوە و کتوپڕ کەوتنە ڕاونان و گرتن و پەلاماردانی کەسانی پێشکەوتووخواز، ڕۆشنبیر و هۆشمەندانی تورک و نەتەوەکانی تر، بەتایبەت هێرشی بەرباڵاویان کردە سەر گەلی کوردستان بە تاوانی سەرهەڵدان و بزووتنەوەی دوژمنکارانە دژ بە یەکێتیی خاکی تورکیا و تەنانەت سەرۆکوەزیران عەدنان مەندەرس بە خنکاندن سزا درا و ئیعدام کرا.
کودەتاچییە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان کەوتنە هەڵبەستنی درۆی ناڕەوا و پیلانتنانەوە. لەوە زیاتر، ڕۆژی ١٣/٥/١٩٦٠، ڕۆژنامەکانی تورکیا دەنگوباسێکی سەرسوورهێنەریان بڵاو کردەوە کە: «کۆمیتەی یەکێتیی نیشتمانیی تورکیا»[×] کۆمەڵێک دۆکیومێنت و بەڵگەنامەی گرنگیان کەوتووەتە دەست، لەناویاندا هەیە و ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەیەک لە ئەندامەکانی پارتیی دیموکراتی تورکیا (پارتییەکەی عەدنان مەندەرس و جەلال بایار) خەریکی بنیاتنانی دەوڵەتێک بوون لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ. لە دۆکیومێنتەکاندا دەردەکەوت کە حکوومەتەکەی عەدنان مەندەرس و بایار دژی پیلانەکە نەوەستاون. ئەم کارەساتەش یەکێتیی خاکی تورکیا ناهێڵێت. نیازی کارتێکدەری و خراپە لەمەدا دەردەکەوێت.[٤٦]
شالاوی سەرکوتکردنی دیکتاتۆرەکان بۆ سەر گەلی کورد و گشت پێشکەوتووخوازەکانی وڵاتەکە کەوتبووە ئەوپەڕی تەوژم و پرتاودان، زیاتر لە ٢٤٤ لە تێکۆشەران کورد و ڕۆشنبیران دەستگیر کران و خرانە زیندانی (سیواس)ەوە. ڕۆژی ١٧/١٠/١٩٦٠ کۆمیتەی یەکێتیی نیشتمانیی تورکیا

(×) کۆمیتەی یەکێتیی نیشتمانی تورکیا «هیئە الاتحاد الوطني التركي» وەک ئەنجوومەن سەرکردایەتیی شۆڕش «مجلس قیادە الثورە» بە شێوازی عەسکەری کاروباری وڵاتەکەیان بەڕێوە دەبرد.

یاسای ژماره (١١٤)ی ڕاگەیاند. کتوپڕ بەپێی هەمان یاسا ١٢٧ لە مامۆستاکانی زانکۆ و هی قوتابخانەکانیان بە تاوانی بزووتنەوە لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە کارەکانیان دەرکران.(٤٩) هەروەها لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا، ٥٥ ڕۆشنبیر و تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ بۆ ڕۆژئاوای وڵاتەکە دوورخرانەوە و پەنجاوچواریان ئەندامی پارتیی دیموکراتی تورکیا و یەکێکیشیان ئەندامی پارتیی گەلی کۆماری بوو.(٥٠)

ڕەوتی سەرهەڵدان و بزووتنەوەی کوردایەتی، چالاکانە، بۆ پێشەوە دەڕۆیشت. لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا ڕاپەڕینێکی چەکداری لە باشووری کوردستان دژی حکوومەتی عێراق سەریهەڵدا. لە ماوەیەکی کورتدا پەرەیسەند و گۆڕا و شێوازی شۆڕشێکی نەتەوەیی وەرگرت. دامودەستگاکانی تورکیا دووچاری سەرلێشێوان بوو، کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ ئاستەنگ دروستکردن و بەرهەڵستنانەوە لە پێش هەر سەرهەڵدان و دیاردەیەکدا کە هەست و نەستی کوردایەتی تێیدا بەدی بکرایە. ماوەی ئەوەیان نەدەدا هیچ چالاکییەکی هونەری، وەرزشی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتی لە ناوچە کوردنشینەکانی باکووردا گەشە بکات.

ساڵی ١٩٦٢ کوردپەروەرێکی دڵسۆز «ئەدیب قەرەهات»، کە بە چەپ ناسرابوو، گۆڤارێکی بە زمانی تورکی و کوردی لە ژێر ناوی «دیجلە و فرات»دا دەرکرد و تا ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو. لە سەرەتای ١٩٦٣دا ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کورد گۆڤارێکیان بە ناوی «دەنگ» و ڕۆژنامەی «ڕۆژی نوێ»یان لە شاری ئەستەنبوڵ دەرکرد و ماوەی بڵاوبوونەوەیان گەلێک کورت بوو و لە ئاکامیشدا نووسەر و کارگێڕەکانیان زیندانی کران.

پلەی هێرش و تێرۆر بۆ سەر گەلی کورد هەر ڕوو لە زیادبوون بوو. مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ بە تاوانی جموجووڵ بۆ بەرژەوەندیی کوردەکان دوانزە تێکۆشەری ناسراو بەندکران. دوای پێنج مانگ، لە مانگی کانوونی یەکەمدا، بیستوسێ کوردپەروەر نێردرانە بەر دادگای عورفیی عەسکەری، تاوانی

ئەوەیان خستە پاڵیان کە کوردن و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانیش بۆ هاندان و تەقەلاکانی کۆمۆنیستی جیهانی دەگەڕێتەوە. داواکاری گشتی «المدعی العام» داوای ئیعدامکردنی گشتیانی کرد.(٥١)

لە ئاکامی باری دژوار و ناهەمواری گەلی کوردستانی باکووردا، کە دەتوانرێت بگوترێت ماوەی چل ساڵ پارتییەکی کوردی لە گۆڕەپانی ئەنادۆڵدا نەبوو، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی پێشوودا بە نهێنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی لە ژێر ناوی پارتیی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دامەزرێنرا و کەوتە تێکۆشان و ڕێکخستنی جەماوەری کورد بە مەبەستی بووژاندنەوەی گیانی کوردایەتی و چالاکینواندن. پەیدەریەی هەست و نەستی کوردایەتی گەشەی دەکرد و جموجووڵ و بزووتنەوە لە گەلێک هەرێم و شار و ناوچە کوردنشینەکان دەستی پێکرد و کۆمەڵێک دروشم و داواکاری ڕەوا و دیموکراتیخوازانە بەرز کرانەوە. وەک پاراستنی مافی مرۆڤ، بەرپاکردنی سەربەستییە دیموکراتییەکان، مسۆگەرکردنی ژیانی یەکسانی و بەختیاری بۆ نەتەوەی کورد و ئەو گەل و نەتەوانەی تر لە ئاسیای بچووکدا دەژین. نەتەوەی کورد پێویستی بە مامۆستا هەیە نەک جەلدرمە، گەلی کوردستان بەتەک گەلانی دونیا دژی ئیمپریالیزم تێدەکۆشێت.(٥٢)

لە مانگی تەمموزی ١٩٦٥دا حکوومەتی تورکیا مەرسومی ژمارە (٦٤٨)ی ڕاگەیاند و لە خاڵەکانی (٨٩ و ٩٠)دا بەزەقی دیاریکراوبوو کە لەسەر خاکی ئەنادۆڵ ماوە نییە پارتیی نەتەوەیی دابمەزرێنرێت. مەبەستی سەرەکیش ڕێگاگرتن بوو لە گەلی کوردستان، کە بە هیچ جۆرێک بەرەو خۆکۆکردنەوە و خۆڕێکخستن بچێت یان سوود لە یاسای وڵاتەکە وەربگرێت، کەچی بە پێچەوانەوە گشت دەرگاکان بۆ نەتەوەی تورک ئاوەڵا بوون و دەروازەیان بۆ خرابووە سەر پشت و لە ڕیزی پارتییە تورکییەکاندا هەن کە پرۆگرام و ڕێبازی ڕەگەزپەرستی و فاشیستانەیان هەیە.(*) کاربەدەست و بەڕێوەبەراتی

* وەک پارتییەکەی دەوڵەت باغچەلی کە لە باری ئێستاکەی تورکیادا دووەم پارتییە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەی وڵاتەکەدا و باغچەلیش جێگری سەرۆکوەزیرانە.

دەوڵەتەکەش لەنێو گێژاوێکی لیخن و لیلدا دووچاری سەرلێشێوان و شەوکوێری هاتبوون و سەرۆککۆمار جەمال گورسیل لە دیدەنییەکی ڕۆژنامەگەریدا گوتبووی: "پێویستە تورکیا بۆ تورک بێت. ئەگەر واز لەم بیرۆکەیە بهێنین، دوای پەنجا ساڵ تورکیایەکی یەک پارچەیی نامێنێت."(٥٣)

## ٩- بنیاتنانی ژمارەیەک ڕێکخراوی کوردستانی

سەدان ساڵە گەلی کوردستانی ستەمدیدە دەچەوسێنرێتەوە و خاکی داگیرکراوە، وەلێ خۆڕاگرە و کۆڵی نەداوە، سوورە لەسەر قوربانیدان و تێکۆشین، ساتێک لە کۆڕی بەرەنگاریکردن نەوەستاوە، وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش پەنگی خواردووەتەوە و گەرموگوڕی و تەوژمی خۆی پاراستووە، بەپانەیێنێک وەک بورکان و بوومەلەرزە نەک بە تەنیا تورکیا بەڵکوو گشت و دەڤەر و هەرێمەکەی هەژاندووە.

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوودا بە نهێنی چەند پارتی و کۆڕ و کۆمەڵ پێکهێنران، وەک پارتیی ئاڵای ڕزگاری، یەکێتیی ئازادی، یەکێتیی جەنگاوەرانی کوردستانی تورکیا و...تاد، گورجوگۆڵی و چالاکی ئەم ڕێکخراوانە دەنگ و ڕەنگی فراوانی لە سەرانسەری ئەنادۆڵدا دایەوە.(٥٤)

هەر ڕۆشنبیرێک بە وردی پرۆگرام و ڕێبازی ئەو ڕێکخراوانە تاووتوێ بکات و هەڵیانبسەنگێنێت، بۆی دەردەکەوێت کە سەرچاوەی زۆرینەی ڕێکخراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای مارکسیست لینینستی. جگە لەوەش لە کەشوهەوای ئەو سەردەمەدا کە بەسەر تورکیادا هاتبوو، ژمارەیەک لە خوێندەوار و کەسانی پێشکەوتووخوازی کورد ڕوو دەکەنە پارتیی کرێکارانی تورکیا و

وەک ئەندام و کارگێڕ چالاکیی سیاسی ئەنجام دەدەن.(×)

ڕێباز و هەڵوێستی بەجەرگ و بوێرانەی پارتییەکە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری تورکیادا بەڕاشکاوی لە پرۆگرام و بڵاوکراوەکانیدا ناوی گەلی کورد دەهێنێت و داواش دەکات بایەخ بە چارەکردنی پرۆسەکەی بدرێت، کەموێنەیە. هەر هەمان پارتی لە مانگی ئابی ١٩٦٩دا چەند بنکەیەکی زانیاری و فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ڕێکخست، بە ئاواتی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی دانیشتووانی هەرێمەکە. لە شاری ئەستەنبوڵیش کەوتە دەرهێنانی بڵاوکراوەیەک بە زمانی تورکی و داکۆکی لە ستەمدیدە و مافخوراوانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی دەکرد. لە هەمان کاتدا، یەکێتییەکی

---

(×) لە دیدەنییەکی تایبەتیم لەگەڵ بەڕێز کەمال بورقای؛ سکرتێری گشتیی پارتیی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیادا بۆی باس کردم کە سەرەتای تێکۆشانی سیاسی لە ریزی پارتیی کرێکارانی تورکیاوە دەستی پێکردووە. (ق.ر.)

د. زوهێر عەبدولەلیک لە کتێبەکەیدا «الاکراد وبلادهم کردستان، بین سوال وجواب» لە لاپەڕەی (٧١)دا نووسیویەتی: "مەهدی زانا کە تێکۆشەر و سیاسەتمەدارێکی کوردە، سەرەتای ژیانی کرێکارێکی ساکار بوو، لە ڕیزی پارتیی کرێکارانی تورکیا پێگەیشت و بە یەکێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتییەکە و وەک تێکۆشەرێکی چەپ ناوی دەرکرد. ساڵی ١٩٧٧ بۆ سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر بە زۆربەی دەنگ هەڵبژێردرا، بە گورجوگۆڵی و چالاکانە کەوتە خزمەتکردنی شاری دیاربەکر و جەماوەرەکەی. لە دوای کودەتا فاشیستییە سەربازییەکەی ١٩٨٠ بە تاوانی شێواندنی هەستی نیشتمانی تورکیا درایە دادگای عورفیی عەسکەری و بە ٣٢ ساڵ زیندانیکردن حوکم درا. ماوەی ١١ ساڵ ژیانی لە بەندیخانەدا بەسەربرد. لە دوای بەردانی لە بەندیخانە لە تورکیا ڕایکرد و ڕووی کردە فەرەنسا. ساڵی ١٩٩٥ کتێبێکی بە ناوی «بەندیخانەی ژمارە ٥»ەوە بڵاو کردەوە و بە دوورودرێژی باس لە خراپیی ژیانی زیندانەکانی تورکیا دەکات.

لەیلا زانای هاوسەری کە ئەندامی پەرلەمانی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا بوو، بە هۆی دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی بە ١٥ ساڵ حوکم زیندانی کرا، ئەمە چەند ساڵە لەگەڵ چەند ناییبی کورد و هەزاران تێکۆشەرانی کورد و تورک لە بەندیخانە ژیان بەسەر دەبات.

تایبەت بە قوتابیانی کورد سازکرا و ژمارەی ئەندامانی لە بیست هەزار قوتابی تێپەڕی کرد.(×)

پارتیی کرێکارانی تورکیا لە ڕۆژی ٢٨/١٠/١٩٧٠دا کۆنگرەی چوارەمی خۆی بەست و بە دوورودرێژی دەرسی باری ژیانی سەخت و ناجۆری کوردەکانی تێدا کرا. کۆنگرە چەند بڕیارێکی گرنگی وەرگرت و بە سەرەتایەکی ڕەوا و ژیرانە دەژمێردرێت لە مێژووی پارتییەکی بە ڕەسەن تورکدا بەرانبەر بە گەلی کوردستان. بڕیارەکان بریتی بوون لە: "کۆنگرەی چوارەمی پارتیی کرێکارانی تورکیا ڕادەگەیەنێت کە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا گەلی کورد هەیە. لە سەرەتای دامەزراندنی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەوە، کە چینەکانی خاوەن دەسەڵات و چەوسێنەر بنیاتیان نا، سیاسەتی پاکتاوکردن و ئازاردانی ئەو نەتەوانەی تورک نین ستراتیژی سەرەکییانە، بە هەموو توانا و هێز و دەسەڵاتەوە تەقەلای ئەوەیان داوە (تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش لەسەر هەمان ڕێباز سوورن! ف.ر.) نەتەوەی کورد نەهێڵن و لەنێو بۆتەی نەتەوەی تورکدا بیتوێننەوە. ڕۆژێک لە ڕۆژان فەرمانڕەواکانی تورکیا، ئاشتیایەتی و دڵپاکییان بەرانبەر بەو گەلانەی لە ئاسیای بچووکدا دەژین ڕانەگەیاندووە، بەتایبەت دژی کوردەکان چەند جار بە ئۆپەراسیۆنی عەسکەری هەڵساون و هەرێمەکەیان وێران کردووە."(٥٥) هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو: "پێویستە سۆسیالیستەکانی تورک و کورد پێکڕا لە ریزی پارتیی کرێکارانی تورکیادا تێبکۆشن بە مەبەستی ئەنجامدانی پێداویستییەکانی گەلی کورد لە ژێر سەرکردایەتیی چینی کرێکاردا بۆ شۆڕشێکی سۆسیالیستی."(٥٦)

بڕیارەکانی کۆنگرەکە لە ناوەوەی تورکیا و وڵاتانی بیانیدا دەنگ و ڕەنگێکی پۆزەتیڤی دایەوە و بە سەرەتای گۆڕانێک لە مێژووی هاوکاری و هاریکاریکردنی خەباتی هاوبەشی چینایەتی و نیشتمانی لەنێوان هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ئەنادۆڵدا لە قەڵەم درا، کە دەبووە هۆی ڕیسواکردن و هەڵتەکاندنی ئایدیۆلۆژیای تورانیستی.

---

(×) لە دۆسیەی ٤٩ی ناجی کوتلای وەرگیراوە.

کەچی نووسەری کتێبی مێژووی «پارتیی کرێکارانی کوردستان، پ.ک.ک.» پارتیی کرێکارانی تورکیا بە پارتییەکی ڕەگەزپەرست و ڕەفتارفاشیست دادەنێت. تاوانی ناڕەوای[٥٧] ئاڕاستە دەکات. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەلام هەن و گەلێک لەو پرسیارانەی ئاڕاستەی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کوردی کوردستانی باکوورم کردوون، ئەو بۆچوون و هەڵسەنگاندنەی پ.ک.ک. بە هەڵە و لادانی مەزن دەزانم بەرانبەر بە ڕێباز و پرۆگرامی پارتیی کرێکاراتی تورکیا.(×)

(×) ساڵی ١٩٦٩ لە مۆسکۆ چاوم بە کۆمۆنیستێکی تورکی تورکیا کەوت، کە کەوتینە گفتوگۆ و پەیقین لەسەر باسی هێزەکانی چەپ و باری سۆسیۆلۆژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. باسی پرۆسەی گەلی کوردم هێنایە پێش، کۆمۆنیستە سەرلێشێواوەکە، بەست بوو و دووچاری دەمارگرژی بوو و بەبێ شەرمانە گوتی: لە وڵاتی ئێمەدا، تورکیا، کورد نییە. ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری ئەنادۆڵ دەژین تورکی شاخین. هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ نەتەوەی تورک نییە. کەچی مرۆڤپەروەرێکی تورکی وەک ئیسماعیل بێشکچی زیدەتر لە ١٥ ساڵ ژیان لە زیندانییەکانی تورکیا بەسەر دەبات و هەر لەسەر ئەوەی بەرگری لە مافی گەلی کورد دەکات.
شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو لە کتێبەکەیدا «کردستان والاکراد» لە لاپەڕەی ٤٦دا بەرگەلێکی لە نووسینی نووسەرێکی چەپی تورکیا (اوستونکل) هێناوەتەوە و کوردبوویەتی بە نموونە و شاهید لەسەر دڵسۆزی و پاکیی تێکۆشەراتی گەلی کوردستان. اوستونکل دەڵێت: "ئێمە چەند ساڵ لەگەڵ کوردەکان لە یەک بەندیخانەدا پێکڕا کۆکرابووینەوە و تورانیستەکان تەقەلای زۆریان دەدا کە لە یەکترمان دوور بخەنەوە. بە ڕاستی ئێمەی چەپە تورکەکان لە بەندیخانەدا ژیانمان یەکجار ناخۆش و دژوار و سەخت بوو. کۆمەک و یارمەتیدانی برا گیراوە کوردەکان نەبووایە، لە برسێتی و هەژاریدا دەمردین. چونکە لە بەندیخانەکەدا کۆمۆنیست و چەپەکانی تورکیا هەموو پەیوەندی و کۆمەکێکیان لێ قەدەغە کرابوو. ئەشکەنجە و فشاری زۆریشمان لەسەر سەپێنرابوو.
لە کوردستانی شەتەکدراو بە عیراقی عەرەبییەوە، ئێمەی کۆمۆنست و ئەندام و لایەنگرانی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و هەموو جەماوەری کوردستانی باشوور، ماوەی (٥٠) ساڵ بایەخی گرنگمان بە دۆزی فەلەستین دەدات. لە پێش ئاواتە سەرەکییەکانی خۆمان دادەنا. لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا، لە مانگرتن و خۆپێشاندانەکان لە نووسین و بڵاوکراوەکانمدا، دروشمی فەلەستین ڕزگار بکرێت، دەوڵەتی عەرەبیان بۆ دابمەزرێنرێت، وەک دوژمنی سەرەکیش تەماشای حکوومەتی ئیسرائیلمان دەکرد، کەچی بە داخەوە هەڵوێستی فەلەستینییەکان بە پێچەوانەوەی ئەوە دەرچوو. وەک زانراوە لە هەندێک هێرشەکانی ئەنفال و هێرشبردن بۆ سەر کوردستان، لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١دا، بەشداریان لەگەڵ هێزەکانی چەکداری حکوومەتی بەعسی عیراقدا کردووە و لەو کوشتوبڕ و هێرشانەی هێنایانە سەر کوردستان، بەتایبەت بۆ سەر شاری کەرکووک و گەرمیان. لەوە ناڕەواتر ئەوەیە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش حکوومەتە عەرەبییەکان، تەنانەت زۆرینەی ڕای گشتییان بە شک و گومانەوە تەماشای گەلی کوردستان دەکەن و هاوار یەکوو یەکوویان لێ هەڵساوە لەسەر ئایندەی خاکی عیراق و هەڵوێستییان بەرانبەر بە فیدرالیەت لاوازە و دۆستانە نییە! دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی بەسەر باری جیهاندا هاتوون، لەسەر هەمان عەقڵیەتی کۆن و شۆڤێنیستی ماونەتەوە.

دوابەدوای ئەقەلا و خۆڕاگیریی مێرانە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی پێشوودا، پارتیی دیموکراتی کوردستانی تورکیا کۆنگرەی بنیاتنانی خۆی سازکرد. بەڕاشکاوی و بەچەرگانە داوای مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لە کۆمارێکی دیموکراسیی تورکیادا کرد. کۆمیتەی مەرکەزیی پارتییەکە لە کۆبوونەوەی هەشتەمینی خۆیدا هەندێ گۆڕانی لە پرۆگرام و یاسای نێوخۆی پارتییەکەدا کرد. لە خاڵی دووەمیدا هاتبوو کە: "پێویست دەکات لەپێناو بەرگریکردن لە گەلی کوردستان و ئەنجامدانی مافە ڕەواکانی، ڕێکخراوی چەکداری ساز بکرێت. سەرگەرمانە ئەقەلا بدرێت بەرەیەکی بەربڵاو لە خەباتگێڕان دژ بە کۆلۆنیال و فیودال و کۆنەپەرستان پێک بهێنرێت، زۆرینەی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی و چەپی کورد کۆ بکاتەوە." لە خاڵی چوارەمی پرۆگرامەکەشدا هاتبوو کە: "پارتییەکە لەسەر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیای چینی کرێکار ڕەفتار دەکات."(٥٨)
ساڵی ١٩٧٥ بە نهێنی یەکێتیی لاوانی کوردستان، یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دامەزرێنران. لە زۆربەی شار و ناوچە کوردنشینەکان و شارە مەزنەکانی تورکیادا، وەک ئەنقەرە، ئەزمیر و ئەستەنبوڵدا، لقی ڕێکخراوەکان پێکهێنران. جموجووڵ و چالاکیی جەماوەری و نەتەوەیی گەرمگوڕی و جۆشی زێدەبەدەری تێکەوتبوو. ساڵی ١٩٧٧ ڕۆشنبیر و کەسایەتیی ناسراوی کورد؛ مەهدی زانا، بۆ پارێزگاری شاری دیاربەکر هەڵبژێردرا. کوردێکی پێشکەوتووخواز و هەڵگری بیروباوەڕی سۆسیالیستی. ئەم هەنگاوە یەکجار تورانییەکانی ناارام و دڵتەنگ کرد، بەتایبەت سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان، کە حەفتاپێنج ساڵە خۆی بە پاسەوانی پاراستنی کەمالیزم دادەنێت، ئۆقرەی لێ هەڵگیرا. دیسان ساڵی ١٩٨٠ بە کودەتایەکی عەسکەری هەڵسان و دەستەڵاتی وڵاتەکەیان خستەوە ژێر چنگی خۆیان، کەوتنەوە پەلاماردان و هێرشبردن بۆ سەر گشت ڕۆشنبیر و تێکۆشەرانی تورک و کورد و کەمەنەتەوەکانی تر. کەشوهەوایەکی تیرۆریستی و دژواریان خوڵقاند. لە ماوەیەکی کورتدا پێنجسەد خەباتگێڕ دران بە دادگای عەسکەری و داوای ئیعدامکردنی بیستوسێ تێکۆشەریان کرد. لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان و لێدان و تێهەڵداندا، (٣٣) تێکۆشەر گیانیان لە دەست دا و چوونە ڕیزی شەهیدانی ئازادییەوە(٥٩) بە هەزاران خوێندەوار و کوردپەروەران دووچاری ڕاکردن و دەربەدەری و ئاوارەبوون بوون.
لە گەرمەی جموجووڵ و کێشەکاندا، لە گێژەنی ئەو تەنگوچەڵەمانەی

سەرانسەری تورکیایان گرتبووەوە، ژمارەیەک لە کۆڕ و کۆمەڵ و پارتیی چەپی کوردی و تورکی، سەرگەرمانە، کەوتبوونە تەقەلادان و تێکۆشانی جۆراوجۆر. لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان(×)

(×) عەبدوڵڵا ئۆجەلان: ساڵی ١٩٤٩ لە خێزانێکی جووتیاری هەژار لە گەندی «ئومەرلی»، پارێزگای «ئورفە» هاتووەتە دونیاوە. وەک خۆی ڕایگەیاندووە، دایکی بە ڕەچەڵەک تورکە. لە سەرەتای ژیانیدا هەست بە چەوسانەوە و ژیانی سەختی نەتەوەی کورد دەکات. پلەی خوێندنی دەگاتە کۆلێژی زانیاریی سیاسی. پەیوەندی و ئاشنایی لەگەڵ گرووپەکانی چەپی «ئەنقەرە» پەیدا دەکات. ساڵی ١٩٧٨ بە هاوکاری چەند هەڤاڵێکی بنیاتنانی پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.) ڕادەگەیەنێت. دوای ماوەیەک تورکیا بە جێ دەهێڵێت و ڕوو لە سوریا دەکات، بنکە و پێگەی سەرەکی لە دەشتی «بقاع»ی لوبنان ساز دەکات. ساڵی ١٩٩٨ حکوومەتی تورکیا بە تەواوی کەوتە هەڕەشەکردنی توند و چاوسوورکردنەوە لە سوریا، مانگی ئەیلوولی ١٩٩٨ لە سوریا دەرکرا، هیچ وڵاتێک بە خۆیەوە نەگرت و ڕووی کردە «ڕۆما»ی پایتەختی ئیتالیا. لە ئاکامی چالاکینواندنی هەزاران کورد و دیموکراتیخوازان، ڕۆژی ١٩٩٨/١١/١٩ ئیتالیا ڕایگەیاند کە ئۆجەلان نانێرێتەوە بە تورکیا. [تەنانەت ١٥ کەس زێدەتر خۆیان بە مەبەستی بەرگریکردن لە ئۆجەلان سووتاند!] ئۆجەلان ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٢٥ لە ڕێگای ئاژانسەکانی دونیا و تەلەفیزیۆنی مەد تیڤی (Med TV)یەوە ڕایگەیاند کە ئامادەن لەگەڵ تورکیا ڕێک بکەون بەو مەرجە تورکیا دان بە حەفت خاڵدا بنێت. ئەمەش خاڵەکانن:

١- سوپای تورکیا واز لە تێکدانی لادێیەکانی کوردستان بهێنێت.
٢- کوردە دەرکراوەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و شوێنی خۆیان.
٣- هێزی پاراستن [مەبەستی کوردە خۆفرۆشەکان بوو] چەکیان لێ وەربگیرێتەوە
٤- حکوومەتی تورکیا دان بە ئۆتۆنۆمیدا بۆ کوردەکان بنێت.
٦- تورک چ مافێکی هەیە هەمان ماف بە کوردەکان بدرێت.
٧- سەربەستیی سیاسی و ئایینی و فرەلایەنی لە کوردستانی باکوور پیادە بکرێت.

حکوومەتی تورکیا هەر گوێشی بەو خاڵانە نەدا و بە توندی ڕەتی کردنەوە. ڕۆژی ١٩٩٩/١/١٦ بە فرتوفێڵ و پلانی نێودەوڵەتی ئۆجەلان «ڕۆما»ی جێهێشت و دوای ٤٨ سەعات لە پایتەختی کینیا «نایرۆبی» کەوتە دەستی دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی تورکیا و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە، سووکایەتیپێکردن و ئەشکەنجەدان گەیەنرایەوە نێو بەندیخانەکانی تورکیا و لە دوورگەی «ئیمرالی» کەوتنە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا. هەڵوێستی خۆی و پارتییەکەی بە تەواوی دژی کەمالیزم گۆڕی و دروشمی لە تورکیایەکی دیموکراتیدا بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتییانەی چارەسەری کێشەی گەلی کوردستانی بەرز کردەوە، کەچی عەقڵیەتی ئورانیستی کۆنەپەرستی تورکیا گوێی بە هیچ نەدا. دادگا حوکمی ئیعدامکردنی دا و لە بەندیخانەی تاکەکەسی لە «ئیمرالی» چاوەنۆڕی دواچارەی خۆی دەکات.

هەر لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستانی باشوور، ساڵی ١٩٩١، و ڕزگاربوونی لە ژێر چنگی حوکمی دیکتاتۆریەتی بەعسی عێراق، هەڵوێستی پ.ک.ک. دژی بارە تازەکەی هەرێمەکە و حکوومەتە فیدرالییەکەی کوردستانی باشوور، یەکجار ئاژەوا گۆڕا و پڕ لە هەڵە و زیانبەخش و کورتبین بوو و بە هیچ شێوەیەک بەرژەوەندیی گەلی کوردستانی تێدا پەی نەدەکرا. (ف.ڕ.)

قوتابی دەبێت لە کۆلێژی سیاسیی زانکۆی ئەنقەرە، پەیوەندی و ئاشنایی لەگەڵ ژمارەیەک لە قوتابییە مارکسیستەکانی تورک و کورددا پەیدا دەکات، دەکەونە سەرقاڵی دارشتنی بناغەی پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.). رۆژی ١٩٧٩/٣/٩ رۆژنامەی «جمهوریە»ی تورکیا کۆمەڵێک لە بڕیارەکانی سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان بڵاو دەکاتەوە. قەدەغەکردنی بیست گۆڤار و رۆژنامەی چەپەکان، هەندێکیان بە زمانی تورکی و کوردی دەنووسران، رادەگەیەنن کە نابێت لە شارەکانی ئەدەنە، غازی ئەنتاب، ئورفە و مووش بڵاو بکرێنەوە. هەروەها گۆڤاری «رزگاری» و «رۆژی وڵات» و «دیموکرات غینجلیک» وەستێنران. گۆڤاری یورم «URUM» لە لاپەڕە پێنجی ژمارە حەوتی ساڵی ١٩٧٩دا بڵاوی کردەوە، کە فەرمانڕەواکانی تورکیا هێرش و پەلاماردانەکانیان بۆ سەر کوردەکان یەکجار توندوتیژ کردووە. بەم کارەش کاردانەوەی کوردەکان توندتر و دژوارتر دەبێت. هەروەها گۆڤارەکە ناوی پارتیی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، پارتیی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا، پارتیی رزگاریی کوردستان، ئاڵای رزگاری، پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.) و گرووپی تێکۆشین و کاوەی هێنابوو کە زۆربەیان سەریان هەڵداوە و کەوتوونەتە چالاکینواندن و لە ژێر کاریگەریی مارکسیزمدا بزووتنەوە و دروشمەکانیان ئەنجام دەدەن.

تۆرانیستەکان وەک شێت و هاریان بەسەر هاتبوو، پەلیان بۆ هەموو لایەک دەهاویشت، کۆششی ئەوەیان دەکرد بە هەر شێوە و نرخێک بێت بەرپەستی بزووتنەوەی رێکخراوە کوردستانی و چەپەکانی تورکیا بکەن. لەمەش زیدەتر بەڵگەنامەی مێژوویی گەلێک زۆر هەن لەسەر ئەوەی کە تورکە تۆرانیستەکان، لە سەرەتای بنیاتنانی کۆمارەکەیانەوە تا رۆژگاری ئەمرۆکە، ساتێک بەوە رازی نەبوون کە هەر تەنیا لە سنووری دەوڵەتەکەی خۆیاندا دژایەتیی نەتەوەی کورد بکەن، بەڵکوو بە درێژایی حوکمڕانییان پلان و نەخشەی لەناوبردنی گەلی کوردستانیان کردووە بە ستراتیژی سەرەکیی خۆیان.

هەردەم مەبەستیان بووە کە نەهێڵن لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکە گەشە بکات.(×)

ڕۆژی ١٩٨١/١٠/١٩ سەرۆککۆمار ژەنراڵ کەنعان ئیڤرین لە دیدەنییەکدا لەگەڵ پەیامنێری گۆڤاری «دیر شپیگڵ»ی ئەڵمانیا گوتبووی: "کورد هەیە، بەڵام ماوەیان پێ نادرێت وڵاتەکەمان لەت بکەن. تەقەلا دەدەین ئەوەی پێمان بکرێت ڕەگوریشەیان هەڵبکێشین و نەیانهێڵین."

لە پێش کودەتا سەربازییەکەدا بە ماوەیەکی کەم چەند نووسەر و ڕۆشنبیری کورد سەردانی پارێزگاری ئەنقەرە دەکەن و داوای ماوەپێدانی ڕۆژنامەی «ڕۆژی وڵات» دەکەن کە بە تورکی و بە کوردی دەریبهێنن، کاربەدەستەکە بە دەمارگرژی و هەڕەشەکردنەوە گوتبووی: "دەتوانن بە هەر زمانێک ڕۆژنامە دەربهێنن تەنیا کوردی نەبێت، ئەوەی سەرپێچی بکات سەری دەپەڕێنین."(٦٠)

تورکیا کەوتە قۆناخێکی تازەوە، باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فیکری و فەرهەنگی گۆڕانیان بەسەردا هات و ڕۆڵ و توانای چینی بۆرژوا لە کۆمەڵگاکەدا یەکجار زیادی کرد. پیشەسازی پێشکەوت، کارخانە و کارگەی مەزن و گرنگ لە گەلێک شوێن پەیدا بوون و تەکنیکی زانستییانەی باڵا بە فراوانی بە کار دەهێنرا. چینی کرێکار لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتییەوە ڕۆڵی

(×) بگرە لە ڕێککەوتننامەی سەعدئابادەوە ساڵی ١٩٣٧ و پەیمانی دووقۆڵیی نێوان عیراق و تورکیا ١٩٤٦ لە خاڵەکانی پەیمانی سنتۆی ١٩٥٥، یارمەتیدانی تورکیا بە گەلێک شێوە بۆ کودەتاچییەکانی ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی عیراق، تا ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە ساڵی ١٩٨٠ لەنێوان حکوومەتی بەعسی عیراق و ژەنراڵە فەرمانڕەواکانیدا مۆرکرا. بەپێی ڕێککەوتننامەکە دەروازە بۆ هێزەکانی سوپای تورکیا خرایە سەر پشت، کە دەتوانن بەپێی مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان هەر کاتێک مەبەستیان بوو بە درێژایی سنووری نێوان هەردوو وڵات و بە پانیی ٢٠ کیلۆمەتر هێرش و پەلامارەکانیان بۆ سەر تێکۆشەرانی کوردی باکوور ئەنجام بدەن.
بە داخەوە لە دوای شەڕی کورد کوژیکوژیی نێوان پارتی و یەکێتی و هەڵوێستی چەوتی پ.ک.ک. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بوارێکی لەبار بۆ سوپای تورکیا و دیپلۆماسیەتی ڕەخسا کە بەپێی بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان و عەقڵیەتی تۆرانیستان گەر و سوور و تەراتێن لە زۆربەی ناوچە سەرەکییەکانی کوردستانی باشووردا بکەن. ئاکامی ئەمەش زیانبەخش و ناڕەوا و ترسناکە و پێویستە مەحکوم بکرێت.

کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەبوو. جووتیار و هەژارەکانی لادێکان ناچار بوون شوێنەکانی خۆیان بە جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە شارە مەزنەکان و ئەو شوێنانەی کار و نانیان لێ دەست دەکەوێت. زانکۆ و کۆلێژ و فێرگە و پەیمانگای زۆر، بە زمانی تورکی، لە زۆرینەی هەرێمەکانی ئەنادۆڵدا کرانەوە. چەوسانەوەی جەماوەر فراوانتر بوو و کەلەبەر و کێشەی توندوتیژ لەنێوان چینی بۆرژوا و زەحمەتکێشاندا شێوەی قووڵتر و دژوارتری بە خۆوە دەگرت. جگە لە ڕووداوەکانی ناوەوەی تورکیا، لە وڵاتە بیانییەکانیش ئاڵوگۆری بنەڕەتی بەسەر بارەکانیان دەهات.

ئەو وڵاتانەی لە ژێر چنگی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمدا بوون، یەک دوای یەک، سەربەخۆی و ئازادیی وڵاتەکانی خۆیانیان بە دەست هێنا. لە جەرگەی مترۆپۆلیش چینی کرێکار و ڕەنجدەران لەپێناو ژیانی کامەرانتر و خۆشگوزەرانیدا، چالاکانە، تێدەکۆشان، کەچی فەرمانڕەواکانی تورکیا هەر سوور بوون و سوورن لەسەر ڕێبازی کۆن و ئایدیۆلۆژیای تورانیستی و کەمالیستی بە ڕێبازێکی موقەددەس دەزانن. بە تەواوی لەو بڕوایەشدان کە نابێت بە هیچ شێوەیەک گۆڕانکاری بەسەر سیستەمەکەدا بێت.

لە پێش ئەم بڕگانەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ١٩٨٠/٩/١٢دا کودەتایەکی عەسکەری ڕوویدا و کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات و دەوڵەتەکە کەوتە دەست ژەنراڵەکانی سوپا، زەبر و زیانی قورسیان بە ڕێکخراو و هێزە سیاسی و جەماوەرییەکان گەیاند.

خەڵکی کوردستان و سەرتاپای چەپەکانی ئەنادۆڵ فشار و ئەشکەنجەی زۆریان دەکرایە سەر و کۆسپ و ئاستەنگی ترسناکیان دەخرایە پێش. بە هەزاران ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازان کەوتبوونە بەر شاڵاوی هەڕەشە و ترساندن وگرتن و زیندانیکردن، ژمارەیەکی زۆریش لە سەرکردە و کادیر و لایەنگرانی ڕێکخراوە نهێنییەکان، تورکیایان بە جێ هێشت و ڕایانکردە وڵاتانی بیانی و هەر زوویش کەوتنەوە چالاکیتواندن و گورجوگۆڵی دژی دیکتاتۆریەت و کودەتاچییەکان!

پێش کودەتاکە بە ماوەیەک دامەزرێنەرانی پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.)[×] ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٧ توانیان بە نهێنی لە گوندی «سیڤەرک» نزیک شاری دیاربەکر یەکەم کۆنگرە ساز بکەن و سەرگەرمانە کەوتنە نێو گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی و تەقەلادان.[٦١]

ساڵی ١٩٨٢ ڕێکخراوی ئازادیخوازی کوردستان (کوک)، کە یەکێک بوو لە ڕێکخراوە کوردییە شۆڕشگێڕەکان بە توانا و ڕێبازی ڕێکوپێکی بێگەرد ناوی دەرکردبوو، کۆنفرانسی دووەمی خۆی بەست و لە ڕاپۆرتێکی دوورودرێژدا باری کوردستان و تورکیایان دەرس کرد و بڕیاریان لەسەر وەرگرت. دەقی ڕاپۆرتەکەش لە نامیلکەیەکدا بە ناوی (خەبات)ەوە بڵاو کرایەوە و وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی و کۆمەڵێک ڕاوبۆچوونی سەرنجڕاکێشەری تێدا بەدی دەکرا. خۆ ئەگەر ڕاپۆرتەکە لەگەڵ پرۆگرام و ڕاوبۆچوونی هەر پارتییەکی کۆمۆنیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەراورد بکرێت، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت. بە تێروتەسەلەی باری دژوار و ئاڵۆزی کوردستان و تورکیایان دەرس کردبوو، کۆمەڵێک هەڵوێست و بڕیاری ڕاست و زانستیانەیان وەرگرتبوو و جەختیان لەسەر ئەوە کردبوو کە بە یەکگرتن و هاوکاریی گشت هێز و پارتی و گرووپە کوردستانییەکان نەبێت، ڕزگاربوونی گەلی کوردستان لە چنگ سیستێمی کەمالیزم مەحاڵە.[٦٢]

لە ١٩٨٤/٨/١٥دا پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.) خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی ڕاگەیاند. بە تەوژم و سەرگەرمانە هاتنە گۆڕەپانی خەباتەوە و لە پرۆگرام و دروشم و بڵاوکراوەکانیدا وەک پارتییەکی مارکسیست خۆی پێشان دەدا. هەر لە سەرەتاوە کەوتە دژایەتیکردنی گشت هێز و پارتییەکانی تری گۆڕەپانەکە و جۆرەها شێوازی تێرۆریستی و کوشتوبڕی گرتە بەر و ژمارەیەکی زۆر لە کوردپەروەرانی دڵسۆز و خەڵکی

---

(×) لەم بەشەی کوردستانی باکووردا، وانەیەکی دوورودرێژ و تایبەت بە (پ.ک.ک.)م نووسیوە و پاشان دێتە پێش خوێنەر.

ساکار تێرۆر کران، حکوومەتی تورکیا کردەوە چەپەڵەکانی پ.ک.ک. و شەڕی کورد کوردکوژی بە هەلی زێڕین وەرگرت. لە ڕووی عەسکەرییەوە ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەوە دژی هەموو گەلی کوردستان و بزوتنەوەی ڕەواکەی، هەڵوێستی خۆی تیژتر کرد و سوودی زۆری بە دەست هێنا.

ڕۆشنبیر و ئاوارەبووەکانی دەرەوەی وڵات کە دووچاری دەربەدەری هاتبوون یەکجار نائارام و دڵپەست بوون، بەتایبەت بەرانبەر بەو بارە ناهەموار و دژوارەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری ئەنادۆڵ پەرەیدەستاند. لە لایەکی تریشەوە سەرقاڵی ئەوە بوون چۆن و بە چ ڕێبازێک زەمینەی لەبارتر بڕەخسێنن کە باری تورکیا بگۆڕێت و دەسەڵات و حوکمڕانی لە چنگی ژەنراڵە دیکتاتۆرەکان دەربهێنرێت و کۆمارێکی دیموکراسی لە شوێنیدا بنیات بنرێت و دەرفەت بۆ گەلی کوردستان هەڵبکەوێت بە ئاواتە ڕەواکانی بگات.

دووقۆڵی و زێدەتر، کۆڕ و کۆبوونەوە، بە گفتوگۆ و ئاووتوێکردن لە هەموو ڕوویەکەوە باری وڵات و گەلەکەیان دەرس دەکرد، تا گەیشتنە سەر ئەو بڕیارەی کە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٤دا چەند ڕێکخراوێک لەسەر دامەزراندنی نیمچەبەرەیەک لە ژێر ناوی «پەیمانی یەکێتیی چەپی تورک و چەپی کوردستان»دا پێکهاتن. لە نامیلکەیەکی ٣٦ لاپەڕەدا ئامانجی گشت چەپەکان بڵاو کرایەوە. هەر خوێنەرێک یان توێژەرەوەیەک بەوردی پرۆگرامەکە بخوێنێتەوە، یەکسەر بۆ دەردەکەوێت کە پرۆگرامێکی شۆڕشگێڕی تێروتەسەلە و دڵسۆزانە بە گیانێکی گەشبینی و ڕووناکبینییەوە داڕێژراوە. ئەوەرێک نەمابوو ئاماژەی بۆ نەکرابێت. پرۆگرامەکە بریتی بوو لە (٣٧) خاڵ، لە لاپەڕەی (٣٥)دا بەم برگەیە کۆتایی بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە دەهێنن:

"ئاواتی پرۆگرامی یەکێتیی دیموکراتی ئەوەیە، کە تێدەکۆشێت یەکێتییەکی پتەوی فراوانی بەردەوام، لە هێزەکانی دیموکراتی، ئاشتیخواز بنیات بنرێت. ببێتە پێگە و بەردی بناغەی تێکۆشانی جەماوەری، کرێکاران، هەژار و زەحمەتکێشان، ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازان بۆ کۆڕی خەباتی پیرۆز ڕابکێشێت، بۆ جێبەجێکردن و پیادەکردنی ئەو ئامانجانەی لە پرۆگرامەکەدا

هاتوون، کە دامالین و قاودانی سیستێمی دیکتاتۆریەت بە ئەرکی یەکەمی سەرەکی دادەنێت. ڕێککەوتننامەکە بانگهێشتنی هەموو گرووپ و کەسایەتی و ئەو هێزانە دەکات کە بیروبڕوا و بۆچوونیان لەگەڵ ڕێبازی یەکێتیی چەپ یەکتری دەگرێتەوە و لە یەکتری نزیکن و بۆ هەمان ئاواتی سەرەکی دەخەبتن. ڕێککەوتننامەکە لە ژێر ناو و مۆرکی ئەو تێکۆشەرانەی خوارەوەدا بڵاو کرابووەوە:

١- سەرهاد دیجلە، ئەمینداری گشتیی پارتیی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستانی تورکیا.

٢- پەمیجە بوزان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی تورکیا.

٣- تەسلیم تورە، ئەمینداری گشتیی پارتیی کاری شیوعی، تورکیا

٤- حەیدەر کوتلو، ئەمینداری گشتیی پارتیی کۆمۆنیستی تورکیا.

٥- کەمال بورقای، ئەمینداری گشتیی پارتیی سۆسیالیستی کوردستان، تورکیا.

٦- ئەحمەد قاچمس، سەرۆکی پارتیی کرێکارانی سۆسیالیست، تورکیا(٩٣)

ڕێککەوتنەکە تەمەنی کورت بوو، ڕێکخراو و پەلوپۆی لە ناوەوەی تورکیا لاواز بوو، ڕۆڵیان لە جموجووڵ و چالاکییە جەماوەرییەکاندا دەرنەدەکەوت. تەنانەت لە ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەشدا بێ توانا بوون.

باری سیاسی و کۆمەلایەتی لە تورکیا تا دەهات بەرەو خراپتر دەڕۆیشت. لە هەرێمەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ، هۆش و هەستی کوردایەتی، خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی پەرەیان دەستاند. باری ناهەموار، ئاژاوە، ئالۆزی و شلەژان، تەنگوچەڵەمە، یاخیبوون و سەرپێچیکردن دژی دامودەستگا و ئامێرەکانی دەوڵەت لە گشت سووچ و ناوچەیەکدا لە زیادبووندا بوو. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەت دەربەدەر و ئاوارەبووەکان، هەڵمەتی گورج و گۆڵیان دەنا، کە ڕۆڵیان لە کاروانی تێکۆشانی کز نەبێت.

ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٨ لە هەندەران یەکێتییەکی تری چەپ و پێشکەوتووخوازی کورد لە ژێر ناوی «بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان (تەڤگەر)» ڕاگەیەنرا و لە بەیاننامەی یەکەمیاندا هاتووە:

بۆ ڕای گشتی:

ئێمە هەشت هێزی شۆڕشگێڕی نیشتمانین، لە پارچەی کوردستانی داگیرکراو و لە لایەن تورکیاوە، ڕێککەوتین لەسەر دامەزراندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان (تەفگەر)، ئامانجی ئازادکردنی وڵاتەکەمانە، کە سەدان ساڵە لە ژێر دەستی داگیرکەراندایە، تێدەکۆشین زنجیر و تەوقی ستەمکارانەی دوژمن لە ئەستۆی گەلەکەمان بشکێنین، دەوڵەتێکی دیموکراتی لە کوردستان ساز بکەین، کۆمەڵگا دواکەوتووەکەی کوردەواری بەرەو پێشکەوتن و ژیانی بەختیاری و مۆدێرن بەرین."(٦٤)

لە شوێنێکی تری پرۆگرامەکەدا دێتە سەر باسی خەبات و قوربانیدانەکانی نزیک و دووری گەلی کوردستان کە لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادیدا ئەنجام دراون و دەگاتە سەر ئەو برگەیە: "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان (تەفگەر) بە پێشوازییەکی گەرموگوڕ و ڕێزگرتن دڵسۆزانە داوا لە گشت ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵ، کەسایەتییە نیشتمانپەروەر و دیموکراتیخواز و شۆڕشگێڕان دەکات، ئەوانەی هەمان ئامانجی ئێمەیان هەیە، بێنە ڕیزی تەفگەرەوە، بە مەبەستی پیادەکردنی ئاواتەکانی هاوبەشمان."(٦٥)

پرۆگرام و ئامانجەکانی تەفگەر بە ڕێکوپێکی، ژیرانە، لە چوار بەش پێکهاتبوون و هەر بەشێکیش بریتی بوو لە چەند خاڵ. ئەوەی نامیلکەکە بخوێنێتەوە، جیاوازییەک لەگەڵ ڕێباز و پرۆگرامی پارتییە کۆمۆنیستەکان و هەڵسەنگاندن و بۆچوونی هەر هێزێکی چەپدا ناکات.

پرۆگرام و بەیاننامەکە بە مۆرکی هەشت ڕێکخراو بڵاوبووە و ئەمانە بوون:

١- ئاڵای ڕزگاری، خالید ئەکرەم دەلان.

٢- بزووتنەوەی ڕزگاری کوردستان، ڕێبازی سۆسیالیست، ئەحمەد ڕێباز.

٣- پارتیی هێزی نیشتمانی کوردستان، حازم قلیچ.

٤- پارتیی دیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی نەتەوەیی، حەمەڕەش ڕەشق.

٥- پارتی پێشرەوی کرێکارانی کوردستان، سەرهاد دیجلە، محەمەدعەلی چلگن.

٦- پارتیی سۆسیالیستی کوردستان، کەمال بورقای.

٧- یەکێتیی سۆسیالیستی کوردستان، ئیبراهیم گچلەر (سەلیم).

٨- شۆڕشگێڕانی کوردستان.(٦٦)

پەیوەندی و جموجووڵ و نواندنی هەندێ چالاکیی سیاسی و ڕاگەیاندن لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی تەڤگەرەوە تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو، بە هۆی کۆمەڵێک گۆڕان و گۆڕانکاری کە بەسەر باری کوردستاندا و بەتایبەت کوردستانی باکووردا هاتن و ئەو شکستی و تێکچوونەی بەسەر وڵاتانی سۆسیالیستی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و هێزەکانی چەپدا هاتن، ناو و دەنگی تەڤگەر لە گۆڕەپانی سیاسی و نەتەوەییدا کز بوو و هەندێکیان بە یەکجارەکی نەمان و پەرت و بڵاوەیان لێ کرد. ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەی بچووک بچووکیان، بەتایبەت لە دەرەوەی تورکیا، پێکهێنایەوە.

## ١٠- سەرەتای ئاڵوگۆڕی نوێ لە تورکیادا

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، گۆڕان و گۆڕانکاریی جۆراوجۆر بەسەر باری جیهاندا دەهات، نەک هەر تەنیا لە رووی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵکە پێشکەوتنی زانست، کۆمپیوتەر، ئەلەکترۆن و ئەتمەتە یەکجا بە خێرایی میکانیزمی ژیانیان بەرەو پێش دەبرد. ڕۆڵی کاریگەریشی دەکردە سەر باری تورکیا و دراوسێیەکانی. شلۆقی و هەژاندن و سەرخستن و ژێرخستنی لە پەیوەندییەکانی سەرخان و ژێرخانی لە وڵاتەکان پیادە دەکرد. تورکیا لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەدایە کە چەندین ساڵە ئارامی و باری چەسپاوی بە خۆوە نەبینیوە! لە قەیران و تەنگوچەڵەمەی قووڵدا دەژی. سەرتاپای ئەو کۆمەک و پشتگیرییەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و پەیمانی ناتۆ(*) پێی

---

* پەیمانی ناتۆ (پەیمانی ئەتڵەسی) ڕێککەوتنێکی عەسکەری و سیاسییە لە نێوان وڵاتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، تورکیا، یۆنان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدادا. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشووەوە بە مەبەستی بەربەرەکانێکردنی بزووتنەوەی پارتە کۆمۆنیستییەکان و دروستکردنی هێزێکی عەسکەری بەهێز و توانا دژی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیست. لە دوای هەرەسهێنانی بەرەی وڵاتانی سۆسیالیست و هەڵوەشانەوەی پەیمانی وارشۆ، ناتۆ کەوتووەتە پەلدرێژکردن بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا.

دەبەخشرێت، بێهوودەیە. ڕزگاربوونی نییە و ناگاتە لێواری دیموکراسییەت و ئاشتی و ناتوانێت ببێت بە دەوڵەتێکی پێشکەوتووی مۆدێرن.

لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە مشتێک ڕووداوی گرنگی سەرەکی دەکەم، کە دەنگ و ڕەنگیان لەسەر گەلەکانی ئاسیای بچووک و ڕژێمی تورکیا یەکجار بەهێزە. ژەنراڵەکانی سوپا، دوای چەند ساڵ لە حوکمڕانیکردن بە ئاگر و ئاسن و دادگای عورفی، باری وڵاتەکەیان زێدەتر تێکوپێک دا و شێواند و لە ئەنجامدا ناچارکران لە کار بکشێنەوە و کورسیی حوکم بە جێ بهێڵن!

تورگوت ئۆزال(×) کە کادیرێکی تەکنۆکراتی زانا و لێهاتوو بوو، کرا بە سەرۆککۆمار! هەر لە سەرەتاوە پەڵێنی دا کە تێدەکۆشێت باری گشتیی تورکیا بگۆڕێت. دژی تاوان و خراپەکاریی دەجەنگێت، سەروەریی قانوون و پاراستنی مافی مرۆڤ بە ئەرکی سەرەکیی کابینەکەی خۆی دادەنێت. پارتییە کلاسیکییە ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرستەکان سەریان هەڵدایەوە و ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەی کەوتەوە ژێر چنگ. هەلی تازە بۆ ڕۆشنبیر و تێکۆشەرانی کورد ڕەخسا، سوودیان لەو کەشوهەوا نوێیە وەرگرت و خۆیان لە پارتییەکی ئاشکرای دیموکراسیدا ڕێکخست، کەوتنەوە تەقەلا و بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و ئاداب و نەریتی نەتەوەیی کورد. لە هەمان کاتدا بزووتنەوەیەکی ئایینیی ئیسلامیی بەربڵاو لە

---

(×) تورگۆت ئۆزال، ساڵی ١٩٢٧ لە شاری «مەلاتیە» هاتووەتە دونیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە چەند شارێکی ئەنادۆڵ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٠ لە زانکۆی ئەستەنبوڵ کۆلێژی کارەبا تەواو دەکات و دەبێت بە ئەندازیاری کارەبا. ساڵی ١٩٥٢ دەچێتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خوێندنی باڵا تەواو دەکات. لە دوای ساڵی ١٩٦٠ دەبێت بە مووچەخۆرێکی گەورەی دەوڵەتی تورکیا. ساڵی ١٩٨٣ دەبێت بە سەرۆکی وەزیران و پارتیی دایکی نیشتمانی دایک (ANAP) دادەمەزرێنێت. نێوان ١٩٨٣ تا ١٩٨٩ لە سەرۆکایەتیی وەزیراندا دەمێنێتەوە. لە دواییدا دەبێت بە سەرۆککۆمار. ڕۆژی ١٩٩٣/٤/١٧ بە نەخۆشیی دڵ دونیا بە جێ دەهێڵێت. ئۆزال، هۆشمەند و سیاسەتمەدارێکی بەتوانا بوو، خوازیار بوو گۆڕانی بنەڕەتی لە سیستێمی کۆماری تورکیا پیادە بکات و سەر نەکەوت.

لە کتێبی (تورکیا فی الزمن المتحول)ەوە وەرگیراوە.

ژێر ناوی پارتییەکی سیاسیی بەهێزدا کەوتە دژایەتیکردنی ڕێبازی عیلمانیەتی(×) وڵاتەکەیان، بە قەبارەیەکی مەزنی بەتوانا، کەوتە جموجووڵ و چالاکی نواند و هێرشی بردە سەر هەندێک خاڵی دەستووری ١٩٢٥ کە مستەفا کەمال دایڕشتبوو. تەنانەت بۆ ماوەیەک سەرۆکی پارتییەکە گەیشتە سەر کورسیی سەرۆکوەزیرانی تورکیا! گۆڕانێکی چۆنیتی بەسەر باری باشووری وڵاتەکەشدا هات. لە ئاکامی هێرش و پەلاماردانی عیراق بۆ سەر کوێت و تێکشکانی تەواوی لە سەرەتای ١٩٩١دا لە شەڕەکەدا، ڕاپەڕینی چەکداریی جەماوەری لە کوردستانی باشوور بەرپا بوو، دامودەستگاکانی ڕژێمی عیراق خۆیان پێ ڕانەگیرا و لە هەرێمەکە دوورخرانەوە. زۆرینەی دەڤەرەکە کەوتە ژێر پاراستنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنساوە و سەرەتای بار و ژیانێکی ئازاد بۆ گەل هاتە کایەوە. دەستەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتیش کەوتە ژێر چنگی دوو هێزی کوردستانی بەتوانا؛ پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق. دوا بە دوای ئەو هەموو کارەسات و وێرانکردن، ئەنفال و قڕکردن، کیمیاباران و ڕاگوێزان و خاپوورکردنە، گەلی کوردستانی باشوور و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییمان بە تەوژم و پڕتاو هەڵسایەوە سەر پا و ورە بەرز بووەوە، هەست و نەستی پیرۆزی کوردایەتی ڕەگاژۆتر و فراوانتر کەوتە گەشەکردن و پەرەسەندن.

---

(×) عیلمانیەت: بەو سیستێمە دەگوترێت کە یاسا سەرەکییەکەی لەسەر بناغەی زانستی و گۆڕان و گۆڕانکاریی سەردەم دادەڕێژرێت. سەرفرازیی ئایینی و بیروباوەڕ بۆ هەموو دانیشتووانی وڵاتەکە وەک یەک تەماشا دەکرێن. بە پێچەوانەی دەوڵەتی ئایینی، کە کتێبێک لە کتێبە ئاسمانییەکان دەکەن بە دەستووری بنەڕەتیی دەوڵەت و گشت بڕیار و یاسایەک لەو کتێبەوە وەردەگرن.

لە ماوەیەکی کورتیشدا پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.) لە بوار شەڕی پارتیزانی، خەباتی چەکداری و نواندنی گورجوگۆڵی لە کاری سیاسی، فیکری و ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەدا بوو بە هێزێکی بەتوانا. ڕایەڵی ڕێکخراوەکانی، لایەنگر و هەوادارانی لە ناوەوەی ئەنادۆڵ و کوردە ئاوارەبوو و دەربەدەرەکان لە وڵاتانی دونیادا پەرەیسەند. سەرنج و ڕووی وڵاتانی بیانی و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کەوتنە لێدوان و باسکردنی کێشەی کورد و خاکی کوردستان. ئاژانسەکان بایەخیان بە هەواڵەکانی کوردستان دەدا و بڵاویان دەکردنەوە.

پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.) هەر دوای ساڵی ١٩٩١ بارە تازەکەی کوردستانی باشووری بە هەلی زێرین قۆستەوەدا بە نهێنی و ئاشکرا کەوتە ناردنی چەکدار و چەک، پارە و پوول، خەڵکراکێشان بۆ لایەنگرییان. عەبدوڵڵا ئۆجەلان ستراتیژی ڕێبازی سەرەکیی پارتییەکەی نەدەشاردەوە، کە بریتی بوو لە دەستبەسەرداگرتنی هەرێمەکە بە شێوەیەک کە پ.ک.ک.ش ببێت بە خاوەن دەسەڵات و بڕیاروەرگری سەرەکی لە هەرێمەکەدا. ئەو ڕێبازە چەوتە تێکدەرییەی گرتیانە بەر، بوو بە هەوێنی سەرەکی خوڵقاندنی بارێکی دژوار و نائارام، شەڕ و پێکدادانی هەڵگیرساند. ژمارەیەکی زۆر ڕۆڵەی کورد بە فیڕۆ سەریان تێدا چوو، زەرەر و زیانی قورس بە هەرێمەکە کەوت، دوژمنانی داگیرکەر و نەیارانی کوردستان، بەتایبەت دەوڵەتی تورکیا، سوودی باش لەو بارە بە دەست هێنا. بە عەقڵیەتێکی چەپی سەرلێشێواو و ئاژاوەچی ڕەفتاریان لەگەڵ بارە تازەکەی کوردستانی باشووردا دەکرد. دووچاری لەخۆباییبوون و کەللەڕەقی و کورتبینییەک هاتبوون، دانیان نە بە حکوومەتی هەرێم و فیدرالیەت و نە بەو سنوورە نێودەوڵەتییە دروستکراوەدا نەدەدنا، کە هەشتا ساڵە سنوورەکان سیفەتی ڕەسمی و دانپێدانانی نێودەوڵەتییان وەرگرتووە و بە هاسانی و گروگۆڕ هەڵناگیرێت و نەخشەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگۆڕدرێت. (ئەم ئاواتە پیرۆزە، کات و تەقەلا و قوربانیدانی زۆری گەرەکە. ف.ڕ.)

بیست ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەم جار لە شاخەکانی کوردستان ناوی پارتیی کرێکارانی کوردستانم بیست، کە بە ئاگاداری و یارمەتیدانی پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق بنکەی تایبەتی خۆیان لە سێسووچی خواکورک ساز کردبوو. کە کەوتمە سووریاش، بە بڕیاری سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، بەپیناوبەین، دیدەنیم لەگەڵ نوێنەرانی پ.ک.ک.دا دەکرد. ئەدەبیاتی حزبی و شۆڕشگێڕی و دەنگوباس لەنێوانماندا ئاڵوگۆڕ دەکران. یەکجار خوازیار بووم زانیاریی تێروتەسەل لە بنچینەی مێژوویی و پرۆگرام و یاسای ناوخۆ و کردەوەکانی تایبەتی ئەم حزبەم لا کۆببێتەوە. کە گەیشتمە سویدیش لەسەر هەمان کار بەردەوام بووم. ئەوەی لە ناخی دەروونمدا دەیهەژاندم هەمیشە پرسیارم لە خۆم و زۆرکەس دەکرد: "ئایا چۆن پ.ک.ک. توانی لە ماوەیەکی کورتدا، لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و چەکداریدا، بەم پایەبەرزە بگات!؟ ببێت بە سوارێکی بە ناو و توانای کەمڕێنە!؟" جۆرەها ڕاوبۆچوونی جیاجیام دەبیست، وەک ئەوەی پ.ک.ک. پارتییەکی تێرۆریستە، بە هەڕەشە و گەف و گوڕ و چاوسوورکردنەوە کۆمەکی دارایی لە هەزاران کوردی ئاوارە کۆ دەکاتەوە، ڕێکخراوەکانی لەسەر بنەمایەکی ستالینیستی داڕێژراوە! سەرۆکی پارتییەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دروست کراوە! خۆپەرست و تاکڕەو و دیکتاتۆرە. بوون بە ئامێری دەستی وڵاتێکی عەرەبی. (لە گەلێک شوێن، بەئاشکرا، ناوی سووریا دەهێنرا.ف.ڕ.) ئەو پارەوپووڵە زۆرەی لە ژێر چنگیاندایە، بە بازرگانیی موخەدیرات کۆکراوەتەوە و...تاد. بە پێچەوانەی ئەمانەش لایەنگر و هەوادارانیان یەکجار سەرگەرمانە، بە ڕێزگرتن و سەرسووڕمان، دەکەونە بەرگریکردن و ژماردنی ئەو سەرکەوتن و بەرهەمانەی پ.ک.ک. بە گەلی کوردستانی گەیاندووە، ڕەچەڵەکی نەتەوەی کوردی لە فەوتان و لەناوبردن ڕزگار کرد و کوردایەتیی لە باکوور ژیاندەوە و...تاد ئەوەی گوێبیستی دەبووم پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لە لای خۆم تۆمارم دەکرد. هەندێ جاریش، لە هەندێ شوێن، دەمەتەقێم لەسەر قسە و قسەڵۆکەکان دەکرد. لەم سنوورەشدا

ئەوەستام و کەوتمە خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانیان کە بە زمانی عەرەبی زاراوەی سۆرانی بڵاو دەکرانەوە. لەو چەند جارەی کە بانگهێشتن دەکرام بۆ سەنتەری تەلەفزیۆنی مەد تیڤی لە برۆکسل، پایتەختی بەلجیک، دەکەوتمە پرسیارکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ برایانی کارگێری تەلەفزیۆنەکە و بەڕاشکاوی ڕاوبۆچوونەکانی خۆم دەردەبڕی! جارێکیشیان لە ساختمانی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوە (پێش هەڵوەشاندنەوەی بە ساڵێک.ق.ر.) لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانەکە یەشار کەیا و بەڕێز زوبێر ئەیدال کەوتمە دەمەتەقە و باسکردن لەسەر باری کوردستان و شیمای ئەو ڕووداوانەی لە ئایندەدا دەکەوتە پێش. ئەز لە گوتەکاندا چەختم لەسەر سێ خاڵی سەرەکی دەکرد: یەکەم: بە هیچ شێوەیەک ڕەوا نییە کە سەرکردایەتیی پ.ک.ک. بەم شێوەیە دژایەتی بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستانی باشوور دەکات کە لە لایەن پارتیی دیموکرات و یەکێتیی نیشتمانییەوە بەڕێوە دەچێت. ئەوان ئەو دەستکەوتانەی لە باشوور بە دەست هاتبوون، بە پیلانیان لە قەڵەم دەدا دژی سەرتاپای دۆزی گەلی کوردستان و بە جۆرەها شێوە تەقەلای تێکدان و لەناوبردنیان دەدا. دووەم: دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانی یان نەتەوەیی کوردستان ئاماجێکی دێرینی یەکجار پیرۆز و ڕەوایە، بەڵام نابێت لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی و ئامۆژگاریی پ.ک.ک.دا بێت. ئەگەر بەم شێوازە بنیات بنرێت، دەبێت بە پاشکۆی پارتییەکە و زۆرینەی هێزەکانی کوردستان لە دەوری کۆ نابنەوە. ڕاستە کۆنگرەی کوردستانی داینەمۆ و یارمەتی و پشتگیری گەرەکە، ئەویش دەبێت بە ڕێگای دڵسۆزی و لەخۆبووردوویی، دەنگدان و هەڵسوکەوتی دیموکراسییانە ئەنجام بدرێت. نەک تاکە پارتییەک، یان لە پشت پەردەوە هێزێک، خۆی بکات بە کێخوا و خاوەنی، خواستە تایبەتەکانی خۆی لە ڕێبازی سیاسیدا بەسەردا بسەپێنێت. سێیەم: لە کوردستانی باکوور چەندەها پارتیی کوردستانی و کۆڕ و کۆمەڵ هەن، مێژووی تێکۆشانیان کۆنە، کوردپەروەر و دڵسۆزن، پێشکەوتووخوازن، کادیر و ئەندام و دۆست و لایەنگرانیشیان لە وڵاتانی

بیانی، یان هەندەران، زۆرە، ئەو کێشە و ناکۆکییانەی هەن دروستکراون و زۆرینەیان لاوەکین بە دۆزی کوردستان و چەند زووتر تەبایی و هاوکاری لەنێوانیاندا چێ بێت و بەرەیەکی کوردستانی لەنێو خۆیاندا دابمەزرێنن، ڕۆژی سەرکەوتن ئەوەندە نزیکتر دەبێتەوە، کێشە و ناکۆکییش لەنێوانیاندا بەرەو نەمان دەچێت، دەروازە لە پێش دوژمنان و داگیرکەرانی وڵاتەکەمان یەکجار تەسک دەبێتەوە و ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان نەک هەر تەنیا لە باکوور، بەڵکە لە سەرتاپای کوردستانی گەورەدا دەکەوێتە قۆناخێکی ترەوە و چالاکانە پێش دەکەوێت.

لە بەرسڤەکانیاندا هەستم دەکرد وەڵامی ڕاست و پێویست نادەنەوە و لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەرنەدەچوون!

## ١١- دەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سوریا

ئەو چەند ساڵەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ژێر چاودێریی حکوومەتی سەریا لە دەشتی بقاع و سوریادا بارەگا و بنکەی سەرەکیی خۆی و پارتییەکەی دامەزراندبوو، لە وێنەی سەرۆکی دەوڵەتێکی بەتوانای خاوەن دەسەڵاتدا خۆی دەنواند و سەدان ڕۆژنامەنووس و شاندی جیاجیا دیدەنی و سەردانیان دەکرد. بەبێ سڵکردنەوە، ڕۆژانە، بە تەلەفۆن ڕێنمایی ڕێکخراوە چەکداری و سیاسی و ڕاگەیاندنەکانی پ.ک.ک.ی دەکرد. گوتەی دووروودرێژ، چاوپێکەوتنی لە کەناڵی تەلەفزیۆن و ئاژانسەکانەوە بڵاو دەکردەوە. هاشوهاشتێکی یەکجار گەورە و کەموێنەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا نابووەوە!

بەرانبەر بە ڕووداوەکانیش حکوومەتی تورکیا دەستەوەستان نەدەوەستا. لە ناوەوەی وڵاتەکەیان هێرش و پەلاماردانە عەسکەری و پۆلیسییەکان بۆ سەر گەلی کوردستان و چەپەکان فراوانتر دەبوون. چەندین شێوازی تیرۆریستی و چەکی قورسیان بە کار دەهێنا. لە بواری ڕامیاریشدا، تورکیا، کەوتبووە جموجووڵ و تەقەلادان و خوازیار بوو کە ڕووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی

گەلی کوردستان و پ.ک.ک. و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بشێوێنن. بە تێرۆریست، چەتە و یاخیبوو و دواکەوتوو لە قەڵەمی دەدا. گەف و گوڕ و هەڕەشەی توندی خۆشیان، بەئاشکرا، ڕادەگەیاند، کە هەر وڵات و هێز و پارتییەک یارمەتیی پ.ک.ک. بدات بە دوژمنی سەرەکیی تورکیای دەژمێرن. ناوی سوریان لە سەرەوەی هەڕەشەلێکراوەکاندا دەهات. تا گەیشتە ئەو سنوورە کە سوریا ناچار بکەن بڕیار وەربگرێت ئۆجەلان لە سوریا و ئەو شوێنانەی لە ژێر چاوەدێریی ئەودان وەدەربنێن.

مانگی ئەیلوولی ١٩٩٨ لە سوریا دەرکرا. هیچ وڵاتێک نەیگرتە خۆی. ڕووی کردە ڕۆما، پایتەختی ئیتالیا. گەلی کوردستان و زۆربەی نیشتمانپەروەران و هێزەکانی کوردستان لە کوردستان و ئەو وڵاتانەی کورد تێیاندا دەژیا، کەوتنە چالاکینواندن و خۆپیشاندان و مانگرتن. ئیتالیا ڕایگەیاند کە ئۆجەلان نادرێتەوە بە حکوومەتی تورکیا. ڕۆژی ١٩٩٩/١/١٦ بە فرتوفێڵ و پیلانی نێودەوڵەتان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ڕۆما)ی بە جێ هێشت. لە دوای ٤٨ سەعات لە پایتەختی کینیا، شاری (نایرۆبی) لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، کەوتە دەستی دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی تورکیا، بە شێوەیەکی دڕندانە، پاش سووکایەتیپێکردنێکی نامرۆڤانە گەڕاندیانەوە نێو بەندیخانەکانی تورکیا و لە دوورگەی (ئیمرالی)(×) کەوتنە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا. هەست و هۆش و سۆزی ئازادیخوازان و دیموکراتیخوازان جووڵا و کەوتنە پشتگیریکردن لە ئۆجەلان، دەنگی بێزاری و ناڕەزایی یەکجار بە فراوانی لە دونیادا بەرز کرایەوە. داوای ئازادی بۆ ئۆجەلان و دۆزینەوەی چارەی ئاشتییانە بۆ دۆزی نەتەوەی کورد دەکرا، کە هەزاران ساڵە لەسەر خاکی دێرینی خۆیدا دەژی و کۆلۆنی کراوە. ژمارەیەک لە کوردپەروەران لەپێناو ئەودا خۆیان سووتاند و گیانیان لە دەست دا.

(×) ئیمرالی: دوورگەیەکی گەلێک بچووکە لە دەریای مەرمەرە، نزیک بە لێواری ئاسیای بچووک هەڵکەوتووە و هەروەها دەکەوێتە باشووری شاری ئەستەنبۆڵەوە.

ڕاپەڕینەکە گەلی کوردستانی زیندەتر بە ڕای گشتیی جیهان ناساند، بەڵام کە بە هاوکاری و پیلانی دامودەستگا جاسووسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل، تورکیا، یۆنان و گەلێک وڵاتی تریش عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەوتە ژێر چنگی دەوڵەتی تورکیای تورانیست. هەر لە سەرەتاوە لاوازی لە هەڵوێستیدا دەرکەوت کە بە سیخوڕەکانی گوت: "دایکم تورکە. ئەگەر لە ژیاندا بمێنم سوودم بۆ کۆماری تورکیا دەبێت. داوای لێبووردن لە دایکی شەهیدانی تورک دەکەم."[٦٧] ئەم سەرەتایە بە ناڕەوا لە قەڵەم دەدرێت.

مێژووی ئەزموون و تاقیکردنەوە و قوربانیدانەکانی گەلی کوردستان و گەلانی تر دەوڵەمەندە لە نموونەی زۆر لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە. خۆ مەرج نییە کە هەر کاتێک تێکۆشەر دەکەوێتە ژێر چنگی دوژمن و ئەشکەنجەدان، بە وشەی زل و قەبەی تێکەڵوپێکەڵ شۆڕشگێڕی و ئازایەتی بنوێنێت و ئەوسا بۆی بژمێردرێت کە تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕی قارەمانە!

بە کێش و پێوانی زانستیانە و ڕەخنەی بابەتیش، ئەگەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لەتەک ئەو وشانەی هەر لە سەرەتای دەستگیرکردنیدا دەستی پێکرد، بە هێمنی و لەسەرخۆیی و ژیرانە بکەوتایەتە بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، لە دایکی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان، لە زنجیرەی ئەو قارەمانە شەهیدانەی کە هەشتا ساڵە لە لایەن فەرمانڕەوا تورانیستەکانی تورکیاوە لەناودەبرێن، گەلەکەش لە ژێر جەور و ستەمدایە و دەچەوسێنرێتەوە، بەشی هەر قڕجووبڕ و ڕاگوێزران و لەناوبردن بووە، ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی بۆچوون و هەڵوێستەکانی قەوارەیەکی تری بە خۆوە دەگرت. نەیارانی کورد ماوەیان بۆ نەدەڕەخسا سوودی لێ بە دەست بهێنن.

سەرۆکی پ.ک.ک.: عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە کاتی دادگاییکردنیشیدا بە سەدوهەشتا پلە، کتوپڕ، پرۆگرام و ڕێبازی پارتییەکەی گۆڕی، شەڕی پارتیزانی ڕاگرت، دروشمی بنیاتنانی کۆماری تورکیای دیموکراسی بەرز کردەوە، داوای چارەکردنی ئاشتییانەی بۆ کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان کورد و تورکی کرد. لە هۆڵی دادگادا هێرشی نابەجێ و ناڕەوای کردە سەر باری

هەرێمی کوردستانی باشوور، بەبێ پێچ و پەنا دەریبڕی کە: "بوونی حکوومەتێکی کوردی لە کوردستانی باشوور بۆمبێکی ترسناکە لەسەر ئاییندەی تورکیای کەمالیزم، پێویست دەکات ئەم دەسەڵات و دامودەستگایە نەمێنێت."[٦٨] بێ ئەوەی بەڵگەیەک بۆ داهاتووی هەرێمەکە نیشان بدات!

ڕاستیان گوتووە، هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوەنانەوە و خراپەکاری بە لایەنێک دەکرێت ئاشتی و ئارامی و برایەتی بە دوو لایەن ئەنجام دەدرێت. لە واقیعدا لەوساوە تۆزقاڵێک گۆڕانی پۆزەتیڤ بەسەر ڕێباز و هەڵوێستی حکوومەتی تورکیادا نەهاتووە، بە پێچەوانەوە شێتگیرتر بووە، هەڵمەت و هێرشی دامودەستگا سەرکوتکەرەکانیان بۆ سەر خەڵکی کوردستان و هێزەکانی چەپ و ڕۆشنبیرانی تورک و گەلەکانی تری ئەنادۆڵ فراوانتر و دژوارتر بووە. کۆنترۆڵ و ئازاردان بۆ سەر گیراوە سیاسییەکان یەکجار سەختتر کراوە. تەنانەت پارتیی دیموکراسی گەل (هەدەپ)، کە پارتییەکی سەرانسەرییە لە تورکیادا، لە کاتی هەڵبژاردنی کۆمیتە و سەرۆکشارەوانییەکاندا زۆرینەی دەنگی ٣٧ شار و شارۆچکەیان بۆ خۆیان هێنا، لەنێوانیاندا شاری ئەمەد (دیاربەکر) و وان و گەلێکی تر هەبوون، کەچی بە بەردەوامی تەگەرە و ئەستەنگی ناهەمواریان دەخەنە پێش: درۆ و دەلەسەی ناڕاست و ناڕەوایان ئاڕاستە دەکەن. ئەندام و لایەنگرانی زیندانی دەکرێن. ئەوەش تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەی ئەندام و لایەنگرانی کوردن!

پرنسیپی چارەکردنی ناکۆکیی نێو وڵاتان و گەلان بە ڕێبازی ئاشتییانە یەکجار پیرۆزە. پشووی درێژ و عەقڵیەتی کراوەی گەرەکە، تێکۆشانی بەربڵاوی هەمەجۆری جەماوەریشی دەبێت لەگەڵدا بێت. لە هەمان کاتیشدا دوژمنی خاوەن دەستەڵات دووچاری قەیرانی قووڵ و کێشەی دژوار و پچڕپچڕی هاتبێت. خۆ ئەگەر هات و لە ئەزموون و تاقیکردنەوەدا دەرکەوت دوژمن ڕێبازی چارەکردنی ئاشتییانە بە هەل وەردەگرێت، نیازپاکی و ئامادەیی ڕاستگۆیانە نیشان نادات، دەکەوێتەوە فرتوفێڵ و نانەوەی پیلان، بە مەبەست ئەنجامدانی ستراتیژە گڵاوەکانی، ئەوکات تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕ

دەکەونە سەر دووڕێیانێک یان چۆکدادان و خۆبەدەستەوەدان، یان ڕاستییانە بکەونە پێداچوونەوەیەکی تیروتەسەل لەسەر گشت هەڵوێست و ڕێبازەکانیدا، تەخشە و پلانی نوێی بۆ داهاتووی دۆزە ڕەواکەیان دابڕێژنەوە.

## ١٢- دیدەنییەکان

دوای تەقەلادان و پرسیارکردنی زۆر، ناوی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کوردستانی باکوور کە لە سوید دەژین دەست کەوت، توانیم دیدەنی لەگەڵ چەندانیان ڕێک بخەم. لێرەدا دەقی بەرسڤ و ڕاوبۆچوونەکانیان پێشکەش دەکەم. کە پەیوەندییان هەیە بە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستانی باکوور. بەبێ ئەوەی هیچ دەستکارییەک لە ڕا و بۆچوونەکانەکانیدا بکەم.

١- لەگەڵ برا ئەیوب ئالاجابەگ

وەکوو پێشتر ئاماژەم پێکردووە، ماوەی دوو ساڵ زێدەتر لە سوریا پەیوەندی و ناسیاریم لەگەڵ تێکۆشەر، ئەندازیار ئەیوب ئالاجابەگ هەبوو. کە بە فەرهاد ناسراوە و ماوەی چەند ساڵە بە خاووخێزانیەوە لە شاری ستۆکهۆلم؛ پایتەختی سوید دەژین. کە داوام لێکرد پێویستیم بە زانیاری هەیە دەربارەی هێزەکانی چەپ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی باکوور، بەگەرمی ئامادەیی تیشان دا و کەوتە یارمەتیدانم. زۆر سوپاسی دەکەم.

پێشکەی چەند لاپەڕەی لە کتێبی «دۆسیەی ٤٩ کەس»ی بۆ خوێندمەوە و کردی بە کوردی، بۆی فۆتۆکۆپی کردم. زانیاری دەربارەی ڕووداوەکانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٠ تا ئەم دواییەی بۆ باسکردم. دەستنیشانی چەند ناوێکی کرد لە دۆسیەکەدا هاتوون کە چەپ و مارکسیست بوون و ڕۆڵی پێشڕەوییان لە هۆشیارکردنەوەی لاوانی کورد لە باکوور بینیوە. ئاگاداری کردم کە تەڤگەر و یەکێتیی چەپی تورک و چەپەکانی کوردستانی باکوور لە سەرەتای ئەوەدی سەدەی بیستەمدا هەڵوەشان و پەرتوبڵاوەیان تێکەوت.

بەرامبەر بە پ.ک.ک. ڕەشبین بوو، ڕایەکانی نێگەتیڤ بوو، لە ڕێباز و کردەوەکانیان ناڕازی بوو، عەبدوڵا ئۆجەلانی بە خۆپەرست و تاکڕەو و بیرۆکراتی لە قەڵەم دەدا. لە دوای ئەوەی ئۆجەلان کەوتە ژێر چنگی حکوومەتی تورکیا، پ.ک.ک. کەوتووەتە نێو قەیرانێکی قووڵ، ئاسۆکەی ڕوون نییە. نازانرێت چارەنووسی بە چی دەگات. ناوی چەند تێکۆشەرێکی ناسراوی کوردستانی پێدام و گوتی: "ئەگەر دیدەنییان لەگەڵ ساز بکەیت، ئاگاداری و زانیاریی باشیان لە لا هەیە، بۆ پرۆژەکەت بەسوودن.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام تێبینی و ڕەخنەکانی کاک فەرهاد بە هێمنی و لەسەرەخۆ بوون و دوور لە دەمارگرژی ڕایەکانی خۆی دەردەبڕی.

٢- لەگەڵ کاک کەمال بورقای، سەرۆکی پارتیی سۆسیالیستی کوردستان ـ تورکیا

ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢٩ لە بارەگای پارتیی سۆسیالیستی کوردستان ـ تورکیا لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ بەڕێز کاک کەمال بورقای کۆبوومەوە. دانیشتنەکە زیاتر لە سێ سەعاتی خایاند. کاک کەمال لە سەرەتادا کەمێک باسی کەمالیزم و ڕژێمی تورکیای بۆ کردم کە چۆن مستەفا کەمال بە فرتوفێڵ و دیماگۆگییەت، لە سەرەتای سەرهەڵدان و خەریکبوونی بنیاتنانی کۆمارەکەدا، ڕابەر و تێکۆشەرەکانی کوردی لە خشتە برد، بە بەڵێن و پەیمانی درۆ، بە سوێند و قسەی لووس و پووس، جەختی دەکرد کە هەر بەسەر داگیرکەراندا سەرکەوتین، ئەنادۆڵ بەتەواوی لە ژێر چنگیان ئازاد بکرێت، مافە ڕەواکان بە گەلی کورد دەدەن و بە یەکسانی وەک برا پێکرا دەژین. بەڵام پێش ئەوەی تورکەکان سەرکەوتن بە دەست بهێنن، لە هەموو بەڵێن و پەیمانەکانیان پاشگەز بوونەوە و کەوتنە کوشتوبڕ و ڕاونانی کوردەکان.

کۆمەڵێک پرسیارم ئاراستەی کاک کەمال کرد، ئەمە وەڵامەکانیەتی:

ـ سەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوو کە پارتیی کۆمۆنیستی تورکیا دامەزرێنرا. ئەمبیستوە هیچ پەیوەندییەک یان هەڵوێستیان بەرامبەر بە گەلی کوردستان هەبووبێت.

ـ شێخ سەعیدی پیران، زانا و لێهاتوو و کوردپەروەرێکی دڵسۆزی پایەبەرز بوو، بە ئەوپەڕی گـیانی لە خـۆبووردن و شـۆڕشگێـڕی، ڕابەرایەتیی شۆڕشەکەی کرد و گیانی لە پێناویدا دانا.

ـ ئەرمەنییەکان یارمەتیی تێکۆشەرەکانی کوردیان دا کە ساڵی ١٩٢٧ پارتیی «خۆیبوون»، «پارتیی سەربەخۆیی کوردستان» دابمەزرێنن.

ـ ڕژێمی تورکیا ئەوپەڕی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنیستە، یەکجار بێبەزەییانە لە مـاوەی دووروودرێژدا گشت وزە و توانایان بۆ لەناوبردنی ناسنامـەی گـەلی کورد تەرخان کردووە.

ـ دوای ڕاگەیاندنی یاسای فرەلایەنی پارتایەتی (پلورالیزم) ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان چوونە ڕیزی پارتیی دیموکراتی تورکیا؛ پارتییەکەی جەلال بایار و عەدنان مەندەرس. بۆ ماوەیەکی کورت هێرش و هەڵمەتی پۆلیس و ژاندرمە فاشیستەکان بۆ سەر گەلی کوردستان کەم کرانەوە و سووک کران.

ـ شـۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ی عـیراق دەنگدانەوەی باشی لە تورکـیا دایەوە. کـە شـۆڕش ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ لە کـوردسـتـانی باشـوور دەسـتی پێکرد، کـاردانەوەیەکی گرنگی زۆری کـردە سـەر هەست و نەست و هۆشی نەتەوایەتی لە کوردستانی باکوور و هەموو ئەنادۆڵ.

ـ لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە فایق بۆجاق و سەعید ئالچی و چەند کوردێکی تر پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ تورکیایان بە نهێنی دامەزراند.

ـ لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەوار و ڕۆشنبـیـرانی کـورد، (خـۆشـم یەکێک لەوان بووم) چوونە ڕیزی پارتیی کرێکارانی تورکیاوە، کە لە دوایدا سەرکردایەتیی پارتییەکە لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی لایدا و ئێمەی کورد پارتییەکەمان بە جێ هێشت.

ـ لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٤ـ١٩٨٠دا بزووتنەوەی مارکسیستـلینینیستی و پارتیی کۆمۆنیستی تورکیا هەندێ گەشەیان کرد. جموجووڵ و چالاکییان لە شارەکانی دیاربەکر، لیج و سیلوان و وان و گەلێک شوێنی تر بەدی دەکرا. لە دوایدا پووکانەوە.

- چەپەکانی تورکیا و چەپەکانی کوردستانی ساڵی ١٩٨٤ بەرەیەکیان پێکهێنا، دوای سێ ساڵ لە ١٩٨٧دا هەڵوەشایەوە و تێکچوو.
- ئەگەر لە ساڵی ١٩٨٧ پێکهات، پارتییەکەی ئێمە ڕۆڵی باسی بینی لە سازکردنیدا. لە سەرەتای ئەوەدەکاندا ئەویش وەستا و نەما.
- تەسلیم تۆرە بە ڕەچەڵەک کوردە، سەرۆکی پارتیی کاری کۆمۆنیستی تورکیایە. ڕێکخراوی لە ڕۆژهەڵاتی باشووری تورکیادا دامەزراند. کۆمۆنیستە کوردەکانی باکوور، کەرتکردنی خۆیان ڕاگەیاند و پارتیی کۆمۆنیستی کوردستان ـ تورکیا پێکهێنا. لاواز و ڕێکخراوێکی ئەوتۆیان نییە.
- پارتیی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک. پارتییەکی پۆلپۆتی تیرۆریستە. قری بەسەر بیری مارکسیست ـ لینینیستەوە نییە، سەرلێشێواوی سیاسییە.
- هیچ کاتێک لە بڕیاروەرگرتن و نەخشەکێشانیدا سەربەخۆ نەبووە. هەر ماوە و لەگەڵ لایەنێک بووە، یان تورکیا یان سوریا، یان ئەملا و ئەولا بووە.
- ئۆجەلان لە چەند شوێنی گوتویەتی سێ ساڵ پارمەتیم لە حکومەتی تورکیا وەرگرتووە.
- ڕۆژی ١٩٩٣/٣/١٩ لە شاری دیمەشق لەگەڵ ئۆجەلان کۆبوومەوە و ڕێککەوتین کە شەڕ دژ بە حکوومەتی تورکیا ڕابگیرێت. پێشنیار بە دەوڵەتی ئەنقەرە ڕابگەیەنین کە بە گفتوگۆکردن ناکۆکییەکان چارەسەر بکرێت. داوای سیستێمی فیدرالیەت بۆ تورکیا و کوردی باکوور بکەین. لەگەڵ گشت هێزە دیموکراسی و پێشکەوتووخوازانی کورد بەرەیەکی کوردستانی تایبەت بە باکوور سازبکرێت، کەچی «ئاپۆ» ڕێککەوتننامەکەی نەپاراست.
- لە ڕووی سیاسی و چالاکیی پارتیزانییەوە پ.ک.ک. ڕۆڵی لەسەر خاکی تورکیادا نەماوە.
- ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٢٧ عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە پەیڤێکیدا بە تەلەفۆن بۆ تەلەفزیۆنی «مەدی تیڤی» ڕایگەیاند کە دەوڵەتی تورکیا دەیویست ئێمە دژی پارتییەکانی تری کوردستانی باکوور شەڕ بکەین و ناچارکراین بەم کارە هەڵبستین.

- پ.ک.ک. شەڕی پارتیزانی لە لایەن خۆیەوە دژی دەوڵەتی تورکیا ڕاگرت، کەچی بەردەوامە لە شەڕکردن و هێرشبردن بۆ سەر هێزەکانی کوردستانی باشوور.
- وازی لە دروشمە سەرەکییەکانی هێناوە. دەڵێت دەمەوێت خزمەتی تورک بکەم.
- شیمای ئەوە هەیە لە کۆنگرەی حەفتەمیاندا ناوی پ.ک.ک. بگۆڕن. کەرتکردنیش لەناویاندا ڕوو بدات.
- پارتیی دیموکراتی گەل (هەدەپ) بەشێکە لە پ.ک.ک.
- لە سەردەمی ئێستادا پێویستە کێشەی کورد بە گفتوگۆی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.
- ئاییندەی هێزەکانی چەپی کوردی باکوور بەندە بە بنیاتنانی بەرەیەکی ڕێکوپێکی دیموکراسی بەرفراوانەوە.
- هیچ ڕێککەوتن و هاوکاری و بەرە لەگەڵ پ.ک.ک. ئەنجام نادرێت، تاوەکوو ئۆجەلان لە سەرووی پارتییەکەدا بێت.
- ئەو جەماوەر و خەڵکە زۆرەی لەگەڵ پ.ک.ک.دان، گشتی بۆ کاریگەریی تەلەفزیۆنەکان دەگەڕێتەوە.
کە پرسیارم ئاراستە کرد دەربارەی ڕۆڵی (هەدەپ) لە بووژاندنەوەی گیانی کوردایەتی و گەشەپێدانی لە ئاسیای بچووکدا، گوتی: "ڕاستە لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی شارەوانییەکاندا (هەدەپ) توانی کۆمیتە و سەرۆکی ٣٧ شار و شارۆچکە بکەوێتە ژێر دەست. پارتییەکەی ئێمە: سۆسیالیستی کوردستان ـ تورکیا تەنیا یەک شارۆچکەی بچووک کەوتە دەستی هەڤاڵانی ئێمە".
ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، کاک کەمال ساڵی ١٩٨١ کە لەگەڵ دوو ئەندامی سەرکردایەتیی پارتییەکەی (ئازاد و مەحموود) گەیشتنە سەر سنووری نێوان عیراق و ئێران «ناوزەنگ و نۆکان»[×] ماوەی چەند ڕۆژێک لە میوانداریی

(×) ناوزەنگ: دۆڵێکی تەسکی بەرداوییە، کەوتووەتە پشتی شاخی (مامەندە) و بەرانبەر گوندی (نۆکان) هەڵکەوتووە. سەر بە حکوومەتی ئێرانە. نێوان ناوزەنگ و نۆکان هەر دوو کیلۆمەتر دەبێت. ڕووباری (ژاراوە) تەنێوانیاندا هەیە و ناوچەکە بە زستان یەکجار سارد و بە هاوین گەرمە

پارتیی کۆمۆنیستی عیراقدا بوون و ڕۆژانە چاومان بە یەکتری دەکەوت و یەکجار مرۆڤێکی بەڕێز و هێمن و لەسەرخۆ بوو. هەروەها نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرە.

بە پێچەوانەوە کە لە مانگی تشرینی دووەمی ۱۹۹۱دا دەیدەنیم لەگەڵ کرد، هەستم کرد گەلێک بە ڕەشبینییەوە تەماشای ڕووداوەکان دەکات، نائارامە، دڵی پڕە لە ڕق و کین و نارەزایی لە پ.ک.ک. و عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

٣- دیدەنی لەگەڵ خالید (ئەکرەم دەلیو)

ڕۆژی ۲۰۰۰/۳/۲۱ لە کتێبخانەی کوردستان لە ستۆکهۆلم لەگەڵ هەڤاڵ خالید، کادیرێکی سەرەکیی پارتیی ئاڵای ڕزگاری و سێ هەڤاڵی تری کوردستانی باکوور کۆبووینەوە.

لە سەرەتادا هەڤاڵ ئەکرەم یەکجار بەگەرمی پێشوازی لێکردم. کەمێک یادی ئەو ڕۆژانەی کردەوە کە خۆی و چەند هەڤاڵێکی ساڵی ۱۹۸۱ بۆ ماوەیەک لە میوانداریی ڕێکخراوەکانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراقدا بوون. ئەوجا کەوتینە ناو تەوەری وانەکەی کە خوازیاری بووم، کەوتە پەیڤین: "لە ساڵی ۱۹٦۹دا کۆمەڵێک بە ناوی (DDKO) ڕێکخراوی قوتابیان بە نهێنی لە شاری ئەستەنبوڵ دامەزرا. لە دوایدا لقی لە دیاربەکر ڕێکخست و مەهدی زانا، ئەیوب = فەرهاد، ئەحمەدین = سەلاح و ژمارەیەکی تری کە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بوون یەکجار چالاکانە و بە چاونەترسییەوە کارویاری کۆمەڵەکەیان بەڕێوە دەبرد. ساڵی ۱۹۷۱ نۆ هەڤاڵمان زیندانی کران. فشار خرایە سەر کۆمەڵەکە و هەمان ساڵ تا ۱۹۷٤ گرووپێکی تر کەوتینە تێکۆشین و تەقەلادان. دوای دوو ساڵ لە ڕیزی ئەم گرووپە (پارتیی ڕزگاری) سازکرا. لە سەرەتادا نۆزین بەڕێوەبەری بوو و لە دواییدا هەڤاڵ «خەجێ» (هەتیجە یەشار) بوو بە بەڕێوەبەری. لە مانگی تشرینی ۱۹۷۸دا کەرتبوون لەنێوماندا ڕوویدا. دەستەیەک ئاڵای ڕزگاریان ڕێکخست و پارتیی ڕزگاری هەر مایەوە. نورهان کوتان (ڕۆستان ئەرسەلان) سەرۆکیان بوو. لە دواییدا وازی هێنا و هەتووکە لە ئەڵمانیا پارێزەرە. ئاڵای ڕزگاری تا ۱۹۹۲ وەک گرووپێکی بچووک بە نهێنی کاری دەکرد."

کۆمەڵێک پرسیارم ئاڕاستە کرد. ئەمەش کورتەی بەرسڤەکان:
ـ لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیادا باری کوردستانی باکوور یەکجار دژوار و ناهەموار بوو، نە چەپی کورد و نە هی تورک ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەسەر باری جەماوەریی کوردستانی باکوور یان گەلەکانی تری ئاسیای بچووک نەبوو.
ـ ژمارەیەک ڕۆشنبیر و تێکۆشەرە پێشکەوتووخوازەکان لە ڕیزی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، پارتیی خۆیبوون، شۆڕشی ئارارات (١٩٢٧-١٩٣١)دا هەبوون.
ـ لە دوای ڕاگەیاندنی یاسای فرەلایەنیی پارتایەتی (١٩٤٥) هێرشی ژاندرمە تۆرانیستەکان کەمێک لەسەر گەلی کوردستانی باکوور سووک کرا.
ـ محەمەد عەلی ئاپیار، دامەزرێنەری پارتیی کرێکارانی تورکیا، چەپێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر بوو و هەڵوێستی بەرانبەر بە دۆزی گەلی کوردستان پۆزەتیڤ و بوێرانە بوو، لە ڕیزی پارتییەکەیدا بایەخی بە باری ژیان و چەوسانەوەی کورد دەدا. لە دوای ساڵی ١٩٦٨ لە پارتییەکەی دوور خرایەوە.
ـ شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی باشوور ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی لە بزووتنی هەست و هۆش و جۆشی کوردایەتیدا لە باکوور بینی. هەروەها ئیستگەی ڕادیۆی یەریڤان، بەشی کوردی، دڵ و دەروونی کوردەکانی گوشاد دەکرد. بیسەری یەکجار زۆری هەبوو و ئەویش بە نهێنی ئەنجام دەدرا، چونکە بە ڕەسمی قەدەغە بوو و زیندانیکردنی بە دواوە بوو. لە ساڵی ١٩٥٨دا تێکۆشەری نەمر «موسا عەنتەر» ڕۆژنامەیەکی بە ناوی ئیلەریورد Ileriyurd، ولاتی پێشکەوتوو دامەزراند و (٥٢٧) ژمارەی بە زمانی تورکی دەرهێنا. لە ژمارەی (٥٠٠)دا، ڕۆژی ١٩٥٩/٨/٣١، گوتارێکی کورتی لە چوارچێوەیەک بە کوردی بە ناوی «قەمل: سنەی گەنمخۆر» بڵاو کردەوە، شەهید موسا زیندانی کرا و درایە دادگا و ڕۆژنامەکەش داخرا. لە ئاکامی هێرشی پۆلیس بۆ سەر هۆشمەندانی کورد، ڕۆژی ١٩٥٩/١٢/١٧، پەنجا کوردپەروەر زیندانی کران و (٤٠)یان ماوەی چوار مانگ لە گرتووخانە

مانەوە. ڕۆژی ١٩٦٢/١/١ دەست بە دادگاییکردنیان کرا و داواکەری گشتی (المدعی العـام) بە تاوانی ئەوەی ئەمـانە داوای جـیـابوونەوە دەکـەن و مەبەستیانە تورکیا تێک بدەن، داوای ئیعدامکردنی زیاد شەرەفخان، محەمەد سەرهاد، یەشار کەیا، عەبدولرەحمان ئەفهەم دولات، موسا عەنتەر، جانیپ یلدرم، سەعید قرمزی توبراق (د. شوان)، سەعید ئالچی لەگەڵ حەڤدە تێکۆشەری تری کرد و ژمارەی گشتیان (٢٥) کورد بوون و سێ ساڵ زیاتر لە زیندانداندا مانەوە.

- کە جەمال گورسیل کودەتاکەی ڕاگەیاند، گشت گیراوە سیاسییەکان لە بەندیخانەکان ئازاد کران، تەنیا کوردەکان نەبێت.

- یەکەم سەرۆکی (PDK) پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ تورکیا، فایق بۆجاق لە ١٩٦٦دا شەهید کرا.

- دامودەستگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا پڕوپاگەندەی ناڕەوا و ناراستیان دژی شۆڕشی ئەیلوولی کورد بڵاو دەکردەوە، کە بزووتنەوەیەکی خێڵەکی کۆنەپەرستە. ژمارەیەک لە چەپەکانی کورد و تەنانەت چەپەکانی تورکیاش هەر هەمان هەڵوێست و بۆچوونیان هەبوو.

- لەنێوان ١٩٦١ تا ١٩٧٠دا دوو گرووپی چەپی تورک کەوتنە خۆڕێکخستن و خۆنواندن، پارتیی کرێکارانی تورکیا، فیدراسیۆنی بیروبڕوای کۆمەڵایەتیی چەپ (FKF). بۆ یەکەم جار کەمێک بایەخیان بە دۆزی کورد دەدا.

- یەکەم سەرۆکی پارتیی کرێکارانی تورکیا: محەمەد عەلی ئایبار، تێکۆشەرێکی ڕۆشنبیر و لێهاتوو بوو. چەپێکی بوێری کەموێنە بوو و ساڵی ١٩٦٨ لە سەرۆکایەتیی پارتییەکە دەرکرا. بە هۆی ئەوەی ناڕازیبوونی خۆی لەسەر هەڵمەتی سوپای سۆڤیەت بۆ سەر چیکۆسلۆڤاکیا دەربڕی.

- دوای ئایبار بۆ ماوەیەک محەمەد عەلی ئەرسەلان کە کورد بوو کرا بە سەرۆکی پارتییەکە؛ پارتیی کرێکارانی تورکیا و لە دوای ئەو بەهیجە بۆران کرا بە سەرۆکی پارتییەکە و هەر لە سەرەتاوە لەنێو کۆمیتە و ڕێکخراوەکاندا بیروبۆچوونی شۆڤێنیستی و تۆرانیەت لە ڕیزی پارتییەکەدا بەدی دەکرا.

- سەرتاپای پارتی و کۆمەڵە و گرووپەکانی کوردستانی باکوور دروشمی شەڕی پارتیزانیان هەڵگرتبوو، تەنیا پارتیی سۆسیالیستی کوردستان - تورکیا نەبێت.
- شەڕی کورد کوردکوژی لە ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٨٠ لەنێوان پ.ک.ک. و پارتییە کوردییەکانی تردا لە باکوور بەردەوام بوو، بەتایبەت لەنێوان پ.ک.ک. کوک. بەرپرسیارێتیش دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستی ناڕەوا و تیرۆریستانەی پ.ک.ک.
- ئەو دوو پارتییەی لە ژێر ناوی پارتیی کۆمۆنیستی تورکیا بە سکرتاریەتی هەیدەر کۆتلو و پارتیی کاری کۆمۆنیستیی تورکیا کە (تەسلیم تورە)(*) سکرتێری بوو، ڕۆڵیان نەما و شیرازەی ڕێکخراوەکانیشیان پچڕ پچڕ بوو و نەمان. (بۆ پێکەنین خالید گوتی: کە پارەوپوول و کۆمەکی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی نەما، ئەوانیش نەمان...)
- ساڵی ١٩٨٧ تیمچەبەرەیەک بە ناوی یەکێتیی چەپی تورکیا و چەپی کوردستان کە دوو پارتیی کوردی تێدا بوو نەما.
- پ.ک.ک. ڕۆڵی نێگەتیڤی لەسەر باری کوردستانی باکوور هەبوو و زیانی بەخشی.
لە دوای خالید هەڤاڵ (S.R.) کە نەیویست ناوەکەی بە تەواوی بنووسم. بە گەرمی لەگەڵ ڕاوبۆچوونەکانی هەڤاڵ خالیددا بوو و پرسیم: "بۆچی (S) نایەوێت ناوی تۆمار بکەم؟" گوتی: "هاتوچۆی خۆم و کەسوکارەکانم دەکەم لە تورکیا." گوتی: "ساڵی ١٩٩٦ زافەر ئایدن لە ڕۆژنامەی «گوندەم» بڵاوی کردەوە کە سێ ساڵ پارە و چەکم لە چەند سەرچاوەی حکوومەتی تورکیا بە مۆرکی خۆم بۆ پ.ک.ک. وەرگرتووە." گوتی: "تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش پ.ک.ک. ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ڕاپەرایەتیکردنی ڕاپەڕین و بزووتنەوەی

(*) تەسلیم تۆرە بە ڕەچەڵەک کوردە.

ڕزگاریخوازیی کوردی لە کوردستانی باکوور، زۆربەی جەماوەری کورد لەگەڵ ئەوەدایە. پارتیی (هەدەپ) بەشێکە لە پ.ک.ک. و بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئەوان ڕەفتار دەکەن. پەرلەمنتاری کوردی بەندکراو لەیلا زانا و پەرلەمنتار خەتیب دیجلە و ئەوانی تر لەگەڵ پ.ک.ک.دان.

- ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی هەنووکە زۆرن و بە ئاشکراش هەنووکە لە تورکیا دەردەهێنرێن و بڵاو دەکرێنەوە.

- سەرچاوەی پارەوپووڵی پ.ک.ک. لە پارمەتیدانی ئەندام و لایەنگرانیانەوە، هەندێ جاریش بە هەڕەشە و چاوسووورکردنەوە کۆ دەکرێتەوە و گوتە و قسەوقسەڵۆکیش هەیە کە بازرگانیشیان بە موخەدیران کردووە!

لە کۆتاییدا دوو پرسیاری ترم ئاڕاستەکردن:

پ١. ئەو چەند بەربەستە (سەدە)یەی لەسەر ئاوی دیجلە و فورات دروست دەکرێن لە قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کورددان یان نا؟

پ٢. ئایا ماوەی ئەوە نییە بەرەیەک، یان ڕێککەوتنێک یان هاوکاریکردنێکی فراوان لەگەڵ پ.ک.ک.دا ئەنجام بدرێت؟

بەرسڤی خالید: دروستکردنی سەدەکان لەسەر دیجلە و فورات بەسوود دەزانم بۆ داهاتووی کوردستانی باکوور. کار زۆر بۆ بێکاران پەیدا دەکات. کشتوکاڵ و پیشەسازی لە هەرێمەکەدا پێش دەخات و دەبووژێنێتەوە. بۆ بەرسڤی دووەمیش گوتم تا عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سەرووی پ.ک.ک. بێت ماوەی هیچ ڕێککەوتن و هاوکاریکردنێک نادات، ئەگەر لە ژێر چنگی خۆیدا نەبێت.

هەڤاڵ (S) و هەڤاڵەکەی تر گوتیان: بەنداوەکان زیانی یەکجار مەزن و پڕ مەترسی بە خاک و گەلی کوردستان دەگەیەنن. پرۆژەکان بە قازانج و بەرژەوەندیی بۆرژوای تورک دەگەڕێنەوە. دەست بەسەر زەوی و دەشتە پڕ پیت و بەرەکەتەکانی هەرێمەکەدا دەگرن. دەستەڵات و هێزی ڕژێمی تورکە تۆرانیستەکان بەسەر گەلی کوردستان توندوتۆڵتر و بەزەبرتر دەکات. دەربارەی بەرسڤی پرسیاری دووەمیش، هەردوو هەڤاڵەکە لەو ڕا و بۆچوونەدا

بوون کە هاوکاری و کارکردنی هاوبەش لەگەڵ پ.ک.ک. سەختە و جێبەجێ ناکرێت و بە مەرجێک چێ دەبێت ئەگەر لە ژێر دەسەڵات و ئامۆژگاریی ئەواندا بێت.

کە ئامیلکەی (الىضال)ی عەرەبیم خستە بەردەمیان، کە ڕاپۆرتی کۆنگرەی دووەمی پارتیی (کوک)ی تێدا بڵاو کرابووەوە، هەڤاڵ (S. R.) کەوتە پێکەنین و گوتی: "ئەم کڵێشەی ئامێلکەکەی پێ بڵاو کراوەتەوە لە شاری دیاربەکر بە نهێنی ئامادەم کردووە و دەستخەتی منە..."

یەکێک لە دانیشتووەکان خۆی پێ ناساندم و گوتی: "ناوم خورشیدە و چەند ساڵ پێش ئەمڕۆ لە فەرەنسا بە بازرگانیی فرۆشتنی فەروو خەریک بووم، نوێنەرانی پ.ک.ک. هاتنە لام و داوای ١٠٠ هەزار فرەنکیان لێکردم، کە وەک پارمەتی پێشکەشیان بکەم. بە هەزار حاڵ و پارانەوە بە ٣٠ هەزار ڕازی بوون.

دواوتەی (S. R.) گوتی: "لە دوای ساڵی ١٩٧٨ەوە پارتیی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (پ.د.ک.) ناوی خۆی گۆڕی بە پارتیی ڕزگاریخوازیی کوردستان (کوک) و لە هەمان ساڵدا لە دیاربەکر کۆمەڵێکمان بۆ بایەخدان بە فێرکردنی زمانی کوردی ساز کرد. یەکەم جار (٢٥) کەسمان کۆکردەوە و بەداخەوە سەری نەگرت و خەڵکەکە ئارەزووی فێربوونی زمانی کوردییان کەمم بوو. تا هەنووکەش زۆربەی دانیشتووانی دیاربەکرد بە تورکی قسە دەکەن!

٤- دکتۆر محەمەد ئیکرام

ڕۆژی ٤/٤/٢٠٠٠ لەگەڵ د. محەمەد کادێرێک لە کادێرە سەرەکییەکانی (کوک) دیدەنیم هەبوو، کۆمەڵێک پرسیارم ئاراستە کرد و لێرەدا بە چڕوپڕی بەرسڤەکانی پێشکەش دەکەم:

"لە ساڵەکانی ١٩٧٢ تا ١٩٧٨ لە زانکۆی ئەنقەرە دەمخوێند، پەیوەندیم بە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری کورد و تورکەوە هەبوو، جموجووڵ و چالاکیی سیاسی ئەوسا کەوتبووە پایەیەکی بەرز و زۆرینە بیر و بۆچوونەکان سەرچاوەیان لە تیۆریی مارکیسیزم و لینینیزمەوە هەڵدەهێنجرا. هەر لە منداڵیمەوە بنەماڵەمان لە نزیک سنووری ئەرمینیا دەژیا، تاوان و ستەمداریی

تورکەکان دژی گەلی کورد لەبەر چاوماندا ئەنجام دەدران و ئاثارامییان دەکردم. ڕق و کینە و بێزاری لە دڵ و دەروونمدا دەپوونگایەوە، قەتیش ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕوام بەوە نەبووە کە ڕژێمی کۆماریی تورکیا، تۆزقاڵێک لە عەقڵیەتی تورانیستی و کۆلۆنیالیستی خۆی وازبهێنێت. هەمیشە لەسەر پاکتاوکردنی گەلی کوردستان سوور بووە. کە پلەی خوێندنم گەیشتە زانکۆ، کەوتمە ناو کارکردنی سیاسیی و پەیوەندیم بە (کوک) کرد. بیر و بۆچوونێک کەوتە مێشکمەوە، کە ڕێبازی خەباتی سیاسیی ئاشتییانە و دیموکراسییانە لە کەشوهەوای سیستێمی تورکیادا گەشە ناکات و پەرەناسێنێت، ئەگەر خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی و جەماوەری لەتەکەوە نەبێت. ئەو کاتەی بووم بە ئەندام لە ڕیزی (کوک)دا، مستەفا سەرۆکی پارتییەکە بوو. قبووڵم نەکرد ببم بە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی و بۆ ماوەیەک بەرپرسیاریی پێشمەرگەکانی (کوک) کەوتە ئەستۆی من و هێزەکەمان بە خێرایی پەرەی دەستاند. بەداخەوە پێش ئێمە ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕی یەکترکوژی لەنێوان گرووپ و پارتییە کوردییەکان دەستی پێکردبوو. هۆکارەکانیش بۆ عەقڵیەتی خێڵەکی، دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردستان و بوونی گیانی خۆپەرستی لە لایەکی تر بۆ فرتوفێڵ و تەڵەکەنانەوەی دامودەستگاکانی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان دەگەڕێتەوە، کە سەرتاپایان دژی کوردن و نایانەوێت ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ژێردەستی و پارچەپارچەکراوی ڕزگار بێت.

- دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ هێزەکانی کوردستان و چەپەکانی تورکیا دووچاری ئەشکەنجەدان، ڕاونان و فشار، دەربەدەری و ئاوارەبوون هاتن. زۆرینەی کادیر و لایەنگرانی هێزە کوردستانییەکان، پەرتوبڵاوبوونەوەیان تێکەوت، وورەی خەڵکەکە دابەزی، ڕاڕایی و ڕارەوکی بڵاوبووەوە. دووچاری سەرلێشێوان هاتبوون. لە قۆناخێکی تاریک و دژواردا دەژیان. هۆش و هەست و بیرکردنەوەیان کەوتبووە پشکنین بە دوای هێز و ڕێکخراوێکی شۆڕشگێر کە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە و لەو گێژاوە بۆگەن و لیخنەی تێیکەوتبوون بێنە دەرەوە و بکەونەوە سەرهەڵدانێکی نوێ دژ بە تاوانی

تۆرانیستەکان. لەنێو ئەو بارە دراماتیکییەدا پ.ک.ک. هاتە سەر شانۆی سیاسی و لە قەزای (ئەروە)وە دەستی بە خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی کرد. لە نزیکەوە ئاگاداریم هەیە، تا پێش کودەتاکەی کەنعان ئەڤرین لە قەزاکەدا پ.ک.ک. تەنیا یەک ئەندامی هەبوو و ئەویش گۆشەگیر و سست بوو. پەیدەرپەی یەک یەک و بە کۆمەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی پارتییەکانی گۆڕەپانەکە چوونە ریزی پ.ک.ک.ەوە و ژمارەیەکیان دەناسم و لەنێویاندا شەهیدیش هەن.

ـ هۆش و هەستی کوردایەتی لە کوردستانی باکوور باش بووژاوەتەوە، بەڵام کارکردنی رامیاری و نەتەوەیی و فەرهەنگی لە ژێر دەستەڵاتی کەمالیزمەکان زێدەیەدەر سەختە و کۆسپ و ناهەمواری و سەختی لە پێشدایە.

ـ ژمارەیەک گرووپ و پارتی هەن، کوردپەروەرن و لەپێناو بەرژەوەندیی کورددا تێدەکۆشن، وەلێ لاوازن و رۆڵیان کەمە. لە دەرەوەی تورکیا لەنێو کوردە ئاوارەبووەکاندا «یەکبوون» لە چەند رێکخراوێک پێکهاتووە و بەپێی ئاگاداریم دۆست و لایەنگریان لەنێو تورکیادا کەمە.

ـ پارتیی سۆسیالیستی کوردستان ـ تورکیا توانای ئەوەندە نییە وەک خۆیان بانگاشەی بۆ دەکەن و کە خۆیان بە جێگری پ.ک.ک. داناوە، هەروا سانا نییە. بە رای من وا دەرناچێت.

ـ پارتیی هەدەپ و پ.ک.ک. رۆڵی سەرەکییان هەیە لە پانتایی ئەنادۆڵ و نێو کوردەکانی دەرەوەی تورکیادا.

ـ بە را و هەڵسەنگاندنم گەلی کوردستانی باکوور بە رابەرایەتیی ئۆجەلان بە ئاواتی ناگات!

ـ کوردە دەربەدەر و ئاوارەبووەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە ئەورووپا دەژین، رۆڵی سەرەکییان گێڕاوە تا دۆزی گەلی کوردستان بەم پلە بەرزە بگات و دونیا زێدەتر ناوی کورد بهێنێت و بایەخی پێ بدات.

ـ تەلەفزیۆنی مەد و هەنووکەش میدیا رۆڵێکی پڕ سوودی بینی لە هۆشیارکردنەوەی کورد و بەیەکترناساندنیاندا، خۆ ئەگەر بێت و لە ژێر

دەستەڵات و ئامۆژگاریی پ.ک.ک. ڕزگاری بێت، ڕۆڵی گەلێک زێدەتر دەبێت.
- ماوە یەکجار تەسکە لە پێش بڵاوکردنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە، گۆرانی و مۆسیقا و فەرهەنگی کوردی. دەوڵەتی تورکیا ماوە نادات گەشە بکات و سەرفرازانە پێش بکەوێت.
- ئافرەت لە کوردستانی باکوور یەکجار دواکەتوون لە خوێندن و نووسین و بە چەندین شێوە دەچەوسێنرێنەوە.
- دروستکردنی بەنداوەکانی سەر ئاوی دیجلە و فورات بۆ بەرژەوەندیی حکوومەتی تورکی داگیرکەرە و بۆرژوا گەورەکانی تورک و کۆمپیانیا مۆنۆپۆلییەکان سوودەی لێ دەبینن. دۆزی کورد دژوارتر و ئاڵۆزتری دەکات.
- لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پیشەسازی و کارخانە و بەکارهێنانی ئامێری نوێ و تەکنیک لە کشتوکاڵ دەستی پێکردووە، بەڵام کەمە و فراوان نییە. ڕەنجبەری کورد یەکجار بە خراپی دەچەوسێنرێتەوە.
- چەپی تورک قەت بە قووڵی ئاشنای بیر و بۆچوون و خواستەکانی نەتەوەی کوردی نەکردووە. بەدرێژایی مێژوویان لە چوارچێوەی عەقڵیەتی تورانیستی دەرنەچوون و بۆ پاراستن و بەرژەوەندیی ئەوان تێکۆشاون.
- لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕێباز و پرۆگرامی زۆرینەی پارتی و کۆمەڵ و گرووپە کوردییەکانی کوردستانی باکوور لە کانگا و سەرچاوەکانی مارکسیزم و لینینزیم هەڵهێنجراوە: هەمیشە وا خۆیان دەربڕیوە کە بەشێکن لە بزووتنەوەی بەرەی گەلانی وڵاتانی سۆسیالیست و چەپەکانی دونیا.
- پێشنیار دەکەم کە دیدەنی لەگەڵ مستەفا؛(×) سکرتێری گشتیی کۆنی کوک

(×) لە بەهاری ساڵی ١٩٨١دا لە دیمەشق سێ شەو لەگەڵ مستەفا و دوو کادیری سەرەکیی کوک لە ماڵێکی حیزبی شیوعیی عیراقدا ژیام، کە گەیشتمە سوید زانیم مستەفا دووچاری هەندێک کۆسپ و تەگەرەی شەخسی هاتووە و لە کارکردنی سیاسی دوور کەوتووەتەوە. تەقەلام دا ناوونیشانی بدۆزمەوە و دیدەنی لەگەڵدا بکەم، سەرنەکەوتم.

و فەرید ـ عەبدولڕەحمان بکەیت و زانیاریی زۆر دەربارەی ڕەوت و ئاڵوگۆڕەکانی هاتنە سەر کوک و دەربارەی ڕێکخراوی «یەکبوون» لایان هەیە و سوودی باشت دەکەوێتە دەست. بۆ ئەم کارە پیرۆزەی تەقەلای بۆ دەدەیت، بە سوپاسەوە د. محەمەدم بە جێ هێشت.

ە- دیدەنی لەگەڵ فەرید ـ عەبدولڕەحمان گوندی

ڕۆژی ٢١/٤/٢٠٠٠ لەگەڵ هەڤاڵ فەرید ـ عەبدولڕەحمان گوندی، کە یەکێکە لە تێکۆشەرەکانی کوردستانی باکوور، دانیشتنێکی تێروتەسەلم کرد. دەمێک ساڵە ئاوارەی هەندەران بوو و هەنووکە خۆی و خاوخێزانی لە شاری ستۆکهۆڵم، پایتەختی سوید دەژین.

لە سەرەتای دانیشتنەکەماندا، بە گەرموگوڕی پێشواز و یەکترناسینمان دەستی پێکرد و هەستم کرد زۆر شت دەربارەی بەندە دەزانێت. تکام لێکرد هەندێک زانیاری لەسەر کەسایەتیی خۆی پێشکەش بکات. بە دڵگراوەیی و شادییەوە کەوتە پەیڤین: "ناوم عەبدولڕەحمانە و بە گوندی ناسراوم. بنەماڵەمان لە گوندێکی نزیک شاری «شەرناخ»[×] لە کوردستانی باکوور هەڵکەوتووە. گوندەکە بە موڵکایەتی هی باوکمە.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ تورکیا دامەزرێنرا. لە سەرەتای تەمەنمدا کەوتمە ڕیزی ئەو پارتییە. ڕێکخراوەکانی پارتییەکە بە خێرایی پەرەیاندەسەند و پەیوەندیشمان لەگەڵ پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق بەهێز بوو. ئەوکات ژیانی کۆمەڵایەتیی دانیشتووان، بە درێژایی سنوورەکە، بە کۆچەری و ئاژەڵبەخێوکردن و

---

× شەرناخ: شارێکی کوردە کەوتووەتە باشووری کوردستانی باکوور، نزیکە لە سنووری کوردستانی عیراق و باشووری بچووک (کوردستانی سوریا) و ٤٥ کیلۆمەترێک لە باکووری ئیبراهیم خەلیل هەڵکەوتووە. (نووره) کە یەکەم ڕاپەڕینی پ.ک.ک. شەڕی پارتیزانی ١٩٨٤ لەوێوە دەستی پێکرد و هەر ٤٥ کیلۆمەترێک لە شەرناخەوە دوورە.

کشتوکاڵەوە بەند بوو. دەسەڵات و هێزی دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەکەدا لاواز بوو. لاوەکان نەدەچوونە سەربازی و ڕایاندەکرد. ڕوویان دەکردە ناوچە پڕ دۆڵ و ئەشکەوت و سەختەکان و بە کوڵەمەرگی و هەژاری ژیانیان بەسەر دەبرد. چەک لای خەڵکەکە خۆشەویست بوو. هەر خێزانێک کۆششی دەکرد، بۆ پاراستنی سەر و ماڵی، چەکێکی هەبێت. سنوورەکە ماوەیەک لە ژێر کۆنترۆڵی پارتییەکەماندا بوو."

ئەوجا کۆمەڵێک پرسیارم لێکرد و کەوتە بەرسڤدانەوەیان: "وەک ئاماژەم پێکرد، پارتییەکەمان خۆی بە بەشێک لە پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق دادەنا. مەلا مستەفای بارزانیمان بە تاکە ڕابەر و ڕزگارکەری کوردستانی دەزانی. ساڵی ۱۹۷۱ کێشە و ناکۆکی لە ڕیزی پارتییەکەماندا سەریان هەڵدا. بەشێک لە ڕێکخراوەکانمان لایەنگری سکرتێری پارتییەکەمان «سەعید ئالچی»یان دەکرد و بەشەکەی تریش کەوتبوونە پشتگیریکردنی «سەعید قرمزی توپراق، د.شڤان». دەنگ و ڕەنگی ناکۆکییەکان لە زۆربەی دەڤەرەکان بڵاوببووەوە. لایەنگرانی د. شڤان پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە سکرتێری پارتییەکە سەعید ئالچی لە ڕووی فیکرییەوە دواکەوتووە، کۆنەپەرست و پشتگیریی دەرەبەگ و خاوەنموڵکە گەورەکان دەکات. بە پێچەوانەوە داموودەستگای سەعید ئالچی پڕوپاگەندەیان دەکرد کە د. شڤان چەپە و پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ تاقمی جەلال تاڵەبانی هەیە. لەم کەینوبەینە و بگرەوبەردەیەدا، سەعید ئالچی بە دەستی لایەنگرانی د. شڤان شەهید کرا و زۆری نەخایاند د. شڤان و دوو هەڤاڵی «چەتۆ و برووسک» لە لایەن پارتیی دیموکراتیی کوردستان ـ عیراقەوە شەهید کران و پارتی بڵاوی کردەوە کە دادگاییەکی شۆڕش بە تاوانی کوشتنی سەعید ئالچی بڕیاری کوشتنی د. شڤان و دوو هەڤاڵەکەی تری وەرگرت و کوژران.

هیچ لایەنێک، نە لە کوردستانی باشوور و نە لە باکوور، نەیدەزانی ئەم دادگاییە کەی و لە کوێ بووە!؟ دادوەرەکان کێ بوون!؟ بۆچی بە نهێنی هەردوو سەعید تێداچوون!؟ لە چەند لایەک دەنگوباس بڵاو بووەوە، کە

هەردووکیان بە نەخشە و بڕیاری ناڕەوای سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول کوژران! تا ئەمڕۆکەش ئەم لەغزە بە نهێنیی ماوەتەوە.

د. شڤان خەباتگێڕێکی زیرەک و لێهاتوو بوو، گورجوگۆڵ و چالاک، هۆشیار و ڕۆشنبیر بوو. لە بنەڕەتدا کاری پزیشک بوو و بڕوابەخۆ و بوێر و چاونەترس بوو. ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ هەرەسی هێنا و ڕووخا، دوای ماوەیەک سەرکردایەتیی کاتی «القیادە الموقتە» پێکهاتەوە. پەیوەندیمان لەگەڵیاندا دروست کردەوە و دەمێکیش بوو ناوی جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی لە ناوچەکانی ئێمەدا زڕابوو، گوایا بوونەتە دوژمنی گەلی کورد و لایەنگری حکوومەتی عیراقن و بەعسییەکان پشتوپەنایانن!

پاییزی ١٩٧٨ ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتنە ناوچەکانی سنوور و ئەوکات هێزێکی کەمی سەرکردایەتیی کاتی، کە ژمارەیان نەدەگەیشتە ١٠٠ پێشمەرگە لە سنوورەکەدا هەبوون، بنکەی سەرەکی و شوێنی پشوودانیان گوندەکەی ئێمە بوو، کە شەڕ و پێکدادان لەنێوان ئەوان و یەکێتیی نیشتمانیدا هەڵگیرسا. لەسەرەتادا لەنگەری شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی هێزەکەی یەکێتی دادەشکایەوە و ئەم دیاردەیە لە مەیدانی پێکدادانەکاندا، بە ئاشکرا، دەبینرا و ئێمە کەوتینە پشتگرتنی چەکدارەکانی سەرکردایەتیی کاتی و کتوپڕ بە درێژایی سنوور جاڕ درا و داوامان لە عەشایر و لایەنگرانی خۆمان کرد بکەونە شەڕکردنی چەکدارەکانی یەکێتیی نیشتمانی و نەهێڵن چەکدارەکانی سەرکردایەتیی کاتی دووچاری لەناوچوون و تەفروتوناکردن بێن. لە هەموو لایەکەوە هێرش و پەلاماردان بۆ سەر چەکدارەکانی یەکێتیی نیشتمانی دەستی پێکرد و زیانی یەکجار زۆریان لێکەوت. ئەوەی کوژرا، کوژرا و بریندار و دیلیش زۆر بوون و هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی پەرت و بڵاو بوونەوە. لە یادمە لەنێوان دیلەکاندا خالید سەعید و عەلی عەسکەری هەبوون و هەردووکیان شەهید کران. ئەم کارەساتە دڵتەزێنە ئاسەوارێکی زێدەبەدەر خراپ و پڕ زامی لە دوای خۆی بە جێ هێشت و دامودەستگاکانی حکوومەتی

تورکیا، بەتایبەت ڕێکخراوی جاسووسی «میت» و ژاندرمەکان سوودی زۆریان لێ بە دەست هێنا. لەنێو ئەم هەموو ئاپۆر و خوێن و خوێناوەدا، خوالێخۆشبوو عومەر دەبابە و کوڕی عەلی عەسکەری گەیشتنە ماڵی ئێمە و کەوتبوونە گەڕان و سوراخکردن بە دوای هێزەکەیاندا و یارمەتیم دان و نەمهێشت تووشی هیچ گێچەڵ و ناخۆشییەک بێن و بە سەلامەتی گەیاندمنەوە سوریا.

دەگەڕێمەوە سەر باسی باری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و نەفسی لە تورکیا. لە هەموو شوێن و دەڤەرێک، ئاڵۆزی، ناڕامی، جموجووڵ، تەنگوچەڵەمەی کۆمەلایەتی بە فراوانی پەرەیساندبوو و بێکاری و سستی و لاوازیی باری ئابووری، دواکەوتوویی کشتوکاڵ و نەهامەتی وڵاتەکەی خستبووە گێژاوێکی ترسناک. هێزەکانی چەپی تورک و گورجوگۆڵی خەباتگێڕانی کوردستان، ئاناڕامی و دڵەلەرزەی خستبووە دەروونی فەرمانڕەوا کەمالیستەکان. ڕۆژی ١٢/٩/١٩٨٠ هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت بە کودەتایەک هەڵسان و بە هەزاران لە ئازادیخوازانی گەلانی ئاسیای بچووک فڕێدرانە ناو زیندانەکان. گۆڕانی دژوار و گەندەڵتر بەسەر وڵاتەکەدا هات. لە گەرمەی ئەو دراما ناقرمجایانەدا، شەڕی کورد کوردکوژی و ڕاونانی یەکتر بەتوندی و بێبەزەییانە دەستی پێکرد. زۆربەی کەسایەتییە سیاسییەکان و پارتی و گرووپەکانی کوردستانی باکوور، بەرپرسیاریتیی یەکەم لەو کارەساتە نێوخۆییەدا دەخەنە ئەستۆی پارتیی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک. و بەتایبەت عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

لە ١٥/٨/١٩٨٤دا پ.ک.ک. بوو بە تاکەسواری مەیدان و گشت ئەو پارتی و کۆڕ و کۆمەڵانەی لەسەر خاکی کوردستانی باکوور تێدەکۆشان دووچاری پچڕپچڕی و لاوازبوون هاتن و پەرتوبڵاو بوونەوە و پەراگەندییان تێکەوت. ئێمە نوێنەری چەند گرووپی چەپی نەتەوەیی، ساڵی ١٩٩٢، لە شاری هەولێر کۆبووینەوە و ڕێکخراوێکی نوێمان بە ناوی «یەکبوون»ەوە سازکرد و لە کوک، باری سۆسیالیستی، پارتیی پێشەنگی کوردستان، کۆمەڵەی ئازادیی

کوردستان و گرووپێکی چەپی سۆسیالیست پێکهاتبوو و ماوەی دوو ساڵێک پەیوەندیی لەنێوانماندا بەردەوام بوو و نزیکترین دۆست و ئاشنای ئێمەی «یەکبوون» پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بوو و لەدواییدا «یەکبوون» تێکچوو و نەما.

ساڵی ١٩٩٥ لە پایتەختی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا،(×) (١٠٠) تێکۆشەری کورد کۆنگرەیەکیان سازکرد و دوای دەرسکردن و تاوتوێکردنی باری کوردستانی باکوور و تورکیا، ڕێکخراوێکیان بە ناوی «یەکێتیی سۆسیالیستی کوردستان» ڕاگەیاند.

لە ئێستای کوردستانی باکوور و ئاوارەبووکانیدا، گرووپی بچووک بچووکهەن و لایەنگر و هەواداریشیان هەیە. وەک دەستەی کاوەی شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی دیموکراسی سۆسیالیت. ئەم دوو گرووپە لە پارتیی سۆسیالیستی کوردستان ـ تورکیاوە نزیکن.

لەنێو خاکی ئەنادۆلیشدا، پارتیی دیموکراتیی گەل (هەدەپ) توانای جەماوەری و لایەنگری زۆری هەیە و لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکاندا توانی کۆمیتەکانی (٢٨) شار و شارۆچکەی کوردستانی باکوور بخاتە ژێر ئامۆژگاری و دەستی خۆی. پارتیی «ئاشتی و دیموکراسی» هەیە و بیر و بۆچوونەکانیان جەپڕدوانەن و توانایان کەمە و ڕێکخراوەکانیان لاوازن. شەرەفەئەلدین ئالچی پارتییەکی بچووکی هەیە. هەڵوێست و ڕێبازی ڕوون نییە و توانای کەمە.

داوام لە عەبدولڕەحمان کرد چی دەربارەی پ.ک.ک. دەزانێت باسی بکات، گوتی: "بیروبڕوای کوردایەتی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٨٠دا لە کوردستانی باکوور کەوتبووە گەشەکردنێکی فراوانی پڕ لە چالاکینواندن و

---

(×) هەڤاڵ عەبدولڕەحمان ناوی ئەو شارەی باس کرد کە کۆبوونەوەکانیان تێدا ئەنجام دابوو، داوای کرد ناوی شارەکە بە نهێنی بمێنێتەوە.

گورجوگۆڵی نەتەوەیی. لە زۆرینەی ناوچە کوردنشینەکاندا، دەستەڵات و هەیبەتی دەوڵەتی تورکیا لاوازییان تێکەوتبوو. جەماوەر بەستەڵەکی بێدەنگی و ترس و لەرزی لە هەڕەشە و گەفوگوڕی ژاندرمە و سیخوورەکانی تورکی شکاندبوو. بەئاشکرا، گیانی کوردایەتی جۆش و گەرموگوڕی بە خۆوە گرتبوو. لەوە تێپەڕی کردبوو خەڵک نەوترێت بڵێت: ئەز کوردم و کوڕی کوردم! بە ڕا و بۆچوونم دەوڵەتی تورکیا ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دروستکردنی پ.ک.ک.دا بۆ ئەوەی مەبەستە ستراتیژییەکانی کەمالیستەکان بهێنێتە دی. پێش پەیدابوونی پ.ک.ک. شەڕی کورد کوردکوژی لە باکوور نەبینرابوو. ئەم دیاردە تێکدەرانەیە لە دوای ئابی ١٩٨٤ەوە گشت هێز و پارتی و ناوچەکانی باکووری گرتەوە. ئۆجەلان دیکتاتۆر و خۆپەرستە، لە ژێر پەردەی پێشکەوتووخوازی و مارکسیزمدا خۆی شاردۆتەوە. لەگەڵ گەلی کوردستان ڕاستگۆ نییە. بە شێواز و پەروەردەکردنێکی چەوتی نارەوا ڕێکخراوەکەی پ.ک.ک.ی بنیاتناوە. سەرۆک دەپەرستن، گوێڕایەڵن، سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ و دیموکراسیەت لەنێویاندا نییە. ماوەی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن نادەن. کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەوتە دەستی «میت»ی تورکی، هەڵوێستی لاواز بوو. سووکایەتی بە خۆی و بە تێکۆشانی گەلی کوردستان نیشان دا. کۆمەڵێک هۆکاری لەبار بۆ پ.ک.ک. و ئۆجەلان ڕەخسا و سوودیان لێوەرگرت، بۆیە لە ماوەیەکی مێژوویی کورتدا پارتییەکە بوو بە هێزێکی بەتوانا و فراوان و لە ڕووی جەماوەری و ڕاگەیاندن و پروپاگەندە، چەند ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاو دەکاتەوە، ئەوە چەند ساڵە تەلەفزیۆنێکی تایبەت بە خۆیان بنیاتناوە. خزمەتی خۆیان و کوردایەتیشیان پێ ئەنجام داوە. لە ڕووی داراییشەوە دەوڵەمەندن و بوون بە خاوەنی ڕێکخراوێکی سیاسی و پارتیزانی بەربلاو..."

پرسیار: ئایا ماوەی ئەوە نییە بەرەیەکی نەتەوەیی لە گشت هێز و پارتی و کۆڕ و کۆمەڵە کوردستانییەکانی باکوور دابمەزرێت؟

وەلام: "تا عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەردەوام بێت لە سەر هەمان عەقڵیەتی دیکتاتۆری و تاکڕەوی، ئەنجامدانی ئەم کارە پیرۆزە گەلێک سەختە و بە دووری دەبینم. خۆ ئەگەر بێت و پ.ک.ک. چاو بە گشت کردەوەکانی پێشووی خۆیدا بخشێنێتەوە و هەڵیانسەنگێنێت، زانستیانە و بە عەقڵێکی کراوە و ڕێبازێکی دیموکراسیانە بگرێتە بەر، لە ڕێبازی خۆسەپاندن و لەخۆبایبوون خۆ ڕزگار بکات، بە بۆچوونم ئەوسا زەمینەی لەبار بۆ سازدانی ئەم جۆرە هاوکاریکردن و بەرەیە دێتە کایەوە."

پرسیار: وەک بەڕێزتان باستان کرد پێش ئێوش چەند برایەکی تێکۆشەری تری کوردستانی باکوور هەمان ڕاوبۆچوونی ئێویان هەبوو، کە زۆربەی پارتی و هێز و کۆڕ و کۆمەڵ و کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستانی باکوور، پێشکەوتووخواز و چەپن! ئەرکی مێژوویی ئەمانە چییە لەم قۆناغە ناسکەی دۆزی گەلی کوردستاندا بە گشتی و کوردستانی باکووردا بە تایبەتی؟

وەلام: "بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتییانە، بە دڵ و دەروونی کراوەوە، بە پشووی درێژ و ڕێبازی دیموکراسیانە، چارە بۆ ئەو ناکۆکییانە بدۆزنەوە کە لەنێوانیاندا پەنگی خواردووەتەوە و بۆگەنیشی کردووە. نەخشەی ستراتیژی یەکگرتوو دابڕێژرێت لەپێناو ڕزگارکردنی گەلی کورددا لە ژێردەستی و دواکەوتوویی و چەوساتەوە."(٦٩)

تۆمارکردنی ئەم چەند دیدەنییەی خستومنەتە پێش خوێنەر و توێژەرەوانی ڕووداوەکانی کوردستان، مشتێکن لە خەروارێک. بە درێژایی ئەو چەند ساڵانەی دوایی، تووشی چەندەها دیدەنی و دەمەتەقەی سەرسوورهێنەر بووم دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستان. وەلێ دیدەنییەکانم لەگەڵ ئەم چەند تێکۆشەرە، بە زانیاریی ڕاستوڕەوانم وەرگرتوون و خاوەنەکانیشیان بە تێکۆشەری ڕاستگۆ و پاک و ڕۆشنبیر ناسراون.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لە سەداسەد لەگەڵ هەموو ڕاوبۆچوونەکانیاندام.

## ١٣- تایبەتە بە پارتیی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک.

ماوەی بیست ساڵێکە باری تورکیا و گشت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دەنگوباس و جموجووڵییەکان پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.)ەوە خەریکە و ژمارەیەکی زۆر لە پارتی و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان نارەزایی و نەیاری دژ بە پ.ک.ک. ڕادەگەیەنن. بە هێزێکی چەواشە، تێکدەر، گومانلێکراو، نۆکەر و وابەستە بە داگیرکەرانی کوردستان، بکوژی ڕۆڵە کورد و تیرۆریست لە قەڵەم دەدەن. هەندێ وڵاتای بیانی و ئامێر و دامودەستگا جاسووسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا و ئیسرائیل لە خانەی تیرۆریستیدا ڕیزبەندی دەکەن و لە زووەوە کەوتوونەتە دژایەتی و ڕسواکردنی و پشتگیریکردنی ڕژێمی کەمالیستەکان لە تورکیا.
ئەوە چەند ساڵێکە حکوومەتی تورکیا، کە خاوەنی زلترین هێزی چەکدارییە لە پەیمانی ناتۆدا، لە هێرش و پەلاماردانی بەربڵاوی، لە ژێر پەردەی ڕاونانی پ.ک.ک.دا، بۆ سەر گەلی کوردستان بەردەوامە. تەنانەت لە ڕاپۆرتێکی کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٩٣دا هاتووە، کە تورکیا لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئەوەندە تانک و زرێپۆشی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا کڕیوە بەقەد هەموو چەکە قورسەکانی حکوومەتی بەریتانیایە و زۆرینەی چەکەکانیش دژی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە کار هێنراون."(٢٠١)

بەرانبەر گشت ئەو هێرش و هەڵمەتانە و ئەستەنگە سەختانەی بۆ بزووتنەوەکانی پ.ک.ک. دروستکراون، توانی لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا ببێت بە هێزێکی جەماوەری بەتوانا، ڕەگوریشە و بناغەی ڕژێمی کەمالیستەکان بهێنێتە لەرزین، کە هەشتا ساڵە پیشە و کار و کردەوەی بەرانبەر بە گەلی کوردستان بریتی بوون لەوە کە کورد نەهێڵێت و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەسەر خاکی وڵاتەکەی بسڕێتەوە. بە پێچەوانەوە خەبات و قوربانییەکان و خۆڕاگریی گەلی کوردستانی باکوور، بە هیچ جۆرێک بواری

ئەوەی ئەدا و ئەیهێشت ئەو خەوت و خەیالانەی تۆرانیستە ڕەفتارفاشیستەکان بە پاکتاوکردن و ئەمانی گەلی کورد دەیانبینی، بێتە دی!
لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەنگی زوڵاڵی گەلەکەمان و مافەڕەواکانی لە سەرتاپای دونیادا بڵاوبووەوە، لە گەلێک وڵات و شوێناندا، دەنگ بەرزبووەتەوە، کە پێویست دەکات چیتر سیاسەتی لەناوبردن و قڕکردن دژ بە گەلێکی مەزنی خاوەن وڵات و مێژوو پیادە نەکرێت. بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتییانە دان بە مافە ڕەواکانیدا بنرێت.
بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری تورکیادا، سەرۆککۆماری پێشووی تورکیا؛ تورگوت ئۆزال، لە سەرەتای ئەوەدەکانی سەدەی پێشوودا، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا، بیرۆکەی بنیاتنانی دەوڵەتێکی فیدرالی لە تورکیادا دەخاتە بەر تیشکی باسکردن و لێدوان "(٧١) لە پایتەختی ئەمریکا؛ واشنتۆن، پسپۆڕ و هۆزان «غراهام فولر» کە کارگێڕێکی سەرەکییە لە سازمانی «ڕاند» بۆ دەرسکردنی باری وڵاتانی دونیا، دەڵێت: "واشنتۆن لەگەڵ ئەوەدایە کە مافی فەرهەنگی بدرێت بە کورد، پێنج و بنەمای ڕەگەزی نەتەوەییان بپارێزرێت، دەبێت دۆزی کورد لە تورکیادا، بە سازدانی سیستێمێکی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمیکی فەرهەنگیی تەواو چارەسەر بکرێت."(٧٢)
تا گەیشتە ئەوەی کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا؛ کلنتۆن، چوو بۆ سەردانی تورکیا. وتارێکی گرنگی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەدا (المجلس الوطني الكبير) پێشکەش کرد و گوتی: "پێویست دەکات دان بە مافی فەرهەنگی و کۆمەلایەتیی گەلی کورددا بنرێت. فشار و ئازاردان و ئەشکەنجەیان لەسەر هەڵبگیرێت..." وتارەکە یەکجار نائارامی و بێزاری لە دڵ و دەروونی تۆرانیستەکاندا خوڵقاند، پەست و خەمگینی کردن؛ لە گشت پارچەکانی کوردستانیش دەنگ و ڕەنگێکی پۆزەتیڤی دایەوە.
ئەو گۆڕان و هەڵوێستە تازانەی لە وڵاتانی دونیادا بۆ بەرژەوەندیی ئاییندەی گەلی کوردستان هاتوونەتە کایەوە و ڕەخساوە، ڕۆڵ و شوێنی تێکۆشانی

پ.ک.ک.ی بە زەقی و ئاشکرا تێدا دیارە. کەس نییە بتوانێت نکۆڵی لە پێشڕەوایەتی و ڕێنمایی پ.ک.ک. لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستانی باکووردا بکات!

نووسینی بابەتیانە دەربارەی پ.ک.ک. ئەرک و کارێکی سەخت و دژوارە، پشکنین و لێکدانەوەی قووڵی گەرەکە. کاروانی ڕەوتەکانی تەماوی و ئاڵۆز و چڕە! هاژوهوژی زۆری بە دواوەیە! ڕژێمی کەمالیستەکانی تورکیاش، کە بۆ بیست ساڵ دەچێت پ.ک.ک. لە ڕوویدا هەڵساوەتەوە و ڕابووە، کەللەڕەقترین دوژمنی ڕەگەزپەرست و شۆفێنیستە دژ بە گەلی کوردستان و وێنەی لەم جیهانەدا یەکجار کەم ماوە. ئەوجا پێویست دەکات بە عەقلیەتێکی کراوەی ڕاستگۆوە، بە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی زانستییانەوە ڕەفتار لەگەڵ لاپەڕە کۆن و تازەکانی مێژووی ڕووداوەکانی ئاسیای بچووکدا بکرێت.

بەپێی توانام تەقەلا دەدەم کە بتوانم بە چڕوپڕی شتێکی بەسوود دەربارەی ئەم پارتییە پێشکەش بکەم، بەرپرسیاریی مێژوویم نەکەوێتە ئەستۆ و بە گرانم لەسەر نەوەستێت و بە ڕێژەیەکی مەعقولیش پەسند بکرێت.

یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٠دا وشەکانی (ئاپۆچی، کوک و دەدەکەدە)م بەر گوێ کەوت. ئەسا لە (ناوزەنگ) دەژیام، چارجار هەندێ سەرکردە، کادێر و پێشمەرگەی پارتی و گرووپ و کۆمەڵەکانی باکوور دەگەیشتنە ئەو ناوچەیە و لە دیدەنییەکاندا باس و ناوی گشت ئەو هێزانە دەکرا کە چالاکی و جموجووڵی سیاسییان لە کوردستانی باکوور هەبوو. لە کاتی ڕوودانی کارەساتەکانی ١ی ئایاری ١٩٨٣دا، شەڕەکانی پشتئاشان، لە نزیکەوە ناوی پارتیی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک. و (ئاپۆچی)م کەوتەوە بەر گوێ، بەتایبەت ئەو کاتە دوو کادێری سەرەکیی پارتییەکە کە یەکێکیان ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیان بوو و بە نیازی کاری خێرخوازی و کوژاندنەوەی بڵێسەی ئاگری شەڕە نارەواکەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و بەرەی دیموکراتی نیشتمانی (جود) بە دەنگ ڕووداوەکانەوە هاتبوون و هەر کە گەیشتبوونە بناری شاخی قەندیل، چەکدارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی شەهیدیان کردبوون.

کە بنکە و بارەگاکانیشمان لە پشتئاشان وێران کران و شوێنمان و لێ تێکچوو، زستانی ١٩٨٤، شوێنمان گواستەوە بۆ دۆڵی (دەراو)، ناوچەی برادۆست، ناحیەی سیتەکان، دیمان چەند سەد مەترێک لە دووری شوێنی سەرەکیی رێکخراوەکانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراقەوە بنکەیەکی دیکە هەیە و هی پارتیی کرێکارانی کوردستانە و بە ئاگاداری و یارمەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق بنیاتیان ناوە! زوو هەستمان کرد دراوسێیەکەمان گۆشەگیرن و هاتوچۆ و دیدەنی لەگەڵ ئێمە و لایەنەکانی تر ناکەن. کار و کردەوە و رێکخراوەکەیان یەکجار نهێنی و داخراوە! بە دیسپلین و ئەوەی بکەوێتە ریزی رێکخراوەکەیانەوە ماوەی دەرچوونی پێ نادرێت!

سەرەتای ١٩٨٥ مەفرەزەیەکی پ.ک.ک. لە سێ سووچی سنووری سوریا ـ عیراق ـ تورکیا، شاخی سەنات، کەوتنە شەڕکردن لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و لە ئاکامدا شەهید و برینددار لە هەردوو لا هەبوون و شەڕ و ناکۆکییەکان زوو چارەسەر کران و درێژەیان نەکێشا.

ماوەی ئەو سێ ساڵەش، (١٩٨٦-١٩٨٩)، کە لە سوریا دەژیام، بە بڕیاری سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق لە بواری پەیوەندییە نیشتمانییەکاندا کارم دەکرد و پەیوەندیم لەگەڵ نوێنەراتی پ.ک.ک.(×) و ژمارەیەک لە پارتییەکانی کوردستانی باکوور و باشووری بچووک هەبوو، یەکجار ئارەزووم هەبوو زانیاریی تێروتەسەل لەسەر ڕێباز و پرۆگرام و هەڵسوکەوت و بیروبۆچوونەکانیان پەیدا بکەم. گشتیشیان خۆیان بە هێزی چەپی مارکسیست لە قەڵەم دەدا. ئەو نامیلکە و گۆڤار و بڵاوکراوانەش کە

(×) دوو نوێنەری (پ.ک.ک.)م دەبینی، لای من ناویان عەباس و هەمزە بوو، لە سوید زانیم کە یەکێکیان شەهید کراوە.

بڵاویان دەکردنەوە بە وردی و لەزوبەز دەمخوێندنەوە. ئەوەندەش قسەوقسەڵۆک و گوتەی توندوتیژی جیاجیای سەرسوورهێنەر گوێبیست دەبووم، بەتایبەت بەشێکیان ئەوەندە بە ڕق و کین دژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەپەیڤین دووچاری نائارامی و سەرئێشە دەهاتم!

کە گەیشتمە سویدیش، لەسەر هەمان پیشەم بەردەوام بووم. چاوم بە هەر تێکۆشەرێکی کوردستانی باکوور، یان ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکیان بکەوتایە، باسوخواسی (پ.ک.ک.)م دەهێنایە پێشەوە و زێدەبەدەر مەبەستم بوو کە بە تێروتەسەلی بزانم ڕاوبۆچوونی برایانی کوردی باکوور لەسەر پ.ک.ک. چییە، بەرگریکردن و ڕاوبۆچوونی لایەنگرانی پارتییەکە چییە بەرانبەر بەو ژمارە زۆرە لە تێکۆشەر و پارتی و کۆڕ و کۆمەڵانەی لەگەڵ ئەواندا نین و ناحەزییان دەکەن.

دوای ئەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش بە پیلانێکی نێودەوڵەتی کەوتە چنگ دامودەستگاکانی دەوڵەتی تورکیا، کۆمەڵێک گوتە و ڕاگەیاندن بە ناوی ئەوەوە بڵاوکرایەوە، بۆچوونی نارەوا و لاوازی تێدا بەدی دەکرا. گۆڕانی سەرەکی بەسەر هەڵوێست و ڕێبازی سیاسییدا هات. لەگەڵ ئەمانەشدا لە سەرانسەری کوردستان و گشت ئەو وڵات و شوێنانەی کورد تێیاندا دەژین، دەنگ و ڕاپەڕین دژی تاوانی دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە جۆش و گەرموگوڕی بەرز کرایەوە. خۆپێشاندان، مانگرتن و نانەخواردن، کۆبوونەوەی جەماوەری هەموو هەرێم و ناوچەی شوێنێک کە کورد تێیاندا دەژی، گرتەوە. تەنانەت ژمارەیەک لە ڕۆڵەی کوردی پاک و خوێنگەرم و دڵسۆز بۆ کوردایەتی، خۆیان لەپێناو ژیانی ئۆجەلان سووتاند و گیانیان لە دەست دا. ناوی کورد و کوردستان، بەتایبەت لێدوان لە دۆزی کوردستانی باکوور، بوو بە یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەی کە بە سەدان گوتار، نووسین و ڕاگەیاندنی دەربارە بڵاوکرایەوە. ژمارەیەکی زۆریش لە برایانی کوردستانی باکوور، هێرش و ڕەخنە و لۆمەیان لەسەر کەسی ئۆجەلان زێدەتر کرد، ڕووداوەکانیان بە هەڵ قۆستەوە، تەقەلایان دەدا کە جۆرەها بەڵگەی کۆنیش زیندوو بکەنەوە و

بیخەنە ئەک بڵاوکراوەکان و ڕۆڵ و بەرپرسیاریی ئۆجەلانی پێ ریسوا بکەن.
لە ئەنجامی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەتم، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پێویستە لەم کتێبەدا، بەپێی توانام، کورتەیەک لەسەر ڕۆڵی پ.ک.ک. لە مێژووی کوردستاندا، بەتایبەت کوردستانی باکوور، بنووسم. چونکە گرتنەدان یاخود دوورکەوتنەوە لە باسکردنی، بە خۆدزینەوە و کورتبینی لەسەرم دەژمێردرێت! خوێنەرانی کورد و مێژوونووسانیش لێمی قبووڵ ناکەن.
عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە خێزانێکی کوردی هەژار هاتووەتە دونیاوە، چاوی بە تاوان و ستەمکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا کراوەتەوە. وەک هەر منداڵێکی کورد لە سەرەتای تەمەنیدا هەستی بەوە کردووە کە ڕۆڵەیەکی کوردە، بەڵام نابێت بە کوردی بخوێنێت و بنووسێت، نابێت جلوبەرگی کوردی لەبەر بکات، نابێت لە قوتابخانە بە زمانی کوردی بپەیڤێت و ناسنامەی کوردی نییە و...تاد.
لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا دەگاتە زانکۆی ئەنقەرە، کۆلێژی زانیاریی سیاسی، دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەیەکی زانستیدا کە بیروبڕوای زۆربەی ئەندامەکانی چەپی مارکسیست بوون. پەیوەندیی بەهێز و ئاشنایەتی لەگەڵ دوو هەڤاڵی خوێندکار، کەمال پیر و حەقی قرار، پەیدا دەکات کە هیچیان بە ڕەچەڵەک کورد نەبوون. یەکێکیان تورک و ئەوی تر لە نەتەوەی بچووکی (لازە)(×) بوو. هەر سێ هاوڕێ لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە بکەونە تێکۆشان لەپێناو ڕزگارکردنی گەلی کوردستان لە ژێر فشار و ستەمکاریی کەمالیستەکان. تا ١٩٧٦ هاوکاری و پەیوەندی نێوانیان بەردەوام بوو.(٧٣)
هەر لە سەرەتاوە سێ هەڤاڵەکە کەوتنە سەر ئەو بڕوایە کە گەلی کورد و جەماوەری تورکیا بە ڕێبازی سۆسیالیست نەبێت لە چەوسانەوە و شۆڤێنیزمی تۆرانییەکان ڕزگاریان نابێت.(٧٤)

(×) لازە، کەمەنەتەوەیەکی بچووکە لە باکووری ئەنادۆڵ، لێواری دەریای ڕەش و ناوچەکانی سامسون و تەرابزۆندا دەژین.

بە هۆی ئەوەی لە گەلێک لایەنی سیاسی و سەرچاوەوە پەنجەی گومانلێکردن بۆ سەرەتای ژیانی تێکۆشانی ئۆجەلان درێژ دەکرێت، جمعە: نووسەری کتێبی «مێژووی پارتیی کرێکارانی کوردستان» لە چەند شوێندا بەرگری لە «ئاپۆ» و پارتییەکە دەکات و ئەو تاوان و گوتانەی خراونەتە پاڵ ئۆجەلان ڕەد دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە کیژێکی تورک فاتمە، کە ناوی نهێنی «کەسیرە»یە و ماوەیەکیش هاوسەری ئاپۆ بووە. لە چەند شوێن لە کتێبەکەدا، لە لاپەڕەکانی ٩٢ تا ٩٤ باسی ئەو ئافرەتە تورکە هاتووە کە چۆن ئۆجەلان لە ڕێگای «نەجاتی کایە»وە پەیوەندی بە «کەسیرە» و کیژێکی تر بە ناوی «نادیرە»وە پەیدا دەکات. بەڕاشکاویش وەک نووسەر نووسیویەتی زانیویانە هەردوو ئافرەت شوێنی گومانلێکردنن. باوکی کەسیرەش کەسایەتییەکی ناسراوی تورک و فەرمانبەرێکی زل بووە لە دامودەستگای «میت»ی جاسووسی لە تورکیا.

لە کتێبی «ملحمە الانبعاث»دا ئۆجەلان دەڵێت: "نەجاتی کایە «پیلۆت» فڕۆکەوانێکی بەهێز و توانا بوو لە هێزی ئاسمانیی تورکیادا، خۆی وا نیشان دەدا کە لەسەر کار دەرکراوە، بەڵام گومانی ئەوەمان لێ دەکرد کە دامودەستگای جاسووسی و موخابەراتی تورک بۆ نێو ئەوانی ناردووە، تەنانەت کە لە ڕۆژی ١٩٧٧/٦/١ کۆبوونەوەیەکمان لە ماڵی پیلۆت (نەجاتی کایە) ڕێکخست و مەترسیی ئەوەشمان هەبوو کە بە دەستی ژاندرمەکانی تورکیامان بدات."(٧٥)

لە شوێنێکی تردا ئۆجەلان دەڵێت: "لە ١٩٧٧/٦/٣دا، ماوەی شەش مانگ تا ساڵێک، زانیاریی چەوت و ناڕاستم بە «پیلوت» دەدا بەو مەبەستەی ڕێگای لێ ون بکەم."(٧٦) ساڵی ١٩٧٩ کادیرێکی ئێمە «دوغان» لە لایەن میتی تورکیاوە دەستگیر دەکرێت. ئەوکات ئۆجەلان لە تورکیا ڕای کردبوو و گەیشتبووە سوریا. لەو کاتەی پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن، لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن: "ئۆجەلان لەبەر دەستی ئێمەدا بوو، نازانین چۆن لە ژێر چنگمان دەرباز بوو."(٧٧)

نووسەری کتێبی «مێژووی پ.ک.ک» ڕەدی ئەو هێرش و پەلاماردانەی دەکرێتە سەر پارتییەکەیان و ئۆبال و بەرپرسیاریی هەڵگیرساندنی شەڕی کورد کوردکوژی دەخرێتە پاڵ، دەداتەوە و بەتوندی بەرگری لە ڕێبازی خۆیان دەکات و دەڵێت: "کاتێک ئاپۆ چاوی بە «سراج بیلیگین»(×) نوێنەری حدک ـ تورکیا کەوتبوو، سراج پێی گوتبوو: "ئەوەی بێتە کوردستان قاچی دەشکێنین."(٧٨) لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە: "ئەو شوێنەی پارتیی دیموکراتی کوردستانی تورکیای لێ بووایە، کەس نەیدەتوانی خەباتی تێدا بکات. ماوەی پێ نەدەدرا، بەربەرەکانی دەکرا."(٧٩)

گورجوگۆڵی و چالاکییەکانی پارتیی کرێکارانی کوردستان یەکجار بە خێرایی پەرەیان دەستاند. لە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕاگەیاندنی شەڕی پارتیزانیدا، لە مانگی ئاداری ١٩٨٥دا، بڕیاری دامەزراندنی بەرەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان «ئەرنەکە»ی دا و پرۆگرامێکی تێروتەسەلی بۆ داڕشت و بڵاوکرایەوە. ئامانجە سەرەکییەکانی گەلی کوردستانی تێدا دەستنیشان کرا.

لە کتێبی «دۆزی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و ڕێگای چارەکردن» هاتووە، کە لە سەرهەڵدانی پ.ک.ک.دا ڕۆڵی پێشڕەویکردنی ئایدیۆلۆژیای سیاسیی پرۆلیتاریا بەدی دەکرێت. ئەوەش وایکرد کە پارتییەکە بە پشتبەستن بە پرۆلیتاریای کوردستان تێ بکۆشێت، لەسەر ڕۆشنایی و خۆیابەندکردن بە مارکسیزم لینینزمەوە و ئایدیۆلۆژیایەکی سەربەخۆ هەڵبژێرێت."(٨٠)

---

(×) د. سراج بیلیگین. چەند ساڵە لە سوید، شاری ئوپسالا، بەڕێ. دکتۆرای لە بەشی مێژووی زمانزانیدا هەیە. لایەنگری (پ.د.ک.)یە و لە هەموو هەڵسوکەوتیدا لە دوای دەنگی ئەوانەوەیە

لە هەمان کتێبدا بەرگری لە هەڵوێست و ڕێبازی خۆیان دەکات و ئۆباڵی شەڕ و پێکدادانەکانیان لەگەڵ پارتی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی تردا، دەخاتە ئەستۆی «ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی کوردستان (کوک)» و «ڕێگای ئازادی» و «دەدەکادە»، کە ئەوان ساڵی ١٩٧٩ هێرشیان بردووەتە سەر پ.ک.ک. و دەڵێت: "بەرامبەر بەم گۆڕانکارییانەی هاتنە کایەوە پارتیی کرێکاراتی کوردستان خۆی ڕەگاژۆ کرد و شوێنی لە ڕیزی جەماوەردا چەسپاند، هێزەکانی بۆرژوای بچووک و ڕیفۆرمیست، کە لە ساڵی ١٩٦٥ەوە تەیارێکی ئایدیۆلۆژیای و سیاسیان دروست کردبوو، کە بینیان دواکەوتوون و لە توانیاندا نەماوە لەگەڵ شەپۆلی پێشکەوتن و گۆڕانکاریدا ڕێ بکەن، ساڵی ١٩٧٩ یەکبوونیان ساز کرد و بە جۆرەها شێوە کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر پ.ک.ک."(٨١)

لە پرۆگرامی «ئەرنەکە»دا چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێش بەدی دەکرێن و ئەمەش ناوەڕۆکیانە:

یەکەم:

ئا. تێکۆشان لەپێناو گۆڕینی ڕووی کۆمەڵگای کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیموکراسی و نیشتمانی.

ب. دامەزراندنی یەکێتیی کرێکاران، جووتیاران، لاوان، ئافرەتان.

دووەم:

ئا. سازکردنی میلیشیای چەکداری و ڕاگەیاندنی شەڕی پارتیزانی و دروستکردنی سوپایەکی میللی.

ب. لەبەینبردنی هەموو جۆرە چەوسانەوە و داگیرکردنێکی کۆلۆنیالی تورکی، کە ئیمپریالیزمی جیهان پشتی گرتووە.

ج. پێنج خاڵیان تایبەتن بە تورکیاوە و لە خاڵی پێنجەمدا نووسراوە: "داننان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەو گەلانەی لە سنووری ئەنادۆڵدا دەژین، سەربەخۆییان مسۆگەر بکرێت."(٨٢)

نووسەری کتێبی مێژووی پ.ک.ک. کارێکی باشی کردووە کە هەندێ لە

نهێنییەکانی پارتییەکە و تۆجەلانی بڵاو کردووەتەوە و خستوونیەتە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و تۆژینەوەی خوێنەران و مێژوونووسان. بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە نهێنییانە و داماڵینی پەردە لە ڕوویاندا، بۆ ئاییندەی نەتەوەی کورد یەکجار بەسوودە. پەند و دەرسی زۆری لێ وەردەگیرێت. خۆزیا سەرکردەی پارتییە سەرەکییەکانی کوردستان و ئەو کادیرە بەتەمەن و سەرەکییانەی لە ژیاندا ماون، قۆڵیان لێ هەڵدەکرد و بوێرانە ئەو پەیوەندی و نهێنییە گرنگانەی لایان هەیە، بڵاویان دەکردەوە و لەگەڵ خۆیاندا نەیاندەبردە ژێر خاک و گەلی کوردستانی مافخوراویان پێ هۆشیار دەکردەوە. ئەو نهێنی و پەیوەندییانە چەند زووتر ئاشکرا بکرێن، ئەوەندە زیاتر بە قازانجی داهاتووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان دەگەڕێتەوە.(×) بڕیاروەرگرتنی کۆتاییش لەسەر کردەوە و پەیوەندییەکان بە دوژمنانی کورد و کوردستان و وڵاتانی بیانی لە سنووری عەقڵییەتی دەروێش و پارتیایەتی تەسک و ناوچەگەریتی دەرچێت. بەرژەوەندیی گەلەکەمان لە سەروەوەی هەموو بەرژەوەندییەکەوە دابنرێت.

لە مێژووی خەباتی گەلانی دونیا و خەباتی دووروودرێژی گەلی کوردستانیشدا نموونە لەم جۆرە پەیوەندی و سازشکارییانە بە کوردایەتیی پیرۆز فرە هەن و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش بەردەوامن. تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە و پشکنینی ورد لەسەر پەیوەندییە ئاشکرا و نهێنییەکانی سەرکردایەتیی گشت پارتی و کۆڕ و کۆمەڵ و کەسایەتییەکی ناسراوی کورد، ئەرک و کارێکی ڕاست و ڕەوا و پیرۆزە و دەبێت پێڕەو بکرێت. پێویست دەکات بە کێش و پێوانەیەکی دادپەروەرانە پەیوەندییەکان هەڵسەنگێنرێن و ئاکامەکەش بەوەوە بەند بێت ئایا بۆ قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بووە، یان بۆ سوودی داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان گەڕاوەتەوە!

(×) لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە ژمارەیەک یاداشت و بڵاوکراوە لە لایەن ژمارەیەک لە برایانی خەباتگێر بڵاوکراونەتەوە، کۆمەڵێ نهێنییان تێدا هەیە، وەلێ کامڵ و بنەڕەتییە هەرە سەرەکییەکان نین.

هەر لە دوای شەڕی عیراق ـ کوەیت گۆڕانکارییەکی چۆنیتی بەسەر باری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هات. ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی خەڵکی کوردستانی باشوور، مانگی مارتی ١٩٩١، هەرێمەکەی گرتەوە و دەستەڵات کەوتە دەست هێزەکانی بەرەی کوردستانی. ئامێر و دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعسی عیراق خۆیان پێڕانەگیرا و پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک و بەشێک لە پارێزگای کەرکووک و خانەقینی جێهێشت. وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی تری ئەورووپا، پاراستنی هەرێمەکەیان لە پەلاماردانی عیراق خستە ئەستۆی خۆیان.

پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک.) کەوتە جموجووڵ و بزووتنەوە و بە پەلە توانی لە ماوەیەکی کورتدا بە سەدان چەکهەڵگر و چەکی زۆر و پارەوپوول و کادێری خۆی بگەیەنێتە کوردستانی باشوور. هەر لە سەرەتاوە هەڵوێست و ڕێبازی دووربینانە لەم جموجووڵەیدا بەدی نەدەکرا و دووچاری سەرلێشێوان و لەخۆبایبوون بوو و کەوتە تەقەلا و کۆشش بە مەبەستی ئەوەی دەست بەسەر هەرێمەکەدا بگرێت. پارتییەکی کارتۆنی بە ناوی پارتیی ئازادیی کوردستان (پاک) پێکهێنا و هەر کە حکوومەتی هەرێم لە هەولێر ڕاگەیەنرا پ.ک.ک. بە توندی کەوتە دژایەتیکردنی جۆرەها کۆسپ و تەگەرەی نایەوە، بارێکی ناهەمواری دروست کرد و کەوتە داگیرکردنی گوندەکانی سەر سنوور. شەڕ و ئاژاوەی هەڵگیرساند، کەوتە تیرۆرکردنی پێشمەرگە و دانیشتووانی گوندەکان. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بە گفتگۆ و ئاشتییانە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا ڕێک بکەوتایە و داوای یارمەتی و وەرگرتنی شوێنی بکردایە بۆ بریندار و نەخۆش و خێزانە ڕاکردووەکانی کوردستانی باکوور، شیمای ئەوە هەبوو ئەوەی ڕوویدا ڕوو نەدات و خەڵک دووچاری ئەو هەموو گیرگرفتانە نەبووایە و نائارامی و ناجۆریی نەکەوتایەتە هەرێمەکەوە. بێجگە لەمانەش ئەو هەموو زەرەر و زیانەش لە گەلی کوردستان نەکەوتایە، تا بۆ داگیرکەرانی وڵاتەکەش، لە سەرووی هەموویانەوە تورکیای تۆرانیست، ببێت بە هەلی زێڕین بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانیان.

سەرسووڕمان و سەیر لەوەدایە کە لە هەمان کات و دەوردا سەرکردایەتیی پ.ک.ک. و بە دەنگی عەبدوڵلا ئۆجەلان خۆی چەند جار لە یەکلاییەوە شەڕی دژی تورکیا دەوەستاند و کاربەدەستانی تورکیاش هیچ وەلامێکیان نەدەدایەوە و شێتگیرتر دەبوون لەسەر راونان و بەربەرەکانیکردنی پێشمەرگەکانی پ.ک.ک. و گەلی کوردستانی باکوور، کەچی بە پێچەوانەوە ئەویەڕی هەڵوێستی ناڕەوا و توندوتیژی و نەیاری بەرانبەر بە حکوومەتی هەرێم دەنواند و ڕووی ئاشنایی تێدا بەدی نەدەکرا.

ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ نووسەری تورک یالچین کوچوک دەڵێت: "ساڵی ١٩٩٣ دەبێت بە ساڵی شەڕ و پێکدادانی فراوان، لەڕاستیدا ئێمە ئارەزوومەندی ئەم شەڕ و کوشتوبڕییە نین، بەلام کە دەوڵەت دژی چارەکردنی سیاسی بێت، کە بە بەرزترین شێوازی مرۆڤایەتی و نیشتمانی دەژمێردرێت، پێویست دەکات لەسەر ئەم رێگایە بڕۆین، کەچی وەلامی پێشنیارەکانی ئێمە و داوا رەواکانمان نادەنەوە، تاوانی تیرۆریستی، جیاوازیخوازیمان دەخەنە پاڵ، هەمیشە ئێمە سوورین لەسەر چارەکردنی ئاشتییانە. ئەگەر برایەتیی گەلی کوردیان دەوێت، با برایەتییەکی نموونەیی و پتەو بنیات بنێن. ئەگەر ئاواتیانە تورک بەهێز بێت، با رێگای راست و رەوا و ژیرانە بگرنە بەر. دڵ و دەروونمان بۆ ئەوە کراوەتەوە."(٨٣)

پێش ئەم دیدەنییەش ساڵی ١٩٨٩ ئۆجەلان بە سەرنووسەری گۆڤاری "بەرەو دووهەزار"ی تورکی گوتبوو: "وەرە با پێکەوە شانبەشانی یەک بوەستین. خۆمان لە یەکتر جیا نەکەینەوە، جیاوازی نەکەوێتە نێوانمان، سیاسەتی هاوکاری و دۆستایەتی سەردەکەوێت، نابێت ببین بە نۆکەری ئیمپریالیزم. با پێکەوە سۆسیالیزمی تورکیا پێڕەو بکەین. بە بنیاتنانی سیستێمی سۆسیالیستی، کوردەکان بە ئاوات دەگەن."(٨٤) کەچی لە هەمان کاتدا هەڵوێستی بەرامبەر بە باری سیاسیی کوردستانی باشوور لە ئەویەڕی توندوتیژی و دژایەتیکردن و ناحەزی و هەڕەشە و شەڕپێفرۆشتندا بووە، پەنجە بۆ کاروباری هەرێمەکە درێژ دەکەن، بە زەقی هاوار دەکەن و خوازیارن

دەسەڵاتی هەرێمەکە بکەوێتە ژێر چنگیان، دەنا دەبێت ئەم دامودەستگایە تێکوپێک بدرێت!

دەمێک ساڵە، ژمارەیەک لە پارتی و گرووپ و کەسایەتییەکانی کوردستان، یەکجار بە ڕەشبینییەوە تەماشای پ.ک.ک. دەکەن. لە خانەی دوژمنی سەرەکیی داهاتووی کورد و کوردستاندا دایدەنێن. پێیان وایە کە بڕوای پێ ناکرێت و شیاوی دۆستایەتی نییە!

پ.ک.ک. لە درێژایی خەبات و تەقەلا سەخت و دژوارەکەیدا بە گەلێک هەڵەی زل و زیانبەخش هەڵساوە، ئاسەواری ئازەوا و ناهەمواری کردووەتە سەر کاروانی تێکۆشان. زیانی بە خۆیان و بە گشت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان گەیاندووە. تا لەسەر هەمان ڕێبازیش سوور بن و بەردەوام بن، مەترسی زیاتر لەسەر دۆزی گەلی کوردستان پەیدا دەبێت. بۆیەکا پێداویستییەکی مێژووی کەوتووەتە ئەستۆیان، کە بەبێ وەخراندن بکەونە ڕەخنەگرتن لە کردەوەکانیان و دەست بە پێداچوونەوەیەکی زانستییانە بەسەر ڕێباز و هەڵوێستەکانیان بکەن. بە کردەوەش هەنگاوی تازە بنێن بۆ ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی نیجابی لەگەڵ گشت هێز و پارتییە کوردستانییەکان و بە گیانێکی دیموکراتیانەش ڕەفتار لەگەڵ ڕووداوەکان و واقیعی کوردستاندا بکەن. گومان لەوەدا نییە کە ئەوکات، هێدی هێدی، بەستەڵەکی ڕق و کینە و ناحەزییەکان دەشکێت، زەمینەیەکی تر دەخوڵقێت و ڕەوت و پەیوەندی و دۆستایەتی گەشە دەکات و سەرتاپای هێزە کوردستانییەکان و هۆش و هەستی خەڵکەکەش دەکەوێتە بارێکی ترەوە، ئاسۆیەکی گەش و ڕووناک دەردەکەوێت.

ئۆردووگا و بلۆکی هێزەکانی چەپ یەکجار بەربڵاو و فراوانە. ژمارەیەکی زۆر لە پارتی و کۆڕ و کۆمەڵ و گرووپ و کەسایەتی دەگرێتەوە. بە ڕا و بۆچوون و قەناعەتم پ.ک.ک. پارتییەکی کوردیی چەپە، جەماوەرێکی یەکجار زۆری لەگەڵدایە، ڕۆڵێکی دیاری لە گەشەپێدان و جۆش و گۆشکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەتایبەت لە کوردستانی باکووردا، بینیوە. کەس نییە بتوانێت

نکۆڵی لەوە بکات کە پ.ک.ک، پلەی کێشەی کوردی بەرزتر کردەوە و ناسنامەی کوردی لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار کرد، دەنگی خەبات و قوربانیدانەکانی کوردی فراوانتر بە دونیا ناساند. ژمارەیەک پرۆژە و کاری بەهاداری ئەنجام دا و سوودی بە داهاتووی چل ملیۆن کورد گەیاند، وەک بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە لە تورکیا و وڵاتانی بیانیدا، بایەخدان بە ئافرەتی کورد و لاوان، بە کەمایەتییە ئایینییەکان. دامەزراندنی یەکەم ساتەلایتی تەلەفزیۆن و پەخشکردن «مەد تیڤی» بە چەند زمان و زاراوە، بە هەنگاوی پیرۆزی شۆڕشگێڕیی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێت. لە ڕووی فەرهەنگ، مۆسیقا و گۆرانی، وێژە و نەریت و کولتووری نەتەوەییەوە، هەموو گەلی کوردستانی گەورەی لە یەکتر نزیک کردەوە و بە یەکتری ناساندن. پیادەکردنی ئەم جۆرە کار و ئەرکانە بۆ گەلێکی بێ دەوڵەت، ژێردەست و دوژمن زۆر، لە جیهاندا وێنەی کەمە. ژیرانەش توانیویەتی شەڕی شاخ و پارتیزانی بە ڕاپەڕین و بزووتنەوەی جەماوەری ناو شارەکانی کوردستانی باکوور و تورکیا بە یەکترییەوە گرێ بدات و دەوڵەتی تورکیا بخاتە قەیرانێکەوە کە بە سانایی لێی دەرباز نەبێت.

وەک لە چەند شوێنێدا هاتووە، لە ساڵی ١٩٩٣ەوە پ.ک.ک. داوای چارەکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد و ئەنجامدانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانی باکوور دەکات. لە دوای زیندانیکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە داواکە مەودای پانوپۆڕتر بووە و گرنگی زیاتری پێدراوە، بەڵام ڕژێمی تورکیای کەمالیست سوورە لەسەر هەمان پرۆگرام و یاساکانی ١٩٢٥ کە مستەفا کەمال دایڕشتوون، کە ئەمەش دژی گۆڕان و پێشکەوتن و مێژووە.

بۆ ئەوەی کاروانی پیرۆزی تێکۆشانی نەتەوەی کورد بە تەواوی و ڕێکوپێک بۆ پێشەوە بڕوات و سەرکەوتن مسۆگەر بکات، لە ئەرکی پ.ک.ک.دایە کە بوێرانە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بگرێتە بەر و پێڕەویان بکات:

١- سیاسەت و هەڵوێستی نەیاری و دوژمنایەتیکردنی بەرامبەر بە حکوومەتی هەرێم و کوردستانی باشوور بگۆڕێت، هێزی چەکداری خۆی لە

هەرێمەکە بکشێنێتەوە، ئەگەر بیەوێت و ئارەزوومەندی ئەوە بێت، لە ڕووی کۆمەلایەتی و نەتەوەییەوە سوود لە بار و خاکی هەرێمەکە وەربگرێت.
بکەوێتە گفتگۆکردنی ئاشتییانە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق و تەقەلا بدرێت لەسەر باشترین شێوەی هاوکاری و هاریکاریی برایانە ڕێک بکەون بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوایەتی.

٢- بە بوێری و ئازایانە بکەوێتە پێداچوونەوە لەسەر گشت کردەوە رابوردوو و کۆنەکانی و ڕەخنەی توند لە هەڵەکانی بگرێت. بەڵێن و پەیمانی خۆڕزگارکردن لە سیاسەتی کۆنی ڕابگەیەنێت. بەم هەنگاوەش قازانج و خزمەتی گەورە بە خۆیان و سەرلەبەر گەلی کوردستان دەگەیەنێت. بەرە لە ژێر پێی ناحەز و دوژمنانی گەلی کورد دەردەهێنێت و بەمەش دەمێکی نوێ لە مێژووی خەباتی نەتەوەییماندا دەست پێ دەکات.

٣- پەیوەندیی سیاسی، فیکری و کۆمەلایەتی لەگەڵ جەماوەری کوردی ئەنادۆڵ پتەوتر بکات. بایەخ بە گرفتەکانی بژێویی ڕۆژانە، ئابووری، فەرهەنگی، تەندروستی بدات. تێ بکۆشێت داوای ڕۆژانەی گەل و تەوەرە جیاجیاکان بە ڕەوتی خەبات و ئامانجە ستراتیژییەکانی گەلی کوردستانەوە ببەستێتەوە و بە یەکترەوە گرێیان بدات. چەند لەم تاکتیکانەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، ئەوەندە ڕۆڵی لە یانتایی ئاسیای بچووکدا کاریگەرتر دەبێت دوژمن هەراسان دەکات، هەزارویەک حسێبی بۆ دەکرێت و دوژمنان ناچار دەکرێت بە چۆکدا بێن.

٤- پرۆژەی بەرەیەکی نەتەوەیی دیموکراتی وەک پێشنیار و بانگەواز ئاڕاستەی سەرتاپای پارتی و گرووپ و هێز و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستانی باکوور بکات و بە پشووی درێژ و عەقلیەتێکی کراوەوە و هۆشیارەوە بە گفتوگۆی برایانەی یەکسان دەرس بکرێت. بە کردەوەش لە سەرکردایەتی و ڕێکخراو و بنکەکانیاندا پیشان بداتن کە گۆڕاوە و دڵسۆزانە تەقەلا دەدات لەسەر ڕێبازی پێشووی خۆ ڕزگار بکات. بەم هەنگاوانە

زەمینەی لەبار و بڕوابەیەکترکردن لە ڕیزی هێزەکانی چەپ و پێشکەوتووخوازدا سەرهەڵدەداتەوە.

٥- تورکیا لە قەیرانێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی یەکجار قووڵ و دژواردا دەژیت، ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم کەوتووەتە دووڕێیانێکەوە، لە ئەرکی پ.ک.ک. و سەرتاپای هێز و پارتییەکانی کوردستانی باکووردایە، کە نەهێڵن لێی دەرباز ببێت. بە گورجوگۆڵی و چالاکانەتر تەقەلا بدات پەیوەندیی سیاسی و پرۆگرامی لەگەڵ هەموو هێزە چەپەکانی تورک و کەمەنەتەوەکان وەک لازە، عەرەب، سریان و ئەرمەن پتەوتر بکات و فراوانتر پەرە بە خەباتی جۆراوجۆر و هاوبەشیان بدەن. ڕەگوڕیشەی ڕژێمی کەمالیستەکان لە کۆنەڵدا هەڵبکێشن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەرکێکی مێژوویی گرنگ دەکەوێتە ئەستۆی گشت ئەو هێز و پارتی و کۆڕ و کۆمەڵانەی لە بەرەی دژایەتیکردنی پ.ک.ک.دا دەجەنگن، لەپێناو بەرژەوەندیی داهاتووی چل ملیۆن کوردی بێ ماف و بێ دەوڵەتدا، هەرلایە و لە لایەن خۆیەوە بکەوێتە پێداچوونەوەی بابەتیانە لەسەر کارەکانی ڕابووردوو و ئێستایان. بە دڵسۆزی و بەچەرگانە قۆڵی لێ هەڵماڵن و لاپەڕەیەکی نوێ لەنێو خۆیاندا بکەنەوە و کورد گوتەنی: چەپڵە بە دەستێک لێ نادرێت! با سەرجەم گەلی کوردیش، وەک گەلانی تری ئەم دونیایە، بە یەکگرتوویی تێ بکۆشن و کاروانی پیرۆزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکە لە تەنگوچەڵەمەی نێوخۆ ڕزگار بکرێت، سوود لە سیماکانی شارستانییەت، پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، مافی ڕەوای یەکسانی بۆ گشت گەلان، گەورە و بچووک، پاراستنی مافی مرۆڤ و سروشت وەربگرن.

ئەو خوێنەی کە بۆ دووسەد ساڵ دەچێت لەپێناو کوردایەتیدا دەڕژێت با بە فیڕۆ نەچێت. دەرس و پەند لە گشت شۆڕش و قوربانییەکان وەربگیرێت، ئەزموون و تاقیکردنەوەی تێکۆشانی هەموو گەلانی جیهان پیشانی داوە کە بە یەکێتی و یەکبوونی ڕیزەکانی گەل نەبێت مەحاڵە سەرکەوتن بە دەست بهێنرێت.

## سەرچاوەكان


١- الكرد وكوردستان في الوثائق البريطانيه، ترجمه: د. وليد حمدی، ص٣٣٨
٢- بروانه: الطورانيه التركيه بين الاصوليه والفاشيه، الفصل الرابع، القضيه الكرديه، جهاد صالح، ص١١٣-١٢٥
٣- القضيه الكرديه في العصر الحديث، مجموعه من المولفين السوفيت، ص١٠٤
٤- هەمان سەرچاوە، ل١٠٥
٥- الاكراد في ظل الامبراطوريه العثمانيه، د. كەندال نەزان، ص٨٠
٦- الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص٣٤٢
٧- الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، د. عبدالستار طاهر شريف، ص٥٧
٨- الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص٣٣٨
٩- الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص٥٨ و ٥٩
١٠- تكايه بروانه: ياداشتەكانی مامۆستا رەفيق حيلمی، بەشی دوو و سێ
١١- القضيه الكرديه، لازاريف، ص١٢٥-١٢٨
١٢- الكرد وكوردستان في الوثائق البريطانيه، ص٣٤٢
١٣- بروانه: گۆڤاری كۆمۆنيستانەی يەكێتی تێكۆشین، د. جەمال نەبەز
١٥- المشكله الكرديه، لازاريف، ص٢٥٠
١٦- الحركات الكرديه في العصر الحديث، ص١١٧
١٧- امه في الشقاق، جوناثان رندل، ص٤١
١٨- بروانه: الطورانيه التركيه بين الاصوليه والفاشيه، الفصل الرابع، القضيه الكرديه، جهاد صالح
١٩- امه في الشقاق، جوناثان رندل، ص١٢٧
٢٠- الحركات الكرديه في العصر الحديث، ص١٣٨
٢١- هەمان سەرچاوە، ل١٤٣
٢٢- هەمان سەرچاوە، ل١٤٥
٢٣- هەمان سەرچاوە، ل١٤٨-١٥١
٢٤- بروانه: القضيه الكرديه، د. بلج شيركو، چاپی قاهره
٢٥- امه في الشقاق، جوناثان رندل، ص١٦١
٢٦- تاريخ العالم، جواهر لال نهرو، ص١٩٢
٢٧- الحركات الكرديه في العصر الحديث، ص١٥٠
٢٨- مجله كردستان اليوم، بروكسل ١٩٨٧، العدد ٩، ص١٤
٢٩- لا اصدقاء لهم سوى الجبال، هارفن موريس، جورج بلوج، ترجمه راج ال محمد، ص١٦٩
٣٠- الحركات الكرديه في العصر الحديث، ص١٦٤
٣١- الحركه القوميه الكرديه، ساسوني، ص٢٧٨
٣٢- الحركات الكرديه في العصر الحديث، ص١٦٦
٣٣- جريده (القدس العربي) طبعه لندن، ٥/٨/١٩٩٩
٣٤- مجله كردستان اليوم، بروكسل، العدد ٩، ١٩٨٧
٣٥- له ژماره (٦) ژاريا ڤوستوك ١٩٣١ وەرگيراوە.

٣٦- الحركات الكرديه في العصر الحديث، ص١٧٩-١٨١، فصل انتفاضه درسيم
٣٧- جريده (القدس العربي)، طبعه لندن، ١٩٩٩/١١/٥، وليد حسن
٣٨- الحركه الكرديه في العصر الحديث، ص١٨٠-١٨١
٣٩- نفس المصدر، ص١٨٣
٤٠- نفس المصدر، ص١٨٤
٤١- نفس المصدر، ص١٨٥
٤٢- المشكله الكرديه، بدير كاهان، ص١٣
٤٣- له كتێبی كارەساتی دەرسیم، توری الدرسیمی وەرگیراوە.
٤٤- الحركه القوميه التحرريه في كردستان العراق، د. كمال مظهر، ص٣٤٦
٤٥- الحركه الكرديه في العصر الحديث، ص٢١٧
٤٦- كورد، تورك، عەرەب، ئەدمۆنز، ل٤٠
٤٧- مجله (كولان العربي)، اربيل، العدد ٣٩، ١٩٩٩، الفنان يلماز گوناى، ترجمه: عبدالله پابان
٤٨- الحركه الكرديه في العصر الحديث، ص٢١٧
٤٩- له كتێبی دۆسیه ٤٩ كه له ساڵی ١٩٩٤دا ناجی كوتلای به توركی بڵاوی كردووەتەوە، مەڤاڵ ئەیوب (فەرهاد) بۆی كردم به كوردی.
٥٠- جريده الجمهوريه التركيه، انقره، ١٩٦٠/٥/٣١
٥١- گۆڤاری كوردستان، ژماره ٧ و ٨ی ١٩٦١
٥٢- الحركه الكرديه في العصر الحديث، ص٢٥٥
٥٣- نفس المصدر، ص٢٥٧
٥٤- الاحزاب السياسيه الكرديه، حسين بارزاني، ص١٩٤
٥٥- وثائق الجمهوريه التركيه، تصريحات جمال گورسيل ١٩٦٦، رقم الوثيقه ١٠٨٠
٥٦- بروانه: الاحزاب السياسيه والمنظمات الاجتماعيه في النضال من اجل القضيه الكرديه، د. حسين بارزاني
٥٧- الحركه الكرديه في العصر الحديث، ص٢٦٤
٥٨- نفس المصدر، ص٢٦٤
٥٩- بروانه: لاپەڕەی ٨١ی مێژووی پ.ك.ك.، جمعه
٦٠- بروانه: مجله (الهدف) الفلسطيني، العدد ٢٨٤، سنه ١٩٧٥
٦١- لا اصدقاء لهم سوى الجبال، ترجمه: راج ال نوح، ص١٧٢
٦٢- ریبیا ئازادی، ژماره (٥)، ل٤٠، ١٩٨٢
٦٣- بروانه: كراسه (النضال) بڵاوكراوەی (كوك) به تایبەت لاپەرەكانی ١٢ و ١٤
٦٤- الاراء السياسيه الرئيسيه واهداف برنامج حركه تحرير كوردستان، تفكر، ص١
٦٥- نفس المصدر، ص٥
٦٦- نفس المصدر، ص٦
٦٧- له ساڤۆن مام به توركی، savanmam، بەرگری نامه وەرگیراوە
٦٨- بروانه: هەمان سەرچاوە
٦٩- تكایه گشت دیدەنیەكان به وردی بخوێنەوە. ١- فەرهاد (ئەیوب ئالان جابەك)، ٢- كەمال بورقای، ٣- خالید ئەكرەم دیلو، ٤- دكتۆر محەمەد ئەكرام، ٥- فەرید

(عەبدولڕەحمان گوندی).
٧٠- تركيا في الزمن المتحول، محمد نورالدين، ص١٠٠
٧١- نفس المصدر، ص٤٧
٧٢- نفس المصدر، ص
٧٣- مێژووی پ.ک.ک.، چمعه، ل٥٧ تا ٥٩
٧٤- بروانه: ملحمه الانبعاث، منشورات پ.ک.ک. الفصل الثالث
٧٥- نفس المصدر، ص٨٩
٧٦- نفس المصدر، ص٩٢
٧٧- نفس المصدر، ص٩٢
٧٨- مێژووی پ.ک.ک.، ل١٢٨
٧٩- هەمان سەرچاوە، ل١٢٨
٨٠- قضيه التحرر الوطني الكردستاني وطريق الحل، منشورات پ.ک.ک. ص١٣٢
٨١- قضيه التحرر الوطني الكردستاني وطريق الحل، منشورات پ.ک.ک. ص١٣٧
٨٢- نفس المصدر، ص١٣٧
٨٣- نفس المصدر، ص٢٢٠-٢٢٣
٨٤- ملحمه الانبعاث، منشورات پ.ک.ک. ص٢٥١

# بەشی چوارەم: کوردستانی ڕۆژهەڵات

## ١- کوردستانی ڕۆژهەڵات

ئەو بەشە گرنگەیە لە خاکی کوردستانی گەورە کە لە باشووری ئەرمینیا و ڕۆژهەڵاتی شاخی زاگرۆس دەست پێ دەکات تا دەگاتە خواروی شاخی پشتکۆ لە ڕۆژئاوایەوە. ڕۆژهەڵاتیش لە سنووری دەریاچەی «ئورمیە» و پارێزگاکانی زنجان، هەمەدان، لورستان تا خوزستان درێژ بووەتەوە. بەڵگەی مێژوویی زۆر هەن کە وڵاتەکە لە پێش هەزاران ساڵەوە شوێنی گەلی کوردە.

هەر دوای ئەوەی کە لە سەدەی پێش زایین، وڵاتی میدیا لە لایەن هێزەکانی «کۆرشی گەورە»وە داگیر کرا، بە زەبری کوشتنوبڕین خرایە سەر خاکی فارس و وەک وڵاتێکی داگیرکراو و گەلێکی ژێردەست ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا. هەر دوایەدوای بەرپابوونی ئایینی ئیسلام، گشت وڵات و دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا لێواری ئاوەکانی سەند و گەنج لە هیندستان و بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیا، ماوەیەکی دوورودرێژ کەوتە ژێر دەستەڵاتی موسڵمانەکانەوە و چەند ساڵێک وڵاتەکان بە داگیرکراوی لە ژێر دەستەڵاتی یەک دەوڵەتی ئیسلامیدا مانەوە.

کە کێشە و ناکۆکییەکان لە ڕیزی تیرە و گرووپەکانی ئایینی ئیسلامدا سەریان هەڵدا، تێکبەرژان و خوێنڕشتن لەنێوانیاندا دەستی پێکرد و بە فراوانی بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە، بەتایبەت ناکۆکییە سەرەکییەکانی نێوان مەزهەبی سوننی و شیعە لە کوردستان و وڵاتی فارس و گەلێک هەرێمی تر دەنگ و ڕەنگ و گرژیی توندی بە خۆوە گرت، تا گەیشتە ئەوەی لە سەدەی شانزەیەمی زاییندا، شای ئێران ئیسماعیل سەفەوی(×) یەکجار بە

(×) ئیسماعیل سەفەوی: ١٤٨٧-١٥٢٤ز. دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوییە. لە سەردەمی ئەودا دەستەڵاتی ئێرانییەکان گەیشتە بەغدا و نەجەف و کەربەلا. بە زەبری شەڕ و کوشتوبڕ مەزهەبی شیعەی بڵاو کردەوە و لە شەڕی چاڵدێراندا شکستی هێنا.

سەرگەرمی (شیعەبوون)ی خۆی ڕاگەیاند و لە مەزھەبی سوننی دوورکەوتەوە.
ھەروەک ئەو پیشە و شێوازەی کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە بە ڕێگای بانگھێشتن و بەکارھێنانی ھێرش و شەڕ و کوشتوبڕ پەرە بە بیروباوەڕەکانی ئیسلام دەدرا، ئیسماعیل سەفەویش ھەمان ڕێبازی گەلێک توندوتیژتر گرتە بەر. کەوتە کوشتوبڕی ھەر نەتەوە، تیرە، گرووپێک، ھەروەھا بەربەرەکانیکردنی ھەر ئایین و عەقیدەیەک کە سەرپێچی لە فەرمانەکانیدا بکردایە. خۆ ئەگەر شیعەبوونی خۆیان ڕانەگەیەندایە، ئەوە یەکجار بێبەزەییانە لە ناوی دەبردن و وەک دڕندە دەکەوتە گیانیان.
ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە گەلی کوردستان بە مەبەستی خۆدەربازکردن لە شاڵاوی زوڵموزۆر و تاوانەکانی ئیسماعیلی سەفەوی وازیان لە عەقیدەی سوننیی ھێنا چوونە ڕیزی عەقیدەی شیعەوە.
ئارەزوو و مەرخی سەفەوییەکان لەو سنوورانەدا نەوەستان، گەیشتنە شەڕ و پێکدادان و پەلاماردان لەنێوان دەوڵەتی ئێرانی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. دوای کوشتوبڕ و زەرەر و زیانێک زۆر، ساڵی ١٥١٤ لە شارۆچکەی (چالدیران)[×] یەکەم ڕێککەوتننامە لەنێوانیاندا مۆر کرا. ڕۆژھەڵاتی شاخی زاگرۆس تا دووئاوی عەرەب کەوتە ژێر دەستی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانەوە و ڕۆژئاواکەشی بەتەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە. بەم جۆرە، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، خاکی کوردستان بە ڕەسمی کرا بە دوو پارچەوە.
ئەو سەردەمە گەلی کوردستان وەکوو زۆربەی گەلانی تری دونیا لە قۆناغی فیودالی و دواکەوتوویدا دەژیا. کۆمەڵگایەکی عەشایری، خێڵەکی و کۆچەر بوو. ژیانی سەرەکی بە گەڕان و سووڕان بە دوای لەوەڕگەی لەبارەوە بەسترابوو کە مێگەل و ئاژەڵەکانیان بە باشی تێیدا بژین. کشتوکاڵیش بە

(×) چالدێران: ناوچەیەکە کەوتووەتە باکووری ئازربایجانی ئێرانەوە. لە ساڵی ١٥١٤دا دوای شەڕ و کوشتوبڕییەکی دژوار کە چەند ساڵ درێژەی کێشا ئێرانییەکان دووچاری شکست ھاتن و لە شەڕەکاندا شکان.

پشتبەستن بە کەشوهەوای سروشتی و بەکارهێنانی کۆنترین ئامێری بەرهەمهێنانی سەرەتاییەوە بەند بوو و بە کولەمەرگی بژێویی سەرەکییان دەست دەکەوت. کارەکانی پیشەسازی و ئیشی دەست سەرەتایی بوون و لەوپەڕی هەلومەرجی دواکەوتوویدا پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خۆیان ئەنجام دەدا. خوێندن و خوێندەواری یەکجار کەم بوو. هەزاران لاپەڕە و دۆکیومێنت هەن، دەربارەی چەندان جۆری چەوسانەوە و کوێرەوەری، هەژاری و نەداری، پرسێتی و ڕووتی، نەخۆشی و قاتوقڕیی گەلی کوردستان نووسراون.

وەک لە هەندێک سەرچاوەدا دەردەکەوێت کە ژیانی گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات گەلێک لە هی بەشەکانی تری کوردستان دژوارتر، چەتوونتر و ناجۆرتر بوو. کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانیش هەر خەریکی چەوسانەوە، کاسەلێسی و مشەخۆری بوون. فیودالەکان و پیاوانی ئایینیش وەک خزمەتکاری کڕنۆشبەر بۆ دەوڵەت، بەبێ دوودڵی، بە گەرموگوڕی، بەرگریی تەواویان لە تاوانەکانی دەوڵەت دەکرد، چاوی خۆیان دەنووقاند لە سەرجەم ئەو کار و کردەوە نامرۆڤانانەی دژ بە زۆرینەی خەڵکە پیادە دەکران. تەنانەت گەلێک جاریش بە فتوای ناڕاست ڕێگا و دەرگایان بۆ ستەمکاران ئاوەڵا دەکرد. ژیانی زۆرینەی دانیشتووانی ئێران، بەتایبەت هی کوردەکان، بەتەواوی لە ژیانی سەردەمی کۆیلایەتی دەکرد. هەرچەندە لە هەندێک هەرێمی کوردیدا، وەک ئەمارەتی ئەردەڵان و پشتکۆ و چەند هەرێمێکی دیکەدا، بە قوربانیدان، پاسیان لە هەرێمەکانی خۆیان دەکرد، سەریان بۆ دەستەڵاتی فارسەکان نەدەنواند، بەربەرەکانیان دەکردن و دژیان ڕادەوەستان و بە بەردەوامی شەڕ و هێرش و کوشتوبڕ لەو هەرێمانەدا بەردەوام بوون.

شۆڕشی کۆمەلایەتی و پیشەسازی لە هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا، ژاپۆن، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕوویان دابوو و لە ڕووی تەکنیک و زانستەوە کەوتبوونە پێشکەوتن، دەستیان کردبوو بە پەلهاویشتن بۆ داگیرکردنی گەل و وڵاتانی تر، بە ئامانجی هەڵلووشینی گشت خێروبێر و کەرەسەی خاوی ئەو

وڵاتانەی دەستیان پێیان ڕادەگەیشت. هاوکاتیش کەوتبوونە فرۆشتن و ساخکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە بە ئامێری نوێ بەرهەمیان دەهێنان. بە ڕێگای جۆراوجۆر، بە هەڕەشە و گوڕەشە و شەڕ، بە هەڵخەڵەتاندن و فرتوفێڵ، یان لە ژێر پەردەی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیدا، وەکوو تەنی جاڵجاڵۆکە، وڵاتانیان تەنیبوو. تەقەلای ئەوەیان دەدا کە لە هەموو ڕوویەکەوە زانیاریی تەواو لەسەر ئەو شوێن و وڵاتانە کۆ بکەنەوە کە پێشەکی لە نەخشەی داگیرکردنیان بۆ کێشرابوو.

ئەم دیاردەیە، بە فراوانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە هەموو لایەک، دەبینرا. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، بەتایبەت ئەوانەی کەوتبوونە سەر ڕێگای ستراتیژی هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، زیاتر دیار بوو و لە دواییشدا ئەو وڵاتانەشی گرتەوە کە گومانی هەبوونی سەرچاوەی پترۆلیان لێ دەکرا.

ژمارەیەک لەو گەشتکەرە ڕۆژئاواییانە و بڵاوکەرەوەکانی ئایینی مەسیحی، هەندێک نووسراویان دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئاداب و نەریتی گەلی کوردستان، جوگرافیا و کەشوهەوای وڵاتەکەمان بە زمان بێگانە بڵاو کردووەتەوە. بەشێکیشیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

وەلێ بە ڕاوبۆچوونم ئەوەی لە سەرجەمیان وردتر و واقیعییانەتر لەسەر چەوسانەوە و دواکەوتوویی گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵات نووسرابێت، کتێبی کوردی کرمانشانی «ئەحمەدی خوادە» کە ساڵی ١٩٢٧ بە زمانی فارسی بە چاپی گەیاندووە بە ناوی (چارەڕەشی وەرزێر)[١] و دکتۆر عەبدوڵڵا مەردوخی کردوویەتی بە کوردی، لە دوای ئەویشەوە شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو(×) لە کتێبی «کردستان والاکراد، دراسە سیاسیە واقتصادیە»[٢]

---

(×) دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو: تێکۆشەرێکی لێهاتووی کورد، ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ئورمیە هاتووەتە دونیاوە. لە سەرەتای گەنجییەوە کەوتە ناو خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی. ساڵی ١٩٦٢ دکتۆرای لە ئابووریی ڕامیاریدا وەرگرت. لە کۆنگرەی سێیەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، ساڵی ١٩٧٣، بە سکرتێری یەکەم هەڵبژێردرا. سەرەتای ١٩٧٩ گەڕایەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵێکی دیاریکراوی لە گەشەپێدان و ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینی نەتەوەییدا کرد. ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٤ لە پایتەختی نەمسا شاری ڤیەنا شەهید کرا.

بەتایبەتی ئەگەر بەشی «القبیلە الکردیە وتطورها» بخوێنینەوە باش بۆمان دەردەکەوێت کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چ ژیانێکی سەخت و دژوار و پڕ ئازار و کوێرەوەریدا ژیانیان بەسەر بردووە.

## ٢- سەرهەڵدانی یەکەمی گەلەکانی ئێران، شۆڕشی مەشروتیە

تیشکی سەرهەڵدان و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕووی سیاسی، کۆمەلایەتی، چینایەتی و پیشەسازییەوە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بەسەر ئەورووپادا دەهات، دەنگ و ڕەنگ و وێنەی بڵاو بووەوە. گەشەکردن و سەقامگیرکردنی دەستەلاتی چینەکانی بۆرژوازیی تازەپێگەیشتوو، ڕۆڵی کاریگەری لەسەر هەست و هۆش و هۆشیارکردنەوەی گەلان دژی دواکەوتوویی و کۆیلایەتی و چەوسانەوە هەبوو.
لە ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپادا ڕێکخراوی سیاسی، ساندیکای کرێکاران، کۆمەڵەی ئابووری و کۆمەلایەتی و هونەری و فەرهەنگی بە شێوەیەکی مۆدێرن سەریان هەڵدابوو و کەوتبوونە چالاکینواندن و پەرەشیان دەستاند.
پەیوەندی نێوان دەوڵەتان، ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی، پسپۆڕی، ناردنی قوتابی بۆ فێربوون و سوودوەرگرتن لە زانیاری و تاقیکردنەوە نوێیەکان تا دەهات ڕووی لە زیادی و فراوانی بوو.
یەکێک لەو پەیوەندییانە، پەیوەندیی سیاسی، سەربازی، ئابووری و تەنانەت کۆمەلایەتی و خێزانی نێوان دەستەلاتی بنەماڵەی شاکانی قاجاری ئێران و ئیمپراتوریەتی ڕووسیای تساری بوو کە قرە بەهێز و توندوتۆڵ بوو. هەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک لە ڕووسیا ڕووی دەدا، یەکسەر کاری لەسەر باری ئێران دەکرد و لە هەموو شوێنێکدا هەستی پێ دەکرا.
ساڵی ١٩٠٥ ڕاپەڕینێکی چەکداریی مێژوویی لە ژێر ناوی ڕاپەڕینی

چەکـــداریی مـــۆسکۆ یان شـــۆڕشی ١٩٠٥(×) دژی زوڵم و زۆرداریی دامـودەسـتگاکـانی حکوومـەتی تسـاری لە ڕوسـیـا بەرپـا بوو و جـەمـاوەری شۆڕشگێڕ بە ڕابەرایەتیی هێزە سیاسییەکان هەندێک سەرکەوتنیان بە دەست هێنا. زۆری نەخایاند لە باکووری ئێرانیش ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕیی جـەمـاوەری، لە ژێر ناوی «ڕاپەڕینی مـەشـروتیـە»دا، دژی دەسـتـەڵاتی قاجارییەکان و فیودالان هەڵگیرسا. شاری تەورێز سەنتەری ڕاپەڕینەکە بوو. دروشـمـە سـەرەکـییـەکانی ڕاپەڕیوان بریتی بوون لە هەڵبـژاردنی ئازاد، سازکردنی پەرلەمانێکی تازە، بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بەپێی دەستوور و یاسـا، کـەمکردنەوەی زوڵم و زۆرداری لەسـەر جـەمـاوەری زەحـمـەتکێش. شۆڕشەکە لە ١٩٠٥ەوە تا ١٩١١ درێژەی کێشا. ناوچەکانی کوردستانیش بەتایبەت کرمـانشـا، سنە، ئورمیە بە جـۆش و گـەرموگوڕییەوە بەشـداریی تەواویان لە ڕاپەڕینەکـاندا کـرد و کـەوتبـوونە ئەوپەڕی لەخـۆبوردوویی و قوربانیدان.(٢)

سـاڵی ١٩٠٦ یەکەم کۆمەڵەی ئازادیخوازی و لایەنگری مەشروتیە لە شـاری سنە و دەوروبەری پێکهات و تێدەکۆشان دەسـتـەڵاتی هـەرێمـەکـەیان بکەوێتە چنگ. بە توندی دژی دەوڵەتی ئێران دەجـەنگان و کـۆمـەڵەکـە پرۆگـرامـێکی داڕێژراویان بۆ خۆیان دانەڕشتبوو. هەر لە هەمان ساڵدا بە ڕابەرایەتیی مەلا ڕۆشنبیر و دڵسۆزەکان و کاسبکارانی بازاڕ و ڕەنجدەران ڕێکخراوێکی تر بە

---

(×) شۆڕشی ١٩٠٥: ڕۆژی ١٩٠٥/١/٩ کرێکارانی شاری پترسبورگ بە خاووخێزانیانەوە هاتنە سـەر شـەقامـەکان، بەرەو کـۆشکی زستانەی تسار کـەوتنە ڕێ، بەو مـەبەستـەی سکالایەکی پێشکەش بکەن و لە لایەن دەسـتـەڵاتدارانەوە فەرمـان درا گوللەباران بکرێن. هەزاران کەس کوژران. ئاوانەکە دەنگ و ڕەنگێکی خراپی لە ڕووسیادا دایەوە. جووتیار و هەژارانی لادێ و سـەربازەکانی پاپۆڕەکان پشتگیریی خۆیان لە شۆڕشگێڕان ڕاگەیاند. ڕۆژی ٩ تا ١٨ی مانگی کانوونی یەکەم کرێکارانی مۆسکۆ سەنگەریان لەسەر شـەقامەکان دروست کرد و کەوتنە دژایەتیکردنی دامـودەستگاکـانی تسـار. لەوێش ژمـارەیەکی زۆر خـەڵکیـان کوشت. ڕاپەڕینەکە تا ١٩٠٧ درێژەی کێشـا و لە دواییدا بە ئاگر و ئاسن کپ کـرا. لینین دەڵێت: "ڕاپەڕینەکـانی ١٩٠٥ و ١٩٠٧ پراکـتـیکی شـۆڕشگێـڕی بوون لە ڕووسیادا."

لینین: ضد الانتهازیە الیمینیە والیساریە، ص٧٧٢

ناوی «کۆمیتەی کارگەران» سازکرا، لەتەک ئەم ڕێکخراوانەشدا، هەر لە شاری سنە، مەلا گەورەکان ئەنجوومەنێکی تایبەتمەندیان بە ناوی «ئەنجوومەنی سەداقەت»ەوە دامەزراند. ساڵی ١٩٠٧ یەکەم بەیاننامە و ئاواتەکانی مەشروتیەیان بە جەماوەری هەرێمەکە ناساند. بەڕاشکاوی لە بەیاننامەکەدا هاتبوو کە ئامانجی سەرەکی مەشروتییە ئەوەیە کە یەکجار پێویستە شایەکی ڕاستگۆ، باوەڕ بە ئایین، دادپەروەر لەگەڵ خەڵک ئێران بەڕێوە ببات و هەروەها فەرمانبەرە گەورە و کەسایەتییە ناودارەکان بە دەنگدان هەڵبژێردرێن.[٤]

شاری کرمانشا شوێنێکی گرنگی مێژووی و جوگرافیایی لەسەر خاکی ئێران داگیرکردووە، کەوتووەتە سەر ڕێگای هاتوچۆکردنی نێوان تاران و بەغدا و مەزارەکانی کەربەلا و نەجەف و هەمیشە ڕۆڵی گرنگ و تایبەتی هەبووە. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مەشروتیەوە چەند کۆڕ و کۆمەڵی تێدا سازکرا، گرنگترینیان «کۆمەڵەی غیرەت» کە بە ناوی شاعیری ئازادیخوازی شۆڕشگێڕی کرمانشانی ناونرابوو. لە ڕیزی کۆمەڵەکەدا چەند کەڵەمێردی کوردپەروەری دڵسۆز و هۆشیار هەبوون کە لە پێناوی ئازادی و سەرفرازیدا چەکی خەباتیان هەڵگرتبوو و کەوتبوونە تەقەلادان. وەکوو ناودارانی ئەبولحەسەن زەنگەنە، میرزا عەلی خانی گۆران، یارمحەمەدخانی کرمانشانی و چەندانی تر.[٥]

لە سەرەتادا کە مەشروتیە هەڵگیرسا یارمحەمەدخان چووە ڕیزی (حزبی دیموکراتی عامیون)ەوە و خۆی بە ئەندام ناونووس کرد. هەر کاتێک دەنگوباسی ناخۆش و ئاڕەوا و دڵتەزێن دەربارەی کاروباری مەشروتیە دەگەیشتە کرمانشا، تێکۆشەرانی کرمانشا بە پێشڕەوایەتیی یارمحەمەد خان بەرەو شاری تەورێز دەکەوتنە ڕێ بە مەبەستی یارمەتیدانی برا تێکۆشەرەکانیان و باش فریایان دەکەوتن. (حزبی دیموکراتی عامیون) پارتییەکی پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕ بوو. داوای دەکرد زەوی بەسەر وەرزێراندا دابەش بکرێت. خوێندن ئیجباری بێت و ئایین و سیاسەت لە

یەکتر جودا بکرێنەوە. پارتیی عامیوون پەیوەندی بەتینی بە پارتیی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیاوە هەبوو.(٦)

شای ئێران تێکشکان و لەناوبردنی ڕاپەڕینەکانی مەشروتیەی پێ ئەنجام نەدرا و کورسییەکەی شلۆق بووبوو و ڕووبەڕووی مەترسی و لەناوچوون بووبووەوە، ناچار پەنای بردە بەر ئیمپراتۆریەتی ڕوسیای تساری و وەکوو نیکیتین؛ نووسەری ڕوس، دەڵێت: "قەیسەر ژمارەیەکی زۆری سەرباز و هێزی چەکداری بە فەرماندەی ژەنڕاڵ «بارانوف» بۆ ئێران نارد، کۆنەپەرست و خاوەن دەسەڵات، دەرەبەگ و پیاوە مەزنەکانی ئایینی بە گەرمی پشتی دەوڵەتیان گرت. هێزەکانی قەیسەری و قاجارییەکان شاڵاوی دڕندانەی بەرفراوانیان کردە سەر گەلەکانی ئێران و لایەنگر و دامودەستگاکانی مەشروتیە و پارتیی دیموکراتی عامیون، وەکوو نیکیتین دەڵێت: تەنیا لە شاری ئورمیە ٨٠هەزار سەرباز و لایەنگری ڕووسیا هەبوو. بە دڕندەترین شێوە کەوتنە گیانی ئەو خەڵکە، دەستکراوە بوون لە هەر تاوان و کوشتوبڕێکدا، لێپرسینەوەیان لەسەر نەبوو.(٧)

کوردێکی تریش کە شوێنپەنجە و ڕۆڵێکی دیاری لە ڕاپەڕینەکانی مەشروتیە هەبوو، ئەبوالقاسم ئەللاهوتی کرمانشانی(×) بوو، کە لەنێوان تەورێز و

× ئەبو قاسمی لاهوتی: ساڵی ١٨٨٧ لە خێزانێکی هۆشیار و خوێندەواری کورد لە شاری کرمانشا هاتووەتە دونیاوە. باوکی میرزا ئەحمەد شاعیر بوو. لاهوتی خوێندنی لە لای پیاوە زانا و ئایینییەکانی ناوچەکە تەواو کردووە. مرۆڤێکی خوێنگەرم و شۆڕشگێڕ بوو. هەر لە سەرەتای ژیانییەوە کەوتە نێو ژیانی سەخت و پڕ لە کارەساتەوە. ساڵی ١٩٠٥ بەشداری لە ڕاپەڕینەکانی مەشروتیەدا کرد. لە دواییدا ئێرانی بە جێ هێشت و دەوروبەری جەنگی یەکەمی جیهانی گەڕایەوە ئێران و کەوتەوە تێکۆشان دژی ستەمداری و چەوسانەوە. ساڵی ١٩٢٢ لە شاری تەورێز بزاڤێکی لە دژی ڕەزاشای پەهلەوی ڕێکخست، بەڵام سەری نەگرت. بە یەکجارەکەی ڕووی کردە یەکێتیی سۆڤیەت و ماوەیەکی زۆر لە شاری دووشەنبە؛ پایتەختی تاجیکستان، ژیا. لە کاروباری دەوڵەتیدا پایەی بەرز بوو. ساڵی ١٩٥٧ لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد.

[لە نامیلکەی ئەبولقاسمی لاهوتی، کورد و کوردستان، ئامادەکردنی دکتۆر جەبار قادر وەرگیراوە]

کرمانشادا گەڕ و سووڕی دەکرد. هەر کە ڕاپەڕینەکەش بە ئاگر و ئاسن دامرکێنرایەوە، لاهوتی، ڕایکردە دەرەوەی ئێران و تا سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی، ساڵی ١٩١٧، نەگەڕایەوە و هەر کە قاچی کەوتەوە سەر خاکی نیشتمانەکەی کەوتە دەرهێنانی ڕۆژنامەی (بێستون) بە زمانی فارسی و یەکجار بوێرانە و ئازایانە بەرگری لە بیروبڕوای پێشکەوتووخوازی دەکرد، بە توندی کۆنەپەرست و ستەمکارانی ڕیسوا دەکرد و تاوان و پۆخڵەواتەکانی بڵاو دەکردنەوە. هانی خەڵکەکەی دەدا دژیان ڕاپەڕن و سەریان بۆ شۆڕ نەکەن، هێرش و نارەزاییدەربڕین دژی نووسینەکانی (لاهوتی) جارێکی تر لە زۆر لاوە دەستی پێکردەوە و ناچار کرا کرمانشا جێ بهێڵێت و بوو بە تێکۆشەرێکی گەڕۆکی دەربەدەر و ساڵی ١٩٢٢ بەیەکجارەکی ئێرانی جێهێشت و ڕوویکردە یەکێتیی سۆڤیەت و تا ڕۆژی مردنی لەوێ مایەوە. ساڵی ١٩٢٣ گوتارێکی بە ناوی (کورد و کوردستان) لە گۆڤاری (ڕۆژهەڵاتی نوێ)دا بڵاو کردەوە.[٨]

هەرچەندە لاهوتی کە بە ڕەچەڵەک کوردە، لە هەندێک شوێندا، بە فارس ناوی دەهێنرا. یەکێتیی سۆڤیەتی کرد بە نیشتمانی دووەمی خۆی و هەر لەوێش بوو بە کەسایەتییەکی ناودار و ناسراو. ئەو گوتارەی لەسەر کوردستانی بڵاوی کردەوە، بۆچوون و هەڵسەنگاندنی مارکسیستانەی تێدا بەدی دەکرێت و تاوەکوو ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش بایەخ و گرنگیی زانستیی خۆی هەر ماوە.[٩] لازاریف لە چەند شوێن و نووسینەکانیدا دەڵێت: "ئەبولقاسم ئەلاهوتی ئەندامێک بوو لە شاندی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت لە چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنتەرناسیونالی سێیەم بەشداری دەکرد".

هەرچەندە سەرجەم گەلەکانی ئێران لە دژوارترین ژیانی پڕ دەردەسەریی ناهەمواردا بوون، قەت لە کاروانی تەقەلادان و تێکۆشان نەوەستان.

ساڵی ١٩١٢ بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی عەبدولڕەزاق بەدرخان(×) لە شاری (خۆی)(××) کۆمەڵەی جیهانزان بنیاتنرا. کۆمەڵەکە کردنەوەی قوتابخانە و

---

(×) عەبدوڕەزاق نەجیب بەدرخان پاشا: ئەم تێکۆشەرە ساڵی ١٨٦٤ لە خێزانێکی ناوداری مێژوویی کورد، بنەماڵەی بەدرخان پاشای باپیری هاتووەتە دونیاوە. خوێندنی باڵای لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە. بە هۆی شۆڕشگێڕی و کوردپەروەرییەوە بنەماڵەکەیان کە بە دەستبەسەری لە ئەستەنبوڵ دانرابوون، لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە ڕێی پێ نەدرا بچێتە فەرەنسا و خوێندنی باڵا تەواو بکات. زمانەکانی ڕۆژهەڵات و فەرەنسی و ڕووسی دەزانی. ساڵی ١٨٩١ کرا بە سکرتێری باڵیۆزخانەی عوسمانی لە ڕووسیا. ساڵی ١٩٩٤ کرا بە مدیری گشتیی دیوانی سوڵتان لە ئەستەنبوڵ. ماوەی ١٠ ساڵێک زیاتر لەسەر کارەکەی مایەوە. بە هۆی دڵسۆزی بۆ گەلەکەی دژی ناڕەوایان دژی هەڵیەست و زیندانی کرا. نێردرایە بەندیخانەی تەرابلس، پایتەختی لیبیا. یەکجار ئەزیەت و ئازار درا، حوکمی زۆر قورسیان بەسەردا سەپاند. کە کۆمەڵەی لاوە تورکەکان (جمعیە ترکیا الفتاە) سەرکەوتن، گیراوە سیاسییەکانیان لە زیندان ئازاد کرد. تەنیا بنەماڵەی بەدرخان پاشا نەبێت.
ساڵی ١٩١٠ لە زیندان ئازاد کرا. گەڕایەوە ئەستەنبوڵ و هەستی بەوە کرد کە ناتوانێت لە ژێر کۆنترۆڵی ئامێری عوسمانییەکاندا خزمەت بە گەلەکەی بگەیەنێت، ڕایکرد. ڕووی کردە ڕووسیای تساری، ماوەی ٦ ساڵ لە ژێر چاودێری و یارمەتیدانی ئەواندا مایەوە. تەقەلای زۆری دەدا بتوانێت خزمەتێکی پڕ بەها بە گەلەکەی بگەیەنێت. لە ژێر زوڵم و زۆرداریی عوسمانی ڕزگاری بکات. ماوەیەکی باش لە تبلیس، پایتەختی جۆرجیا ژیا. کەوتە هاوکاریکردنی سمکۆی شکاک قوتابخانەیەکی بۆ منداڵانی کورد لە شاری (خۆی) کردەوە.
عەبدوڕەزاق بەدرخان مرۆڤێکی زانا و زیرەک و دڵسۆز بوو بۆ گەلەکەی و ئازا و چاونەترس و شۆڕشگێڕ و دیپلۆماتیکێکی لێهاتوو بوو و گیانی ئینتەرناسیونالی بەهێز بوو و دژی قڕکردنی ئەرمەنییەکان بوو لە لایەن حکومەتی عوسمانییەوە کە ملیۆنێک زیاتریان بە بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی کوشتوبڕ کران.
ساڵی ١٩١٨ کەوتە دەستی تورکەکان و یەکسەر ئیعدامیان کرد. [بڕوانە: نامیلکەی (بقعە ضوء من مذکراە عبدالرزاق بدرخان، اعداد د. جلیل جلیل، ترجمە الی اللغە العربیە: حیدر عمر علی جعفر]
(××) (خۆی) شارۆچکەیەکە لە باکووری دەریاچەی ئورمیە هەڵکەوتووە، نزیکە لە سنووری وڵاتەکانی قەفقاسیا. لە ڕووی ئیدارییەوە قەزایەکە سەر بە تەورێز.

بلاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری لەنێو لاوانی کورددا. پەیوەندیان بە کاربەدەستانی ڕوسیاوە کرد و داوای یارمەتی و پشتگیرییان لێ کردن، رووسەکان گوێیان بە داواکەیان نەدا و ماندووبوونەکەیان بە فیڕۆ ڕۆیشت، زۆری نەخایاند کۆمەڵەکە تێکچوو و بڵاوەیان لێ کرد.(١٠)
دکتۆر عەبدوڵڵا مەردوخی دەڵێت: "پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان «کۆمەڵەی ئیستخلاسی کوردستان» لە دەڤەری کرمانشا کەوتبووە نواندنی کۆشش و تەقەلادانی فراوان، دروشمی یەکگرتنی کورد و سەربەخۆیی کوردستانیان بلاو دەکردەوە."(١١)

## ٣- کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی

هەر کە جەنگی یەکەمی جیهان کۆتایی پێهێنرا، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر باری ولاتاندا هات، لە ڕووسیای تساری شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوویدابوو و سیستمێکی نوێ لە ولاتەکەدا ڕاگەیەنرا. دوای کوشتوبڕ و وێرانکردن، کە چەند ساڵ درێژەی کێشابوو، سەقامگیر کرا.
سەرۆکی ئەمریکا ویلسۆن چواردە خاڵەکەی بە دنیا ڕاگەیاندبوو، کە لە خاڵی چواردەم و پێنجەمدا داوای سەربەخۆیی گەلانی ژێردەستی کردبوو. لە باکووری ئێرانیش لە هەرێمی ڕەشت و گیلان کۆمارێکی سۆسیالیستی سازکرا.(١٢)
ئینگلیزەکان بە نهێنی و بە ئاشکرا لەو شانۆگەرییە دراماتیکییە سەرسوڕهێنەرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سەرگەرمترین تەقەلا و کۆششدا بوون بەو ئاواتەی باش شوێنی خۆیان بچەسپێنن. دەیانویست بە مۆرکردنی پەیمانێکی دووقۆڵی لەگەڵ ئێراندا هەندێ مەبەستی خۆیان ئەنجام بدەن. شای ئێرانی ئەوکات، شائەحمەد قاجاری بە هەواست و مەیلی ئینگلیزەکان نائاشنایی خۆی دەنواند و دژ بە بەستنی ئەم جۆرە پەیمان و ڕێککەوتنە دەوەستا. ئینگلیزەکان بە پیلان و فرتوفێڵ توانیان ئەفسەرێکی

قازاخی، ڕەزاخان، ڕاست بکەنەوە و ساڵی ١٩٢١ بە کودەتایەکی سەربازی هەڵسا و ئەحمەدشای وەلا نا و دەستەڵاتی وڵاتەکەی گرتە دەست و خۆی کرد بە شای ئێران. کەوتە هێرش و پەلاماردان بۆ سەر کۆمارەکەی گیلان و توانی لەناوی بەرێت و بکەوێتە گیانی گەلەکانی ئێران.(١٣)

گۆڕانی خێرا بەسەر وڵاتاندا تێپەڕی دەکرد. سەرهەڵدان و کێشە و تێکهەڵپڕژان لە گەلێک شوێن و دەڤەران دەستی پێکردبوو و سەرتاپای خاکی کوردستانیشی گرتبووەوە.

ساڵی ١٩١٩ ئیسماعیل ئاغای شکاک،(×) کە بە سمکۆ ناوی دەرکردبوو، ڕابەری و توانی ناوچەکانی ئورمیە، سەلماس و خو داگیر بکات. دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمەکەدا ڕاگەیاند و کەسایەتی و ناودارەکانی شاری مەهابادیش (ساباڵخ) کەوتنە لایەنگرتن و پشتگرتنیان ڕاگەیاند.(١٤)

---

(×) ئیسماعیل ئاغای شکاک: سمکۆ کوڕی محەمەد ئاغای شکاکە. بنەماڵەکەیان ماوەی چەند سەدساڵێک سەرۆکعەشیرەتی شکاک بوون. لە دەڤەرەکانی سوما و برادۆست و تەرگەوەر و مەرگەوەر لە ڕۆژئاوای کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ناوچەی سەلماس و خۆی و لە دیوی کوردستانی باکووریش نێوان دەریاچەی وان و هەکاری و ئەو شوێنانەیان لە ژێر دەستدا بوو. ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکارەکانی باپیری و باپیری باوکیشی بە فرتوفێڵی شاکانی ئێران تیرۆر کراون. قسە و ڕای جیاواز لەسەر ڕۆژی لەدایکبوونی هەیە، بەڵام هەندێک سەرچاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ساڵی ١٨٨٧ لە ناوچەی سەلماس هاتووەتە دونیاوە. سمکۆ هەر لە سەرەتای تەمەنیدا، یەکجار ڕەق و ناحەزی بەرانبەر بە دەستەڵاتدارانی ئێران هەبوو.

ساڵی ١٩٢٥ بە فرتوفێڵی والیی ئێران لە ئورمیە جەعفەر ئاغای برایان کوشت. ساڵی ١٩١٣ کەوتە هاوکاریکردنی عەبدولڕەزاق بەدرخان و لە شاری خۆی هەندێک چالاکییان نواند. ساڵی ١٩١٩ شۆڕشی لە ئورمیە و شاپور ڕاگەیاند و ساڵی ١٩٢٢ بۆ سەردانی شێخ مەحموودی حەفید گەیشتە شاری سلێمانی.

لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی پێشوودا ناوچەکان لە لایەن سوپای ئێرانەوە داگیر کرانەوە و ماوەیەک سمکۆ بە دەربەدەری و ئاوارەبوون لەمدیو و ئەودیوی سەر سنوور ژیا، لە دواییدا ڕەزاشای پەهلەوی عەفوی کرد و گەڕایەوە ناوچەکەی خۆیان. ساڵی ١٩٣٠ بە فرتوفێڵ بە دەستی چەپەڵ و نامەردی کوشتیان.

[لە کتێبی ئیسماعیل ئاغای شکاک و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، نووسینی محەمەد ڕەسوڵ هاوار، وەرگیراوە.]

شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسلمو، دەربارەی ڕووداوەکانی ئەوکاتە، لە کتێبی (کورد و کوردستان)دا نووسیویەتی: "لە دوای ڕاپەڕینی کەمالیستەکان لە تورکیا، لە ڕەشت و گەیلان و لە تەوریزیش شۆڕش بەرپا کرا. لە چەند شارێکی تری کوردستان، وەک سنە، سەقز، مەهاباد، کرمانشا کۆمیتەی میللی ساز کرا، تێکۆشەری چاونەترس و کەڵەمێرد شاعیر قازی فەتاح، ڕابەرایەتیی کۆمیتەی شاری مەهابادی دەکرد. بە هەمان دەورووبەریشدا عەشیرەتی شکاک ڕاپەڕین، داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد."(١٥)
هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەوسادا دەوڵەتی ئێران لە قووڵایی تەنگوچەڵەمەی ناهەمواردا دەژیا، بە کۆمەڵێک کێشە ئابڵووقە درابوو، کەچی بۆ ساتێکیش دامودەستگاکانی ڕەزاشا شەڕ و هێرشەکانیان بۆ سەر گەلی کورد هێور نەدەکردەوە.
شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی گەلی کوردستان بە سەرکردایەتیی سمکۆ و سوپای ئێران بە بەردەوامی ڕوویان دەدا. ڕۆژی ١٩٢٢/٥/٣١ سوپای کوردستان سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێنا، هێزەکانی چەکداری ئێران دووچاری تێکشکان و ڕاکردن و زەرەری زۆر هاتن. سمکۆ نامەیەک بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازربایجان دەنێرێت و دەڵێت: "گەلێک گەلی بچووک هەنە، سەرکەوتن، مافەکانی خۆیان کەوتە چنگ، وەلێ گەر گەلی ئێمەی مەزن و پڕشکۆ، نەگات بە ئاواتی پیرۆز و مافە بنەڕەتییەکانی، مردن لە لای ئەز لە ژینی ژێردەستی بەرزتر و بەهادارترە."(١٦)
سمکۆ لە پێشی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هەستی نەتەوایەتی لە مێشک و دەروونیدا پەیدا بووبوو و پەیوەندی لەگەڵ ڕووسەکان پەیدا کردبوو. ساڵی ١٩١٢ کە عەبدولڕەزاق بەدرخان پاشا گەیشتە (خۆی)، بە هاوکاریی سمکۆ، بە هەندێک کاری ڕەوا هەنگاویان بۆ پێشەوە نا.
ڕاپەڕینەکەی سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٢٥ لە توانا و تەوژمدا بوو و کۆمەڵێک سەرکەوتنی گرنگی دژی هێزەکانی سوپای ئێران ئەنجام دا.
ساڵی ١٩٢٣ بۆ سەردانی شێخ مەحموودی حەفید دەگاتە سلێمانی و بە

گەرموگوڕی و ڕێزلێنانەوە پێشوازی لێ دەکرێت. هەروەها پەیوەندی بە کوردپەروەران و ڕۆشنبیرانی کوردستانی باکوریشەوە هەبوو. لە سەرەتادا کەمالیستەکان وا خۆیان پیشان دەدا کە دۆستی سمکۆن، کەچی زوو زانرا سیاسەتی تورکەکان بۆ فرتوفێڵنانەوە و لەخشتەبردن و لەناوبردنی سمکۆن.[18]

ئیمپریالیستی ئینگلیز، ئەوساکە، بە بەهێزترین دەوڵەتی خاوەن توانا و دەستەڵات دەژمێردرا و بەپێی بەرژەوەندیی کۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکان و سەرمایەدارە گەورەکان هەڵسوکەوتی دەکرد. لە نەخشە ستراتیژییەکانیدا بەرانبەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بایەخدان تایبەتی بە عیراق و ئێران لە پێشەوەی ئەرکەکانیدا بەدی دەکرا . هەر زوو کەوتە پشتگیریکردنی ڕەزاشا و بە چەک و کەلوپەلی پێویست یارمەتی زۆر و زەبەندیان پێشکەش دەکرد و تا لە حوکمڕانیکردنی ئێراندا سەقامگیریان کرد.

کە لە ١٩٢٠/٦/٥دا کۆماری گیلان ڕاگەیەنرا، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی تاران و تەوریز و گەلێک ناوچەی تر بەشدارییان تێدا کرد، پریشکی شۆڕشەکە و ئاواتەکانی لە هەموو جێیەکی وڵاتدا بڵاو بووەوە، بەتایبەت لە کوردستان دەنگ و ڕەنگی دایەوە.[19] چەند تێکۆشەرێکی لێهاتووی کورد ڕۆڵی دیاریان بینی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشەکەدا وەکوو خالۆ قوربانی، کەریم خان، خاڵو حشمەت و قەنبەرخان.[20]

پەیوەندی و ئاشنایی بەتین لەنێو سەرۆکی کۆمارەکە میرزا کوچک خان و سمکۆدا دروست بوو. بە نامە و نامەکاری لە سەرهەڵدان و جموجووڵی یەکتر ئاگادار بوون. میرزا کوچک خان داوای لە سمکۆ کردبوو کە پێکڕا بە یەک هێز تێبکۆشن لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی هەموو گەلەکانی ئێراندا.[21]

لە گەرمەی کێشە و پێکدادان و ئەو ئاڵۆزییە سەرانسەرییەی ئێرانی گرتبووەوە، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەک ل. ڕاولسن، کۆنسولی بریتانیا لە ئازربایخانی ڕۆژئاوا، باسی دەکات لە ژیانی کۆیلایەتیی بەدفەڕ دواکەوتووتر و پڕ ئازارتر بووە.

کوردەکان ژیانیان یەکجار لە دەردەسەری و برسیەتیدایە و شەو و ڕۆژە تەقەلا دەدەن و خۆ ماندوو دەکەن تا نانەسکێک بۆ ماڵومنداڵیان پەیدا بکەن، دەستیان ناکەوێت. لە برسیەتی و هەژاریدا بە کۆمەڵ دەمرن. ئەو کەمە خواردنەی بە هەزار کولەمەرگی پەیدای دەکەن، بە ئەشکەنجە و لێدان دەستەلاتداران لێیان زەوت دەکەن. بە ڕووتوقووتی و پێخاوسی، بە برسیەتی و نەخۆشی ئەو ژیانە کورتەی هەیانە بەسەری دەبەن. لە گێژاوی زەلکاوێکی بۆگەندان و ئاییندەشیان وَنە.(٢٢)

وەک ئاماژەی پێکراوە ڕەزاشا لە لایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستانەوە پشتگیری باشی لێکرا. نەخشەی سەرەکیشیان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە شورە و بەرهەڵستێکی توندی وابەستە بە خۆیان لە باشووری یەکێتیی سۆڤیەت بنیاد بنێن، بۆ دژایەتیکردن و بەربەستکردن لە مەترسیی حکوومەتی سۆڤیەتی و بیروبڕوای سۆسیالیستی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی. ڕەزاخان هەر بەسەر تەیارانی سەرکەوت، خۆی کرد بە شای ئێران و کەوتە پاراستنی کورسییەکەی. پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و حکوومەتە زلهێزەکاندا بەهێز کرد. ساڵی ١٩٢٦ پەیمانی دووقۆڵی لەگەڵ کۆماری تورکیا مۆرکرد، وەک دۆستێکی نزیک تەماشای مستەفا کەمال؛ سەرۆکی کۆماری تورکیای دەکرد. لەسەر ئەوەی ڕێککەوتن کە هاوکاری نێوانیان یەکجار توندوتۆڵ بکەن، بە هێز و توانای هەردوو دەوڵەت نەهێڵن گەلی کورد لە سنوورەکانی هەردوولایان، بە هیچ جۆرێک، سەر بەرز بکاتەوە. ئەو یاسا و ڕاکۆنانەی کەمالیستەکان لە تورکیا بە ئاگر و ئاسن بەسەر کوردەکانیاندا دەسەپاند کە جلوبەرگی کوردی، ئاداب و نەریتی کوردی، خوێندن و نووسین زمانی زگماک، بوونی و ناو و ناسنامەی کوردی بە تەواوی قەدەغە کرابوون و سزای گرانیشیان بە دواوە بوو، ڕەزاشا هەمان هەنگاوی گرتەبەر و بڕیاری وەرگرت کە دەبێت گەلی کوردستان کۆت و شەپقە لەسەر بنێت.(٢٣)

ڕەزاشا وەک هەر دیکتاتۆرێکی چەپەڵ، ئەوەی پێی گوترابا ڕێگای ناڕەوا و نامرۆڤانە دژی گەلی کورد و گەلەکانی تری ئێران گرتبوویە بەر و بە درێژایی

و پانایی ئێران هێزی سەرکوتکەری بڵاو کردبووەوە و کەوتبوونە ڕاونان و پاکتاوکردنی ڕۆشنبیر و هۆشمەندان و پێشکەوتووخواز و ئازادیخوازانی وڵاتەکە. کەشوهەوایەکی تیرۆریستی و ترسناکی لە سەرانسەری وڵاتدا ساز کردبوو، بە شێوەیەک کە ئەگەر هەست بە بچووکترین دیاردەی پێشکەوتووخوازی یان بیروبڕوای چەپ، یان سەرهەڵدانی نەتەوەیەکی دیکە بکرایە، کتوپڕ هێرشی درندانیە دەکرایە سەر و لە ناو دەبرا. یەکێک لەو نموونانە، ساڵی ١٩٢٧ کە تێکۆشەری کورد (ئەحمەدی خودادە) کتێبی (چارەڕەشیی وەرزێری) بە زمانی فارسی نووسی و بە چاپی گەیاند، لە ئێران قەدەغە کرا و نووسەرەکەش چەند ساڵ زیندانی کرا.

## ٤- کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی ڕەزاشادا

وەک ئاماژەی پێکراوە، ڕەزاشا بە پیلان و فرتوفێڵی ئیمپریالیستەکان و بەتایبەت بریتانیا گەیشتە سەر کورسیی پاشایەتی و هەر لە سەرەتای حوکمڕانیکردنیدا کەوتە پێڕەوکردنی ئەو ئەرکانەی بۆی نەخشە کرابوون، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی گشت سەرهەڵدان و ڕاپەڕینێکی ئەو نەتەوانەی بە زەبری ئاگر و کوشتوبڕ خرابوونە ژێر دەستەڵاتی ڕەزاشاوە لە قەوارەی ئێرانێکی پان و بەریندا، وەک گەلانی ئازەری، کورد، عەرەب و بلوجی.

٢- بەربەرەکانیکردنی هەر ڕێکخراو و بیربڕوایەکی چەپ و پێشکەوتووخواز، ماوەنەدان بەوەی کە بە هیچ جۆرێک گەشە بکەن.

٣- گۆڕینی ڕووە ئاشکراکانی ئێران کە گوایا تێدەکۆشێت ئێران لە وڵاتێکی فیودالّی دواکەوتووەوە بگۆڕێت بۆ وڵاتێکی مۆدێرنی سەردەم.

٤- بایەخدان بە ئامادەکردنی سوپا و هێزێکی چەکداری بەتوانا، کە بتوانێت وەک یاساوڵ دژی یەکێتیی سۆڤیەت و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوەستێت.

چەرخی مێژوو قەت بەپێی ئارەزوو و خواستی ستەمگاران و لەسەر یەک

شێواز نەڕۆیشتووە و ڕۆڵ و بڕیاری ڕاست و ڕەوای خۆی هەر گرتووەتە بەر. لە گەرمەی دەستەڵاتی ڕەزاشا و گشت قەیران و کێشە ناجۆر و جۆراوجۆرەکاندا، ڕەوتی تێکۆشان و کاروانی گەلان لە بەرەوپێشچوونی خۆیدا نەدەوەستا، وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش پەنگاوی دەخوارد و بە دوای کون و کەلەبەرێکدا دەگەڕا بڵێسەکەی دەربکات و دەوروبەری خۆی ڕووناک بکاتەوە.

کە لە ساڵی ١٩٢٢ زانا و هێژای کورد مەلانەحمەدی فەیزی لە سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحموودا ناوچەی سلێمانی بە جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە گوندی (حاجی گەند) دەگیرسێتەوە، وەک مەلایەکی زانا و ڕۆشنبیر و کوردپەروەر دەکەوێتە بڵاوکردنەوەی هۆش و هەستی کوردایەتی، پەیوەندی لەگەڵ هۆشمەند و پێشکەوتخوازانی کوردستانی گەرمیاندا، وەک عارف سائیب، مەحموود جەودەت و... تاد، بەردەوام دەبێت و دەگوترا کە بە نهێنی لەنێو خۆیاندا «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد«یان ساز کردبوو.[٢٤]

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، هەر لە دەوروبەری جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی بیستەکانی سەدەی پێشوو، دووچاری جۆرەها زەرەر و زیان و کاولکاری و کوشتوبڕ هات. گەلێک کۆسپ و تەگەرەی سەختی خرایە پێش، وەلێ ڕۆشنبیرانی کۆڵنەدەر، کوردپەروەرانی دڵسۆز، چۆکیان دانەدا و ئاڵای تێکۆشانیان بە شەکاوەیی ڕاگرت، بە جۆش و گۆشەوە لەسەر خەبات و بەرگریکردن لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و مافە ڕەواکانیان سوور بوون. بەتەک سەرتاپای شاڵاوە درندانەکانی ئامراز و دامودەستگاکانی ڕەزاشاوە بۆ سەر گەلی کوردستان، گیان و هەستی بەربەرەکانیکردن دژی حکوومەتی تاران، لە ناوچەکانی کرمانشا، سنە، هەورامان و باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵات بەردەوام بوو. ئەوەی لە هەموویان زێدەتر ناو و دەنگی بڵاو بووەوە، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٩ی مەلا خەلیل بوو لە پێناو پاراستنی جلوبەرگ و زمانی کوردیدا.[٢٥]

دوای ئەوەی بە دوو ساڵ ڕاپەڕینی عەشیرەتی جەلالییەکان ساڵی ١٩٣٣١ لە ناوچەی (ماکۆ) لە ژێر فەرماندەی (فەرزەندە) هێزەکانی چەکداری ئێران بە یارمەتیدانی سوپای تورکیا توانی گەورەترین زەرەر و زیان بە ڕاپەڕینەکە بگەیەنێت، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بکوژن. پەرت و بڵاوەشیان بە عەشیرەتەکە کرد.[٢٦]

لەپێناو بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێز و ئیمپریالیستەکاندا، خاکی کوردستان پارچە پارچە کرا. بە گوشار و فرتوفێڵ، بە شەڕ و کوشتوبڕ، خرایە ژێر دەستەڵاتی حکوومەتە شۆڤێنیستەکانی تورک، فارس و عەرەبەوە و بە گوێرەی باری گرنگی جیوپۆلتیکی کوردستان و بەرژەوەندیی وڵاتەکانیان، ڕەفتار لەگەڵ گەلە ستەمدیدەکەدا کراوە. دۆزەخێکی دژوار و سەختی بۆ ساز کراوە، وێنەی کەمە. دەربازبوون لێی سانا نییە. تێکۆشینی هەماهەنگ، خۆڕاگری و بەربەرەکانیکردن، سەرهەڵدان و قوربانیدان بەردەوامە.

لە ساڵەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٣٧ بە نهێنی کۆمەڵێکی کولتووری و فەرهەنگی لە هەرێمی موکریان دادەمەزرێت. پەیوەندی بە پارتیی «خۆیبوون» و شۆڕشی ئارارات و کوردپەروەرانی کوردستانی باشوورەوە دەبێت. شەهید حەسەنی قزلجی دەیگێڕایەوە، کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەک بریتی بوون لە پێشەوای شەهید قازی محەمەد، کاکەحەمەی بۆکانی، شێخ ئەحمەدی سریلاوا، مەلانەحمەدی فەوزی.[٢٦]

شاعیری نەمر (هێمن)[×] لە پێشەکیی دیوانی (تاریکوڕوون)دا بە درێژی

---

(×) هێمن: سەید محەمەدەمین شێخ ئەلئیسلامی موکری. لە بەهاری ١٩٢١دا لە گوندی لاچین نزیک بە سابڵاخ هاتووەتە دونیاوە. لە لایەن خاڵوانی و مەلایانی تردەوە خراوەتە بەر خوێندن. هۆشیاری و بلیمەتی و لەسەرەخۆیی هەر لە منداڵیدا پێوە دیار بووە. هەر لەگەڵ دامەزراندنی ژ.ک.دا و لە دواییدا حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە بە یەکێک لە نووسەر و شاعیرە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی. لە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، دووچاری دەربەدەری و ئازار و ژیانی پڕ دەردەسەری بووە. لە سەرەتای حەفتاکاندا بووە بە یەکێک لە ڕابەرەکانی حزبی دیموکرات. ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە مەهاباد و لە بەهاری ١٩٨٧دا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و چەند بەرهەمی بەنرخی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە

باسی ژیان و کۆششی مەلائەحمەدی فەوزی دەکات، کە ڕۆڵێکی دیاریکراوی گێڕان لە بڵاوکردنەوەی بیروبڕوای کوردایەتی و خۆشەویستیی نیشتمانی کوردستان لە دڵ و دەروونی لاو و خوێندەوارانی هەرێمەکەدا. ژمارەیەکی باشی لە ڕۆڵەی کورد بە گیانی کوردپەروەری پەروەردە کرد. هانی دەدان بۆ پێشکەوتنی گەلەکەیان تێبکۆشن. ژمارەیەک لەو قوتابییانەی لەلای مەلائەحمەدی فەوزی خوێندبوویان، ساڵی ١٩٢٥ لە مەهاباد بە نهێنی کۆمەڵەیەکیان بە سەرۆکایەتیی کوردپەروەری دڵسۆز محەمەد خەتیو پێیاد نا. یەکێک لە کار و ئەرکی سەرەکیان بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکە و خوێندن و نووسین بوو بە زمانی کوردی، لەنێو خەڵکیشدا دەنگوباسی سیاسی، پڕوپاگاندەیان بۆ کوردایەتی بڵاو دەکردەوە.

(محەمەد خەتیو)(×) شەهید دەکرێت و کۆمەڵەکەش پرت و بڵاوی تێ دەکەوێت.(٢٦)

یەکێک لەو کوردپەروەر و تێکۆشەرانەی کە شوێنپەنجە و ئاسەواری پڕ بەهای تا ڕۆژگاری ئێستاکەش لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەر ماوە، شاعیری سابڵاخی (حەسەن سەیفی قازی)یە، کە بە [سیف القضات] ناوی دەرکردبوو.

---

(×) پرسیارم لە کاک حەمەدەمینی سراجی کرد کە چی دەربارەی کۆمەڵەی (محەمەدی) دەزانێت بۆم باس بکات، لە وەڵامدا وتی: "کاتی خۆی لە کۆچکردوو عەبدوڕەحمان زەبیحیم بیستووە کە ڕەگوڕیشەی کۆمەڵەی محەمەدی بۆ دەوروبەری سەرکەوتنی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیا دەگەڕێتەوە. لەودەم (محەمەد هەتیو) و ژمارەیەک لە لاو و هەژارە خوێنگەرمەکانی شاری مەهاباد کەوتنە جموجووڵ و خۆڕێکخستن. خۆیان وا پێشان دەدا کە تەقەلا دەدەن بۆ ئەنجامدانی سۆسیالیستی و سیستێمی یەکسانی لەنێو خەڵکدا، بەبێ ئەوەی زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر تیۆری و پرنسیپی کۆمەڵگای سۆسیالیستی هەبێت. دەتوانین بڵێین گرووپەکە ساکار و لاساییکەرەوە و کەمزان و نەفام بوون. محەمەد هەتیو ڕۆڵێکی چالاکی لە کۆمەڵەکەی ساڵی ١٩٢٥دا کە بە نهێنی ساز کرابوو دەبینی. بەبێ پرۆگرامێکی داڕێژراو کەوتبوونە بزووتنەوە و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بیر و هۆش و هەستی کوردایەتی، جەختیان لەسەر ژیانی یەکسانی و دابەشکردنی زەوی و بەرهەم و سامانی گەورەدەوڵەمەندانیان دەکرد. ئازایەتی و چاونەترسیی محەمەد چارەی بە شەهیدکردن گەیشت. لە دوای ئەو لایەنگرانی کۆمەڵەکە پەرت و بڵاویان لێ کرد. یەکێک لە بەشداربووانی کۆمەڵەکە خزمێکی ئێمە بوو، ناوی مەلا محەمەد ماوەرانی بوو و چەند ساڵ لە مەهاباد ڕایگرد و لە دواییدا گەڕایەوە."

لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی پێشوودا بە چەندان پارچەشیعری نەتەوەیی داوا لە گەلەکەی دەکات، کە یەک بگرن، ڕاپەڕن، تێ بکۆشن، تەوقی دیلیتی داماڵن و ژیان و بەختیاری و سەرفرازی بە دەست بهێنن.

ئەمە نموونەی پارچەشیعرێکییەتی:

حەیفە میللەتێک شەش هەزار ساڵ بێ
نۆکەری ماڵان ڕووت و ڕەجاڵ بێ
کزۆلان هەڵگری بە کۆمە کۆمە
چیدی دوژمنان بە خۆش خۆش مەکەن
بووزوو کەپەنەک باڵاپۆش مەکەن
تاکەی لە دەرکان کز و بڵاو بین
هەرکەس ئارەزووی ماڵاتی هەبێ
وەجاخی کوێر بێ منداڵی نەبێ
ئەو بەدبەختییە لە کورد ڕووی دابوو
لەبەر نەخوێندن کۆزیان ساوا بوو
واجبە خوێندن بۆ دنیا و دینی
پێغەمبەر فەرمووی بۆ چوونی چینی

(لە کتێبی پێداچوونەوە، بەرگی یەک، لاپەڕەی ١٤٢، وەرگیراوە، کەریمی حسامی).

لە دێرینەوە داگیرکەرانی کوردستانی هەمیشە و بێ‌وچان تەقەلای ئەوەیان داوە کە ڕەگوڕیشەی سۆزی نەتەوایەتی، ناسنامەی گەلی کورد نەهێڵن و ڕووی خاکەکەش بگۆڕن و شیرازەی خێزانی و عەشائیری و ئاگاداربوون لە یەکتر بە تەواوی پچڕ پچڕ بکەن و نەهێڵن. خۆشبەختانە، بە خۆڕاگری و قوربانیدان ماوە بە دوژمنان نەدراوە ئاواتە پیس و گڵاوەکانیان بێتە دی.

بە درێژایی سنوور، ژمارەیەکی زۆر لە برا کوردەکانی ڕۆژهەڵات، هەردەم، لەمدیو و ئەودیوی سنوورە دروستکراوەکەدا، خەریکی هاتوچۆکردن بوون و ئەمەش ئاکامی باشی هەبووە و کاری کردووەتە سەر بیروبڕوای نیشتمانپەروەری و کوردایەتی. ئەو کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوانەی لە

کوردستانی باشوور بڵاو دەکرانەوە، بە نهێنی، دەگەیشتنە کوردستانی ڕۆژهەڵات و دەمدەمیش دەنگوباسی سیاسی و کۆمەلایەتی و فیکریش ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرا.

پەیوەندی و جموجووڵەکان یەکجار کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانی ئانارام کردبوو و بەیناوبەین دەکەوتنە گوشار و پرتاوکردن! کۆنترۆڵ و سانسۆری سنوورەکانیان بە سیخوڕ و نۆکەرەکانیان توندوتۆڵتر دەکرد. پەیوەندی و هاتوچۆکردن لەنێوان کاربەدەستانی هەر سێ حکوومەتی ئێران، تورکیا و عێراقدا بە گەرموگوڕی وبەردەوام ئەنجام دەدرا. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکان بایەخدان و تەقەلا بوو دژی گەلی کوردستان، کە چۆن و بە چ ڕێگا و شێوازێک نەهێڵن هیچ جۆرە پەیوەندییەک و ئاگاداربوونێک لەنێوان پارچەکانیدا هەبێت و هەر سەرهەڵدان یان سەرپێچیکردنێک دیاردەی کوردایەتی تێدا بەدی بکرێت، کتوپڕ بە هێز و توانای هەر سێ حکوومەت لە ناوی بەرن. تا گەیشتە ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٣٧/٧/٨دا لە پەیمانی سەعدئاباد دا کە لە لایەن عیراق، ئێران، تورکیا و ئەفغانستانەوە مۆر کرا، لە خاڵی حەوتەمیدا، هاتبوو: "هەر یەک لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەڵێن دەدەن کە لە دەوروبەری سنوورەکانی خۆیان لە پێکهاتن و بزووتنەوەی تاقم و دەستە و کۆمەڵی چەکدار پشتگیری بکەن و ڕێگا نەدەن هیچ ڕێکخراو و تەشکیلاتێک لەم وڵاتانەدا دابمەزرێت کە ئامانجی وێرانکردنی بنیاتەکانی مەوجود و یان شێواندنی نەزم و هێمنایەتیی وڵاتی هاوپەیمان بێت (لەسەر سنوور یان دوورتر) بۆ ڕووخاندنی یەک لە حکوومەتەکانی هاوپەیمان تێبکۆشێت."(٢٨)

هەر لە دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە، حکوومەتی ڕەزاشا کەوتە هێرش و پەلاماردان بۆ سەر دانیشتووانی هەرێمەکە، بە ناوی ڕێگاگرتن لە ئاژاوەگێڕ و قاچاخچیان، ژمارەیەکی زۆر کوردیان زیندانی کرد، دووریان خستنەوە، باری سەخت و دژواریان دروست کرد. کوردپەروەرانیش کۆڵیان نەدەدا و بەپێی کات و ڕۆژگار ڕێبازی گونجاویان دەگرتە بەر و درێژەیان بە خەباتەکانیان دەدا.

ساڵی ۱۹۳۹ لە مەهاباد پارتییەک بە ناوی «پارتیی ئازادیخوازی کوردستان» بە نهێنی دامەزرێنرا و رابەرەکەی د. «عەزیز زەندی» بوو. پرۆگرام و یاسای نێوخۆی، یان گۆڤار و بڵاوکراوەی نەبوو، تەنیا بە بۆنەی هاتنی سوپای سووری یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ باکووری ئێران ساڵی ۱۹٤۱ بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و بە گەرموگوڕی دڵخۆشی و پێشوازیکردنی گەلی کوردستانی بەرانبەر سوپاکە پیشان دا. داوای مافی چارەی خۆنووسینی بۆ کورد تێدا هاتبوو.(۲۹)

لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر باری ئێراندا هات. لە ناوەڕاستی ۱۹٤۱دا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان (الحلفاء) گەیشتنە سەر تەواوی ئەو بڕیارە، کە پێویستە ڕەزاشا لەسەر کار دەربکرێت، چونکە مەیل و دەروونی بە لای لایەنگری ئەڵمانیای هیتلەریدا دەشکایەوە. وڵاتی ئێرانیش لە ڕووی جیوپۆلیتیکییەوە شوێنێکی یەکجار گرنگ و بایەخداری گرتبووەوە، لە کاتی جەنگەکەدا هێزە چەکدارەکانی بریتانیا باشووری ئێرانی داگیرکردبوو، سوپای سووری سۆڤیەتیش باکووری ئێرانی داگیرکردبوو. ڕەزاشایان لەسەر کورسی هێنایە خوار و بۆ باشووری ئەفریقا دوور خرایەوە و حەمەڕەزای کوڕیان لە شوێنی دانا.

باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکریی ئێران گۆڕانی بەسەردا هات. دەرگای بەندیخانەکان کرانەوە و گیراوە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی چەپ و خاوەن بیروبڕوا، نەتەوەپەرستەکانی گەلەکانی ئێران ئازاد کران. بزووتنەوەیەکی پڕ جۆش و گۆش لە هەموو وڵاتدا دەستی پێکرد. هەر زوو کادیرە کۆنەکانی پارتیی کۆمۆنیستی ئێران کە لە بەندیخانەکان ئازاد کران، خۆیان لە پارتییەکی مارکسیستی ئاشکرادا بە ناوی «حزبی تودە»ی ئێران ڕێکخستەوە و کەوتنە بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی زۆری مارکسیستی و پێشکەوتووخوازی. لە ماوەیەکی کورتدا شیرازە و ڕایەڵی ڕێکخراوەکانی لە سەرانسەری ئێراندا بڵاو بووەوە. پڕوپاگاندەی زۆریان بۆ سیستێمی سۆسیالیستی و یەکێتیی سۆڤیەت و تیۆریی مارکسیزم لینینزم دەکرد.

لە گەرمەی ئەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕانەدا، ڕۆژی ١٩٤٢/٨/١٦ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک.)(×) لە لایەن ژمارەیەک لاوانی هۆشیار و ڕۆشنبیری خوێنگەرم لە شاری مەهاباد بنیاتنرا.(٣٠) هەر بە بڵاوبوونەوەی دەنگی کۆمەڵەکە، بزووتنەوەی کوردایەتی کەوتە قۆناخێکی پێشکەوتووترەوە و هۆش و هەستی خۆشەویستی نیشتمان بووژایەوە، جموجووڵی لە گشت لاوە دەستی پێکرد.

---

(×) کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک.) دوای ئەوەی سوپای وڵاتە هاوپەیمانەکان (الحلفاء) دەستیان بەسەر باکوور و باشووری ئێراندا گرت و ڕەزاشایان لە حوکمڕانی لادا و لە ئێرانیان دوور خستەوە، باری وڵاتەکە گۆڕا، کەشوهەوایەکی یەکجار لەبار بۆ ئازادیخوازان و پێشکەوتنخوازان ڕەخسا. هۆشمەند و ڕۆشنبیرانی شاری مەهاباد ڕۆژی ١٩٤٢/٩/١٦ لە باخی حاجی داود کۆ بوونەوە و کەوتنە دەرسکردنی باری کوردستان و ئێران و بڕیاریان وەرگرت کە پارتییەک بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک.) دابمەزرێنن. لە چەند سەرچاوەدا هاتووە کە ژمارەی ئامادەبووان (١٥) تێکۆشەری کورد بوون و ئەفسەرێکی کوردی کوردستانی باشووریش؛ میرحاج ئەحمەد، ئاگرەییش وەک میوان لەگەڵیاندا ئامادە بووە. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەم تێکۆشەرانە بۆ کۆمیتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەکە هەڵدەبژێرن: حوسێنی فروهەر (حوسێنی زرگرینگەر)، عەبدوڕەحمانی زەبیحی، سەدیقی حەیدەری، عەبدوڕەحمانی ئیمامی، قاسمی قادری، عەلی مەحموودی، قادری مودەڕیسی، محەمەد نانەوازادە، مەلا عەبدوڵای داودی، ئەحمەدێنی ئەوحیدی و محەمەدی ئەسحابی و چوار کەسەکەی تر ئەمانە بوون: عەبدوڕەحمان کەیان، محەمەد یاهو، عەزیز زەندی و محەمەدەمین شەرەفی.
ژ.ک. بە یەکەم ڕێکخراوەی سیاسیی ڕێکوپێکی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەژمێردرێت. هەست و هۆشی نەتەوەیی لەنێو خەڵکدا بڵاو کردەوە، توانی لە ماوەیەکی کورتدا لە مەهاباد و دەوروبەریدا ڕێکخراوەیەکانی ڕەگازۆ بکات. بە سەرەتا و بناخە دادەنرێت لە دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا.
ڕۆژی ١٩٤٥/٨/١٦ بە پێشنیاری شەهید قازی محەمەد لە شوێنی ژ.ک. دامەزراندنی حزبی دیموکرات وەک پارتییەکی فراوان ئاشکرا دەکرێت. زیرواتە: ١- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی یەکەم، ل١٦١، ٢- د. ستار طاهر، الجمعیات التنظمات والاحزاب الکردیة فی نصف قرن، ص٢٢٤، ٣- ع. قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، ل٧]

کە گۆڤاری «نیشتمان»یش وەک زمانحاڵی کۆمەڵەی ژ.ک. گەیشتە دەستی خوێنەران، شادی و خۆشی خستە دڵ و دەروونیانەوە. گەلێک گوتار و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی، شیعری نیشتمانی و کۆمەلایەتی، باسوخواسی ژیانی هەژاران و ڕەنجدەر و زەحمەتکێشان، زوڵم و زۆرداریی دەرەبەگ و شێوەکانی چەوسانەوە، دەنگوباسی بەرەکانی جەنگ، ڕۆڵی سوپای دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دژ بە هێزی فاشیست و نازیستەکانی بڵاو دەکردەوە و گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر مزاجی خەڵکەکەدا دەهێنا. ورە و باوەڕکردن بە هێز و توانای گەل یەکجار بەرز بووەوە. ڕۆڵێکی ڕوونکەرەوەی شۆڕشگێڕی لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا بینی. شوێنی خۆی لە ناخ و دەروونی کوردپەروەراندا کردەوە. هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشکەوتن دەڕۆیشت. پەلی بۆ ئەولا و ئەملا دەهاویشت. لق و شانە و ڕێکخراوەی تازەی ڕێک دەخست. هەوادار و لایەنگر و پشتیوانی لە سەرانسەری کوردستاندا پەیدا کردبوو. شەهید د. قاسملو لە کتێبی (چل ساڵ خەبات)دا باسی ئەوەی کردووە کە ژ.ک. لە دوای بنیاتنانیەوە، بە ماوەیەکی کورت، پەیوەندی بە کرمانشا و سلێمانییەوە هەبووە.(٣٢)

لە مانگی ئاياری ١٩٤٤دا سەرکردایەتیی کۆمەڵە، محەمەدئەمین شەرەفی دەنێرتە شاری کەرکووک و پەیوەندی بە ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکانی پارتیی (هیوا)وە دەکات، بە مەبەستی بەهێزکردنی هاوکاری و هاریکاری نێوانیان و دارشتنی پلانێکی نەتەوەیی ڕێکوپێک و ڕەوا کە سەرتاپای گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی تێ بکۆشێت.(٣٣)

لە گەرمەی پلەی بەرزی سۆزی کوردایەتیدا، ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی کوردستانی باشوور، وەک کۆچکردووان ئیسماعیل حەقی شاوەیس، عوسمان دانش لە سلێمانییەوە، هەمزە عەبدوڵلا لە کەرکووکەوە و محەمەدتۆفیق وردی لە کۆیەوە و قەدری جەمیل پاشا لە سووریاوە و گەلێکی تر دەگەنە مەهاباد. دەکەونە گفتوگۆ و باسوخواس دەربارەی چۆنێتیی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان سەرجەم هێز و پارتی و گرووپەکانی کوردستان و هەموو خوازیاری

ئەوە بوون کە لە بنەڕەتدا نەخشەیەکی یەکگرتوو بۆ ئاواتە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد ئامادە بکرێت.

لە هاوینی ١٩٤٤دا نوێنەری کوردستانی ڕۆژهەلات؛ قاسمی قادری، هی کوردستانی باکوور؛ مەلا وەهاب، هی باشوور؛ شێخ عوبیدەڵا لە لوتکەی شاخی دلانپار، سێ سووچی سنوور، کۆ بوونەوە و گفتوگۆیان لەسەر ئەوە کرد کە چۆن و بە چ شێوەیەک پەیوەندی و هاوکاری نێوان گشت هێزە کوردستانییەکان توندوتۆ و پتەو بکرێت و پێکرا لە هەموو پارچەکاندا بکەونە تەقەلا و تێکۆشین.(٢٤)

بە هۆی ئەوەی کە شەهید قازی محەمەد،(×) کەسایەتییەکی بەڕێز و ناسراو و ڕۆشنبیری مەهاباد و لە بنەماڵەیەکی ناودار و سەرڕاست و شوێنی متمانەی هەموو خەڵک بوو و بە پشتگیر و لایەنگری هەژار و ڕەنجبەران ناوی

---

(×) قازی محەمەد: لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری مەهابادە و ساڵی ١٩٠١ چاوی بە دونیا کەوتووە. خوێندنی لە لایەن زانا و شارەزایانی شارەکە دەست پێکردووە. زیرەک و هێژا بوو. ساڵی ١٩١٧ ئاشنایی لەگەڵ ئەو سەربازە ڕووسانەدا پەیدا دەکات کە لە مەهاباددا گیرسابوونەوە و لە هەمان ڕۆژگاردا بە هاوکاریکردنی ژمارەیەک لاوانی هاونەمەنی خۆی کۆمەڵەیەک ساز دەکەن و دەکەونە بڵاوکردنەوەی بیروبڕوای ڕزگاریخوازی بۆ گەلی کوردستان.

کە دەستێکی باڵا لە خوێندن و شارەزاییدا پەیدا دەکات، حکوومەتی ئێران دەیکات بە سەرۆکی دائیرەی مەعاریف و قازیی شاری مەهاباد. چەند قوتابخانەیەک ئاوەدان دەکاتەوە و بایەخی باش بە بڵاوکردنەوەی خوێندن و نووسین دەدات.

بە درێژایی تەمەنی لایەنگری هەژاران و لێقەوماوان بووە و مرۆیەکی خۆشەویست و هێمن و لەسەرەخۆ و کوردپەروەرێکی دڵسۆز و بێوێنە بووە.

ساڵی ١٩٤١ کە ڕەزاشا لەسەر کار دەرکرا و سوپای سووری سۆڤیەت باکووری ئێران گرت، قازی محەمەد کەسایەتییەکی لە ڕوو و بەڕێز و پرس و پەنای خەڵکەکە بوو. لە دوای ١٩٤٢ کەوتە ڕیزی کۆمەڵەی (ژ.ک.)ەوە و ساڵی ١٩٤٥ لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بە سەرۆکی حزبەکە هەڵبژێردرا. لە دواییدا: سەرەتای ١٩٤٦، بوو بە سەرۆکی کۆماری کوردستان و لە کۆتایی ساڵەکەدا سوپای ئێران هێرشی هێنایەوە سەر کۆمارەکە و تێکی دا. قازی محەمەد لە لایەن سوپای ئێرانەوە دەستگیر کرا و ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٣١ لە گۆڕەپانی چوارچرا لە سێدارە درا.

[لە کتێبی بزاڤچوونەوەی کەریمی حیسامییەوە وەرگیراوە.]

دەرکردبوو و هەروەها کوردپەروەرێکی دڵسۆزی کەموێنە بوو، کۆمەڵەی (ژ.ک.) تەقەلای زۆری لەگەڵ دەدا کە ببێت بە ئەندامی کۆمەڵەکە و لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٤٤دا دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵەکە.[٣٥]

(ژ.ک.) بە چاپووکی و سەرگەرمییەوە بە رۆڵی پێشڕەوایەتیی پیرۆزی خۆی هەڵدەستا. نووسەر و شاعیران، کوردپەروەران، پێشکەوتووخوازان لە دەوری کۆ بووبوونەوە. بەرهەمی پڕبەها و نیشتمانیان پەخش دەکرد و کۆنەپەرست و خائینانی نەتەوەکەیان ریسوا دەکرد. (ژ.ک) و ئەندامەکانی هەڵوێستی ڕاست و ڕەوای نەتەوایەتییان پێڕەو دەکرد و بە بیروبڕوایەکی پێشکەوتووخوازانە هەنگاویان بۆ پێشەوە دەنا. بە ڕاشکاوی لایەنگری یەکێتیی سۆڤیەت و بەرەی گەلان بوون. سەرکردەکانی بە ژیری و دووربینییەوە تەقەلایان دەدا کە بیر و تیۆریی مارکسیستی لەگەڵ بیر و ئاواتی دوور و نزیکی گەلی کوردستان، زانیارییانە، تێکەڵ بکەن. دەرکی ئەوەیان کردبوو کە هەر جەنگە شووم و نەگریسەکەی دووەمی جیهان کۆتایی پێ بێت، گۆڕان بەسەر باری جیهاندا دێت و ئەوسا دەکەوێتە سەر کورد خۆی کە سوود لە داهاتوو و گۆڕانکارییەکان وەربگرێت و گۆشەگیر و دوورەپەرێز نەوەستێت.

(ژ.ک.) لە رووی چینایەتیشەوە سەرگەرمانە کۆششی دەکرد، کە هەژارانی شار و لادێ، ڕەنجبەر و ڕەنجدەران، هۆشیار بکاتەوە و دژی چەوسانەوە و زوڵم و زۆرداری دەوەستا. هانی جەماوەری دەدا یەک بگرن و ڕیزەکانی خۆیان بکەن بە یەک و بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان بخەبتن. هەرگیز بڕوای بە فیوداڵ و کۆنەپەرستان نەبوو و مەترسی لێ دەکردن. هاواری دەکرد کە یەکجار پێویستە پەند و دەرس لە مێژووی کۆن و ڕابوردوو وەربگیرێت.

هەرچەندە کۆمەڵەی (ژ.ک.) پرۆگرام و پێڕەوێکی دارێژراوی ئامادەکراوی نەبوو، وەلێ لە هەڵوێست و کردەوەکانیدا پێشانی دەدا کە چەند دووربینە و بۆ چ ئامانجێکی پێشکەوتووخوازی تێدەکۆشێت.

لەو دەورویەرەدا وەزیری ڕاوێژکاری حکوومەتی ئێران (خەلیل فەهمی) دەگاتە

مەهاباد و کۆمەڵەی (ژ.ک.) یاداشتێکی تێروتەسەلی پێشکە دەکات، ئەمە کورتەی ناوەرۆکەکەیەتی:
١- حکوومەتی ئێران بە ڕەسمی دان بەوەدا بنێت کە ژمارەی کوردەکان سێ ملیۆن زیدەترە لەسەر خاکی خۆیان، لەناو سنووری ئێراندا دەژین.
٢- زمانی کوردی ببێت بە زمانی خوێندن و نووسین و بەڕێوەبردن و دادگەری لە کوردستان.
٣- فەرمانبەرانی هەرتمەکە کورد بن.
٤- ئەو باجەی (مالیات) لە کوردستان کۆ دەکرێتەوە، بۆ گەشەپێدانی کوردستان بە کار بهێنرێت، قوتابخانە و خەستەخانەی پێ دروست بکرێت، کوردستانی پێ ئاوەدان بکرێتەوە، نەک بۆ ڕازاندنەوەی (تاران) بێت.
٥- پێویستە ئەم داخوازییانەمان لە پەرلەمانی ئێران باس بکرێن و قانونی تایبەتیان بۆ دەرچێت، تاوەکوو گەلی کوردستان دڵنیایی پێ بێت.
٦- ئەمانە داوا و داخوازیی ئێستامانە، وەلێ کۆمەڵەکەمان «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ک.)» بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە مافی دوارۆژ و چارەنووسی مافێکی بنەڕەتیی سروشتییە، نەک هەر بۆ گەلی کورد بەڵکە بۆ هەموو ئەو گەلانەی لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا دەژین. گشت نەتەوەکان خوازیارن کە هەر جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی پێهات، دەست بکرێت بە گفتوگۆکردن لەسەر چۆنێتی چارەکردنی کێشەکان، بڕیاردانی مافی چارەنووسیان ئەنجام بدرێت.
٧- کۆمەڵە ئەم یاداشتە بڵاو دەکاتەوە، هەر کاتێک نەتەوەی کورد مافی چارەی خۆنووسی کەوتە چنگ، ئەوسا حکومەتی ئێران بە دراوسێیەکی باش و بە وەزن دادەنێت.(٣٦)
کۆمەڵەی (ژ.ک.) گەلێک بە پەلە شوێنی خۆی لەنێو جەرگەی خەڵکی کوردستاندا کردەوە، لق و پۆی ڕێکخراوەکانی گەیشتبوونە گەلێک ناوچە، کوردپەروەران بە دوای گۆڤاری «نیشتمان» و بڵاوکراوەکانیدا دەگەڕان و بە گەرمی خوازیار و تامەزرۆی خوێندنەوەیان بوون.

لە گۆڕەپانی بەرەکانی جەنگیشدا، لەنگەر بۆ بەرژەوەندیی وڵاتە هاوپەیمانەکان وەردەچەرخا، هێز و سوپای فاشیستەکان شکستی تێ کەوتبوو، کەوتبووە پاشەکشە و ڕاکردن، ئاسۆی ڕوون و گەشی سەرکەوتن لە گشت لاوە بەدی دەکرا، دەنگی ئازادی و سەرفرازیی گەلان، بیروبڕوای پێشکەوتووخوازی و دیموکراسیەت بە فراوانی بڵاو دەبووەوە. لە مێژوودا ئەم گۆڕانە چلۆنییە هەستی پێ نەکرابوو.

سێ دەوڵەتە زلهێزەکەی هاوپەیمان: یەکێتیی سۆڤیەت، بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرگەرمانە کەوتبوونە داڕشتنی نەخشە و پلان دەربارەی ئایندەی جیهان، دوای تێکشاندن و هاڕینی دامودەستگا و ئامرازەکانی هێزی دەوڵەتە فاشیستەکان و ئاوانبارانی جەنگ!

هەر دەوڵەتێک لەم سێ دەوڵەتە ڕێباز و نەخشەی تایبەتی خۆی بەرانبەر بە دوارۆژی دەوڵەتی ئێران هەبوو. لە ستراتیژیاندا بەدی دەکرا کە هەر لایەک تێدەکۆشا ئێران لە ژێر چاوەدێری و ئاشنایی خۆیدا دەرنەچێت.

بریتانیا و ئەمریکا، بە ئاشکرا و نهێنی، تەقەلایان دەدا کۆسپ و ئاستەنگی سەخت و دژوار لە پێش دەستەڵات و توانای دەوڵەتی سۆڤیەتی و لایەنگرانیدا دروست بکەن و بیانخەنە قەوارەیەکی تەسک و لاوازەوە.(×)

(×) گۆڤاری ڕابوون کە لە سوید، شاری ئوپسالا، دەردەچێت، لە ژمارەی (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠١دا لە ژێر ناوی (سیناریۆی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: دوای ئاگوستی ١٩٤١) لە گۆڕین و ئامادەکردنی دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی بڵاو کردووەتەوە، کە لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت دەریهێناوە، کۆمەڵێک بەڵگە و تەلگراف و برووسکە پیشان دەدات کە چۆن کۆنەپەرست و فیودال و سیخوڕەکانی سەر بە ڕژێمی شا سەدان درۆیان دژی گەلی کوردستان، بەتایبەت لە ئورمیە و دەوروبەری، هەڵبەستووە. بە سکاڵا و یاداشت و برووسکە بۆ تارانیان ناردووە. لە سەرەتای ١٩٤٢دا چەندەها گوتاری ئاراستیان لەسەر ڕووپەلی ڕۆژنامە گومانلێکراوەکان بڵاو کردووەتەوە و بێشەرمانە داوای گەڕانەوەی هێز و سوپای ئێرانیان کردووە تا بگەڕێنەوە و کوردەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا سەرکوت بکەن.

## ٥- کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا

ڕۆژی ١٩٤٥/٥/٨ هێزی وڵاتە هاوپەیمانەکان دەستیان بەسەر ئەڵمانیادا گرت، هیتلەری فاشیست و دامودەستگاکەی سەریان پێ شۆڕکرا و کەوتنە بەر دادگاییکردن لەسەر تاوانەکانیان، کە دژ بە مرۆڤایەتی و گەلانی دونیا ئەنجامیان دابوون.

سەرکەوتنە مێژووییەکە کتوپڕ دەنگی دایەوە، خۆشی و شادییەکی ئەوتۆی ڕەخساند، وێنەی نەبینرابوو. لە سەرتاپای خاکی ئێرانیشدا ئاهەنگ و بەزم و شایی دەستی پێکرد.

ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٣ لە ژێر چاوەدێری هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا فیرقەی ئازربایجان، کۆماری ئازربایجانی دیموکراسی ڕاگەیاند.

لە پرۆگرام و یاسای کۆمارەکەدا دەردەکەوت کە بەشێکن لە خاکی ئێران و جیاوازییان ناوێت. بە کردەوەش لەسەر ڕێبازی دۆگمای ستالینیزمی ڕەفتاریان دەکرد، ئەو ئامۆژگاری و فەرمانانەی لە «باکۆ» پێیان دەگەیشت، بە سەرکەرمییەوە، پیادەیان دەکردن و لەسەریان دەڕۆیشتن. تێدەکۆشان کە ناوچە ئازادەکانی کوردستانی ڕۆژئاوای ئێران بخەنە ژێر چاوەدێریکردن و دەستەڵاتی کۆمارەکەیانەوە!

لە هەمان کاتدا شەهید قازی محەمەد بۆ «باکۆ» پایتەختی ئازربایجانی سۆڤیەتی بانگهێشتن کرا و لەگەڵ شاندێکی کوردی کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆککۆماری ئازربایجان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی کۆمۆنیستی سۆڤیەت «جافەر باقروف» کرد. باقروف بە ناوی حکوومەتی یەکێتیی سۆڤیەتەوە داوا لە قازیی ئەمر دەکات کە خۆیان لەگەڵ کۆماری ئازربایجانی ئێران ڕێک بخەن و ببن بە بەشێک لە کۆمارەکەیان. قازی محەمەد بە توندی داواکەی باقروف ڕەد دەکاتەوە و لەسەر داواکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی سوور دەبێت و پێی ڕادەگەیەنێت کە گەلی کورد داوای کۆمارێکی خودموختاری دەکات.(٢٧)

باقروف، کە دەبینێت قازی محەمەد لەسەر هەڵوێستەکانی یەکجار توندە، دەڵێت: "دەبینی دەرگای دیموکراسیەت لە جیهاندا کراوەتەوە، پێویستە ئێوەی کورد تەماشای وڵاتانی وەک ئەمریکا و بریتانیا بکەن کە چۆن بایەخیان بە ژیانی تازە و مۆدێرن و دیموکراسیەت داوە، ئێوەش لە هەرێمەکەی خۆتان پێویستتان بە پارتییەکی دیموکراسی جەماوەری بەرفراوان هەیە، کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە هەموو چین و توێژ و کۆڕ و کۆمەڵ کۆ بکاتەوە و لە بەرەوپێشبردن و خەباتی سیاسیدا ڕێنمایان بێت."

شەهید قازی محەمەد بە گەرمی بەرگری لە هەڵوێستی خۆی و داوا ڕەواکانی گەلەکەی دەکات و زۆر ناخایەنێت بۆ باکۆ بانگ دەکرێتەوە.

هەر کە شەهید قازی محەمەد دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد، ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/٢٤، حەفتاودوو کەسایەتیی ناوداری هەرێمەکە کۆ دەکاتەوە و لە کۆبوونەوەکەیاندا بڕیاری ڕاگەیاندنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەردەگیرێت.[٣٨]

سۆڤیەتەکان کەمێک کەلوپەلی سەربازی و دارایی و ئامێرێکی چاپەمەنی بە حزبی دیموکرات پێشکەش دەکەن.

ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/٦ یەکەم ژمارەی گۆڤاری «کوردستان» ئۆرگانی حزبەکە کەوتە دەستی خوێنەرانی کورد.

ئەوەی سەرنجی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازانی ڕاکێشا ئەوە بوو، هەرچەندە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر بنچینە و پێگەی کۆمەڵەی (ژ.ک.) بنیاتنرا، بەڵام حوسێنی فرۆهەر و عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە دوو کادێری سەرەکی بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ.ک.)دا و بە ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخواز ناسرا بوون و لە مەیدانی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستاندا ڕۆڵی گرنگیان گێڕابوو، لە سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوور خرانەوە و نەکەوتنە نێو ئەو کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە کە بۆ بەڕێوەبردنی حزبەکە دیاری کرا.[٤٠]

دوای سێ مانگێک، ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢، کۆماری کوردستان، لە شاری مەهاباد، ڕاگەیەنرا. ناوچەکانی مەهاباد، شنۆ، مایندواو و بانەی گرتەوە. [لە

کتێبی (الحركه الكرديه في العصر الحديث)دا، لاپەڕە (٢٠٣)، هاتووە کە سنە و سەقز و سەردەشتیش کەوتبوونە ژێر دەستەڵاتی کۆمارەکەوە، وەلێ ئەوە ڕاست نییە!]

کۆمارەکە یەکسەر کەوتە بایەخدان بە کردنەوەی قوتابخانە و بڵاوکردنەوەی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی.

هەرچەندە تەمەنی کۆمارەکە کورت بوو و بەوە ڕانەگەیشت بکەوێتە چارەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی جووتیار و هەژاران بەرەوپێش بەرێت و زەویی دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان بەسەر ئیشکەرانی لادێدا دابەش بکات، وەلێ دەستی بەسەر ئەو زەوی و موڵکانەدا گرت؛ کە خاوەنەکانیان ڕایانکردبوو و چووبوونە پاڵ دوژمن.(٤٠)

کریس کۆچێرا دەڵێت: "ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ کۆبوونەوەیەکی فراوان لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد سازکرا، مەلا مستەفای بارزانی(×) و ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی هەرێمەکە ئامادە بوون، شەهید قازی محەمەد بە وتارێکی ڕێکوپێک کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند."(٤١)

---

(×) مەلا مستەفای بارزانی: ساڵی ١٩٠١ لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ هاتووەتە دونیاوە، خوێندنی ئاینیی لە لایەن مەلا و زاناکانی دەوروبەری ناوچەی بارزان خوێندووە، لە سەرەتای تەمەنیدا بوو، کە دەوڵەتی عوسمانی برا گەورەکەی، شێخ عەبدولسەلامی، لە شاری موسڵ ئیعدام کرد. زوو هەستی کوردپەروەری و خۆشەویستیی وڵاتەکەی لە دڵ و دەروونیدا پەیدا بووە. ساڵی ١٩٣١ بە جۆش و گوڕ وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و چاونەترس بەشداری لە ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی بارزاندا کردووە، کە بە ڕابەرایەتیی شێخ ئەحمەدی برای بووە و لە ئاکامدا ناوچەی بارزان تووشی شاڵاوی سووتاندن و وێرانکردن بووە لە لایەن هێزەکانی عێراق و بریتانیاوە و لەگەڵ شێخ ئەحمەد و براکانی و خاووخێزانیان لە ناوچەکە دوورخراونەتەوە. تا ساڵی ١٩٤٣ بە دەستبەسەری لە ژێر چاودێری پۆلیسدا لە سلێمانی دەیهێڵێنەوە. لەو ساڵەدا ڕا دەکات و دەگەڕێتەوە ناوچەی بارزان و چەک هەڵدەگرێتەوە. ساڵی ١٩٤٥ جارێکی تر ڕاپەڕینەکەیان شکست دەهێنێت و خۆی و خاووخێزان و عەشیرەتەکەی ڕوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن و یەکجار بە گەرموگوڕی لە لایەن برا کوردەکانیانەوە پێشوازییان لێ دەکرێت و بەپێی توانا کۆمەک و یارمەتییان دەدرێت.

زوو دۆستایەتی و ئاشنایی توندوتۆڵ لەنێوان ئەم و قازی محەمەددا دەست پێدەکات و هەر کە کۆماری کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنرێت، مەلا مستەفا و بارزانییەکان وەک سەربازی فیداکار دەچنە ژێر ئاڵای کۆمارەکەوە و پلەی ژەنراڵ بە بارزانی دەدرێت. ـ

جەلال تالەبانی دەڵێت: "لە سەرەتای ١٩٤٦دا کۆماری دیموکراسیی کوردستان دامەزرا، بەم جۆرە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستاندا جمهوریەتێکی دیموکراسیی نیشتمانی پێکهات، ئەم ڕووداوە زۆر گرنگە لە مێژووی کورددا. هەموو کوردستانی هەژاند. کۆمەڵانی خەڵکی هێنایە جۆش و خرۆش، کوردایەتی زۆرتر فراوان و پڕ جەماوەر کرد."(٤٢)

---

ـ کە لە مانگی ئابی ١٩٤٦دا پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق بنیات دەنرێت، مەلا مستەفا بە سەرۆکی پارتییەکە دادەنرێت. کە کۆماری کوردستان لە لایەن سوپای ئێرانەوە دەڕووخێنرێت، بارزانی خۆی و دەوروبەری (٦٠٠) چەکدار، یەکجار بە قارەمانێتی دەکەونە شەڕکردنی هێزە چەکدارەکانی ئێران، عیراق و تورکیا و بە برسێتی و دەردەسەری سەختترین ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان دەبڕن و لە ناوەڕاستی ١٩٤٧دا ئاوی ئاراس دەبڕن و دەگەنە خاکی یەکێتیی سۆڤیەت. ماوەی چەند ساڵ لە لایەن سەرۆکی ئازربایجان کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دەبێت؛ جافەر باقرۆڤ، ئەزیەت و ئازار دەدرێن و بەبێ ڕێزگرتن و بە چاوی سووک و ناحەزییەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات. لە دوای کۆچکردنی ستالین، ساڵی ١٩٥٣، کەمێک گۆڕان بەسەر ژیانیاندا دێت.

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ی عیراق بە ڕێزگرتنێکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە عیراق و سەرۆک عەبدولکەریم قاسم بە چاوی پڕ لە شکۆمەندی و ڕێزگرتنەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بارزانیدا دەکات.

لە دوای مانگی ئەیلوولی ١٩٦١ کە گۆڕان بەسەر باری کوردستانی باشووردا هات، ناڕەزایی و ناخۆشبوونی دەستی پێکردەوە و بارزانی کەوتەوە شاخ و زۆری نەخایاند ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی گرتەوە دەست و بوو بە سەرۆکی شۆڕشی ئەیلوول. ڕۆژی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕێککەوتننامەی ئادار لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عیراق مۆر دەکات و بە بەهادارترین و سەرکەوتووترین دەستکەوت دەژمێردرێت لە مێژووی کۆن و تازەی گەلی کورددا.

لە دوای ڕێککەوتننامەی (الجزائر) لە مارتی ١٩٧٥دا مەلا مستەفا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی شۆڕش دەدات. [کە بە ڕای تایبەتیم بڕیارەکە بە گەورەترین هەڵەکردنی سیاسی و نەتەوەیی و بە لاوازترین هەڵوێست دەژمێردرێت لە مێژووی ئەو تێکۆشەرە مەزنەدا کە ماوەی پەنجا ساڵ زێدەتر لە خەباتی سەختدا بوو. ـ نووسەر جرجیس فتح الله لە نامیلکەی (الی من تبقی الحقائق مکتومه) ناوی لە بڕیارەکە ناوە (طلقه الرحمه) ـ و ئاکامی بڕیارەکە یەکجار بە زیانی قورس لە سەر هەموو کوردستان نەک هەر کوردستانی باشوور کەوت.]

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا بۆ چارەکردنی نەخۆشییەکانی ڕوو دەکاتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە ڕۆژی ١٩٧٩/٣/١دا دونیا بە جێ دەهێڵێت و دەکەوێتە ڕیزی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستانەوە.

تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی، تەلەفزیۆنی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق، ڕایگەیاند کە ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٨ مەلا مستەفای بارزانی و هەڤاڵانی توانیان لە ئاوی ئاراس بپەڕنەوە و بگەنە خاکی یەکێتیی سۆڤیەت.

سەرکردایەتیی کۆماری دیموکراتیی ئازربایجان لە تەوریز بە هەموو شێوەیەک تەقەلای دەدا کۆماری کوردستانی ئێران دەستەمۆ بکات و رایبهێنێت کە لە ژێر فەرماندە و ئامۆژگاریی ئەواندا دەرنەچێت. لە ڕێباز و هەڵسوکەوتیاندا لاسایی ڕەوت و سیاسەتی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەتی و کۆمارەکانی دەوڵەتەکەیان دەکردەوە. لە قەوارەیەکی داخراودا، بەتەواوی، پێڕەوی ڕێبازی ستالینیزمیان دەکرد.

شەهید قازی محەمەد گوێی پێ نەدەدان، بە گەرموگوڕی لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی کۆمارەکەی کوردستان و بەرگری لە پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد دەکرد. ژیان و سەربەستیی بیرورا لە کۆماری کوردستاندا، بە پێچەوانەی کۆماری ئازربایجان، پێڕەو دەکران. لە کوردستان خەڵکەکە ئازاد بوون گوێ لە ڕادیۆکانی وڵاتانی بیانی بگرن، هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەک بخوێننەوە و فشار و ڕاونان و کۆنترۆڵیان لەسەر نەبوو.

شەهید قازیی ئەمر بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە لە سنووری کۆمارەکەدا ئیدارە و دەستەڵاتێک هەبێت خەڵک بترسێنێت، بە هەڕەشە و گەفوگوڕ پارێزگاری لە ڕژێمەکە و گیانی ئەو بکەن. هەمیشە بە خەڵکی دەگوت لەسەرتان پێویستە و ئەرکتانە، بە کردەوەی ڕێکوپێک، هۆشیاری و پلەی بەرز و هەستی سیاسیی ڕەوا، پێشان بدەن کە ئەم کۆمارە لە خواست و ئارەزووی نەتەوەکەتانەوە هەڵقوڵاوە، ئەوسا هێزی مەزنی جەماوەر کۆمارەکەمان لە هەموو ئیدارە و دامودەستگایەکی ژاندار دەپارێزێت.(٤٣)

هەروەک ئاماژەی پێکراوە، پێش ڕاگەیاندنی بنیاتنانی کۆماری کوردسان بە چەند مانگێک حزبی دیموکراتی کوردستان پێکهات. د. عەبدلڕەحمان قاسملوی شەهید نووسیویەتی: "بنیاتنانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە هەنگاوی یەکەم و سەرەتای مێژوویی و گۆڕانی پێشکەوتنی چلۆنی دەژمێردرێت لە خەباتی گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بە هۆی ئەوەی حیزبەکە ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکی بەربڵاوی خاوەن پرۆگرام و سەرکردایەتییەکی ناوداری هەبوو."(٤٤)

کاک کەریمی حیسامی کارێکی پیرۆزی ئەنجام داوە کە دەقی پرۆگرامی حزبەکەی لە بەرگی یەکەمی پێداچوونەوەدا، لاپەڕەکانی ۱۹۷ تا ۲۰۰، لە ژێر ناوی «مەرامنامەی حزبی دیموکراتی کوردستان»دا، بڵاو کردووەتەوە. پرۆگرامەکە یان مەرامنامەکە بریتییە لە سێ بەش [سێ فەسڵ و ژمارەی خاڵەکانی، ۲۲ خاڵن.] خوێندنەوە و دەرسکردنیان ئەرکی گشت خوێندەوار و ڕۆڵەیەکی کوردە، بۆ ئەوەی پەند و دەرسی زانستییانەی لێ وەربگرێت.
لە پشکنین و تاوتوێکردن و دەرسکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکەدا دەردەکەوێت کە هەر لە سەرەتاوە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بایەخی زۆری بە بڵاوکردنەوەی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماک، پاراستنی ئاداب و نەریت و مێژووی کورد، باری ژیانی کۆمەڵایەتی، باری ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی، باری تەندروستی و مافی مرۆڤ، داوە.
پرۆگرامەکە لە بنچینەدا بە مەبەستی ئەنجامدانی ئامانجە سەرەکییەکانی قۆناخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی دارێژرابوو، کە کوردستان کۆلۆنی کراوە و چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی بەسەریدا سەپێنراوە.
لە ڕەوت و ڕەوەندی کاروانە پیرۆزەکەیدا، شوێنی گشت چین و توێژ، کۆڕ و کۆمەڵ، تیرە و ئایینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، تێدا کراوەتەوە و یەدی دەکرێت.
لە چەند خاڵێکی پرۆگرامەکەدا، ئاواتە نزیک و دوورەکانی نەتەوەی کوردی دەستنیشان کراوە، کە داگیرکەرانی خاکی کوردستان و دوژمنانی گەل، بۆ پەلاماردان بۆ سەر کۆمارەکە سوودیان لێ وەرگرت و وەک بەڵگەی دوژمنایەتیکردن بە کاریان هێنا. لە پرۆگرامەکەدا سنووری لەنێوان مافی ئۆتۆنۆمی، فیدرالی یان کۆنفیدرالی، یان مافی چارەی خۆنووسینی تەواو، پەیوەندیی وڵاتانی دراوسێ و جیهان، نەهێشتبووەوە و تێکەڵوپێکەڵ کرابوو.
بە ڕا و بۆچوونم ئەو شاشی و ئاڵۆزییەی لە تەوەری خاڵەکاندا بەدی دەکرێن، بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنەوە:

١- دڵسۆزی و جەرگسووتاویی ئەمر قازی محەمەد بۆ گەلەکەی، کە خوازیار بوو بە پەلە گشت قۆناخ و ئاستەنگێک کە لە پێش داوا سروشتییەکانی گەلی کوردا هەبوون، بیانبڕێت و نەیانهێڵێت.

٢- نەبوونی زانیاری و شارەزایی زۆر و فراوان لەسەر چۆنێتیی ئەنجامدانی بڕینی هەر هەنگاوێک لە ئاواتە سەرەکییەکانی گەلی کوردستان.

بۆ دەربڕینی ڕاستی لەسەر هەندێک لە بۆچوونەکانم وا چەند نموونەیەک دەخەمە پێش تیشکی زانستییانەی توێژەرەوان. پێویستە پێشەکیش جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە کەموکوڕییەکان، تۆزقاڵێک، لە ڕۆڵی مێژوویی قازی محەمەد و کۆمارەکە کەم ناکەنەوە.

لە خاڵی پێنجەمدا هاتووە: "ئامانجی حزب بریتییە لە پەرەپێدانی دیموکراسی و لەسەر ئەساسی ئەمە بۆ بەختەوەری بەشەریەت تێ ئەکۆشێت."

خاڵی شەشەم: "حیزب لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکییەکی نییە و تەنیا دەیەوێت لە ڕێگەی ئاشتییەوە بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و تەندروستی و کشتوکاڵی گەلی کورد کە لە ئەنجامی دەستەڵاتی بەدفەڕی ئیستیعماردا وە پاش کەوتووە، تێ بکۆشێت و بۆ ئەمەش داوای ماقی خودموختاری نەتەوایەتی دەکات."

خاڵی شانزەیەم: "حکوومەتی میللی بە لەبەرچاوگرتنی قازانجی خۆی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر و لە نۆبەی یەکەمدا لەگەڵ دەوڵەتی مەزنی شورەوی پێوەندی فەرهەنگی و ئابووری ڕادەگرێت."

خاڵی هەژدەیەم: "حکوومەتی خودموختاریی کوردستان، دەبێت ئیختیاری ئەمەی هەبێت کە ئیمتیازی کانگاکانی وە عەمەل هێندراو و وە عەمەل نەهێندراوی خۆی لە کوردستان بە هەرکەسێکی بیەوێت بیدات."

خاڵی بیستەم: "حکوومەتی میللی، ئابووریی کوردستان پەرە پێ دەدات و لە تەواوی شارەکان سەنعات دادەمەزرێنێت. دەبێت دەستی بەدفەڕی ئیستیعمار لەسەر سەروەتی تەبیعی ئێمە ببڕدرێت. بۆ خۆمان دەبێت لەو سەروەتە سوود وەربگرین و لە عەینی کات بە قازانجی بەشەریەت بگەیەنین."(٤٥)

بە پێچەوانەی ئەوەی کە ڕاوبۆچوونی جیا جیا لە ناوەڕۆکی هەندێک خاڵی پرۆگرامەکەدا دەکەونە بەر چاوی خوێنەرانی کورد و لێکۆڵەرەوان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کوردستاندا کۆمارێکی دیموکراسی بە ناوی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد و دەوروبەری بنیات بنێت، کتوپڕیش بکەوێتە پێشکەشکردنی کاری پڕ سوود و خزمەتگوزاری بە دانیشتووانی دەڤەرەکە. دەوری سەرەکیش بۆ بلیمەتی و ژیری و هۆشیاریی قازی محەمەدی ئەمر دەگەڕێتەوە.

لە گەرمەی کێشە و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر باری نێودەوڵەتی و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەهاتن، پەیدەرپەی، پەیامنێر و ڕۆژنامەنووس و توێژەرەوان ڕوویان لە شاری مەهاباد دەکرد و دیدەنی و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ قازیی ئەمردا ئەنجام دەدا.

یەکێک لەمانە پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی ترکی (وطن یولد – لە ڕێگای نیشتمان)دا بوو، چەند پرسیارێک ئاراستەی شەهید قازی محەمەد دەکات و ئەویش یەکجار بە هێمنی و دووربینییەوە بەرسڤیان دەداتەوە:

پرسیار: ئایا ئێوە پارتییەکی کۆمۆنیست ساز دەکەن؟ لە ئاواتی دوور و نزیکتاندا هەیە داوای جیابوونەوە لە ئێران بکەن؟

وەرام: بە هیچ شێوەیەک ئێمە پارتییەکی کۆمۆنیست ساز ناکەین، نەتەوەی کورد دەخوازێت سەربەخۆ بێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نێوخۆیدا، خودموختاری لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا بکەوێتە دەست.

پرسیار: ئێوە لە کوردستانی ئێران و لە حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیتان لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان هەیە؟ داوای یەکبوونیان بۆ دەکەن؟

وەرام: ئێمە لە سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا تێدەکۆشین.(٤٦)

قازی محەمەد وەک پسپۆڕێکی شارەزا و خاوەن ئەزموون و تاقیکردنەوەی زۆر، بە قووڵی، باری کوردستان و پەیوەندی نێوان وڵاتان و بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکانی هەڵدەسەنگاند. لە گشت بوار و دەرفەتێکدا جەخت و

بەرگریی فیکری لەوە دەکرد کە گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات داوای خودموختاری دەکات و نایەوێت لە سنووری دەوڵەتی ئێران دەرچێت.
دوای تێپەڕبوونی پەنجاوپێنج ساڵ لەسەر ڕێباز و بۆچوونەکانی شەهید قازی محەمەد و حزبی دیموکراتی کوردستان، تا ڕۆژگاری ئێستاکەش، حزبەکە و گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات بۆ ئەنجامدانی هەمان ئامانج و پرۆگرام قوربانی دەدات و تێدەکۆشێت.

## ٦- پیلانی نێودەوڵەتان و تێکدانی کۆماری کوردستان

هێرش و پەلاماری بەرەی فاشیستەکان شکست و کەلەبەری تێ کەوتبوو و کەوتبوونە پاشەکشەکردن و شکان لە بەرەکانی جەنگدا. سەرکردایەتیی وڵاتە هاوپەیمانەکان، گەیشتبووە سەر بڕوای تەواو کە لەنگەری شەڕەکان بۆ بەرژەوەندیی ئەوان وەردەچەرخێت و لە ئاییندەیەکی نزیکدا دامودەستگا و هێزە چەکدارەکانی فاشیستەکان وردوخاش دەکرێن، سەریان پێ شۆڕ دەکرێت و ئاڵای سپیی چۆکدادان بەرز دەکەنەوە. ئاوانباران و هەڵگیرسێنەرانی جەنگە کارەساتگێڕەکە دەکەونە بەر سزای داوا ڕەواکانی گەلان و دادگایی دەکرێن. وڵاتە هاوپەیمانەکان و بەتایبەت یەکێتی سۆڤیەت، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا بە ئاشکرا و بە نهێنی کەوتبوونە ئەحشەکێشان، کە دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە هەریەکێکیان باشترین دەستکەوت و خێروبێر و قازانجی بکەوێتە ژێر دەست.
ئێران یەکێک لەو وڵاتە گرنگ و بایەخدارانە بوو و سەرنجی هەر سێ وڵاتی زلهێزی ڕاکێشابوو و کێشە و گرفتێکی زۆری نابووەوە. بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرگەرمانە، بە جۆرەها شێوە تەقەلایان دەدا و کۆششیان دەکرد کە هەر بە کۆتاییهاتنی جەنگەکە ئێران ببێت بە پایگایەکی توندوتۆڵی ئەوان و دژ بە مەترسیی یەکێتیی سۆڤیەت و بڵاوبوونەوەی بیروبڕوای کۆمۆنیستی لە ڕۆژئاوای ئاسیا و دەوروبەری زەریای هیندی

کەوتبوونە پشتگیکردنی ڕژێمی حەمەڕەزا شا و هێزە کۆنەپەرست و چەواشەکان. کۆسپ و تەگەرەی زۆر و زەبەندیان لە پێش دەوڵەتی سۆڤیەت و لایەنگران و هێزەکانی چەپ و پێشکەوتووخوازدا دروست دەرکرد. لە قووڵایی ئەو دراما چڕوپڕانەدا، شای ئێران و چینی بۆرژوا و فیودال و کۆنەپەرستانی وڵاتەکە، وەک باشترین ئەکتەری گوێڕایەڵی شانۆگەرییەکە، کەوتبوونە جموجووڵ و داڕشتنی پلان و نانەوەی نەخشەی ترسناک، کە چۆن بتوانن بە زووترین کات لێدانی کوشندە بە هێزەکانی چەپ و دیموکراتیخوازانی ئێران بگەیەنن و لە هەنگاوی یەکەمدا، هەردوو کۆمار؛ کۆماری ئازەربایجانی ئێران و کۆماری کوردستانی ئێران تێکوپێک بدەن و بەتەواوی دەستەڵاتیان بۆ سەر هەردوو هەرێمەکە بگەڕێننەوە.

سەرکردەکانی دەوڵەتی ئێران لە تاران یەکجار زیر و دووربینانە کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی یەکێتیی سۆڤیەتدا و هەردەم بەڵێنیان پێ دەدان و جەختیان دەکرد کە حکوومەتی ئێران ئامادەیە بەرژەوەندیی یەکێتیی سۆڤیەتی دراوسێیان بپارێزێت و لە بواری دیپلۆماسی و ئابوورییەوە پەیوەندییەکانیان بەهێزتر بکەن. سەرچاوەکانی پترۆڵ و کانگای میتاڵی بەترخ کە لە باکووری ئێراندا هەن، بخەنە ژێر دەستەڵاتی لێزانانی ئەوانەوە و قازانج لەنێوانیاندا بەش بکرێت.

ئەم پیلانە گڵاوە سەرکەوت و سۆڤیەتەکان هەڵخەڵەتان و لە خشتە بران و لە ئەنجامی پیادەکردنی بەرژەوەندیی تەسک و لادان لە ڕێبازی ئینتەرناسیۆنالیستی ڕاستەقینە، زەرەر و زیانی یەکجار مەزنیان بە خۆیان و گەلانی تر گەیاند. هەر جەنگەکە کۆتایی پێهات، ڕێککەوتننامەی دووقۆڵیی نێوان ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت مۆرکرا. یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەوە بوو کە یەکسەر و لە ماوەیەکی کورتدا هێزەکانی سوپای سوور لە باکووری ئێران بکشێنەوە و بەو شێوەیە دەروازەی باکووری وڵات لە پێش سوپای ئێران و حکوومەتی تاراندا واڵا بێت تا بە ئارەزووی تەواوی خۆیان بگەڕێنەوە و هەموو باکووری ئێران بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان.

لە مانگی ئایاری ١٩٤٦دا سوپای سووری سۆڤیەت و دامودەستگاکانی بە تەواوی ئێرانیان بە جێ هێشت و دەرەتانی زێڕین بۆ هێزەکانی سوپای ئێران ڕەخسا و بە هاندان و یارمەتیدانی بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هێرشیان بردە سەر کۆماری ئازربایجانی دیموکراتی و کۆماری کوردستان.
هەر زوو و بەبێ بەرگریکردن ئەرتەشی ئێران بە فەرماندەی ژەنراڵ ڕازمارا، لە پاییزی ١٩٤٦دا، شاری تەورێز و هەرێمەکەیان داگیر کردەوە و کۆمارەکەیان تێکوپێک دا و کۆسپ و تەگەرەیەکی ئەوتۆش لە پێش هێزە چەکدارەکانی ئێراندا نەما و ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٨ گەیشتنە شاری مەهاباد و داگیریان کرد و دوای سێ ڕۆژ، لە ١٩٤٦/١٢/٢١دا، سەرۆککۆمار قازی محەمەد و ژمارەیەک لە ڕابەرانی کۆمارەکە دەستگیر کران.[47] دەستەڵاتی تەواوی حکوومەتی ئێران گەڕایەوە سەر هەرێمەکە و هەوری ڕەشی شووم بەری ئاسمانی گرتەوە و هێزی چەپەڵی شۆڤێنیستی پانئێرانیان و کۆنەپەرست و خائینان کەوتنەوە فشار و ئەشکەنجەدان و کاری تیرۆریستی.
ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٣١ دوای دادگاییکردنێکی گاڵتەجاڕی قازی محەمەد و سەدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای لە گۆڕەپانی چوارچرا، لەو شوێنەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی تێدا ڕاگەیەنرا، لە سێدارە دران. ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٧ حەوت کوردپەروەری تر لە شاری مەهاباد و ١٠ تێکۆشەر لە بۆکان ئیعدام کران. [هەندێک سەرچاوە ژمارەی ئەو کوردپەروەرانەی ئیعدام کران بە (٥٠) تێکۆشەر دادەنێت.][48]
هێزەکانی سوپای ئێران وەک پیشە و کردەوەی چەپەڵی داگیرکارانەیان کەوتنە ڕاونان و ئازاردانی خەڵک و دەستیان کرد بە گرتن و کەوتنە داماڵینی هەموو جۆرە چەکێک لە دانیشتووانی شاری مەهاباد. [لە هەندێک سەرچاوەدا ڕاگەیێنراوە، کە ژمارەی ئەو کوردپەروەرانەی ئیعدام کران گەیشتووەتە (١٥٠) تێکۆشەری کورد.][49]
ڕەنج و بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی چەندان ساڵ و هەزاران شەهید کە یەکەم کۆماری نەتەوەیی گەلی کوردستان بوو بە پیلان و هێزی دوژمنان لە گۆڕ نرا. کاری تێکدەری، وێرانکردن و ڕاووڕووت، گەلێک لە سەردەمی پێشووی دەستەڵاتی دەوڵەتی ئێران خراپتر و ناجۆرتر دەستی پێکردەوە. شاڵاوی تیرۆر و کوشتوبڕ، بەڕەڵایی و تاڵانکردن، ڕاونان و بەدواکەوتنی

خاوەنی بیروبڕوای ئازاد و پێشکەوتووخواز، زانا و ڕۆشنبیران یەکجار بە فراوانی هەرێمەکەی گرتبووەوە، پەردەی بێشەرمی وبێئابڕوویی بە جارێک لەسەر ڕووی خائین و جاسووس و نیشتمانفرۆشان لادرا بوو و کەوتبوونە پێشبڕکێکردن بۆ نۆکەری و خزمەتکردنی داگیرکەران.

گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر کەشوهەوای کوردستاندا هات، بارێکی پڕ زام و ئازار خوڵقا، شادی و خۆشی لە دڵ و دەروونادا نەما، شین و شەپۆڕ، قیژە و هاوار، گریان و ڕۆڕۆ، ماڵ تێکچوون و دەربەدەربوون و خۆشاردنەوە هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵاتی گرتبووەوە. دەستەڵات بە تەواوی درابوو بە ژاندارم و جاسووسان و دەستیان لە هەموو تاوانێکدا واڵا کرابوو و پرسینەوەیان لەسەر نەبوو.

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک حزبێکی پێشکەوتووخوازی تازەدامەزراو، ڕێکخراوەکانی ڕەگاژۆ نەبووبوو، کادیر و تێکۆشەرانی کەمئەزموون و نەشارەزا بوون لە فرتوفێڵی دوژمنی داگیرکەر، پەرت و بڵاوی کەوتبوو ڕیزی حزبەکەوە و لە قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری سەختدا بوو. ژمارەیەک لە کادیر و لاوانی دڵسۆز و خوێنگەرم کەوتنە خەباتی نهێنی و خۆشاردنەوە.

بارزانییەکان کە بە هێزی چەکداری سەرەکیی کۆمارەکە ناسرابوون، بوون بە دوو بەشەوە. ژمارەیەکیان و چەند ئەفسەرێک لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی بە خاووخێزانەوە گەڕانەوە کوردستانی باشوور، حکوومەتی عیراق شێخ ئەحمەد و ئەفسەرەکان و ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی زیندانی کرد و ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٨(×) چوار ئەفسەر: مستەفا خۆشناو، عیزەت

---

(×) لە هەمان ڕۆژگاردا دامودەستگاکانی پۆلیسی نهێنیی عیراق، هێرشی سەخت دەبەنە سەر پارتیی کۆمۆنیستی عیراق لە شاری بەغدا و یوسف سەلمان یوسف (فەهد)، سکرتێری گشتیی پارتییەکە و زەکی بەسیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکان دەستگیر دەکەن. فەهد و زەکی بەسیم لە بەندیخانە نەهاتنە دەرەوە و دوای دوو ساڵ لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٤٩دا لەگەڵ حسێن محەمەد شەبیبی ئیعدام کران. بەم کارانە حکوومەتی عیراق کە ئەوکات نووری سەعیدا سەرۆکی وەزیران بوو کەشوهەوایەکی دژوار و ترسناکی لە سەرتاپای عیراقدا هێنایە کایەوە و پشێوی و ئاژاوەی لە وڵاتدا خستەوە.

عەبدولعەزیز، خێروڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی لە بەغداد ئیعدام کران و شێخ ئەحمەد و ژمارەیەکی زۆریش لە چەکهەڵگران بە زیندانیکردنی قورس حوکم دران.
تێکۆشەر مەلا مستەفای بارزانی و پێنجسەد کەسێک لە بارزانییەکان، دوای خۆڕاگری و بەرگریکردنی زۆر، قارەمانانە، خۆیان دەرباز کرد و نەکەوتنە دەستی دوژمنی سەرسەخت و گەیشتە خاکی یەکێتیی سۆڤیەت.

## ٧- بەرەو خەباتی نهێنی و خۆڕێکخستنەوە

لە گەرمەی تەوژمی شەپۆلی هێرش و پەلامارەکانی دامودەستگا سەرکوتکەرەکای ئێراندا بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان، ژمارەیەک لە لاوە خوێنگەرم و ئازا و چاونەترسەکان دەکەونە بزووتنەوە و چالاکینواندن. بە بیرکردنەوەی هەستیاری و دەستپێشخەریی تێکۆشەرێکی لاوی هەژار، بە رەسەن خەڵکی کوردستانی باشوور، کە چەند ساڵ بوو لە ژێر سایە و کەشوهەوای سەرفرازی و کۆماری کوردستاندا بە بەختیاری دەژیا، ناوی قادر گەرمیانی بوو و بە میرزا قادر ناسرابوو، هاوینی ١٩٤٧ لە دەڤەری شنۆ و سندوس، بە نهێنی، (کۆمەڵەی لاوانی لادێ) رێک دەخرێت و دەکەونە تێکۆشان دژی کۆنەپەرست و فیودال و خائینانی نیشتمانفرۆش.
رۆژی ١٩٤٧/٦/١٢ یەکەم راگەیاندن لە لادێیەکان بڵاو دەکەنەوە. لە هەمان کاتیشدا کۆچکردوو مەلا ئەمجەدی عوسمان، کە لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ.ک.)ەوە نیشتمانپەروەرێکی هۆشیار و ئازا و چاونەترس بوو، بووبووە کەوتبووە نێو کۆڕی تێکۆشان و تێکۆشەران، هۆشیار و رۆشنبیر بوو و بە خەتونووسینێکی یەکجار قەشەنگ دەینووسی، لە گوندی «قەڵای رەسولەشێت» کەوتبووە بڵاوکردنەوەی بانگەواز و ئامۆژگاریکردنی هەژار و چەوساوان، کە بەردەوام دەبێت تێکۆشن، خۆڕاگرن، کۆڵ نەدەن تا سەرکەوتن.(٥٠)

چەند لاوێکی دڵسۆز و دڵگەرمیش لەناو شاری مەهاباد یەکتر دەگرنەوە و لەنێو خۆیاندا بە نهێنی (کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان، ک.ک.ک.) پێک دەهێنن، بەبێ ئەوەی یاسای نێوخۆ یان یان پرۆگرامێکی داڕێژراویان هەبێت. مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ بە هۆی «میرزا رەحیمی سوڵتانیان»ەوە ژمارەیەک لە لاوەکانی کۆمەڵەکە دەچنە شاری نەغەدە و دەکەونە دیدەنی و گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵەی لاوانی لادێ و لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە هەردوو کۆمەڵە ببن بە یەک لە ژێر ناوی (ک.ک.ک.)دا.[٥١]

ئەو پەرت و بڵاوییەی بەسەر ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازانی کورددا هات، دوورکەوتنەوە و پچڕانی پەیوەندی خوڵقاند. هەر چەند کەسێک کەوتنە کەنار و شوێنێک و ئاگاداربوون لە یەکتر سەختیی زۆری تێکەوتبوو و بە هاسانی بە دەست نەدەهێنرا. لە ڕیزی ئەوانەدا حەسەن قزڵجی و عەبدولڕەحمان زەبیحی و غەنی بلوریان گەیشتبوونە شاری سلێمانی و لە لای شێخ لەتیفی شێخ مەحموود گیرسابوونەوە و هەر بە یارمەتیی ئەو گۆڤارێکیان بە ناوی (ڕێگا)، ئۆرگانی حزبی ژیانەوەی کورد دەردەهێنا و تێیدا هێرشی توند دەکەنە سەر دڕندایەتیی ئەرتەشی ئێران و ئیعدامکردنی قازی محەمەد بە توندی مەحکوم و ڕیسوا دەکەن. لە سەرووی لاپەڕە یەکی گۆڤارەکەدا دروشمی "بۆ ئازادی و دیموکراسی لە ئێراندا تێدەکۆشین" هەبوو و بە ڕێگای قاچاخچییان چەند دانەیەکیان لێ دەناردەوە دیوی ئێران و بە تایبەت بۆ شاری مەهاباد.[٥٢]

بایەخدان بە بەردەوامبوونی تێکۆشین و تەقەلادان لە سنوورێکدا نەدەوەستا. لە گەلێک لاوە کۆشش دەکرا، پەنا بۆ زۆر لایەن و شوێن دەبردرا داوای فریاکەوتن و پشتگیرییان دەکرد، کە بکەونە هانای گەلی کوردستانەوە و لەم قەیرانە پڕ کارەسات و زامدارییە ڕزگاری بکەن و بکەونە خۆڕێکخستنەوە و هەڵسانەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەش ڕەحیمی سوڵتانیان و هەڤاڵێکی تری ڕوو دەکەنە تاران و خۆ دەگەیەننە باڵیۆزخانەی حکوومەتی یەکێتیی سۆڤیەت و چاویان بە کارمەندێک دەکەوێت و خۆیانی پێ دەناسێنن و بە ناوی

کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان (ک.ک.ک.)ەوە داوای یارمەتیدان و پشتگیرییان لێ دەکەن. کارمەندی باڵیۆزخانەکە پێیان دەڵێت: "نابێت لە وڵاتێکدا دوو پارتیی کۆمۆنیست هەبێت، پێویستە ئێوە پەیوەندی بە حزبی تودەوە بکەن و هێز و تواناتان، ڕیز و ڕێکخراوەکانی خۆتان، لەگەڵ ئەوان ڕێکوپێک بکەن." بە دڵساردییەوە باڵیۆزخانەکە بە جێ دەهێڵن و بە ناچاری دەکەونە گەڕان بە دوای ڕێگایەکدا تا بگەن بە سەرکردایەتیی حزبی تودە.
تێکۆشەرێکی ناسراوی کورد؛ سادق وەزیری، ئارەزوو و خواستەکەیان بە ئەنجام دەگەیەنێت و چاویان بە سەرکردایەتیی حزبی تودە دەکەوێت، کە ئەوسا دوو وەزیری لە کابینەی وەزیرانی حکوومەتی ئێراندا هەبوو و حزبێکی بەتوانا و جەماوەری بوو و لە شوێنی پارتیی کۆمۆنیستی ئێران بە ناوی حزبی تودە تێدەکۆشا. سەرکردایەتیی تودە بە ڕاکشاوی ئاگاداری دوو تێکۆشەرە کوردەکە دەکەن کە خەباتی چینایەتی پێگەی بنەڕەتییە و پێش خەباتی نەتەوەیی دێت و نموونەی زۆریان لە ڕێبازی ستالینیزمی بۆ باس دەکەن، کە پرۆسەی نەتەوایەتی لە یەکێتیی سۆڤیەت بە تەواوی و ڕێکوپێک چارە کراوە و ستراتیژیەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە جیهاندا لەسەر هەمان ڕووانگە داڕێژراوە و لە یەک سەرچاوە هەڵهێنجراوە و پێیان دەڵێن کە لە بەرژەوەندیی چینی کرێکاری ئێراندایە تێکۆشەرانی کوردستان هەر بە ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بمێننەوە، ڕەوتی خەبات و تەقەلاکانی خۆیان بە ئامۆژگاری و ڕابەرایەتیکردنی حزبی تودە بەڕێوە بەرن. بەم جۆرە لە دوای ئەو دیدەنییە ماوەی چەند ساڵێک خەبات و کێشەی گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرا بە خاڵێک لە تەقەلاکانی حزبی تودە و بە تەواوی بە دروشمی دیموکراتییەت بۆ ئێرانەوە گرێدرا و لە مەیدانی واقیعی تێکۆشینی دوورودرێژیشدا دەرکەوت کە ڕێبازی حزبی تودە لە ئینتەرناسیۆنالیستی ڕاستەقینە دوور بووە[٥٢] تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش هەڵوێستی سەرتاپای ئێرانییەکان بەرانبەر بە ئاییندەی گەلی کوردستان لە هەمان کەوانەی کۆندا دەخولێتەوە.

هەر لە دوای کۆبوونەوەکە، سەرکردایەتیی حزبی تودە لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستاندا وەک لقێک لە ڕێکخراوەکانی تودە، هەڵسوکەوتی دەکرد و یەکەم کۆمیتەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد کە چووە ژێر ئەو پاپەندەوە لە ڕەحیمی سوڵتانیان، ڕەحیمی خەرازی، غەنی بلوریان و عەزیزی حوسامی پێکهاتبوو و زۆر تەخایەنێت عەزیزی حوسامی کۆمیتەکە بە جێ دەهێڵێت و عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) و کەریمی وەیسی دەچنە کۆمیتەکەوە و لە ڕێگای سادقی وەزیری، کە کادیرێکی پێشکەوتووی حزبی تودە بوو، چاوەدێر و سەرپەرشتی دەکرێن.[٥٤]

لێرەدا بە سوودی دەبینم ئاماژە بەوە بکرێت کە هەر لە دوای ساڵی ١٩٤١ەوە کۆمۆنیستەکانی ئێران بە ناوی حزبی تودەوە خۆیان ڕێکخستەوە و لق و ڕێکخراوەکانی لە هەرێمی کرمانشا و عیلام و هەندێک ناوچەی تری کوردنشینیدا، وەک بەشێک لە حزبەکە، سەرتاپای جموجووڵ و چالاکی و ئەرکەکانیان ئەنجام دەدا و نە لە بڵاوکراوەکانی و نە لە ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەکردنی ئەندامەکانیدا باسی دۆزی کورد، کە لە بارێکی دژواردایە و لە هەموو ڕوویەکەوە باری تایبەتمەندی خۆی هەیە، بایەخی پێ نەدەدرا.

سەرەتای ١٩٤٨ کە لە زانکۆی تاران تەقە لە حەمەڕەزاشا کرا، هێرش و پەلاماردانی سەخت بۆ سەر حزبی تودە و دیموکراتیخوازان دەستی پێکردەوە و زیانی زۆریان پێگەیشت و کێشەی سیاسی و کۆمەلایەتی گرژی و توندوتیژی گرتە بەر. چینی بۆرژوازیی نیشتمانی و هەندێک توێژ و کۆڕ و کۆمەڵ ڕۆڵی دیاریکراویان لە قووڵایی کێشەکاندا دەبینی.

سەرئەنجام شا و دامودەستگاکەی ناچار کران ساڵی ١٩٥١ دکتۆر محەمەد موسەدەق بکەن بە سەرۆکی وەزیران و حزبی تودە و هێز و گرووپە پێشکەوتووخوازەکان بووژانەوە و بە گەرموگوڕی کەوتنەوە چالاکینواندن. هەر ئەوساش سەرکردایەتیی حزبی تودە کادیرێکی کرێکاریی خۆی دەنێرێت بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی کاروبارەکانی ڕێکخراوەکە (کە هەر لە ڕواڵەتدا ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو) بکات و بەڕێوەی

بەرێت. بەو شێوەیە پەیوەندی ڕێکخراوەکە بە سەرکردایەتیی حزبی تودەوە توندوتۆڵ دەگرێت و لە ناوچەکەدا گەشە دەکات و شانە و پەلوپۆی زۆر پێک دەهێنێت و خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆ دەبێتەوە و دەکەوێتە چالاکینواندن و بەرگریکردن لە داوا ڕەواکانی جەماوەر و بە توندی دژایەتیی فیوداڵەکان و چەوسێنەران دەکات.(٥٥)

حزبی تودەی ئێران، وەک سەرجەم ئەو پارتییە کۆمۆنیستانەی کە گوێڕایەڵ و وابەستەی ئایدیۆلۆژیای ستالینیزمی بوون و پێوەی شەتەک درابوون، پرۆگرام و ڕێبازێکی ڕاست و پرنسیپیانەی بۆ چارەکردنی پرۆسەی گشت ئەو نەتەوانەی لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا دەژین، دانەڕشتبوو و هەڵسوکەوت و تێکۆشانەکانی لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەی گەورە و خاوەندەستەڵات دەرنەدەچوون.

هەندێک نموونە لە ڕەفتار و کردەوەکانی حزبی تودە هەن ئەگەر بخرێنە بەر تیشکی تۆژینەوە و شەنوکەو، یەکجار بە زەقی لادان و دوورکەوتنەوەی پارتییەکەیان لە ڕێبازی ئینتەرناسیونالیستی ڕاستەقینە تێدا بەدی دەکرێت، ماوەی چەندان ساڵ تودە ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک یان بڵاوکراوەیەکی بە زمانی کوردی بڵاو نەکردبووەوە، تەقەلای ئەوەشی ئەدەدا کە ئەندامەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بڵاوکراوەکانی بە زمانی فارسی ڕۆشنبیر بکات.

نموونەیەکی تر، ساڵی ١٩٤٩ کە شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملو و ئەحمەدی برای لە پاریس دەخوێنن و ئەندام دەبن لە ڕیزی حزبی تودەدا، ئیرج ئەسکەندەری کە یەکێک لە کادیرە هەرە سەرەکییەکانی تودە دەبێت، دەچێتە پاریس و ئاگاداری دەکەن کە ئەم دوو برایە تودەیین و چوونەتە ڕیزی (کۆمەڵەی خوێندکارەکانی کورد)ەوە، ئاگاداریان دەکات کە ئەوان ئێرانین و ڕەواتر ئەوەیە کە بچنە ڕیزی کۆمەڵەی خوێندکارانی ئێرانەوە کە سەر بە حزبی تودەیە، هەر لەبەر ئەوەش هەردوو برا، سەرگەرمانە، بەیانێک دژی (کۆمەڵەی خوێندکارەکانی کورد) بڵاو دەکەنەوە و لە ئاکامدا کۆمەڵەکە تێک دەچێت و تا ساڵی ١٩٥٦ ڕێک ناخرێتەوە.(٥٦)

شەهید دکتۆر قاسملو خۆشی نووسیویەتی: "ئەو تەشکیلاتەی لە ئازربایجانی ڕۆژئاوا ـ هەرێمی کوردستان زیندوو کرایەوە، لە ڕاستیدا بە یارمەتیی حزبی تودە بوو. حزبی تودە هەرچەندە یارمەتی دابوو حزبی دیموکراتی کوردستان زیندوو بێتەوە، بەڵام بە کردەوە هەر ناوەکە حزبی دیموکرات بوو، تەواوی خەتی سیاسی، ڕێبازەکەی هەتا دەستووری ڕێکخراوەکانی، گشتیان، لە تارانەوە لە سەرکردایەتیی حزبی تودەوە دەهاتن."(٥٧)

لە سەردەمی حکوومەتی دکتۆر محەمەد موسەدەقدا، شەهید قاسملو دەگەڕێتەوە ئێران و سەرکردایەتیی حزبی تودە دەینێرێتەوە مەهاباد بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان کە بە ناوی حزبی دیموکراتی کوردستان ئاشکرا بوو. شەهید عەزیزی یوسفی و غەنی بلوریان کە لە زیندانیکردنی یەکەمیان ئازاد دەکرێن، یەکسەر، دەکەونە نێو کۆمیتەی ڕێکخراوەکانی شاری مەهابادەوە.

ساڵی ١٩٥٢ حکوومەتی دکتۆر محەمەد موسەدەق کە یاسای چارەکردنی کشتوکاڵی دەرهێنا، سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی جووتیار و هەژارانی لادێیەکان دژی فیودال و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری، بە تەوژم، پەیدا بوو. لە شاری مەهاباد کۆمیتەی وەرزێرانی کوردستان ساز کرا و ڕۆڵێکی پێشڕەو و شۆڕشگێڕانەی لە ڕاپەڕینەکاندا گێڕا.

بە پروپاگاندەی کۆنەپەرست و ناحەزانی گەل و عەقڵیەتی چینی بۆرژوازیی ئێران، کە حکوومەتی دکتۆر موسەدەق نوێنەری ڕاستەقینەیان بوو، دووچاری ئاڵاوامی و مەترسی هات و کەوتنە بەربەرەکانێکردنی سەرهەڵدانەکە و بە هێزی سوپا و پۆلیس و هاوکاریکردنی دەرەبەگ و خاوەنزەوییە گەورەکان، کەوتنە ڕاونان و کوشتوبڕی ڕاپەڕیوەکان و ژمارەیەکی زۆر لە هەژارانی لادێ سەریان تێدا چوو.(×)

---

(×) بۆ هەموو ڕۆڵەیەکی کورد یەکجار بەسوودە کە سێ فەسڵ لە کتێبەکەی د. قاسملو (الکرد وکردستان)، لاپەڕەکانی ١٠٤ تا ١٧٠ بە وردەی بخوێنێتەوە، چونکە بە باشی بۆی دەردەکەوێت کە جووتیار و هەژارانی لادێیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە چ شێوەیەک ژیانیان بە سەر بردووە، کە چۆن فیودال و نۆکەرانی ڕژێمی پاشایەتیی پێشوو بە لێدان و فشار ئەشکەنجەدان و سووکایەتیپێکردن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردوون و تەنانەت زۆر بێشەرمانە دەستیان بۆ نامووسیان درێژ کردووە.

ڕۆژی ۱۹۵۲/٦/۱۵ ژمارەیەک لە لاوە چەپ و دیموکراتیخوازەکان لە قەراغ شاری مەهاباد، باخی میکائیل، بە نهێنی کۆ دەبنەوە، دەکەونە لێدوان و باسکردن لەسەر فێستیڤاڵی لاوانی دیموکراتی دونیا و پۆلیس ئابڵووقەیان دەدا و تەقەیان لێ دەکەن. لاوێکی کورد بە ناوی حەسەنی ڕەمەزانی شەهید دەکەن، لە دواییدا توانرا بە نهێنی تەنیا کاک کەریمی حیسامی ڕەوانەی ئەورووپا بکرێت، بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی لاوان لە شاری بوخارێست، پایتەختی ڕۆمانیا.(٥٨)

حکوومەتەکەی د. موسەدەق، وەک هەر هێزێکی بۆرژوازیی نیشتمانی، گەلێک هەنگاوی پێشکەوتووخوازانەی نا و خوازیار بوو کە ڕووخساری ئێران لە سیستمێکی دواکەوتووی فیودالییەوە بۆ وڵاتێکی مۆدێرن بگۆڕێت و گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر باری ئابووری، پیشەسازی، کشتوکاڵی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتیی وڵاتەکەدا بهێنێت. هەرچەندە لە هەموو ئەرک و کارەکانیدا ئائارامی و دوودڵییان بەرانبەر بە بزووتنەوە و گەشەکردنی هێز و ڕۆڵی چینی کرێکار و هەژارانی ئێران و پەرەسەندنی بیروبڕوای نەتەوایەتی ئەو گەلانەی لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا دەژیان هەبوو، بەلام لە هەر هەنگاوێکدا کە حکوومەتەکە بۆ پێشەوە دەنا، کۆسپ و ئاستەنگی بەرانبەر بە هێزەکانی چەپ و چینی کرێکار دروست دەکرد.

یەکێک لە شاکارەکانی دکتۆر موسەدەق خۆماڵیکردنی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی نەوت بوو لە سەرانسەری ئێراندا و ئەو بڕیارەی لەم بارەیەوە وەرگیرا ئەو سەردەمە وەک بۆمبێک دەنگی دایەوە و بە کارێکی پیرۆزی شۆڕشگێری لە جیهاندا بە جۆش و گوڕ پێشوازی لێ کرا و ترس و هەژانێکی قووڵیشی ڕووبەڕووی بەرژەوەندیی کۆمپانیا زلەکان و دەوڵە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکان کردەوە. سەریان لێشێوا و کەوتنە نانەوەی پیلان و فرتوفێڵ کە چۆن و بە چ ڕێگایەک بتوانن حکوومەتی د. موسەدەق تێکوپێک بدەن و پرۆژە و بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت هەرەس پێ بهێنن. ئەوە بوو لە ڕۆژی ۱۹۵۳/۸/۱۹دا بە پیلان و نەخشە و یارمەتیدانی وڵاتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، [شا، ژەنراڵ زاهیدی و سوارەتشکۆف(×)] بە کودەتایەکی سەربازیی خوێناوی هەڵسان و حکوومەتەکەی د. موسەدەقیان لەسەر کار لابرد و جارێکی تر گەلانی ئێران کەوتنەوە بەر شالاوی هێرش و پەلاماردانی کۆنەپەرست و خائینان. هەزاران ئازادیخواز، دیموکراتییەرستان و دڵسۆزانی نەتەوەکانیان دەستگیر کران و فرێدرانە زیندانەکانەوە. کوشتوبڕ و لەناوبردن دڕندانەتر لە جاران دەستی پێکردەوە. ئاگری هێرش و رق و دژایەتیکردن بەرانبەر بە حزبی تودە و چەپەکان زیدەتر لە جاران کڵپەی سەند و سەرتاپای ئێرانی گرتەوە.
لە کوردستانیش دەرەبەگ و کاسەلێس و خائینان زۆر دڕندانە و بێبەزەییانە کەوتبوونە پەلامار و هەڵمەتیان بۆ سەر پێشکەوتووخواز و دڵسۆزانی نەتەوەی کورد دەبر و زام و ئازاری زۆریان پێ دەگەیاندن.
لە تارانیش تێکۆشەری کوردی ناسراو، سادقی وەزیری، کەوتبووە چنگی کودەتاچییەکان و زیندانی کرا. شەهید قاسملو و شەهید سەدیقی هەنجیرە تاران بە جێ دەهێڵن و ڕادەکەن و خۆ دەگەیەننە ئازربایجانی ڕۆژئاوا. شەهید سلێمانی مەعینی دەگاتە تەورێز و لەگەڵ د. قاسملو کۆ دەبێتەوە و ئاگاداری مەعینی دەکات کە بڕیارێک لە سەرکردایەتیی حزبی تودەوە هەیە کە خۆ بە شەڕی پارتیزانی ئامادە بکرێت.(××)

(×) سوارەتشکۆف: ژەنراڵێکی گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشوودا حکوومەتی ئەمریکا بە ناوی سەرپەرشتی و مەشقپێکردن و بەرەوپێشبردنی هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە، ناردبوویە ئەو وڵاتە. ڕۆڵی سەرەکی لە کودەتاکە و تێکدانی حکوومەت و دامودەستگاکەی د. موسەدەقدا گێڕا.
سوارەتشکۆف، باوکی هەمان سوارەتشکۆفە کە ساڵی ١٩٩١ سەرکردایەتیی هێزەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی تری کرد لە شەڕی کوەیتدا و هێزە چەکدارەکانی عیراقیان تێکوپێک دا و کوەیتیان ڕزگار کردەوە.
(××) پرسیارم لە کاک حەمەدەمین سراجی و چەند برادەرێکی تر کرد کە چی دەزانن دەربارەی گوتەکەی د. قاسملو و شەڕی پارتیزانی دژی کودەتاکەی شا ـ زاهیدی، ئاگاداریان کردم کە هیچ دۆکیومێنتێک نییە ئاماژە بەوە بکات.

ئەوسا، لە هەمان ڕۆژگاردا، کاک کەریمی حیسامی لە فێستیڤاڵی لاوانەوە بۆ ئاران دەگەڕێتەوە و لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت و ماوەیەک لە زیندان دەیهێڵنەوە.

سەرەتای ١٩٥٤ کۆمیتەی ڕێکخراوی حزبی تودە لە مەهاباد کە لە ژێر ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کاری دەکرد، لە قاسمی سولتانیان، کەریمی حسامی، جەلیل گادانی، یونس بلوریان و عەبدوڵڵا حەکیمزادە پێک دەهێنرێت.

بە بۆنەی یادکردنەوەی ڕۆژی بنیاتنانی کۆماری کوردستان، کۆمیتەکە بڕیار وەردەگرێت کە بە نهێنی چالاکیی هەماهەنگی زۆر بتوێن و ئاڵای کوردستان لە شوێنە بەرز و دیاریکراوەکان هەڵواسن. دروشمی شۆڕشگێڕی کورد و کوردستان و یادی شەهیدان لە سەر دیوارەکان بنووسن.(٥٩) لە کات و ساتی دیاریکراودا بڕیارەکە بە چالاکی و بوێرانە جێبەجێ کرا و پۆلیس و دامودەستگاکانی حکوومەتی ئێران ترس و لەرزیان تێ کەوتبوو و سەرشێتانە کەوتبوونە کۆنترۆڵ و گەڕان بە دوای تێکۆشەراندا.

بەهاری ١٩٥٤ شەهید د. قاسملو و شەهید عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان و قادری یوسفی لە تەورێز دەگەنەوە یەکتر و کۆ دەبنەوە، بە یارمەتیی حزبی تودە لە چاپخانەیەکی نهێنیی گرووپی دیموکراتی ئازربایجان دەست بە دەرهێنانی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەن و وەک ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەیناسێنن.

لێرەدا پێویست بەوە دەکات ئاماژە بەوە بکرێت کە هەر دوابەدوای تێکدان و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، چەند ڕۆشنبیر و کوریەرەیەروەرێک، ساڵی ١٩٤٧، کە لە (باکۆ) دەژیان کەوتبوونە دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک بە ناوی «کوردستان»ەوە و حەفتەی جارێک بڵاویان دەکردەوە. نووسەرەکانی بریتی بوون لە د. ڕەحیمی قازی، د. عەلی گەلاوێژ، ئەلف نادری، کەریمی ئەیوبی، مستەفا شەلماسی و لەسەر داوای سەرکردایەتیی حزبی تودە، ساڵی ١٩٦١، ڕۆژنامەکە وەستێنرا.(٦٠)

لە کەشوهەوای ناجۆری هەمان ساڵی ١٩٥٤دا و لە ئاکامی هێرشەکانی سیخوڕ و پۆلیسی ئێراندا، ئەو چاپخانەیەی کە بە نهێنی لە تەورێز بە کار دەهێنرا، دەکەوێتە دەست پۆلیس و لە شوێنێکی تریش غەنی بلوریان و کەریمی وەیسی دەکەونە زیندان و شەهیدان د. قاسلمو و عەزیزی یوسفی و عەبدوڵای ئیسحاقی وەک کۆمیتەی ڕێکخراوی مەهاباد دەمێننەوە.[٢١]
پەرتوبڵاوی و پەراگەندەیی لە ریزی ئەندام و لایەنگرانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا تەشەنا دەکات و شک و گومان و بیروبڕوای زۆر دژی سەرکردایەتیی حزبی توودە و ئەوانەی لە ناوەوەی ئێراندا مابوونەوە پەیدا بووبوو. دەنگ بڵاوبووبووەوە کە ڕایەڵی جاسووسی و پۆلیسی نهێنیی حکوومەتی ئێران ماکی گەیشتبووە نێو ڕێکخراوەکانی حزبی توودە.
کۆمیتەی شاری مەهاباد کۆنفرانسێکی بە ناوی کۆنفراسی یەکەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ساز کرد. ژمارەیەک کادیر وەک د. قاسملو، عەزیزی یوسفی، عەبدوڵای ئیسحاقی، هاشمی ئەقل ئەلتولاب، کە لە دواییدا بە قادر شەریف ناسرا، عەبدوڵا عیزەت پور، ئەسعەد خودایار و چەندانی تر کۆ دەبنەوە. کاک کەریمی حیسامی لە لاپەڕەی ١١٢ی کتێبی پێداچوونەوەدا، بەرگی دووەم، دەڵێت: "ژمارەی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە هەفت، هەشت تێکۆشەر بوون." عەبدوڵا حەسەنزادە؛ سکرتێری هەنکەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەربارەی کۆنفرانسی یەکەم نووسیویەتی: "ساڵی ١٩٥٥ لە ناوچەی سەری مەیدان، نزیک شاری مەهاباد، کۆنفرانسی یەکەمی حزبەکە پێکهات، ٢٠ تا ٢٥ کەس تێیدا ئامادە بوون. چەند بڕیاری گرنگ وەرگیرا، کە ئاسەواری کردە سەر تەواوی ئایەندەی حزبی دیموکرات. گرنگترین بڕیار ئەوە بوو کە لە هەموو ڕوویەکەوە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردایەتیی ناوەوەی حزبی توودە پچڕاند، چونکە گومانی زۆریان لێ دەکرێت. بڕیارێکی تریان ئەوە دەبێت کە شەهید قاسلمو و عەبدوڵای ئیسحاقی بچن بۆ ئەورووپا و چاویان بە سەرکردایەتیی حزبی توودە بکەوێت، کە ئەوسا د. ڕادمنیش و ئیریجی

ئەسکەندەری دەبن. هەردوو شەهید لە ئەورووپا بە دووروودرێژی ڕاوبۆچوونی خۆیان و کۆنفرانسەکە و باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران و ئەو پچڕان و تێکچوونەی کە تووشی شیرازەی ڕێکخراوەکانی حزبی توودە بووبوو، هەموویان خستبووە ڕوو. ئاگاداری هەردوو سەرکردەی توودەیان کردبوو کە لەمەودوا حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک پارتییەکی سەربەخۆی پێشکەوتووخوازی کورد، درێژە بە خەبات و تەقەلاکانی دەدات. هەر کە د. قاسلمو و عەبدوڵا ئیسحاقی بۆ دەرەوەی ئێران دەڕۆن، شەهید عەزیز یوسفی و عەلی مەولەوی و ڕەحمەتی شەریعی لە کۆمیتەی مەهاباد دەمێننەوە و ئیشوکارەکانی حزب بەڕێوە دەبەن.[٦٢]

باری نێوان وڵاتان، ڕۆژ دوای ڕۆژ، توندوتیژی و ئاڵۆزی بە خۆوە دەگرت. شەڕی سارد جیهانی شێواندبوو و وڵاتە زلهێزەکان، بە نهێنی و ئاشکرا، کەوتبوونە گەڕوسووڕ و خۆپڕچەککردن. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەموو وڵاتان زێدەتر بایەخی پێ دەدرا، بە جۆرەها شێواز کۆشش دەکرا کە بە تەواوی ڕایانبکێشن بۆ گێژەنی ئەو نەخشە و پیلانانەی، سەرگەرمانە، کاریان بۆ دەکردن، کە سەرجەمیان بۆ بەرژەوەندیی وڵاتە ئیمپریالیست و فەرمانڕەوا کۆنەپەرستەکان دەگەڕانەوە.

ڕۆژی ١٩٥٥/٢/٢٤ پەیمانێکی سەربازی و دیپلۆماتیکی لەنێوان پاکستان، ئێران، عیراق، تورکیا و بریتانیادا بە ناوی پەیمانی بەغداوە مۆرکا. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری و پشتگیریی خۆی ڕاگەیاند و ستراتیژیی سەرەکیی پەیمانەکە بریتی بوو لە:

١- دروستکردنی کۆسپ و ئاستەنگ لە پێش جموجووڵی یەکێتیی سۆڤیەت و بزووتنەوەی هێزەکانی کۆمۆنیستی و چەپخوازان.

٢- پاراستنی دامودەستگای ڕژێمی ئەو وڵاتانەی ئەندامن لە پەیمانەکەدا بە هاوکاری و هاریکاریکردنی گشتیان، باری یەکتر بپارێزن.

٣- ماوە نەدەن بە هیچ جۆرێک سەرهەڵدان و ڕاپەڕین لە سنوورەکانی نێوانیاندا ڕوو بدات. بە هێزی هاوبەش لە ناوی بەرن. لەم خاڵەیاندا مەبەستیان گەلی کوردستان بوو.

٤- دەستی یارمەتی و پشتگیری بۆ حکوومەت و هێزە کۆنەپەرستەکان، بەتایبەت هی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، درێژ بکەن، نەهێڵن گۆڕان و شۆڕشی جەماوەری لەنێوانیاندا ڕوو بدات.

حکوومەتی ئێران، بەبێ یەک و دوو، بارە تازەکەی بە دەرەتانی زێڕین قۆستبووەوە و گوشار و هێرش و پەلاماردانەکانی بۆ سەر کوردنشینەکانی سنوور توندوتیژتر و بەربڵاوتر کرد.

لە گەرمەی ئاپۆر و کێشە و گۆڕانکارییەکاندا، دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان د. قاسملو و عەبدوڵا ئیسحاقی لە ئەورووپا دەستی پێکردبوو. عەبدوڵا ئیسحاقی بە دڵشکاوی و زویری ئەورووپا بە جێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە ئێران. یەکجار بە کوڵەمەرگی و دەردەسەری ماوەی چەند ساڵێک لەمدیو و ئەودیوی سنوور دەژیت. د. قاسملوش لە ئەورووپا دەمێنێتەوە. ئەم سەرەتایە ئاکامی خراپی دەبێت لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و زیانی زۆریشی گەیاند.

## ٨- کوردستانی ڕۆژهەڵات و شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ی عیراق

چەرخی مێژوو ناوەستێت، بڵێسەی ڕووناکی ڕێگای خۆی هەر دەکاتەوە، خواستی گەلان و مەرامی تێکۆشەرانی کۆڵنەدەر هەر سەر دەکەوێت و بە ئاواتیش دەگات.

ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ شۆڕشێکی مێژوویی گرنگ لە عیراقدا ڕوویدا و دەنگ و ڕەنگێکی کەموێنەی دایەوە. پتەوترین ئەڵقە لە زنجیرە و پێگەی وڵاتە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکان وردوخاش کرا. ڕژێمی پاشایەتی نەما و کرا بە کۆماری. هەنگاونان و بڕیارەکانی سەرکردایەتیی حکوومەتی شۆڕش، هیوا و ئاواتی جەماوەری ستەمدیدە و زەحمەتکێشی بووژاندەوە و وردەی پێشکەوتووخواز و تێکۆشەران یەکجار بەرز بووەوە و هەنگاوی نایە

قۆناخێکی ترەوە. گیانی کوردایەتی و کوردپەروەری کەوتە گەشەکردن و ترس و نائارامیش کەوتە دڵ و دەروونی ئەو حکوومەتە کۆنەپەرستانەی پیشە و کاریان کڕنووشبردن بوو بۆ وڵاتە بێگانە و زلهێزەکان.
دڵسۆزانی ئەتەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەست و هەناسەی نوێیان کەوتەوە گیان. ئەو چەند تێکۆشەرەی کە ئەوسا وەک کۆمیتەی سەرکردایەتیی حزبی دیموکرات لە مەهاباد کاریان دەکرد، بە نامە داوا لە عەبدوڵا ئیسحاقی دەکەن کە بگەڕێتەوە دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەرپرسیاریی ڕێکخراوەکانی حزبی دیموکرات، هی شاری سنە، بگرێتە ئەستۆ. ئیسحاقی نەک گوێی بەو داوایە نادا بەڵکوو لە هەمان ڕۆژگاردا بەیاننامەیەک بە ناوی سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە گۆڤاری (هیوا)دا کە لە بەغداد دەردەچوو بڵاو دەکاتەوە و وا پیشان دەدات کە سەنتەری کارەکانی سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی ئەودایە.
هەست و ئەستی کوردایەتی لە دیوی ئێران و عیراق پلەی بەرز بووەوە و کەوتە گەشەکردن. ڕەوتی تێکۆشان بۆ پێشەوە دەڕۆیشت و دوژمنانی داگیرکەری کوردستانیش دەستەپاچە نەوەستان و لە دژی ڕووداوەکان کەوتنە جموجووڵ و خۆتەیارکردن و پاراستنی بەرژەوەند و دەستەڵاتەکانی خۆیان. لە سەرەتای تواندنی گەرمەی چالاکییەکانی کوردایەتیدا شەهید عەزیزی یوسفی دەکەوێتە دەستی سازمانی جاسووسیی حکوومەتی ئێران و ئەم ڕووداوە ئاکامێکی خراپی بە بزووتنەوەکە گەیاند و کۆمیتەی ڕێکخراوەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دووچاری لاوازی و سستی دەبێت و بۆ ماوەیەک ئیفلیج دەبێت.(٦٣)
لە هەمان کات و ساتدا کۆنگرەیەکی باڵای ئاشتیخوازانی جیهان لە بەغدا بەسترا. عەبدوڵا ئیسحاقی خۆی لە شاندی حزبی تودە نزیک دەکاتەوە و وەک یەکێک لە ئاشتیخوازانی ئێران بەشداری لە کۆنگرەکەدا دەکات.
دەنگ و دەنگدانەوەی شەپۆلەکانی هەنگاوە شۆڕشگێڕییەکانی شۆڕشی چواردەی تەممووز لە هەموو لایەکی دونیادا بە فراوانی بڵاو بووبووەوە و

ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەری دەگردە سەر هێزەکانی چەپ و دیموکراتیخوازان و نەتەوەپەرستەکان.
گۆڕانێکی چلۆنی بەسەر باری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هات و پەیمانی بەغداد لە گۆڕ نرا و سوپاکانی بریتانیا لە خاکی عیراق وەدەرنران. گیراوە سیاسییەکان و دوورخراوەکان ئازاد کران. لە دەستووری کاتیی وڵاتدا، بەبێ پێچوپەنا، بەزەقی هاتبوو کە عیراق وڵاتی عەرەب و کوردە. سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی و گشت هەڤاڵەکانی وەرگرت، دەروازە لە پێش هێزەکانی چەپ و دیموکراتیخوازاندا خرایە سەر پشت و ماوە درا کە چەندان گۆڤار و ڕۆژنامەی پێشکەوتووخواز بە کوردی و عەرەبی لە عیراق دەربهێنرێن.
لەو کاتەی کە مەلا مستەفای بارزانی لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بە پراگ، پایتەختی چیکوسلۆڤاکیای ئەوسادا تێدەپەڕێت، د. قاسملو سەردانی دەکات و ڕاپۆرتێکی دووروودرێژی دەربارەی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێشکەش دەکات.
لە دوای ماوەیەکی کورت ساڵی ١٩٥٩ شەهید قاسملو لە بەغدا دەبێتە مووچەخۆری حکوومەتی عیراق و عەبدوڵا ئیسحاقی و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی تر وەکوو کاک کەریمی حیسامی، هاشمی ئەقل ئەلتولاب (قادر شەریف)، سمایلی قاسلمو و قادری سوڵتانی و چەندێکی تر لە بەغدا لە خانوویەکدا دەژین و د. قاسملو بەینابەین سەردانیان دەکات.(٦٤)
ڕۆژی ١٩٥٩/١٠/٦ د. قاسملو، عەبدوڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، کەریمی حیسامی و سێ کادیری تر دەچنە سەردانی کۆچکردوو مەلا مستەفای بارزانی. بارزانی دەکەوێتە پەیڤین و هێرشی توند دەباتە سەر چەپەکانی کورد و د. قاسملو و بە ڕاکشاوی پشتی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵا ئیسحاقی) دەگرێت و دەڵێت: "تەنیا ئەحمەد تۆفیق بە سەرکردە و ڕابەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەناسم." لە کاتێکدا کە کۆچکردوو ئیبراهیم ئەحمەد هەڵوێست و ڕاوبۆچوونەکانی بەرانبەر بە ئەحمەد تۆفیق نێگەتیڤ دەبێ.(٦٥)

سەردانی شاندەکە بۆ لای مەلا مستەفای بارزانی بوو بە سەرەتای دووڕییانێکی نادیاری تەماوی لە ڕیزی کادیرە سەرەکییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا و چەند ساڵ درێژەی کێشا و زیانی زۆری بە ڕەوتی حزبەکە و جەماوەری کوردستانی ڕۆژهەڵات گەیاند.
لە دانیشتنێکدا د. قاسملو ڕەخنە لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی ئەحمەد تۆفیق دەگرێت، کە سەرکەشە و گوێ بە هیچ نادات و تاکڕەوە و بیرۆکراتییە. ڕەخنەکە ئەحمەد تووشی دەمارگرژی دەکات و بە توندی و ناڕەوا دەکەوێتە هێرش و پەلاماردان بۆ سەر د. قاسملو، کە نۆکەری حزبی تودەیە و بە تاوانی گومانلێکردن تاوانباری دەکات و دەڵێت د. قاسملو پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ سکرتێری پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق؛ هەمزە عەبدوڵڵا و چەپەکانی وەک ئەژاد ئەحمەد و خەسرەو تۆفیق هەیە. هێرشەکان د. قاسملو ئازار دەدات و نائارامی دەکات، ئەو ناحەزی و ساردی و لەیەکترترازانەی کە چوار ساڵێک پێشتر لە ئەورووپا لەنێوانیاندا دەستی پێکردبوو، یەکجار بە داخ و پەژارەوە، لە بەغداد، لە کەشوهەوایەکی تردا و گەلێک دژوارتردا سەر هەڵدەداتەوە و دەبێتە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لە ڕیزی تێکۆشەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.
هەروەک لە چەند شوێنی ئەم بەشەدا هاتووە، سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی عیراق شای پێشووی ئێران و دامودەستگاکانی حکوومەتەکەی خستبووە بارێکی پڕ مەترسی و سەرئێشەوە، هێمنی و لەسەرخۆییان لە لا نەمابوو، کەوتبوونە فشاربردن و ئەشکەنجەدان بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و چەپ و دیموکراتیخوازان و بیروبڕوای پێشکەوتووخوازی لە سەرانسەری ئێراندا، وەلێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تایبەتمەندییەکی دژوارتری بە خۆوە گرت. سەرختی و فراوانیی پەلاماردان و شاڵاوەکانی پۆلیس و سیخوڕەکان تا دەهات بەرەو زیادی دەچوون. شوێنی حەوانەوە و ژیان ساکاری بۆ کوردپەروەران بە سانایی دەست نەدەکەوت!
ساڵی ١٩٥٩ لە ماوەیەکی کورتدا زیدەتر لە (٢٥٠) تێکۆشەری کورد

دەستگیر کران و (١٨٠) کەسیش خۆیان دەرباز کردبوو و گەیشتبوونە عیراق، ژمارەی ڕاکردووان و ئەو کەسانەی خۆیان بە نهێنی لە شار و لادێیەکان شاردبووەوە گەلێک زۆر بوو. هەر لە هەمان ساڵیشدا دادگای تاران بە تاوانی زیندووکردنەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بڕیاری ئیعدامکردنی عەزیزی یوسفی، غەنی بلوریان، د. عەلی مەولەوی، ڕەحمەتی شەریعی، ئیسماعیلی قاسملو دەدات. دوای ماوەیەک (٣) لە دادگاکراوەکان سکاڵای پەشیمانی و نەدامەت پێشکەش بە حەمەڕەزاشا دەکەن و بە بڕیاری شاهانە لە زیندان دەردەهێنرێن. عەزیزی یوسفی و غەنی بلوریان دەورووبەری (٢٥) ساڵ لە زینداندا دەمێننەوە.

ئەحمەد تۆفیق تەقەلای دەدا کە بە پشتیوانیی مەلا مستەفای بارزانی بتوانێت بە تەواوی دەست بەسەر کوردە ڕاکردووو و دەربەدەرەکاندا بگرێت و خۆ بکات بە ڕێبەری حزبی دیموکراتی کوردستان و نەیاری و دژایەتیکردنی حزبی تودە و ئەو کوردانەی بە چەپی مارکسیست ناسرابوون نەدەشاردەوە. لە لایەکی ترەوە بە مێژووی ١٩٦٠/١١/١ نامەیەک بۆ حکوومەتی یەکێتیی سۆڤیەت دەنێرێت و بە ناوی حزبی دیموکراتەوە داوای کۆمەکیان لێ دەکات.(٦٦)

کاک حەمەدەمینی سراجی بۆی گێڕامەوە کە لە سەرەتای شەستەکاندا کۆچکردوو مەلا مستەفای بارزانی بە دەستی ئەحمەد تۆفیق(×) نامە بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکا و چەند وڵاتانی تر دەنێرێت و داوای یارمەتی و پشتگیرییان لێ دەکات.

کاک کەریمی حسامی دەڵێت: "بە هاندان و پیلانی ئەحمەد تۆفیق ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ د. قاسملو لە بەغدا دەردەکرێن و ڕوو دەکەنە ئەورووپا."(٦٧)

---

(×) عەبدوڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) بە خزمایەتی و ناسیاری لە کاک حەمەدەمینی سراجی نزیک بوو.

هەر كـە رۆژی ١٩٦١/٩/١١ سـەرهەڵدان دژی حكوومـەتی عـەبدولكەریم قاسم(١٩١٤-١٩٦٣) لە كوردستان دەستی پێكرد و عەبدوڵای ئیسحاقی و كـوردە ئاوارەبووەكـان وەك پێشـمـەرگـە چەكـیـان هەڵگرت چوونە ڕیزی ڕاپەڕینەكە، كە زوو سیفەتی شۆڕشی وەرگرت.

لاوان و كـوردپەروەران لە كـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات، تاك تاك و بە كـۆمـەڵ، كـەوتنە ڕاكـردن و خـۆیان دەگـەیاندە ڕیزی شـۆڕشی ئەیلوول. كـاك حـەمـەدەمـینی سراجی دەڵێت: "ئێمەی لاوانی كورد لە دانشگاكانی تاران بینیمـان عـەبدوڵا ئیـسـحـاقی گـەیشـتـووەتە تاران و تەقـەلای دا و توانی «كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد» پێكبهێنێن. ئەم برا كوردانە بوون بە ئەندام لە ڕیزی كـۆمـەڵەكـە، حـەمـەدەمـینی سـراجی، سەلاحی مـوهتـەدی، حـەسـەنی باباتاهیری، سولەیمانی سافعی و چەندانی تر. كۆمەڵەكە بە نهێنی كەوتە جموجووڵ و چالاكینواندن. پیـتـاكـمـان بۆ شـۆڕشی كوردستـانی عیراق كۆ دەكردەوە. كۆششـەكـانمـان تا ١٩٦٤ بەردەوام بوو. هێرشی چڕوپڕی پۆلیسی نهێنی ئێران (ساواك) كرایە سـەر ئەو كوردە ڕۆشنبیرانەی لە تاران دەژیان. ژمـارەیەكـیان دەسـتگیر كـران و كـەوتنە زیندان. ژمارەیەكیش ڕایانكرد و گەیشـتنە كوردسـتـانی عیـراق. لە ئاكـامـدا كۆمـەڵەكە تێكچوو و خۆشم بە یارمەتی هەندێك ئاسیار بە ڕێگای (قەسـری شیرین)دا گـەیشـتمە گـەرمیان و لە ڕێگای تووزەوە برادەرانی وەك سـالار حـەیدەری، ئیـسـمـاعـیل شـەریفزادە، حەسەنی قازی، خالید حوسامی و چەندانی تر گەیشتن."(٦٨)

بە یارمـەتیدانی سەركردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، كۆچكردوو ئەحمەد تۆفیق لەگـەڵ ژمـارەیەك لە لایەنگرانی خـۆی بارەگـا و بنكەی لە شـارۆچكەی (سەنگەسەر)(*) بنیات نابوو و وەك سـەرۆكی حزبی دیموكراتی كوردستـانی ئێران و ڕابەری گەلی كوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەفتاری دەكرد.

---

(*) سەنگەسـەر: شارۆچكەیەكە و ٣٠ كیلۆمەتر دوور لە ڕۆژئاوای قەڵادزە هەڵكەوتووە و زۆربەی دانیشتووانی عەشیرەتی ئاكۆ و مەنگوڕن.

لە یرا تێکۆشەرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات گوێبیست بووم کە عەبدوڵا ئیسحاقی کەڵەمێردێکی گورجوگۆڵ و ئازا، چاونەترس و لەخۆبوردوو و زێدەبەدەر باوەڕبەخۆ بووە تا گەیشتووەتە ڕادەی لەخۆبایبوون.

هەر دوابەدوای تێکچوونی کۆماری کوردستان، عەبدوڵا وەک هەر خوێندەوارێکی دیکەی کوردی دڵسۆز، سەرگەرمانە، کەوتە نێو کۆڕی خەبات و بەرگریکردن لە نەتەوەکەی. بە یەکێک لەو تێکۆشەرانە دەژمێردرێت کە تەمامی ژیانەوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان ناشتەوە و لە سەردتای پەنجاکاندا وەک ئەندامێک لە ریزی حزبی تودەی ئێراندا تێدەکۆشا. دوای یەکەم گەشتی بۆ ئەورویا لەگەڵ د. قاسملو بە دڵشکاوی و نارەزاییەوە گەڕایەوە و ساردی و ناکۆکی لەنێوانیاندا دەستی پێکرد.

هەنگاو دوای هەنگاو گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر بیرکردنەوە و بۆچوونەکاندا هات و هەڵوێستی دوورکەوتنەوە و ناحەزی دژ بە چەپە کوردە مارکسیستەکان نەدەشاردەوە. لە ڕووانگەیەکی جیاواز مامڵەی لەگەڵ دۆزی گەلی کوردستان دەکرد. بە خێرا و پەلەکردن کەوتە نێو قەیرانی فیکری و سیاسییەوە و خۆی بە یەکەم ڕابەری بەتوانا و کەموێنەی کورد دەزانی. لە سەنگەسەر دوای ڕێکخستنی بنکەکەیان، زۆری نەخایاند، کەوتنە دژایەتیکردنی ژمارەیەک لەو کوردانەی لە بنکەکەدا دەژیان. ڕەخنە و تێبینی قبووڵ نەدەکرد. نەیاریی بەرانبەر بە سەعید کوێستانی، مەلا ڕەسوڵی پێشنماز، سەلاحی موهتەدی و ئێلخانییەکان هەبوو. بە فیت و هاندانی ئەو ژمارەیەک لەو برا کوردانە چەندین جار لە لایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولەوە زیندانی کران(٦٩).

بە پشتگیری و یارمەتیدانی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول، بەتایبەت کۆچکردوو مەلا مستەفای بارزانی، ئەحمەد تۆفیق دەکەوێتە هەوڵ و کارکردن بۆ سازدانی کۆنگرەیەک بە ناوی کۆنگرەی دووەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕابوردووی تێکۆشانی حزبەکە و داڕشتنی نەخشە و پلانی نوێ بۆ ئایندەی بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان و ڕۆڵی حزبی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی تێکۆشانی نەتەوەییدا.
پاییزی ١٩٦٤ لە گوندی (سونێ)(×) ژمارەیەک لە کادیر و کوردە ئاوارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ناوی کۆنگرەی دووهەمەوە کۆ دەبنەوە. دەوروبەر و شوێنی کۆبوونەوەکە بە چەکدارانی زۆر پارێزگاری لێ دەکرێت. (٢٦) تێکۆشەری ئاوارە تەقەلا دەدەن ماوەیان پێ بدرێت لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن، بە هەڕەشە و گوڕەشەی چەکدارەکان ڕێگایان پێ نادرێت و لە ناوچەکە دووریان دەخەنەوە.
عەبدوڵا ئیسحاقی ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ پێشکەش بە کۆبوونەوەکە دەکات. دوای گفتوگۆ و دەمەتەقە و تاووتوێکردنی زۆر، کۆبوونەوەکە پەسەندی دەکات و کۆمەڵێک بریار وەردەگرن، وەکوو:
١- هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ حزبی توودە نامێنێت.
٢- د. عەبدولڕەحمانی قاسلمو لە ڕیزی حزبی دیموکراتی کوردستان دەردەکرێت.
٣- سەرۆک و ڕابەری سەرتاپای گەلی کوردستان، تێکۆشەر مەلا مستەفای بارزانییە.
٤- ڕەخنەی توند لە ڕێبەرایەتیی شەهید قازی محەمەد دەگرێت.
کۆنگرە عەبدوڵا ئیسحاقی بە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵدەبژێرێت و (١٦) کەس بە ئەندام و (١٠) کەس بە پاڵێوراو بۆ لیژنەی مەرکەزی هەڵدەبژێرێت. لەو تێکۆشەرانەی بوون بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی ئەمیری قازی، سولەیمانی مەعینی، سەدیقی هەنجیرە، مەلا سەید ڕەشید، د. عەلی مەولەوی، سەناری مەمەدی و ...تاد.(٢٧)

---

(×) سونێ: گوندێکە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای قەڵادزەیە و کەوتووەتە سەر سنووری دەستکراوەکەی نێوان عیراق و ئێران. لە گوندی شێنێ و دۆڵی ئاوزەنگ نزیکە، لە بەرانبەر گوندی دۆڵەتوو و پاشکاوی کە سەر بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتن هەڵکەوتووە

ژمارەیەک لەو تێکۆشەرانەی لە نزیکەوە ئاگاداریی باشیان دەربارەی ورد و درشتی کۆنگرەکە هەبوو، گەلێک شتیان بڵاو کردووەتەوە و ڕا و بۆچوونەکانیان بەکتر دەگرنەوە و ڕەخنە و نارەزایی لەسەر ڕاپۆرتەکە و شێوەی کار و کردەوەی عەبدوڵا ئیسحاقی پێشان دەدەن.
بەتایبەت کاک کەریمی حیسامی نووسیویەتی کە کۆنگرەکە ڕۆڵێکی خراپی گێڕا لە تێکدان و شێواندنی هاوکاری و هاوخەباتی لە ڕیزی تێکۆشەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بوو بە سەرەتای ناشتنی ماک و تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی. ئاسەوارێکی زێدەبەدەر نارەوا و زیانبەخشی نایەوە و درێژەشی کێشا.
هەر لە دوای کۆنگرەکە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و پارتی زێدەتر بوون بە پشت و پەنای عەبدوڵا ئیسحاقی و جۆرەها یارمەتییان پێ دەگەیاند و تا دەهات بیرۆکراتیتر و تاکڕەوتر دەبوو و سەرکەوتنی گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆڵ و توانای خۆیدا بەدی دەکرد. بە هەڵسوکەوت و کردەوە وا خۆی پێشان دەدا کە ئەویش چی لە مەلا مستەفای بارزان کەمتر نییە، ئەگەر زێدەتر نەبێت!
کاتێک هەستی بەوە بکردایە کە لە ڕیزی کوردە ئاوارەبووەکاندا هەن بە ڕێباز و بۆچوونەکانی ڕازی نین و پەسندی کردەوەکانی ناکەن، یان لەمەلا و ئەولا ڕەخنەی لێ دەگرن و باسی دەکەن، یەکجار نائارام و دڵزویر دەبوو و دەکەوتە ناحەزی و بەربەرەکانێکردنیان و گوشاری دەبردە سەریان و بە ناوی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولەوە زیندانی دەکردن و شوێنی ژیان و ئاسوودەیی لێ تەسک دەکردنەوە.
کردەوە چەپەڵ و بیرۆکراتییەکانی عەبدوڵا ئیسحاقی لە بەهاری ۱۹٦٤دا پاڵی بە چەند تێکۆشەرەوە نا، کە وەک سەرەتای بزووتنەوەیەکی کەرتکەری بە نهێنی بکەونە خۆڕێکخستن دژی کردەوەکانی و گرووپێک پێک بهێنن. گرووپەکەش لە لایەن شەهید قادر شەریف (هاشم ئەقل ئەلتولاب)، حەسەنی ڕستگار، سەعید کوێستانی و مەلا ئەبوبەکرەوە بوو و بە نێوی «کۆمیتەی ساخکەرەوە»وە خۆیان ڕێکخستبوو و کەوتنە چالاکینواندن دژی تاکڕەوی و

کردەوە نارەواکانی ئیسحاقی، کە بە تەواوی بووبوو بە گوێگر و ملکەچکەری کۆچکردوو مەلا مستەفای بارزانی. شەهید قادر شەریف چەند نووسینێکی دژی عەبدوڵا ئیسحاقی لەنێو برا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاو کردەوە.(٧٢ و ٧٣)
کۆمیتەکە تەخشە و پلانی بۆ تێکۆشانەکانی خۆیان دەستنیشان کردبوو، کە بریتی بوون لە:
١- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دیکتاتۆریەتی عەبدوڵا ئیسحاقی ڕزگار بکەن، چونکە ئەو ڕێبازەی ئەو گرتبوویە بەر بە هیچ شێوەیەک بەرژەوەندیی کورد و کوردایەتی تێدا بەدی نەدەکرا.
٢- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکەوێتەوە هاوکاریکردن و دۆستایەتی لەگەڵ چەپەکانی ئێران، بەتایبەت لەگەڵ حزبی تودە.
٣- ئەو ناکۆکی و پەرتوبڵاوییەی لە ڕیزی ئاوارەبووەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا پەرەیسەندبوو، چارەسەر بکرێت. ڕیزەکانیان، هێز و توانایان بکرێتەوە بە یەک هێز و یەک ڕیز.(٧٤)

## ٩- بەرەو خۆئامادەکردن بۆ سەرهەڵدان و شەڕی پارتیزانی

حکوومەتی ئێران و دامودەستگای جاسووسی و سەرکوتکەرەکانی تا دەهات هێرش و پەلاماردانەکانیان لە ناوەوەی وڵات بۆ سەر گەلی کوردستان و سەرتاپای هێزەکانی چەپ و پێشکەوتووخوازانی گەلەکانی ئێران توند و چڕ و دژوارتر دەکرد. لە کوردستانی باشووریش ماک و هەوێنی جاسووسی و نۆکەراتیان لە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوولدا فراوان و ڕەگاژۆتر کردبوو و کۆمەڵێکی جۆراوجۆری زۆریشیان پێشکەش بە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول دەکرد. ساڵی ١٩٦٧ لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕشی ئەیلوولدا، ڕاوتان، پشکنین و داناتی کۆنترۆڵ لەسەر لایەنگران و هەوادارانی حزبی دیموکراتی کوردستانی و زیندانیکردنی ژمارەیەک و ئەشکەنجەدانیان پەردەی لەسەر داماڵرابوو. ڕاکردن و پەراگەندیی و سەرلێشێواوان لە دیوی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستەڵاتی چەکدارانی شۆڕشی ئەیلوولدا بوون، بە شێوەیەکی فراوان بڵاو بووبووەوە و تەدەزانرا ڕووەو چ لایەک دەڕوات و لە مێژووی خەباتی تێکۆشەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە ساڵێکی شووم دەژمێردرێت. بە تایبەت ئەو کوردە دەربەدەرانەی کڕنووشیان بۆ دیکتاتۆریەت و کەللەڕەقیی عەبدوڵا ئیسحاقی دانەدەنواند، سەرکردایەتیی شۆڕش سانسۆری لەسەریان توندوتۆڵ کردبوو و ماوەی گەڕوسووڕیان یەکجار تەسک بووبوو و کەوتبووە گرتن و ڕاونانیان. ژمارەیەک لەو کوردپەروەرانەی خۆیان بە ئەندامانی حزبی دیموکرات دەزانی دەستگیر کران و درانەوە ئێران و کەوتنە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدان و چەندێکیشیان لێ ئیعدام کرا.(٧٥)

بیری گەڕانەوە بۆ ناوەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئاخ و بیرکردنەوەی ژمارەیەک لە تێکۆشەرەکانی هێنابووە هەژاندن و بەزەییان بە خۆیان و بە گەلەکەیاندا دەهاتەوە کە لە چ بارێکی نارەوا و پڕئازاردایە. چون لە ئاکامی ڕێزنەگرتنیانەوە پەتیەتییان لە لایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عیراقەوە پێ دەکرێت. شپرزە بووبوون وەک بارمتە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا. بە نهێنیی شەهید سلێمانی مەعینی گەڕایەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات و پەیوەندی بە ژمارەیەک دڵسۆز و کوردپەروەران و لایەنگرانی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و گۆڤارێکی بە ناوی (ڕۆژ)ەوە وەک ئۆرگانی حزبی دیموکرات دەرهێنا و هاوکاتیش بە هاندانی عەبدوڵا ئیسحاقی، شەهید مراد شێریزی گەڕایەوە ناوچەی (لاجان) و کەوتبووە نواندنی جموجووڵ دژی جاسووس و شۆفار و لایەنگرانی دامودەستگاکانی حکوومەتی ئێران. لە لایەکی تریشەوە (کۆمیتەی ئینقلابی) لە حەمەدەمین سراجی، شەهید ئیسماعیل شەریفزادە، شەهید خەلیل شەوباش، سەعید کوێستانی، شەهید مەلا ئاوارە، مەلا عەبدوڵای شکاک و سناری حەمەدی پێکهات. شەهید سەدیقی هەنجیرە و شەهید سلێمانی مەعینی لە ڕێگای پارتیی کۆمۆنیستی عیراقەوە نامەیەکیان بۆ سەرکردایەتیی حزبی تودە ناردبوو و داوای پەیوەندی و هاوکاریکردنیان کردبوو.(٧٦)

کاک حەمەدەمینی سراجی دەڵێت: "ئێمەی کۆمیتەی ئینقلابی لە گوندێکی ناوچەی سوێسنییەکان(×) کۆبوونەوەیەکمان پێکهێنا. ژمارەمان (٢٥) کەس دەبوو، بڕیارمان وەرگرت کە د. قاسملو و کاک کەریمی حیسامی وەک دوو ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمیتەکەمان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین. بە ڕێگای هاوڕێیانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق نامەیەکم بۆ سەرکردایەتیی حزبی تودە نارد، داوای دیدەنی و کۆبوونەوەم لەگەڵدا کردن. لە کۆتایی ١٩٦٧دا لەگەڵ شەهید سلێمان گەیشتینە بەغدا. لەگەڵ شاندێکی حزبی تودە کە پێکهاتبوو لە دکتۆر ڕادمنێش، سکرتێری گشتیی تودە، د. قاسملو و کاک کەریمی حیسامی لەگەڵ نوێنەرانی تودە ڕێککەوتین کە پەیوەندی و هاوکاری نێوان تودە و حزبی دیموکرات توندوتۆڵ بکرێت."[٧٧]

کاک کەریمی حیسامی دەڵێت: "ڕۆژی ١٩٦٨/٢/٢٩ لە بەغداد کۆبوونەوەکە ساز کرا، تاوتوێکردنی باری ئێران بە تێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا، کە چۆن و بە چ شێوازێک درێژە بە خەبات بدرێت. لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی دەست پێ بکات، حزبی تودەش یارمەتی و کۆمەک پێشکەش بکات. ڕادمێنش خۆی و د. قاسملو وەک دوو نوێنەری حزبی تودە دەناسین. لە کۆتاییدا، لەسەر دەرهێنانی بەیاننامەیەک ڕێککەوتین. بەیاننامەکە لە خاڵی دووەمیدا بە درێژی باسی لە شەڕی پارتیزانی دەکات، چۆن گەشە بکات و بایەخی پێ بدرێت."[٧٨]

ڕۆژی ١٩٦٨/٥/٢١ سولەیمانی مەعینی و خەلیل شەوباش بە خیانەت و تاوانی قاڵە تەگەرانی لە لایەن چەکدارانی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقەوە لە قەزای شارباژێر دەستگیر دەکرێن. لە ناوچەی گەڵاڵە، بە بڕیاری

---

(×) سوێسنێ: عەشیرەتێکی کوردە، شوێنی ژیانیان قەزای سەردەشتە و لەو گوندانە دەژین کە شاخی ماسەندە و سنووری عیراق کەوتوونەتە ڕۆژئاوای و ئەم ناوچانەی دەکاتە سنووری قەزای مەهاباد و بانە لە ڕۆژئاوا و باشووری. بە ئاژەڵبەخێوکردن و کشتوکاڵ و ڕەز و باخەوە خەریکن.

سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول هەردووکیان شەهید دەکەن. تەرمەکانیشیان دەدرێتەوە بە ساواکی ئێران،(×) ماوەی چەند ڕۆژ بۆ چاوترساندنی گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات و ڕیسواکردنی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان کە چۆن وابەستە و بەکرێگیراوی ئەوانن، تەرمەکانی هەردوو شەهیدیان لە شەقامەکانی شاری مەهاباد هەلواسی. ئەمە یەکێکە لەو هەلەکردنە مەزنانەنی بەرگرییان لێ ناکرێت و وەک لاپەڕەیەکی ڕەش و نارەوا لە مێژووی پارتیی دیموکراتی کوردستاندا دەمێنێتەوە. شەهیدکردنی ئەم دوو کەلەشۆڕشگێڕە دڵ و دەروونی دڵسۆزانی کورد و کوردستانی هەژاند، ئامێر و دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی ئێران کەوتنەوە هێرشبردن و پەلاماردان بۆ سەر تێکۆشەرانی کوردستانی ڕۆژهەلات لە هەردوو دیو، پەرتوبلاوی و ڕاکردن و خۆشاردنەوەیان تێ دەکەوێت. ژمارەیەکیان خۆ دەربازدەکەن و ڕوو دەکەنە شاری سلێمانی، کە ئەوسا هێزەکانی دەفتەری سیاسیی کۆن، کە لە هاریکاریی حکوومەتی عیراقدا بوون دژی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لەوێ بەدەسەلات دەبن. ژمارەیەکیشیان وەک هانابەر ڕوویان کردە ئەو ناوچە سنوورییانەی لە ژێر دەستەلاتی چەکدارەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا بوون. دیسان بە داخەوە تاوانێکی جەرگبڕی تر ئەنجام درا، کوردپەروەر سالح لاجانی و حەوت تێکۆشەر لە لایەن پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەستگیر کران و درانەوە دەستی پیاوانی حکوومەتی ئێران و لە ئۆردووگای جلدیان(××) هەموویان ئیعدام دەکرێن.(٧٩)

---

(×) ساواک: دامودەستگای جاسووسی و ڕاونان و بەربەرەکانێکردنی هەموو هێزە ئۆپۆزیسیونەکانی ڕژێمی شا بوو. هەروەها سەرتاپای پلان و نەخشەی ڕژێمەکەی لە ولاتانی دراوسێی ئێران و ولاتانی بیانیدا ئەنجام دەدا. حەمەڕەزا شا دەستەلاتی بێسنووری پێ دابوون و پارە و پوولی زۆری خستبووە ژێر دەستیان.
(××) ئۆردووگای جلدیان: جلدیان گوندێکە دانیشتووانی لە عەشیرەتی (مامەش)ن، چەند کیلۆمەترێک لە ڕۆژهەلاتی خانە (پیرانشەهر) هەلکەوتووە و لە سەردەمی شای پێشوودا گەورەترین ئۆردووگای سەربازی لێ بنیات نرا و کرا بە یەکێک لە پێگە ستراتیژییەکانی پەیمانی بەغدا. کە لە شوباتی ١٩٧٩دا ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕووخێنرا، هێزە سەربازییەکانی جلدیان ئۆردووگاکەیان پاراست و خۆیان بە دەستی چەکدارانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نەدا و بە لایەنگری حکوومەتی تاران مانەوە.

مەلا عەبدوڵا حەیاکی لە کتێبەکەی خۆیدا «نیوسەدەی تێکۆشان»، لاپەڕە (٥٠) ناوی شەهیدەکانی تۆمار کردووە.

دەگەڕێمەوە سەر باسوخواسی عەبدوڵا ئیسحاقی. لە یەکەم ڕۆژەوە کە پەیوەندی بە کۆچکردوو مەلا مستەفا بارزانییەوە کرد، وا خۆی دەردەبڕی کە سەربازێکی دڵسۆز و وەفاداری ئەوە. ماوەی چەند ساڵ بارزانی پشت و پەنای بوو، بە جۆرەها شێوە کۆمەکی دەکرد، بە چاوی سەرۆک و ڕابەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد، کەچی دوای بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئامێرەکانی جاسووسیی حکوومەتی ئێران و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، بارەکە گۆڕدرا و ڕوویەکی تری بە خۆوە گرت. ڕایەڵی جاسووسیی ئێران وەک تەونی جاڵجاڵۆکە تەشانای کرد. لە بەڕێوەبردنی هەڵسوکەوتەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەریان کەوتبووە چنگ. هێدی هێدی ئەستێرەی عەبدوڵا ئیسحاقی کەوتە کزبوون و ئەو بەهایەی ئەما و ئەو ڕێزەی لێی دەگیرا ئەما و سەرلەبەری ئەو دڵسۆزی و خۆشەتەگدانەی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ مەلا مستەفای هەبوو بێ سوود بوو و بە هانایەوە نەهات.[٨١]

عەبدوڵا تا ساڵی ١٩٦٩ هەر خۆی بە سکرتێری یەکەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدا، کتوپڕ بە مەبەستی دڵنیاکردنی ئێران خۆ و چەند هەواڵێکی بۆ شارۆچکەی (کانیی ماسی)[×] سنووری تورکیا دوور خرانەوە و وەک بارمتە و دەستبەسەر ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا.[٨٢]

هاتوچۆکردن و دیدەنی و پەیوەندی بە یەکتر کردنەوە لەنێوان تێکۆشەرە دەربەدەرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا گورجوگۆڵی زۆری تێکەوتبوو. هەر لە هەمان ساڵدا، ساڵی ١٩٦٩، لە گوندی (مارە دووێ)ی بناری قەندیل، ژمارەیەک لە کادیر و ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان کۆ دەبنەوە و

---

(×) کانیی ماسی: سەر بە قەزای زاخۆیە و لە نزیک سنووری تورکیا هەڵکەوتووە. لە کۆنەوە زۆرینەی دانیشتووانی برایانی مەسیحین.

عەبدوڵا ئیسحاقی بە نامەیەک خۆ لەگەڵ بلۆکی کۆبووەکان دەکێشێتەوە و ئاگاداریان دەکات کە نەیاریانە و خەباتیان لەگەڵدا ناکات.
لە کۆبوونەوەکاندا بە تێروتەسەلی دەکەونە دەرسکردنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان و شۆڕش، بەتایبەت ئەو هەموو کۆسپ و ئاستەنگانەی دەوری دابوون و چەند بڕیارێکی گرنگ وەردەگرن، کە ڕیزەکانی خۆیان پتەو بکەن و ئەو پەرتوبڵاویەی هەیە نەهێڵن و سەرلەبەری ئاوارەبوو و دەربەدەرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک ئەندام و لایەنگر و دۆستی نزیک سەیر بکرێن. گرنگترین بڕیاریان بریتی بوو لەوە کە مەلا حەسەنی ڕستگار و عەبدوڵا حەسەنزادە و مامۆستا هێمنی شاعیر بکەونە گەڵ ئەو کۆمیتەی سەرکردایەتییەی کە کاروباری حزبی دەبرد بەڕێوە.(٨٢)
باری سیاسی و مەسکەری لە عێراق و کوردستانی باشوور گۆڕانیان بەسەردا هات. پارتیی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست دەستەڵاتی حکومکردنی وڵاتەکەی کەوتبووە دەست و دوای گفتوگۆی زۆر و کۆششی خێرخوازان، ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١ ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی بەعسی عێراقدا مۆر کرا. شەڕ و کوشتوبڕ وەستێنرا و خۆشی و شادی گەڕایەوە سەر ڕووخساری سەرلەبەری خەڵکی عێراق. دۆستانی گەلەکانی عێراق و پێشکەوتووخوازان لە وڵاتانی بیانی، پشتگیری و خۆشحاڵییان بەرانبەر بە ڕێککەوتننامەکە بە جۆرەها شێوە دەربڕی. ساردی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حکوومەتی ئێراندا پەیدا بوو، حکوومەتی ئێران خوازیار نەبوو کە قەت ئەم جۆرە ڕێککەوتنە ئەنجام بدرێت. کەشوهەوایەکی نوێ لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەیدا بوو، هەلێکی بەهادار بۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاتە کایەوە.
هەر لەو سەروبەندەدا کۆمیتەی ئینقلابی نامەیەک بە دەستی کاک حەمەدەمینی سراجیدا بۆ شەهید د. قاسملو و کاک کەریمی حیسامی و شادناو حەسەنی قزلجی دەنێرن و داوایان لێ دەکەن بە پەلە بگەڕێنەوە عێراق. باری سیاسی و نەفسیی جەماوەر گۆڕاوە و فرە لەبارە بۆ

سوودلێوەرگرتن. دوای چەند ڕۆژێک دەگەنەوە بەغدا و لە کۆتایی مانگی مارتدا شەهید قاسملو، کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سراجی ڕوو دەکەنە ناوچەی باڵەکایەتی و سەردانی تێکۆشەری کۆچکردوو مەلا مستەفای بارزانی دەکەن. پیرۆزبایی گەرموگوڕ و پێخۆشحاڵبوونی خۆیان و حزبی دیموکراتی کوردستانی پێشکەش دەکەن. بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی شۆڕشی ئەیلوول بۆ گەلی کوردستان بە دەستی هێنا، لایەنگری و پشتگیریی خۆیان بۆ سەرکردایەتیی شۆڕش ڕادەگەیەنن. شاندەکە لە هەمان گەشتدا چاویان بە کاک ئەمیری قازی و کۆچکردوو هێمنی شاعیر دەکەوێت و لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە کۆمیتەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حزبی دیموکرات ساز بکەن. کۆمیتە کاتییەکە لە شەهید قاسملو، کەریمی حیسامی، مەلا عەبدوڵا حەیاکی، حەمەدەمین سراجی، حەسەنی ڕستگار، هێمنی شاعیر، ئەمیری قازی، یوسفی ڕەزوانی پێکدێت. لەسەر ئەوەش ڕێک دەکەن کە د. قاسملو هاوکاری و هاریکاریی حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سکرتێری حزبی تودە: ئێریج ئەسکەندەری ڕێک بخات.(٨٤)

## ١٠- خۆڕێکخستنەوە و گۆڕان بەسەر باری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا

ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ خورتێی تازە و گەرموگوڕی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش دەخاتەوە. ئەندام و لایەنگرانی حزبی دیموکرات، سەرگەرمانە، کەوتنە بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و دیدەنی لەگەڵ یەکتر، سەرتاپایان ئاوات و خوازیاری ڕۆژێکی وەهایان دەکرد کە زەمینەیان بۆ ساز بکرێت و بکەونەوە ئەنجامدانی جۆرەها چالاکی. لە هەنگاوی یەکەمیاندا هەوڵیاندا کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان و ئەو شپرزەیی و پەرتوبڵاوییەی چەندان ساڵ تەشەنای کردبوو نەمێڵن، ڕیزەکانی خۆیان و هێز و توانایان بکەنەوە بە یەک. هەست و هزری کوردایەتی لە هەرێمەکەدا گەشە بکاتەوە و ڕەوتی خەباتی پیرۆزیان بۆ پێشەوە بڕوات.

کۆمیته کاتییەکە بڕیارێکی ژیرانەی ڕاستی وەرگرت، کە بکەونە پەلەکردن و ژمارەیەکی هۆشیار و لێهاتوو لە کادیرەکانی حزب کۆ بکەنەوە و چارەی کێشە ناڕەواکانی نێوخۆ بکەن، ڕێباز و نەخشەی تازە بۆ ئایندەی حزب و تێکۆشانەکانیان دابڕێژن.
ڕۆژی ۱۹۷۱/٦/۲۱ ژمارەیەک لە کادیر و ئەندامانی حزبەکە لە شاری کۆیە کۆ دەبنەوە و کۆنفرانسی سێیەمی حزبەکە دەبەستن و دەکەونە تاوتوێکردنی باری هەردوو دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور و ئەو هۆیانەی کە بووبوون بە هۆی پەرتوبڵاوی و لەیەکدابڕانی ئەندامەکانی حزب. کۆمەڵێک بڕیاری ڕێکوپێکی ڕاست و ڕەوا وەردەگرن و بڕیار دەدەن کە د. قاسملوش وەک سکرتێری یەکەمی پارتییەکە کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات. پەیوەندی خۆیان لەگەڵ سەرلەبەری کوردە ئاوارەبووەکان پتەو دەکەنەوە و داوایان لێ دەکەن بگەڕێنەوە ڕیزی حزبەکەیان.
کتوپڕ هەر دوای کۆنفرانسەکە عەبدوڵا حەسەنزادە (مەلا عەبدوڵا حەیاکی) و حەمەدەمینی سراجی ڕەوانەی بەغدا دەکرێن، بە مەبەستی دیدەنی و گفتوگۆکردن لەگەڵ عەبدوڵا ئیسحاقی تا بگەڕێتەوە ڕیزی سەرکردایەتیی حزبەکە و پێکرا بکەونە تەقەلا و تێکۆشان بۆ خزمەتکردنی دۆزی نەتەوە ستەمدیدەکەیان، بەڵام کۆچکردوو عەبدوڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) بە توندی دەکەوێتە هێرشبردن بۆ سەر شەهید د. قاسملو و قسەی ڕەق و ناڕەوای ئاراستە دەکات و دان بە کۆنفرانسەکەی کۆیەدا و بڕیارەکانیدا نانێت و ڕەفز دەکات هاوکاری و ئاشنایەتیان بکات.(۸۵)
هەرێمی کوردستانی بە عیراقەوە لکێنراو، یان کوردستانی باشوور، کەوتبووە گەرمەی خۆشی و شادییەوە، دەنگی تەقە و تۆپ و هارەی فڕۆکە هاژەی تانک کپ بووبوون، هەست و هزری کوردایەتی هەنگاوی نابووە قۆناخێکی ترەوە و بەرەوپێش چووبوو. پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق وەک شەریک لە حوکمڕانی کوردستان و عیراقدا بەشدار بوو. بارێکی گونجاو بۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش ڕەخسا و مێرانە کەوتەوە چالاکینواندن و گەشەپێدانی کاروبارەکانی حیزب.

لەناکاو و لە کاتێکدا کە چاوەڕوان نەدەکرا، ڕۆژی ١٩٧١/٧/٥، یاداشتێک بە ناوی (کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان)ەوە پێشکەش بە سەرکردایەتیی پارتیی بەعسی سۆسیالیستی فەرمانڕەوای عیراق کرا و مۆری سەلاحی موهتەدی، محەمەدی ئیلخانیزادە، مستەفا کاوەی لەسەر دەبێت و لەولاوەش دەنگ بڵاو بووەوە کە یاداشتەکە بە ئاماژە و یارمەتیدانی جەلال تاڵەبانی ساز کراوە.(٨٦) سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژیرانە کۆششی دەکرد سوود لە بارودۆخەکە وەربگرێت، کەچی ئەو گەرموگوڕیی هاتوچۆکردن و هاریکارییەی لەنێوان حکوومەتی بەعسی عیراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولدا هەبوو درێژەی نەکێشا و تەمەنی کورت بوو. جارێکی تر سەرەتای بێبڕوایی و شک و گومان لە یەکتر کردن وەک دیاردەیەکی نێگەتیڤ دەرکەوتەوە.

ئامێر و دامودەستگا جاسووسی و موخابەراتییەکانی حکوومەتی ئێران و چەند وڵاتێکی تر کەوتبوونە پیلانگێڕان و بە درۆ بەڵێنی زل زلیان بە سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول دەدا و شەویان دەکرد بە ڕۆژ بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکی و کێشەکان دژ بە حکوومەتی بەعسی عیراق تا نەهێڵن باری ئاشتی و هێمنی بەرقەرار بێت و شەڕ و کوشتوبڕ و وێرانی دەست پێ بکاتەوە. ڕژێمی بەعسی عیراقیش لەخۆباییبوون و سەرشێتانە ڕێبازی ڕەگەزپەرستی و سیاسەتی فاشیستانەی خۆی نەدەشاردەوە و کەوتبووە دەرکردنی هەزاران خێزانی فەیلی لە بەغدا و فڕێدانیان بۆ سەر سنووری ئێران و بەعەرەبکردنی ناوچەکانی ژەنگار، مەندەلی، جەلەولا و سەعدیە و ناو شاری کەرکووک و گوندەکانی کاکەیی و عەشیرەتی داودە لە قەزای توزخورماتوو... تاد و هەوری ڕەشی شووم بەری ئاسمانی گرتەوە و ئاژاوە و باری ناجۆر لە گەلێک شوێن دەبینرا.

# ١١- کۆنگرەی سێیەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی ١٩٧٣/٩/٢٢ حزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەغداد، کۆنگرەی سێیەمی خۆی بەست و لەسەر بنەمایەکی زانستییانەی پڕ ئەزموون و تاقیکردنەوە باری کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆڵی کاریگەری ڕژێمی شای ئێرانی لەسەر ڕەوتی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق هەڵسەنگاند. هەروەها لە هەڵوێستی وڵاتانی سۆسیالیست و هێز و پارتییە چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆڵییەوە بە مەبەستی داڕشتنی نەخشەیەکی تازە بۆ تێکۆشان و چالاکییەکانی لە داهاتوودا. بێجگە لەمانەش ئەو هۆکارانە دیاریکران کە بووبوون بە هۆی دووبەرەکی نێوان ئەندامان و لایەنگرانی حزب.

کۆنگرە بڕیاری وەرگرت ئەگەر هات و شەڕ لەنێوان حکوومەتی عیراق و شۆڕشی ئەیلوولدا دەستی پێکردەوە، ئەوا پێویستە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵوێستی بێلایەنی وەربگرێت و نەکەوێتە ژێر فشاری ڕاپێچکردن بۆ نێو شەڕەکە.

کۆنگرە لیژنەی مەرکەزی تازەی هەڵبژارد و شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملو بە سکرتێری یەکەم و کەریمی حیسامی، حەمەدەمینی سراجی، مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە، کۆچکردوو هێمنی شاعیر بە ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران.(٨٧)

کاک کەریمی حیسامی دەڵێت: "یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەکە ئەوە بوو، ئەگەر شەڕ لەنێوان عیراق و شۆڕشی ئەیلوولدا هەڵگیرسایەوە، حزبی دیموکرات بە سەرکردایەتی و بنکەی ڕێکخراوەکانییەوە بگەڕێتەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بکەوێتە شەڕی پارتیزانی دژی حکوومەتی ئێران."(٨٨)

کۆنگرەی سێیەم گۆڕانێکی چلۆنی بەسەر حزبەکەدا هێنا. شیرازەی ڕێکخراوەکان یەکتریان گرتەوە و پەرەیانسەند، توندوتۆڵی و هەستکردن بە گیانی بەرپرسیارێتییان تێکەوتەوە. هەنگاوی ڕێکوپێکی بۆ پێشەوە دەنا،

بایەخی باشی بە پەیوەندی بە ولاتانی سۆسیالیستی و گشت پارتی و هێزە چەپ و پێشکەوتووخوازەکانی جیهان دەدا. هاوکاری و دۆستایەتییان لەگەڵ پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی تودەی ئێران گەرموگوڕی تێکەوتبوو. زۆری نەخایاند، سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٤، شەهید قاسملو و حەمەدەمینی سراجی دەچنە ئاڵمانیای دیموکراتی ئەوسا و لەگەڵ (کیانوری) کۆ دەبنەوە و لەسەر چەند خاڵێک و ئاییندەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێران ڕێک دەکەون و هەندێک جیاوازیش لەنێوانیاندا دێتە گۆڕێ. بەتایبەت کیانوری نارەزایی حزبەکەیان(×) بەرانبەر بە چەند کادیرێکی سەرەکیی حزبی دیموکراتی کوردستان پێشان دەدات و ئەمەش نوێنەرانی حزبی دیموکرات نیگەران دەکات.(٨٩)

پیلان و فرتوفێڵی ئێران، ئەمریکا و زایونییەت سەریگرت و لە ئاکامی کورتبینی و فریوخواردن بە بەڵێنی درۆ و ناراستییەکانی دوژمنانی گەلی کوردستان و ناحەزانی ئاشتی و ئارامی، سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول کەوتە نێو ئەو تەڵەیەوە کە چەندان ساڵ و بە جۆرەها شێوە کاریان بۆ دەرکد و ئابووییانەوە. لێرەدا، نابێت سیاسەتی شۆڤێنیستی و ئایدیۆلۆژیای گڵاوی رەگەزپەرستیی پارتیی بەعسی فەرمانڕەوای عیراقیش بخرێتە پشت گوێ، یان ڕۆڵی سەرەکییان لە شانۆگەرییەکەدا دوور بخرێتەوە.

سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٧٤ شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان حکوومەتی عیراق و شۆڕشی ئەیلوولدا بە فراوانی و دژواری هەڵگیرسایەوە. کوشتوبڕ، وێرانکردن و تێکدان بڵاو بووەوە. ناحەزانی ئاشتی و دوژمنانی کورد مەرامە

---

(×) کاک حەمەدەمینی سراجی ئاگاداری کردم کە لە ڕیزی ئەو کادیرانەی کیانوری ئاناشتایی بەرانبەریان دەربەڕی د. قاسملو و کاک کەریمی حیسامی بوون. ساڵی ١٩٨١ کە لە تاران کاک عەزیز محەمەد و من لەگەڵ شاندێکی حزبی تودە کۆبووینەوە، کە لە کیانوری و د. ئیحسان تەبەری و شەهید ڕەزا شەلتوک پێکهاتبوو، ئەوساش کیانوری زۆر بە ئارەوا و پڕ ڕق و کینەوە هێرشی ناشیرین و بێماناتی بردە سەر شەهید د. قاسملو.

قرتژەکانیان هاتە دی و بەبێ ئابرووانە ئاگری شەڕەکەیان خۆش دەکرد.
ئەنگژە و ئاستەنگی سەخت ئابڵووقەی تێکۆشەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دایەوە.

حکوومەتی بەعسی عیراق تەقەلای دەدا بۆ لایەنگری و بەرژەوەندیی خۆیان بە کاریان بهێنێت. گەفوگوڕ، چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەی زۆر لەسەریان کاری تێ نەکردن و ڕێبازی بێلایەنیی خۆیان پاراست و ئەمەش وەک لاپەڕەیەکی سپی و هەڵوێستی بە شکۆ لە مێژووی حزبەکەدا بۆیان ماوەتەوە.

کە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٥یش ڕێککەوتننامە بەدناوەکەی نێوان عیراق و ئێرانیش لە شاری الجزائر مۆرکرا. کارەساتێکی گەورە تووشی گەلی کوردستان بوو و شۆڕشی ئەیلوول، کە بە بەهێزترین و فراوانترین ڕاپەڕینی چەکداری بوو، کتوپڕ، چۆکی دادا و لەناوچوو. ئەو هەڵوێست و بڕیارەی کۆچکردوو مەلا مستەفای بارزانی سەبارەت بە شۆڕشەکە وەریگرت، بە ڕا و بۆچوونم، گەورەترین زیان بوو بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کەوت و وێنەی نەبینرابوو و فاشیستەکانی بەغدادی شاگەشکە کرد، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە خەون ئەم ئاکامەیان لە شۆڕشی کورد نەدەبینی.

ژمارەیەک لە نووسەران بەڵگە و بیانووی زۆر دەهێننەوە و سەرگەرمانە بەرگری لە بڕیاری بڵاوەلێکردنی شۆڕشەکە دەکەن. بە ڕای من ئەوانە چەواشەکردن و ئاوەژۆکردنی سەرلەبەری ڕاستییەکانن. ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی لەناوچوونی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان هۆش و هەست و وزەی جەماوەری کوردی تێکدا و شێواندی. هەزاران کورد بە خاووخێزانەوە دووچاری کۆچکردن بوون، ڕوویان کردە ئێران شا. ئامێرەکانی جاسووسی و دامودەستگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران و عیراقیش سوودی یەکجار زۆریان لێ بە دەست هێنا و لە هەردوو پارچەی کوردستان هێرشبردن و ڕاونانی کورد دەستی پێکردەوە و ماوەی (٢٥) ساڵ درێژەی کێشا و هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان شەهید کران و نیشتمانەکەشمان وێران کرا.

## ١٢- گۆڕان و گۆڕانکاری لە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات

گەلی کوردستانی ڕۆژهەڵات و حزبی دیموکراتی کوردستان کەوتنە قووڵترین قەیرانی سیاسی و فیکری و نەتەوەییەوە، ڕژێمی شای کۆنەپەرست لە گشت پیلانەکانیدا سەرکەوت و ئامانج و مەرامەکانی هاتنە دی، لە عیراقیش پارتیی بەعسی فەرمانڕەوا دووچاری لەخۆباییبوونێکی سەرشێتانە بوو و ملی نایە بەرەو بەربەرەکانێکردنی گەلی کوردستانی عیراق و دەستی کرد بە بەعسیکردنی کورد و شێواندنی ڕووی خاکی پیرۆزی کوردستان. کەوتە ڕاگوێزان و دوورخستنەوەی هەزاران خێزان بۆ ئۆردووگا زۆرملێییەکان و بۆ خوارووی عیراق. بێشەرمانە و بێ گوێدان بە هیچ یاسا و بەهایەکی مرۆڤایەتی دەستی بەعەرەبکردنی خاکی کورد کرد. گوشار و پاڵەپەستۆی دەکردە سەر برایانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە عیراقدا دەژیان تا هێرش بۆ سەر پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق بەرن و سەرکردایەتییەکەی بە خیانەت لە نیشتمان و نۆکەری بۆ بێگانە تاوانبار بکەن. هەرچەندە حزبی دیموکراتی کوردستان لە بارێکی ناجۆر، لە دەستکورتی و هەژاری و نەداریدا دەژیا، بەڵام بە خۆڕاگرییەوە لە ڕووی ئەم داوایەدا ڕاوەستا و هەڵوێستی ڕەوای خۆی نەگۆڕی و نەکەوتە نێو ئەو گۆماوە لیخن و بۆگەنەوە کە شای ئێران و سەدام حسێن بۆ گەلی کوردیان ساز کرد.

نە لە عیراق و نە لە ئێران باری سیاسی و کۆمەڵایەتی هێمنی و ئارامی بە خۆوە دەبینی و جۆرەها کۆسپ و گرفتی نوێ هاتبوونە پێش.

لە ئێران هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، وەک موجاهیدینی خەڵک، سازمانی چریک، ڕاپەڕینی شیعە دژی سیستێمی پاشایەتی بە جۆرەها چالاکینواندن هەڵدەستان و قوربانیی زۆریان دەدا تا گەیشتنە ئەو ڕۆژەی گشت گەلەکانی ئێران بە ڕابەرایەتیی ئیمام خومەینی دەستەڵاتی شەقام و کوچە و کۆڵانەکانی

تاران و گەلێک شاری دیکەیان گرتە دەست و لەنگەری بارەکە بۆ سەرهەڵدان وەرچەخا و سەرەتای شوباتی ۱۹۷۹ شا و دامودەستگاکەی لە ئێران ڕاپێچکرد و کۆماری ئیسلامی ڕاگەیەنرا و بەمەش زەمینەی گونجاو بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان ڕەخسا و بە پەلە کادێر و ئەندام و لایەنگرانیان گەڕانەوە کوردستانی ڕۆژهەلات. لە ماوەیەکی کورتدا بە هەزاران لە ڕۆڵەکانی هەرێمەکە پێشوازیی گەرمیان لە حزبەکە کرد و بە سۆزەوە لە ئامێزی خۆیان گرتەوە. لق و شانە و ڕێکخراوەی لە زۆربەی شار و شارۆچکە و لادێیەکان بنیات نا و بوو بە هێزێکی سەرەکی و بەتوانا. بەتەک ئەویشەوە چەند ڕێکخراو و گرووپی تر وەکوو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لقی سازمانی فیدائیانی خەڵک، لقی حزبی تودە و ڕای کارگەران لە کوردسستان سەریان هەڵدا.
وەک ئاماژەی پێکراوە، حزبی دیموکراتی کوردستانی بوو بە شاسواری گۆڕەپانەکە و نوێنەری ڕاستەقینەی جەماوەر بوو.

## ۱۳- کۆنگرەی چوارەم و کەرتکردنێکی پڕ ئازار

ڕۆژی ۱۹۸۰/۲/۱۹ حزبی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی چوارەمی خۆی لە شاری مەهاباد بەست. کۆنگرە کەوتە دەرسکردن و تاووتوێکردنی باری سیاسیی ئێران و کوردستان، هەڵوێست بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و ڕژێمی ئاخوندەکان، پەیوەندیی حزبەکە بە پارتی و گرووپەکانی ئێران و کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و بیانی. کێشەی زەق و توند لە ڕاوبۆچوونی بەشداربووانی کۆنگرەکەدا بەدی دەکرا. لە کۆتاییدا (۲٦) کەس وەک ئەندام و (۱٥) وەک پاڵێوراو بۆ کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژێردران. شەهید د. قاسملو بە سکرتێری یەکەم و شەهید د. سادقی شەرەفکەندی وەک ئەندام کەوتە کۆمیتەی مەرکەزی. لە قۆناخی تازەیدا حزبی دیموکرات کەوتە بەر دووڕیانێکی ئاڵۆز و نەماوی. حزبی تودە بە ئاشکرا نیازی خۆی دەردەبڕی و

نەیدەشاردەوە و خوازیار بوو کە شوێنپەنجەی لە پلان و نەخشە و پرۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستاندا هەبێت.
لە هەمان ڕۆژگاردا ئیمام خومەینیش سەرۆک و ئاکە ڕابەری ئێران بە عەقڵیەتێکی دۆگماتیکی و شۆڤێنیستییەوە سەیری پرۆسەی گەلی کوردستان و نەتەوەکانی تری ئێرانی دەکرد، پەیامێکی بڵاو کردەوە و بە پێڕەوی ئیمام ناوی دەبرا، گوایا دەیەوێت چاکسازیی زەوی و کشتوکاڵ ئەنجام بدرێت، چارەیەکیش بۆ دۆزی گەلی کوردستان بدۆزێتەوە.
ئەم هەڵوێستە سەرەکییە و پەیوەندی حزبی دیموکرات بە حکومەتی بەعسی عیراق و وڵاتانی سۆسیالیستەوە کەشوهەوایەکی ناسروشتی لە ڕیزی ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی پەیدا کرد، کێشەکە گرژی و سەرئێشەی ناڕەوای دروست کرد و ئاکامەکەی بەوە گەیشت کە بەهاری ١٩٨١ غەنی بلوریان، د. ڕەحیمی قازی، فەوزیە قازی، فاروقی کەیخوسرەو، نوید مەعینی، ئەحمەدی عەزیزی، هێمنی شاعیر بە ئاماژە و هاندانی سەرکردایەتیی حزبی تودە کەرتکردنی خۆیان ڕاگەیاند و زۆری نەخایاند سێ ئەندامی تری کۆمیتەی مەرکەزیی حزبی دیموکرات، ڕەحمانی کەریمی، سناری مەمەدی، ئیسماعیل جیهانگیری هاتنە پاڵیان و کەرتکەرەکان کە بە گرووپی حەفت کەسە ناویان دەکردبوو لەنێو خۆیاندا غەنی بلوریانیان بە سکرتێر و حەمەدەمینی سراجی، د. ڕەحیمی قازی، نوید مەعینی، ئەحمەدی عەزیزی بۆ دەفتەری سیاسی هەڵبژارد.(٩٠)
کەرتکەرەکان، سەرگەرمانە، کەوتنە پشتگیری پەیامەکەی(×) ئیمام خومێنی، پەیوەندی و هاتوچۆیان بە سەرکردایەتیی کۆماری ئیسلامییەوە بە باشی

(×) لە کۆتایی ١٩٨١دا هاوڕێ عەزیز محەمەد و من لە تاران بووین و ئاگادار کراین کە غەنی بلوریان داوای دیدەنی هاوڕێ عەزیز دەکات و پێکرا چووین بۆ سەردانی. بینم مام غەنی یەکجار پەستە و بە ڕق و کینەوە هێرشی ناڕەوا و توند دەکاتە سەر شەهید قاسملو و سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستان. لە گوتەکانیدا نەیدەشاردەوە کە ئامادەیە بە چەک بەربەرەکانێیان بکات. [هیوادارم کاک عەزیز گوتەکانی مام غەنی لە یاد مابێت!] لە هەمان دەورووبەردا زۆرجار سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستانم دەکرد لە گوندی ڕاژان و هەڵوێستیان فرە توندوتیژ و نەیارانە بوو دژی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پشتگیریی تەواویان لە کەرتکەرەکانی گرووپی حەوت کەس دەکرد و پەیوەندی نێوانیان بەهێز بوو.

ئەنجام دەدرا. گەیشتنە ئەو سنوورە کە یەکێکی وەکوو ڕەحمانی کەریمی چەکی لە پاسداران وەرگرت و کەوتە شەڕکردنی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان(×) حزبی دیموکرات لە گەلێک لاوە دوژمنایەتی دەکرا، بەتەک گشت کۆسپ و تەگەرەیەک کە دەخرایە پێشی، کردەوە نارەوا و چەوتەکانی گرووپی حەفت کەسە لە لایەک و هێرش و پەلاماری سوپا و پاسدارانی کۆماری ئیسلامیش بۆ سەر کوردستانی ڕۆژهەلات لە لایەکی تر بوو. چالاکانە حزبی دیموکراتی کوردستان، وەک هێزێکی شۆڕشگێڕی خۆڕاگر، بەرگریان لە گەلەکەیان و حزبەکەیان دەکرد و لە گەرمەی ئەم هەموو کێشە و بگرەوبەردەیەدا، پاییزی ١٩٨٢، کۆنگرەی پێنجەمی خۆی پێکهێنا.

کۆنگرە دەمەتەقە و دیالۆگ و تاوتوێی زۆری کرد لەسەر دوارۆژی حزبەکە و بەرانبەر بە ئایندەی کوردستان و کۆمەڵگای سۆسیالیستی. عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەڵێت: "پێویستە بگوترێت شەهید د. قاسملو بنەمای فیکری و ئایدیۆلۆژیەتی لە سەرچاوەی پرنسیپی مارکسیزم هەڵهێنجابوو، باوەڕێکی پتەوی بە سۆسیالیزم وەک ڕژێم و فیکر، بە مافی مرۆڤ و یەکسانی هەبوو."(٩١)

کۆنگرە (٢٥) ئەندامی بۆ کۆمیتەی هەڵبژارد و د. قاسملو بە سکرتێری یەکەم و شەهید د. سادقی شەرەفکەندی بە جێگری هەڵبژێردران.(٩٢)

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کەوتبووە بەربەرەکانیکردنی حزبی توده و گشت گرووپ و کۆڕ و کۆمەڵە پێشکەوتووخوازەکان و ڕۆشنبیران. لە سەرەتای ١٩٨٣دا هێرش و پەلامارێکی پڕ زام و ئازا کرایە سەر حزبی توده(×) و

---

(×) لە هەمان کاتدا یاری کەرتکەرەکانی گرووپی حەوت کەس بەرەو سستی و لاوازی و گۆشەگیری دەڕۆیشت. ستاری مەمەدی و ئیسماعیل جیهانگری، ڕەحمان کەریمیان کوشت و گرووپەکەی خۆیان جێهێشت.

هێزەکانی چەپ و بەرهەڵستکار، ژمارەیەک لە کادیر و ئەندامەکانی حزبی تودە، سازمانی ئەکسەریەت، لایەنگرانی گرووپی حەوت کەسە، بە نهێنی پەیوەندییان بە ئێمەی (پارتیی کۆمۆنیستی عیراق)ەوە کرد، کە لە گوندی (سێلوە) نزیک شاری (خانە) لە ژێر سێبەری پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق گیرسابووینەوە. بێ شوێن و بنکە و بنەما، دوای کارەساتی ١ی ئایاری ١٩٨٣ بە پەراگەندەیی کەوتبوونە کار و هانایان هێنابوو، کە شوێن و پەناگایان بۆ ساز بکرێت تا بتوانن ژمارەیەک لە ئەندام و لایەنگرانیان لە شەپۆلی هێرشەکانی پاسداران ڕزگار بکەن. ئاگادارمان کردن کە بە هەموو توانامان یارمەتییان دەدەین. لە گوندی (زێوکە) شوێن و پێویستییەکانی ژیانی نە مرد و نە ژیانیان بۆ ئامادە کردن. بە ماوەیەکی کورت دەوروبەری (١٥٠) ڕاکردوو، هی هەر سێ هێزەکە، گەیشتنە شوێنەکە.(××) ژمارەیەکیشیان بە نهێنی لە لایەن مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە شاردرابوونەوە.

دوای ماوەیەک غەنی بلوریان و نویدی مەعینی و حەمەدەمینی سراجی بە

---

(×) یەکجار بە قاسانی سکرتێری حزبەکە، کیانوری و زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی مەرکەزی و کادیرە سەرەکییەکانی کەوتنە ژێر دەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە.

(××) وەک لە یادم مابێت یەکەم جار (کاوان) یەکێک بوو لە بەرپرسیارانی کۆمیتەی شاخەی کوردستان، سازمانی چریک (ئەکسەرییەت) و شاعیر هێرش (سولەیمان چیرە) بە نهێنی، شەو گەیشتبوونە نێو باخ و چەمەکانی نێوان گوندی شیلوە، کاولان و بە بڕیاری سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیست من چووم بۆ دیدەنییان و کەوتنە باسکردنی ئەو بارە دژوار و ناجۆرەی بەسەر هێزەکانیاندا هاتبوو. ڕۆژانە (خالخالی) بە ناوی شۆڕشی ئیسلامییەوە بێ دادگاییکردن کەوتبووە ئێعدامکردنی لاوەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. یەکسەر ئاگادارم کردن کە هەموو یارمەتییەکیان دەدەین و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە چۆن بە نهێنی ئەندام و لایەنگرانیان بگەیەننە (زێوکە)، لە دوای ئەوانیش کاک ئەحمەدی عەزیزی بەرپرسیاری ڕاکردووەکانی گرووپی حەوت کەس گەیشتە شوێنەکە و چەند ساڵ ژمارەیەکیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعیی عیراقدا لە خواکورک و شوێنەکانی تر مانەوە.

بارمەتیدانی سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق دەگەنە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا و لەگەڵ عەلی خاوەری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی تودە و کادیری هەرە سەرەکییان کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن و خاوەری دەڵێت: "د. عەبدولڕەحمان قاسملو پێشنیاری کردووە کە حزبی تودە و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەندێک کۆڕ و گرووپی چەپ بەرەیەک ساز بکەن. پێویستە ئێوەش گرووپی پێڕەوی کۆنگرەی چوار شوێنتان لە ریزی ئەم بەرەیەدا هەبێت، بۆیە پێویستە غەنی بلوریان وەک یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبی تودە لەگەڵ ئێمەدا بمێنێتەوە. حەمەدەمینی سراجی و نویدی موعینیش بگەڕێنەوە کوردستان لای هاوڕێیانیان، قەناعەتیان پێ بهێنن کە ئەم فکرە قبووڵ بکەن لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی ئێراندایە."(٩٣)
سەرکردایەتیی حزبی تودە لە وڵاتانی بیانی دەکەوێتە هەوڵ و تەقەلادان تا کەمێک لە برینە قووڵەکانی سارێژ بکات. ژمارەیەک لە کادیرەکانی لە (کابول)، پایتەختی ئەفغانستان کۆ دەبنەوە و کۆنفرانسێک ساز دەکەن. غەنی بلوریان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و حەمەدەمینی سراجی بە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حزبی تودە دادەنرێن.(٩٤)
دەربارەی نووسینەکانی غەنی بلوریان پرسیارم لە کاک حەمەدەمینی سراجی کرد: "رات لەسەر نووسینەکەی غەنی بلوریان دەربارەی کۆنفرانسی (کابول) چییە؟" دەڵێت: "ئێمە لە رێگای مۆسکۆوە گەیشتینە کابول و بەشدارییمان لە کۆنفرانسەکەدا کرد. مام غەنی وەک پاڵێوراو بۆ مەکتەبی سیاسی و ئەزیش وەک ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی، حەسەنی ماوەرانیش بارمتە بۆ کۆمیتەی مەرکەزی. تەمەنی پەیوەندییەکان یەکجار کورت بوو، زۆری نەخایاند پەرت و بڵاوەیمان تێکەوت. مام غەنی و حەسەن کەوتنە ئەڵمانیا و منیش بۆ سوید و بووینە پەنابەر. رێکخراوەکەش شیرازەی پچڕپچڕی تێکەوت و پەرتوبڵاو بوو."(٩٥)
لە هەشتاکانی سەدەیی پێشوودا، خاکی کوردستان کەوتبووە نێو دوو جەنگی سەختی وێرانکەرەوە، جەنگی عیراق و ئێران و ئەو جەنگەی رژێمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستانیدا سەپاندبوو و بە جۆرەها چەگی قورس و

سووک کەوتبووە گیانی گەلەکەمان.
حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕووبەڕووی پەلاماردان و شەڕێکی دڕندانەی ئەرتەش و پاسداری ئیسلامی بووبووەوە و بە هەموو هێز و تواناوە، چالاکانە، بەرگری لە گەلەکەی دەکرد. دژ بە ناحەوندەکان و کۆنەپەرستان ئاڵای خەباتی پیرۆزی بە ئاسمان دەگەیاند.
لە قووڵایی ئەو کێشە و ناکۆکییە دژوار و چڕوپڕانەی کە چواردەوریان گرتبوو، لە ڕووی پرۆپاگەندە و ڕاگەیاندن و پەیوەندیی بە وڵاتانی بیانی و هێزە چەپ و پێشکەوتووخوازەکانەوە، بێوچان تەقەلای دەدا و بایەخێکی تایبەتی بەو پەیوەندییانە دەدا. کۆششی دەکرد لەو گۆڕان و دراما سەرسووڕهێنەرانەی لە شانۆگەری نێوان دەوڵەتاندا نمایش دەکرا، گۆشەگیر نەبێت.
ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١١ لە ئاکامی تەقەلای زۆری شەهید د. قاسملو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئەندامێکی رەسمی لە ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتەکانی جیهاندا وەرگیرا. ئەم هەنگاوە لە زۆر ڕووەوە بۆ دۆزی گەلی کوردستان سوودبەخشە، کەچی لە لایەن نەیارانی قاسملو و کەسانی دواکەوتوو و ئەوانەی دۆگمای فیکریان هەیە بە هەڵەکردنێکی مەزن و لادان لە ڕێبازی شۆڕشگێڕی و کوردایەتی و چەپی ڕاستەقینە لە قەڵەم درا و هێرشی ناڕەوا و بێمانای دەکرایە سەر و چەندان تاوانی ئاراستە دەکرا.[٩٦]

## ١٤- کەرتکردنێکی تر لە ڕیزی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا

لە بارێکی یەکجار گرژ و دژواردا، ڕۆژی ١٩٨٨/١/٨، حزبی دیموکرات بە ئاگاداری حکوومەتی بەعسی عیراق بە نهێنی کۆنگرەی هەشتی ڕێکخست و کەوتە تاووتوێکردن و دەرسکردنی ئەو جیاوازی و ناکۆکییانەی لە ڕیزی کادیرە سەرەکییەکانیدا سەریان هەڵدابوو. لە کۆنگرەدا دەمەتەقە و باس و لێدوانی توند و دەربڕینی ڕەخنە و نارەزایی لەسەر ڕێبازی سیاسی گران و

ڕەخنەیش لە هەندێک لە کردەوە تاکڕەوییەکانی د. قاسملو کرا. لە کۆتاییدا، کۆمیتەی مەرکەزی و دەفتەری سیاسی بە دەنگدان هەڵبژێردران و د. قاسملو بە سکرتێری یەکەم و شەهید د. سادقی شەرەفکەندی بە جێگری هەڵبژێردران.

زۆری نەخایاند، ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣، جارێکی تر کەرتکردنێکی ناڕەوای بێمانا لە لایەن ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکانەوە وەک جەلیل گاداتی، حەسەنی ڕستگار، نەبی قادری، حوسێنی مەدەنی، ئەبوبەکری ڕاد، حەمەخانی مروەتی و (١٨) کادیر و ئەندامی دیکەوە ڕاگەیەنرا. خدر مەرەسینە نووسیویەتی: "کۆبوونەوەکە لە ماڵی من لە قەلادزە سازکرا."(٩٧)
کەرتکەرەکانی لە ژێر ناوی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕی)دا دەستیان بە کار کرد. دووبەرەکی و کێشەی ناڕەوا و بێمانا دژ بە یەکتری ئەنجام دەدران. کوشتن و ڕاونان، شەڕەجوێن و دۆزینەوەی ناووناتۆرە و ڕیسواکردنی یەکتری گەیشتبوونە ئەوپەڕی پلەی توندوتیژی. سەیر لەوەدا بوو هەردوو لایەنیش پەیوەندییان بە حکوومەتی بەعسی عیراق و موجاهیدینی خەڵکی ئێرانەوە بەهێز بوو و کۆمەک و یارمەتییان لەوانەوە پێ دەگەیشت. کەرتکردنەکە زیانی زۆری گەیاند و بە سەدان ڕۆڵەی ئازا و چاونەترسی کورد وازیان لە تێکۆشانی حزبایەتی هێنا و لە ڕیزی ڕێکخراوەکانی هەردوو لا دەرکەوتن. خەڵکی کوردستانی دووچاری نیگەرانی و نائومێدی بوو و وورەی جەماوەرەکە دابەزی. بڕوا بە هەردوو لایان کەم بووەوە و ژمارەی ڕاکردووان بۆ وڵاتانی بیانی زێدەبەدەر لە سنوور تێپەڕی و هەزاران بوون بە پەناهەندە.

دوژمنی دڵڕەش و ناپاک، داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان، شاگەشکە بووبوون. ئەرتەش و پاسداران کەوتبوونە سووتاندنی وشک و تەڕ و قڕکردن، لە ڕووی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن و هەڵبەستنی بوختان و درۆوە هەلی زێڕینیان بۆ ڕەخسا. خۆڕاگری و بەرگریکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرانبەریان کەوتبووە لاوازبوون و پاشەکشە و بێتوانایی. جگە لەمانەش

شەڕی ناوخۆ و کورد کوردکوژیی ناڕەوا و پاوانکردنی ناوچە و شوێنەکان لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی بیست ساڵێک درێژەی کێشا.

لە ڕۆژگارێکی ئاڵۆز و پڕ پرۆسەی چڕی تێکئاڵاودا، ڕووداوێک ڕووی دا، چاوەنوارِ نەدەکرا. بە پیلان و فرتوفێڵی دامودەستگاکانی کۆماری ئیسلامی، لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزی ١٩٨٩دا، د. قاسملو بە دەستی چەپەڵی پیاوکوژانی تاوانبار لە شاری ڤییەنا؛ پایتەختی نەمسا، شەهید کرا. شەهیدکردنی ئەو کەڵەمێردە بە زیانێکی مەزن و پڕ ئازار دەژمێردرێت. بە ڕاستی سیاسەتمەدارێکی لێهاتووی زانا و ڕۆشنبیر و بەتوانای کەموێنە بوو لە کوردستاندا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کەموکووڕی لە ژیان و تێکۆشانی سیاسیدا نەبووە.

د. سادقی شەرەفکەندی(×) شوێنی گرتەوە، ئەوەی کە یەکجار شیاوی بیرکردنەوە و ماتەمینی بوو و ژان و ئێشی لە دڵ و دەروونادا پەیدا کرد، دوای سێ ساڵ، بە نەخشە و پلانی گڵاوی ناخوێندەکان لە ئاکامی بێباکی و حسێب نەکردن بۆ دڵڕەقی و ناپاکیی دوژمنانی سەرسەختی گەلەکەمان، ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٧، د. سادقیش لە ئەڵمانیا بە دەستی تاوانباران شەهید کرا و بەمە برینەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پڕ ئازار و قووڵتر

(×) سادقی شەرەفکەندی: ڕۆژی ١٩٤٨/٢/١١ لە گوندی (چەرخە) ناوچەی بۆکان چاوی بە دونیا کەوتووە. باوکی زوو کۆچی کردووە و دونیای بە جێ هێشتووە. لە لایەن براگەورەکەیەوە، هەژاری شاعیر، پەروەردە کراوە. ساڵی ١٩٥٨ لیسانس لە کیمیا وەردەگرێت. ساڵی ١٩٦٥ لە وەرمێ مامۆستای قوتابخانە دەبێت، لە دواییدا دەگوازرێتەوە بۆ تاران و ساڵی ١٩٧٢ وەزارەتی زانستی دەینێرێتە فەرەنسا و دوای چوار ساڵ شەهادەی دکتۆرا لە کیمیا وەردەگرێت. لە ١٩٧٣دا بە ڕێگای شەهید د. قاسملووە پەیوەندی بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەکات و لە کۆنگرەی چوارەمی حزبەکەدا، ساڵی ١٩٨٠، بە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی هەڵدەبژێردرێت. دوای شەهیدکردنی د. قاسملو بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی دەبێت بە سکرتێری یەکەمی حزب و ڕۆژی ١٩٩٢/٢/١٧ لە بەرلین بە دەستی پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید دەکرێت.

بوون، پاشان مستەفا هیجری شوێنی گرتەوە و لە ڕۆژی ١٩٩٥/٤/٤٢یشدا مەلا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە سکرتێری حزبەکە هەڵبژێردرا و تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە.

دوای چەندین ئەزموون و تاقیکردنەوە تاڵ و تفت و پڕ لە قوربانیدان و کات بەفیڕۆدان، زەرەر و زیانی بێ سنوور لە هەردوو لا کەوتن، بەڵام لە ئاکامدا بارێکی تری نوێ لە ڕیزی دڵسۆزانی ئایندەی گەلی کوردستاندا هاتە کایەوە و هەردوو لایەن، حزبی دیموکرات و ڕابەرایەتیی شۆڕشگێڕ، هەنگاو بە هەنگاو، لە یەکتری نزیک بوونەوە و دیدەنی و گفتوگۆی زۆر لەنێوانیاندا ئەنجام دەکرد.

لە کۆتایی ١٩٩٦دا هەردوو باڵ یەکیان گرتەوە و بە کارێکی ڕەوا و پیرۆز پێشوازی لێ کرا و دڵ و دەروونی سەرلەبەری کوردپەروەرانی شاد کرد و لە ڕۆژی ١٩٩٧/١/٨دا بە بەیاننامەیەکی هاوبەش لە ژێر ناوی دێرینی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا یەکبوونەوەیان وەک مۆژدەیەکی خۆش بە گەلی کوردستان ڕاگەیاند.

لە کۆتایی ساڵی دووهەزاردا حزبی دیموکرات کۆنگرەی دوانزدەیەمینی بەست و کۆمیتەی مەرکەزی و دەفتەری سیاسیی نوێی هەڵبژارد. مەلا عەبدوڵڵای حەسەنزادەش بە سکرتێری یەکەمی حزبەکە هەڵبژێردرا.(٩٨)

## ١٥- کورتەیەک لەسەر کۆڕ و کۆمەڵەکانی تر

دوابەدوای سەرکەوتنی کودەتاکەی شا/زاهیدی ڕژێمە کۆنەپەرستەکەی ئێران، بەبێ پشوودان و بە توندی، کەوتە ڕاونان و بەربەرەکانێکردنی گشت هێز و بەرهەڵستکارییەک کە گومانی بزووتنەوە یان سەرپێچیکردنی لێ بکرایە. ئێرانیان بۆ زانا و پیاوە ناودارەکانی شیعە، ڕێکخراوەکانی حزبی تودە، حزبی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە گرووپ و کۆڕ و کۆمەڵی تر کردبووە دۆزەخ و شوێنی ژیان و حەوانەوە یەکجار دژوار و ناخۆش کرابوو.

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی پێشوودا گرووپی فیدائیانی ئیسلام، دامودەستگای نواب سەفەوی، بە چەک ڕووبەڕووی ئامێرە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتەکە دەوەستان. پیاوانی میری و لایەنگرانیان تیرۆر دەکرد و قوربانی زۆریشیان دەدا.

کە کێشەی فیکری و سیاسی نێوان چینی میللی و یەکێتیی سۆڤیەتیش پەیدا بوو، سەرۆکی پارتیی کۆمۆنیستی چین (ماوتسیتونگ) وەک داڕێژەری ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕی کەوتە دژایەتیکردنی ڕێبازی حکوومەت و پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت و لایەنگرانی، دووبەرەکی و جیاوازیی فراوان لەنێوانیاندا پەرەیانسەند، پریشک و پەلوپۆی لە وڵاتانی دونیادا بڵاو بووەوە. لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەرانەوە بە جۆش و گۆش پێشوازی لێکرا و وەک تیۆرییەکی مارکسیستی ڕاستەقینە تەماشا دەکرا و دەرویشانە کەوتنە نێو شەپۆلەکان و دژایەتیکردنی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوو یەکێک بوو لە کار و ئەرکە سەرەکییەکانیان.

بەرەی هێزە چەپەکان لە جیهاندا جیاوازی و پارچەپارچەیی سیاسی، فیکری و فەرهەنگی تێکەوت. ماویستەکان بە جۆرەها شێوە و لە چەندان کەناڵەوە لە لایەن کۆنەپەرست و سەرمایەدارانی دونیاوە هان دەدران و کۆمەکیان پێدەگەیشت تا ئاگری دووبەرەکییەکە خۆشتر بکرێت. ماک و هەوێنی بیروبڕواکە گەیشتە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێرانیش یەکێک بوو لەو وڵاتانە.

غەنی بلوریان دەڵێت: "سەرەتای کێشە و پێکدادان لەنێوان چەپە توندڕەوەکانی ئێران و تیرەکانی موجاهیدینی ئیسلامی دژی دامودەستگاکانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا بۆ ساڵی ۱۹۷۰ دەگەڕێتەوە. وەک بزووتنەوەیەکی بە تەوژم کەوتنە تەقەلادان و خەباتی ڕووبەڕوو. چریکەکانی فیدایی گەل، گرووپێک بە ناوی موجاهیدین، دەستەیەک بە ناوی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ، لە چەند شوێن و کەنار سەریان هەڵدا و کەوتنە جموجووڵ و خەباتی سەخت. حکوومەتی ئێرانیش بە هەموو هێز و توانایەوە کەوتە ڕاونان و بەربەرەکانێکردنیان."(۹۹)

تکۆڵی لەوە ناکرێت کە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو دیاردە نوێیانەدا کە بە ناوی

ماویزم و شۆڕشگێڕییەوە ئەنجام دەدران، ژمارەیەک لە لاو و قوتابیانی کورد کە لە تاران و شارە مەزنەکانی ئێراندا دەژیان، یان ئەو هەزاران کاسبکار و کوردە هەژارانەی بە پان و درێژیی خاکی ئێراندا پەرش و بڵاو بووبوونەوە، دەستکورتی و چەوسانەوەی چینایەتی جێی خۆیان لە ناخ و دەروونیاندا کردبووەوە و کەوتبوونە دوای ئەو شەپۆلانەی لە ژێر ناوی سەرهەڵدان و شۆڕشگێڕیدا بەرپا دەبوون، چاونەترس و بوێرانە زەرەر و زیانیان بە ئامێر و دامودەستگاکانی ڕژێمی شای پێشوو دەگەیاند.

د. حوسێنی خەلیقی دەڵێت:(×) "یەکەم ڕووداو لەناو گشت کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات هەستی پێکرا و دەنگ و ڕەنگێکی نوێی دایەوە، ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٠دا چریکە فیدائییەلانی خەڵک هێرشیان بردە سەر بنکەی ژاندارمەری لە شاخی سیاهکەڵ و ژمارەیەکیان کوشت و زۆریشیان لێ کوژرا."(١٠٠)

شەست ساڵێک لەمەوبەر و لە ناوچە کوردنشینەکاندا و بە تایبەت لە

(×) کۆمەڵە و سەرهەڵدانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران: داوام لە دکتۆر حوسێنی خەلیقی کرد چی زانیاری لە لا هەیە دەربارەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ڕۆژهەڵات یارمەتیم بدات و منیش بە سوپاسەوە لێی وەربگرم، ئەویش بەشێک لە بەرگی سێیەمی کتێبەکەی (ژان و ژیان) کە لە ژێر چاپدایە فۆتۆکۆپی کرد و بۆی ناردم. وا لێرەدا چەند برگەیەکی لێ دەخەمە پێش چاوی خوێنەران: "دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و سەرەونخونبوونی ڕژێمی پاشایەتی، ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) لە کوردستاندا وەک ڕەوتێکی ڕامیاری هاتە گۆڕەپانی تێکۆشان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە، ڕێبەرەکان ئەم ڕێکخراوە لە کۆمەڵەدا خۆشناو بوون و لەگەڵ ڕووناکبیرانی کوردستاندا پێوەندیان هەبوو، کۆمەڵێک ڕووناکبیر وەک ماموستای قوتابخانەکان و کارکێری بنکە دەوڵەتییەکان لەو بوارەدا، بە هانایەوە هاتن. لەبەر ئەوەی هەڵگری دروشمی دیموکراتیک و لایەنگری زەحمەتکێشان بوون، لەبەر ئەوە ستەمی چینایەتی و نەتەوەیی لە درێژایی مێژوودا بڕستی لە خەڵکی کوردستان بڕیبوو، سەرەنجی زەحمەتکێشانی شار و گوندیشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. ئەوان کە خوازیاری دەسەڵاتی خەڵک و هەڵسوڕانی کاروبار بە شێوەی شورایی و ئازادیی ژنان و بەشداریی ئەوان لە هەڵسوڕاندنی کاروباردا بوون، سەرنجی ژنانیشیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. ئەمانە و نەبوونی ڕێکخراوێکی چالاکی نەتەوەیی بەتایبەت لە پاشووری خۆرهەڵاتی کوردستاندا و هەندێک هۆ و هۆکاری دی، بوونە هۆی پەرەسەندنی نفوزی کۆمەڵە. هەرچەندە سەرکردەکانی کۆمەڵە خۆیان بە مارکسیست دەناساند، بەڵام زانیارییان لەسەر ئەم-

دەوروبەری شاری مەهاباد کۆمەڵەی ژ.ک، و لە دواییدا حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەک پارتییەکی نەتەوەیی ئاڵای خەباتی بەرز کردەوە و بیروبڕوای چەپ و پێشکەوتووخواز لە هەرێمەکەدا ڕەگاژۆ بوو و بوو بە کۆتەڵێکی چەسپاو و قوربانی زۆری بەخشیوە و ناووناوبانگی مێژوویی لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی داوەتەوە.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیشدا، ئاژانسەکانی ڕاگەیاندن دەنگوباسی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی چەپی نوێی ئێرانیان بڵاو کردەوە و ناوی چەند کۆڕ و کۆمەڵی نێو ئەو بزووتنەوەیان دەهێنا.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، کەشوهەوایەکی تر هاتە کایەوە و

---

ـ ڕێبازە هەم کەم بوو لەو بوارەدا، لە ڕێگای نووسراوەکانی حزبی تودە و تێکەڵاوی ئەو ڕەوتە بووبوون. لەوانەیە باشتر بێ بڵێین زیاتر لەسەر «ماوئیزم» زانیارییان هەبوو."

دکتۆر خەلیقی لە بەشەکەدا بە تێروتەسەلی باس لەسەر کێشە قووڵەکای نێوان کۆمەڵە و گرووپی مەنسووری حیکمەت و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا تێپەڕی کردووە دەکات، تا دەگاتە ئەم بڕگەیە: "لەم بارودۆخەدا لە لایەک مەنسوور نیازی بە کۆمەڵە نەمابوو (هەروەک کۆمەڵە نیازی بە مامۆستا شێخ عیزەدین نەمابوو) بۆ ئەوە باری ئەم تێکشکانە لەسەر خۆ لابا و بیخاتە سەر ئەوان، وتی: "تشکیلات بە جێ دێڵم." کاک عەبدوڵای موهتەدی و سەید برایم مانەوە و حزبی کۆمۆنیستی خۆیان و کۆمەڵەیان ڕێبەری کرد. کاک مەنسووریش حزبی کۆمۆنیستی کارگەری پێکهێنا. دوای دە ساڵ جیایی، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری کە ڕێبەرەکانی پێیان وابوو لەمپەرەکانی پێشکەوتنیان زە لا ناوە و زەمینە بۆ گەشەکردنی ئامادەیە، نەک هەر بەرەو پێش نەچوو، بەڵکو پاشەوپاشیش گەڕایەوە، چونکە تەگەر وەک تەشکیلات ماوەیەکی کورت خۆیان لە مەیداندا دەدیت، لەبەر ئەوە بوو ڕۆڵەکانی کۆمەڵە لە ژێر ئاڵای ئەواندا گیانفیدایان دەکرد. دەنا ئێستاشی لەسەر بێ خەڵکی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوێک بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئاشنا نەبوون و نین."

دەربارەی شەڕی کۆمەڵە و حزبی دیموکرات [مەنسوور لایەنگری سەید برایمی دەگرت کە دەیوت تا بە چەکداهێنانی دیموکرات نەبێت شەڕ درێژەی هەیە] مەنسوور پێشنیاری کردبوو کە [کوردستان بە سێ بەش دابەش بکەین: ناوچەی دیموکرات، ناوچەی کۆمەڵە، ناوچەی نێوان ئەو دوو هێزە...هتد] دیسان د. خەلیقی دەڵێت: "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سیستەمی سنووری دەستکرد، بۆ ئەوەی شانەیەکی حزبی لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا هەبێت لە دایک بوو."

[لە بەشێک لە کتێبی ژان و ژیان، بەرگی سێیەمی دکتۆر حوسێنی خەلیقی وەرگیراوە]

چەندین حزب و کۆڕ و کۆمەڵ و گرووپ کەوتنە نێو گۆڕەپانی خەباتەوە و بەتەک حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ناوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی حزبی تودە، سازمانی چریک (شاخەی کوردستان) دەهاتن، کە هەڵگری بیروبڕوای چەپن و لە گەلێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕۆژهەلات ڕێکخراویان هەیە.

کە لە سەرەتای ١٩٧٩دا کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق گەیشتنە (ناوزەنگ) کەوتنە خۆڕێکخستن لە شاخ و بنیاتنانی بارەگا و بنکەی تایبەت و لە نزیکەوە زانیاریی وردمان پێ دەگەیشت و لە چەندین سەرچاوەوە ئاماژە بەوە دەکرا کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە یارمەتیدان و پشتگیریی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دامەزراوە.

کۆمەڵە زوو و کتوپڕ کەوتە دژایەتیکردنی حزبی دیموکراتی کوردستان و هێرشی ناڕەوایان دەکردە سەریان. بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی ئەوان، ڕێبازی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان گەشبین نەبوو و لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان تێکهەڵکێشرابوو و یەک جەمسەری بۆ دانرابوو. حزبی دیموکراتیان بە نوێنەری بۆرژوازیی کوردستان لە قەڵەم دەدا. تەنانەت لە هێرشەکانیاندا بڵاویان دەکردەوە کە پرۆگرام و ئامانجەکانی زیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دەگەیەنن و بەتوندی ڕەقەبەرایەتییان دەکردن. ڕاوبۆچوونەکانی سازمانی چریک بەرانبەر بە ئایندەی پرۆسەی کوردستانی ڕۆژهەلات لە ڕا و ڕێبازی حزبی تودە نزیک بوو.

هەر لە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر باری ئێراندا هات، ئیمام خومەینی و ئاخوندەکان بە نهێنی، هێدی هێدی، هەنگاویان دەنا و باری وڵاتەکەشیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵ و چنگی خۆیانەوە. خەریکی داڕشتنی نەخشە و پلان بوون کە چۆن ئاواتە ستراتیژییەکانیان بەرقەرار بکەن و چۆنیش سەرتاپای هێزە بەرهەڵستکارەکان ئابلۆوقە بدەن و لە کۆمەڵگای ئێراندا گۆشەگیر، بێهێز و بێتوانایان بکەن.

سەرکردایەتیی کۆماری ئیسلامی کەوتە هێرش و نانەوەی فرتوفێڵ دژی گەلی

کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. حزبی توده هەڵوێستی ڕاستڕەویی و ناشۆڕشگێڕی گرتبووە بەر. سازمانی چریک، کە هێزێکی چەپی بەتوانا بوو، کەرتبووتی تێکەوت و بەشی زۆرینە (اکثریت) لە ڕووی سیاسییەوە لە ڕێبازی حزبی توده نزیک بوو و هاوکاریی بەهێز لەنێوانیاندا ئەنجام دەدرا. گرووپێکیش بە ڕابەرایەتیی ئەشرەفی دەهقان ساڵی ١٩٨٠ چەکیان هەڵگرت و ڕوویان کردە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات. گرووپی هەیبەتوڵا موعینی، بە بەشێک بوو لە کەمینە (اقلیت)، هیچ بڕوایەکیان بە سیستێمی کۆماری ئیسلامی نەبوو و شەخسی ئیمام خومەینیان بە فێڵباز و ناڕاستگۆ لە قەڵەم دەدا و ئەو نەخشەیەیان پێڕەو دەکرد کە کادیر و ئەندامەکانیان بە نهێنی لە شارەکانی ئێراندا بڵاو ببنەوە و بکەونە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و هەژاراتی ئێران، هاتیان بدەن دژی ئاخوندەکان ڕاپەڕن و لە حوکمگێڕان دووریان بخەنەوە و دەسەڵاتیان لە چنگ دەربهێنرێت!

ماوە زۆری تێپەڕ نەکردبوو کە دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی کەوتنە ڕاونان و کوشتوبڕی هێزە سیاسییەکانی چەپ و دیموکراتیخوازان و ئەو کۆڕ و گرووپە ئایینییانەی لەگەڵ ڕێبازی ئاخوندەکان یەکتریان نەدەگرتەوە، بە سیخوڕ و پاسداران دەستەوارا کران بەوەی لە هەرچییەک دژی بەرهەڵستکاران و نەیاراتی کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دەدەن ئازادن و هیچ جۆرە لێپرسینەوەیان لەسەر نییە. ئێران کرا بە دەوڵەتی میلیشیا و بێیاسایی، کاری تیرۆری و بەرەڵایی و پاشاگەردانی بێسنوور بڵاو بووەوە، زەبر و زیانی هێرشکشکێنی بە ئەستۆی گشت هێزە بەرهەڵستکارەکان گەیاند و ئاخوندەکان شوێنی خۆیان سەقامگیر کرد، دەستەڵاتی وڵاتەکە بە تەواوی کەوتە چنگیان.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو حزبی توده دووچاری شکستی هات و پەیوەندی بە جەماوەری ئێران و کوردستانەوە لاواز بوو و پاشماوەی سێ کەرتەکەی سازمانی چریک لە دەرەوەی ئێران یەکیان گرتەوە و پەیوەندیان بە

گەلی کوردستان پچڕاوە.(١٠١)

سەرکردەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لایەنگرانیان پەرت و بڵاوەیان تێکەوت و کەوتنە وڵاتانی بیانی و سووربوون لەسەر هەمان ڕێبازی توندڕەوی چەپایەتیی خۆیان و کێشە و کەرتبوون لەنێویاندا دروست بووبوو.

هەر ئەوەندە زانرا و بڵاو کرایەوە کە کۆمەڵە کەوتە نێو تەڵەی ڕێکخراوێکی سەرلێشێواوی پەرێز قرێژی تەماوییەوە، کە بە ناوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانەوە قووت کرایەوە. ڕابەرەکەی کەسێکە ناوی خۆی ناوە (مەنسوری حیکمەت)(×) لە دوای ماوەیەک بەشێک لە کادیرە کۆنەکانی کۆمەڵە بۆیان دەرکەوت کە ڕێکخراوەکەی مەنسوری حیکمەت شۆڤێنیستە و فری بە تیۆریی مارکسیزمەوە نییە. بە ڕابەرایەتیی عەبدوڵای موهتەدی جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و ماوەیەک بە ناوی پارتیی کۆمۆنیستی ئێران جموجووڵیان دەکرد و کەرتکردن لەنێوان ئەوانیشدا ڕووی دا و لایەنگرانی ئیبراهیم عەلیزادە لەسەر ناوی پارتیی کۆمۆنیستی ئێران ماونەتەوە و عەبدوڵای موهتەدی و لایەنگرانی گەڕانەوە سەر ڕێبازی کۆنیان و ناوی

(×) مەنسووری حیکمەت: ئەوەی کە دەربارەی (ژوبین ڕازانی) واتا مەنسووری حیکمەت لە یادم ماوەتەوە. لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥دا کاتێک کە (ژوبین) لە زانکۆی شیراز شاگرد بوو، لەگەڵ پەرتووکە ڕۆمانەکاندا ئاشنایی پەیدا کرد. ئەم کاتە (ژوبین) بە هیچ جۆرێک پەیوەندی بە هیچ دەستە و کۆمەڵەیەکەوە نەبوو، بە واتایەکی تر هیچ جۆرە هۆشیارییەکی بۆلەتیکانەی نەبوو، کە ببێتە هۆیە بۆ سەرنجڕاکێشانی دامودەستگاکانی دەوڵەت، لەگەڵ ئەمانەشدا (ژوبین) لە لایەن (ساواک)ەوە بانگ کرا و بە ئامۆژگاریی باوکی کە ناوی (محەمەد حسێن) بوو، چەند ڕۆژ لای ساواک مایەوە. (ژوبین ڕازانی) بەڵێنی گوێڕایەڵی و هاوکاریی توندوتۆڵی بە ساواک دا. پاش ئەم چەند ڕۆژەی لای ساواک مایەوە پاشان مەرەخەس کرا و گەڕایەوە ماڵەوە. هەر بە ئامۆژگاریی باوکی و براکەشی کە ناوی (شاهینی ڕازانی)یە ناوەکەی ئێستای (خوسرەوی داوەر) بۆ هاوکاری و پەرژەوەندیی (ساواک) گوێڕایەڵ کرا. ئەم دوو برایە بۆ درێژەدان بە خوێندن بەرەو ئینگلستان چوون و لە پەنای خوێندنەکەیاندا (ساواک)یان لە دەورووبەرەکەیان ئاگادار دەکردەوە، تاوەکو ئەو دەمەی ڕاپەڕینی شۆڕشی گەلانی ئێران سەریهەڵدا.

[بڕوانە: مەنسوور حیکمەت لەنێوان چەکوش و سندانداا، نووسینی ئاگراس زەردەشتی ١٩٩٧/٩/١٠]

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان ژیاندەوە. کێشە و ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە. ژمارەیەک لە کوردیش لە گرووپەکەی مەنسووری حیکمەتدا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا ماونەتەوە.

لە ستۆکهۆڵم پەیوەندیم بە کادیرێکی پێشووی کۆمیتەی شاخەی کوردستان، ڕێکخراوی سازمان چریک (زۆرینە/اکثریت)، ئەحمەد لیادی، کرد و چەند پرسیارێکم ئاڕاستە کرد لە وەڵامدا گوتی: 'لە ڕووی کارکردنی سیاسییەوە پەیوەندیم لەگەڵیاندا نەماوە، وەلێ کەمێک ئاگاداریم لەسەریان هەیە و پاشماوەی دوو باڵەکەی ئەشرەفی دەهقانی و هەیبەتوڵا موعینی بوونەتەوە بە یەک ڕێکخراو و بە هاوکاریکردنی توند و پتەو ئیشوکارەکانیان ئەنجام دەدەن، کە لە وڵاتانی بیانیدا کارەکانی هەموو لایەنەکان بریتییە بە بایەخدان بە ڕاگەیاندن و خۆڕۆشنبیرکردن و پاراستنی هەڵوێست و بیروبڕوا. باڵی زۆرینە لە وڵاتانی هەندەران ڕێکخراو و لق و پەیوەندی خۆی هەیە. ژمارەیەک لە لاوانی کورد لەگەڵیاندا ماون. وا بزانم لە ناوەوەی ئێران لە هەندێک شار و ناوچەکان لایەنگر و ئەواتی ڕێکخراوی نهێنیان هەیە. تێکشکان و هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیست، گۆڕانی بنەڕەتیی قووڵی بەسەر ڕاوبۆچوونەکانیادا هێنا، دروشمەکانی کۆنیان واز لێهێناوە. دەتوانم بڵێم ستراتیژی سەرەکییان لە هەلومەرجی ڕۆژگاری ئێراندا، بووەتە دروشمی پاراستنی مافی مرۆڤ، دیموکراسییەت، بەرگریی تەواو لە پاراستنی یەکێتیی خاکی ئێران و، دژی پارچەکردنی وڵاتەکەن چا لە ژێر هەر ناو و بەرژەوەندییەکدا بێت.'(*)

کاک ئەحمەد گوتی: 'ژمارەیەک کوردیش لەگەڵ گرووپەکەی مەنسووری

---

* بە بڕیاری سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق پاییزی ١٩٨١ لە تاران کۆبوونەوەم لەگەڵ شاندێکی سازمانی چریک (باڵی زۆرینە)دا کرد. لە فەڕوخی نیگاهدار، سکرتێری گشتی و عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسیاری دەفتاتان پێکهاتبوو.
لە گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبڕوا و ڕا لەنێوانماندا هەستم کرد کە هەڵوێستی فەڕوخ بەرانبەر بە دۆزی کورد و ئایندەی کوردستان گەلێک لە ڕێبازی سیاسیی حزبی تودە و حزبی شیوعیی عیراق پێشکەوتووترە. ماوەیەک پێش ئێستا پرسیارم کرد فەڕوخ چی بە سەر هات و لە کوێ دەژی، ئاگاداریان کردم کە کەوتووەتە هەندەران و یەکێکە لە کادیرە سەرەکییەکانی سازمانی چریک (باڵی زۆرینە). بەرانبەر بە دۆزی کورد و گەلی کوردستان لەسەر گشت ڕا و بۆچوونەکای پێشووی پاشگەز بووەتەوە و سەرگەرمانە بەرگری لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکات.

حیکمەت (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران) ماونەتەوە و جموجووڵی ڕاگەیاندن و کاری سیاسییان لە هەندێک شوێن بەدی دەکرێت." [لە چەند لاوە گوێبیست بووم کە پارتیی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق لقێکە لە پارتییەکەی مەنسووری حیکمەت. فاتح]

ماوەی بیست ساڵ زێدەترە ڕژێمی پاشایەتیی بنەماڵەی حەمەڕەزاشا لە ئێران ڕووخێنرا و لە شوێنیدا کۆماری ئیسلامی بنیات نرا. لە هەموو ڕوویەکەوە باری سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، فیکری و فەرهەنگییەوە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە. کێشە و ناکۆکییەکان بە شێوازی تر سەریان هەڵدا، ئاخوندەکان بە ڕابەرایەتیی ئیمام خومەینی کەوتنە ئەشکەنجەدان و گوشاربردن و ڕاونان و پاکتاوکردنی بەرهەڵستکاران لە هەر لا و بەرەیەکدا، کەشوهەوایەکی تیرۆریستی یەکجار ترسناکیان لە سەرانسەری ئێراندا دروست کرد. شوێنی حەوانەوە و ژیانی پڕ ئاسوودە بۆ دیموکراتیخوازان، ڕۆشنبیران و بەرهەڵستکاران سەخت دژوار بوو.

ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە گشت کۆڕ و کۆمەڵێک، لە گشت پارت و ڕێکخراوێک، لە گشت نەتەوەکانی وڵات ئێرانیان بە جێ هێشت و ڕایانکردە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بوون بە پەناهەندە. لەنێوانیاندا کەسانی لێهاتوو و ناودار، نووسەر و سیاسەتمەداران، نەتەوەپەرستان و دیموکراتیخوازان هەن. دامودەستگاکانی ئاخوندەکان بە سووربوونێکی توند و ڕەقەوە دژایەتی گشت لایەکیان کردووە، هەمیشە بۆ لەناوبردنیان نەخشە و پلانی نامرۆڤانەیان داڕشتووە و زەرەری زۆریشیان بە هێزە پێشکەوتووخوازەکان گەیاندووە.

لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران، گەلە مافخوراو و چەوساوەکان لە خەباتکردندا بەردەوامن، تێدەکۆشن ڕژێمەکە بە تەواوی بتەکۆڵ بکەن، بە مەبەستی سازدانی ئەو ساتەی باری گونجا بۆیان دەرەخسێت و ڕژێمی ئاخوندەکان دەڕووخێنن.

لە دەرەوەی ئێرانیش چەندەها کۆڕ و کۆمەڵ و پارتی، بڵاوکراوە و ڕۆژنامە دەردەخەن و بە فراوانی لە دژی کردەوە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامی و

بیروبۆچوونە ڕاوەستاوەکانی لە کارکردندان، بە ئاواتی شکاندنی ئەو کۆت و زنجیرەی لە سەدەی بیستویەکەمدا لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا تێیدا شەتەک دراون.

بەرانبەر بە ئایندەی گەلی کوردستان، ئەگەر بابەتییانە بەراوردێکی زانستانەش بکرێت، لە مێژووی گەلی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا، بە ڕا و بۆچوونم، هێندە دیاردە بەدی دەکرێت کە لەم سالانەی دواییدا ئەنجام دراون و وەک سەرەتایەک بۆ چوونە پێش و پێشکەوتن دەژمێردرێن. لە ڕووی فەرهەنگی، ڕۆژنامەگەری، خوێندن و نووسینی زمانی کوردییەوە، لە ڕووی ناسنامەی نەتەوەییەوە، لە ڕووی بەشداربوون لە پەرلەمان و سازکردنی فراکسیۆنی کوردی و...تاد، هەرچەندە بنەڕەتی و تەواو نییە، وەلێ بۆ دۆزی گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات بە پێشکەوتن دەژمێردرێت.

لە کەشوهەوای سەردەمدا پێویستە بە زووترین کات گشت هێزەکانی چەپی کورد و، ئەو کۆڕ و کۆمەڵە کوردییانەی لە دەرەوەی ئێرانن و کێشەی لاوەکی لە یەکتری دابڕیون [کە بە ڕای تایبەتیم فریان بە ڕاستی و ڕەوایی کێشەی گەلی کوردستانەوە نییە] یەک بگرن و هاوکاری یەکتر بکەن. پێویستە بگەن بە بنیاتنانی بەرەیەکی دیموکراتییانە و بە دووربینی و هێمنی و دوور لە عەقڵیەتی توندڕەوی و هەڵوێستی چەوتی ناڕەوا و سەرلێشوایی، سوود لە باری سیاسیی ئێستای ئێران بە دەست بهێنن و باشترین قازانج بە هێزەکان خۆیان و بە گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات و پرۆسەی سەرتاپای کورد بگەیەنن، کە جووڵانەوە و تەقەلا و قوربانییەکانی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی سەرهەڵدانی دۆخی بیری چەپ و پێشکەوتووخوازیدایە.

## سەرچاوەکان:


١- چارەڕەشی وەرزێر، ئەحمەدی خودادە، وەرگێڕی دکتۆر عەبدوڵا مەردوخ.

٢- دکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو، کردستان والاکراد، ص٢-١-١٥٦

٣- چارەڕەشی وەرزێر، ل٢١

٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٢

٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٥

٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٦-٢٧

٧- دکتۆر کەمال مەزهەر، کردستان في سنوات الحرب العالمیه الاولی، ص١٠٢

٨- دکتۆر جەبار قادر، ئەبو قاسمی لاهوتی، ل٦

٩- هەمان سەرچاوە، ل٩

١٠- دکتۆر کەمال مەزهەر، کردستان في سنوات الحرب العالمیه الاولی، ص١٠٢

١١- چارەڕەشی وەرزێر، ل٢٠

١٢- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەری یەک، ل٣٢

١٣- هەمان سەرچاوە، ل٣٤

١٤- الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ترجمه: وليد حمدي، ص٢٩١

١٥- دکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو، کردستان والاکراد، ص٣٧

١٦- الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ترجمه: وليد حمدي، ص٢٩٢

١٧- محەمەد ڕەسول هاوار، سمکۆ و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، ل١٧٥-١٨٠؛

١٨- هەمان سەرچاوە، بڕوانە: بەشی حەوتەم و هەشتەم.

١٩- د. کەمال مەزهەر، دراسه في تاريخ ايران المعاصر، ص٣٤٨

٢٠- محەمەد ڕەسول هاوار، سمکۆ و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، ل٢٠١

٢١- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٦

٢٢- هەمان سەرچاوە، ل٧٦

٢٣- دکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو، کردستان والاکراد، ص١٤٥-١٨٠

٢٤- هێمنی شاعیر، تاریک و ڕوون، ل٦ تا ١١

٢٥- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی یەک، ل٤٠

٢٦- هەمان سەرچاوە، ل١١١

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل١٣٩

٢٨- هەمان سەرچاوە، ل١٤١

٢٩- هەمان سەرچاوە، ل١٤٧

٣٠- دکتۆر عەبدولستار تاهیر، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص٢١٤

٣١- هێمنی شاعیر، تاریک و ڕوون، ل٢٢

٣٢- عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی، ل٢١

٣٣- د. ع. قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٣٢

٣٤- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی یەک، ل١٧٢-١٧٤

٣٥- هەمان سەرچاوە، ل١٨٢

٣٦- هەمان سەرچاوە، ل١٧٨-١٧٩

٣٧- هەمان سەرچاوە، ل٣٠٩
٣٨- هەمان سەرچاوە، ل٢١٣
٣٩- هەمان سەرچاوە، ل١٧٥
٤٠- الحركة الكردية في العصر الحديث، مجموعة كتاب السوفيت، ص٢٠٢
٤١- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣
٤٢- كريس كوچيرا، الحركة القومية الكردية، ص١٧٩
٤٣- جەلال تاڵەبانی، کوردایەتی، ل٩١
٤٤- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی یەک، ل٢٤٠
٤٥- د. ع. قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل
٤٦- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی یەک، ل١٩٧-٢٠٠
٤٧- دکتۆر عەبدولستار تاهیر، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن، ص٢٢٢
٤٨- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥
٤٩- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥-٢٦٦
٥٠- الحركة الكردية في العصر الحديث، مجموعة كتاب السوفيت، ص٢٤٨
٥١- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی یەک، ل٩٢
٥٢- هەمان سەرچاوە، ل٦٤
٥٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٤
٥٤- هەمان سەرچاوە، ل٦٦
٥٥- هەمان سەرچاوە، ل٦٧
٥٦- الحركة الكردية في العصر الحديث، مجموعة كتاب السوفيت، ص٢٤٨
٥٧- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی یەک، ل٩٢
٥٨- د. ع. قاسملو، گۆڤاری تێکۆشەر، ژمارە ٢٧، دەورەی دووەم
٥٩- جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، کورتەی مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستان، ل٨٤-٨٥
٦٠- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ل١٠٠
٦١- هەمان سەرچاوە، ل١٠٢-١٠٣
٦٢- هەمان سەرچاوە، ل١١١
٦٣- عەبدوڵا حەسەنزادە، نیوسەدەی تێکۆشان، ل١٧
٦٤- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ل١٢٦
٦٥- هەمان سەرچاوە، ل١٢٥
٦٦- هەمان سەرچاوە، ل١٣٠
٦٧- هەمان سەرچاوە، ل١٤٥
٦٨- هەمان سەرچاوە، ل١٤٦
٦٩- دیدەنی لەگەڵ حەمەرەمین سراجی
٧٠- سەعید کوێستانی، ئاورێک لە بەسەرهاتی خۆم و رووداوەکانی نێو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ل٨٧-٩٢
٧١- خدر مەعروسەنە، ئاوێنەی راستییەکان، ل٦١
٧٢- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ل١٦٨ تا ١٨٤
٧٣- خدر مەعروسەنە، ئاوێنەی راستییەکان، ل٥٨

٧٤- سەعید کوێستانی، ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم..ل٧٥-٧٨
٧٥- دیدەنی لەگەڵ حەمەدەمینی سراجی
٧٦- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ل١٨٣
٧٧- دیدەنی لەگەڵ حەمەدەمینی سراجی
٧٨- دیدەنی لەگەڵ حەمەدەمینی سراجی
٧٩- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ل١٩١-١٩٢
٨٠- هەمان سەرچاوە، ١٩٨
٨١- عەبدوڵا حەسەنزادە، نیوسەدەی تێکۆشان.
٨٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٨-٢٩
٨٣- خدر مەرەسەنە، ئاوێنەی ڕاستییەکان، ل٧٥
٨٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٦
٨٥- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ل٢١٣-٢١٦
٨٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٤
٨٧- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٨
٨٨- عەبدوڵا حەسەنزادە، نیوسەدەی تێکۆشان، ل٧٠
٨٩- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ل٢٤٠
٩٠- دیدەنی لەگەڵ حەمەدەمینی سراجی
٩١- دیدەنی لەگەڵ حەمەدەمینی سراجی
٩٢- عەبدوڵا حەسەنزادە، نیوسەدەی تێکۆشان، ل٤٦
٩٣- هەمان سەرچاوە، ل٧٠
٩٤- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، ل٢٦٣
٩٥- هەمان سەرچاوە، ل
٩٦- دیدەنی لەگەڵ حەمەدەمینی سراجی
٩٧- عەبدوڵا حەسەنزادە، نیوسەدەی تێکۆشان، بەرگی دووەم، ل١٤٢
٩٨- خدر مەرەسەنە، ئاوێنەی ڕاستییەکان، ٢١٨
٩٩- هەمان سەرچاوە
١٠٠- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، ل٢٦٠
١٠١- د. حوسێنی خەلیقی، ژان و ژیان، بەرگی سێیەم، ل١٦١-١٦٧
١٠٢- هەمان سەرچاوە، ل١٧٩-١٨٠
١٠٣- دیدەنی لەگەڵ ئەحمەدی لباد

# بەشی پێنجەم: کوردستانی باشوور

## ١- داگیرکردنی کوردستانی باشوور لە لایەن سوپای بریتانیاوە

بە تێکشــان و ڕووخــاندنی بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان (مــحــوره) کــە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەڵمانیا پێکهاتبوو، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا، جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات. ڕۆژی ١٩١٨/١١/٨ سوپای بریانیا گەیشتە شاری موسڵ و دەوروبەری. هەر سێ ویلایەت، بەسرە، بەغداد و موسڵ، بەتەواوی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکانەوە و یەکسەر چەند بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنیان لە سەرتاپای هەر سێ ویلایەتدا بڵاو کردەوە و وا خۆیان پیشان دەدا کە ئەوان داگیرکەر نین و یاریدەدەرن و بۆ ئەوە هاتوون جەور و ستەمی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر دانیشتووان نەهێڵن! تا ئەو کاتەش وڵاتێکی سنووردیارکراو لە نەخشەی جوگرافیادا نەبوو پێی بگوترێت عیراق، وەک ئەو عیراقەی کە ئەمە هەشتا ساڵە لە یەک چوارچێوەدا دانراوە.

گۆڕان و گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەر باری جیهاندا هات و کاری کردە سەر ڕەوتی مێژوویی و داهاتووی گەلێک لە وڵات و گەلانی جیهان. سەرەکییەکان ئەمانە بوون:

١- لە ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا، پارتیی بۆلشەویک لە ڕووسیای تساریدا بە فراوانترین شۆڕشی چینایەتیی مارکسیستی هەڵسا. گشت وڵاتەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای گرتەوە و دەسەڵاتی گرتە دەست. کتوپڕ چەند مەرسوم و یاسای گرنگیی شۆڕشگێڕانەی ڕاگەیاند، وەک مەرسومی ڕاگرتنی خۆدوورخستنەوە لە جەنگە بەدناوەکەی یەکەمی جیهانی، مەرسومی ئاشتی لەگەڵ وڵاتان، مەرسومی زەوی بۆ ڕەنجبەر و

هەژارانی لادێ، مەرسوومی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی گەورە و بچووک،[×] بانگەواز بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات و ئاسیا کە دژی ئیمپریالیست، داگیرکەران و چەوسانەوە ڕاپەڕن و شۆڕش بکەن و... تاد. ئەو ڕێککەوتننامە نهێنییانەی لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالیست و زلهێزەکاندا هەبوون ئاشکرا[××] و ڕیسوای کردن.[١]

٢- سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ ویلسن[×××] ڕۆژی ١٩١٨/١/٨ چواردە خاڵی گرنگی وەک پرنسیپێک بۆ داهاتووی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و گەلانی دونیا بڵاو کردەوە و لە خاڵی چواردەمیدا هاتبوو: "پێویستە ماوەی تەواو ساز بکرێت کە ئەو گەل و کەمەنەتەوانەی لە نەژادی تورک نین و لە سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدان، مافی سەربەخۆییان پێ بدرێت، کە بە تەواوی وڵاتانی عەرەب و کوردستان دەگرێتەوە."[١]

هەرچەندە چواردە خاڵەکەی ویلسن کاری پێ نەکرا، بەڵام لە سەرەتادا بوو بە هاندەر و هۆشیارکەرەوەی گشت ئەو گەلانەی لە ژێر پۆستاڵ و قامچیی ئیمپریالیستەکاندا دەیانناڵاند.

٣- کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس گیرا، ڕێککەوتننامەی ڕاگرتنی جەنگ و باری ئاشتی بە جیهان ڕاگەیاند، بڕیاری سازدانی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم)ی وەرگرت. هەر زوو دۆزی گەلی کوردستان خرایە پێش کۆبوونەوەکانی و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە شێوەیەکی ڕەسمی ناوی کورد و کوردستان کەوتە سەر مێزی دەوڵەتانی دونیا.

---

(×) هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بە ماوەیەکی کەم، فینلاندییەکان، کە وڵاتەکەیان سەدان ساڵ بوو وەک پارچەیەک لە ڕووسیا سەیر دەکرا، داوایان لە حکوومەتی سۆڤیەتی کرد، کە لینین ڕابەری بوو، کە خواستی جیابوونەوەی وڵاتەکەیان پەسند بکەن و بە مافی چارەی خۆنووسین بگەن، بەبێ گێرەوکێشە سەرکردایەتیی حکوومەتی سۆڤیەت خواستەکەیانی بەدی هێنا.

(××) ساڵی ١٩١٦، لە کاتی جەنگدا، ڕێککەوتننامەیەکی نهێنی نێوان ڕووسیای تساری، بریتانیا و فەرەنسا مۆر کرابوو و تێیدا دیار کرابوو، دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکە، چۆن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن.

(×××) ویلسن: لە بەشی کوردستانی باکوور لەسەر ویلسۆن نووسراوە.

٤- زۆری نەخایاند کێشە و ململانێی توند لەنێوان وڵاتە زلهێزەکان، بە تایبەت لەنێوان دوو دەوڵەتی ئیمپریالیست؛ بریتانیا و فەرەنسا، سەریان هەڵدا. لە پێناو دەستگرتن بەسەر ناوچە ستراتیژییەکان و سەرچاوەکانی پترۆڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەریەکێک لەو دوو دەوڵەتە، سەرگەرمانە، تەقەلای دەدا کە بەهادارترین و دەوڵەمەندترین ناوچە لە ڕووی ئابووری و جیوپۆلیتیکییەوە بگرێتە دەست خۆی. ناکۆکی و کێشە لەسەر سوریا و ویلایەتی موسڵ،[×] دژوارترین باری بە خۆوە گرت. پێش جەنگەکە بە چەندان ساڵ، ئیمپریالیزمی بریتانیا و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی بایەخیان بە کۆکردنەوەی زانیاری و پەیداکردنی شارەزایی لەسەر کوردستان دابوو و لە ڕێگای سیخوڕ و نێردراوەکانیانەوە ئاگاداری و زانیاری پڕ بە خواستەکانی خۆیانیان لا کۆ ببووبووەوە.

هەر کە سوپاکەیان گەیشتە شاری سلێمانی، میجەرسۆن کە ماوەی چەند ساڵ بوو بە ناوی (غولام حوسێن)ەوە لە بەرگی خزمەتکاریدا لەماڵی وەسمان پاشای جاف خۆی حەشار دابوو کرا بە دادوەری سیاسیی شارەکە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباریش بە شێخ مەحمودی حەفید سپێردرا.

زۆری نەخایان کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە کەوتە بەر ئیدارەکەی شێخ مەحمود و ناحەزان و دوژمنانی نەتەوەکە کەوتنە نانەوەی فرتوفێڵ و پلان و بە هۆی کەمشارەزایی و نەبوونی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە لە لایەن شێخ مەحمود و دەوروبەرەکەیەوە، لە دوای (١٥٥) ڕۆژ لە بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکەدا، شەڕ و پێکدادان لەنێوان سوپای ئینگلیز و هێزەکانی شێخ

---

(×) هەموو کوردستانی باشوور، لە شاخی زەنگار و لێوارەکانی ئاوی دیجلەوە، بە درێژایی ڕۆژهەڵاتی شاخی حەمرین تا مەندەلی و سەعدیە و خانەقین. ماوەی پێنجسەد ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ناو نرابوو ویلایەتی موسڵ.

مەحموودا دەستی پێکرد و ڕۆژی ١٩١٩/٦/١٧ لە شەڕی (دەربەندی بازیان)دا[×] شێخ مەحموود بە بریندار‌ی دیل کرا و لە عیراق دوور خرایەوە.[٣]

باری کوردستان شیواو و ئاڵۆزی بەسەردا هات، ڕۆژ دوای ڕۆژ گرژتر و دژوارتر دەبوو، مەترسی و نائارامی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە پەیدا بوو و ئەمەش بۆ کۆمەڵێ هۆ و هۆکار دەگەڕایەوە:

١- ڕاپەڕینی مستەفا کەمال لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و تەقەلادانەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر ویلایەتی موسڵدا.

٢- بڵاوبوونەوەی بیروبڕوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا و بۆلشەویکەکان لەنێو خوێندەوار و لاوان و هەژارانی کوردستاندا.

لە هەمان ڕۆژگاردا دادوەری ئینگلیز ل شاری کەرکووک، لونکریک، بە پەلە نامەیەک بۆ حکوومەتی بریتانیا دەنێرێت، کە تێیدا هاتووە: "بیروبڕوای سەربەخۆیی لە تورکیادا دەگاتە نێو کوردەکانی باشوور، هۆیەکەشی بۆ کار و کردەوەی بۆلشەویکەکان دەگەڕێتەوە." [مستەر (نوئێل)یش لە یاداشتەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە بیروبڕوای بۆلشەویکی لە کوردستانی سەری هەڵداوە.][٤]

لە چاوپێکەوتنێکی د. کەمال مەزهەر ئەحمەددا لەگەڵ کۆچکردوو ئیسماعیل حەقی شاوەیس، کە کوردپەروەرێکی ڕاستگۆ و دڵسۆز، خوێندەوار و پێشکەوتووخواز بوو و تەمەنی لاوێتی لە ئەستەنبوڵ بەسەر بردبوو، دەڵێت: "ڕەوشەنبیرانی کورد ئاگاداریی باشیان لەسەر ئەو ڕووداوە شۆڕشگێڕی و گرنگانە هەبوو کە لە ڕووسیا و هەندێک وڵاتانی ئەوروپا بەرپا ببوون، بەتایبەت لەسەر شێواز و ئاواتەکانی شۆڕشی ڕووسیا. ژمارەیەکیش لەو

(×) دەربەندی بازیان، ١٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵەوە هەڵکەوتووە، ڕێگای هاتوچۆکردنی نێوان کەرکووک و سلێمانی بە دەربەندا تێدەپەڕێت. شێخ مەحموود لە ژێر ئاشەبەردێکی زلدا، کە کەتووەتە پشتی شاخەکەوە و بەرەو ڕووی دەشتی بازیانە، بە بریندار‌ی دیل دەکرێت. لەو کاتەوە بەردەکە بە (بەردەقارەمان) ناو دەبرێت.

قوتابی و ئەو کوردانەی لە ئەستەنبوڵ و ئەورووپا دەژیان پێش و پاش شۆڕشەکەش زاتین و شارەزاییان لەسەر بیروبڕوای سۆسیالیستی لە لا پەیدا بووبوو.'(٥)

ناوی بۆلشەویک وەک دێوەزمەی ترسناک لە ژمارەیەک ڕاپۆرتی سیاسیدا هاتووە، لە یەکێکیاندا دەڵێت: 'لە شاری خانەقین کۆمەڵێکی بۆلشەویکیان بە نهێنی ساز کردبوو.'(٦)

٥٥ ساڵ پێش ئەمڕۆکە خۆشم لە چەند پیاوێکی ناسراوی شاری کۆیەم بیست کە ژمارەیەک لە لاوانی سەرگەرمی شارەکە بە ناوی ئێمە بۆلشەویکین لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠دا هێرش دەبەنە سەر بارەگانی دادوەری سیاسی بریتانیا لە قشڵەی شارەکەدا و دەستی بەسەردا دەگرن و ئەو کەلوپەل و پارەوپووڵەیەی تێیدا دەبێت لەنێوان خۆیاندا بەشی دەکەن، چەند ئاغایەکی شارەکە دادوەرەکەیان لە کوشتن ڕزگار کردبوو.(×)

ئینگلیزەکان بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵکەکان بۆ لایەنگریی خۆیان و ڕێگاگرتن لە پیلان و فرتوفێڵی ئەملا و ئەولا و هێورکردنەوەی ئاژاوەچییەکان و کپکردنی نارەزایی لە ڕێگای میجەرسۆنەوە، زانایانە، هەوڵیان دەدا هەنگاوی گرنگ بنێن و یەکێک لە هەنگاوەکان بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو.

ڕۆژی ١٩٢٠/٤/٢٩ یەکەم ڕۆژنامە کە ناوی (پێشکەوتن) بوو لە شاری سلێمانی کەوتە دەست خوێنەرانی کورد. ژمارەیەک کەسانی ڕۆشنبیر و خوێندەوار کەوتنە نووسین و بەڕێوەبردن ڕۆژنامەکە وەکوو کۆچکردووان نووری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیب، ڕەمزی فەتاح، جەمال عیرفان، فائق تۆفیق

(×) گشت ئەو نائارامی و ئاژاوەیەی ئەوسا لە کوردستان ئەنجام دەدرا، کەسانی خوێنگەرم و ساویلکە، یان هەژار و بێکار بوون و خۆیەخۆ لە ژێر ناوی بۆلشەویک، دەنگێکی مەزن و هەراوهۆریایان دەنایەوە، بەبێ ئەوەی بنەمایەکی فیکری یان سیاسییان هەبێت، بۆیەکا زوو دادەمرکانەوە.

و گەلێک گوتار و نووسینی کۆمەلایەتی، نەتەوەیی و پێشکەوتووخوازانەیان بڵاو دەکردەوە. وەک گوتار لەسەر ژیانی جووتیار و کاسبکار و هەژارانی شار و لادێ و بایەخدان بە فێربوونی خوێندن و خوێندنەوە.
ڕۆژنامەکە ١١٨ ژمارەی لێ دەرچوو و دواژمارەی لە ١٩٢٢/٧/٢٧دا بڵاو کرایەوە.(٧)

میجەرسۆن لە یەکێک لە نامەکانیدا کە بۆ حاکمی گشتیی بریتانیا لە عیراق؛ ویلسۆن، ناردووە، نووسیویەتی: "پێویست دەکات هەمیشە لە یادمان دەرنەچێت کە زەمینەی ئەوە لە ئاردا هەیە، کە ڕووداوی یەکجار ئاڵۆز و ناجۆر لە کوردستان هەڵبگیرسێت، بەداخەوە دەڵێم بیروبڕوای بۆلشەویکی بە زۆری لە ڕێگای ڕۆژنامەکان، بە تایبەت ئەوەی لە کەرکووک دەردەچێت، بڵاو دەبێتەوە."(٨)
لە شوێنێکی تردا نوێڵ دەڵێت: "پێویستە حسێب بۆ باری سیاسیی دەوروبەری کوردستان بکەین، کە ڕۆڵێکی کاریگەر لەسەر باری ناوەوەی وڵاتەکە دەبینێت، نەخشە و پلانی بۆلشەویکەکان بە باشی زانراوە، ئەرکی سەرەکیی ئێمە پێویستە دەکات تەقەلا بدەین، ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی بیروبڕوایان بگرین، ماوە نەدەین پەرەبسێنێت. هەروەها بەسەر پروپاگەندەی تورکیا لە ژێر پەردەی ئیسلامەتی و شەپلی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست سەرکەوین."(٩)
لە وڵاتی عیراقی عەرەبیشدا، بەتایبەت لە شارەکانی نەجەف، کەربەلا و بەغداد و لە کوردستانی باشووریش بەتایبەت لە شاری سلێمانی و دەوروبەری ڕق و کینە، نەیاری و ناناشنایی دژی ئینگلیزەکان تا دەهات سفتوسۆتی زێدەتر بە خۆوە دەگرت. پیاوە ئایینی و خوێندەوار و ڕۆشنبیران، سەرگەرمانە، هانی خەڵکیان دەدا دژی داگیرکەری بێگانە ڕاپەڕن، کۆشش و تەقەلای ئەوەشیان بوو کە پەیوەندی بە وڵاتانی بیانییەوە، بەتایبەت بە دەوڵەتی تازەدامەزراوی سۆڤیەتییەوە، بکەن. لە مانگی ئاداری ١٩٣٠ کەسایەتییەکی ناوداری ئایینی؛ میرزا محەمەد ڕەزا کەوتە باسکردن و

لێدوان و بەراوردکردن لەسەر بیروبڕوای بۆلشەویکی و ئایینی ئیسلام و بە ئاشکرا کتێبی (مبادیء البلشفیە)ی بۆ جەماوەر شرۆڤە کرد. دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی حوزەیرانی ۱۹۲۰، وەک شۆڕشێکی میللیی گشتی، زۆرینەی چین و توێژەکانی بەشداریان تێدا کردبوو. میرزا محەمەد ڕەزا یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕش و ئینگلیزەکان دەستنیشانیان کردبوو کە کارکەرێکی سەرگەرمی بەتوانایە لە پێناو پەرەسەندنی بیری بۆلشەویکی لە کەربەلادا.(۱۰)

شۆڕشی حوزەیرانی ۱۹۲۰ بە توند و گوڕ و جۆش کەوتە بەربەرەکانیکردنی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و دەرکردنی بێگانە بۆ دەرەوە و دروشمی سەربەخۆیی عیراق لە گشت وڵاتەکەدا بەرز کرابووەوە و بڵێسەی ئاگری شۆڕشەکەش گەیشتبووە پارێزگای بەعقوبە و ناوچە کوردنشینەکانی وەک خانەقین و مەندەلی و پریشکی لە کەرکووک و هەولێریش بەدی دەکرا.(۱۱)

ڕۆژی ۱۹۲۰/۷/۳ مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغدا، نامەیەک بە ژمارە (۸۰۲۰) بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەنێرێت و تێیدا نووسیبووی: "یاداشتێک بە مۆر و ناوی ۶۲ کەسایەتیی کوردم پێگەیشتووە، ناوی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەتی کوردی لە دانیشتووانی سلێمانی و هەولێری تێدا هاتووە. چەند کەسایەتییەکی ناوداری موسڵیش دەڵێن: ئێمە ڕابەرانی گەلی کوردین و خوازیارین و داوا دەکەین دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆمان هەبێت، لە ژێر چاوەدێریی حکوومەتی بریتانیادا کە چۆن ڕەفتار لەگەڵ گەلی کوردیش بکەن، کۆکردنەوەی باج و سەرانە و گومرک، بەرژەوەندییەکانی هاوبەش لە هەرێمی کوردنشینەکاندا بەپێی یاسا بێت. ئەگەر بێت و ئاواتەکانمان بەرقەرار بکرێت، پەیمان دەدەین کە هەڵسوکەوتمان بەتەواوی بەپێی پێداویستیی حکومەتی خاوەنشکۆ بێت(×)".(۱۲)

---

(×) بە بۆچوونی تایبەتیم، سیاسەتمەدارەکانی ئینگلیز لە هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی سەرەکییان لە سازکردنی ئەو یاداشتەدا بینیبوو، بەو مەبەستەی وەک یەکێک لە بەڵگەکان دژی شۆڕشی حوزەیرانی ۱۹۲۰ بە کاری بهێنن و ستراتیژیەتەکەیان سەقامگیر بکەن.

## ١- کوردستانی باشوور و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان لە سیڤر

پەیوەندی نێوان وڵاتە زلهێزە سەرکەوتووەکانی جەنگ، باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا دەهات خێرا کێشە و بگرەوبەردەی ئاڵۆز و دژواری بە خۆوە دەبینی. بێبڕوایی و گومان، نانەوەی پیلان دژ بە یەکتر لە سنوور دەرچووبوو. لە هەموو هەرێم و کەنارێکەوە پاڵپەستۆ دەخرایە سەر کۆمەڵەی گەلان، کە بەپێی بەرژەوەندیی ئاشتی و گەلانی بێماف بڕیاری ڕاست و ڕەوا وەربگرێت. کۆمەڵەکە لە کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە سیڤر، نزیک پاریس، ڕۆژی ١٩٢٠/٨/١٠، گیرا؛ بڕیارێکی مێژوویی گرنگی دەربارەی مافی چارەی خۆنووسینی کوردستان وەرگرت، لە خاڵەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤دا بە ڕاشکاوی ئایندەی کوردستان دیار کرابوو، کە کورد گەلێکی سەربەخۆیەوە، نە تورک، نە عەرەبە و مافی خۆی هەیە لەسەر خاکی نیشتمانی سەربەست بژی. ئەم بڕیارە مێژووییە کوردستانی هەژاند، هۆش و هەستی نەتەوایەتی، داواکردنی سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان و بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی بووە خواست و مەرامی سەرەکیی گەلی کوردستان. دڵسۆزانی نەتەوەکە و کوردپەروەران، ڕۆشنبیر و خوێندەواران کەوتنە جموجووڵ و چالاکینواندن.

لە خاڵەکانی بڕیارەکەدا دەردەکەوێت، کە لە سەرەتادا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان بدرێت و لە دوای ساڵێک کوردستان ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و تەواوی کوردەکانی ویلایەتی موسڵیشیان بکەوێتە تەکەوە.[١٣]

نیکتین دەربارەی گرنگی پەیمانی سیڤر دەڵێت: "هەرچەندە پەیمانی سیڤر وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی پێشکەوتنی پرۆسەی کورد و کوردستانەوە، بە گۆڕانێکی بەهادار دەژمێردرێت. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا تەوەری ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو هەرێمانەی زۆرینەیان کوردن، بوو بە دۆزێک کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات."[١٤]

بڕیارەکە دوژمنانی گەلی کوردستانی هار و شێت کرد، داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەت کەمالیستە تۆرانییەکانی ئاسیای بچووک، بە تەواوی پەردەیان لە ڕووی خۆیاندا دامالّی و ئالاّی دژایەتیی گەلی کوردستانیان بەرز کردەوە و کەوتنە نانەوەی پیلان و نەخشەی قرێژ و کاری تێکدەری.

لە پلەی بەرزی ئەو کەشوهەوایەی بەسەر باری ناوچەکانی ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا ئالّوگۆڕی تێدەکەوێت، بزووتنەوەی فیکری، سیاسی، کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی کەوتبووە پێشکەوتن، بیروبڕوای بۆلشەویکی، مافی گەلان و یەکسانی، لە زۆر شوێن و کاندا هەستی پێ دەکرا. لەم دوو ڕستە هەلّبەستەی شاعیرا جەمیل سدقی زەهاوی، کە بە ڕەسەن کوردە، دەردەکەوێت کە هەندێک وشە هەن کەوتوونەتە دلّ و دەروونی خەلّکەوە و هەناسەی بۆ هەلّدەکێشن کە پێی ڕابگەن:

ایها الفقراء لا یتاسو من الحیاه ایها الفقراء
رفعت اخیرا فوق رایه الهدي، رایه بلشقه حمراء[١٥]

کوردییەکەی:

ئەی هەژاران لە ژیاندا بێ هیوا مەبن ئەی هەژاران
ئالاّی ڕێگای ڕاست بەرز کرایەوە، ئالاّوی سووری بۆلشەویک

لە هەمان ڕۆژگاردا شاعیرێکی تری عیراق، مەعروف ڕەسافی، کە ناودار و ناسراو بوو دەلّێت:

علم ودستور ومجلس امه
کل عن المعنی الصحیح محرف
للانگلیز مطماع فی بلادکم
لاتنتهی الا بان تتبلشف[١٦]

کوردییەکەی:

ئالاّ و دەستوور و ئەنجوومەنی نەتەوە
گشتیان بێ مانا و ناڕەوان
ئینگلیز مرخی لە ولاّتی ئێوە خۆش کردووە
کۆتایی نایەت تا نەبن بە بۆلشەویک

## ٣- پلانی مستەفا کەمال و کوردستانی باشوور

مستەفا کەمال لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا خەریکی خۆڕێکخستن و کۆکردنەوەی هێز بوو و سەرگەرمانە تەقەلای بێوچانی بۆ ئەنجامدانی چەند ئاواتێکی دەدا:

١- ڕۆژئاوای تورکیا و ئەستەنبوڵ لە ژێر دەستی داگیرکەران ڕزگار بکات.

٢- کێشەکانی نێوخۆی ئاسیای ناوەڕاست نەهێڵێت، بەتایبەت گەلی کوردستان سەرکوت بکات و گشت ڕێگا و دەرفەتێک لە پێشیدا بگرێت، کە بە هیچ شێوازێکی بە ئاواتە نەتەوەییەکایان نەگەن.

٣- لە شوێنی خەلافەتی عوسمانیی دۆڕاوی جەنگ، کۆمارێکی تورکیی مۆدێرن بنیات بنێت.

لە هەنگاوەنانەکانیدا حسێبی یەکجاری بۆ دۆزی کورد دەکرت و لە ناخی دەروونیدا گەلی کوردستانی بە دوژمنی سەرەکی دەژمارد، کەچی بە پێچەوانەوە لە تاکتیکەکانیدا، لە دیاردە و ڕووخساریدا، نەرمونیانی بە کار دەهێنا و بەڵێن و گوزارشی وەهای ڕادەگەیاند کە هەر دوای سەرکەوتن گەلی کورد برای تورکە و شانبەشانی ئەوان بە گشت مافەکانی خۆی دەگات و لەگەڵ تورکدا یەکسانە. بەرانبەر بەو هەرێمەش کە ٥٠٠ ساڵ زیدەتر بوو، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا داگیری کردبوو و ناویشیان نابوو ویلایەتی موسڵ، مستەفا کەمال لە سۆنگەی عەقڵیەتی کۆنی ڕەگەزپەرسییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد و بە بەشێک لە نیشتمانی تۆرانیی تورکی دادەنا.

لە بزووتنەوەکانیدا پەلی بۆ هەرێمەکە درێژ دەکرد و تێدەکۆشا شوێنپێی خۆی تێدا گیر بکات و وەکوو بەشێک لە ئەنادۆڵ سەیری دەکرد، لە مانگی

ئیسانی ۱۹۲۱دا هێزێکی تورکی، بە سەرۆکایەتیی عەقید عەلی شەفیق،(×) کە بە ئۆزدەمیر بەگ ناوی دەرکردبوو، دەنێرێتە ڕەواندوز و تورکەکان دەکەونە پەیوەندیکردن بە کەسانی ئایینی و هەندێک خاوەن دەسەڵات و سەرۆک خێڵ و عەشیرەت و بە جۆرەها فرتوفێڵ، بەڵێندانی ناڕەوا و ناڕاست دەکەونە دژایەتکردنی ئینگلیزەکان بەو بیانووەی کە داگیرکەرن، خوانەناسن و پەلاماریان بدەن و مەیانهێڵن و...تاد. بە کردەوەش نائارامی و ئاژاوەیان دەنایەوە و لە هەندێک شوێن و پارچەدا سەرئێشە و ئاستەنگی سەخت و ناجۆریان بۆ ئینگلیزەکان دروست دەکرد و هەترەیان چووبوو.

بە پەلە لە مانگی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۲دا ئیمپریالیزمی ئینگلیزی شێخ مەحموودیان لە هیندستانەوە بۆ سلێمانی گێڕایەوە و لە ڕێگای گەڕانەوەیدا مستەر نوئێلی لەتەکدا بوو.

ئەدمۆنس بەیاننامەی هاوبەشی حکوومەتی بریتانیا و عیراق لە سلێمانی و دەوروبەریدا بڵاو کردەوە و تێدا هاتبوو: "حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیا و حکوومەتی عیراق، دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە سنووری عیراقدا دەژین،(××) حکوومەتێکی کوردی بۆی خۆیان ساز بکەن، هەردوو دەوڵەت

---

(×) مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیدا باسی چۆنێتیی هاتنی تورکەکانی کردووە و دەڵێت: "کەمالییەکان بۆ پروپاگەندە و هاندانی عەشیرەتەکانی کورد دژی ئینگلیز تاقمێکیان نارده ڕەواندوز بە سەرکردایەتیی عەلی شەفیق (ئۆزدەمیر) کە لە ڕەگەزدا چەرکەس بوو. ئەو تاقمە بە شێوەیەکی ڕەسمی وەکوو هێزێکی سوپایی نەنێردرابوون بەڵکو وەکوو تاقمێکی پارتیزان وا بوون...تاد."
ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: "کە چوومە «باشقەڵا» بۆ لای سمکۆ بۆم دەرکەوت کە لای سمکۆ وابوو چوونی تورکەکان بۆ ناوچەی ڕەواندوز زیانی زۆرتر دەبێت وەک لە سوودی، کەچی بە پێچەوانەوە فارس ئاغای زێباری هاتنی تورکەکانی بە باش دەزانی."
ئەدمۆنس لە کتێبەکەی «کورد ـ تورک ـ عەرەب»دا دەربارەی هەڵسوکەوتی ئەو ڕۆژانە دەڵێت: "بەر لەوەی «ئۆزدەمیر» بچێتە ڕەواندوز، تورکەکان ڕەمزی بەگیان کرد بە قائمقامی ڕەواندوز، پروپاگەندەیان دەکرد کە بەم زووانە تورکەکان سلێمانی و کەرکووک و هەولێر لە چنگ ئینگلیز ڕزگار دەکەن. لە دوای ڕەمزی بەگ، عەلی شەفیق «ئۆزدەمیر» نێردرا ڕەواندوز و جموجووڵی ڕەمزی بەگ و ئۆزدەمیر کاری کردە سەر زۆر کەس.
(××) تا ساڵی ۱۹۲۵ سنووری جوگرافیایی ئەو عیراقە سیاسییەی کە ئێستاکە لە دونیادا ناسراوە و دانی پێدا نراوە، دیار نەکرابوو.

خوازیارن که هێزەکانی کورد ڕیزی خۆیان بە زووترین کات بۆ بنیاتنانی ئەم حکوومەتە ڕێک بخەن. هەروەها شاندی خۆیان بۆ بەغداد بنێرن، بۆ ئەوەی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە دەربارەی باری ئابووری و سیاسی لەگەڵ حکوومەتی خاوەنشکۆی بریتانیا و حکوومەتی عیراقدا بکەن. زۆری نەخایاند ئەم حکوومەتە کوردییە بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود دامەزرێنرا.[17]

مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە کتێبی (شێخ مەحموودی نەمر) و خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە کتێبی (شۆڕشەکانی کورد)دا بە درێژی باسی حکوومەتەکەی شێخ مەحموودیان کردوە. ئەم هەنگاوە هەستی کوردایەتی بۆ پێشەوە برد، ڕاپەڕین و بایەخدان بە خوێندەواری و فێربوون و هەست و هۆشیاربوونەوەی خەڵکی کوردستان کەوتە پایەیەکی ترەوە و لە ماوەیەکی کورتدا ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) و (ئومێدی کوردستان) و (ڕۆژی کوردستان) دەرچوون و بڵاوکرانەوە.[18]

لە هەمان دەوروبەردا، لە مانگی تەمموزی ١٩٢٢دا، مستەفا پاشای یامولکی و ڕەفیق حیلمی و ساڵح قەفتان و ژمارەیەک لە خوێندەوار و کوردپەروەران کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (کۆمەڵەی کوردستان)وە[×] پێکهێنا. مستەفا پاشا بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا و ئامانجی سەرەکییان خزمەتکردنی گەلی کوردستان و پێشخستنی کێشە ڕەواکەی بوو لە هەموو ڕوویەکەوە.[19]

ئیمپریالیزمی ئینگلیز یەکجار بە فرتوفێڵ و ناڕەوا هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردەکاندا دەکرد. هەر زوو دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ١٩٢١دا فەیسەڵی کوڕی حوسێن حیجازییان هێنا و کردیان بە مەلیکی عیراق، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا یەکەم پەیمانی لەگەڵ حکوومەتە داتاشراوەکەی بە

(×) مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە لاپەڕەکانی ٢٢٠-٢٢٤ لە کتێبی (شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان)دا، بەرگی دووەم، بە درێژی باسی کۆمەڵەکە دەکات و ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) ئۆرگانی کۆمەڵەکە دەناسێنێت کە شێخ نوری شێخ ساڵح، عەلی کەمال، ڕەفیق حیلمی دەستەی نووسەرانی بوون و چواردە ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە و دوا ژمارەی لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣دا دەرچوو.

ناو حکوومەتی عیراق مۆر کرد و گەلی کوردستان کە بینیان لە خاڵی سێیەمی ڕێککەوتننامەکەدا مافە ڕەواکانیان پێشێل کراوە، دەنگی ناڕەزایی و نائارامییان دژی پەیمانەکە لە هەموو کوردستاندا بەرز کردووە، بە تایبەت لە سلێمانییەوە شێخ مەحموو شاندێکی نارده بەغداد، کە باس و لێدوان لەسەر ڕێککەوتننامەکە و چۆنێتیی ئۆتۆنۆمی بۆ باکووری عیراق بەرقەرار بکرێت، شاندەکە بە نائومێدی و دەستی بەتاڵ گەڕایەوە. تێکپرژان و ناڕەزایی دەستی پێکردەوە و ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٣ سلێمانی کەوتە بەر هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز و دانیشتووانی شارەکە دووچاری زەرەر و زیانێکی زۆر هاتن، ڕۆژی ١٩٢٣/٨/١٦ سلێمان بە سەختی بۆمباران کرایەوە و شێخ مەحموود دووچاری شکستی هات.[٢٠]

شێخ مەحموود بایەخی باشی بە بڵاوکراوە و ڕاگەیاندن دەدا و هەروەها پەنا و هانای بۆ وڵاتانی بیانی دەبرد و داوای لایەنگری و پشتگیری لێ دەکردن. کە ناچار کرنا سلێمانی جێ بهێڵێت، چاپخانەی شارەکەی لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەشکەوتی (جاسەنە)ی نزیک شارۆچکەی (دوکان) برد و ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٢٨ ڕۆژنامەی (بانگی حەق)یان دەرهێنا.[٢١]

د. کەمال فوئاد لە گۆڤاری (پرشەنگ)دا، ساڵی ١٩٨٥، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر ڕۆژنامەی (بانگی حەق) نووسیوە و بە یەکەمین ڕۆژنامەی دەژمێرێت کە لە لایەن بزووتنەوەیەکی چەکداریی کوردییەوە بڵاو کرابێتەوە.

ئاڵۆزی و گرژی و نائارامی هەمیشە ڕوو لە زیدەبوون بوو و لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی و خۆڕاگری و بەرگریکردن لە کوردایەتی و مافە ڕەواکانی، ڕۆژی ١٩٢٣/٧/١١ شێخ مەحموود و هێزەکەی گەڕانەوە سلێمانی[٢٢] لە قووڵایی ئەو هەموو ناکۆکی و دژواری و کێشە جۆربەجۆرانەدا کە کوردستانی ئەوسا تێیاندا دەژیا، بایەخدان بە هەست و ئەستی کوردایەتی، بە هۆشیارکردنەوە و خوێندەواری، بە ژیانی سەربەخۆیی و پێشکەوتنخوازی لە گشت بوار و هەنگاوەکاندا بەدی دەکرا.

شێخ مەحموود هەمیشە جەختی لەسەر بایەخدان و گرنگی بە ڕۆژنامە و

بڵاوکردنەوە دەکرد و فەرمانی دەدا لە پێناو گەشەدان بە بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن هەر پارەوپووڵ و ماندووبوونێک پێویست دەکات، بەبێ دڕنخیکردن تەرخان بکرێت. ڕۆژی ١٩٢٣/٩/٢٠ یەکەم ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) کەوتە دەستی خوێنەرانی کورد، دەستەی نووسەر و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی لە ئەحمەد خواجە، ماجد مستەفا، عادل شێخ سەلام، سەید ئەحمەد بەرزنجی و سەبری کاکەڕەش پێکهێنرابوو، سەرنووسەری ڕەفیق حیلمی بوو و (٢٥) ژمارەی لێ دەرچوو و لە دوای ئەو حوسێن نازم کرا بە سەرنووسەر و ڕۆژنامەکە ئۆرگانێکی حکوومەتەکەی کوردستان بوو.[٢٢]

## ٤- تەقەلا و پەیوەندییەکانی شێخ مەحموود بە وڵاتانی بیانییەوە

شێخ مەحموود وەک ڕابەرێکی شۆڕشگێڕی کوردپەروەر، بە قووڵی و ژیرانە دەرکی بەوە کردبوو کە پرۆسەی گەلی کورد ئاڵۆز و دژوارە، هەست و هۆش و گیانی نەتەوەیی نەگەیشتووەتە پلەیەک کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان، سەرگەرمانە، بەشداری لە بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکانیدا بکەن. لە هەمان کاتیشدا بە تەواوی لە فرتوفێڵی داگیرکەرانی کوردستان نەگەیشتبوو. زانیاریی فراوانی لەسەر تاوانەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و عەقڵیەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی نەبوو، کە ماوەی هەزار ساڵ خاکی کوردستانیان لە ژێر پەردەی ئاڵاتی ئایینی ئیسلامدا کۆڵۆنی کردبوو. لە دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیش فرتوفێڵەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتی کەوتە سەر کوردستانی باشوور و وەک نەکتەری زانا و پڕ ئەزموون سیناریۆی شانۆگەرییەکی سەرسوڕهێنەریان ساز کردبوو، کە شێخی نەمری خستبووە نێو گێژاوێکی فیکری و سیاسییەوە و لە ڕوانگەیەکی تەماوی و بارێکی زۆر ئاڵۆزدا مابووە، نە پارتییەکی سیاسیی کوردیی ڕێکوپێکی خاوەن پرۆگرامێکی ستراتیژی بە دواوە بوو و نە ئەو کۆڕ و کۆمەڵ

و هێزانەی لە دەوروبەری کۆبووبوونەوە شوێنی باوەڕ و پشت و پەنای بوون. ئەو کەسانەی دەوری شێخیان دابوو، کەسانی خوێندەوار، کوردپەروەر، پیاوانی عەشایر و ئایینی، ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازان بوون، بۆیەکا لە خودی هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانی شێخدا ڕێبازێکی چەسپاوی ڕوون نابیندرێت!

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان شێخ مەحموودیان لە هندستانەوە بۆ کوردستان گێڕایەوە، دەسەڵاتی ناوچەکەی کەوتەوە دەست. ئەحمەد خواجە لە یاداشتەکانیدا (چیم دی!)، بەرگی دووەم، دەڵێت: "بە نامە شێخ مەحموود داوای یارمەتی لە تورکەکان دەکات. مانگی نیسانی ١٩٢٣ ئۆزدەمیر لە ڕەواندوز نامەی بۆ شێخ مەحموود نارد و نووسیبووی: "دەستتان ماچ دەکەم، ئارەزووی بینینتانم هەیە، چاوەنۆڕی فەرمانتانم.."[٢٤]

دوای ماوەیەک ئۆزدەمیر دەگاتە بارەگای جاسەنە، شێخ مەحموود، ڕەزا بەگ، ئەحمەد خواجە،[×] ساڵح زەکی ساحیبقران و عیزەت تۆپچی لەگەڵیدا کۆ دەبنەوە دوای پێنج ڕۆژ ئوزدەمیر دەگەڕێتەوە ڕەواندوز.[٢٥]

لە هەمان ڕۆژگاردا شێخ مەحموود تەقەلا دەدات کە بە ڕێگای (حەلەب)دا نامە بۆ مستەفا کەمال بنێرێت و لە ڕێگادا نامەکە دەکەوێتە دەستی ئینگلیزەکان و لە ماوەیەکی کورتیشدا سێ نامە بە ڕێگای کونسوڵخانەی حکوومەتی سۆفییەتی لە تەورێز بۆ سەرکردایەتیی دەوڵەتەکەی ئەوێ دەنێرێت. ئەم جموجووڵ و پەلهاویشتنانە، کە گوایا بە نهێنی ئەنجام دەدران، لە ئینگلیزەکان شاراوە نەبوون و ئاگاداریی وردیان لەسەر هەموو جووڵانەوەکانی شێخ مەحموود و کوردستانیان دەگەیشتە دەست.

وا لێرەدا دەقی هەندێک لە نامەکان و ڕاگەیاندنەکان دەخەینە پێش خوێنەر و لێکۆڵەرەوان.

---

(×) ئەحمەد خواجە لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بەوە ناکات کە شاندی کوردستان لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ ئوزدەمیر لەسەر چی ڕێک کەوتوون!

نامەی یەکەمی شێخ مەحموود بۆ سۆڤیەت ١٩٢٣/١/٢
بۆ جەنابی قونسوڵی ڕوسی بەرزی سەرکەوتوو، تەوریز، ئازربایجان
دوای ڕێز و سڵاو
لە ساڵی ١٩١٧دا کە بانگەوازی سەربەستی و ئازادیی ڕاستەقینە و ڕزگاربوونی گەلان کە گەیشتە گوێی هەموو کەسێک لە جیهاندا، هەموو میللەتانی چەوسێنراوی ژێر چنگی زۆردار و تاوانبار، بەوپەڕی شادمانییەوە ڕاپەڕین و کەوتنە خەبات و بە هیوای ئەوەی کە بە هۆی مەبەستی پاکی ڕوسەکانەوە، هەموو دەگەن بە ئاوات و داخوازییانەی کە بە تەمای بوون.
دەربارەی مافی ئێمەی کورد، بە هۆی ڕۆژنامەکانەوە بڵاوکراوەتەوە، کە چۆن هەتا ئێستە ئینگلیز بە خوێن تینوو و خوێنڕێژی میللەتان بە هێزی تۆپ و چەک و بۆمبای ئاگرین، بە چ جۆرێک دەستیان لە کورد وەشان بەبێ ئەوەی سڵ بکەنەوە و جیاوازی بکەن لەنێوان ژن و منداڵ و پیردا.
لە ساڵی ١٩١٩دا، واتا چوار ساڵ لەمەوبەر، میللەتی کوردی چەوسێنراو لە پایتەختی دەوڵەتەکەیدا (سلێمانی) داوای مافە ڕەواکانی خۆی کرد، بەڵام بەداخەوە لە بەدبەختیی کورد، ئەو ڕۆژانە حکوومەتی ڕووس سەری هێندە قاڵ بوو و باری ناوخۆی بە جۆرێک بوو کە نەیدەپەرژایە سەر ئەوەی یارمەتیی میللەتە چەسێنراوەکان بدات. ئەمڕۆکەش شەعبی ڕوس بەوپەڕی شانازییەوە بە پاکی و بە مەبەستێکی پاک، سوپاس بۆ یەزدان، کە توانیویەتی توانا و دەسەڵاتی خۆی بۆ هەمووان ئاشکرا بکات و تا ئێستە هێشتا ئەو بار و هەڵوێستەی لە کوردستاندا هەبووە، هەروەکو خۆی ماوەتەوە و میللەتی کورد ئاواتەخوازی ئەوەیە کە پێوەندیتان پێوە بکات دەربارەی ئەم داخوازییانەی خوارەوە: گەلی کوردی خوارووی کوردستان زۆر شادمان دەبێت بە دۆستایەتی و یارمەتیی حکوومەتی بەرزی ڕوس و ئامادەیە لە پێناوی سەرگرتنی ئەم دۆستایەتییەدا سەروماڵی خۆی بەخت بکات بەو مەرجەی بە شێوەیەکی ڕەسمی دان بنرێت بە مافی نەتەوایەتیاندا و بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییە بۆ جیهان ئاشکرا بکەین و بتوانین بەرامبەر بە

دوژمن بوەستین و بەرگەریان بگرین و دەسەلاتی دوژمن کەم بکەینەوە پێویستمان بە هەندێک تۆپ و رەشاش و فرۆکە و کەرەسەی جەنگی هەیە، فەرماندەی هێزی سوارەمان رەشید ئەفەندی لەگەڵ سکرتێری تایبەتیم عارف ئەفەندی لەم بارەوە هەموو شتێکتان بەتەواوی بۆ باس دەکەن.

لە کۆتاییدا ئومێدەوارین مافی نەتەوایەتی و قانوونی بۆ میللەتی کورد بێتە دی. ئەو میللەتەی کە ئەمرۆکە دەستی دۆستایەتی و برایەتیتان بۆ درێژ دەکات، بڕ بە دڵ لەگەڵتانە و لەوەش ئاگادارن کە هدنە (موتارەکە) لە دوای شەڕی جیهانی چۆن کرا و دژی کێ رێکخرا لە خوارووی کوردستاندا و هەڵوێستی دەوڵەتە دراوسێکانتان لێ ئاشکرایە دەربارەی ئەو رووداوانە.

بێگومان جارێ لە تواناندا نییە هەموو کاروبارتان بۆ باس بکەین لە کاتێکدا کە تەنها شتێک هەیە کە دەتوانم لێی بدوێم ئەویش ئەمەیە کە میللەتی کورد بە تێکڕایی شەعبی بەرزی روس بە رزگارکەری میللەتانی رۆژهەڵات دەژمێرێت، لەبەر ئەوە کورد ئامادەیە چارەنووسی خۆ ببەستێت بەوەوە.

ئەمرۆ ئەوەی کە زۆر گرنگە لامان ئەوەیە کە یارمەتیمان بدرێت. میللەتی کورد پەرۆشی ئەوەیە کە پەیوەندیی لەگەڵدا بکرێت. ئەگەر هات و ئەوە سەری گرت و ئەو هاوکاری و دۆستایەتییەی کە ئاواتی بۆ دەخوازین بێتە دی، بێگومان ئەوسا میللەتی کورد ئازاد دەبێت، ئەگەر هات و ئەم داخوازی و پەیوەندییەمان سەریگرت، هەوڵ و تێکۆشانەکانمان لەم رووەوە لە لاپەڕەکانی مێژوودا بە چەند دێڕێکی زێڕین دەنووسرێن و تۆمار دەکرێن.

ئیمزا

مەلیکی کوردستان مەحموود

رۆژی ١٩٢٣/٦/٢٢ رۆژنامەی (پراڤدا) ئۆرگانی کۆمیتەی مەرکەزی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت نامەی دووەمی شێخ مەحموودی بڵاو کردەوە و تێیدا هاتبوو: "ئێمە دانیشتووانی کوردستانی باشوورین، لە کاتی هەڵگیرساتی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، داوای ئەنجامدانی مافە نەتەوەییەکانی خۆمان دەکەین، بەڵام هێزەکانی ئینگلیز بە فرۆکە

جەنگییەکانیان، بە بەردەوامی وڵاتەکەمان وێران دەکەن. ماوە نادەن تەنانەت نارەزاییش دەربرین. هانی هێزەکانی چەکداری خۆیان دەدان، یارمەتییان پێ دەگەیەنن کە بە زەبر و ئەشکەنجەدان کوردستان باشوور بە عەرەبستانەوە بلکێنن. خۆ دوای ئەوەی کە کوردستانی باشووریان داگیر کرد، گوێیان بە هیچ یاسا و نەریتی نێودەوڵەتی نەداوە، داوا دەکەین شاندێکی بێلایەن بۆ ئەرکێکی مرۆڤایەتی بنێرن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە دیدی خۆیان کار و کردەوە ستەمکارییەکانی ئینگلیز ببینن کە بە چ کارێکی وێرانکاری هەڵساون.

ئیمزای شێخ مەحموود، سەعید کەریم، بیگباشی رەزا و عەبدولکەریم حاجی رەسو. لەسەر یاداشتەکە هەبوو.(٢٨)

رۆژی ١٩٢٣/٧/٢٧ رۆژنامەی (پراڤدا) نامەی سێیەمی شێخ مەحموودی بڵاو کردەوە و ئەمەش دەقەکەیەتی بە کوردی: "رۆژ دوای رۆژ هێزەکانی بریتانیا پەلاماردان و پاڵەپەستۆکانیان زیدەتر دەکەن. دانیشتووانی کوردستانی باشوور کەوتوونەتە ژێر هێرش و بۆمبارانکردنی فرۆکە و هێزەکانیان. لە ئاکامی چرووپری و توندوتیژی هێزە چەکدارەکانیان، دەورووبەری ٢٠٠ خێزان سلێمانییان جێ هێشت. بە دەیان کەس بە دیل گیران. بۆ بەغداد دووریان خستنەوە. ماڵ و سامانی خەڵکێکی زۆر تاڵان کرا. واتەکەمان کەوتووەتە بەر شەپۆلی وێرانکردن، داوای دادپەروەری و ویژدانی مرۆڤایەتیتان دەکەین، دەژی ئەم زوڵمانە بوەستن.(٢٩)

شێخ مەحموود کە باش لای روون بووەوە کە سیاسەتی حکوومەتی بریتانیان بەرانبەر بە گەلی کورد ناپاکە، سوورن لەسەر چۆکپێدادان بە گەلی کورد و هێرش و پەلامارەکانیان سنووریان بۆ نییە، بە شاندێکی بڕواپێکراودا نامی بۆ باڵیۆزخانەی رووسیا، فەرەنسا، تورکیا و سەرۆکوەزیرانی ئێران نارده تاران و داوای لێکردن دەنگی نارەزایی دژ بە تاوانەکانی ئینگلیز بەرز بکەنەوە، کۆشش بکەن کوشتوبڕ و ئاگر و ئاسنی هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز لەسەر گەلی کوردستانی باشوور هەڵبگیرێت. هەڵوێستی مرۆڤایەتی پێشان

بدەن و دەستی یارمەتیدان بۆ گەلە ستەملێکراوەکەی کورد درێژ بکەن.(٢٠)
دکتۆر سەید عەزیزی شەمزینی و محەمەدڕەسول هاوار لە نووسینەکانیاندا گرنگیی زۆریان بە ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکەی شێخ مەحموود داوە و پەنایان بردووەتە بەر یاداشتەکانی کۆچکردووان ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد خواجە، ئەحمەد تەقی و وەک سەرچاوەی بەهادار بە کاریان هێناون. هەر سێ تێکۆشەری ناوبراویش کارگێڕ و ڕۆشنبیری هۆشیار بوون و لە ژێر فەرماندەی شێخ مەحموودا ئەرک و کارەکانیان، دڵسۆزانە، ئەنجام داوە و تا ماوەیەکی زۆر هەر لەتەکیدا ماونەتەوە.
مرۆ کە یاداشتەکان دەخوێنێتەوە، ڕا و بۆچوونی جیاواز لەسەر هەندێک هەڵوێست و ڕووداوی دەکەوێتە بەر چاو. بە ڕا و بۆچوونم زۆربەیان لاوەکین و تۆزقاڵێک لە نرخی ڕووی گەش و پیرۆزی ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود کەم ناکانەوە.

## ٥- کوردستانی باشوور دوای کۆنگرەی لۆزان

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوروبەری، کەوتبووە نێو کێشە و گێژاوێکی چڕ و دژوارەوە، گەلێک ڕووداوی دراماتیکی سەرنجڕاکێشەری بەسەردا دەهات. جگە لەوەی کە دەڤەرەکە، لە ڕووی جیوپۆلیتیکییەوە گرنگییەکی تایبەت بە خۆوە دەبینێت، گەلێک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر باری سیاسی، کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ناوچەکەدا ڕوویان دا وەک:
١- شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیا بەتەواوی سەرکەوت، حکوومەتەکەی شۆڕش، توانی وڵاتە پانوبەرینەکەی ڕووسیای تساریی ڕووخاو لە شەڕی ناوخۆ و هێزەکانی وڵاتە ئیمپریالیست و سەرمایەدارەکان پاک بکاتەوە و ڕژێمێکی نوێ بە ناوی سۆسیالیست بنیات بنێت.
ئەو گۆڕانانە ترس و نائارامی خستە نێو هێزە ئیمپریالیست و

کۆنەپەرستەکانەوە لە سەرانسەری جیهاندا.

٢- کۆمارییەکانی تورکیا بە ڕابەرایەتیی مستەفا کەمال توانیان خاکی ئاسیای بچووک لە چنگی داگیرکەران ڕزگار بکەن. دەسەڵاتی خۆیان چەسپاند و کۆماری تورکیایان دامەزراند و دژایەتیکردنی گەلی کوردستانیان نەشاردەوە.

٣- ڕەزاشای پەهلەوی، کە داتاشراوی ئینگلیز بوو، دەسەڵاتی بەسەر ئێراندا گرت و وەکوو دیکتاتۆرێک کەوتە حوکمڕانیکردن.

٤- ئیمپریالیزمی ئینگلیز، بە جۆرەها فرتوفێڵ و شێواز، دەسەڵاتی خۆی لە چەند وڵاتی عەرەبی و هەرێمەکەدا سەقامگیر کرد، دامودەسگای بەتوانای ساز کرد و کەسانی گوێڕایەڵ و نۆکەری لە دەوری خۆی کۆکردەوە.

٥- کێشە و پیلان لەسەر دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی پترۆڵ و میتاڵی جۆراوجۆر و کەرەسەی خاوی هەرێمەکە، بوون بە هاندەر بۆ دەستتێوەردانی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵییەکان لە کاروباری هەرێمەکەدا و کەوتبوونە پێشبڕکێکردن لە پێناو دەستگرتن بەسەر بەهادارترین پارچە لە هەرێمەکەدا.

٦- نەبوونی پارتییەکی بەهێز و بەتوانا، خاوەن پرۆگرامێکی دارێژراوی ڕێکوپێکی ڕاست و ڕەوا، نەبوونی بەرەیەکی نەتەوەیی فراوان و نەبوونی کەسایەتییەکی ناودار لە نموونەی گاندی(×)ی هیندستان و سن یات سنی

---

(×) گاندی: ساڵی ١٨٦٩ لە شاری (بوربندر) هاتووەتە دونیا، بە (مەهاتما) یانی دەروونبەرز (النفس السامیە) ناوی دەرکردبوو، فەیلەسووف و تێکۆشەرێکی بێهاوتا بوو، دانشگای مافی لە لەندەن تەواو کرد. لە ١٨٩٣ تا ١٩١٤ لە باشووری ئەفریقا بەرگری لە مافی گەلەکەی و هەژاران دەکرد، ١٩١٤ گەڕایەوە هندستان و کەوتە بەربەرەکانێکردنی ئیمپریالیزمی ئینگلیز بە ڕێگای خەباتی ئاشتی و ناحەزیکردنی داگیرکەر.
ساڵی ١٩٤٧ بەشداری لە گفتوگۆی سەربەخۆیی هندستاندا کرد.
١٩٤٨ لە لایەن هەندێک توندڕەوەوە شەهید کرا. (المنجد فی الاعلام، ص٥٠٢)

چینی و ماندێلا(*)ی باشووری ئەفریقا کە وەکوو سمبۆلێکی هەڵکەوتوو شوێنی بڕوا و متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بێت بۆ ڕابەرایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان.

ئەو هۆکارە سەرەکییانە لەنگەری باری دیپلۆماتیکی و پەیوەندی نێوان وڵاتانی گۆڕی، لە گەرمەی ئەم کەشمەکەش و کەینوبەینانەدا، ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤، پەیمانی لۆزان مۆر کرا. بەم بڕیارە ناڕەوا و نادادپەروەرانەیە بڕیارەکانی سیڤر دەربارەی ئایندەی کوردستان هەڵوەشێنرانەوە و ئەو سێ خاڵە سەرەکییەی کە بە ڕاکشاوی پەیوەندی بە دۆزی گەلی کوردستانەوە هەبوو، خرانە پشت گوێ و چارەی گەلی کوردستان کرا بە قوربانیی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزی داگیرکەر. بەم بڕیارە قرێژ و گڵاوە، جارێکی تر خاکی کوردستان لە دوو پارچەوە کرا بە چوار و وا بۆ هەشتا ساڵ دەچێت گەلی کوردستان ئازار و ئێش و ئەشکەنجەی سەختی داگیرکەران دەچێژێت و بە هەزاران قوربانی بۆ پاراستنی خاک و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی پێشکەش کردووە.

نووسەری ڕووس (حەسرەتیان) دەڵێت: 'بەپێی مادە (٣٧) لە بڕیارەکانی

---

(*) نێلسۆن ماندێلا: ساڵی ١٩١٨ لە شاری (تاسکای) باشووری ئەفریقا هاتووەتە دونیا، لە منداڵییەوە بلیمەتی تێدا بەدی دەکرا. هەر کە خوێندنی یاسای تەواو کرد، چووە ڕیزی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقاوە (المؤتمر الوطني الافريقي) و ساڵی ١٩٥١ بوو بە سکرتێری یەکێتیی قوتابییانی کۆنگرەی نیشتمانی. ساڵی ١٩٥٦ هاوسەری بۆ خۆی هێنا. ساڵی ١٩٦٢ دادگا حوکمی یەکجارەکی بەسەردا سەپاند. کەوتە زیندان و ڕای گشتیی دونیا داوای ئازادکردنی دەکرد. دوای ٢٧ ساڵ مانەوە لە زینداندا، ساڵی ١٩٩٠ ئازاد کرا. ساڵی ١٩٩٤ دەنگی زۆرینەی هێنا و بوو بە سەرۆککۆماری ئەفریقای باشوور، کە (٣٠٠) ساڵی ڕەبەق لە ژێر چنگی ئیمپریالیزمی ئینگلیزدا دەچەوسێنرایەوە. ماندێلا یەکسەر ئالای لێبووردن و تەبایی و برایەتی نێوان هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەی ڕاگەیاند. ساڵی ١٩٩٩ بە ئارەزووی خۆی وازی لە سەرۆککۆماری هێنا و بە یەکێک لە خۆشەویستترین و گەورەترین تێکۆشەری نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و ئاشتییەرستی جیهان دەژمێردرێت. (لە تەلەفزیۆنی الجزیرەوە، ئێوارەی ٢٠٠١/٤/٦ وەرگیراوە)

کۆنگرەی لۆزان، تورکیا بەڵێنی دا کە بە هیچ بڕیار و یاسایەک جیاوازی لەنێوان دانیشتووانی ئەنادۆڵ نەکات. ئەوانەی لە ئەنادۆڵدا دەژین هەموویان یەکسانن."(٢١) بەپێچەوانەی ئەوەوە، هەر زوو کەمالیستەکان زێدەتر پەردەی بێئاربروویيان لەسەر رووی خۆیان دامالی. سەختتر کەوتنە ڕاونان و دژایەتیکردنی گەلی کوردستان. تەنانەت ڕەفتار و کارەکانی ئۆزدەمیر ئەوسا لە ناوچەی ڕەواندوز، سەرگەرمانەتر، کەوتە فریودان و هەڵخەڵەتاندنی کوردەکان، لە ژێر دروشمی ئایینی ئیسلام و ئەوەدا کە ویلایەتی موسڵ بەشێکە لە خاکی تورکیا.

ئینگلیزەکان بارەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆزتەوە و توانیان ئۆزدەمیر و دامودەسگاکەی لە ناوچەکە دەر بکەن و کەشوهەوایەکی تازە ڕەخسا. ئینگلیز کەوتە تەقەلادانێکی بێسنوور، کە گەلی کوردستانی باشوور بە تەواوی بۆ لایەنگری خۆیان ڕابکێشێن.

لە مانگی تەمموزی ١٩٢٣دا حکومەتی ئینتداب لە بەغداد بەیاننامەیەکی تایبەت بە کوردەکانی بلاو کردەوە. ئەم خالانەی خوارەوەی تێدا بەدی دەکرا:

١- حکوومەت نایەوێت فەرمانبەرانی عەرەب، جگە لە فەرمانبەرانی هونەری نەبن لە قەزا کوردییەکانی دابنێن.

٢- نیازی ئەوەی نییە کە دانیشتووانی قەزا کوردییەکان ناچار بکات، لە کاروباری ڕەسمیاندا، زمانی عەرەبی بە کار بهێنن.

٣- بەڵێن دەدات وەک پێویست مافی گشت دانیشتووان و توێژ و تایەفە ئایینییەکان لەو قەزایانەدا بپارێزێت(٢٢)

کوردپەروەرانی کوردستانی باشوور، بەیاننامەکەیان بە پروپاگەندەیەکی پووچەڵ و بێمانا لە قەڵەم دا و سوور بوون لەسەر کۆشش و تەقەلاکانیان بۆ ئەنجامدانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی (لۆزان)ی شوومدا، کۆمەڵەی گەلان، ڕۆژی ١٩٢٤/٩/٣، کۆ بووەوە، لیژنەیەکی ساز کرد و ناردی بچێت سەردانی لەندەن، ئەنقەرە، بەغداد و موسڵ بکات. لیژنەکە تا

کۆتایی مانگی مارتی ۱۹۲٥ له کوردستان مایەوە، راپۆرتێکی تیروتەسەلی بۆ کۆمەڵەکە بەرز کردەوە و تێیدا هاتبوو: "کوردەکان نە عەرەبن، نە تورکن و نە فارس" پێویست دەکات:

١- بۆ ماوەی ۲٥ ساڵ وڵاتەکەیان (کوردستان) لە ژێر ئینتدابی کۆمەڵەی گەلاندا بمێنێتەوە.

٢- خواست و ئارەزووی کوردەکان ڕەچاو بکرێت، له بارەی دانانی فەرمانبەرانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان.[٢٣]

له دوای بڕیارەکانی کۆنگرەی لۆزان، کۆماری تورکیای کەمالیست، ساتێک خۆی لەوە غافڵ نەکرد کە بە تەواوی گەلی کوردستانی باکوور نەهێڵێت. بە درێژایی مێژوویان و تا ئەمڕۆکەش، سەرشێتانە و وەکوو دوژمنێکی سەرسەخت و شۆڤێنیست، دژایەتی گشت دیاردەیەکی کوردایەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەکەن.

## ٦- گرێدانی کوردستانی باشوور بە عیراقی عەرەبییەوە

ئیمپریالیزمی ئینگلیز لە نەخشە و پلانەکانیدا سەرکەوت. لە مانگی کانوونی یەکەمی ۱۹۲٥دا کۆمەڵەی گەلان بڕیاری وەرگرت کە بە یەکجارەکی ویلایەتی موسڵ ببێت بە بەشێک لە عیراقی عەرەبی. بەم بڕیارە پرۆسە و کێشەی کورد ڕەوتێکی تری گرتە بەر، بە بڕیارەکانی یاسای نێودەوڵەتان، بەو پێیە بە تەواوی خاکی کوردستان کرا بە چوار پارچەی جوداوە.[٢٤] لەم گۆڕان و گۆڕانکارییانەدا تێکۆشەرانی کورد، دڵسۆز و ڕۆشنبیر و هوشمەندان، لە سەرتاپای کوردستان و وڵاتانی بیانیدا، دووچاری نائومێدی و ڕەشبینی نەهاتن، بە ورەی بەرزەوە درێژەیان بە خەبات و تەقەلاکانیان دا، جۆرەها ڕێبازیان گرتە بەر، خوازیار بوون لە کاروانی ژیانی نوێ و پێشکەوتنخوازی دوا نەکەوت. ئەو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییانەی لە عیراقی عەرەبیدا روویان دەدا، دەنگی و ڕەنگیان لە کوردستانی باشووردا دەدایەوە، تا ستوورێک ڕۆڵی کاریگەریی خۆیان لەسەر لاوانی کورد و خوێندەواران و

ڕۆشنبیران دەبینێ و کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراقدا، ساڵی ١٩٢٤، حوسێن ڕەحال ڕۆژنامەیەکی چەپی مارکسیستی بە ناوی (الصحافە)وە دەرکرد، بوو بە سەرەتای زەنگی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ئاڵاهەڵگری بیری پێشکەوتووخوازی.[٣٥]

لە هەمان کاتدا، ڕۆژی ١٨ی ئابی ١٩٢٤، پیرەمێردی شاعیر و کوردپەروەر ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی لە شاری سلێمانی دەرهێنا و کەوتە بڵاوکردنەوەی بیروبڕوای کوردایەتی و ژیانی نوێ و هانی لاوانی کوردی دەدا یەک بگرن و لە پێناوی ئازادیی نەتەوەکەیاندا تێ بکۆشن. لە بەغدادیش قوتابییەکی کورد کە لە قوتابخانەی یاسا و ماف دەیخوێند (مدرسە الحقوق والقانون) ساڵی ١٩٢٥ دیوانی حاجی قادری کۆیی بە چاپکردن گەیاند و شیعرەکانی حاجی قادر پڕ بوون و پڕن لە هەستی نەتەوەیی و بیروبڕوای پێشکەوتووخوازی و گیانی شۆڕشگێڕی و هاندەرێکی گرنگ و بە تەوژم بوون بۆ خۆشکردنی بڵێسەی کوردایەتی.[٣٦]

تێکۆشان لە پێناو ئەنجامدانی ئاواتە ڕەوا نەتەوەییەکانماندا هەمیشە بۆ پێشەوە دەڕۆیشت، بەرهەڵست و ئاستەنگی نەیاران نەیاندەتوانی ڕێگای پێشکەوتنی لێ بگرێت. بە نهێنی و ئاشکرا کۆڕ و کۆمەڵ ساز دەکران. پەیوەندی و دیدەنی لەنێوان کوردپەروەرانی کوردستان و وڵاتانی هەندەراندا بە جۆرەها شێواز، بە جۆش و گوڕ، پێک دەهێنران.

شاری (پاریس) پایتەختی فەرەنسا کرابووە بنکە و مەڵبەندی چالاکینواندن و تێکۆشان لە پێناو بەرژەوەندیی داهاتووی کورد و کوردستاندا. لە شاری بەغدادیش (کۆمیتەی کوردی) ڕێک خرابوو، دکتۆر شوکر محەمد یەکێک بوو لە بەڕێوەبەر و کارگێڕی بەتوانای کۆمیتەکە.[٣٧]

لە سلێمانی و کەرکووک و لە دواییشدا لە ڕەواندوز چەند کۆمەڵەی زانستی و کۆمەڵایەتی دامەزرێنران. ئامانجی سەرەکییان تێکۆشان بوو لە پێناو بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و هۆشیارکردنەوەی هۆش و هەستی سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆڵی پێشڕەویان دەبینی. بایەخی باش بە بڵاوکردنەوەی سروود و

شیعری نیشتمانی و کوردایەتی و لێدوان لەسەر بنچینەی نەژادی کورد و مێژووی دێرینمان، ماک و هەوێنی کوردایەتی و خۆشەویستیی نیشتماکەمانیان لە دڵ و دەروونی دەناشت.(٣٨)

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٥یشدا کە شێخ سەعیدی پیران و ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی کوردستانی باکوور لە لایەن کەمالیستەکانەوە لە سێدارە دران، کوردەکانی بەغداد کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لە گۆڕەپانی (مود)(*) ساز کرد و نارەزایی و بێزاریی توندوتیژی خۆیان دژ بەو تاوان و دڕندایەتییەی تورانییەکان دەربڕی و یاداشتێکیان بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم)(**) بەرز کردەوە. داوای ڕاگرتنی کوشتوبڕ و قڕکردنی گەلی کوردیان کرد، کە حکوومەتی تورکیا پێڕەوی دەکرد. هەروەها داوای یارمەتیدانی گەلی کوردی ستەملێکراویان کرد. لە هەمان کاتیشدا لە کەرکووک، سلێمانی و هەولێریش دەنگ و هاواری نارەزایی دژی تاوانەکانی تورکیا بەرز کرانەوە. کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور نەیانتوانی کۆمەک بە براکانیان لە کوردستانی باکوور بگەیەنن.(٣٩)

وەک ئاماژەی پێکراوە، بریتانیا سەرکەوتنی باش لە پلان و نەخشە کێشراوەکانیدا ئەنجام دا. ئەوەی ئاوات و مەبەستی بوو، کەوتە ژێر چنگی، وڵاتێکیان لە شێوەی فوسەیفەسا(***) بە ناوی دەوڵەتی عێراقەوە دروست کرد، کە تا بڕیارەکەی ١٩٢٥ی کۆمەڵەی گەلان وەرنەگیرابوو، وڵاتێک بەم شێوەیە لە چوارچێوەی سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراودا، لەسەر خاک و

---

(*) مود: ئەو ژەنراڵە ئینگلیزە بوو، کە سەرەتای ١٩١٨ سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکانی بریتانیای کرد و بەغدادی داگیر کرد.

(**) کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم)ی لە ساڵی ١٩١٩ەوە تا دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی بنیاتنایەوە. بنکە و بارەگای لە شاری (جنێف)ی سویسرا بوو. کە کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان (هیئە الامم المتحدە) دامەزرێنرا، بارەگای کەوتە شاری (نیویۆرک) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

(***) فوسەیفەسا: وەک تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ لە جۆرەها بەرد و میناڵی جیاجیا دروست دەکرێت.

ئەخشە نەبوو پێی بگوترێت عێراقی سیاسی و ئیداری، وەک ئەوەی لەو کاتەوە هەیە.(×) ڕەوت و ڕێبازی خەبات و تەقەلاکانی نیشتمانپەروەرانی کوردستان گۆڕانیان بەسەردا هات. جۆرەها تەگەرە و کەند و کۆسپی سەختتر کەوتە پێش پرۆسەکە.

ڕاپەڕینی شێخ مەحموود دووچاری لاوازبوون و شکستی هات. ژمارەیەک لەو خوێندەوار و ڕۆشنبیرانەی کە ئەوپەڕی دڵسۆزانە لە ڕاپەڕینەکانیدا تێدەکۆشان، ورەیان دابەزی و دووچاری نائومێدی هاتن، هەڵوێست و ڕەفتاری خۆیان گۆڕی و کاروبار و بەرژەوەندیی تایبەتیان بە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عێراقەوە بەستەوە. ژمارەیەکیشیان بایەخی باشیان بە دەرهێنانی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی دەدا، ڕق و کینی دژ بە داگیرکەر و پیلانەکانیدا بە قووڵی ڕیسوا دەکرد و هەوێنی بیروبڕوای کوردایەتی و پێشکەوتووخوازیان بڵاو دەکردەوە.

ڕۆژی ۱۹۲٦/۲/۲۱ پیرەمێرد (حاجی تۆفیق)، دوای ئەوەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یان داخستبوو، ڕۆژنامەی (ژیان)ی دەرهێنا. (ژیان) تا ساڵی ۱۹۲۸ لە بڵاوکردنەوە بەردەوام بوو.

کوردپەروەرێکی ئازا و دڵسۆز؛ حوسێن حوزنی موکریانی(××) توانی بە ڕەنج

---

(×) لە دوای ساڵی ۱۹۲۱ەوە شۆڤێنیستانی عەرەب، نووسەر و مێژوونووسانیان، سەرگەرمانە، خەریکی گۆڕینی مێژوو و ڕاستییەکانن. تەقەلایان داوە و تا ئەتووکەش دەیدەن کە خاکی کوردستانی باشوور لە پێش داگیرکردنی سوپاکانی ئیسلامیش خاکی عەرەب بووە.

(××) حوسێن حوزنی موکریانی، لە سەیدەکانی (بنچگە و شقویفەیە)، کە دوو گوندن لەنزیک (بۆکان)ن. ساڵی ۱۳۱۱ کە دەکاتە ساڵی (۱۸۹۰) زایین، لە شاری ساباڵغ (مەهاباد) لە گەڕەکی حاجی حەسەنیان هاتووەتە دونیاوە. هەر لە سەرەتای تەمەنیدا بلیمەت و زیری تێدا بەدی دەکرا. ساڵی ۱۹۱۵ لە شاری (حەلەب)ەوە یەکەم چاپخانەی کوردی پێکهێنا و لە ساڵی ۱۹۲۵دا بە ماندووبوونێکی زۆر لە (حەلەب)ەوە گەیاندییەوە ڕەواندووز. گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە دوایشدا (ڕووناکی) دەرهێنا و چەندان کتێب و نامیلکەی بە چاپ گەیاند. ساڵی ۱۹۳۲ لە ڕەواندوز دوور خرایەوە بۆ هەولێر چاپخانەکەی هێنایە هەولێر. لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە بەغداد دەژیا. دەستی باڵای لە دەرهێنانی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا هەبوو. ڕۆژی ۲۰ی ئەیلوولی ۱۹٤۷ لە بەغداد ماڵئاوایی لە ژیان کرد و تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ هەولێر و لەوێ نێژرا.

و بازووی تاکەکەسیی خۆی بە کارێک هەڵبستێت لە مێژووی کورددا وێنەی نییە، یەکەم چاپخانەی لە (حەلەب)ەوە بگەیەنێتە ڕەواندوز و لە ساڵی ١٩٢٦ تا ١٩٣٢ گۆڤاری (زاری کرمانجی) و چەندین کتێبی مێژوویی و شیعر و کولتووری کوردی بە چاپ گەیاند و بڵاوی کردنەوە. بە یەکێک لە کەڵەمێردە ناودارەکانی مێژووی گەلی کوردستان دەژمێردرێت. بەداخەوە تا هەنووکە ئەو ڕێزلێنان و پایەبەرزەی شیاوێتی پێی نەدراوە!

لە ناوەڕاستی ١٩٢٦دا کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازان لە شاری بەغداد یانەیەکی نیشتمانی و کۆمەلایەتییان بە ناوی (نادی التضامن) (یانەی هاوکاری) پێک هێنا. بارەگاکەی بوو بە پێگەی لاوانی خوێندەوار و پێشکەوتووخوازان. چالاکیی فیکری، سیاسی و کۆمەلایەتی دژ بە کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزمیان ئەنجام دەدا. ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابی و خوێندەوارانەی لە بەغداد دەژیان، پەیوەندییان بە یانەکەوە کردبوو، هەندێک دەنگوباسی گەیشتبووە بیرۆی تایبەتی بریتانیا (المكتب الخاص لبريطانيا) و ئاماژەی بەوە دەکرد، کە یانەکە لە واقیعدا بایەخ بە بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندە لە پێناو بڵاوبوونەوەی بیری سۆسیالیستی لە عیراقدا دەدات. ڕابەرەکانیشی بە ڕێگای نامەنووسین پەیوەندیان بە ئینتەرناسیونالیستی سێیەمەوە (الاممیه الثالثه)[×] هەیە و لە ڕێگای ئەوانەوە ئامۆژگاری دەکرێن بە چ شێوە و ڕەوتێک هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن.[٤٠]

---

(×) الاممیه الثالثه (کۆمینتێرن) لە ٢٢ی حوزەیران تا ١٢ تەمموزی ١٩٢١، (٦٠٠) نوێنەری (١٠٢) پارتی و ڕێکخراوی (٥٢) وڵات لە مۆسکۆ بە بەشداریی لینین (١٨٧٠-١٩٢٤) کۆ بوونەوە و باری دونیا، کێشەی چینایەتی و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نیشتمانییان دەرس و تاوتوێ کرد. کۆمەڵێک بڕیاریان دەربارەی دامەزراندنی پارتیی کۆمۆنیستی و مارکسیستی لە وڵاتانی جیهاندا و شێوازی خەبات و تەقەلادانەکانیان وەرگرت. بە شێوەیەکی ڕەسمی بنیاتنانی ئینتەرناسیونالیزمی سێیەم ڕاگەیەنرا. هەموو ساڵێک کۆبوونەوەی گشتیی خۆی دەکرد. ساڵی ١٩٤٢ خۆی هەڵوەشاندەوە و نەما.

(البنی، محمد ضد الانتهازیه والیسار، ص٢٩٦)

## ٧- گیان و بیرۆکەی نەتەوەیی گەشە دەکات:

هەرچەندە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عیراقدا ئارامی و هێوربوونەوەی بە خۆوە نەدەبینی، ئەگەرە بە دوای ئەگەرە و تەنگوچەڵەمەی جۆراجۆری تێدا ڕوو دەدا، ژمارەیەک لە دڵسۆزانی نەتەوەکە و زانا و ڕۆشنبیران بەردەوام بوون لەسەر تەقەلا و ڕەنجدانیان، خوازیار بوون کە پێداویستی و هەندێک مافی سەرەکی بۆ گەلەکەیان بە دەست بهێنن. وەکوو پاراستنی ناسنامەی نەتەوەی، خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و ئەوەی کە دەۆک بکرێت بە پارێزگایەکی تایبەت بە کوردەکانی ناوچەی بادینان. بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان و کشت بەڵێنەکانی بریتانیا کە بە گەلی کوردستانی باشووری دابوو پیادە بکرێت.

بە مێژووی ١٩٢٧/٦/٢٤ حکوومەتی عیراق بەیاننامەیەکی ڕاگەیاند، کە ئاسایش و ئارامی بە تەواوی گەڕایەوە ناوچە کوردنشینەکان و شێخ مەحموود خۆی بە دەستی میرییەوە داوە و ئاژاوە و کێشە لە باکووری عیراق نەما.[٤٦] [لە واقیعدا ڕاگەیاندنەکە ڕاست نەبوو و مەبەست فریودانی خەڵک و دابینکردنیان بوو.]

ڕۆژی ١٩٢٧/٧/١٠ لە ماڵی بابەعەلی شێخ مەحموود، لە بەغداد، بە نهێنی کۆبوونەوەیەک ڕێکخرا، دوای باس و لێدوان لەسەر باری کوردستانی باشوور بڕیار وەرگیرا و کۆمەڵێکی سیاسی بە ناوی (کۆمەڵەی پشتیوان)ەوە دامەزرێنرا و کۆمیتەی سەرکردایەتییەکەی لەم کەسایەتییانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١- سەرۆک مستەفا شەوقی، خاوەنی گۆڤاری پەیژە، کۆنەئەفسەرێکی عوسمانی، ٢- ڕەشید نەجیب، سکرتێری یەکەم و مووچەخۆر، ٣- ئەحمەد خواجە، سکرتێری دووەم، ٤- خەلەف شەوقی داودی، ئەندام، مووچەخۆر، ٥- مەحموود جەودەت، ئەندام، مووچەخۆر، ٦- عیزەت تەل، ئەندام، مووچەخۆر،

٧- عەلی عرفان، ئەندام، ئەفسەر، ٨- حەمید جەودەت، ئەندام، ئەفسەر، ٩- ئەمین ڕەواندوزی، ئەندام، ئەفسەر، ١٠- فائق کاکەمین، ئەندام، ئەفسەر، ١١- ڕەئوف جەلال، ئەندام، ئەفسەر و ١٢- بەشیر موشیر، ئەندام، بەرگدروو.

کۆمەڵەکە لقی بە هەموو کوردستاندا بڵاو بووەوە. سەرۆکی لقەکە لە هەولێر ڕەفیق حیلمی بوو و لایەنگرانی کۆمەڵەکە لە موسڵ گەلێک زۆر بوون.[٤٢]

میری عیراق زوو کەوتە بەربەرەکانێکردن و ڕاونانی لایەنگرانی کۆمەڵەکە، بە دەرکردنیان لەسەر کار و دوورخستنەوەیان بۆ شوێنی دوور.

ڕۆژی ١٩٢٨/٢/٨ خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری لە بەغداد دژی (ألفريد موند)ی ئینگلیز بەرپا کرا، کە بێشەرمانە بەرگری لە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەکرد و دروشمە سەرەکییەکانی خۆپێشاندەران بریتی بوون لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم،[*] کۆنەپەرست و نیشتمانفرۆشان. داوای سەربەخۆیی تەواویان بۆ عیراق دەکرد. زەکی خەیری کە خۆی یەکێک بووە لە بەشداربووانی خۆپێشاندانەکە دەیگوت ژمارەیان لە ٢٠هەزار کەس تێپەڕی دەکرد و بەشی هەرە زۆریشیان هەژارانی بەغداد و قوتابییان بوون.(٤٣)

چەند ساڵ لەمەوبەر لە دانیشتنێکی تایبەتیمدا پرسیارم لە کۆچکردوو زەکی خەیری کرد و دەشمزانی کە دایکی بە ڕەچەڵەک ژنەکوردێکی خەڵکی

(×) زایۆنیزم: بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ئایینیی جوولەکەیە، لە سەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵداوە. ساڵی ١٨٩٨ لە یەکەم کۆنگرەی جوولەکەکانی دونیادا کە بە ڕێنمایی (تیودۆر هرتزل) لە نەمسا ساز کرا، کەوتنە تەقەلا و کۆشش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جوولەک لەسەر خاکی فەلەستین بەو نیازەی شاری ئۆرشەلیم (قدس) بکرێت بە پایتەختی. ساڵی ١٩١٨ وەزیری دەرەوەی بریتانیا (بلفۆر) بەڵێنی پێدان کە بریتانیا یارمەتیی تەواویان پێ دەگەیەنێت. سەرهەڵدانەکە یەکجار گەشەی کرد. بە هەزاران جوولەکە لە وڵاتانی دونیاوە ڕوویان لە فەلەستین کرد. ڕۆژی ١٩٤٨/٥/١٥ کۆمیتەی گەلانی دونیا بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی، لەسەر بەشێک لە خاکی فەلەستینی، وەرگرت و وا (٥٢) ساڵە شۆڤێنیست و کۆنەپەرستەکانی ئیسرائیل بێبەزەییانە زەبر و زیانی کوشندە بە گەلی عەرەبی فەلەستینی دەگەیەنن.

شارۆچکەی (بەدرە)یە[×] کە ئایا لە خۆپێشاندانەکەی شوباتی ١٩٢٨دا کوردتان لەگەڵدا بوو یان نا؟ لە وەڵامدا گوتی: "ژمارەیەک لە بەشداربووان برایانی فەیلی و قوتابییانی کورد بوون کە لە بەغداد دەژیان. لە سەرەتادا چەندێکیشیان لە لایەن پۆلیسەوە لێ دەستگیر کران. هەستی ئەوەش دەکرا کە خوێندەوار و قوتابییە کوردەکان، سەرگەرمانە، باس و لێدوانیان لەسەر باری باکووری عیراق و ژیانی خۆیان دەکرد."

ڕاستییەکە هەیە کە پێویست دەکات هەمیشە لە لای نەوەی گەلی کوردستان ون نەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای داگیرکردنی عیراق و کوردستانی باشوور لە لایەن سوپای ئینگلیزەوە، ژمارەیەک لە ئەفسەر و کەسایەتی و سەرۆکعەشیرەتە کوردەکان خۆیان بە سیاسەت و بەرژەوەندیی ئینگلیزی داگیرکەردوە بەستەوە و بوون بە کاسەلێس و خزمەتکاریان و ئەوان پیلان و نەخشەی ئینگلیزیان دادەنا و سەرگەرمانە ئەنجامیان دەدا.

بەتەک سەرتاپای ئەو هەموو تەگەرە و ئاستەنگانەی بە ئانقەست و نەخشەی داڕێژراوی بێپسانەوە دەخرانە پێش دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، کاروانی تێکۆشان و قوربانیدان لە پێناوی خۆی نەدەوەستا و گیانی بەرگریکردن لە ماف و خاکی نیشتمان و ناسنامە و بڵێسەی سەرهەڵدان هەر ڕێگای خۆی دەکردەوە. قۆناغ دوای قۆناغ خەبات جۆرەها شێوازی گرتە بەر.

لە کەشوهەوایەکی دژوار و ئاڵۆزدا کە وەک هەوری شووم کوردستانی داپۆشیبوو، ساڵی ١٩٢٧ نوێنەری چوار ڕێکخراوی کوردستانی و ژمارەیەک لە کەسایەتیی ناودار و ڕۆشنبیرانی دڵسۆز لە هاوینەهەواری لوبنان

---

(×) بەدرە: شارۆچکەیەکی کۆنی کوردە لە بناری ڕۆژئاوای شاخی پشتکۆ هەڵکەوتووە و سەر بە پارێزگای (کوت)ە. ساڵی ١٩٥٦، ئەز و ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیست و ئەندامانی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق بۆ ئەم شارۆچکەیە دوور خراینەوە. ماوەی ساڵێک ژیانم لەوێ بەسەر برد. تەنیا ماڵی ژمارەیەک پۆلیس و مووچەخۆری عەرەبی لێ دەژیا. ئەوی تر بە تەواوی کورد بوون. لە دوای ١٩٧٠ەوە ڕژێمی بەعسی فاشیستی عیراق کەوتە ڕاگوێزان و بەعەرەبکردنی شارۆچکەکە

(بحەمدوون) کۆ بوونەوە و دوای ٤٥ ڕۆژ گفتوگۆ و دەرسکردنی باری کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە، بڕیاری دامەزراندنی پارتیی سەربەخۆیی کوردستان (خۆیبوون) وەرگیرا. جەلادەت بەگ بەدرخان بە سەرۆکی پارتییەکە هەڵبژێردرا، بۆ ماوەیەک شاری (حەلەب) لە سوریا کرا بە بنکە و پێگە و ناوەندی ئیشکردنی پارتییەکە. سەرکردایەتیی پارتییەکە پەیوەندیی بە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە هەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە کەساتی ناودار و خوێندەوار و پێشکەوتووخواز چوونە ڕیزەکانییەوە. (خۆیبوون) دەنگێکی مەزنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دایەوە و گیان و تینێکی بەهێزی خستەوە بەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان.[٤٤]

لە هەمان ڕۆژگاردا، بزووتنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فیکری لە بەشێک لەو وڵاتانەی دراوسێ و نزیک بە کوردستانن وەک سوریا، لوبنان، فەلەستین و میسر گەلێ بە خێرایی کەوتبووە گەڕ و سووڕ و بەرەوپێش ڕۆیشتن. بزووتنەوەی نیشتمانی، بیروبڕوای چەپ و پێشکەوتووخواز ماک و ڕەگی داکوتابوو و کەوتبووە سەرهەڵدان و چالاکینواندن و ڕووناکی و پرشنگیشی نەگەیشتە عیراق و کوردستان.

لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٢٨دا نانیبەکانی هەولێر؛ مەعروف چیاوک، ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی، جەمال بابان، عەبدوڵا موفتی و نائیبەکانی کەرکووک؛ محەمەدسەعید جاف و هی سلێمانی محەمەدساڵح و سەیفوڵا خاندان یاداشتێکیان بە وەزارەتی مەعاریفی عیراق دا و داوایان کرد کە گەشە بە زمانی کوردی بدرێت و بایەخ بە پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەی باکووری عیراق بدرێت.[٤٥]

ساڵی ١٩٢٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراقی نوێدا کۆمەڵێکی پێشکەوتووخواز، بەئاشکرا، لە بەغداد، بە ناوی «کۆمەڵەی پیشەسازانی عیراق» ـ «جمعیه الصنائع العراقیه» دامەزرێنرا و داوای چارەکردنی ژیانی کرێکار و هەژاران و شوێنی ئیشکردنی دەکرد، بەرگری لە پیشەسازیی نیشتمانی و بەرهەمی خۆماڵی دەکرد و دژی کۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکانی

بێگانە تێدەکۆشا. ژمارەیەکی زۆر لە کاسبکار و هەژاران لە دەوروبەری کۆبوونەوە. تا ١٩٣١/٨/٢٧ لە تەقەلا و خەباتی بەردەوامدا بوو و پاشان لە لایەن پۆلیسەوە داخرا و دواتریش سەرۆکی کۆمەڵە، محەمەدسالح قەزاز، بۆ شاری سلێمانی دوور خرایەوە.[٤٦]
باری عێراق بە ئاڵۆزی و گرژی بەرەوپێش دەڕۆیشت. دڵسۆزانی کورد، خوێندەوار و ڕۆشنبیران، سەرگەرمانە، تەقەلایان دەدا کە نەتەوەکەیان لە کاروای پێشکەوتن و ژیانی مۆدێرن و گۆڕانکارییەکان دوا نەکەوێت.
مستەفا نەریمان چەند پرسیارێکی ئاراستەی مامۆستا عەبدولقادر قەزاز کردبوو دەربارەی ئەو کۆڕ و کۆمەڵە کوردییانەی لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی پێشوودا بۆ خزمەتکردنی گەلەکەیان و کوردایەتی چالاکییان دەنواند و وەڵامەکانی لە ژمارە ٩ی تەمموزی ١٩٨٨ی گۆڤاری (ڕەنگین) کە لە بەغداد دەردەچوو بڵاو کردووەتەوە. مامۆستا عەبدولقادر گوتوویەتی: "لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، لە لایەن ژمارەیەک ڕۆشنبیر و دڵسۆزانی کوردپەروەرەوە تەقەلا دەدرێت بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی دۆزی کوردستان (کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان) پێکهێنرا. ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودار و ناسراو و خوێندەوار و هۆشمەندەکان ڕۆڵی سەرەکییان تێدا ئەنجام دا، لەنێوانیاندا، حوسێن حوزنی موکریانی، ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی، میرزا توفیق قەزاز، سەیفوڵا خاندان، سەید محەمەدی جەباری، حازم شەمدین ئاغا، شاعیر ئەحمەد موختار جاف، وەستا ساڵحی خەیات، جەلال سائب، مەعروف چیاوگ، ساڵح زەکی، ڕۆستەم حەسەن میکائیلی، ڕۆستەم زوغراب، و گەلێکی تر. هەرچەندە تەمەنی کۆمەڵەکە کورت بوو، وەلێ چەند کارێکی گرنگی بەسوودیان لە پێناو کوردایەتیدا پیادە کرد.[٤٧]
لە سەرەتای ١٩٢٩دا چوار نائیبی کورد یاداشتێکیان دا بە مەندوبی سامیی بریتانیا لە بەغداد و سەرۆکی وەزیرانی عیراق و داوایان کرد بوو:
١- پارێزگایەکی نوێ پێک بهێنرێت، دهۆک و گشت ناوچە کوردنشینەکانی بادینان بگرێتەوە.

٢- له ڕێژی ٢٠٪ی داهاتی ساڵانەی عیراق بۆ پێشخستنی كوردستان تەرخان بكرێت.
٣- خوێندن و نووسین لە باكووری عیراق بە زمانی كوردی بێت.
٤- هێزە چەكدارەكانی عیراق لە كوردستان نەمێنێت و تەنیا پۆلیس هەبێت.
٥- دوو نوێنەری كورد بخرێتە بلۆكی وەزارەت.(٤٨)

ڕۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ پەیمانی تازەی نێوان حكومەتی عیراق و بریتانیا مۆر كرا، بایەخدانێك بە دۆزی كورد تێیدا بەدی نەدەكرا، دەنگی ناڕەزایی و بێزاری لە باكووری عیراق، بەتایبەت لە شاری سلێمانی، بەرز بووەوە. لەنێوان ٢٠ی تەمموز تا ٢٦ی تەمموزی هەمان ساڵدا چەندەها یاداشت و سكاڵا و برووسكە بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیا و كۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) بەرز كرانەوە. بەتوندی ناڕەزایی دژ بە پەیمانە شوومەكە تێیدا پیشان درا، كە پەیمانەكە بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بە پرۆسەی گەلی كوردستان و مافە ڕەواكانی نەكردبوو. كۆمەڵەی گەلانیش هەڵوێستی ناڕەوا و نێگەتیڤ بوو، بەڵام دڵسۆزانی كوردستان بەردەوام بوون لە بەرزكردنەوەی دەنگی ناڕەزایی و ناردنی یاداشتێكی توند بۆ مەندوبی سامیی بریتانیا لە بەغداد و سكرتێری گشتیی كۆمەڵەی گەلان لە جنێڤ و ئەمە دەقەكەیەتی:

الی فخامه المعتمد السامی فی بغداد، بواسطه المفتش الاداری فی السلیمانیه

الی سكرتیر عصبه الامم - جنیڤ

اشاره الی المراسلات التبادله نرجو عرض النقاط التالیه للنظر فیها.

لم ینفذ شیء من مقررات عصبه الامم فیما یتعلق بالاكراد، فمنذ ١٩٢٤/١٢/٦ وهو التاریخ الذی الحقت كردستان الجنوبیه الی عرب دجله والفرات. فی عام ١٩٢٩ قدم الاكراد مضبطه طلبوا فیها تطبیق قرارات عصبه الامم، لكن لم ینظر فی طلبهم. فی شباط ١٩٣٠ رفع مندوبو الاكراد تقریرا الی المعتمد السامی. فی مارت ١٩٣٠ قدم هولاء المندوبون تقریرا اخر طالبین فیه تطبیق حقوق الاكراد المعترف بها.(٤٩)

رێبازی چەوت و نارەوا و ناراستی هەردوو حکوومەتی عیراق و بریتانیا، هۆش و هەستی کوردپەروەران، کەوتە جۆش و گەرموگوڕی و تا دەهات پەنگی دەخواردەوە و دەکولا. ڕۆژ دوای ڕۆژ برووسکەناردن، یاداشت و سکالا بۆ وەزیری موستەعمەراتی بریتانیا دەنێردرا و داوا دەکرا مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانی باشوور بخرێتە نێو خاڵەکانی پەیمانەکەوە، بەڵێنی ئەنجامدانیان بە میللەتەکە بدرێت. ناوی ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی سلێمان لە برووسکەکاندا دەبینرا وەک عەزمی بەگی بابان، عەبدولقادر حافیز، حەمەئاغای ئاورەحمان ئاغا، فائق بابان، تۆفیق قەزاز، عیزەت عوسمان پاشا، حەمدی ڕەشید پاشا و شەفیق ڕەشید پاشا.(٥٠)

هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەک پەرەی سەندبوو، ئافرەتی کوردیشی ڕاکێشابووە نێو کۆڕی تێکۆشان، تا بەشداری لە تەقەلاکاندا بکەن. دەنگی خۆیان خستە تەک براکانیان. ڕۆژی ١٩٣٠/٧/٢٤ برووسکەیەکی پڕ سۆز و گەرمیان بۆ مەندوبی سامیی بریتانیا و سەرۆکوەزیراتی عیراق بەرز کردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

ئێمە ژنانی کورد بە هەموو مەوجودیەتمانەوە تەلەبی حقوقی مەشروعەی کوردستان ئەکەین، کە عصبە ئەلئومەم پێی بەخشیوین و ئیعترافی لەسەر کراوە، ئیسترحام ئەکەین حیمایەمان بفەرموون.

حەلاوە ڕەمزی ئەفەندی، ئامینە غەفور ئاغا، حەفصە نەقیب، ئامیدە سالح ئەفەندی، حەفصەی قادر ئاغا.(٥١)

هۆش و گیانی کوردایەتی پەرەی دەسەند، لە هەموو ناوچەکانی هەرێمەکەی کوردستانی باشووردا دەنگ بەرز دەکرایەوە و داوا دەکرا کورد مافی خۆی دەوێت و داوای ئازادی دەکات. گەلی کوردستان یەک گەلە و یەک چارەیان هەیە. ئەمەش دەقی سکالا و یاداشتێکە کە لە بادینان بەرز کرایەوە:

دهۆک
١٩٣٠/٨/٩
صورتی:
بۆ عصبه الامم، به پۆستدا
بۆ دار الاعتماد له بەغداد،
بۆ رئیس الوزاری عرب
بۆ پەرلەمانی ئینگلیز
بۆ لیوای سلێمانی
له کوردانی اقضیەی شمالی وه بۆ هەموو کوردان
خەبەرداربن چاوی خۆتان بکەنەوه، سەیری ئەطراقی خۆتان بکەن وا ئینگلیز لەگەڵ عراقا معاهەدەیەکی کرد، لەم معاهەدەیەدا بەحث له حقوقی کوردان نەکراوه، له پاش دو وساڵی تر ئینتدابی ئینگلیز له عیراق نامێنێ. حکومەتی عیراق سەربەست و داخلی عصبه الامم دەبێ. ئەوسا کورد له ژێر دەستی عەرەب ذەلیل دەبێ. لەبەر ئەوه عەیبه ئەگەر ئێمەش وەکو ئەهلی سلێمانی داوای حقوقی خۆمان نەکەین و ئەو برایانەمان به پیاو و ژن و منالەوه جەهد دەکەن و به چارێک هاواریان بردووەته بەر عصبه الامم و دار الاعتماد و داوای حقوقی کورد دەکەن. ئەگەر ئێمەش ئیتحادیان لەگەڵا نەکەین و وەکو ئەوان داوای حقوق نەکەین حاڵمان خراپ دەبێ و حقوقمان دەفەوتێ.
ئێمه که ناومان له ژێرەوه نووسراوه و عەشائیری سندی گل، بروارێ، دۆسکی، و هەموو ئەقضیەی شیمالی تەوکیلیان کردووین که به ناوی کوردی ئەم ناوەوه، ئەم بەیاننامەیه عەرضی انظاری عالەم بکەین و داوای حقوقی کورد بکەین. فکری ئێمه، فکری سلێمانیه و مخالەفەتێک له بەینا نییه و موافق قەراری عصبه الامم وەکو لوای سلێمانی طەلەبی تشکیلی حکومەتێکی مستقلەی کوردیه ئەکەین.
شێخ غیات ئەلدین، شێخ نوری بریفکانی، شێخ رەقیب سورچی، ئەدیب ئەفەندی: رئیس بلدیه عمادیه، حەماغا براش، شێخ شهاب زیبار، ترخان حاجی رەشید بەگ بروارێ.

## ٨- ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ و کوردستانی باشوور

بێزاری و نارەزایی، ڕق و کینەی دڵسۆزانی کوردستان دژ بە فرتوفێڵی ئیمپریالیزمی بریتانیا و کۆنەپەرستانی عیراق گەیشتبووە کوڵان و هەڵچوون. نەیاری و پیلانەکانی دوژمن لە قەوارەی شاردنەوە و سازشکاری و گاڵتەپێکردندا دەرچووبوو. لەو پەیمانە بەدناوەی کە لەنێوان هەردوو حکوومەتدا مۆر کرا، پەردە لەسەر گشت نەخشەکانیان لادرا و ئەوەی لە ژێر پەردەی نهێنیدا ساز کرابوو، کەوتە بەر تیشکی ڕووناکی.

ڕۆژی ١٩٣٠/٩/٦ بە هەزاران کەس لە شاری سلێمانی کەوتنە سەر شەقامەکان، داوای مافە ڕەواکانی کوردیان دەکرد، هێرشیان دەبردە سەر پەیمانەکە لە لایەن ڕۆشنبیرانی کوردپەروەر و شاعیر و زانایانی وەک پیرەمێرد.(×)

---

(×) پیرەمێرد: ساڵی ١٨٦٧ لە سلێمانی هاتووەتە دونیاوە. ناوی تۆفیق مەحموود ئاغای مەسرەفە. لە حوجرەکانی شارەکە دەست بە خوێندن دەکات و ساڵی ١٨٨٢ دەکرێت بە مووچەخۆرێکی بچووک. ساڵی ١٨٩٨ لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفید دەچێتە ئەستەمبوڵ و سوڵتانی عوسمانی نازناوی (بەگ)ی پێ دەبەخشێت. ساڵی دوایی لەگەڵ شێخ سەعید دەچێتە مەککە و دەبێت بە حاجی. ساڵی ١٨٩٩ بە فەرمانی سوڵتان دەبێت بە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا لە ئەستەمبوڵ. ساڵی ١٩٠٥ دەچێتە قوتابخانەی حقوق و دەبێت بە پارێزەر. لە ساڵی ١٩٠٧دا بەشداری لە بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕۆژنامەنووسیدا دەکات. لە ١٩٠٩دا دەبێت بە قائمقامی (چۆلەمەرگ). ساڵی ١٩١٨ دەبێتە والی (ئاماسیە). لە ١٩٢٠دا دەگەڕێتەوە بۆ عیراق و ماوەیەک لە بەغداد دەمێنێتەوە و لە دواییدا دەگەڕێتەوە سلێمانی و دەکەوێتە نووسینی شیعر و بە کاری ڕۆژنامەگەرییەوە خەریک دەبێت. ڕۆژی ١٩٥٠/٦/١٩ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا دونیا بە جێ دەهێڵێت و لە گردی مامەیارە بە خاک دەسپێردرێت.

(لە کتێبی مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کورد، عەلائەدین سەجادی وەرگیراوە)

فائق بێکەس و گۆران و حەمدی بە شیعر و وتاری شۆڕشگێڕی هانی جەماوەر دەدرا، کە خۆڕاگر بن، هەڵمەت بەرن، دوژمن ڕیسوا بکەن و سوور بن لەسەر درێژدا بە خەباتیان.(٥٣)

دوژمن کەوتە پەلاماردان و تەقەکردن لە خۆپێشاندەران. ڕۆژنامەی (الزمان)ی بەغدا، ڕۆژی ١٩٣٠/٩/١١، بڵاوی کردەوە کە ژمارەی کوژراوەکان (١٣) و بریندار (٣٥) کەس بوو. ڕۆژنامەی (التاخی) لە ژمارە ٨٢٨ی ڕۆژی ١٩٧١/٩/٦دا بڵاوی کردەوە کە ژمارەی کوژراوەکانی ١٩٣٠/٩/٦ (٤٥) شەهید و برینداریش لە(٢٠٠) زیادەتر بوون. ئەحمەد خواجە، کە ئەوکات لە نزیکەوە ئاگای لە ڕووداوەکان هەبووە، نووسیویەتی: "ژمارەی کوژراوەکان (٣٢) کوژراو و (١٠٠) بریندار بوون."(٥٤)

---

(×) بێکەس: فایق عەبدوڵا کاکەحەمە، ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی سیتەک کە ٢٠ کیلۆمەترێک کەوتووەتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانییەوە هاتووەتە دونیاوە. لە تەمەنی سێ ساڵیدا ئاوڵە دەردەکات و تەمەنی شەش ساڵان دەبێت لەگەڵ باوک و دوو براکەی دەچنە خانەقین و بەغداد. لەو دەربەدەرەدا باوکیان جێیان دەهێڵێت و دەچێتە تورکیا. لە ماوەیەکی کورتدا دایک و برایەکی و خاڵی دەمرن. فایق و براکەی بە هەژاری و دەربەدەری دەکەونە گۆڕ. ساڵی ١٩١٨ دەگەڕێنەوە سلێمانی و تا ١٩٢٣ دەچێتە قوتابخانە و لە دواییدا بۆ خوێندن دەچێتە بەغداد. ساڵی ١٩٢٧ دەگەڕێتەوە سلێمانی و ساڵی ١٩٣٠ ئاگاداری دەکەن کە لە (مەرعەش) باوکی مردووە. لە دوای ١٩٣٠/٩/٦ دەکەوێتە گرتن و دوورخستنەوە و ئازارچێشتن. شاعیرێکی شۆڕشگێڕی کوردپەروەر بوو و چەندەها شیعری نەتەوەیی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە، ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/١٨ لە تەمەنی (٤٣) ساڵیدا کۆچی کرد.
(لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە)

(××) گۆران: عەبدوڵا بەگی سلێمان بەگ، ساڵی ١٩٠٤ لە هەڵەبجە چاوی بە دونیا کەوتووە. لە لای برای گەورەی لە شاری کەرکووک خوێندویەتی. لە ١٩٢٥ تا ١٩٣٧ مامۆستای منداڵان بوو. لە ١٩٤٢ تا ١٩٤٥ لە ئێستگەی ڕادیۆی یافا (بەشی کوردی) کاری کردووە. لە ١٩٥٢ تا ١٩٥٤ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژین) بوو لە سلێمانی و بە تاوانی ئاشتیخوازی چەند جار زیندانی کرا. ڕۆژی ١٩٥٨/٨/١٠ لە بەندیخانە دێتە دەر و دەبێت بە سەرنووسەری گۆڤاری (شەفەق) و ئەندامی ئەنجوومەنی ئاشتی لە عیراق. گۆران مرۆیەکی زیرەک و هێمن بوو و بە مامۆستای شیعری نوێی کوردی دەژمێردرێت. ڕۆژی ١٩٦٢/١١/١٦ بە نەخۆشیی شێرپەنجە دونیای بە جێ هێشت.

دوژمنانی داگیرکەر بە تەواوی تووشی هێستریان بوون، کەوتنە ڕاونان و ڕەشبگیری، و ژمارەیەکی زۆریان لە دانیشتووانی شارەکە زیندانی کرد، لەنێویاندا کۆمیتەی کە بە ناوی (هەیئەتی وەتەنیەت) ڕێنمایی جەماوەری دەکرد دەستگیر کرا ن و لە شار دوور خرانەوە. چەندە دوژمن توندوتیژی و ئاگر و ئاسن و تیرۆری بە کار دەهێنا، هێندەش کاردانەوەکەی لەنێو خەڵکی کوردستاندا زیاتر دەبوو و شێوازی جیاوازی بە خۆیەوە دەگرت و گیانی بەرگری و دوژمنایەتیکردنی داگیرکران زیاتر دەبوو.

لەنێو شەڵتاوی خوێن و کشوتوبڕدا، شاعیران پیرەمێرد و بێکەس ئەم پارچەشیعرەیان بڵاو کردەوە:

قەت وا تێنەگەن چاومان شکاوە
لەناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوە
خەیاڵتان خاوە کورد نەفەوتاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە
میللەت مەتێنە عەزمی نانەوێ
لە غایەی بەرزی خۆی هەر ناکەوێ
لەتویەت کرێ حقوقی نەوێ
من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش دەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەردەکەوێ(٥٥)

کاروانی بەرگریکردن و تێکۆشان، ساتێک، نەدەوەستا. ڕۆژی ١٩٣٠/٩/١٧ شێخ مەحموودی حەفید، لە نامەیەکی توندا قەسابخانە شوومەکەی ٦ی ئەیلوولی شاری سلێمانی مەحکوم کرد. پرۆتستۆیەکی چڕ و توندی دژ بە تاوانەکانی هێزە چەکدارەکانی عێراق پێشان دا و دەڵێت: "اصبح من الواضح وكدليل لديكم بان من المستحيل تعايش الاكراد والعرب سويه بعد ذلك وبان صبر الاكرد قد نفذ بسبب هذه الفضائح المرتكبه بحقهم من قبل العرب..." لە کۆتایی نامەکەیشدا دەڵێت: "فباسم هذا الشعب الاري يطلب منكم كافه الاكراد تحريرهم وفصلهم عن العرب ووضعهم تحت الحمايه البريطانيه."(٥٦)

کوردییەکەی: "بە باشی وەک بەڵگەیەک بۆ ئێوە دەرکەوت، کە دوای ئەم ڕووداوە موستەحیلە کورد و عەرەب بتوانن پێکرا بژین. لە ئاکامی ئەم کارە خراپ و بەد و دژوارانەی لە لایەن عەرەبەوە دژی کورد پیادە کرا، پشووی درێژ لە لایەن کوردەکانەوە نەما و..." کۆتایی بە بڕگەکە دەهێنێت و دەڵێت: "بە ناوی ئەم گەلە ئارییەوە، هەموو کوردەکان داواتان لێ دەکەن ڕزگاریان بکەن و لە عەرەب جیایان بکەنەوە و لە ژێر چاوەدێری ئینتدابی بریتانیادا بن."

لە ڕۆژی ١٩٣٠/١٠/١٠دا شەش نائبی کورد لە پەرلەمانی عیراق، یاداشتێک بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنێرن. ئەمەش دەقەکەیەتی:

منذ حل البرلمان اعلان نص المعاهده الانكليزيه ـ العراقيه الجديده من قبل الوزاره الحاضره، وجد الاكراد ان حقوقهم كلها قد اهملت بهذه المعاهده وراى الاكراد بصوره جليه انه بعد تصديق وابرام المعاهده المذكوره، سيدخلون تحت سيطره العرب بلا قيد او شرط، الامر الذي لايتفق وقرار عصبه الامم ويخالف رغائب الاكراد في نفس الوقت، وعليه فقد هاج الاكراد من زاخو الى خانقين وطالبو كلهم بلسان واحد بحقوقهم شفويا وتحريريا. وقد اجاب العرب على هذه المطاليب باجراء قتل عام في السليمانيه، حيث استعلمت الرشاشات والاسلحه بدون قيد. حتى ان رئيس وزراء العرب وصف هذه الحادثه بكونها مشابهه لحادثه كربلاء التاريخيه. وعلاوه على هذه الاعتداءات سجنت منورو الاكراد ووجوههم. ونفي بعضهم بعد ان هضمت حقوق الاكراد بهذه الكيفيه المحزنه. واصبح من الواضح ان الاكراد لم يعد باستطاعتهم البقاء متحدين مع العرب، وعليه فقد قرر الاكراد والانفصال من العرب انفصالا تاما.

ان الحكومه البريطانيه التي قبلت الانتداب على العراق، مدفوعه بعوامل انسانيه شريفه ستصغى بلا شك الى مطاليبنا المشروعه التاليه وتقنع العرب بمشروعيه المطاليب المذكوره:

١- تشكيل دوله كورديه ضمن الحدود الطبيعيه الممتده من زاخو الى ماوراء خانقين و تخليه هذه المنطقه من العرب عسكريا وميدانيا وتسليمها الى الحكومه الكرديه.

٢- ابقاء المنطقه المذكوره اعلاه تحت انتداب البريطاني كدوله كرديه الى ان تصدر عصبه الامم قرارها بهذه الشان.
٣- اطلاق سراح المسجونين والمنفيين بمناسبه اضطرابات السليمانيه في الحال.
٤- نقل جميع الضباط والموظفين الاكراد في المناطق العربيه الى المناطق الكرديه.
نامل من فخامتكم الاجابه بعطف على المطاليب الانفه الذكور ونرجو قبول احتراماتنا الحميميه.
١٠ تشرين الاول ١٩٣٠
نائب موصل، **حازم شمدين**، نائب اربيل، **اسماعيل رواندوزي**، نائب السليمانيه، **محمد صالح**، نائب اربيل، **جمال بابان**، نائب السليمانيه، **سيف الله خاندان**، نائب كركوك، **محمد جاف**.
ڕۆژی ١٩٣٠/١٠/٣٠ شێخ مەحموودی حەفید و ئەفسەری کورد مەحموود جەودەت نامەیەک بە ناوی کوردستانی باشوورەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان دەنێرن، کە ئەمە دەقەکەیەتی: "تحب الموقعين ادناه ممثلو الامه الكرديه في العراق نرجو اطلاع عصبه الامم على بياننا هذا حول اننا لسنا قادرين على تحمل تلك الشروط التي تفرضها علينا الحكومه العربيه. اننا نعاني بلا انقطاع عن الملاحقات والطغيان. لا نستطيع ثني ابناء جلدتنا عن عمليات نشيطه ضد المستبدين. باسم الانسانيه علينا ان نبين للعالم اجمع ان الامه الكرديه العريقه والابيه وكذلك الاقليات القوميه والمضطهده الاخرى في العراق سيتم حمايتها من الاهانات اللاحقه. اننا نامل ان تحافظ بريطانيا اثناء الاحداث القادمه على حيادها تجاهنا والا تقف ضد طموحاتنا العادله."[٥٨]
نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (کوردستانی عیراق، سەردەمی قەڵەم و مراجعات)دا نووسیویەتی: "لە دوای ڕووداوەکانی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ تا ڕۆژی ١٩٣٠/١٠/١٩ حەوت عەرزوحاڵ لە لایەن سەرۆکعەشائیر و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستانی باشوور بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبه الامم) و مەندوبی سامیی بریتانیان لە بەغداد بەرز کرایەوە، گشتیان جەخت لەسەر داوا ڕەواکانی گەلەکەیان دەکەن."[٥٩]

لە هەمان ڕۆژگاردا خوێندەوار و لاوانی کورد، پۆل پۆل، دەهاتنە کۆڕی خەباتی نەتەوەییەوە و چۆرەها ڕێباز و شێوازیان دەگرتە بەر کە خزمەت بە گەلەکەیان بکەیەن. ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٠ ژمارەیەک لە قوتابییانی کورد کە لە بەغداد دەیانخوێند، کۆمەڵێکیان بە ناوی «کۆمەڵەی لاوان»ەوە ساز کرد. لە ژێر پەردەی بڵاوکردنەوەی خوێند و خوێندەواریدا بە کوردی، سەرکەرمانە، کەوتنە نواندنی چالاکیی زانستی و کۆمەلایەتی و نیشتامنی و مامۆستای مێژوونووس محەمەدئەمین زەکی[×] سەرپەرشتی و ئامۆژگاری دەکردن.. لە ماوەی دوو ساڵدا دوو ژمارە «گۆڤاری لاوان»یان دەرهێنا و نووسەرەکانی بریتی بوون لە کوردپەروەران شاکر فەتاح، حامد فەرەج، برایم ئەحمەد، فازیل تاڵەبانی، گۆرانی شاعیر و سەرتاپای ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکان پڕ بوو لە بیر و بۆچوونی پێشکەوتووخواز و کوردایەتیی پیرۆز.[٦٠]

پەیوەندی و ئاشنایەتی نێوان لاوە پێشکەوتووەکانی کورد و عەرەب دەستی پێ کردبوو و توندوتۆڵی و پتەوبوونی بە خۆوە دەگرت، لە گەلێک ڕووی ژیان و بۆچوونەکان نزیک بە یەکتری بوون و هاوکاری لەنێوانیاندا بەدی دەکرا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٢ گرووپێکی سیاسی لە کەسانی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخواز لە بەغداد کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیروبڕوای چەپ و پێشکەوتووخوازی، ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (الاهالی) دەرهێنا. بە ناوی ڕۆژنامەکەوە ناویان دەرکرد و کەسایەتیی ناودار و نیشتمانیەری وەک کامل چادرچی، محەمەد حەدید، عبدولفەتاح ئیبراهیم، عەبدولقادر ئیسماعیل و

---

(×) محەمەدئەمین زەکی بەگ، مێژوونووسێکی ناوداری کوردە. ساڵی ١٨٨٠ لە سلێمانی هاتووەتە دونیاوە. سەرەتای خوێندنی لە سلێمانی تەواو دەکات و دەچێتە ئەستەمبوڵ و ساڵی ١٩٠٢ کۆلێژی ئەفسەری تەواو دەکات. گەلێک کاروباری گرنگی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا پێ سپێردرا. زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و فەرەنسی باش زانیوە. لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی عیراق، گەڕایەوە و گەلێک کاری سەرەتی لە دەوڵەتی عیراقدا پێ درا. چەند جار بوو بە وەزیر.
چەند کتێبی مێژوویی بەنرخی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە، وەکوو (مێژووی کورد و کوردستان)، (مشاهیر الاکراد)، و (تاریخ السلیمانیه). دڵسۆز بوو بۆ گەلەکەی ڕۆژی ١٩٤٨/٧/٩ لە شاری بەغداد دونیای بە جێ هێشت و تەرمەکەی لە گۆڕستانی گردی سەیوان بە خاک سپێردرا

حوسێن جەمیل و گەلێکی تر ڕۆڵی سەرەکییان لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و کۆمەڵەکەدا دەبینی.[٦١]

ژمارەیەک لە خوێندەوار و قوتابییانی کورد پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ تاقمەکەی (الاهالی)دا هەبوو، وەکوو برایم ئەحمەد، سەمەد حاجی محەمەد، ڕەشید عارف سەقا، دکتۆر کەمال عەبدولڕەحمان و فایق هۆشیار[٦٢] و دکتۆر ڕەفیق تاهیر و لە هەمان دەورووبەردا کوردێکی خەڵکی سلێمانی؛ نوری ثابت، گۆڤارێکی کاریکارتێری لە بەغداد بە ناوی (حبزبوز) دەردەهێنا و بە شێوەی نوکتە و گاڵتەپێکردن هێرشی توندی دەبردە سەر کۆنەپەرستانی ڕارا و سازشکار و هەلپەرست و کرنووشبەر و لە شێوەی کاریکاتۆری سەرسووڕهێنەردا ڕیسوای دەکردن.[٦٣]

هەروەک ئاماژەم پێ کردووە، کۆشش و تەقەلا نەتەوەییەکان بۆ پێشەوە دەڕۆیشتن، خەباتی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی و چەکداری جۆرەها شێواز و مەودای گرتبووە بەر. کۆچکردوو محەمەدئەمین زەکی، کە دڵسۆز و کوردپەروەرێکی کەموێنە بوو، پەلی بۆ گەلێک لا دەهاویشت و تەقەلای بۆ پێشکەوتنی گەلەکەی دەدا. ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٠ نامەیەک بە مەلیک فەیسەڵی یەکەم دەدا و داوای مافەکانی زانیاریی تەواو بۆ گەلەکەی دەکات. دوای ساڵێک لە ١٩٣١دا نامەی دووەم بۆ هەمان مەبەست بۆ مەندوبی سامیی بریتانیا لە بەغدا دەنێرێت. پسپۆڕ لە کاروباری کوردستاندا؛ ئەدمۆندس، لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیادا، ڕۆژی ٢٥/١٠/١٩٦٦ باسی هەردوو نامەکەی کردبوو. لە چەند لاوە بیستوومە کە سەباحی غالیب هەردوو نامەکەی کردووە بە کوردی و بڵاویشی کردوونەتەوە، بەڵام چەندێ تەقەلام دا دەستم نەکەوتن.

باری کوردستانی باشوور گرژی و نائارامی تێدا بڵاو بووبووەوە. ڕۆژی ١٠/٩/١٩٣٠ شێخ مەحموود گەڕایەوە ناوچەی شارباژێڕ و یاداشتێکی تری بۆ مەندوبی سامیی بریتانیا لە بەغداد نارد. تێدا هاتبوو: "دووپاتی دەکەمەوە کە پێویست دەکات حکوومەتی عیراق هەرێمی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین جێ بهێڵێت، حکوومەتێکی کوردی لە ژێر سایەی ئینتدابی بریتانیا دابمەزرێنێت.[٦٤]

نووسەری عەرەب؛ ئەدمۆن غەریب، لە کتێبی (الحرکه القومیه الکردیه)دا دەڵێت: "کان العراق یشهد صراعا عاما مع الانکلیز بشان تعدیل المعاهده، تمهیدا لانضمام العراق الی عصبه الامم واعلی الشیخ محمود العائد للثوره طلابا للمندوب السامی البریطانی فی بغداد بان تترک الحکومه العراقیه جمیع مناطق کردستان مابین خانقین وزاخو وان تقام حکومه کردیه تحت انتداب الانکلیز"[٦٥]

نووسەری عیراقی عەبدولفەتی مەلاح کە کادیرێکی پێشکەوتووی پارتیی نیشتمانیی دیموکراتی (الحزب الوطنی الدیمقراطی) بوو دەڵێت: "شێخ مەحموود لە نامەکەیدا بۆ مەندوبی سامی دەڵێت: "ان لاتستثنی کردستان الجنوبیه من الامم المتحده"[٦٦] نە حکوومەتی عیراق و نە بریتانیان بە بزووتنەوە چەکدارییەکەی شێخ مەحموود رازی نەبوون و رۆژی ١٩٣٠/١٠/ ٢٩ جارێکیت ر شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزی چەکداریی عیراق و هێزی شێخ مەحموود دەستی پێ کردەوە، بەتایبەت لە دوای ١٩٣٠/١/٩ شەڕ پەرەی سەند و یەکجار گەرم و بە تەوژم بوو.

بە ڕا و بۆچوونم تێروتەسەلترین لەو نامە و یاداشتانەی شێخ مەحموود بە درێژایی چواردە ساڵ ئاراستەی سەرۆکی وڵاتانی بیانی و کۆمەڵەی گەلان و باڵیۆزخانەی بریتانیا لە بەغداد کردبوو، ئەو یاداشتە پڕ مانا و رێکوپێک و بەهادارەیە کە بە مێژووی ٣١ی مارتی ١٩٣١ بۆ سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی گەلانی ناردووە:

چەند برگەیەک لە یاداشتەکە دەخەمە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێز:

"ئێمە کوردەکان لەگەڵ هەموو قەوم و گەلێکدا ئەمانەوێت دۆست و برا بین وە بێ قین و کینە بژین وە نامانەوێت مەیدانی ئەوە بدرێت کە (حەق و ماف ـ تقریر مصیر)مان بخرێتە ژێر دەستێکی ترەوە. ئاشکرا و روونە کە چارەنووس (تقریر مصیر) دراوەتە چەند گەلێکی دواکەوتوو..."

"لە کاتێکدا کوردە بێ چەکەکان هیچ نیازێکی هەڵمەت و ورووژمبردنیان نەبوو بۆ سەر هیچ کەسێک تەنیا لە رووی ئاشکراکردنی بیروباوەڕی (سیاسی) و ئامانجی خۆیان، بە هەزاران کوردیان بە ئاگری مەترالیۆز و بۆمبای فڕۆکە درووێنە کرد و کوژران..."

خوێن، ئاگر هیچ شتێک ناتوانێت مێژوو بگۆڕێت، بیسڕێتەوە، بە ملیۆنەها کورد و ڕەگەزی سەلاحەدین،(×) کەریم خانی زەند(××) بگۆڕێت و بیانکات بە عەرەب و یان تیرەیەکی تر. میللەتەکەم نەڵێت ئێمە شۆڕش ناگێڕین و بۆ خوێنیش تینوو نین و نامانەوێت فیتنە بنێینەوە و لایەنگری جیاوازیش ناکەین.

بەڵێ ئێمە بە ناچاری چەکمان هەڵگرتووە، چونکە ئیجبار و ئیرغام کراوین و بە نابووتی مەحکوم کراوین. لەبەر ئەوەی بێ بەش و بێ هیوا کراوین و دەستمان داوەتە چەک. ئێمە داوای ئەوە ناکەین حاکم و زاڵی هیچ میللەتێک بین، چاومان لە خاک و وڵاتی هیچ کەلێک بێت، بەڵام ڕازیش نابین کەس حوکممان بەسەردا بکات و فەرمانمان بەسەردا ڕابوێرێت. ئێمە تەنیا حوکم و سەرۆکایەتی و فەرمانداریی خۆمان ئەوێت...'

'کۆمەڵی بەشەرەفی ئێوە بە موجبی ئەمر و طەبیعەت و لزومی ئیختصاص و حاجات و واقیع، پێویستە ئێوەش بگەڕێنەوە سەر قەرارەکەتان کە لەساڵی ١٩٢٥دا دراوە، و موقەدەمەن تەصدیق کراوە...

---

(×) سەلاحەدینی ئەیوبی: قارەمانێکی کوردە، ساڵی ١١٣٧ی زایین لە ناوچەیەکی نزیک شاری هەولێر هاتووەتە دونیاوە. هەر لە ئەمەتی لاویدا بلیمەت و ئازایی و گیانی مرۆڤایەتی تێدا پەدی کراوە. زوو سەرنجی مام و کەسوکارەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بوو بە سەرکردە و ڕابەرێکی لێهاتووی یەکجار بەتوانا. ساڵی ١١٨٦ لە شەڕی (حطین)دا بەسەر داگیرکەرە گاورە خاچپەرستەکاندا سەرکەوت. فەلەستین و شاری (قدس)، کە ١٣٠ ساڵ زیاتر داگیریان کردبوو، ڕزگاری کردن و دەوڵەتی ئەیوبی دامەزراند. ساڵی ١١٩٣ کۆچی کرد و دونیای بە جێ هێشت. لە پایتەختی سوریا (دیمەشق) تەرمەکەی بە خاک سپێردرا

(××) کەریم خانی زەند، ساڵی د ١٧٠ لە گوندی (پەری)ی ناوچەی لوڕستان هاتووەتە دونیاوە. لە تیرەی (لەک)ە. لە سەردەمی نادر شادا کرا بە سەرکردەیەک لە سوپای ئێراندا و بە هۆی ئازایەتی و ڕەوشتپاکی و جوامێرییەوە، دوای مردنی نادر شا، دەسەڵاتی حوکمڕانی ئێرانی کەوتە چنگ، نەک بە ناوی شا، ناوی لە خۆی نا، پارێزەری ڕەعیەتەکان، ماوەی (١٥) ساڵ وڵاتی ئێرانی بە هێمنی و بە چاکی بەڕێوەبرد و ئێرانی بەرەوپێش برد، لە سەردەمی ئەودا خەڵک هەستی بە ئەمان و ئاسایش دەکرد. کەریم خان هەرچەندە نەخوێندەوار بوو، بەڵام زۆر زرنگ و کارامە و هێژا بوو. ساڵی ١٧٧٩ دونیای بە جێ هێشت. ئاژاوە و کێشە و پشێوی گەڕایەوە ئێران. ساڵی ١٧٩٤ بنەماڵەکەی لەسەر کار نەما و دەسەڵات کەوتە دەستی قاجارییەکان

سەعادەت مەئاب هیواداریڕن کە ئیحرامات و تەعظیماتی بێپایانمان قبوڵ و تەصدیق بفەرموون.

بە ناوی دانیشتووانی کوردستانی جنوبی

شێخ مەحموود[٦٧]

٣١ی مارتی ١٩٢١

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٣١دا، شێخ ئەحمەدی بارزانیش کەوتە ڕاپەڕین و شەڕی چەکداری دژ بە هێزەکانی عیراق و ئینگلیز. بە ڕێکەوت ناژمێردرێت کە لە هەمان ڕۆژگاردا شۆڕشێکی چەکداری بەرفراوانیش لە کوردستانی باکوور بە سەرکردایەتیی ئیحسان نووری پاشا هەڵگیرسا بوو. لە ئاکامی نەبوونی پارتییەکی کوردستانی سەرانسەری یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی خاوەن ستراتیژیەتێکی یەکگرتووی دارێژراو، لەنگەری شەڕ و پێکدادانەکان بۆ بەرژەوەندی و هێزی داگیرکەران وەرچەرخان. لە مانگی ئایاری ١٩٣١دا ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود شکستی هێنا و کەوتەوە دەستی حکوومەتی عیراق و بۆ شاری سەماوە دوور خرایەوە. لە ئایاری ١٩٣٢دا هێزەکانی عیراق و ئینگلیز بەتەواوی دەستیان بەسەر ناوچەی بارزاندا گرت. ڕۆژی ١٩٣٢/٦/٢٢ شێخ ئەحمەدی بارزانی و ژمارەیەک لە چەکدارانی بارزانی ڕوو دەکەنە تورکیای کەمالیست. بەپێی ئەو گەواهیانەی نووسەر یوسف مەلیک بڵاوی کردوونەتەوە، کەمالیستەکان (١٠٠) چەکداری شێخ ئەحمەدی بارزانیان بە تاوانی یارمەتیدانی شۆڕشی ئارارات تیرباران کرد.[٦٨]

ئێوارەی ٢٠٠٠/٦/١١ تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی، کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقە، بڵاوی کردەوە کە ساڵی ١٩٣١ شێخ ئەحمەدی بارزانی بە (٢٠٠) چەکدارەوە یارمەتیی شۆڕشی کوردستانی باکوور، کە بە شۆڕشی ئارارات ناوی دەرکردبوو، دا.(*)

(*) دوای هێرشی چەکداریی عیراق و بریتانیا بۆ سەر ناوچەی بارزان، ڕۆژی ١٩٣٢/٦/٢٢ شێخ ئەحمەدی بارزان و ژمارەیەک چەکدارانی پەنایان بردە بەر تورکیا. لە سەرەتادا تورکەکان بە ڕووی خۆشەوە پێشوازیان لە شێخ ئەحمەد کرد و دوای ماوەیەک بەبێ دادگاییکردنی (١٠٠) چەکداری بارزانی بە تاوانی ئەوەی کە ١٨ ساڵ لەمەوبەرتر شۆڕشیان لە ولایەتی موسڵ دژ بە حکوومەتی عوسمانی هەڵگیرساندبوو و زیانی زۆریان بە تورکیا گەیاندبوو، تیرباران کرد. [کردستان او بلاد الاکراد، یوسف ملک، بیروت ١٩٤٥، ص٢٢].

کۆچکردوو تۆفیق وەهبی کە بۆ چەند مانگێک کرا بە موتەسەریفی لیوای سلێمانی و پێش ١٩٣٠/٩/٦ لەسەر کار لابرا و دوور خرایەوە، وازی لە کۆش و کوردایەتی نەهێنا و بۆ (بێروت) رۆیشت. لەوێ پەیوەندی بە سەرکردایەتیی پارتیی (خۆیبوون)ەوە کرد و رۆژی ١٩٣١/٤/١٥ یاداشتێکی تێروتەسەلی دەربارەی رووداوەکانی گەلی کوردستانی باشوور بۆ سکرتێری کۆمەڵەی گەلان لە جنێف بەرز کردەوە و وێنەشی بۆ مەندوبی سامیی بریتانیا ناردە بەغداد، بە گەرموگوڕی و دڵسۆزانە لە لایەن خوێندەوار، رۆشنبیر و کەسایەتیە ناودارە کوردپەروەرەکانەوە، بە برووسکە و نامەناردن، پشتگیری لە یاداشتەکەی کرا.(٦٩)

مێژوو برە لە گەواهی و دۆکیومێنێت، کە گەلی کوردستان لە گشت قەیران و تەنگوچەڵەمەیەکدا کۆششی کردووە بۆ ئەوەی ئەندامەکانی فریای یەکتر بکەون و دەستی کۆمەک و یارمەتیدان بۆ یەکتر درێژ بکەن، بۆیەکا لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٣١دا کە پارتیی (خۆیبوون) بە چەندەها کۆسپ و ئاستەنگ ئابڵووقە درابوو، دۆزی گەلی کوردستان بە سەختترین قۆناغی دژواری خۆیدا تێدەپەڕی، جەلادەت بەگی بەدرخان کۆمیتەی سەرکردایەتیی (خۆیبوون) نامەی پشتیگری لە داوا رەواکانی تۆفیق وەهبی و کوردەکانی باشووری بۆ سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی گەلان نارد.

تۆفیق وەهبی زۆر لە لوبنان نامێنێتەوە و دەگەرێتەوە بەغداد و لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت، دوای دوو هەفتە ئازادی دەکەن.(٧٠)

باری پەشێوی و نائارامی سەرتاپای عیراقی داگرتبوو، گیانی هۆشیاربوون و بەرژەوەندیی چینایەتیی کەوتبووە گەشەکردن و جووڵە. بۆرژوازیی نیشتمانی تێدەکۆشا کە سەربەخۆییەکی راستەقینە بۆ عیراق ئەنجام بدرێت، چین و توێژی کرێکار، کاسب و هەژارانی لادێ و شار خوازیار بوون لە وڵاتێکی ئازادیی پێشکەوتوودا ژیان بەرنەسەر و بکەونە خۆشی و بەختیارییەوە، کێشە و بگرەوبەردە هەموو لایەکی تەنیبووەوە.

رۆژی ١٩٣١/٥/٥ پۆلیس لە بەغداد و موسڵ هێرشی توندیان کردە سەر کۆمەڵێک رۆشنبیر و نیشتمانپەروەر بە تاوانی ئەوە کە بۆ بەرژەوەندیی کورد

و کەمەنەتەوەکان ئاژاوە دەنێنەوە و لەنێو ئەوانەدا تۆفیق وەهبی، دکتۆر شوکری محەمەد، عەبدولکەریم قەرەکەلە، پارێزەر سەعید نامیق، طوبیا حەننا و ئەلیاس حەننا و گەلێکی تر هەبوون.(٧١)

ڕۆژی ١٩٣١/٥/١٠ پەرلەمانی عیراق بڕیاری دا کە باج و سەرانە، لە ژێر ناوی پێشخستنی شارەوانییەکاندا، باج و سەرانە لە جەماوەر بسێنرێت. خەلکەکە بڕیارەکەی یەکجار بە گران وەرگرت و دەنگی نارەزایی و دژ بە پیادەکردنی بڕیارەکە لە زۆربەی شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عیراق، وەک بەغداد، موسڵ، خانەقین و شارەبان بەرز بووەوە. ڕۆژی ١٩٣١/٧/٥ مانگرتنی گشتی، وەک ڕاپەڕینێکی بێدەنگ، ڕەگەیەنرا، دوکان و کۆگاکان داخران، کاسبکاران، میوەفرۆش، قەساب و نانەوا کارەکانیان ڕاگرت، هاتوچۆکردن لەنێوان شارەکاندا وەستا و شەپۆلی گرژی و ئاڵۆزی درێژەی کێشا. ڕۆژی ١٩٣١/١٢/١١ لە چەند شار و شارۆچکەدا شەڕ و پێکدادان لەنێوان پۆلیس و مانگرتوواندا ڕوویدا. هاوار و هۆریا دژ بە زوڵم و زۆرداران وڵاتی هەژاندبوو. ڕووداوەکان هەست و ویژدانی هەندێک لە سیاسەتمەدارانی نیشتمانپەروەری وەک جەعفەر ئەبوتومەن، سەرۆکی پارتیی نیشتمانیی عیراقی و عەلی جەودەت ئەیوبی، سەرۆکی پارتیی برایەتیی نیشتمانی، هەژاند و کەوتنە پشتگرتن لە داوا ڕەواکانی جەماوەر و داوایان کرد باج و ئەشکەنجەدان لەسەریان هەڵبگیرێت.(٧٢)

حکومەتی عیراق سوور بوو لەسەر ڕێبازی خۆی، سەرگەرمانە، تەقەلای ڕۆژی دەدا کە ببێت بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا. ڕۆژی ١٩٣٢/١/٢٨ بە یاداشتێکی نێرووتەسەل داوا دەکات بە ئەندامی تەواو لە ڕیزی کۆمەڵەی گەلاندا وەربگیرێت. خاڵە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی دەستووری عیراق دەکەن بە پاشکۆی یاداشتەکە و لە چەند شوێنی دەستوورەکەدا ناوی گەلی کورد و کەمەنەتەوەکان و مافە ڕەواکانیان دەهێنن. ئارەزووی دەنگوەرگرتنی زۆرینەی ئەندامەکانی کۆمەڵەکەیان زێدەبەدەر مەبەست بوو.

ڕۆژی ١٩٣٢/١٠/٣ کۆمەڵەی گەلان بە دەنگی گشتی عیراق وەک ئەندامێکی ماف تەواو لە ڕیزی خۆیدا وەردەگرێت و دان بە سەربەخۆیی وڵاتەکەدا نرا.(٧٣)

ساطع الحصری نووسیویەتی: "حکوومەتی بریتانیا هەر کە پەیمانی ۱۹۳۰ی لەگەڵ حکوومەتی عیراق مۆر کرد، ئیتر لە ساڵی ۱۹۳۱دا داوای لە کۆنگرەی گەلان کرد کە سیفەتی ئینتداب لەسەر عیراق هەڵبگیرێت و ببێت بە ئەندام لە ڕیزی کۆمەڵەکەدا. حکوومەتی فەرەنسا لە هەنگاوەکانی بریتانیا ترس و گومانی هەبوو، نوێنەری بریتانیا بە ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ پێشانی کۆمەڵەی گەلانی دا، کە ئەوەی پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەیە ئەوەیە کە زمانی کوردی بووە بە زمانی ڕەسمی لە هەرێمە کوردنشینەکاندا. لیستەی ئەو کاربەدەست و مووچەخۆرانەی کوردی خستە پێشیان، بۆیەکا ڕۆژی ۱۹۳۱/۱۰/۳ کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لابردنی ئینتدابی لەسەر عیراق هەڵگرت و بە ئەندام لە ڕیزی کۆمەڵەکەدا وەرگیرا. بەم بڕیارەش عیراق یەکەم وڵاتی عەرەبی بوو کە کەوتە ڕیزی کۆمەڵەی گەلانەوە."[٧٤]

بەم بڕیارە بارودۆخی گەلی کوردستانی باشوور ئاڵۆزتر و سەختتری بەسەردا هات. بە تەواوی دان بە سنووری عیراقی سیاسی و جوگرافیایی و سۆسیۆلۆژیدا نرا، خاکی کوردستانی باشوور بە عیراقی عەرەبییەوە گرێ درا. دامودەسگاکانی ڕاگەیاندنی عیراق و زۆرینەی وڵاتانی جیهان، بە ناوی باکووری عیراق ناوی دەهێنرا.

وا بۆ هەشتا ساڵ دەچێت وڵاتانی عەرەب، کە ژمارەیان ۲۲ وڵاتە و حکوومەتیان هەیە، سوورن لەسەر ئەوەی کە کوردستانی باشوور خاکی عەرەبە و کوێرانە و کورتبینانە لە ڕووانگەی عەقڵیەتی شۆڤێنیستییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆزە ڕەواکەی کورد دەکەن، تەنانەت زۆرینەی پارتی و گرووپ و کەسایەتییە ناسراوەکانی هەموو گەلی عەرەب، بگرە تەنانەت چەپە مارکسیستەکان، پارتییە پێشکەوتووخواز و سەندیکا و کۆمەڵە هونەری و کۆمەڵایەتییەکانیشیان، بەپێی بەرژەوەندی و دەسەڵات و هێز پرۆسەی کورد هەڵدەسەنگێنن و بە هەڵوێستی شۆڤێنیستی و دوور لە ئینتەرناسیۆنالیستی و مافی مرۆڤ تەماشای گەلی کوردستان دەکەن.

## ٩- هەندێک ڕووداوی سەرنجڕاکێش

بە مۆرکردنی پەیمانی ١٩٣٠ ئیمپریالیزمی ئینگلیز ئەو مەرام و ئاواتە سەرەکییانەی، لە دەمێکەوە نەخشەی بۆ داڕشتبوون، سەرکەوتووانە، ئەنجام دا. هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی عیراق بە یارمەتیی فڕۆکە و چەکی زۆری بریتانیا ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی بارزانیان تێکشکاند و خامۆشیان کردن. بۆ ماوەیەکی کەم، گیان و هەستی نەتەوەیی ساردی و سستی بەسەردا هات. ژمارەیەک لە تێکۆشەران دووچاری نائومێدی و ڕەشبینی بوون و ورەیان دابەزی و بڕوایان بە سەرکەوتنی گەلەکەیان لاواز بوو. هەرچەندە حکوومەتی عیراق بە سەرکەوتنەکانی گوشاد و شاگەشکە بووبوو، بەڵام بەرانبەر بە ئایندەی گەلی کوردستان لە شک و گوماندا دەژیان. بە جۆرەها شێواز هاتی گوێڕایەڵ و بەکرێگیراوەکانیان دەدا، کە لە بواری ڕاگەیاندن و پروپاگەندە و شەڕی فیکری و سایکۆلۆژیاییدا دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، گەرموگوڕتر، کار بکەن. درۆی ناڕەوا، بوختانی هەڵبەستراو ئاراستەی تێکۆشەرانی کوردپەروەر بکەن، تۆو و ماکی دووبەرەکی لەنێوان شار و ناوچەکان، خێڵ و کۆڕ و کۆمەڵ و گرووپەکانی کۆمەڵگای کوردستان بپرژێنن. دامودەسگاکانی دەوڵەت و ئامێرەکانی پۆلیس و سیخورەکان ماوەیان پێدرا بوو بە گەرموگوڕی، دژی ڕۆشنبیر و کوردپەروەران بکەونە ڕاونان و بەدوکەوتنیان.

شای عیراق، فەیسەڵی یەکەم، کە بە مرۆڤێکی ژیر و سیاسەتمەدارێکی هێمن و خاوەنئەزموون ناسرابوو، پێش مردنی بە چەند مانگێک، لە شێوەی یاداشتێکی تایبەتدا ڕا و بۆچوونەکانی دەربارەی ئایندەی عیراق، خستە پێش چاوی کەسایەتییە ناودار و فەرمانڕەوا سەرەکییەکانی وڵاتەکە. لە برگەیەکی یاداشتەکەیدا هاتووە: "لەم ڕووەوە دڵ و دەروونم پڕە لە ئازار، بە باوەڕی من هێشتا شتێک نییە پێی بگوترێت گەلی عیراق، بەڵکو تۆپەڵەیەکی مرۆیی هەیە کە بیری نیشتمانپەروەریان تێدا نییە، پڕن لە نەریتی پڕوپووچی ئەزهەبی و شتێک نییە کۆیان بکاتەوە، بۆ کاری خراپ گوێقوڵاغن و حەزیان

لە ئاژاوەیە. هەمیشە لەسەر پا وەستاون بۆ پەلاماردانی حکوومەت، ئیتر هەر حکوومەتێک بێت."[٧٥](×)

زۆری نەخایاند لە گەرمەی باری ئاڵۆز و ناجۆردا، ڕۆژی ١٩٣٣/٩/٨، شا فەیسەڵی یەکەم کۆچی دوایی کرد و شا غازی کوڕی شوێنی گرتەوە و کتوپڕ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و کێشە و جموجووڵ بووەوە. باری وڵاتەکە لە هەموو ڕوویەکەوە تێکهەڵپرژانی تێکەوتبوو.

لە مانگی ئاداری ١٩٣٣دا بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراقدا یەکێتیی کرێکارانی یەکگرتوو لە بەغداد بە ڕابەرایەتیی محەمەدسالح قەزاز ساز کرا و کەوتە بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی کرێکاران و جەماوەر، بەبێ پێچوپەنا کەوتنە هێرشبردن بۆ سەر ئیمپریالیزم و کۆمپانیان مۆنۆپۆلەکانیان و ڕیسوایان دەکردن و پۆخڵەواتەکانیان دەردەخستن. بە تایبەت ئەوکات کۆمپانیای کارەبای شاری بەغداد دانیشتووانی شارەکەی دەچەوساندەوە.

ڕۆژی ١٩٣٣/١٢/٥ یەکێتییەکە دروشمی مانگرتنی دژی کارەبای بەغداد بەرز کردەوە و داوایان لە جەماوەر کرد کە کارەبا بە کار نەهێنن. زۆرینەی خەڵکەکە بە دوای بانگەوازەکە کەوتن. دوای ١٢ ڕۆژ پۆلیس کەوتە هێرشبردن بۆ سەر یەکێتییەکە و دایانخست و محەمەدسالح و شەش هەڤاڵیشی دەستگیر کران و بۆ کوردستان دوورخرانەوە. قوتابیانی بەغداد، بەتایبەت

---

(×) ئەوجا ئەگەر (٦٩) ساڵ پێش ئەمڕۆکە، ڕاوبۆچوونەکانی شا فەیسەڵی یەکەم بەم شێوەیە بەرانبەر ئایندەی دەوڵەتی عیراقی سیاسی ڕەشبین بووبن، دەبێت دوای ئەو هەموو کارەسات و پەتپەتێنەی لە لایەن فەرمانڕەوا فاشیستەکانەوە بەسەر گەلی کوردستانی باشووردا هاتوون حاڵی ئەم گەلە چۆن بێت، ئەو فەرمانڕەوایانەی کە ڕێبازی پاکتاوکردنی کورد و شێواندنی ناسنامەیان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش گرتووەتە بەر!؟ دەبێت کاردانەوەی ئەم سیاسەتە پیرەوکراوە لە لایەن خەڵکی کوردستانی باشوورەوە گەیشتبێتە چ ئاستێک لە ناڕەزایی و ڕق و کینە و بێزار و تۆڵەسەندنەوە و تاوانی خوێناوی؟ هەربۆیە مەحاڵە ئەو زامە پڕ سوێ و ئازارانە سارێژ بکرێن، تا تاوانە پیرۆزەکانی گەلی ستەمدیدەی کوردستانی باشوور نەیەنە دی. لە قۆناغی ئێستاشدا، دەبێت عیراقێکی دیموکراسیی فیدرالی بنیات بنرێت، تاوانبارانی ئەنفال، بەکارهێنەرانی چەکی کیمیاوی و بێ سەروشوێنکردنی هەشت هەزار بارزانی و وێرانکردنی کوردستان، دادگایی بکرێن و بە سزای خۆیان بگەن و لە جیهانیشدا ڕیسوا بکرێن.

هی دانشگای ماف (کلیه الحقوق) کەوتنە یارمەتیدانی مانگرتووان و ژمارەیەکیشیان لێ زیندانی کرا.[٧٦]
ئەوژمی هێرش و پەلاماردانەکانی دامودەسگاکانی پۆلیس و ئاسایش، یەکجار توندوتیژی گرتبووە بەر، ماوە نەدەدرا هیچ ئاحەزی و ورتە و بۆلەبۆڵێک دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی سەر کار ببیسترێت. ماوە بە سەرپێچیکردن نەدەدرا. کاربەدەستانی سەر کاریش چاڵیان بۆ یەکتری هەڵدەکەن و دەنگی ئانەوەی پیلان دژ بە یەکتری گەیشتبووە ئاسمان!
هەورێکی شوومی ترسناک عیراقی داپۆشیبوو، گشت رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و کارکردنی نیشتمانی قەدەغە کرا. دەرگای ئەو پارتییانەی رۆڵی نیشتمانییان دەبینی داخران، رابەرەکانیان وازیان لە کارکردنی سیاسی هێنا و لە راگەیاندنەکانیاندا داوایان لە جەماوەر دەکرد، چارە بۆ خۆیان بدۆزنەوە.
لە گەرمەی ئەم گێژاو و گەردەلوولە پڕ تاوانەدا کە سەرتاپای عیراقی هێنابووە هەژین، هەندێک لە گرووپ و کەسایەتییە مارکسیستەکان کە چەندان ساڵ بوو بوێرانە کەوتبوونە چالاکینواندن، کەوتنە گەڕ و سوو و بزووتنەوە و دوای گفتوگۆ و دیدەنی و دەرسکردنی باری عیراق و رووداوەکان، گەیشتە سەر ئەو ئاکام و بڕوایەی کە لە رۆژی ١٩٣٤/٣/٣١دا کۆمەڵەیەکی مارکسیستی بە ناوی (کۆمەڵەی بەربەرەکانیکردنی ئیستعمار) دابمەزرێنن. دوای ساڵێک ناوەکەیان گۆڕی و کرا بە (پارتیی کۆمۆنیستی عیراق). ژمارەیەک لە تێکۆشەرە کلدانییەکان کە بە رەسەن بنەماڵەکانیان لە دانیشتووانی کوردستانی باشوور بوون، رۆڵی سەرەکییان گێڕا لە رێکخستن و پێکهێنانی پارتییەکەدا وەک یوسف سەلمان یوسف، جەمیل تۆما، نوری رافائیل، یوسف مەتی و چەندانی تر و ئەمانەش ئاشنایەتیی و ئاسیاویی زۆریان هەبوو لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابی و لاوە کوردانەی لە بەغداد دەژیان، وەک هەمزە عەبدوڵا، سەمەد حاجی محەمەد، سابیر ئیسماعیل، رەشید عارف سەقا، برایم ئەحمەد و...تاد.
لە تەممووزی ١٩٣٥دا ژمارە ١ی (کفاح الشعب)؛ ئۆرگانی پارتییەکە بە نهێنی

بڵاو کرایەوە و دوای ماوەیەک ژمارەی دووەمی گەیشتە دەستی خوێندەواران و دروشمە سەرەکییەکانی پارتییەکەی بڵاو کردبووە کە بریتی بوون لە:
١- دەرکردنی ئیستعمار و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی تەواو بۆ کوردەکان، مافی زانستی بۆ ئەو کەمەنەتەوانەی لە عیراقدا دەژین.
٢- دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا. هەڵگرتنی گشت ئەو قەرزانەی پەیوەندییان بە زەوییەوە هەیە. دابەشکردنی زەوییە گەورەکانی کشتوکاڵی.
٣- دەستگرتن بەسەر کۆمپانیا و ماڵ و سامانی ئیستعمارییەکاندا، وەک بانکەکان، بیرە نەوتییەکان، هێڵی شەمەندەفەر.
٤- دەسەلات بکەوێتە دەستی کرێکار و جووتیاران.
٥- لە هەموو ڕووداوەکانی بژێویدا، شۆڕشی پێشکەوتن بەبێ وەخران ڕابگەیەنرێت و مرۆڤ لە کۆت و سەرپێشۆرکردن ئازاد بکرێت.[٧٧]
زەکی خەیری لە کتێبی (دراسە فی تاریخ الحزب الشیوعی العراقی)دا دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٣٥دا یەکەم ڕێکخراوی پارتیی کۆمۆنیست لەنێو فرقەی دووەمی سوپای عیراقدا لە شاری کەرکووک ڕێک خرا. ژمارەیەک سەرباز و سەربازانی دەرەجەداری بە خۆوە گرتبوو. ساڵی ١٩٣٧ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەستگیر کران. درانە بەر دادگای عەسکەری و سێیان بە ئیعدام حوکمدران."[٧٨]
بڵاوبوونەوەی دانگوباسی لەدایکبوونی پارتییەکی مارکسیستی شۆڕشگێڕ، نارامی و پەشێوی بۆ حکوومەتی عیراق و بریتانیا دروست کرد. دووچاری سەرلێشوان و ترس هاتن، کەوتنە هێرشبردن بۆ سەر هێز و کەسانی چەپ و پێشکەوتووخوازان. ڕۆژی ١٩٣٤/٩/٨ ڕۆژنامەی (الاهالی)یان داخست، سەرنووسەرەکەی عەبدولقادر ئیسماعیل زیندانی کرا. دوای چوار هەفتە، ڕۆژی ١٩٣٤/١٠/٤، ژمارەیەک لە کرێکار، پارێزەر و خوێندەواران دەستگیر کران و بۆ شاری ناسریە دوور خرانەوە، بە تاوانی شیوعیەت دادگایی کران و خرانە بەندیخانەوە.
لە هەمان کاتیشدا باری کوردستانی باشوور کەوتەوە بەر ئەشکەنجە و زەبر و دەستدرێژیکردن بۆ سەر بەرژەوەندی و نارامیی خاکەکەی. ڕۆژی ١٩٣٤/١٠/١٣

حکوومـەت بریاری وەرگرت کە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبە کۆچەرەکانی عەشیرەتی عوبید و جبور لە دەشتی حەویجە نیشتەجێ بکرێن. لە ماوەی سێ ساڵیشدا ناوێکی زۆر لە زێی بچووک بۆیان رابکێشرێت. ئەم بریارە بە یەکەم بریاری شۆڤێنیستی دەژمێردرێت لە مێژووی عیراقی سیاسیی نوێدا.

ساڵی ۱۹۳٥ بە ناخۆشترین و دژوارترین ساڵی پڕ کێشە و کوشتوبڕ ناسرابوو، راپەرینی چەکداری لە دژی دەسەڵاتدارانی بەغداد لە دیوانیە، مونتەفیک، سەماوە، رومێسە، فراتی ناوەڕاست دەستی پێکردبوو و شەڕ و پێکدادان ئەو ناوچانەی گرتبووەوە، تەنانەت حکوومەت لە هەندێک راگەیاندنەکانیدا پەنجەی بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی درێژ دەکرد، کە ماک و هەوێنی ئاژاوەکان لەوانەوە هاتووە.[٧٩] لە کوردستانی باشووریش بارزانییەکان بە فەرماندەی خەلیل خۆشەوی و برا یەزیدییەکان بە سەرۆکایەتیی داود داود، چەکیان دژی دەسەڵاتی حکوومەتی عیراق هەڵگرتبوو، شەڕ و کوشتار لە دەڤەرەکانیاندا بەرپا بووبوو. ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار کەوتبووە گۆڕێ و وێرانکردن و هێرش و پەلاماردانی هێزە چەکدارەکانی عیراق توندوتیژی گرتبووە بەر و دادگای عورفیی عەسکەری لە چەند شوێنێک ساز کرا. بە سەدان کەسیان زیندانی کرد و ژمارەیەکیش ئیعدام کران.[٨٠]

ئەو هێرش و کوشتوبڕەی بەرانبەر بە برا کوردە یەزیدییەکان ئەنجام دەدران، نموونەی دڕندایەتی و عەقڵیەتی دواکەوتووی و شۆڤێنیستی کاربەدەستانی عیراق بوو. لە ماوەیەکی کورتدا دادگای عورفی بە تاوانی ناڕاست (١١) کەسیان ئیعدام کرد، لەناویاندا پارێزەر عەبدوڵا فایەق و عەبدولکەریم قەرەکەلە هەبوون. ژمارەی زیندانیکراویان گەیشتە ٣٨٩ کەس و ٤٩ کەسیش لە شوێنی خۆیان دوور خستەوە.[٨١]

لە مانگی ئابی ١٩٣٥دا حکوومەتی عیراق چەند مەرجێکی خستە پێش بارزانییەکان بۆ خۆبەدەستەوەدان و رزگارکردنی ناوچەکەیان لە سووتاندن و وێرانکردن، سەیر ئەوەیە یەکێک لە مەرجەکان دژایەتیکردن و بێزارییە لە رەنگی سوور.

دەقی مەرجەکانی حکوومەتیش ئەمە بوو:
أ- دەبێت سەرۆکەکانی عەشیرەتەکە خۆ بە دەستەوە بدەن.
٢- جەمەدانەی سوور فڕێ بدەن، بە هی شین بێنە پێش.
٣- نابێت کەس تاوانباران گل بداتەوە و بیانحەوێنێتەوە.(٨٢)
ڕۆژی ١٩٣٥/٩/٧ حکوومەتی عیراق ناچار کرا، لێبووردنی گشتی ڕابگەیەنێت بۆ ئەوانەی بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکانی چەکداریی ناوەڕاست و خوارووی عیراق کردبوو. گوێیان بە کوردەکان نەدابوو، هەڵوێستە شۆڤێنیستەکە پاڵی بە نائیبە کوردەکانەوە نا، کە بە سووربوونێکی زۆرەوە داوای لێبووردنی گشتی بۆ گشت ئەو کوردانە بکەن کە لە ١٩٣٣/٣/١ەوە تا ١٩٣٥/٨/١٥ بە تاوانی ڕاپەڕینی چەکداریی دژی حکوومەت زیندانی کرابوون. لێبووردنی گشتی بۆ ئەوانیش ڕاگەیەنرا.(٨٣)
لەگەڵ ئەوەی عیراق کەوتبووە بارێکی دژوار و نائاساییەوە، کاروانی تێکۆشەران ڕێگای خۆی دەبڕی و بۆ پێشەوە دەڕۆیشت. لە ناوەڕاستی ١٩٣٥دا کۆمەڵێک لە قوتابییانی کورد کە لە کۆلێژەکانی بەغداد دەیانخوێند، بە سکاڵایەک داوایان لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق کرد، بواری سازکردنی یانەیەکی فەرهەنگی و کولتووری و هونەرییان پێ بدرێت بە ناوی یانەی (سمکۆ) و حەوت قوتابی مۆری خۆیان لەسەر سکاڵاکە دانا و ئەمانە بوون: بەهائەدین عارف، شەهید شاکر فەتاح، ئیبراهیم ئەحمەد، فازیل تاڵەبانی، عارەف تاڵەبانی، [ئەم پێنجەیان قوتابیی کۆلێژی ماف بوون] و عەبدورەحمان عەبدوڵا قوتابیی پزیشکی و لەگەڵ شێخ ڕەئوفی شێخ مەحموودی حەفید. وەزارەت ماوەی کارکردنی پێ نەدان.
ماک و هەوێنی بیروبڕوای پێشکەوتووخوازی و گۆڕانکاری و ژیانی سەردەم و مۆدێرن و ئازادی و سەربەخۆیی پەیدەریەی گەشەیان دەکرد و بڵاو دەبوونەوە.
لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ عەبدولڕەقیب یوسف و سەدیق سالح لە

چەند دانیشتنێکدا لەگەڵ مامۆستای کۆچکردوو؛ هەمزە عەبدوڵا، دەربارەی بیرۆکەی چەپ و بزووتنەوەی گیانی کوردایەتی چەند کاسێتێکیان تۆمار کردبوو، لە دواییدا بەشێکیان بڵاو کردەوە و مامۆستا هەمزە گوتبووی: "لە ساڵی ١٩٣٤ قوتابی بووم لە کۆلێژی ماف و یاسا و پەیوەندی و ئاشناییم بە یوسف مەتییەوە هەبوو و بووم بە یەکەم کوردی کوردستانی باشوور لە ریزی پارتیی کۆمۆنیستی عیراقدا، لە شانەیەکی پارتییەکەدا کۆ دەبوومەوە لە یوسف مەتی، زەکی خەیری، عاصم فلەیح و ئەز پێکهاتبوو و بە بڕیاری پارتییەکە لە گەڵ یوسف مەتی کەوتینە کارکردن لە رۆژنامەی (الاهالی)دا کە لەو رۆژگارەدا مۆڵگە و مینبەری گشت رۆشنبیر و پێشکەوتووخوازانی عیراق بوو. ئاسیاویم لەگەڵ تێکۆشەران کامل چادرچی، عەبدولقادر ئیسماعیل و عەبدولفەتاح ئیبراهیم پەیدا کرد. لەگەڵ یوسف مەتی پێکرا بەرنامەی سەندیکای کرێکارانی شەمەندەفەرمان ئامادە کرد. ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی مافم تەواو کرد و گەڕامەوە زاخۆ و بووم بە پارێزەر. بە نهێنی پروپاگەندەم بۆ بیروبڕوای مارکسیستی و پارتیی کۆمۆنیستی عیراق دەکرد و توانیم دوو مامۆستا؛ جەمال حوسێن و خالید بامەڕنی بکەم بە ئەندام لە ریزی پارتییەکەدا و بووین بە یەک شانە و وا بزانم ئێمە بە یەکەم شانەی پارتیی کۆمۆنیست دەژمێردرێن لە کوردستانی باشووردا. ساڵی ١٩٣٨ لە کۆبوونەوەیەکی حزبی لە ماڵی زەکی خەیری لە بەغداد دەستگیر کراین و بە بڕیاری وەزیری ناوخۆی عیراق؛ ئەرشەد ئەلعومەری جنسیەی عیراقیان لێ سەندمەوە و پۆلیس لە عیراق دەریکردم و فڕێیاندامە سەر سنوور. ماوەی چەند ساڵ بە نهێنی بە ناوی مەلا برایم لە لایەن بنەماڵەی سەید ئەحمەدی خانەقا لە ناوچەی کەرکووک حەوامەوە. ساڵی ١٩٤٣ بە یارمەتیی هەندێک دۆست لە کۆیە گەیشتمە مەهاباد و کەوتمەوە ناو کاروباری خەباتی سیاسی و تێکۆشانی جۆراوجۆر."(٨٤)

## ١٠- كودەتای بەکر سدقی و کوردستانی باشوور

لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی پێشوودا زێدەبەدەر باری جیهان شڵەژابوو، ئاڵۆزی و گرژی تێکەوتبوو، ڕووداوی خراپ و ترسناک لە گەلێک وڵات و هەرێمدا ڕوویان دەدا و پەرەیان دەستاند. لە گشت شوێن و کەنارێکدا هەست بە پەشۆکاوی و نائارامی دەکرا و بۆنی شەڕ و پێکدادان دەهات!
بەرەی دەوڵەتانی فاشیست و شەڕفرۆش، هەڕەشە و گوڕەشەیان لە زۆر وڵاتان دەکرد و کەوتبوونە پەلاماردان بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێکی سەرتاسەری و ئەمەش کاردانەوەی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی لە ناوەوەی عیراق و وڵاتانی دراوسێیدا دابووەوە.
ڕۆژی ١٩٣٦/١٠/٢٩ یەکەم کودەتای سەربازی بە سەرکردایەتیی ئەفسەرێکی مەزنی عراق و بە ڕەچەڵەک کورد؛ بەکر سدقی، ڕوویدا. دەسەڵات کەوتە ژێر چنگی هێزە چەکدارەکان و لە سەرەتادا کودەتاچییەکان وا خۆیان پێشان دەدا کە بۆ پێشخستن و عیراق و ڕامالینی کۆنەپەرستانی گوێڕایەڵ بە ئیمپریالیزم و چارەکردنی کەموکوورییەکانی وڵاتەکە، جڵەوی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتیان گرتووەتە دەست. ڕۆژی ١٩٣٦/١١/٣ بۆ پشتگیریکردن لە کودەتاکە، گەورەترین خۆپێشاندانی جەماوەری لە بەغداد ساز کرا. شاعیری مەزنی عەرەب محەمەد مەهدی جەواهری و تێکۆشەری سەندیکایی محەمەد ساڵح قەزاز وتاری تێروتەسەلیان ئاڕاستە خۆپێشاندەران کرد و کۆمەڵێک دروشمی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لە لایەن خۆپێشاندەرانەوە بەرز کرانەوە، وەک نان بۆ برسیان، دەستی زۆرداران و چەوسانەوە لەسەر کۆمەڵانی خەڵک هەڵبگرن، گشت عیراقییەکان بە یەکسانی بژین، ئەو سەندیکا و ڕۆژنامە و گۆڤارە پێشکەوتووخوازانەی داخراون ڕێگای کارکردنیان بە ئازادی پێ بدرێتەوە و گیراوە سیاسییەکان بەربدرێن و سوپای عیراق بەهێز بکرێت.[٨٥]
ڕۆژی ١٩٣٦/١١/١٢ بواری کارکردن بە کۆمەڵەی چاکسازیی گەلی درا (جمعیە الاصلاح الشعبي) و حیکمەت سلێمان کابینەی وەزارەتی تازەی

پێکهێنا و چوار وەزیر لە کۆمەڵە کەوتنە کابینەکەوە و سەرتاپای نیشتمانپەروەران و پێشکەوتووخوازان، کەوتنە خۆشی و شادییەوە و لە دەوروبەری حکوومەتەکە کۆ بوونەوە. لە خاڵێکی پرۆگرامی کۆمەڵەکەدا هاتبوو: "ماوە بە بیروبڕوای ئازاد و سەربەستییەکانی دیموکراسی بدرێت و بکرێت بە قانون. نەخوێندەواری بەربەرەکانی بکرێت. خوێندنی سەرەتایی ئیجباری بکرێت. یاسای تایبەت بۆ پاراستنی مافی کرێکاران و پێشکەوتنیان دابنرێت. سەعاتی کارکردن لە ڕۆژێکدا هەشت سەعات بێت. بۆ ڕزگارکردنی ئافرەت لە دواکەوتوویی هەوڵ بدرێت."[٨٦]

کوردە ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازەکان پەیوەندییان بە کۆمەڵەکەوە و توندوتۆڵ بوو، بەشدارییان لە گشت چالکییەکاندا دەکرد، وەکوو هەمزە عەبدوڵا، برایم ئەحمەد حەسەن ئاڵەبانی، سەمەد حاجی محەمەد، ڕەشید عارف سەقا، شێت مستەفا، نورەدین بەهائەدین ، ڕەفیق تاهیر و گەلێکی تر. وەزارەت ماوەی بە چەند سەندیکایەک دا خۆیان ڕێک بخەن و بکەونە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کرێکاران. یاسای کارکردنی ژمارە (٧٢)ی ساڵی ١٩٣٦ ڕاگەیەنرا، کە یاسایەکە ئەوکات بە پێشکەوتووترین یاسای کۆمەڵایەتی دەمژێردرا، نەک تەنیا لە عیراق بەڵکو لە سەرتاپای وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەری دەریای سپیی ناوەڕاست. کوردە شۆڕشگێڕە زیندانییەکان ئازاد کران. ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی کورد کران بە ئەفسەر و فەرمانبەری دەوڵەت.[٨٧]

زستانی ١٩٣٦-١٩٣٧ وەزارەتی حیکمەت سلیمان بە هەڵبژاردنی پەرلەمان هەڵسا، کۆمەڵێک گێرەوکێشە، کۆسپ و ئاستەنگ خرایە پێش لایەنگرانی کۆمەڵەکە، کە چاوەنوار نەدەکرا، دەرئەنجام بە کۆشش و تەقەلای زۆر لە ١٠٨ نائیب ١٢ نائیب لە لایەنگرانی کۆمەڵەکە گەیشتنە پەرلەمان. لەنێویاندا عەزیز شەریف، عەبدولقادر ئیسماعیل هەبوون، کە هەردووکیان بە نزیک لە کۆمۆنیستەکانەوە ناسرابوون.[٨٨]

ئیمپریالیست و کۆنەپەرستە تۆکەرەکانی و فیودالەکان کەوتبوونە ناوەوەی

پیلان و هێرشبردن بۆ سەر وەزارەت و پەرلەمانەکە و بە جۆرەها شێواز و فرتوفێڵ بروبیانوویان دەگرت، تا گەیشتە ئەوەی شاعیری نیشتمانپەروەر مەعروف رەصافی، رۆژی ۱۹۳۷/٦/۷، لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا هاوار بکات: "منیش کۆمۆنیستم، بەڵام کۆمۆنیستی من ئیسلامییە، چونکە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ومن اموالهم حق للسائل والمحروم. (صوره الزيات، ايه ۱۹)[٨٩]
وڵاتانی ئیمپریالیست و دراوسێیەکان عیراقیش تەنگەتاو بووبوون و کەوتبوونە جموجووڵ و پاڵەپەستۆکردن لەسەر حکوومەتی عیراق. نەخشەی ئابلووقەدانیان کێشابوو، کە ئەهێڵن باری عیراق لەسەر ئەو ڕێبازەی گرتوویەتیە بەر بەردەوام بێت، کۆششیان دەکرد کە لەو ڕێبازەی هەڵیبژاردووە لایبدەن. ڕۆژی ۱۹۳۷/۷/۸ لە کۆشکی شای ئێران؛ ڕەزاشای پەهلەویدا، پەیمانی سەعدئابادی نێوان ئێران، عیراق، تورکیا و ئەفغانستان مۆر کرا. لە خاڵی حەوتەمی پەیمانەکەدا هاتبوو: "هەر چوار وڵات بە هیچ جۆرێک ماوە نادەن گرووپی چەکدار بە مەبەستی یاخیبوون و چەتەیی، یان بۆ تێکدان و گۆڕانکاری سەر هەڵبدات و بە هێز و هاوکاریکردن یەکتری لە ناوی دەبەن."[٩٠]
پێشکەوتووخوازانی عیراق، تێکۆشەرانی کوردستان و سەرانسەری گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لایان ڕوون بووە کە پەیمانەکە لە بنەڕەتدا بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوە و سەرهەڵدانی گەلی کوردستان و هێزە پێشکەوتووخوازەکانی هەر چوار وڵاتە و دژی یەکێتیی سۆڤیەت ساز کراوە.
لە هەمان دەوروبەردا، لە ناوەڕاستی ۱۹۳۷دا، نامیلکەی (العرب والاكراد) لەنووسینی برایم ئەحمەد لە بەغداد بڵاو کرایەوە و لە ناوەڕۆکدا جەختی لەسەر چۆنێتیی چەسپاندنی بەردی بناغەی برایەتیی کورد و عەرەب دەکرد. نووسەری عەرەبی (محەمەد ئەلیاقی) دەڵێت: "نامیلکەی (العرب والاكراد) بە ئاگادار و موافەقەی بەکرد سدقی بڵاو کرایەوە."[٩١] و چەند بڕگەیەکی لە کتێبی (تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الرابع)دا بڵاو کراوەتەوە و هەروەها تا هەنووکەش سێ جار چاپ کراوە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

اهداء
الى انصار الشعوب المستعمره فى كفاحها التحررى
الى اعداء الحرب والاستعمار واصدقاء السلم والديمقراطيه
الى الساعين لاحلال التاخى بين الشعوب محل البغضاء والكراهيه
الى اعوان الشعوب المستعبده والطبقات المستغله فى الشرق والغرب
الى موعدى فكره جبهه الشعوب والشرقيه السائره فى طريق التحرر
الى السائرين فى موكب الانسانيه
والى الشعب العربى النبيل
نقدم كراستنا هذه

وا ئەم چەند بڕگەیە لە نامیلکەکە وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی و دەیخەینە پێش خوێندەوار و نەوەی کوردی خۆشەویست:

نامەیەک لە لایەن گرووپێکی لاوانی کوردەوە لە ژێر ناونیشانی (الاكراد والعرب) لە بەغداد بڵاو کرایەوە، نامەکە (٣٠) لاپەڕە بوو و لە لایەن چاپخانەی النجاح، ساڵی ١٩٣٧، بڵاو کرایەوە:

لە لاپەڕە ٢٥دا نووسراوە: "گەلی کورد وەک گەلی عەرەب، گەلێکی بێبەشە لە وشەی یەکگرتوو، ئەو گەلە وەک گەلی عەرەب خەبات و تێکۆشان دەکات لە پێناو هێنانەدی مافە پیرۆزەکان و هەوڵ دەدات بۆ هاوکاریو تێگەیشتن لەگەڵ گەلانی تردا بۆ ئەوەی بەشی خۆی لە ژیان و ئازادی دابین بکات و، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دامەزراندنی مەدەنییەتی جیهانیدا بەشدار بێت، هەر چۆن لە ڕابوردوودا لە دامەزراندنی شارستانیەتی ئیسلامدا بەشداری کردووە. کورد وەک عەرەب بە دوای مەبەستێکی خاوێن و بڵنددا دەگەڕێت و ئەو خواستەشی لای هەموو مرۆڤێکی خاوەن شەرەف هەوڵدانێکی ڕەوایە. شۆڕشەکانی کورد هەروەک شۆڕشەکانی عەرەب لە هەستێکی گشتی و دەروونی نەتەوەیەکی زیندوو کە بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان زاڵە هەڵقووڵاوە و، بەرەو ڕووی مەترسی بووەتەوە لە پێناو ژیانێکی ئازاد و بەختیار، یان مردنێکی سەربڵندانە و نەمرانە.

ئێمە دەمانەوێت بە چاوێکی یەکسان تەماشا بکرێین، هەرچۆن نامانەوێت

ببین بە ئاغا، هەر بەو جۆرەش نامانەوێت ببین بە کۆیلە. نامانەوێت لە ژێر دەستی گەلانی تردا بین و هەروەها نامانەوێت لە سەرووی ئەو گەلانەوە بین. هاوکات دەمانەوێت کار بکەین لە پێناو مرۆڤایەتی و کامەرانی خەڵکدا. کوردەکان وەک برا عەرەبەکانیان ئازادییان دەوێت بۆ ئەوەی لە کۆت و بەندی سەرشۆڕی و کۆیلایەتی سەرفراز بن. کوردەکان دەیانەوێت زمان و ڕۆشنبیری و نەژادی خۆیان بپارێزن، چونکە ئەم پاراستنە بە هیچ کلۆجێک زیان بە بەرژەوەندیی گەلێک لە گەلان نادات و، بە پێچەوانەوە سوودبەخش دەبێت بە هەموو لایەک.

لە لاپەڕە (۲۷)ی نامیلکەکەدا، لە ژێر ناونیشانی (القاعده الذهبیه)دا هاتووە: "ئەو ژێرخانە بنەڕەتییەی کە پێویستە پەیوەندی هەردوو گەل، کورد و عەرەب، لەسەری بنیات بنرێت، پێویستە بۆ هەموو گەلانی سەر زەوی بێت، چونکە بەبێ پەیوەندی لەنێوان گەلانی دنیادا ئاشتیی جیهانی و برایەتیی گەلان نایەتە دی و، هاوکاریی نێوانیشیان دەبێتە برگەیەکی پووچ و بێفەڕ. پێویستە هەموو گەلێک دان بە مافی گەلانی تردا لە پێناو ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆییدا بنێت، سەربەخۆییەکی چەسپاو نەک کارتۆنی لە سنووری دەسەڵاتی سروشتی و، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەموو کار و ئەرکە تایبەتی و گشتییەکاندا و، هەروا ڕێکخستنی پەیوەندی لەنێوان گەلاندا بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و، مەبەستیش ئەوەیە هاوکاری بپارێزرێت بۆ ئەوەی سوودبەخش و کامەرانی بۆ مرۆڤایەتی دابین بکات. هەموو ئەو کارانەش لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی" لە (تاریخ الوزارات العراقیه، بەشی چوارەم، لاپەڕە ۳۰۲، وەرگیراوە.)

هەندێک بڵاوکراوە و فاکت لەسەر ئەوە هەیە کە بەکر سدقی بۆ گەلی کورد دڵسۆز بووە و دەمار و هەستی کوردایەتی لە دڵ و دەروونیدا دەکوڵا، بەتایبەت ئەو کاتەی فەرماندەی فیرقەی دووەمی چیایی دەکرد، کە زۆرینەی ئەفسەرەکانی کورد بوون.[93]

باڵیۆزی ئاڵمانیای هیتلەری لە بەغدا (گروبا) دەڵێت: "بەکر سدقی بە نهێنی لای من دەرکاندی و گوتی: دەمەوێت دەوڵەتێکی کوردی لەنێوان کوردەکانی عیراق و ئێران و تورکیادا دابمەزرێنم."[94]

پەیدەرپەری پاڵەپەستۆی و پروپاگەندە دژی وەزارەتەکە و بەکرد سدقی ڕوو لە زێدبوون بوون و ڕۆژی ١٩٣٩/٧/١٤ بە بڕیاری بەکر سدقی خۆی بوارنامە لە کۆمەڵەی چاکسازیی میللی (جمعیە الاصلاح الشعبی) سەنرایەوە و هەر چوار وەزیرەکەش لە کابینەی وەزارەت دەرهێنران.[٩٥]

کات زۆر تێپەڕی نەکرد و دوای ئەم گۆڕان و پاشگەزبوونەوەیە، ڕۆژی ١٩٣٧/٨/١١، بە پیلانێکی چەپەڵی نەخشەکێشراو بەکر سدقی و فەرماندەی هێزی ئاسمانیی عیراق لە موسڵ تیرۆرکران. کتوپڕ هێرش و پەلاماردان بۆ سەر لایەنگرانی کۆمەڵەک و وەزارەتی حیکمەت سلێمان دەستی پێکرد. عیراق کەوتە بارێکی تری ناجۆرەوە و گۆڕانی چلۆنی بەسەر باری کۆمەڵایەتیدا هات. نۆکەرانی ئیستعمار گەڕانەوە سەر کار، پەرلەمان هەڵوەشێنرا و ژمارەیەک لە ئەفسەر و لایەنگرانی بەکر سدقی و وەزارەتەکەی حیکمەت سلێمان دەستگیر کران و فڕێدرانە زیندانەکانەوە. ژمارەیەکی زۆریش لەسەر کارەکانیان دوو خرانەوە. بەتایبەت لە ڕۆژی ١٩٣٧/١١/١٨دا شاڵاوێک لە هێرش و ڕاونان لە لایەن ئامێرەکانی پۆلیس و ئاسایش دەستی پێکرد و سەدان کەس بە تاوانی شیوعیەت و دیموکراتیخواز زیندانی کران لە شوێنەکانی خۆیان دوور خرانەوە.[٩٦]

ئەز کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی پێشووەوە کەوتبوومە سەفا و مەروای زیندانیکردن و دوورخستنەوە، لە چەند تێکۆشەرێکی بەتەمەنتر گوێبیست دەبووم، کە لە ناوەڕاستی سییەکاندا چەند مامۆستایەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخواز بۆ کوردستانی باشوور دوور خرابوونەوە، نەعیم بەدەوی و هەنری مەرمەرچی بۆ قوتابخانەی ناوەندیی سلێمانی و چیرۆکنووس زەنون ئەیوب بۆ قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە. خوێندەواران و جەماوەری شارەکان دەیانزانی کە مامۆستا دوورخراوەکان پشکەوتووخواز و لایەنگری کۆمۆنیستەکانن. لە ناوەڕاستی ١٩٧٥ لە نەخۆشخانەی (بەرلین)ی ڕۆژهەڵات ماوەی یەک مانگ لەگەڵ تێکۆشەری ناسراو و کۆچکردوو (فواد نەسار) سکرتێری یەکەمی پارتیی کۆمۆنیستی ئوردون پێکرا ژیاین. بۆی گێڕامەوە کە دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشی فەلەستین لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی پشوودا، ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانیەروەر و شۆڕشگێڕانی فەلەسینی بۆ

باکووری عیراق دوور خراینەوە، ئەز؛ فواد نەسار، و ژمارەیەک کەوتینە شاری ئامێدی. ئەحمەد دەباغ و تەیسیر و مەمدوح و ژمارەیەک دیکە کەوتنە شاری کۆیە، ئێمە پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕ بووین، خەڵکی کوردستان یەکجار ڕێزیان لێ دەنāین و ئاشنایان دەکردین. هەمیشە ئێمەش باسی ئیستعمار و زایونیزم و زوڵموزۆرداریی داگیرکەرا و خۆشەویستیی نیشتمانی و سەربەخۆیی وڵاتمان بۆ دەکردن. هەروەها ئاڵوگۆڕی باری ژیانی گەلی کوردستانمان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، تا لە ژیاندا مابم چاکی و مێرایەتیی خەڵکی شاری ئامێدیم لە یاد دەرناچێت..."

برای بەڕێز کاک ئەحمەد دڵزار لە یاداشتەکانیدا باسی ئەحمەد دەباغ دەکات، کە چۆن ئەو ماوەیە لە کۆیە دەژیا، یەکجار بە ڕووخۆشی و پێشکەوتووخوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ خوێندەوار و لاوەکانی شارەکەدا کردووە و بیروبڕوای پێشکەوتووخوازی و نیشتمانپەروەری بڵاو کردووەتەوە و ڕۆڵی کاریگەری بینی لەسەر بەرزکردنەوەی پلەی هۆشیاریی سیاسی و ڕەگاژۆکردنی بیروڕای پێشکەوتووخوازی هەبووە.

لێرەدا ڕاستییەکی مێژووی هەیە نکۆڵی لێ ناکرێت، کە لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەلایەتیدا لە ساڵەکانی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، کەسایەتییە ناودار و کوردپەروەرەکانی شاری سلێمانی ڕۆڵێکی پێشڕەوانەیان بینیوە لە چالاکیتواندن و پێشخستنی دۆزی گەلی کوردستاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی و شانبەشانی ئەو ڕووداوە چرووپڕانەی کە بەسەر عیراق و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دەهاتن، هەنگاو بە هەنگاو، کۆششیان دەکرد و تەقەلایان دەدا لە کاروانی نیشتمانپەروەریدا دوا نەکەون.

ساڵی ١٩٣٥ مامۆستا مەحموود ئەحمەد کۆمەڵێکی سیاسیی نهێنیی بچووک بە ناوی (کۆمەڵەی ئازادیی کورد)ی پێکهێنا. ژمارەیەک لە قوتابیانی ناوەندیی سلێمانی بەشدارییان تێدا کرد، وەکوو نوری ئەحمەدی تەها، نوری شاوەیس، حوسێنی شێخ مارفی بەرزنجی، نوری ئیسماعیل، شێخ مستەفای گوڵان، حوسێنی بازیانی و چەندێکی تر، کۆمەڵەکە بە چەند کارێکی هونەری هەڵسا و بیروبۆچوونی لە دەوروبەری کوردایەتی و ئازادیی وڵات و ژیانی

پێشکەوتووخوازی و یەکسانی و مۆدێرن دەخوولایەوە. بۆ سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی گشت پارچەکانی تێدەکۆشا.[٩٧] [کۆچکردوو نوری شاوەیس، مەحموود ئەحمەدی بە خەڵکی کۆیە داناوە، بەڵام لەڕاستیدا خەڵکی (ڕەواندوز) بووە.]

لە کۆتایی ١٩٣٧ و سەرەتای ١٩٣٨دا کۆمەڵەیەکی تر بە ناوی کۆمەڵەی برایەتی لە ژێر ئامۆژگاری شێخ لەتیفی شێخ مەحموود لە سلێمانی بنیات نرا، ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناسراو و خوێندەوارەکانی شارەکە بەشدارییان تیا کرد، وەک سدیق شاوەیس، دکتۆر نوری فەتوحی، شاعیر مەحوی، مەحموود ئەحمەد، موحەڕەم محەمەدئەمین، کەریم زەندی، سالح ئەحمەد و جموجووڵی کۆمەڵەکە لە سنووری سلێمانی تێپەڕی نەدەکرد. ئامانجی کۆمەڵەکە ڕزگارکردنی کوردستان بوو و تا ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی و ناو و شیرازەی کۆمەڵەکە بەردەوام بوو.[٩٨]

بە هۆی ئەوەی پێش جەنگی دووەمی جیهانی لە هەموو کوردستانی باشووردا تەنیا یەک قوتابخانەی ئامادەیی هەبوو و ئەویش لە شاری کەرکووک بوو، ساڵی ١٩٣٨ ژمارەیەک لە دەرچووانی پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ناوەندی لە سلێمانی و هەولێر بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوویان کردە کەرکووک و هەر زوو ئاشنایی و پەیوەندیی بەهێز لەنێوانیاندا دەستی پێکرد، کەوتنە لێدوان و گفتوگۆ لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، باری کوردستان و دەرئەنجام لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٣٨دا ڕێککەوتن لەنێوانیاندا چێ بوو و کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (کۆمەڵەی دارکەر) پێکهێنا. ناوەکەیان لە کۆمەڵەی دارکەری ئیتالیایی وەرگرت، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ یەکپارچەیی ئیتالیا تێدەکۆشا. لەو قوتابییانەی ڕۆڵی میرانەیان لەنێو کۆمەڵەکەدا هەبوو، شاعیر دڵدار، یونس ڕەئوف،[×] نوری شاوەیس، جەلال حامید بەگ، فەتاح جەباری،

---

(×) دڵدار، یونس ڕەئوف لە بنەماڵەی خانم سوجادییە. ڕۆژی ١٩١٨/٨/٢٠ لە کۆیە هاتووەتە دونیا. خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو دەکات، ساڵی ١٩٣٠ بۆ تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی دەچێتە هەولێر. ساڵ ١٩٣٧ بۆ تەواوکردن خوێندنی سانەوی دەچێتە کەرکووک و بە هۆی هەستی نەتەوایەتی و ئارەزووی زۆری لەسەر شیعر و وێژەی کوردی، ـ

کاکەحەمەی خانەقا، مستەفا عوزێری، موکەڕەم تاڵەبانی، مەعروف بەرزنجی، جەمیل ڕەشید میران و چەندانی تر، لە ماوەیەکی کورتدا لقی کۆمەڵەکە لە هەولێر، سلێمانی و بەغداد کرایەوە.(٩٩)

ساڵی ١٩٩٣ لە ژمارە (٥٢)ی گۆڤاری ڕەنگیندا دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی لە گوتارێکیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کۆمەڵەکە بە نهێنی لە شاری کەرکووک پێکهات و دوای ساڵێکیش ناوی گۆڕدرا بە پارتیی (هیوا).

کۆچکردوو نوری شاوەیس دەڵێت: "لە مانگی نیسانی ١٩٣٩دا ژمارەیەک لە ئەندامەکانی کۆمەڵەی دارکەر لە میوانخانەیەکی شاری کەرکووک کۆ بووینەوە، بڕیارمان وەرگرت ناوی کۆمەڵەکە بە ناوی پارتیی (هیوا)"(*)

---

ـ لە کەرکووک دەکەوێتە کارکردنی نەتەوایەتی، دوای ماوەیەک لەگەڵ ژمارەیەک قوتابیی کورددا کۆمەڵەی دارکەر دادەمەزرێنن. لە دواییدا لە ١٩٣٩دا ناویان دەگۆڕێت بە پارتیی (هیوا) و کەسایەتیی دووەم دەبێت، دوای ڕەفیق حیلمی، لە سەرکردایەتیی هیوادا، ساڵی ١٩٤٠ دەچێتە بەغداد و کولیەی ماف لە ١٩٤٥دا تەواو دەکات و دەبێت بە پارێزەر. لە هەمان دەورووبەردا دەکەوێتە نێو کارکردنی سیاسییەوە و دەبێت بە ئەندام لە ڕیزی پارتیی ئازادیی نیشتمانی (حزب التحرر الوطني)، کە ڕووی ئاشکرای پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بوو. ڕۆژی ١٩٤٨/١١/١٢ دڵدار لە هەولێر کتوپڕ گیانی لە دەست دەدات و کۆچی دوایی دەکات.

کوردپەروەرێکی دڵسۆز، هێمن و لەسەرەخۆ، کۆمەڵێک شیعری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە.

دڵدار خاوەنی شیعری

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان

نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین

سەیریکە خوێناوییە ڕابوردوومان

ئەی ڕەقیب بووەتە مارشی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی و لە سەرانسەری کوردستاندا دەوترێتەوە. (لە کتێبی دڵدار، عەبدولخالق علائەدین، وەرگیراوە.)

(*) پارتیی هیوا، هەڵبژاردنی ناوی (هیوا) بۆ پارتییەکە بۆ ناوی یەکەم کۆمەڵەی کوردی دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتای ڕاپەڕینی کۆمەڵەی لاوە تورکەکان (جمعیە ترکیا الفتاة) ساڵی ١٩٠٨ هاتە سەر حوکم لە ئەستەمبوڵ. بە نهێنی دڵسۆزانی کورد و کوردستان پارتیی هێڤی (هیوا)یان بنیات نا و تا ساڵی ١٩١٣ لە تێکۆشان و تەقەلادا بەردەوام بوو، بڵاوکراوەیەکی هەفتانەیان بە ناوی (ڕۆژی کورد) دەردەهێنا.(١٠٠)

بگۆڕین. بەشداربووانی کۆبوونەوەکە دڵدار، قازیل تاڵەبانی، کاکەحەمەی خانەقا، نورەدین بەهائەدین، ڕەشید باجەلان، نوری شاوەیس، مستەفا عوزێری، ڕۆستەم جەباری، فەتاح جەباری، زەکی عەزیز و چەندانێکی تر بووین و لە کۆبوونەوەکەدا کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان هەڵبژارد، بێ ئەوەی سەرۆک دەستنیشان بکەن. ئامانجی سەرەکییان ڕزگارکردنی کوردستان، یەکگرتنەوەی پارچەکان، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو. لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵەکە گەشەی کرد، لق و پۆی گەیشتە چەند شارێک. ژمارەیەک لە کوردپەروەر و ڕۆشنبیران چوونە ڕیزی پارتییەکەوە. وەکوو عیزەدین فەیزی، فیسەڵ ئەحمە پاشا لە هەولێر، محەمەد سەعید بەگ لە هەڵەبجە، فایەق هوشیار، عەزیز کاکەحەمە، نوری محەمەد ئەمین، جەلال ئەمین بەگ، عەبدوڕەحمان موفتی لە سلێمانی و ساڵح یوسفی، عەلی حەمدی، شاهین سۆفی، فەریق عەقراوی، جەمیل ڕەشید ئامێدی، سدیق ئەتروشی، سادق بەهائەدین، شێخ جەلال بریفکانی، حەمەڕەش هەورێزی و دوای ماوەیەک بە ئامادەبوونی نوری شاوەیس لە بەغداد (لە سەید سوڵتان عەلی کۆبوونەوە و بڕیاری ڕێکخستنی لقی هیوایان لە بادینان وەرگرت). لە هەمان ساڵدا چەند ڕۆشنبیرێکی کورد، وەکوو فایەق هۆشیار، برایم ئەحمەد، حامید فەرەج، عەلائەدین سەجادی بە تەقەلای زۆر بۆ دەرهێنانی گۆڤارێکی وێژەیی، هونەری، کولتووریی کوردیان بە ناوی (گەلاوێژ)[×]ەوە وەرگرت و خاوەنەکەی برایم ئەحمەد بوو.

لە کتێبی (الكرد وكردستان في الوثائق البريطانيه)دا هاتووە کە ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستانی باشوور ڕۆڵی سەرەکییان لە دامەزراندنی هیوادا بینی، لەوانە ڕەفیق حیلمی، ئیسماعیل حەقی شاوەیس،

---

(×) گەلاوێژ، بە ناودارترین گۆڤاری وێژەیی، هونەری، کولتووری، پەروەردەیی دەژمێردرێت کە لە ساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٤٩ بە زاراوەی سۆرانی، مانگی جارێک، بەڕێکوپێکی، بڵاو دەکرایەوە. چەندەها نووسەری ناوداری کورد وەکوو حوسێن حوزنی موکریانی، شێخ محەمەدی خاڵ، برایم ئەحمەد، شاعیرانی وەکوو گۆران، هەردی، دڵدار و... تاد تێیدا دەیاننووسی. گەلاوێژ، بە قوتابخانە و فێرگەیەکی مێژوویی دەژمێردرێت بۆ هوشیارکردنەوەی گەلی کوردستان و بەرەوپێشبردنی نووسین و خوێندنەوەی کوردی.

تۆفیق وەهبی، مەعروف چیاوگ، ماجد مستەفا، شێخ قادری حەفید، محەمەدساڵح و ئەفسەران ئەمین ڕەواندوزی، عیزەت عەبدولعەزیز، نوری ئەحمەدی تەها، عەبدورەحمان قازی و هی تر.[١٠٢]

ئەو زانیارییانەی کە لە گەڵێک سەرچاوەدا دەربارەی سەرەتای دامەزراندنی پارتیی هیوا ئاماژەیان پێ کراوە، کە لە لایەن دوو گرووپی جیاوازەوە سەری هەڵدابوو، بە ڕاوبۆچوونم هەردوو زانیاری ڕاستن و قوتابی و لاوانی هۆشمەند لە لایەک، ژمارەیەک کەسایەتی و ناودارانی کورد لە لایەکی ترەوە هەوڵیان داوە و ئاشکرایشە کە لە پێش هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بۆشاییەکی سیاسیی فراوان لەنێو گەلی کوردستانی باشووردا هەبوو، پێویستی بە بزووتنەوە و بوونی ڕێکخستنێکی نەتەوەیی دەکرد کە پڕی بکاتەوە. لەو ڕۆژگارەدا بەپێی گونجانی بەرژەوەندیی سیاسیی عیراق و باری نێودەوڵەتی، جموجووڵەکان بە دامەزراندنی پارتییەکی نەتەوەیی گەیشت.

جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "هاوین ١٩٤٠ ژمارەیەک قوتابییانی کورد کە لە بەغداد و کەرکووک دەیانخوێند گەیشتنە شاری کۆیە و لە باخێکدا کۆ بوونەوە، ڕەفیق حیلمی سوێندی خوارد و بە سەرۆکی پارتییەکە هەڵبژێردرا."[١٠٣]

لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٣دا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەران و سەرباز و دەرجەدارانی لاو و، ڕۆشنبیران و پێشکەوتووخوازان چوونە ڕیزی پارتییەکەوە و دڵسۆزانە و بە جۆش و گەرمییەوە کەوتبوونە تەقەلادان بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریی کوردستان و دژی فاشیزم دەجەنگان و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ویردی سەر زمانیان بوو.[١٠٤]

پارتیی هیوا هەوڵی دەدا کە پەیوەندیی تێکۆشان و هاوکاریی پارچەکانی تری کوردستان بەهێز بکات. ساڵی ١٩٤٢ دوو ئەفسەر میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو بۆ (مەهاباد) نێردران، بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی و هاریکاری بوو لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی ڕۆژهەلات، تا شێوازی خەبات و تەقەلادانەکانی هەردوو پارچەی

کوردستان له یەکتری نزیک بێت و دەستی کۆمەک و پشتیوانی به یەکتری بکات.(١٠٥)
ئەقەلام دا بگەم بە سەرچاوەیەک، بەراکشاوی، باسی ئەوە بکات کە چۆن و بە چ رێگایەک مامۆستای کوردپەروەر؛ رەفیق حیلمی، کرا بە سەرۆکی پارتییەکە و هەروەها دکتۆر عەبدولستار لە کتێبەکەیدا، لاپەرەی ١٠٣، دەڵێت: "پارتیی هیوا رۆژنامەی (ئازادی) دەردەهێنا..." بەداخەوە لە هەردووکیاندا بە ئەنجام نەگەیشتم و لە هیچ سەرچاوەیەکی تریشدا ئاماژەی پێ نەکراوە.

## ١١- گەشەکردنی بیرۆکەی چەپی نوێ

پارتیی هیوا بە هەزاران لایەنگر و ئەندام، لە گشت چین و توێژ و کۆڕ و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای کوردستانی لە دەور کۆ بووەوە و بە گەرموگوڕی لە ئامێزی خۆیان گرت. هەر لە سەرەتای بنیاتنانیەوە، دوو را و بۆچوونی جیاواز لە ریزی ئەندامەکانیدا پەیدی دەکرا. ژمارەیەک لە رابەرەکانی وای بۆ دەچوون کە بە دۆستایەتی و بەهێزکردنی پەیوەندی بە حکوومەتی بریتانیاوە، گەلی کوردستان دەتوانێت بگات بە مافە رەواکانی و سەربەخۆیی بە دەست بهێنێت. رۆشنبیر و قوتابی و لاوەکان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوون و ئیمپریالیزم و داگیرکەرانیان بە دوژمنی سەرەکی گەل دادەنا، لەو بڕوایەدا بوون کە پێویست دەکات گەلی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمیدا ریزەکانی نێوخۆی پتەو بکات، هەستی سیاسی و فیکری بەرز بکاتەوە، بکەوێتە تێکۆشانی سەختی جۆراوجۆر، دۆستایەتی و پەیوەندیش لەگەڵ وڵاتانی ئازادیخواز و هێز و پارتی و گرووپە پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕەکانی جیهاندا ببەستێت. داوای پشتیری و کۆمەکیان لێ بکات.
عەزیز محەمەد؛ سکرتێری پێشووی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، دەڵێت: "لە ئاکامی هاتنی سوپای سوور بۆ ئازربایجان و رۆژئاوای کوردستانی ئێران، دەنگۆ و رەنگێکی زۆری پەیدا کرد. سەرکەوتنەکانی بەرەی وڵاتانی هاپەیمان

لە بەرەکانی جەنگە شوومەکەدا دژی فاشیزم، ژمارەیەک لە قوتابی و لاوانی پێشکەوتووی شاری هەولێر، ساڵی ١٩٤٣ لە ڕیزی پارتیی هیوا دەرکەوتن و کۆمەڵێکمان بە ناوی کۆمەڵەی (میللەت) ساز کرد. بڵاوکراوەیەکی دەستنووسمان بە ناوی (دەنگی کورد)ەوە دەرهێنا، خۆمان بە دۆستی شووڕەوی و مارکسیزم لە قەڵەم دەدا."[١٠٦]

ساڵح حەیدەری لە بەشێک لە یاداشتەکانیدا کە لە ژمارە (٩)ی ڕۆژنامەی (الاتحاد)، ڕۆژی ١٩٩٢/١٢/٢٦، بڵاوی کردەوە دەڵێت: "کۆمەڵەی میللەت لە هەولێر ڕۆژنامەیەکی دەستنووسی بە ناوی (بڵێسە)ەوە دەردەهێنا. شەهید نافیع یونس، عەزیز محەمەد، شێخ محەمەد (شێخە شەل)، عاصم حەیدەری و چەندانی تر تێیدا بەشدار بوون."[١٠٧]

کێشە و دووبەرەکی لە ڕیزی ئەندامەکانی پارتیی هیوا، هەنگاو بە هەنگاو، تەشەنەی دەکرد، تا گەیشتە ئەو ئاکامەی لە مانگی شوباتی ١٩٤٤دا کۆنگرەیەکیان ساز کرد و مشتومڕ و کێشەی توندوتیژ لەنێوان بەشداربووانی کۆنگرەکەدا سەریان هەڵدا، نەیانتوانی چارەیەک بۆ بۆچوون و جیاوازییە فیکری و سیاسییەکان بدۆزنەوە. ژمارەیەک لە لاوە پێشکەوتووخوازەکان پارتییەکەیان بە جێ هێشت و شیرازەی پەیوەندییەکان لاوازی و پچڕپچڕی تێکەوت، تا گەیشتە ئەوەی پارتییە تێکچوو و پەرت و بڵاو بووەوە. بەشێک لە ئەندامەکانی بوون بە لایەنگر و هەواداری مارکسیزم و هەندێکیان لە کۆڕی خەباتی نەتەوایەتیی دوور کەوتنەوە و درێژەیان بە تێکۆشانیان دا و ژمارەیەکیشیان هەڵوێستی گۆشەگیرییان گرتە بەر و لە کارکردنی سیاسی و نەتەوەیی دوور کەوتنەوە.

پارتیی هیوا لە کاروانی خەباتی کوردایەتیدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی تۆمار کرد و گیانی کوردپەروەری و خۆشەویستیی نیشتمان و خاکی ڕەگاژۆ کرد. ژمارەیەک لە زانا و هۆشمەند و سیاسەتمەداران لە ڕیزی پارتییەکەدا پێگەیشتن. لەو ماوە کورتەی کە هیوا لە پانتایی کوردستاندا چالاکی دەنواند، کۆمەڵێک بەرهەم و کاری پڕ سوود و بایەخداری بە گەلی کوردستان گەیاند، وەکوو:

١- هەرچەندە لە هیچ بەڵگە و دۆکیومێنتێکدا نەمبینیوە، کە پارتیی هیوا پرۆگرام و یاسای ناوخۆی دارێژراوی هەبوبێت و سەرتاپای ڕێکخراوەکان و ئەندامەکانی ڕەفتاریان لەسەر کردبێت، بەڵام دڵسۆزیان بۆ کورد و کوردستان، بزووتنەوەیەکی میکانیزمیی توند و فراوانی دروست کردبوو، بە جۆش و گوڕ و دڵسۆزانە، بڕیاری سەرۆکایەتییان ئەنجام دەدا.

٢- بڵاوترین ڕایەڵی ڕێکخراوەی پارتایەتیی بەهێزی لە کوردستانی باشووردا ساز کرد.

٣- ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی کورد چوونە ڕیزی پارتییەکەوە و قوربانییشیان دا.

٤- چەند ڕۆشنبیر و کەسانی زانا و هۆشمەندی نارده ئیستگەی ڕادیۆی ڕۆژهەلاتی نزیک لە (یافا)، تا بەشی کوردی بەڕێوە بەرن، وەکوو شاعیر گۆران و ڕەمزی قەزاز، جەمال بابان و ڕەفیق چالاک و ماوەی سێ چوار ساڵ ئیستگە ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەر و بەسوودی بینی لە پێناو بایەخدان بە زمان، مێژوو و وێژەی کوردی. پرۆگرامی هونەری و مۆسیقا و گۆرانی و سروودی نیشتمانی بە هەموو کوردستان دەگەیاند.(×)

٥- هانی نووسەر و لاوان و خوێندەوارانی کوردی دەدا، کە بنووسن و بخوێننەوە و بڵاوکراوەی خۆیان، چیرۆک، شیعر، مێژووی کورد، وێژە، وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتیی تازە) و ئیستگەی ڕادیۆی (الشرق الادنى) بڵاو بکەنەوە.

٦- داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بایەخ بە خوێندن و فێربوون بدەن، منداڵیان بنێرنە قوتابخانە، نێرومێ لە بواری خوێندندا جیاواز نەبن و ڕایگەیاند کە هەموو گەلێک هەر بە خوێندن و زانست پێش دەکەوێت.

---

(×) هەموو ڕۆژ چەند جارێک بە سروودی "دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین" هانی گەلی کوردستانی دەدا ڕاپەڕن و یەک بگرن و بەسەر دوژمنی داگیرکەردا سەرکەون.

بە پێویستی دەبینم کە دەربارەی ئەو هۆکارە سەرەکییانەی بوون بە هۆی تێکچوونی پارتیی هیوا ڕاوبۆچوونی تایبەتم تۆمار بکەم:

١- پارتییەکە پرۆگرامێکی دارێژراوی ڕێکوپێکی نەبوو.

٢- سەرکردایەتیی پارتییەکە بە ڕێگای تاکەسەرۆک بەڕێوە دەبرا و تاکپەرستی تێدا بەدی دەکرا.

٣- بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی فراوان بوو، لە هەموو چین و توێژ و بەشەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەشداریان تێدا کردبوو، بەڵام پەیوەندی بە کرێکار و هەژارانی شار و لادێوە لاواز بوو، هیچ بایەخی بە باری ژیانی نابووریی چەوساوان و ئیشکەران نەدەدا.

٤- سەرکردایەتیی پارتییەکە بە بەڵێن و درۆ ناڕاستەکانی بریتانیا فریویان خواردبوو و بڕوایان وا بوو هەر جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی پێ بهێنرێت، بریتانیا سەرکەوتنی کوردستانی باشوور مسۆگەر دەکات.

٥- بڵاوبوونەوەی دەنگوباس و هاتنی سوپای سووری سۆڤییەتی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی لە بەرەکانی شەڕدا بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان ئەنجامیان دەدا، بە تایبەتی لە شەڕی ستالینگراد و شەڕی باکووری ئەفریقا، گۆڕانی لەسەر هۆش و هەست و دەروونی خەڵکەکە دروست کردبوو.

٦- پەرەسەندنی بیروبڕوای مارکسیستی لە عیراق و وڵاتانی دراوسێیدا، بەتایبەت ڕۆڵی گەشەکردنی ڕێکخراوی پارتیی کۆمۆنیست وەک شالاوێکی بەتەوژم، کاریگەریی تەواوی کردە سەر بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکان و عەقڵ و هۆشی جەماوەری ڕاکێشان.

گۆڕان و گۆڕانکاریی خێرا بەسەر باری جیهان و عیراقدا تێپەڕیان دەکرد، بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان بەرەو سەرکەوتن هەنگاویان دەنا، بەرەی تاوان و فاشیستەکان کەوتبووە شکست و پەلەقاژەی لەناوچوون. جەماوەری عیراق و کەسایەتییە ناودار و دیموکراتخوازەکان کەوتبوونە بزووتن، کۆمیتەی دامەزرێنەری چەند پارتی لە بەغداد داوای بواڕێدانی قانونییان دەکرد، کە پارتیی سیاسی بنیات بنێن و بکەونە کارکردنی سیاسی بە ئاشکرا.

پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بە سەرگردایەتیی یوسف سەلمان یوسف کەوتبووە چالاکینواندن و رایەڵ شانە و لقی ڕێکخراوەکانی بەخێرایی پەرەی دەسەند. لە ئایاری ١٩٤٤دا کۆنفرانسی یەکەمی خۆی بەست و ١٨ کادیر تێیدا بەشدار بوو. کۆنفرانس پەسەندی ئەم بڕگەیەی کرد کە دەڵێت: "تێدەکۆشین لە ڕێگای یەکسانیی ڕاستەقینەوە مافی کەمەنەتەوەی کورد (الاقلیه الکردیه) مسۆگەر بکەین، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی گشتیی نەتەوەیی و پاراستنی ناسنامە بۆ نەتەوە بچووکەکانی تورکمان، ئەرمەن، یەزیدی،..."(١٠٨)

ئەم بۆچوونە چەوتەی لە خاڵێکی کۆنفرانسەکەدا هاتبوو، نارەزایی زۆری لە لای ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخوازانی کورد دروست کرد و کەوتنە دەربڕینی رەخنە و لۆمەکردن.

دوای ساڵێک لە ئازاری ١٩٤٥دا لە ژێر دروشمی "ڕێکخراوی حزبەکەتان بەهێز بکەن، بزووتنەوەی نیشتمانی بەهێز بکەن" پارتیی کۆمۆنیستی عیراق کۆنگرەیەکی بەست و (٢٧) ئەندام ئامادە بوون، تەنیا دوو ئەندامی کورد هەبوون، مەلاشەریف عوسمان و ڕەشید حوسێن.(١٠٩) تا سنوورێک کۆنگرە هەندێک کەموکورتی و هەڵە چەوت و بۆچوونەکانی کۆنفرانسەکەی ڕاست کردەوە. گەلی کوردی کوردستانی باشوور بە گەلی دووەمی گەلەکانی عیراق دانا، یەزیدییەکانیش بە کورد. بڕیاریشی وەرگرت کە ڕێکخراوێک بە ناوی (لقی کوردستان، پارتیی کۆمۆنیستی عیراق) ڕێک بخرێت. پێش ئەو مێژووە بە ماوەیەک، لە مانگی نیسانی ١٩٤٤دا، یەکەم ژمارەی (ئازادی) وەک ئۆرگانی پارتییەکە بە زمانی کوردی دەرهێنرا. دروشمی "برایەتیی عەرەب و کورد و نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار"ی بەرز کردەوە.

ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٢٢ بە بڕیاری کۆمیتەی مەرکەزیی پارتیی کۆمۆنیست، دەستەیەک لە کادیرانی لە ژێر ناوی کۆمیتەی دامەزرێنەری پارتیی ڕزگاری نیشتمانی (حزب التحرر الوطني)دا داوایان لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق کرد بواری کارکردنی یاساییان بدات، لە خاڵی چوارەمی پرۆژەی پرۆگرامەکەدا هاتبوو: "پارتییەکەمان لە پێناو چەسپاندنی یەکێتیی نیشتمانی و هەموو

چینەکانی گەل و ئەو بەشانە لەپێناو سەرفرازیی عیراقدا تێدەکۆشن، بەردی بناغەی ئەم یەکێتییەش لەسەر برایەتی و دۆستایەتیی نێوان هەردوو نەتەوە سەرەکییەکەی عیراق؛ عەرەب و کورد، ئەنجام دەدرێت. برایەتییەکی بەتین لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن و یەکسانیی تەواو لە مافە سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەکان، بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازییەکی تێدا بەدی بکرێت."

هەروەها پارتییەکە داوای برایەتیی تەواوی نێوان کورد و عەرەب لە لایەک و لە لایەک تریش ئەرمەن و تورکمان کە لە عیراقدا دەژین، دەکرد.[110]

پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حزبی تەحەپرور بە زمانی کوردی لە کوردستان بە فراوانی بڵاو کرایەوە. هەژان و بزووتنەوەیەکی فیکری و سیاسیی قووڵ خوڵقاند، ڕێکخراو و لایەنگرانی پارتیی کۆمۆنیست پەرەیان سەند و بوون بە هێزێکی سیاسی و بزووتنەوەی گیانی کوردایەتی بە بزووتنەوەی سیاسی و دیموکراتیی عیراقی و عەرەبییەوە گرێ دا.

نیسانی ١٩٤٥، فەهد، گوتارێکی لە ڕۆژنامەی (القاعدە)دا لە ژێر ناوی "گەلی کورد پێویستی بە پارتیی کار هەیە نەک پارتیی هیوا" و هێرشی بردبووە سەر ڕێبازی هیوا و بە پارتییەکی گۆشەگیری لە قەڵەم دابوو، کە نەتەوەپەرستەکانی ڕاستڕەوی کورد هەوڵ دەدەن گەلی کورد لە خشتە بەرن و ڕاپەرین و سەرهەڵدانەکانی بۆ بەرژەوەندیی بەشێک لە کۆنەپەرستان بە کار بهێنن. دۆزی گەلەکەتان ئەمانەتە لە ئەستۆی تێکۆشەرانی کورددا، پێشڕەوایەتیان بکەن، لە ڕێگای خراپ و دژوار دووریان بخەنەوە.[111]

جارێکی تر لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٥دا ڕۆژنامەی (القاعدە) گۆتارێکی گرنگی بڵاو کردەوە و تێیدا هاتبوو: "کە مافی چارەی خۆنووسی بۆ هەر نەتەوە و گەلێک، ئامانجە سەرەکییەکانی پارتییە کۆمۆنیستەکانی دونیایە، کە پارتیی کۆمۆنیستی عیراقیش یەکێکە لەو پارتییانە و تێدەکۆشێت لە پێناو بەرژەوەندیی هەموو جەماوەر، ئازادی بۆ گشت، بەم شێوەیە ڕێکخراوی دیموکراسی بۆ گەلی کورد و جەماوەری هەژار پیادە دەکرێت. ئەوکات دەتوانن ڕاوبۆچوونی خۆیان ئازادانە دەرببڕن، ڕێگای مانەوە، دژ بە جودابوونەوە لەگەڵ عیراق هەڵدەبژێرن. لەو کاتەدا بارودۆخی لەبار بۆ بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان و جەماوەری ڕەنجدەر دەرەخسێت."[112]

بە داخەوە ئەو ڕێبازەی پارتیی کۆمۆنیستیی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی

ستالینیدا گرتیە بەر، کرا بە ئایدیۆلۆژیای پارتییەکە و پەیدەرپەی تەشەنای کرد و جیهانی گرتەوە و لە ئینتەرناسیۆنالیزمی ڕاستەقینە دوور کەوتەوە. زیانی کوشندەی بە وڵاتانی سۆسیالیست و پارتییە کۆمۆنیستەکان گەیاند و ئاسەوارەکانی بە سانا چارەسەر ناکرێن.

باش لە یادمە کە لە ساڵی ١٩٤٦دا بووبووم بە ئەندام لە ڕیزی پارتیی کۆمۆنیستی عیراقدا و لە نزیکەوە کە پرسیارێک دەبارەی پارتیی (هیوا) دەکرا، وەک پارتییەکی کۆنەپەرست و وابەستە بە ئیمپریالیزم ناوی دەهێنرا و پلەی هۆشیاریی سیاسیشم نەگەیشتبووە ئەو پلەیە بەراورد لە گوتەنەکاندا بکەم و بە گەرمی وەرمدەگرن و دەچوونە مێشکمەوە و بەبێ چەند و چۆن سەدانی وەکوو من ڕەفتارمان پێ دەکردن.

دەگەڕێمەوە سەر دۆزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

دوای تێکچوونی پارتیی هیوا، ژمارەیەک لە ئەندامەکانی ڕێبازی چەپی مارکسیستییان هەڵبژارد و کوتوپڕ چوونە ڕیزی پارتیی کۆمۆنیستی عیراقییەوە؛ گرووپی (وحدە النضال) و ڕۆژنامەیەکی کوردیان بە ناوی (یەکیتیی تێکۆشین) دەرهێنا. کۆتایی ١٩٤٤ خۆی هەڵوەشاندەوە و چووە ڕیزی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق (القاعدە)وە و بە هۆی ئەوەی ئەوکات ڕێبازی پارتییەکە بەرانبەر بە پرۆسەی کورد ڕوون نەبوو، تێکۆشەرە کوردەکان نەچوونە ڕیزی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و پارتییەکی تریان ڕێکخست بە ناوی پارتیی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق و ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (شۆڕش) دەرهێنا و بە ناوی ڕۆژنامەکەوە ناوناوبانگیان دەکرد.[١٦٣]

دەفتەری سیاسیی پارتییەکە لەم تێکۆشەرانە پێکهاتبوو، ساڵح حەیدەری: سکرتێر، شەهید نافیع یونس، ئەندازیار عەلی عەبدوڵا، کەریم تۆفیق، ڕەشید قادر، نووری محەمەد ئەمین، سەمەد محەمەد.[١٦٤]

---

(×) کاک عەلی عەبدوڵا، ساڵی ١٩٢٢ لە شاری کۆیە هاتووەتە دونیاوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە. قوتابخانەی ئەندازیاری لە بەغداد تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٤ەوە کەوتووەتە نێو تێکۆشانی سیاسی و کوردایەتییەوە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی عیراق. لە ساڵی ١٩٤٦دا ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حزبەکایە و هەنووکە بە ناوی جێگری سەرۆک شوێنی لە سەرکردایەتیی پارتییەکەدا ماوەتەوە

لە خاڵی یەکەمی پرۆگرامی پارتیی (شۆڕش)دا هاتبوو: "تێدەکۆشین لە پێناو پتەوکردنی هاوکاریی برایانەی نێوان کورد و عەرەب، خوازیارین ڕزگاری و بەختەوەری بۆ گەلانی عیراق ئەنجام بدەین. هەروەها تەقەلا دەدەین ئاشنایی لەگەڵ پارتیی کۆمۆنیستیی عیراق توندوتۆڵ بکەین."[١١٥]

پارتیی کۆمۆنیستی کوردستان ـ عیراق ـ شۆڕش، کە بینیان پارتیی کۆمۆنیستی عیراق ڕێکخراوێکی فراوانی بە ئاشکرا خستووەتە گەڕ و جموجووڵ بە ناوی پارتیی ڕزگاریی نیشتمانی (حزب التحرر الوطني)، وەک لاساییکردنەوە و سوودوەرگرتن لە هەمان پراکتیک لە مانگی شوباتی ١٩٤٥دا، پارتییەکیان بە ناوی (پارتیی ڕزگاریی کورد) پێکهێنا و ژمارەیەک لە کادیرە کۆنەکانی پارتیی هیوا ڕۆڵی دیاریکراویان لە ڕزگاریدا گرتە دەست، وەکوو شەهید عەلی حەمدی، نوری شاوەیس، د. جەعفەر عەبدولکەریم.[١١٦]

سەرکردایەتیی پارتیی ڕزگاری لە سالح حەیدەری، ئاقیع یونس، د. جەعفەر عەبدولکەریم، ڕەشید باجەلان، نوری محەمەدئەمین، تەها محێدین مەعروف پێکهاتبوو.[١١٧]

لە بەیاننامەی یەکەمی پارتیی ڕزگاریدا هاتبوو: "ئامانجی بەرزمان ڕزگارکردن و یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەیە. بە هۆی ئەوەی سەنتەری پارتییەکەمان لە کوردستانی عیراقدایە، تێدەکۆشین لە پێناو ڕزگارکردنی عیراق لە ژێر نفوزی ئیستعمار و حکوومەتەکانی کۆنەپەرست کە گەورەترین کۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی گەلی کورددا، کە بگات بە ئاواتی بەرزی، ئەویش سەربەستیی و مافی چارەی خۆنووسینە، لە خاڵی یەکەمدا دەڵێت: تێدەکۆشین کوردستانی عیراق سەربەخۆیی ئیداری وەربگرێت. کە ئەمەش هەنگاوێکی زلە بەرەو مافی چارەی خۆنووسین. لە خاڵی دووەمدا: کۆشش دەکەین ئازار و داپڵۆسین و فشار لەسەر گەلی کورد و کەمەنەتەوەکان نەمێنێت. لە خاڵی پێنجەمدا: تێدەکۆشین کۆسپ و تەگەرە گەورەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی چارەسەر بکرێن. دان بە مافەکانی دیموکراسیدا بنرێت، نەخوێندەواری بەربەرەکانی بکرێت و خوێندەواری بڵاو بکرێتەوە. پلەی کشتوکاڵ و پیشەسازی گەشە بکات و پێش بکەوێت. بایەخ

بە ژیانەوەی مێژووی کورد، هونەر و وێژە بدرێت. تێدەکۆشین پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ پارتی و هێزەکانی دیموکراسی بەهێز بکەین."(١١٨)
پارتیی رزگاریی کورد لە شێوەی بەرەیەکی فراوانی کوردیدا هەنگاوی بۆ پێشەوە دەنا. دەستی بۆ هەموو کوردێک درێژ دەکرد، کە بیکات بە لایەنگری خۆی، تەقەلای دەدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەواداری بێت و پارمەتیدانی لۆژیکی پێ بگەیەنێت. دژی ئیمپریالیست و فیودال لە پێناو رزگارکردنی کوردستانی گەورەدا و ئەنجامدانی مافی چارەی خۆنووسین تێدەکۆشا."(١١٩)
لە گەرمەی کێشە و رووداوەکاندا، ژمارەیەک لەو ئەفسەرانەی رۆڵی چالاک و مـــێـــرانەیان لە ریزی پارتیی هیـــوادا دەبینی، رۆژی ١٩٤٥/١/١٥، بە سەرۆکایەتیی کۆچکردووی تێکۆشەر مەلا مستەفای بارزانی لیژنەیەکیان بە ناوی (لیژنەی ئازادی) ساز کرد. پرۆگرامێکی خەست و چڕوپڕیان لە شەش خاڵ بۆ خۆیان دارشت:
١- ئازادکردنی کوردستان و رزگارکردنی لە داپڵۆسین و ستەمکاری.
٢- هێزی چەکداری بۆ بەرگریکردن لە کوردستان ساز بکرێت.
٣- پەیوەندیی برایانە لەگەڵ گشت رێکخراو و پارتییە نیشتمـانی و پێشکەوتووخوازەکانی کورد لە بەشەکانی کوردستان پێک بهێنرێت.
کاک مەسعوود بارزانی؛ سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق، لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بە سێ نامە دەکات کە سەرکردایەتیی هیوا بۆ سەرۆکی لیژنەی ئازادی؛ مەلا مستەفای بارزانی ناردووە. نامەی یەکەم بە مێژووی ١٩٤٥/١/٣٠ و هی دووەم رۆژی ١٩٤٥/٢/١٠ بە دەستی جەلالی ئەمین بەگ و محەمەد قودسی و، نامەی سێیەم بە مێژووی ١٩٤٥/٣/٣ بە مەبەست و ئاواتی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان پارتیی هیوا و لیژنەی ئازاد و گەشەدا بە راپەرینی چەکداری..."(١٢٠)
زۆرینەی ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامانەی دەربارەی ئاکامی پارتیی هیوا هەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لە دوای کۆنفرانسی ١٩٤٤ کە لە شاری کەرکووک بەسترا، بە رەسمی پارتیی هیوا تێکچوو و پچڕپچڕی تێکەوت. بە دووری نابینم هەر دوای کۆنفرانسەکە مامۆستا رەفیق حیلمی و چەند کوردپەروەرێک، بە ناوی هیواوە، تا ماوەیەک پەیوەندییان بەملا و ئەولاوە کردبێت.

کە حکوومەتی عیراق لە مانگی ئابی ١٩٤٥دا هێرشی چەکداری کردە سەر ناوچەی بارزان و قەزای ئاکرێ، پارتیی کۆمۆنیستی عیراق ئاگە هێزی سیاسی بوو دژی تاوان و پەلاماردانەکە دەنگی ناڕەزایی و بێزاری بەرز کردەوە و تاوانەکەی مەحکوم کرد و بەیاننامەیەکی گرنگیشی لە ژێر ناونیشانی "بەیاننامە بۆ گەلی عیراقی بەشەرەف... دەربارەی ئەم هێرشە تێکدەرییەی دەکرێتە سەر بارزانییەکان... بژیی برایەتیی کورد و عەرەب و یەکێتیی گەلی عیراق... تاد".(١٢١)

سەرکردایەتیی حزبەکە هەر بەمە وازی نەهێنا، ڕۆژی ١٩٤٥/١١/٢١، لە ژێر ناو و مۆری یوسف سەلمان یوسف (فەهد)؛ سکرتێری گشتیی پارتییەکەدا، یاداشتێکی توندی دا بە سەرۆکی وەزیرانی حکوومەتی عیراق و سەرۆکەکانی وڵاتانی عەرەب و وێنەشی بۆ وڵاتە زلهێزەکانی دونیا نارد. تێیدا هاتبوو: "دەوڵەتی عیراق بە هیچ شێوەیەک گوێ بە نارەزایی و سکاڵا و بێزاریی کوردەکان نادات. بە ئاگر و ئاسن بە سووتاندنی و وێرانکردنی ناوچەکان و شوێنیان دەسووتێنێت. بە برسیکردن و دەربەدەرکردنیان وەڵامیان دەداتەوە".(١٢٢)

کۆچکردوو عەلائەدین سەجادی دەڵێت: "لیژنەی ئازادی لە بەیاننامەکەیدا داخوازییە سەرەکییەکانی گەلی کوردستانی باشووری پێشکەش بە باڵیۆزخانەی بریتانیا کرد لە بەغداد".(١٢٣)

لە ڕووی سیاسی، فیکری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە باری عیراق گرژی و شلۆقی تێکەوتبوو و جموجووڵ و تێکۆشین و تەقەلادان جۆرەها شێوازی گرتبووە بەر. سەرتاپای چین و توێژ، گۆڕ و کۆمەڵ و دەستە و تاقمان لە بۆرژوازی نیشتمانییەوەرەوە هەتا کرێکار و ئیشکەران و جووتیار و ڕەنجبەران، داوای گۆڕانی باری وڵاتەکەیان دەکرد و بەشدارییان لە خەبات و بزووتنەوەکاندا دەکرد.

لە سەرەتای ١٩٤٦دا ژمارەیەک پارتیی سیاسیی عەرەبی بواری کارکردنی سیاسییان لە بەغداد پێدرا. ڕێکخراوەکانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق لە کوردستانی باشوور ڕەگوڕیشەی چەسپاند، چەند لیژنەی سەرکردایەتی بۆ

هەرێم و پارێزگاکان ساز کران. رێکخراوەکان رۆڵی دیاریکراو و سەرنجڕاکێشیان دەبینی لە هاندانی خەڵک و پێشڕەویکردنیان لە زۆربەی چالاکییەکاندا. پارتیی کۆمۆنیستیی کوردستان (شۆڕش) و پارتیی ڕزگاری ڕێکخراو و لایەنگری زۆری بە خۆوە کۆکردەوە. گوڕج و گۆڵی و چالاکیی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییان ئەنجام دەدا. ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەری کردە سەر هەست و هۆشی خەڵکی کوردستانی باشور و دڵ و دەروون گوشادی تێکەوت و کوردایەتی کەوتە گەشەکردنێک نەبینرابوو.

لە گەرمەی گەشبینی و ورەی بەرز و خۆشیدا، کە لە هەموو کوردستاندا بەدی دەکرا، سەرەتای کێشەی فیکری و بۆچوونی جیاجیا لەنێو بەرەی چەپی سەرهەڵداوی نوێ و لایەنگرانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و لایەنگرانی پارتیی کۆمۆنیستی کوردستان (شۆڕش) دەستی پێکرد. دەمەتەقە و دایەلۆگی زۆر، گەلێک جاران توندوتیژی و گرژی و ساری بە خۆوە دەگرت، زیانی زۆری بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەگەیاند. زەمانە دەریخست کە بنەما و ڕەگوڕیشەی کێشەکان نەک تەنیا لە کوردستان یان لە عیراقدا بەڵکە لە سەرانسەری دونیادا بۆ عەقڵیەتی دەسەڵات و ڕۆڵی تاکەحزبی دەگەڕایەوە، کە ئایدیۆلۆژیای ستالینیزم سەرچاوەکەی بوو.

لە هەمان بارودۆخدا کاروانی ژیان لە پێبازوی بۆ پێشەوە بەردەوام بوو، هەستیاریی سیاسی و فیکری کەوتبووە گەشەکردن، جەماوەر بە گەرموگوڕی هاتبووە گۆڕەپانی تێکۆشینەوە، بە یاداشت و سکاڵا داوای چارەکردنی گیروگرفتەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان دەکرد. خۆپێشاندان دژی کۆنەپەرست و ئیمپریالیزم و زایۆنزیم، مانگرتنی قوتابی و کرێکاران، ڕاپەڕینی جووتیاران، لە گەلێک شار و ناوچەدا ڕووی دەدا. ڕۆژی ١٩٤٦/٧/٣ مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت لە کەرکووک دەستی پێکرد. داوای چاکسازی شوێنی کارکردن و ژیانیان، زیادکردنی ڕۆژانە و کەمکردنەوەی ماوەی ئیشکردنیان، بایەخدان بە باری تەندروستی و کۆمەڵایەتیان...تاد دەکرد و بەشداربووانی مانگرتنەکە نموونەی کۆمەڵگای گەلەکانی عیراق

پێشان دەدا، لە کورد و عەرەب، تورکمان، ئاسووری و ئەرمەن گشتیان بە یەک دەنگ دژی چەوسانەوە وەستابوون. ڕۆژی ١٩٤٦/٧/١٢ پۆلیس هێرشی بردە سەر کرێکارەکان لە باخچەی گاورباخی و بە گوللەباران کەوتنە پەلاماردانیان، ژمارەیەک کرێکار کوژران و بریندار کران. حکوومەت بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و تێیدا دانی بە کوشتنی (٥) کرێکار و بریندارکردنی (١٤) کرێکاردا نا.[١٢٤]

پارێزەر جیهاد ئەلوەنداوی کە لە کاتی مانگرتنەکەدا لە دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە (حاکم التحقیق) بوو لە کەرکووک، ڕۆژی ١٩٧٢/٥/٦ لە ڕۆژنامەی (التاخی)دا دیدەنییەکی لەگەڵ ڕێکخرابوو و گوتی: "ژمارەی کوژراوەکانی کرێکارانی نەوت کە لە ڕۆژی ١٩٤٦/٧/١٢دا کوژران لە گاورباخی (١٦) کوژرا و بریندار لە (٣٠) کرێکار زێدەتر بوو."[١٢٥]

## ١٢- بنیاتنانی پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق

لە شوێنێکی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ساڵی ١٩٤٣ مامۆستای کۆچکردوو هەمزە عەبدوڵا گەیشتە (مەهاباد) و پارتیی هیواش ساڵی ١٩٤٤ ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عوسمان دانشی بۆ (مەهاباد) نارد، بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان پارتیی هیوا و سەرکردایەتیی کۆمەڵەی (ژ.ک).

پەیدەرپەی چەند ئەفسەرێکی کوردپەروەر و پێشکەوتووخواز و شاعیر محەمەدتۆفیق وەردی و ئەنوەر دڵسۆز و گەلێکی تر ڕوویان کردە کوردستانی ڕۆژهەڵات. لە کۆتایی ١٩٤٥دا لقی کۆمەڵەی (ژ.ک) لە سلێمانی پێکهێنرا. برایم ئەحمەد، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، شاعیر فایەق بێکەس و زەکیە بابان بە گەرموگوڕی کەوتبوونە تەقەلادان بۆ پەرەسەندن بە کۆمەڵەکە لە شارەکانی تری کوردستانی باشووردا.[١٢٦]

بەهاری ساڵی ١٩٤٥ لەسەر داوای مەلا مستەفای بارزانی بە نهێنی هەمزە عەبدوڵا گەڕایەوە کوردستانی باشوور، لە سلێمانی دەکەوێتە پەیوەندیکردن و

دیدەنی لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردەکانی پارتیی کۆمۆنیستی کوردستان (شۆڕش) و پارتیی ڕزگاری و چەند کەسایەتییەکی کوردپەروەر. پرۆژەی بیرۆکەی بنیاتنانی پارتییەکی کوردیی جەماوەری فراوان بە ناوی (پارتیی دیموکراتیی کورد)یان لەگەڵ باس دەکات و پێشنیازەکانی مامۆستا هەمزە پەسەند دەکەن و لە تەقەلاکانیدا سەر دەکەوێت.[١٢٧]

ساڵح حەیدەری لە یاداشتەکانیدا بە درێژی باسی ڕووداوەکانی ئەوکات دەکات و دەڵێت: "کێشەی فیکری لە ڕیزی سەرکردەکانی پارتیی کۆمۆنیستی کوردستان (شۆڕش)دا توند و گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت. لە سەرەتای ئابی ١٩٤٦دا پارتییەکە تێکچوو و هەڵوەشێنرایەوە. ژمارەیەک لە کادیرەکانی چوونە ڕیزی پارتیی کۆمۆنیستی عێراقەوە."[١٢٨]

کاک عەلی عەبدوڵا کە باسی ڕووداوەکان دەکات، دەڵێت: "لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئابی ١٩٤٦دا حزبی ڕزگاری کوردستان کۆنگرەی خۆی لە بەغدا بەست، جگە لە جەماعەتی ساڵح حەیدەری و نافیع یونس، هەموو ئەندامەکانی سەرکردایەتی بەشدارییان لە کۆنگرەکەدا کرد. کۆنگرەکە بە دوورودرێژی دەرسی باری کوردستانی کرد، هەروەها، باری پارتیی کۆمۆنیست (شۆڕش) و پارتیی ڕزگاری تاوتوێ کرا. بە دەنگی گشتی بڕیار وەرگیرا کە بچنە ڕیزی پارتیی دیموکراتی کورد، کە بڕیار بوو، بەو زووانە، دابمەزرێت."[١٢٩]

لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٤٦دا، ٣٢ تێکۆشەری کوردپەروەر و کادیرانی پاشماوەی پارتیی کۆمۆنیست (شۆڕش) و (ڕزگاری) و پارتیی هیوا یەکەم کۆبوونەوەیان لە ماڵی فەرمانبەر سەعید سەلیم ئاغا حەوێزی کە بە سەعید فەهیم ناوی دەهات، ئەنجام دەدەن و برایم ئەحمەد وەک چاودێریکەر نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئامادە دەبێت. لە دواییدا کۆبوونەوەکەیان لە ماڵی عەلی حەمدی درێژ پێ دەدەن و پاش چەند ڕۆژ دەرسکردن و تاوتوێکردنی باری کوردستان و عێراق، بە دەنگی گشتی بڕیاری دامەزراندنی پارتیی دیموکراتی کورد وەردەگرن. کۆمیتەی مەرکەزی لە (١٥) کەس هەڵدەبژێرن و ئەم ناوانەی خوارەوە دەبن:

١- مەلا مستەفای بارزانی، سەرۆکی پارتییەکە.
٢- شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، جێگری یەکەم.
٣- کاکەزیاد ئاغای غەفووری، جێگری دووەم.
٤- هەمزە عەبدوڵا، ٥- میرحاج ئەحمەد، ٦- دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم، ٧- عەلی عەبدوڵا ئەمین، ٨- ساڵح یوسفی، ٩- عەبدولکەریم تۆفیق، ١٠- رەشید قادر، ١١- رەشید باجەلان، ١٢- مەلا حەکیم خانەقینی، ١٣- عەونی یوسف، ١٤- تەها محێدین مەعروف، ١٥- مستەفا خۆشناو، ١٦- سەعد مەحەمەد (یەدەگ).

کۆمیتەی مەرکەزیش دەفتەری سیاسی هەڵبژارد:
١- هەمزە عەبدوڵا، سکرتێر.
٢- د. جەعفەر عەبدولکەریم.
٣- عەلی عەبدوڵا ئەمین.
٤- عەبدولکەریم تۆفیق.
٥- رەشید قادر.(١٣٠)

کۆنگرە بڕیاری وەرگرت کە رۆژنامەیەک بە ناوی (رزگاری) دەربهێنن و ببێت بە ئۆرگانی پارتییەکە.

لە مانگی ئەیلوولی ١٩٤٦ەوە تا ساڵی ١٩٥٦، رزگاری بە نهێنی دەردەهێنرا و لە ١٩٥٦دا ناوەکەی گۆڕدرا بە (خەباتی کوردستان). لە نیسانی ١٩٥٩دا و بوو بە (خەبات) و وەک رۆژنامەیەکی سیاسی بواری پێدرا و تا ناوەڕاستی ١٩٦١، بە ئاشکرا، لە بەغداد چاپ دەکرا.

رۆژی ١٩٨٤/١/٤ دکتۆر ستار تاهیر دیدەنییەک لەگەڵ عەونی یوسف ساز دەکات و چەند پرسیارێکی دەربارەی کۆنگرەی یەکەمی پارتیی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق ئاڕاستە دەکات، لە بەرسڤدا کۆچکردوو عەونی گوتیووی: "میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو لە کۆنگرەکەدا ئامادە نەبوون. شێخ لەتیف شێخ مەحموود نوێنەری تایبەتی مەحموود شەنگ ئەحمەدی لە شوێنی ئەو ئامادە بوو. لە کاتی دەنگداندا، دژی ئەوە وەستام کە شێخ لەتیف و کاکەزیاد ئاغا وەک دوو دەرەبەگ جێگری یەکەم و دووەمی پارتییەکە هەڵبژێردرێن."(١٣١)

## ١٢- پەیوەندی نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق

هەر دوای ١٩٤٦/٨/١٦ کە ڕاگەیەنرا پارتییەکی کوردی دیموکراسی چەپی جەماوەری کوردستانی بنیات نراوە، سەرەتای گۆڕانێکی چۆنێتی بەسەر هەستی خەڵکی کوردستانی باشووردا هات. گۆڕەپانی تێکۆشینی سیاسی، کەوتە بەر جموجووڵ و کۆشش و تەقەلادانی دوو ڕێکخراو، پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق و ڕێکخراوەکانی لیژنەی لقی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق. ئاشنایی و هاوکاری لەسەر هەندێک هەڵوێست و ڕووداو، کێشەی لاوەکی و دوویەرەکی جار جار دەهات و تێ دەپەڕی، ماوەی ئەوە نییە بە دووروودرێژی شتێک لەسەر ڕووداوەکانی نێوان هەردوو پارتیی و ڕێکخراو تۆمار بکەم، وەلێ قەت ڕۆژی لە ڕۆژان کێشەکان لە سنووری لۆمە و ڕەخنەی نێوان دوو هێزی چەپ، چەپی مارکسیست و چەپی نەتەوەیی و دیموکراسی دەرنەدەچوو. شتێکی مێژووییش هەیە کە نکوڵی لێ ناکرێت، کە بە درێژیی هەشتا ساڵ لە مێژووی ئەو دەوڵەتەی بە ناوی عیراق دروست کرا، بەتەک سەرتاپای کەموکورتی، لادان و هەڵەکردن، نزیکترین هێز لە ئاشناییکردن و هاوکاری و لە پشتگیرکردنی پرۆسەی گەلی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستان، بە ڕا و بۆچوونم، پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بووە. گەواهیش بۆ ڕاستیی ئەمە لە پرۆگرام و کۆمەڵێک هەڵوێست و زنجیرەیەک کردەوەدا بەدی دەکرا. جارێکی تر دەڵێم ئەو مانایەش ناگەیەنێت کە لە ڕەوتی مێژوویی پارتیی کۆمۆنیستدا هەڵوێستی چەوت و کەموکورتی ڕووی نەداوە.

لە ئەرکی مێژوونووس و توێژەرەوانی ڕووداوەکاندایە کە لە کاتی دەرسکردن و نووسین لەسەر ڕابوردووی پارتیی دیموکراتی کوردستان هەندێک ڕاستی هەن وەک تیشکی ڕۆژ مەحاڵە داپۆشرێن، کە بەردەوام لە ڕیزی پارتیدا کەسانی کۆنەپەرست، گۆمانلێکراو، ئاژاوەچی و ناحەز بە کۆمۆنیزم هەبوون و بە نهێنی و ئاشکرا هەر خەریکی نانەوەی ناکۆکی و دوویەرەکی بوون دژی ڕێکخراوەکانی لقی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق.

لە نێوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی پێشوودا کە سەرجەم کارکردنی سیاسی و ژیانی پارتایەتی ساوا بوو و سەرەتای گەشەکردنێکی فراوان بوو، کۆمۆنیستەکانی کوردستان بە شێوەیەکی دۆگمایی میکانیزمی ڕا و بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕی و لە ژێر بیری ئینتەرناسیونالیزم و بەرژەوەندیی چینی کریکار و دۆستایەتیی یەکێتیی تێکۆشانی گەلاندا لە بەرانبەر بەرژەوەندی نەتەوەییدا وەستابوون. ئەمەیش کێشەی دروست کرد و زیانی زۆری گەیاند. لە لایەکی تریشەوە سەرگەرمی و توندڕەوی ژمارەیەک لە لایەنگرانی پارتی کە لە ژێر پەردەی کوردایەتیی پیرۆزدا خۆیان حەشار دابوو و هەندێک جار لە سنووری هەڵسوکەوتی مرۆڤانەیان تێدەپەڕاند و بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکان بە دواکەوتووترین شێوازی شۆڤێنیستی ڕەفتاریان دەکرد، زۆر کێشە و گرفتی تری دروست کردبوو.

لەگەڵ گشت ئەوانەشدا کە ئاماژەیان پێکراوە، چەندە ڕۆژگار تێپەڕی دەکرد، هێندەش جیاوازییەکانی نێوانیان کەمتر دەبووە و تەبایی و ڕێکوپێکیی بابەتییانەیان بە خۆوە دەگرت.

لە ڕاپەڕینە شۆڕشگێرییەکەی گەلەکانی عیراقدا، کە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دژی پەیمانی پۆرتسمۆث[×]، کە لەنێوان عیراق و بریتانیادا مۆرکرا، جەماوەری عیراق بە یەک دەنگ و یەک هێز پەیمانەکە هەڵوەشێنرایەوە و پیادە نەکرا.

---

(×) پەیمانی پورتسمۆث: پۆرتسمۆث بەندەرێکی مەزن و گرنگە، کەتووەتە باشووری دوورگەی بریتانیاوە. بە مەبەستی نوێکردنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ی نێوان عیراق و بریتانیا لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا شاندێکی حکوومەتی عیراق بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی وەزیران سالح جەبر دەگاتە بریتانیا، لە شاری پۆرتسمۆث لەگەڵ شاندی حکوومەتی بریتانیا دەکەونە گفتوگۆ. ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٥ ڕێککەوتننامەیەک بە ناوی هەردوو حکوومەتەوە مۆر دەکەن. هەر کە گەلەکانی عیراق دەنگوباسەکەیان کەوتەوە بەر گوێ، لە بەغداد و زۆربەی شارەکانی تر ڕاپەڕین و خۆپیشاندان دەستی پێکرد. پۆلیسی بەغداد کەوتە گیانی ڕاپەڕیوان و ژمارەیەک کوژران و بریندار کران. خۆڕاگری و بەربەرەکانێکردنی سەخت، ڕۆژی ١٩٤٨/١/٢٧ وەزارەتی سالح جەبری لەسەر کار لابرد، پەیمانەکەش سەری نەگرت. شارەکانی کوردستانیش بە گەرموگوڕی و چالاکانە بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کرد.

هاوکاری و هاریکاریی پارتیی دیموکراتی کوردستان و پارتیی کۆمۆنیستی عیراق نموونەی تێکۆشانی هاوبەش و برایانەی بە خۆوە گرت، گیانی پێشکەوتووخوازی و کوردایەتی بووژانەوە.

خۆ کە دوای ١٩٤٨/٥/١٥(×) حکوومەتی عیراق کەوتەوە تیرۆر و پەلاماردان بۆ سەر گشت نیشتمانپەروەر و تێکۆشەران، لایەنگرانی پارتی و پارتیی کۆمۆنیست، پێکڕا، کەوتنە بەر شەپۆلی هێرش و پەلامارەکانی دامودەسگا سەرکەوتکەرەکانی عیراق.

ژمارەیەکی زۆر لە کادیر و ئەندامەکانی هەردوو پارتی بەبێ جیاوازی دەستگیر کران و لە دادگاکاندا کورد، پارتی و کۆمۆنیست، بە یەک مادەی یاسایی دادگایی و زیندانی دەکران.(××)

ساڵی ١٩٥٢ لە نزیک عیراقەوە دوو ڕووداوی یەکجار گرنگ ڕوویان دا. یەکەمیان: لە ئێران حکوومەتی دکتۆر محەمەد موسەدەق کۆمپانیای نەوتی ئێرانی خۆماڵی کرد و دووەمیان: سەرکەوتنی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکەی ١٩٥٢/٧/٢٢ بەسەر ڕژێمی پاشایەتیدا و بنیاتنانی سیستێمی کۆمار.

---

(×) ڕۆژی ١٩٤٨/٥/١٥ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی وەرگرت لەسەر بەشێک لە خاکی فەلەستین، حکوومەتەکانی عەرەب بە بڕیارەکە ڕازی نەبوون، هێرشی عەسکەرییان بردە سەر هێزە چەکدارەکانی جوولەکە و سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا. حکوومەتی عیراق لە ژێر پەردەی باری وڵات دادگای عورفی عەسکەری ڕاگەیاند و کەوتە ڕاونان و گرتنی تێکۆشەران و هێز و کەسایەتییە بەرهەڵستکارەکان و بارێکی دژوار و تیرۆریستانەیان لە سەرتاپای خاکی عیراقدا خوڵقاند.

(××) لە سەرەتای ١٩٤٩دا هەزاران کەس زیندانی کران، دەستە دەستە دەنێردرانە بەر دادگای عورفی عەسکەری لە ئۆردووگای وەشاش. ئەز یەکێک بووم لە گیراوەکان و مانگی تەمموزی ١٩٤٩ ئێمە (٤٢) بەندکراو بە یەک وەجبە ناردیانینە بەردەم دادگاکە و لەنێوماندا ژمارەیەک لە تێکۆشەراتی پارتی هەبوو، وەکوو کۆچکردوو برایم ئەحمەد، پارێزەر جەلیل هوشیار، ڕەئوف مەعروف و گەلێکی تر. گشتمان بە مادەی (٨٩) دادگایی کراین و بە یەک بڕیار و بەبێ جیاوازی حوکمدراین و نێردراین بۆ بەندیخانەکان.

بە درێژایی دە ساڵ تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ئەندام و لایەنگرانی پارتیش وەک کۆمۆنیستەکان دەکەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە و تەنانەت داوای پاکانە (البرائە)یان لێ دەکردن.

ڕووداوەکان گیان و هەناسەی نوێی دایەوە بەر بیروبڕوای پێشکەوتووخوازی و کاروانی تێکۆشین گەرم و گوڕی تێ کەوتەوە. قەیرانی سیاسیی توند و دژوار، ترس و دڵەڕاوکێی لە ڕیزی حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە پلەی یەکەم بۆ عیراق خوڵقاند و دووچاری پشێوی و سەرلێشێوانی کرد.

لە شوباتی ١٩٥٥دا پەیمانی بەغداد لەنێوان عیراق، ئێران، تورکیا و پاکستاندا مۆر کرا و [لە شوێنێکی تردا باسی هاتووە.] بە ڕاشکاوی دژایەتیکردنی بیروبڕوای چەپ و کوردایەتی و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی تەوسای تێدا بەدی دەکرا. فەرمانڕەواکانی عیراق، ڕاونان و کۆنترۆڵکردنیان لەسەر نیشتمانپەروەران زیدەتر کرد. کەشوهەوایەکی ناسازی هاتە کایەوە، کاردانەوەیەکی دەروونیی زامدارکەری کردە سەر هێزە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانی گەلەکانی عێراق. پاڵی بە سەرکردایەتیی هێز و پارتییەکانەوە نا و کەوتنە بزاف و پێداچوونەوەی ڕۆڵ و هەڵوێستیان لەسەر ئایندەی عیراق. دوای گفتوگۆی زۆر و دەرسکردنی ڕووداوەکان بە تێروتەسەلی، ڕۆژی ١٩٥٧/٣/٩، ڕێککەوتننامەیەک بە ناوی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی (جبهه الاتحاد الوطنی) لەنێوان پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، پارتیی نیشتمانیی دیموکراتی، پارتیی بەعسی سۆسیالیست، پارتیی سەربەخۆیی عیراق مۆر کرا. هەڵوێستی پارتییە عەرەبییەکان [کە سێ پارتی بوون] بەرامبەر بە پارتیی دیموکراتی کوردستان شۆڤێنیستانە و ناڕاست بوو و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نەبوون پارتیی دیموکراتیی کوردستان بێتە ڕیزی بەرەکەوە.

پارتیی کۆمۆنیستی عیراق ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی لەگەڵ پارتی دیموکرات مۆر کرد، کە لە هەموو کار و کردەوە و ئەرکێکدا هاوکاری و هاریکاری لەنێوانیاندا ئەنجام بدرێت، تا گەیشتە ئەو پلەیە لە حوزەیرانی ١٩٥٧دا دەستەیەک لە کادیرەکانی لقی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتیی دیموکرات کە ڕێکخراوەکانیان لە کوردستان بکەن بە یەک ڕێکخراو و کۆمۆنیستەکان فراکسیۆنی خۆیان لە

ریزی پارتیدا رێک بخەن. دەستکاریش لە پرۆگرام و یاسای نێوخۆی پارتیدا بکرێت. ئەم بیر و هەوڵە سەریان نەگرت و لە لایەن سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیست و زۆرینەی ڕێکخراوەکانەوە ڕەت کرایەوە. جیاوازییە فیکرییەکان و کێشە لاوەکییەکانی نێوان هەردوو پارتی، بۆ ماوەیەکی کورت، ساردی و دەمەتەقەی لەملا و ئەولا دروست دەکرد، بەڵام درێژەی نەدەکێشا و هاوکاری و ئاشنایەتی دەگەڕایەوە دۆخی پێشووی.

هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ژمارە (١) سەرلەبەیانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، لایەنگرانی پارتی و شیوعی، پێکڕا، دابەڕینە کوچە و شەقامەکان و ئەفسەر و سەربازانی کورد و جەماوەری کوردستان، یەبێ یەک و دوو، بوونە شوورە و پشتگیریی ڕاست و دڵسۆز بۆ کۆمارە تازەکەی عیراق. لە هەموو شار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، بە برووسکە، ڕێپێوان و کۆبوونەوە پیرۆزبایی گەرم و گوڕ و لایەنگریان بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشەکە پێشان دەدا.

ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢٧ دەستووری کاتی بڵاو کرایەوە. لە خاڵی سێیەمدا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەوڵەتی عیراقی سیاسیدا، دان نرا بەوەدا کە عیراق نیشتمانی عەرەب و کوردە و مافی تەواویان هەیە، پێکڕا، وەک دوو برا، لە هەموو شتێکی گەورە و بچووک بە سەرفرازی و یەکسانی بژین. ئەمەش دەقی مادەکەیە: "یقوم الکیان العراقی علی اساس من التعاون بین المواطنین کافه واحترام حقوقهم وصیانته حریاتهم ویعتبر العرب والاکراد شرکاء فی هذا الوطن ویقر الدستور حقوقهم القومیه ضمن الوحده العربیه..."

شۆڕشی ١٤ی تەمموز کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ بە گەلەکانی عیراق گەیاند، بەتایبەت بە گەلی کوردستانی باشوور، کە بە درێژایی مێژوو لە سنووری عیراقدا ئەم جۆرە دەستکەوتانەی بەر دەست نەکەوتووە. وەک ناوەڕۆکی خاڵی سێیەم لە دەستووری کاتی و ماوەدان بە تێکۆشەری کۆچکردوو؛ مەلا مستەفای بارزانی و گشت ئەو بارزانییانەی ماوەی (١٣) ساڵ لە وڵات دوور خرابوونەوە، کە بە ئەوپەڕی ڕێزلێنان و شیاوییەوە، لە کاتی گەڕانەوەدا، پێشوازییەکی کەمونەیان لێ بکرێت، دەرهێنانی عیراق لە

پەیمانی بەغدا(×) کە خاک و گەلی کوردستانیان بە یەکێک لە دوژمنە سەرەکییەکانی دەژمارد، دەرکردنی سوپای بریتانیا لەسەر خاکی عیراق، دەرهێنانی قانونی چاکسازیی کشتوکاڵی و دابەشکردنی زەویوزاری گەورە بەسەر جووتیار و هەژارانی لادێدا، بەرداتی گشت گیراوە سیاسییەکان لە عیراق و ڕزگارکردنی لە ۹۹٪ی خاکی عیراق لە ژێر چنگی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی نەوت، هەروەها بواردان بە پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق کە وەک پارتییەکی نیشتمانی و دیموکراتی بکەوێتە کارکردن پارتایەتیی ئاشکرا و ڕۆژنامەی (خەبات) ئۆرگانی پارتییەکە و چەندان گۆڤار و ڕۆژنامەی پێشکەوتووخواز بە زمانی کوردی بڵاو کرانەوە. سەرتاپای دەستکەوتەکان گیانی نیشتمانپەروەری و پێشکەوتووخوازی کوردایەتی بوژاندەوە و کەوتنە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە. بیروبڕوای سیاسی، هۆشیاری و هەستی کۆمەڵایەتی گەشەیان کرد، گۆڕانی چلۆنی بەسەر باری عیراق و کوردستاندا هات، مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانی باشوور و کەمەنەتەوەکان بوون بە تەوەری بنەڕەتی لە خواستی دیموکراتیخوازان و دڵسۆزانی کوردپەروەر و یەکسەر ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی باش لەسەر هەست و بزووتنەوەی کوردایەتی لە گشت پارچەکانی کوردستاندا هەبوو.

## ١٤- پیلان و نەخشەی وڵاتانی بیانی و کۆنەپەرستان

هەنگاوە شۆڕشگێڕییەکانی یەک بە دوای یەکی سەرکردایەتیی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، نائارامی و سەرلێشێوانی زۆری لە دڵ و دەروونی کۆلۆنیالیستەکان و کۆنەپەرست و شۆڤێنیستەکانی کورد و عەرەبدا پەیدا کرد، پلانەکانیان لێ تێکچوو و مەترسییان لێ نیشت، بەتایبەت داگیرکەرانی خاکی کوردستان و هەندێک لە وڵاتانی عەرەب و ئیمپریالیستەکان دونیا.

(×) لە دوای ئەوە ناوەکەی کرا بە پەیمانی (سەنتۆ) و چەند ساڵێک مایەوە و لە دواییدا تێکچوو.

سەرتاپایان وەک بەرمیەکی دیارینەکراو،(*) هەر لایەکیش بە شێوازێک کەوتە کار و نەخشە و پیلانگێڕان بۆ تێکشکاندنی شۆڕشەکە و لادانی لەو ڕێبازە پێشکەوتووخوازەی گرتبوویە بەر.
هێدی هێدی، کون و کەلەبەری مەزن و گرێ و گۆڵ لە باری سیاسی، ئیداری و کۆمەلایەتیی عیراقدا پەیدا بوو. لە قوولایی ئەو گێژەنەدا، ناکۆکییەکان و تەنگوچەڵەمەکان بەرەو خراپی وەردەچەرخان و ژمارەیەک لە دەرەبەگ و کۆنەپەرستەکان یاخیبوونی خۆیان لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا

---

(*) لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بە ماوەیەکی کەم، کۆماری میسر بە فەرماندەی جەمال عەبدولناسر کەوتە هاندانی شۆڤێنیستە کۆنەپەرستەکانی وەکوو عەبدولسەلام عارف و ڕەشید عالی گەیلانی و ژمارەیەک لە ئەفسەران و پارتیی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و پاشماوەی پارتیی سەربەخۆیی عیراق، کە بە زووترین کات عەبدولکەریم قام (١٩١٤-١٩٦٣) لە ناو بەرن و یەکێتیی عەرەبی لەگەڵ میسر ڕابگەیەنن.
لە کوردستانیش وەک لە گەلێک سەرچاوە و یاداشتدا دەردەکەوێت کە حکوومەتی شای پێشووی ئێران لە کۆنەوە تەقەلا و کۆششی دەکرد کە شوێنپێ و مەکۆی چەسپاوی لە عیراق و کوردستانی باشووردا هەبێت، لە بڵاوکراوەکانی جاسووسی کۆنی ساواکی ئێران، عیسا پەژمان، دەردەکەوێت کە چۆن هەر زوو لە گەڵ ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و بنیاتنانی کۆماری عیراقدا کەوتنە جووڵە بۆ دەستتێوەردان و تێکدانی باری نوێی وڵاتەکە و توانیان پەیوەندی بە ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقەوە بکەن و ڕێککەوتن لەگەڵیاندا چێ بکەن. ئێران ڕۆڵی سەرەکی بینی لە هاندانی کوردەکان کە بە پشتیوانی یارمەتیی ئەوان دەست بدەنە چەک و یاخیبوونیان دژی حکوومەتی بەغداد ڕابگەیەنن. لە ١٠٠٪ لە پیلانەکانیاندا سەر کەوتن و پەیوەندییەکان بەردەوام بوون. لە ٦/ ١٩٧٥/٣ شۆڕشەکەیان تێکوپێک دا و لە ناو چوو. دوای ئەوەی شا پشتی لە کوردەکان کرد و یارمەتی لێ بڕین، بامۆز و کارەسات بەسەر کوردستانی باشووردا هات و ماوەی ١٦ ساڵ درێژەی کێشا و وێنەی لە جیهاندا کەم بوو.
ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٠ بۆ ئەرک و کارێکی پارتایەتی لە هەولێر بۆ کەرکووک گوێزرامەوە. ئەوکات ئەندامی پاڵێوراو بووم لە کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیست و کاک عەزیز محەمەد سکرتێری هەرێم بوو. ئاگاداریان کردم کە حکوومەتی ئێران بە ڕێگای نۆکەری تایبەت پەیوەندییان بە شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفیدەوە کردووە و داوایان لێ کردووە بکەوێتە ڕاپەڕینی چەکداری دژی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم. ئەوکات حکوومەتی ئێران باشترین پشتگرتن و کۆمەک و یاربووی تێروتەسەلەی پێ دەگەیەنن. کۆچکردوو شێخ لەتیفی حەفید بە هیچ شێوەیەک نەچووبووە ژێر ئەم بار و تاوانە. ساڵی ١٩٦٦ لە مانگی حوزەیراندا خۆشم لە گوندی (سیتەک) ماوەی هەفتەیەک میوانی شێخ لەتیف بووم و شتێکی لەو بابەتەی بۆ گێڕامەوە.

ڕاگەیاند. لە دواییدا ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ کرا بە سەرەتای ڕاپەڕینی چەکداری و بە ناوی شۆڕشی ئەیلوول ناوی دەرکرد. پارتیی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفای بارزان جڵەو و سەرکردایەتیی شۆڕشەکەیان گرتە دەست و شەڕ و پێکدادانی چەکداری دەستی پێکرد. سەرەتای دووڕییانێکی یەکجار دژوار و ئاڵۆز و ترسناک لە مێژووی عیراقدا دەستی پێکردەوە. کەرتکردن و جیاوازیشی لە هەڵوێستی هێزەکانی چەپ و دیموکراتیخوازاندا خوڵقاند.

ڕۆژی ١٩٦١/٩/١٣ ڕۆژنامەی (البیان) ئۆرگانی پارتیی نیشتمانی پێشکەوتووخواز (الحزب الوطنی التقدمی)[×] لە گوتارێکیدا بڵاوی کردەوە: "ئەم جموجووڵە دوژمنکارییەی کە هەندێک لایەن لە پێناو بەرژەوەندیی خۆپەرستییەوە پێی هەڵساون، لە یاسا دەرچوونە و دەیانەوێت بە هێزی چەک ڕای خۆیان بسەپێنن."[١٢٢]

دوای ئەو گوتارەی (البیان) بە ڕۆژێک، ١٩٦١/٩/١٤، ڕۆژنامەی (الاهالی) ئۆرگانی پارتیی نیشتمانیی دیموکراتی (الحزب الوطنی الدیمقراطی) گوتارێکی بڵاو کردەوە و تێیدا هاتبوو: "وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت سەنتەرێکی تایبەت بۆ خۆی دروست بکات، جیاوازیی نێوان دوو نەتەوەی عەرەب و کورد پەیدا بکات. کەسانی مەرخدار بکڕێت و بۆ جوودابوونەوە پاڵیان پێوە بنێت. ئەم جۆرە کەسانە بە سامانی کۆمپانیاکانی نەوت و چەکی (سەنتۆ) هەڵسوکەوت دەکەن."[١٢٣]

لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٦٢دا کۆمیتەی لیژنەی مەرکەزیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق ڕاپۆرتێکی دووروودرێژی لە ژێر ناونیشانی "سیاستنا وطریقنا لحل المسالە الکردیە فی العراق حلا دیمقراطیا عادلا"دا بڵاو کردەوە

---

(×) پارتیی نیشتمانیی پێشکەوتووخواز (الحزب الوطنی التقدمی) بەشێک بوو لە کۆنترین پارتی و هێزی دیموکراتی عیراقی، کە نیشتمانپەروەری کۆچکردوو کامل چادرچی سەرۆکی بوو. چادرچی لە ١٩٦٠دا ناڕەزایی خۆی بەرانبەر بە عەبدولکەریم قاسم و حوکمی عەسکەری پێشان دا، ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکانی پارتییەکە لەگەڵ ڕاوبۆچوونەکانیدا نەبوون، کەرتکردنی خۆیان لە ڕیزی حیزبەکە ڕاگەیاند و حزبێکی نوێیان بە ناوی پارتیی نیشتمانیی پێشکەوتووخواز دامەزراند و محەمەد حەدید ڕابەرایەتی دەکرد کە نیشتمانپەروەرێکی ناسراو و یەکێک بوو لە بۆرژوا گەورەکانی عیراق و لە هاوکاریکردنی عەبدولکەریم قاسمدا مایەوە.

و له برگەیەکیدا هاتووە: "سیاسەت و ڕێگامان بۆ چارەکردنی پرۆسەی کوردەی عیراق، چارەکردنێکی دیموکراسی و دادپەروەرانەیە، دەبێت دۆزی گەلی کورد یە ملیۆنان کەس و نیشتمانەکەی پارچەکراوی نێوان دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران و عیراق، دۆزێکی دیموکراسی و دادپەروەرییە، دۆزی نەتەوەیەکە خاکی پارچە پارچە کراوە، لە خواست و ئاواتی دوورە، لە مافەکانی بێبەش کراوە، نەتەوەیەکە وەک نەتەوەکانی دیکە و مافی ئەوەی هەیە چۆ و بە چ شێوەیەک پێویست دەکات، کیانی سیاسیی خۆی و پەیوەندییەکانی بە وڵاتان و ئەو گەلانەی دراوسێین ڕێک بخەن. دیموکراسیەت دەبێتە گوتەی پووچ و بێ مانا، ئەگەر بە کردەوە توانستی تەواوی بۆ ئامادە نەکرێت. کە گەلێک لە مافەکانی نەتەوەیی بەرجەستە نەکرێت، لە ڕێگای حوکمی ئۆتۆنۆمییەوە کاروباری خۆی بەڕێوە نەبات. حوکمی ئۆتۆنۆمیش کارێکی دیموکراسییە نەک سۆسیالستی"

تاوەرۆکی ڕاپۆرتەکە بیرکردنەوەی بابەتییانەی لە لایەن هێزە شۆڤێنیست و کۆنەپەرستەکانی عەرەب لە عیراقدا نەهێشت، دووچاری ناڕامی و سەرلێشێوان هاتن. مانگی نیسانی ١٩٦٢ ڕۆژنامەی (الاشتراکی)؛ ئۆرگانی پارتیی بەعسی سۆسیالیست هێرشێکی توند و ناڕەوای کردە سەر بۆچوون و هەڵوێستی پارتیی کۆمۆنیست کە داوای چارەکردنی دیموکراسییانە و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باشوور کردووە. بەعسییەکان داواکەی پارتیی کۆمۆنیستیان بە خیانەتی نیشتمانی و دژایەتیکردنی یەکێتیی نەتەوەی عەرەب لە قەڵەم دەدا و واشیان بڵاو کردبووەوە کە هەڵوێستی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق دوگما و دواکەوتووە[*] و دوورە لە مارکسیزمی ڕاستەقینەوە[١٣٦]

(*) کە پارتیی کۆمۆنیستی عیراق دروشمی "لەی گەل ئاگر بکوژێنەوە، ئاشتی بۆ کوردستان" بەرزکردەوە، ڕێکخراوەکانی حزبیش لە سەرانسەری عیراق کەوتنە چالاکیواندن و ڕێکخستنی سکاڵا و یاداشت و کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتی و برایانە، بە بڕیاری حاکمی عەسکەریی گشتی ئەوسا؛ زەعیم ئەحمەد ساڵح عابدی، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی سکاڵاکانیان ڕێک دەخست و پێشکەشی بارەگای سەرۆکوەزیران عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد، دەستگیر دەکران و بە چەند ساڵ حوکم زیندانی دەکران. لە هەمان دەورووبەردا لە گەلێک ناوچە و لادێیەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەداخەوە، چەکدارەکانی شۆڕشی ئەیلوول کەوتبوونە ئازاردانی لایەنگرانی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و چەککردنیان.

## ١٥- كوردستانی باشوور لە دوای كودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣

لە ئاكامی كۆمەڵێك هۆكاری جیاجیا، وەك ئاكرەوی و عەقڵیەتی دڵسافی و عەسكەری عەبدولكەریم قاسم، كێشەی لاوەكی و ناڕەوا لەنێوان هێز و پارتییەكانی لایەنگر بە سیستێمەكە و پیلان و نەخشەی شۆڤێنیست و كۆنەپەرستانی ناوەوە و دەرەوەی عیراق و... تاد دروست بوو و تا دەهات كەشوفەوای كۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتەكەدا توندوتیژی و گرژی دەگرتە بەر. هێرشی جۆربەجۆری هێزە چەكدارەكانی عیراق بە خێرایی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زیاتر دەبوو و كودەتاچییەكان بە كۆش و سەرگەرمانە كەوتبوونە كاركردن و خۆسازكردن بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتەكەدا.

بەیانیی ١٩٦٣/٢/٨ ئەو مەرام و خواستەی نەخشی بۆ دارێژرابوو، ئەنجامیان دا و بە شێوەیەكی یەكجار درندانە عەبدولكەریم قاسم و دڵسۆزەكانیان لە ناو برد و بە گڵاوترین كودەتای خوێناوی هەڵسان و لە ماوەیەكی كورتدا سەدان كەسیان تیرۆر كرد. لە درندە خراپتر كەوتنە كوشتوبڕ و قڕكردنی تێكۆشەرانی چەپ و دیموكراتیخواز و لایەنگرانی ڕێبازی قاسم. بە هەزاران كەسیان خستە زیندانەكانەوە و عیراقیان كرد بە دۆزەخێك، كە سەردەمی هۆلاكۆی مەنگۆلیایی و هیتلەری فاشیستی دەهێناوە یاد و بیری گەلەكانی عیراق.

لە گەرمەی شەپۆلی ڕشتنی خوێن و تەوژمی كارەساتەكاندا، نوێنەری پارتیی دیموكراتی كوردستانی عیراق، كۆچكردوو ساڵح یوسفی[×] برووسكەی پیرۆزبایی و پشتگیری بۆ سەركردایەتیی كودەتاچییەكان بەرز كردەوە.

---

(×) دەقی برووسكەی كۆچكردوو ساڵح یوسفی: "ان ضربات الشعب الكردي تلاحمت بالثورة المجيدة على العدو اللدود للقوميتين الشقيقتين العربية والكردية وبقية الشعب العراقي على الجلاد الاوحد لشعبنا الكردي المسلم وعلى اوكار الخيانة الملطخة بعار ودماء شهداء الشعب وقواته المسلحة وكوارثهم وويلاتهم."
التواقيع صالح اليوسفي، فؤاد عارف
من حوار المفاهيم الى حوار الدم، مراجعات في مذكرات طالب شبيب، د. علي كريم، ص٢٥٠

ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٢ حاکمی عەسکەریی گشتی کودەتاچییەکان ڕەشید موصلح(×) بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە بە ڕاشکاوی داوای کوشتن و لەناوبردنی شیوعییەکانی دەکرد. لە هەمان دەوروبەردا مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان لە (مالومە)(××) بەیاننامەیەکی توندی دژی شیوعییەکان و لایەنگرانی قاسم بڵاو کردەوە، کە بە یەکێک لە خاڵە ڕەشەکانی مێژووی مەکتەبی سیاسیی ئەوکات دەژمێردرێت.

لە گێژەنی ئەو بگرەوبەردە و تێکهەڵدانەدا، کارەساتی سەرسووڕهێنەر ڕووی دەدا وەک:

١- پارتیی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول شەڕی دژی کودەتاچییەکان ڕاگرت و بە هەزاران ڕۆڵەی کورد، سەرباز، پۆلیس و فەرمانبەر لە دەوری کۆبوونەوە و بوو بە هێزێکی جەماوەری بەتوانا.

٢- پارتی و شۆڕش کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی کودەتاچییەکاندا.

٣- قڕکردن و لەناوبردنی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و لایەنگرانی حکوومەتی قاسم لە سنوور دەرچووبوو.

٤- لەو ناوچانەی بەتەواوی لە ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتدا بوون (لە خانەقین تا ڕێی کۆیە) ماوە نەدەدرا شیوعییەکانی کوردستان و عیراق، ئازادانە، گەڕ و سووڕ بکەن، ڕێگایان لێ دەگیرا و زیندانی دەکران، بە پێچەوانەوە ئەو ناوچانەی لە ژێر ئامۆژگاریی مەلا

---

(×) عەقید ڕەشید موسلیح: ئەفسەرێکی کۆنەپەرستی خەڵکی تکریت بوو. لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا کرا بە حاکمی گشتیی عەسکەریی عیراق، خاوەنی فەرمانی قڕکردنی شیوعی و چەپەکانی عیراقە. لە کۆنگرەی ٧ی پارتیی بەعسی سۆسیالیستی عیراق کە ڕۆژی ١٩٦٤/٢/١٢دا لە دیمەشق بەسترا، لەگەڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەدام حسێن، عەبدولکەریم ئەلشیخلی، حردان التکریتي، ع. عەریم، طاهر یحیی د. فواد شاکر کرا بە ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمی عیراق. کە لە دوای ١٩٦٨ بەعسییەکان گەڕانەوە سەر کار، ڕەشید موسلحیان زیندانی کرد و بە تاوانی جاسووسی بۆ ئیمپریالیزم ئیعدامیان کرد. (هانی الفکیکی، اوکار الهزیمە، ص٢٧٠)

(××) مالومە، گوندێک و شاخێکە کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاوای ناحیەی ماوەت، قەزای شارباژێڕەوە، لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١، مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان بنکە و بارەگای خۆی تێدا دامەزراند.

مستەفای بارزانیدا بوون، بە ڕێزگرتنەوە پێشوازییان لێ دەکرا، ماوەیان پێ دەدرا بە ئارەزووی خواستی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن.

د- پارتیی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، کە شەریکی سەرەکی و بەتوانای نێو حکوومەتەکەی کودەتاچییەکان بوو، بە پروپاگەندە و بەڵێنی درۆ و هەڵخەڵەتاندن و هێورکردنەوەی باری کوردستان بە شێوەیەکی کاتی رایاندەگەیاند کە مافی گەلی کوردستان دەدەن و چارە بۆ کێشەکە دەدۆزنەوە.(×)

---

(×) ڕۆژی ١١/٣/١٩٦٣ عەلی سالح ئەلسەعدی (بە ڕەچەڵەک کورد) کە وەزیری ناوخۆ و ئەمینداری قیادەی قوتری عیراقی پارتی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست بوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: "ایمان الحزب بحق الاکراد فی تقریر مصیرهم وتوحید انفسهم واشار الی الاتفاق مع القیاده الکردیه علی مشروع الحکم اللامرکزی انذاک نظرا للظروف السیاسیه والدولیه والاقلیمیه التی تحیط بالعراق" (هانی الفکیکی، اوکار الهزیمه، ص٢٨٤)
لە کاتی گفتوگۆدا حازم جواد، ئەمینداری نهێنییەکانی پارتیی بەعس جەختی بۆ جەلال تاڵەبانی، کە سەرۆکایەتیی شاندی پارتیی دیموکراتیی کوردستانی عیراقی کردبوو: "ان الحزب یومن بحق تقریر المصیر للشعب الکردی وبان قیاده الحزب توید الحکم الذاتی للاکراد ویمنحهم کامل حقوقهم القومیه" (هانی الفکیکی، اوکار الهزیمه، ص٢٨٩)
لە زۆر شوێندا بەعسییەکان دانیان بەوەدا ناوە کە شاندی کوردستان خوازیار بووە شەڕ لە کوردستاندا نەبێتەوە و بگەن بە ئەنجامێکی ڕەوا لەگەڵ بەعسییەکاندا. هانی ئەلفەکیکی کە ئەو سەردەم ئەندامی قیادەی قوتری بەعس بوو گەواهی دەدات و دەڵێت: "کان وفد المفاوضات الکردی برئاسه جلال الطالبانی ایجابیا ومتعاونا الی ابعد الحدود. خاصه بعد ان ابلغهم حازم جواد امین سر الحزب انذاک ایماننا بحق تقریر المصیر للشعب الکردی وتمنیاته ان یری قیام الدوله الکردیه الموحده" (هانی الفکیکی، اوکار الهزیمه، ص٢٩٤)

لە گەرمەی گفتوگۆ و گوتە شیرینەکانی سەرکردایەتیی کودەتاچییەکاندا(×) بە نهێنی کەوتبوونە دارشتنی نەخشە و پیلان دژی شۆڕشی ئەیلوول و گەلی کوردستانی باشوور و بە گەرمی دەستیان بە ڕێکخستنەوە و ئامادەکردنی هێزە چەکدارەکانی عیراق کردبووەوە و هانی دامودەسگا و لایەنگر و نۆکەرانی خۆیان دەدا کە لە شار و ناوچەکانی کوردستانی باشووردا ئاژاوە بنێنەوە و ناکۆکی و دووبەرەکی هەڵبگیرسێنن.

---

(×) دوای سێ چوار هەفتە سەرکردایەتیی شۆڕش شاندێکی بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بۆ بەغداد نارد، بە مەبەستی گفتوگۆکردن و دۆزینەوەی چارەی بنەڕەتی بۆ کێشەی کوردستانی باشوور. دوای مانگێک بەعس و نەتەوەپەرستەکانی عەرەب حوکمی سووریایان کەوتە دەست و شاندی هەردوو حکوومەتی عیراق و سووریا گەیشتنە قاهرە بە ئاواتی بنیاتنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبی نێوان هەر سێ وڵات. لەو کاتەدا سەرۆکی شاندی کوردستان گەیشتە قاهرە و بە ناوی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانەوە یاداشتێکی ئیروتەسەلی دا بە سەرۆک و ئەندامانی شاندی حکوومەتی عیراق. ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی وەفدی عیراق لە گفتوگۆکانی یەکگرتن لە القاهیرە

بە بۆنەی ئامادەبوونتان لە کۆبوونەوەکانی القاهرەدا لەنێوان نوێنەرانی کۆماری عیراق و کۆماری عەرەبی سووریا و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، لەگەڵ خۆشیی ئاخاوتن و گفتوگۆکان کە کار دەکاتە سەر گەلی عیراق بە گشتی و هەروا بۆ سەر گەلی کورد بە هۆی بارودۆخ و خەسڵەتی تایبەت و، گیروگرفتەکانی. ئێمە لە لایەن خۆمانەوە ئەندامانی وەفدی کورد کە دەسەڵاتمان پێدراوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی عیراق سەبارەت بەوەی گەلی کورد بتوانێت مافە نەتەوایەتییەکانی لەسەر بناغەی لامەرکەزی بپات بەڕێوە، دەمانەوێت وەفدی عیراقی بەڕێز ئاگادار بێ لە هەڵوێست و بۆچوونی گەلی کورد.

یەکەم: لە سەرەتادا دەڵێین لەبەر ئەوەی گفتوگۆکانی القاهرە بە فراوانی باس لە زۆر شت دەکات، باشتر وایە نوێنەرێک کە نوێنەرایەتیی گەلی کورد بکات لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار بێت، چونکە لەوانەی بڕیار وەربگرێت دەربارەی ڕێکخستنی پەیوەندی لەنێوان هەر سێ کۆماردا و هەروا ئەو کارەش کار دەکاتە سەر گەلی کورد و مافەکانی لە کۆماری عیراقدا و ئەو کارکردنەش بە بۆچوونی ئێمە کار دەکاتە سەر بابەتی لامەرکەزی و ئەمەش لە سۆنگەی ئەم یاداشتەوە ڕوون دەبێتەوە. لەوانەیە بوترێت وەفدی کۆماری عیراق نوێنەرایەتیی هەموو گەلی عیراق لە ڕووی دەستووری و یاساوە دەکات. ئێمە لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئەو بڕوا شایستەیە، دەبینین گیروگرفتەکان لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە چۆنێتیی ئامادەکردن بۆ گفتوگۆکانی القاهیرە پێویست بەوە دەکات وەفدەکەی عیراق هەموو لایەک بگرێتەوە و هەردوو نەتەوەی گەورەی عەرەب و کورد لەوێدا نوێنەرایان هەبێت.

دووەم: بۆ ئەوەی لە ئایندەدا هیچ گیروگرفتێک ڕوو نەدات و بە هیچ شێوەیەک کۆسپ و تەگەرە لەنێوان بڕیارەکاندا کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی القاهرە دێنە کایەوە و لەگەڵ مافە نەتەوایەتییەکانی گەل لە عیراقدا سەبارەت بە بوونی و پایەی لە عیراق و لەبەرچاوگرتنی-

سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی و هێزەکانی چەپ و دیموکراتیخوازان، بە باشتی دەرکی ئەوەیان دەکرد کە حکوومەتی کودەتاچییەکان نیازی خراپە، کەوتوونەتە پاشەکشە و بیانووهێنانەوە. ڕێبازی هەڵگیرسانەوەی شەڕ و وێرانکردنیان دژ بە گەلی کوردستان هەڵبژاردووە.

ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ لە هەموو لایەکەوە هێرش و پەلاماردانیان هێنایە سەر گەلی کوردستان و وەک دڕندەترین هێزی مرۆڤکوژ لە سلێمانی (١٣٦) ڕۆڵەی کوردیان زیندەبەچاڵ کرد و لە شاری کۆیەش (١١)یان بە دنگەکانەوە هەڵواسی و تا سەگ نەکەوتە گزشخواردنیان و بۆگەنیان نەکرد، ماوەیان بە جەماوەری شارەکە نەدا بە خاکیان بسپێرن. خوێنی پارتی و شیوعی، کوردپەروەری بێلایەن و خەڵکانی دوور لە سیاسەت تێکەڵ کرا.

---

ـ تێکۆشانی و شارەزایی مێژوویی لە چۆنێتیی ڕێکخستنی پەیوەندی لەنێوانی ئەو و گەلی عەرەب لە ڕوواڵەتە جۆربەجۆرەکان پەیدا نەبێت، پێویستە:

ئا: ئەگەر عیراق وەک خۆی مایەوە بەبێ گۆڕان، گەلی کورد لە عیراقدا بەشیان تەنیا ئەوە دەبێت کە لە بەیاننامەکەدا سەبارەت بە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لەسەر بناغەی لامەرکەزی کە لە لایەن کۆماری عیراقەوە دەرچووە و داویەتی.

ب: ئەگەر عیراق چووە ناو یەکێتییەکی فیدرالییەوە پێویستە حوکمی زاتی بەپێی تێگەیشتنێکی زانراو (فراوان) نەک حوکمێکی زاتی بەر (تەسک) بدرێت بە گەلی کورد لە عیراق.

ج: ئەگەر عیراق بەتەواوەتی چووە ناو یەکگرتنێکی عەرەبییەوە لەگەڵ وڵاتێک یان چەند وڵاتێکدا، گەلی کورد لە عیراق دەبێتە هەرێمێکی پەیوەست لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکە، بە جۆرێک بوونی بپارێزێت و هاوکات ڕەوتی جیاوازی قاو بدات و پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان هەردوو گەلی برا زمان بکات بەرەو ئایندەیەکی باشتر.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا

لەبانی وەفدی گفتوگۆی کورد

سەرۆکی شاند

جەلال تاڵەبانی

١٩٦٣/٤/٨

(لە کتێبی القضیه الکردیە، محمود الدره، چاپی ١٩٦٦، لاپەرە٣١٣-٣١٧، دار الطلیعە، بیروت، وەرگیراوە.)

داگیرکەرانی کوردستانی و ئیمپریالیستەکان بە هەموو شێواز و توانایانەوە کەوتبوونە یارمەتیدانی کودەتاچییەکان.(×) شەڕ و کوشتنی بەربڵاو لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی عیراقدا دەستی پێکرد. هێرش و پەلاماری کودەتاچییەکان بۆ سەر گەلی کوردستان، یەکجار بە توندی و سەختی پیادە دەکرا، لە هەموو شێوازێک تێیەڕی کردبوو. بە نەخشەی داڕێژراویان وایان دانابوو کە بە پەلەکردن لە ئەنجامدانی تاوانەکانیاندا، زووتر دەست بەسەر گشت کوردستانی باشووردا بگرن و شۆڕشەکەی نەهێڵن. کەچی خۆڕاگریی شۆڕش و گەلی کوردستان هەمیشە شەپۆلی هێرشەکانی دوژمنیان تێکدەشکاند و دووچاری شکستی و زیانی زۆر دەهاتن و خەونە گڵاوەکانیان بۆش دەردەچوون. ڕۆژ دوای ڕۆژ شۆڕش

(×) کودەتاچییەکان پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئێران، تورکیا و وڵاتە ئیمپریالیستەکان، بەتایبەت ئەمریکا، هەبوو. عەلی سالح ئەلسەعدی کاتی خۆی بڵاوی کردەوە کە کودەتاچییەکانی دژ بە عەبدولکەریم قاسم بە شەمەندەفەری ئەمریکا حوکمیان گرتە دەست و بۆ دڵنیاییکردنیان کەوتنە کوشتوبڕی قاسم و پێشکەوتووخواز و شیوعییەکان.
لە دواییدا دەرکەوت کە مامۆستایەکی لوبنانی دکتۆر ئیلیا زغیب ئەوسا لە زانکۆی بەغداد دەرسی دەگوتەوە، جاسووسێکی ئەمریکا بوو و پەیوەندی بە تالیب حوسێن شەبیب، وەزیری دەرەوەی کودەتاچییەکانەوە هەبووە، پۆستی حزبی بەعسی لەنێوان عیراق و لوبناندا دەبرد و دەهێنا. (هانی الفکیکی، اوکار الهزیمە، ص٢٦٩)
لەم ساڵانەی دواییشدا تالیب شەبیب بڵاوی کردەوە کە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەرۆکوەزیرانی کودەتاچییەکان، بە ئامادەبوونی سالح مەهدی عەماش ڕۆژێک بانگی جەمیل سەبری کرد و داوای لێکرد کە هەموو ڕۆژانەی شەممە لەگەڵ یاریدەدەری مولحەقی عەسکەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغداد (ولیەم لیکلاند) کۆبێتەوە. جەمیل سەبری نائاسوودە بوو بە بڕیارەکە، بەڵام بە ناچاری ئەنجامی دا. (هەمان سەرچاوە، ل٢٨٧)
دکتۆر فواد شاکر مستەفا کە کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی بەعسی عیراق بوو و ئەوکات پارتیزکاری کەرکووک بوو، لە دوای ١٩٦٣/١١/١٨ کە بەعسییەکان لە ڕیزی کودەتاچییەکان دەرکران، د. فواد کەوتە دەرەوەی عیراق و ڕایگەیاند: "بعد شباط ١٩٦٣ ان اجتماعات عدیدە کان یعقدها طاهر یحیی وقادە عسکریون کبا مع ضباط اتراک وایران فی کرکوک للتنسیق العسکری ضد الاکراد. وان طائرات ایرانیە کانت تنقل العتاد الثقیل وغیره الی قاعدە کرکوک الجویە" (هانی الفکیکی، اوکار الهزیمە، ص٢٩٨)

باشتر گەشەی دەکرد و لە ناوەوە و دەرەوەدا دۆست و لایەنگری فرەتر دەبوو.[×] لە هەمان کاتدا دەنگ بڵاو بوو کە کێشە و ناکۆکی لەنێوان مەلا مستەفای بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستاندا کە سکرتێرەکەی برایم ئەحمەد بوو دەستی پێکردووە.

لە گەرمەی شەڕ و هێرشە فراوانەکانی سوپای عیراقدا بۆ سەر کوردستانی باشوور، ڕۆژی ۱۹٦۳/۱۱/۱۸، باڵی نەتەوەپەرستەکانی سەر حوکم، بەعسییەکانیان لە ڕیزی حوکم دەرکرد و کەوتنە ڕاونان و گرتن و ڕیسواکردنیان. ئەم گۆڕانە، کودەتا لەسەر کودەتا، هاتە کایەوە و بۆ ماوەیەکی کاتی ئازار و پەلاماردانەکەیان لەسەر کوردستان سووک کرد و موتارەکە (هدنە) لەنێوان حکوومەتی نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی عیراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول ڕاگەیەنرا. شەڕ ڕاوەستا و دەرگای گفتوگۆ لەنێوانیاندا کرایەوە.

کێشەی ناوخۆ، دووبەرەکی و قسەوقسەڵۆکی نێوان دەفتەری سیاسیی (برایم ئەحمەد و لایەنگرانی) و مەلا مستەفای بارزان تا دەهات پەنگی دەخواردەوە. ڕۆژی ۱۹٦٤/٤/۹ لایەنگرانی دەفتەری سیاسی، کۆنفرانسێکی پارتییان لە

(×) کودەتاچییەکان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە دەسەڵاتیان گرتە دەست، کەوتنە گرتن و ڕاونانی کۆمۆنیستەکان و بە سەدان کادیر و ئەندام و هەوادارانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و ئەفسەرانی نیشتمانپەروەریان ئیعدام کرد. بەڵام شیوعییە کورد، عەرەب و کەمەنەتەوەکان بە دەردەسەری و برسێتی و ڕووتی و هەژاری، لە کوردستان، لەسەر تێکۆشان بەردەوام بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک ناوچەدا زیندانی دەکران و ڕێگایان لێ دەگیرا. بۆ نموونە: ڕۆژی ۱۹٦۳/۳/۲۱ لە شاخی بەمۆ، قەزای دەربەندیخان (۱۱) شیوعی لە لایەن هێزێکی چەکداری دەفتەری سیاسیی پارتییەوە، بە فەرماندەی عەلی عەسکەری بە ناڕەوا شەهید کران و ژمارەیەکیش بریندار و دیل کران. سەرباری ئەمانەش، کۆمۆنیستەکان، لە چەند شوێنێک توانیان یەک بگرنەوە و بنکە و بارەگای تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و بکەونە خۆئامادەکردن و بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و بەرزکردنەوەی دروشمی "دیموکراتیەت بۆ عیراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان" و بە گیانی فیدارکاری و ئازایەتییەوە لە بەرەکانی شەڕدا بەرگرییان دەرکرد و شەهید و برینداریان پێشکەش دەرکد. شەڕەکانی سەری حەسەن بەگ ۱۹٦٤ و شەڕی هەندرێن باشترین نموونەن لەسەر ڕاستییەکان و هەرگیز مێژوو ون ناکرێت.

(ماوەت) ڕێکخست و کۆنفرانس ئەو ڕێککەوتننامەی ڕەت کردەوە، کە بۆ ڕاگرتنی شەڕ لەنێوان عەبدولسەلام عارفی سەرۆککۆمار و مەلا مستەفای بارزانیدا ساز کرابوو و دژی وەستا و بڕیاری دەرکردنی بارزانیشیان لە ڕیزی پارتیدا وەرگرت.

ڕۆژی ١٩٦٤/٤/١٩ بەیاننامەیەکی توندیان دژی مەلا مستەفای بارزانی بڵاو کردەوە. ڕووداوەکان دڵ و دەروونی دڵسۆزانی کوردستان و لایەنگرانی پرۆسەکە ڕەواکەی ڕەنجاند و ئێش و ئازاری جەرگبڕی لە دڵاندا پەیدا کرد. ئائارامیی زۆر، دامان و ڕامانی ترسناکی دروست کرد. کوردپەروەران لە هەموو لایەکەوە کەوتنە تەقەلادان و کۆشش بۆ ئەوەی نەهێڵن کێشە لاوەکی و ناڕەواکان تەشەنا بکەن و درێژە بکێشن و چارە بۆ ناکۆکییەکان بدۆزنەوە و بارەکەش بگەڕێننەوە دۆخی جارانی.

ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٢٤ کەسایەتیی ناوداری کورد عەلی کەمال، موقاول ڕەشید عارف، زەعیم مەجید عەلی سەردانی مەلا مستەفای بارزانیان کرد و تکا و داوایان کرد کە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی ڕێک بکەونەوە، بەڵام ماندووبوونەکەیان بێ سوود بوو. هەر لە هەمان کاتدا شاندێکی تر کە لە هاوڕێ عەزیز محەمەد و چەند ئەفسەرێکی ناسراو پێک هاتبوو، تەقەلایان لەگەڵ هەردوو لا دا، کە کێشەکانیان بە گفتوگۆی برایانە لەنێوان خۆیاندا چارە بکەن، بەڵام هەوڵ و کۆششی ئەمانیش بە فیرۆ ڕۆیشت.

لە کۆتایی نیسانی ١٩٦٤دا مەلا مستەفای بارزانی بە هێزێکی زۆرەوە ڕووی کردە ناوچەی شارباژێر و لە شەڕوپێکدادانێکی کورتدا لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی خۆیان بۆ ڕانەگیرا و ڕایانکرد و پەنایان بردە بەر شای ئێران و لە شاری (هەمەدان) گیرسانەوە. ئەوجا زەمینە بەتەواوی لە پێش بارزانیدا خۆش بوو و بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر شۆڕش و پارتیدا گرت. لە مانگی تەمموزی ١٩٦٤دا کۆنگرەی شەشەمی پارتیی دیموکراتی کوردستان ساز کرا و کۆنگرە چواردە ئەندامی سەرکردایەتی لە ڕیزی پارتی وە دەر نا و بە

دەنگی گشتی بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە و کۆمیتەی لیژنەی مەرکەزی نوێی هەڵبژارد.(×)

کینەبەری و ناحەزی لەنێوانیاندا بە جارێک بە فراوانی تەشەنای کرد و ئاڵۆزی و توندی و دژواری گرتە بەر و گەورەترین زیانی بە پرۆسەی گەلی کوردستان گەیاند.

لە کۆتایی ١٩٦٥دا لەسەر داوا و ئاگاداری حکوومەتی ئێران گەڕانەوە ژێر ئالای شۆڕش و بارزانی و گوندی (دۆڵەڕەقە)(××) کرا بە شوێنی حەوانەوە و ژیانیان و پێداویستییەکانی بژێویان لە سەرکردایەتیی شۆڕشەوە پێ دەگەیشت، بەڵام شەوی ١٩٦٦/١/٢٨ بە نهێنی ڕایانکرد و، تەنیا نوری شاوەیس و عەلی عەبدولا نەبێت کە مانەوە، خۆیان گەیاندە بەغدا. کەوتنە هاوکاریکردن لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی عیراق و چەک و پارەوپوولیان لە حکوومەت وەردەگرت. هەر بە هەمان ناوی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقەوە بزووتنەوەکانیان ئەنجام دەدا. لە ژێر دروشمی

---

(×) ئەو چواردە کەسەی دەکران ئەمانە بوون:
١- برایم ئەحمەد، ٢- جەلال تاڵەبانی، ٣- نوری شاوەیس، ٤- عەلی عەبدولا، ٥- حیلمی عەلی شەریف، ٦- عەلی عەسکەری، ٧- مەلا عەبدولا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ)، ٨- عومەر مستەفا، ٩- نوری ئەحمەد تەها، ١٠- عەلی حەمدی، ١١- ئەحمەد عەبدولا، ١٢- ئیسماعیل عارف و لەگەڵ دوو ئەندامی تر.
کۆنگرە ئەم ئاوانەشی بۆ کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژارد:
١- حەبیب محەمەد کەریم، ٢- دکتۆر مەحموود عوسمان، ٣- سالح یوسفی، ٤- عەزیز ئاکرەیی، ٥- دکتۆر فوئاد جەلال، ٦- عەلی سنجاری، ٧- ئیسماعیل عارف، ٨- ئیسماعیل مەلا عەزیز، ٩- مستەفا قەرەداغی، ١٠- عومەر شەریف، ١١- یەدولا کەریم، ١٢- عەبدولحوسێن فەیلی، ١٣- شێخ محەمەد هەرسینی، ١٤- محەمەدئەمین محەمەدعەلی، ١٥- هاشم عەقراوی، ١٦- ڕەمەزان عەقراوی.
(××) دۆڵەڕەقە: گوندێکە ٣٠ کیلۆمەتر لە شاری ڕانیەوە دوورە و کەوتووەتە ڕۆژئاوای شاخی ماخۆیزان، شوێنێکی یەکجار سەخت و لاچەپی هەیە، دانیشتوانی لە عەشیرەتی ئاکۆن، ئەوسا ڕێککەوت وا هاتبوو کە بنکەی مەکتەبی هەرێمی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیستی عراق لە گوندی (بەردانکە) بوو، کە دە کیلۆمەتر لە دۆڵەڕەقەوە دوورە و ئاشنایی و هاتوچۆکردن لەنێوان هەردوو بنکەدا گەرموگوڕ بوو.

دژایەتیکردنی مەلا مستەفای بارزانیدا کەوتنە شەڕکردن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و ماوەی چوار ساڵ زیدەتر خوێنێکی زۆر لەنێوانیاندا ڕژێنرا و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەی کورد لە هەردوو لا بە فیڕۆ ژیانیان لە دەست دا. ئەمەش دوژمنانی کوردستانی شاگەشکە کردبوو بە جۆرەها ڕێگای نهێنی و ئاشکرا بەنزینیان بە ئاگرەکەدا دەکرد و خوازیار بوون هەمیشە شەڕ و پێکدادانەکان خەستتر و ڕەگازۆرتر بکەن. داگیرکەرانی پارچەکانی تری کوردستانیش، بەتایبەت ئێران، هەلی زێڕینی بۆ هەڵکەوتبوو و هەنگاو بە هەنگاو جاسووسەکانی ساواک جێپێی خۆیان لەنێو شۆڕشەکەدا توندتر دەکرد و ڕۆڵی کاریگەرییان لە چۆنێتیی بەڕێوەبردنی هەندێک لە کاروباری شۆڕشدا دەبینی.

حکوومەتی عیراقیش تەقەلای دەدا شەڕی کورد بە کورد کوشتن تۆختر و فراوانتر بکات و کۆمەکی باش بە لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی پێشکەش دەکرد. بواری دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک بە زمانی عەرەبی بە ناوی (النور) لە بەغداد و گۆڤاری (ڕزگاری)یشی لە سلێمانی دابوون و دەنگی ئەوەش بڵاو بوو کە لە ریزی ڕێکخراوەکانی مەکتەبی سیاسیدا بیروباوەڕی چەپی ماویستی[×] ماک و تۆوی ناشتووە و گەلێک جاریش لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و (ڕزگاری)دا گوتاری پێهەڵگوتنیان بە بیروبۆچوونەکانی ماویزمدا بڵاو

(×) ماویستی: بۆ ناوی سەرۆکی پارتیی کۆمۆنیستی چینی (ماو تسی تونگ) دەگەڕێتەوە. ماو تسی تونگ، ساڵی ١٨٩٣ چاوی بە دونیا کەوت، لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی پێشوودا بوو بە سەرۆکی پارتیی کۆمۆنیستی چین. شۆڕشی چەکداری دژ بە سیستێمی پێشوو ڕاگەیاند و ساڵی ١٩٤٩ سەرکەوتنی تەواویان ئەنجام دا و کۆماری چینی میللییان دامەزراند. ماو تسی تونگ، بوو بە یەکەم سەرۆککۆمار. بە داڕێژەری تیۆرییەکی چەپ ناوی دەرکردبوو و ساڵی ١٩٥٦ لە دوای کۆنگرەی بیستەمی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت، کەوتە دژایەتیکردنی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەو وڵات و پارتییانەی لایەنگری ڕێبازی سۆڤیەت بوون. گەورەترین کێشە و کەرتکردن لە ریزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بەرەی چەپ لە جیهاندا ڕووی دا. خاوەنی بیرۆکەی شۆڕشی ڕۆشنبیری (الثورە الثقافیە) بوو. ساڵی ١٩٥٩ دونیا جێ هێشت و کۆچی کرد.

دەکردەوە و کاریان بە ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی عەرەب دابوو و سوودیان لێ وەردەگرتن.

پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و ڕێکخراوەکانی لە هەرێمی کوردستان، دڵسۆزانە، تەقەلایان لەگەڵ هەردوو لا دەدا، کە چارەیەک بۆ ئەو کوردکوژییە نارەوایە بدۆزرێتەوە، چونکە تەنیا گەلی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد مایەپووچ دەبێت و قازانج و سوودیش بە داگیرکەرانی کوردستان دەگەیەنێت. سەرتاپای هەوڵدانەکان بە فیڕۆی دەڕۆیشت.

بە پێچەوانەوە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان چەندان جار هەڕەشە و پاڵەپەستۆی گرانی دەهێنایە سەر ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردسانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق کە بکەونە دژایەتیکردنی باڵی مەکتەبی سیاسی و لایەنگرانیان، تەنانەت تیرۆرکردنیان! خۆشبەختانە، هەڵوێستی بێلایەنی خۆیان لە و ئاپۆرە ناوخۆییەدا پاراست و نەکەوتنە ژێر هەڕەشە و گەف و چاوسوورکردنەوەوە.

باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فیکری لە عیراقدا کەوتبووە گێژاوێکی بۆگەنی قرێژەوە، باری گزری و ئاڵۆزی و تێکپرژان لە هەموو سووچ و ناوچەیەکدا بە زەقی دەبینرا. قەیرانی سیاسی لە ڕیزی حکوومەتە لاوازەکەی سەر کار سەری هەڵدابوو و کتوپڕ لە ژێر دروشمی شۆڕشگێڕانە و ڕزگارکردنی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق لە سەرکردە ڕاستڕەوەکانی! بە هاندان و پشتگیریی چەند لایەنێک، کە لەنێویاندا هەبوون لە سەرکردایەتیی پارتیی دیموکراتیی کوردستانی عیراق و شۆڕشی کوردستان کۆمەکیان پێکردن و بەڵێنی زۆریشیان پێ دابوون، لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٧دا کەرتکردنێکی مەزنی هەرزەکارانەی تێکدەر، بە سەرکردایەتیی عەزیز حاجی عەلی حەیدەر (عەزیز ئەلحاج)[×] ڕوویدا. ئاکامی زێدەبەدەر خراپی بە ڕەوتی

(×) عەزیز ئەلحاج: لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری نیشتمانپەروەری ناسراوی کوردە فەیلییەکانی بەغدادە. کادیرێکی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بوو. ساڵی ١٩٦٧ ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبێت و بە نهێنیی پەیوەندی بە ژمارەیەک لە کادیرەکانی کۆمیتەی بەغدا...

هێزە چەپەکان لە کوردستان و عێراقدا کەیاند و دەروازە و هەلی لەبار بۆ باڵی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و پارتیی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست ڕەخسا بە بیانووی ئەوەی گوایا تێدەکۆشن عێراق لە گێژاو و قەیران ڕزگار بکەن، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەفسەرانی سوپا ڕێک کەوتن، کە لەنێویاندا کۆنەپەرست و گومانلێکراو هەبوون، بە سووک و هاسانی ڕۆژی ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ دەرگای کۆشکی کۆمارییان بۆ کرایەوە و حوکم و دەسەلاتی عێراقیان کەوتەوە ژێر چنگ.

بەڵام ئەوجارەیان لە سەرەتادا بە پێکوباڵۆزێکی تری پێشکەوتووخوازی هاتنەوە سەر شانۆی سیاسی، گوایا سوودیان لە ئەزموون و پراکتیک و شکستەکانی پێشوویان وەرگرتووە و ئەو تاوان و هەڵە زلانەی لە دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣ بە قووڵی تێی کەوتبوون، جارێکی تر دووپاتی ناکەنەوە و تێدەکۆشن لە هەموو ڕوویەکەوە باری عێراق بگۆڕن و بۆ پێشەوەی بەرن، ئەو کێشە و ناکۆکی و جیاوازییانەی هەن، چارەیان بۆ بدۆزنەوە و فرەلایەنیی حزبایەتی ڕابگەیەنن و گیراوە سیاسییەکان بەر دەدەن و...تاد.

کەچی زۆری نەخایاند پەردەیان لەسەر ڕووی خۆیان لادا و کەوتنەوە هێرشبردن بۆ سەر گەلی کوردستانی باشوور و درێژەیان بە شەڕ و وێرانکردنەکانیان دا. لە مانگی ئابی ١٩٦٩دا دانیشتووانی گوندی

---

– و ژمارەیەک کادیرە کوردەکان هەرێمی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیست دەکات و لە مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵدا وەک گرووپێکی چەپەی چەک بە دەست هێرش دەبەنە سەر ژمارەیەک لە ماڵی کادیرە نهێنییەکانی پارتییەکە و دەستگیریان دەکەن. کەرتکردن خۆیان لە ژێر ناوی (القیادە المرکزیە)دا ڕادەگەیەنن و چەند کادیرێکیان دەگەنە (کەلالە) و بنکەی خۆیان دەکەنەوە و دەکەونە دژایەتیکردنی ڕێکخراوەکانی پارتیی کۆمۆنیست. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا حکوومەتی بەعس لە بەغداد عەزیز ئەلحاج دەستگیر دەکەن و ئەویش یەکسەر چۆک دادەدات و دەبێت بە گوێلەمستیان و دان بە هەموو شتێکدا دەنێت و نهێنییەکان دەردەکێنێت، بەڵام ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی خۆڕاگر خیانەتیان نەکرد و تیرۆر کران و سەریان تێدا چوو.

(داگـان)یان، لە پارێزگاری دهۆک، بە تەواوی قڕوبڕ کرد و گشتیان کوشتن.[١٢٧] لە بواری چەکداری، سیاسی و ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەدا لایەنگران مەکتەبی سیاسیی کۆن بە جۆش و گۆش درێژەیان بە شەڕەکانیان دژی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول دا و هاوکارییان لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عیراق توندوتۆڵتر کرد.

گەلی کوردستانیاش بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی، مێرانە، بەرگرییان لە ماف و بوونیی خۆیان کرد و ڕۆژگار و پارسەنگی شەڕ و پێکدادانەکان بە خواست و ئارەزووی بەعسییەکان نەشکایەوە و لە ئاکامی هەوڵ و کۆششی خێرخوازانی ناوەوە و دەرەوەی عیراقدا، حکوومەتی بەعس گەیشتە سەر ئەو بڕوایەی کە ناتوانێت بە ئاگر و ئاسن شۆڕشی گەلی کوردستان لە بەین بەرێت و ناچار تاکتیکێکی تریان گرتە بەر و زەمینە ساز کرا و کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان. سەدام حوسێن کە ئەوکات جێگری سەرۆککۆمار بوو، چوو بۆ (گەڵاڵە) و ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١ ڕێککەوتننامەی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی مۆر کرد و کۆتایی بە شەڕ هات.[×]

---

(×) لێرەدا بەسوودی دەبینم وەستانێک بکەم و ڕای تایبەت و بۆچوونم لەسەر کێشە ناڕەوا و ناکوردانەکەی نێوان مەکتەبی سیاسیی کۆن و مەلا مستەفای بارزانی دەرببڕم، ئەو کێشەیەی لە دواییدا درێژەی کێشا و پەڕییەوە بۆ نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (٣٧) ساڵی پڕ لە کوشتوبڕ و ناحەزی دوژمنایەتیکردن و پەیوەندی ساردوسڕ و بێبڕوایی لەنێوانیاندا:

١- ساڵی ١٩٤٦ مەلا مستەفای بارزانی ڕۆڵی سەرەکی بینی لە بنیاتنانی پارتیی دیموکراتی کوردستاندا و لە ئاکامی خەباتی شۆڕشگێری و خۆڕاگریدا لە سەرانسەری کوردستاندا بوو بە سیمبولی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان. پاییزی ١٩٥٩، دوای ١٢ ساڵ دەربەدەری و ئاوارەبوون، بڕیاری گەڕانەوەی بۆ عیراق دا و بە ڕێگاوە بوو لە (پراگ)، پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای ئەوکات، برایم ئەحمەد گەیشتە پێشوازیکردنی و هەر بە ڕێگاوە کەوتە هەڵڕشتنی دەنگوباسی وردوبڕشت دەربارەی پارتی و کوردستان و باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی عیراق.

٢- کات بەسەر ژیانی لە بەغدادا زۆر تێپەڕی نەکردبوو بە هاندانی برایم ئەحمەد و لایەنگرانی، مەلا مستەفا بە هەڕەشە و گوڕەشە و چاوسوورکردنەوە، سکرتێری پارتیی دیموکراتی ئەوسا، هەمزە عەبدوڵا و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەرکرد و برایم ـ

## ١٦- ڕێککەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

ئاگری شەڕ و کوشتار کوژایەوە. گرمەی تۆپ، هاژەی فڕۆکە جەنگییەکان کپ بوون و خەڵکی بە خۆشی و شادییەوە پێشوازییان لە گۆڕانکارییەکان کرد و لە سەرتاپای عیراقدا باری ئاشتی و ئاشتبوونەوە و گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر

---

- ئەحمەدی بە سکرتێری دانا.

٣- دەربارەی پەیوەندی پارتیی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم، بە تەبایی و ڕێکوپێکی بارزانی و برایم ئەحمەد هەڵوێست و ئەرکەکانیان بەڕێوە دەبرد، جیاوازی و کێشەیەک لەنێوانیاندا نەبوو.

٤- ناوەڕاستی ١٩٦٢ کە سەرهەڵدانەکەی لە دواییدا ناوی گۆڕدرا بە شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ سەریهەڵدا، مەکتەبی سیاسیی پارتی بنکە و بارەگای لە ماڵومە، نزیک بە ماوەت، دامەزراند و لە پشتی مەلا مستەفای بارزانییەوە عومەر مستەفا دەبابە و عەلی عەسکەرییان بۆ تاران نارد و لەگەڵ دامودەسگای حکوومەتی شا ڕێک کەوتن و زۆری نەخایاند حکوومەتی ئێران وەجبەیەک تفەنگی برنۆ و تۆپی دوو گرێ و سێ گرێ و کەمێک کۆمەکی بۆ ناردن. مەکتەبی سیاسیی تووشی کورتبین و لەخۆباییبوون هات و شتێکی کەمیان لەو شتومەکانەی پێیان گەیشتبوو، بۆ مەلا مستەفای بارزانی نارد. ئەم هەنگاوانە بارزانی نائارام کرد و دەتوانرێت بە سەرەتای دووریان و لەیەکترازان دابنرێت.

٥- لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ مەکتەبی سیاسی لە خانەقینەوە تا کۆیە دەستی بەسەر ناوچەکاندا گرت و لە هەڵسوکەوت و کارکردنەکانیدا بایەخیان بە مەلا مستەفا نەدەدا. تەنانەت ئامۆژگارییەکانیان بە هەند وەرنەدەگرت و دەیانویست گۆشەگیر و لاتەریکی بکەن.

٦- بە لای منەوە جیاوازیی بۆچوون و ڕەوتی سیاسیی ئەو دوو لایەنە، هەر لە سەرەتادا ڕەنگدانەوەی واقیع و پێکهاتەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی ڕیزەکانی پارتی بوو، چونکە ڕیزەکانی پارتی و بزووتنەوە چەکدارییەکە چوزەها چین و توێژی کۆمەڵی کوردەواری گرتبووە خۆی و ئەمەش وایکرد کە ململانێیەکی فیکری و سیاسی بەرچاو لە هەناوی پارتیدا بخولقێت. ڕۆژ دوای ڕۆژ ناکۆکی ئەو دوو ڕێبازە دژوارتر دەبوو تا گەیشتە ڕادەی ئەوەی کە نوێنەرانی ڕۆشنبیران و کاسبکاران و بۆرژوازیی بچووکی نێو شارەکان بەرنامە و ڕێبازی سیاسی و فیکریی خۆیان ڕاگەیەنن و لە چنگ دەسەڵاتی لایەنەکەی دیکەی ناو پارتی قوتار بن. ئەوە بوو لەمانگی نیسانی ١٩٦٤دا هەردوو لا: مەلا مستەفای بارزانی و مەکتەبی سیاسیی کۆن بە تەواوی لە یەکتری ئاشکرا بوون و کەرتکردن و جیابوونەوە لەنێوانیاندا دەستی پێکرد.

٧- ئەمە (٣٧) ساڵە ئەو کێشە ناڕەوایە درێژە دەکێشێت و چەندان جار موتارەکە (هدنە) و ڕێککەوتن لەنێوانیاندا ئەنجام دراوە، بەڵام زۆری نەخایاندووە هەڵوەشاوەتەوە و ـ

دڵ و دەروونی جەماوەری عیراقدا هات و خەندە و ڕووخۆشی گەڕایەوە سەر ڕووخسار و لێوان.

---

- خوێنی یەکجار زۆر بە فیڕۆ ڕژێنراوە. زیانی یەکجار مەزن بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان کەوتووە و ناو و ناوبانگی کورد و پرۆسەکەی دابەزاندووە و دوژمنانی داگیرکەر سوودی زێدەبەدەریان لێ دەستکەوتووە.

بە ڕا و بۆچوونم:

١- پارتیی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرانی ڕێبازی مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی لە دوای ١٩٧٦ەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێباز و پرۆگرام و ستراتیژیان بەرامبەر دۆزی گەلی کورد و چارەسەرکردنەکەی یەکجار لەیەکتری نزیکن. لە بۆچوونە سەرەکییەکاندا، لە شێوازی پەیوەندی بە وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەرانی خاکی کوردستاندا، لە پەیوەندی وڵاتانی ئیمپریالیست و زلهێزدا، تۆزقاڵێک، جیاوازی لەنێوانیاندا نییە.

٢- ئەم کێشە ناڕەوایەی ئەمە (٣٧) ساڵە زیان بە گەلەکەمان دەگەیەنێت، هۆکارە سەرەکییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و سەرکردایەتیکردن و خۆسەپاندن بەسەر جەماوەردا. هەر لایەکیان ئایندە و چارەی کوردستان لە سۆنگەی خۆیانەوە دەبینن.

٣- لە دوای ڕاپەڕینە مێژووییەکەی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پارتی و یەکێتی، وەک دوو هێزی سەرەکی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکەیان گرتە دەست و بەرەی کوردستانیان وەلا نا. بە زەقی کێشە لەسەر دەسەڵات، خۆبەهێزکردن، ناوچەگەریتی و پاوانکردن و کۆکردنەوەی پارەوپوول دەستی پێکردەوە و ئەمەش کارەساتی کۆمەڵایەتی، عەسکەری و ئابووری و ئەخلاقی و داڕزانی ناوی کوردی لێ کەوتەوە.

٤- ئەمە بۆ چوار ساڵ دەچێت، لە دوای کۆبوونەوەی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە واشنتۆن، موتراکە، دۆستایەتی، هاتوچۆکردن لەنێوانیاندا بەردەوامە و دڵ و دەروونی جەماوەری کوردستانیان گوشاد کردووەتەوە. خەڵکەکە داوای ڕێککەوتنەوەی تەواویان لێ دەکەن.

سەرکردایەتیی هەردوو هێز بەرپرسیاریی مێژووییان لە ئەستۆدایە، کە پێشەکی پەند و دەرس لە ڕابووردوو و بەسەرهاتەکانی گەلی کوردستان و وڵاتانی تر وەربگرن. بە وردی و زانستییانە و بوێرییەوە بکەونە پێداچوونەوەی کارەکانی دوور و نزیکیان و دوور لە عەقڵیەتی پارتایەتیی تەسک، ناوچەگەریتی و دەستگرن بەسەر خێروبێری کوردستان چارەیەک بدۆزنەوە و گومانم نییە دەگەنە سەر ئەو بڕوا تەواوەی کە ستراتیژیەتی ڕێبازی سیاسییهەردوو لایان لەسەر یەکهێڵ ڕەوت دەکات. لە یەک چوارچێوەدا خۆ دەبینێتەوە، ئایندە و بوونیان بە گەلەکەیان و بە یەکەوەیە.

(×) ئێوارەی ٢٠٠١/٧/٢٥ تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی لە هەولێر دیدەنییەکی لەگەڵ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان؛ هۆشیار زێباری، ساز کرد و لەگوتە وبۆچوونەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، کە هەڵوێستی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا یەک ڕا و بۆچوونە و وەک یەک شان هەڵسوکەوت دەکەن. تەنانەت "لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی هەردوو لامان، بڕیارمان هەیە لەسەر یەک ستراتیژیەت بجووڵێینەوە".

بە مەرسومی کۆماری پێنج وەزیری پارتیی دیموکراتیی کوردستانی عیراق گەیشتنە سەر کورسیی وەزارەت. بەڕێوەبردنی سێ پارێزگا؛ هەولێر، سلێمانی و دهۆک درا بە پارتیی دیموکراتی کوردستان و لە رووی ئیداری و فەرهەنگی و ئاوەدانکردنەوەوە بەرپرسیارێتی کەوتە ئەستۆی. کتوپڕ ڕێکخراوەکانی پارتی تووشی باغری و لەخۆباییبوونی بێ مانا هاتن. ئاشنایەتی و هاریکارییان لەگەڵ پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، کە نزیکترین لایەنگر و دۆستیان بوو، لە درێژایی شەڕ و کێشەکانیان لەگەڵ حکوومەتی بەغدادا، خستە خانەی موجامەلات و دیپلۆماسیەت و نەپساندنی پەیوەندییانە پێکەوە و هیچی تر!

لە سەرەتادا بەعسییەکان بە نهێنی و بە ئاشکرا تەقەلایان دەدا و داوایان لە پارتی دەکرد کە چەند بەردی بناغەی هاوکاریی نێوانیان لەگەڵ پارتیی دیموکراتی کوردستان پتەو و چەسپاو بێت بۆ ئایندەی عیراق بەسوود دەگەڕێتەوە و نابێت شیوعییەکان ماوەیان پێ بدرێت و هیچ سوودێک لە ڕێککەوتننامەکە ببینن. لە ڕووی سیاسی و جەماوەریشەوە خۆیانی پێ بەهێز بکەن. هەڵوێستی سەرکردایەتیی پارتی لەگەڵ مەرام و خواستەکانی بەعسی عیراق یەکتریان دەگرتەوە.

کەشوهەواش لە پێشی لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی کۆن گۆڕانی بەسەردا هات و مەرج و سنووری هەڵسوکەوتیان بۆ دیاری کردن، ماوەی جموجووڵیان یەکجار تەسک کرایەوە، کەوتنە تەقەلادان و کۆشش بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ژێر ئالای سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول. پارتی بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو، بە هەمان ناوی پارتیی دیموکراتیی کوردستانی عیراق، بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیاندا، بۆیەکا ڕۆژی ١٩٧٠/٨/٦ کۆنفرانسێکیان لە بەغداد ساز کرد و ناوی پارتییان لەسەر خۆیان هەڵگرت و بە ناوی پارتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە داوای گەڕانەوەیان بۆ ناو پارتی کرد و مەلا مستەفای بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی وەریگرتنەوە و شوێنی ژیان و حەوانەوەیان بۆ سەرکردەکانیان دەستنیشان کرد.

پارتیی دیموکراتی کوردستان گەیشتە ئەوپەڕی پلەی بەرزی و دەسەلات و توانا لە کوردستانی باشووردا و زۆرینەی جەماوەری کوردستان لە چەپەکانەوە تا ڕاستڕەو و بێلایەنەکان لە دەوری کۆ بوونەوە! ڕۆڵی کاریگەریشیان لەسەر هۆش و هەستی کوردایەتی لەسەر پارچەکانی تری کوردستان هەبوو و پەیوەندییان بە سەرکردایەتییەوە دەگرد و مەلا مستەفای بارزانی و پارتییان بە ڕزگارکەر و پشت و پەنای سەرانسەری کوردستان دادەنا.

لە گەرمەی بووژانەوەی هەست و گیانی کوردایەتیدا، پارتیی بەعسی فەرمانڕەوای عێراق بە جۆرەها شێواز تێدەکۆشا پارتیی پووچ و گەندەڵ بکات و مەلا مستەفای بارزانیش لە ناو بەرێت. هەربۆیە لە ژێر پەردەی ناردنی شاندێکی خێرخوازیی ئاینیدا، پیلانێکی یەکجار گڵاو و نامرۆڤانەیان لە ساڵی ١٩٧٢دا گێڕا، بەڵام سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا و شەرمەزارییان بۆ مایەوە، کەچی لە ئاکامی زنجیرەیەک هەڵەکردنی ستراتیژیدا سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و مەلا مستەفای بارزانیش کەوتنە داوی پیلان و فرتوفێڵی وڵاتانی کۆڵۆنیالیست و بەڵێنی ناڕاستی زۆر و زەبەندی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی خاکی کوردستانەوە و کەوتنە نێو کۆمەڵێک دیاردەی ناسروشتی و لادان لە ڕێبازی کوردایەتی پیرۆزەوە. پشتبەست بە جەماوەری کوردستان لاوازی تێکەوت و ڕایەڵی جاسووسی و نۆکەرانی بێگانە، بەتایبەت ساواکی ئێران، بە فراوانی و بەئاشکرا لە ڕیزی پارتی و شۆڕشدا بڵاو بوونەوە. دەستی باڵایان هەبوو لە وەرگرتنی گەلێک بڕیاردا.[×] بۆیەکا ئەوەی قەت چاوەنوار نەدەکرا، دوای ڕێککەوتننامەی

---

(×) بە داخ و پەژارەوە سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتیی دیموکراتی کوردستان لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ زیدەتر خۆی بە دامودەسگای وڵاتانی بێگانەوە شەتەک دا و بوو بە گوێلەمستیان و دووچاری هەڵەکردنی ستراتیژی و مێژوویی و لادان هات، وەک:

١– کۆمەک و یارمەتیدانی حکوومەتی ئێرانی شا، سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی گەیاندە سەر لێوارێکی ترسناک، کەوتبوونە بڕوای تەواو بەوەی کە ئێران دۆست و پشتیوانی –

(الجزائر)ی نێوان شای پێشووی ئێران و سەدام حوسێن کە لە ڕۆژی ٥/٣/١٩٧٥دا ڕاگەیەنرا، ئەو شۆڕشە مەزنە ناودارە وەکوو بەفری نیسان، کتوپڕ، توایەوە و سەختترین ئێش و زامی بە کوردستان گەیاند. مامۆستای نووسەری جرجیس فەتحوڵا لە نامیلکەی (الی متی تبقی الحقائق مکتومة) بڕیاری هەڵوەشانەوەی شۆڕش بە "طلقة الرحمة" ناو دەبات.

---

ـ هەمیشەیی گەلی کوردستانە، تەنانەت گوێیان بە تێبینی و هۆشیارکردنەوەی خێرخوازانی عیراقی و عەرەبی و جیهانی نەدەدا.
لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا ١١ لاوی کورد و عەرەب لە فێرگاکانی تاکتیکی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بە ڕێگای سنوور گەیشتبوونەوە ناوچەی (زاخۆ)، بە بڕیاری ئامرهێزی شۆڕش لە قەزاکە کوژران و سەروشوێن و تەرمەکانیشیان ون کرا. تا هەنووکەش نەزانراوە هۆی ئەو تاوانە گەورەیە چی بوو. سەرکردایەتیی شۆڕشیش لە کوڵ کاڵتری بە عیسا سواری نەکوت.
لە هاوینی ١٩٧٤دا شای ئێران لە دیدارێکیدا بە ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسایی ڕاگەیاند: "انه یتحکم بوجود الاکراد وانه باستطاعته ان یبقی او یقضی علیهم بکبسه زر واحد عندما یشاء، لذلک کان علی الاکراد ان یدرکو خطر هذا التهدید وان یعتبروه انذارا" (جرناسان رندل، امه فی شقاق، ص٢١٢)
٢- سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتی لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کتوپڕ تا سنوورێکی باش بڕوای بە بەڵێنەکانی حکوومەتی بەعسی عیراق کرد و قەوارەی دۆستایەتی و هاوکاریکردنی لەگەڵ پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی و پێشکەوتووخوازان تەسک کردەوە. دامودەسگا جاسووسییەکانی ئیمپریالیست و زایۆنییەکان چرتوفرتیان بوو، پاڵەپەستۆی زۆریشیان خستبووە سەر ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیست.
٣- بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی زانا و سیاسەتمەدارانی بێلایەن، سەرکردایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە دوای مۆرکردنی (بەرە)ی نێوان پارتیی بەعس و پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، بەشداری لە بەرەکەدا بکردایە باشتر بوو و شیمای ئەوەی دەهاتە کایەوە کە بە هاوکاری و هاریکاریی پارتی و شیوعی و پشتگیریی چەپ و دیموکراتیخوازانی دونیا، جڵەوی سەرشێتیی شۆڤێنیستەکانی بەغداد، بە توندی شەتەک درابا و بواری گێرەکردن و تێکدانی بۆ نەڕەخسابا.
٤- لە نیسانی ١٩٧٤دا ئەگەر سەرکردایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بە پرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ڕازی بووایە، تەنیا کێشەی شاری کەرکووک بە نادیاری دەمایەوە و دیسان شیمای ئەوەی هەبوو کە کارەساتی تێکچوون و هەڵوەشانەوەی شۆڕشی ئەیلوول بەو ئەنجامە دراماتیکییە نەگەیشتایە و گەلی کوردستانی باشووریش ماوەی (١٦) ساڵ لە گەورەترین کارەسات دوور بخرایەتەوە، کە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و هەڵەبجە و ئەنفال و لەناوبردنی ١٨٢ هەزار کورد و کوشتنی ٨ هەزار بارزانی و وێرانکردنی چوارهەزار شار و شارۆچکەدا خۆی بینییەوە.
سەرەتای ١٩٧٤ پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بەر کۆمەڵێک پرۆسە و پاڵەپەستۆ و لۆمە و ڕەخنەگرتن کەوت کە بەرامبەر بە دەستتێوەردانی دامودەسگاکانی (ساواک) و جاسووسانی وڵاتانی ئیمپریالیست و زایۆنیزم لە کاروباری کوردستان و ـ

## ١٧- هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان و ڕووداوەکان

دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر ڕێککەوتننامەی (الجزائر)دا سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول ڕایگەیاند: شۆڕش ئەما، چەک فڕێ بدەن و هەرکەس ئازادە چ ڕێگایەک بۆ چارەنووسی خۆی هەڵدەبژێرێت.

کارەساتێکی گەورە سەرانسەری کوردستان و بەتایبەت کوردستانی باشووری گرتەوە و خەڵکی کوردستانی باشوور کەوتنە نێو قەیرانێکی بێوێنەوە. نائومێدێی و بێبڕوایی تەشەنای کرد و چۆکدادان و پەرێشانی تەنانەت دابەزینی هەست و هۆشی نەتەوەیی گەیشتە سنوورێکی نەبینرا و باوەڕپێنەکراو.

دەربەدەر و ڕاکردووان کەوتنە بەر شاڵاوی خواست و نیازی دامودەسگا جاسووسییەکانی حکوومەتی ئێرانی شا و پەرت و بڵاوەیان پێکردن و لە ئێرانی پانوبەریندا بڵاویان کردنەوە. ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکانی شۆڕش و پارتی و خێزانەکانیان لە خەڵکە هەژار و لێقەوماوەکە جیا کردەوە و شوێن و ژیانی نیمچەئاسوودەیان بۆ سازکردن و خەڵکە زۆرینەکەش کەوتنە کارکردن و پەیداکردنی بژێویی ژیانیان و بە کولەمەرگی و دەردەسەری ژیانیان بەسەر دەبرد و کۆنترۆڵ و چاوەدێریکردنی جاسووس و

---

- شۆڕش بێدەنگە و هەڵوێستی لاوازدا کە بە ئاشکرا و بە چەکی قورس و پسپۆڕانی عەسکەری ڕێنمایی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان ئەنجام دەدا.

سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕشیش کەوتبوونە هەڕەشەکردن و پەلاماردان بۆ سەر ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیست کە لە هاوکاریکردنی حکوومەتی بەعس دوور بکەوێتەوە. گێژاوەکە هێندە دژوار بوو کە بەداخەوە سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراقی دووچاری هەڵەکردنێکی مەزن کرد و لە ژێر پەردەی پاراستنی کادیر و بارەگاکانیدا لە کوردستانی باشوور، چەند پارچە چەکێکی سووکی لە حکوومەتی بەعس وەرگرت و ئەمەش بوو بە پەڵەیەکی ڕەشی ئافرەجا لە مێژووی پارتیی کۆمۆنیستدا و هەڵەکردنەکەش بە گران لەسەری وەستا.

چەشەخۆرانیان بەسەردا سەپێنرا.
حکوومەتی بەعسی ڕەفتارفاشیستیش لە بەغداد ئەوەی بۆ هەڵ کەوت و لوا کە بە خەونیش بیری لێ نەکردبووەوە و کەوتنە دەرهێنانی فەرمان بە دوای فەرمان و هەنگاوی یەکەم کەوتنە داماڵین و کۆکردنەوەی چەک لە سەرانسەری کوردستانی باشووردا، لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا هەزاران چەکی جۆراوجۆریان کۆ کردەوە و ڕایانگەیاند هەر کوردێک چەکی لا بدۆزرێتەوە ئیعدام دەکرێت.(×) هەروەها ئەوەش قەدەغەکرا کە پەیوەندی سیاسی بە هەر کوردێکی پەشیمانبوو ـ وەکوو بەعسییەکان ناویان نابوون (العائدون) ـ بکات، تەنیا بەعسی نەبێت ئەوەی سەرپێچی لەو بڕیارە کردبا، ئیعدام دەکرا! ئەوجا کەوتنە ڕاگوێزانی لایەنگرانی شۆڕش و پارتی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عیراق و بەبێ ڕێزگرتن و بە سووکایەتییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن.
هەنگاو دوای هەنگاو زێدەتر دەکەوتنە گیانی گەلی کوردستانی و کەوتنە بەعسیکردنی کورد و کوردستانی باشوور و ڕێکخراو و بارەگای حزبەکەیان لە شار و شارۆچکەکاندا کردەوە و وەک داگیرکەری سەرکەوتووی لەخۆبایی

---

(×) لە هەمان دەورووبەردا، دەمانچەیەکی بچووکیان لە لای ئەندامێکی لیژنەی قەرای شەقڵاوە (شەهید حەمە زەخۆک) دۆزییەوە و ئەوەندە دڕندانە ئەشکەنجەیان دا، گشت جەستەی بوو بە برین و زام و زۆر لە خەستەخانە مایەوە و سوودی نەبوو و بە زام و ئازارەکانییەوە شەهید بوو. نموونەی لەم بابەتە گەلێکن.

(××) لە گەرمەی کارەساتەکەدا، مەکتەبی هەرێمی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی بۆ مەکتەبی سیاسی بەرز کردەوە و دەستنیشانی تاوانەکانی بەعس و نیازی گڵاویانی بەرامبەر بە ئایندەی کوردستانی باشوور کردبوو، پێشنیازیان کردبوو کە یەکجار پێویستە هەڵوێستی ڕاست و ڕەوا بەرامبەر دەستدرێژی و تاوانەکانییان وەربگیرێت و ئایندە و دوارۆژی پەیوەندی نێوان پارتی بەعسی فەرمانڕەوا و پارتیی کۆمۆنیستی عیراق حسێبی ورد و دروستی بۆ بکرێت، بەڵام مەکتەبی سیاسی یەکجار بەرامبەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە پەست و ئازاری بوون و ئەندامی مەکتەبی سیاسی زەکی خەیریان ناردە هەولێر و لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی هەرێمدا بە توندی ڕەدی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی کردەوە و بە ڕاکێشاوی تێشانی دا کە لیژنە و ئەندامانی مەکتەبی هەرێمی کوردستان لە ڕووی گۆڕان و پێشکەوتنی عیراقەوە دواکەوتوون و لە گۆڕانکارییەکان نەگەیشتوون!

بە چاوی دوژمن لەگەڵ هەر کوردێکدا ڕەفتاریان دەکرد.(××)
دراما و شانۆگەرییەکی تراژیدیایی بەسەر باری کوردستانی باشووردا تێپەڕی دەکرد و هۆش و هەستی هەموو کوردێک و مرۆڤدۆستانی هێنابووە هەژان، لە ناوەوەی کوردستان و وڵاتان دراوسێ و هەندەراندا زانا و هۆشیاران و سیاسەتمەدارانی کورد زۆر بە نهێنی کەوتنە دیدەنی و کۆبوونەوە و دەرسکردن و تاوتوێکردنی ناکامی کارەساتەکە.
لە مانگی نیسانی ١٩٧٥دا ژمارەیەک لە کوردپەروەران لە شاری (ئورمیە) کۆ بوونەوە و لەسەر دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووخوازی شۆڕشگێڕ بە ناوی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە ڕێک کەوتن و بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە:
١- عەلی عەسکەری، ٢- خالد سەعید، ٣- عەلی هەژار، ٤- کاردۆ گەلالی، ٥- جەمال حەکیم، ٦- کەمال محێدین و ٧- ڕەسوڵ مامەند.
دوای ساڵێک زیدەتر، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١٦، یەکەم ڕاگەیاندنیان بڵاو کردەوە و لەنێو خۆیاندا شەهید ساڵح یوسفییان بە ڕابەری خۆیان دانا.
لە هەمان مانگدا چەند کادیرێک لە کادیرە کۆنەکانی پارتیی دیموکراتیی کوردستان بە نهێنی لە (نەغەدە) کۆ بوونەوە و بڕیاری ڕێکخستنەوەی پارتییان وەرگرت و لە سەرەتادا تا ماوەیەک بە ناوی (پارتیی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتی کاتی (القیادە الموقتە))یەوە کەوتنە بزووتن و بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیەش بریتی بوون لە:
١- مەسعوود بارزانی، ٢- محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان، ٣- جەوهەر نامیق، ٤- عارف تەیفور، ٥- ئازاد خەففاف، ٦- حەمەڕەزا، ٧- دڵشاد میران، ٨- د. کەمال کەرکووکی، ٩- کەریم سنجاری، ١٠- ئازاد بەرواری، ١١- وریا ساعاتی، ١٢- عەبدوڵا ساڵح.
هەرچەندە نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵا ئەوسا لە بریتانیا دەژیان، دانیشتووانی کۆبوونەوەکە هەردووکیانیان بە دامەزرێنەرەوە لەگەڵ کۆمیتەکە دانا.

عومەر شێخ مووس بۆ باس کردم کە لە ٢٠ی نیسانی ١٩٧٥ تا ١٩٧٥/٥/ ٢٢دا لە بەرلین و دیمەشق چەند دیدەنی و کۆبوونەوە لەنێوان ژمارەیەک لە رۆشنبیر و کادیرانی پێشووی پارتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ئەنجام درا، تا گەیشتنە سەر بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی و لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١دا لە دیمەشق دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی ڕاگەیەنرا، کە ببێتە پێگەیەک بۆ کۆکردنەوەی چەند گرووپ و کۆمەڵێک و لە هەمان دەورووبەردا حکوومەتی عیراق عومەر مستەفای ناردە دەرەوە کە چەند کەسێک ڕازی بکات بگەڕێنەوە بەغداد و لەگەڵ عومەر ڕێک دەکەوین کە بە نهێنی پەیوەندی بە هەندێک لایەنەوە بکات و ئاگاداریان بکات بۆ خۆئامادەکردن بۆ شەڕی پارتیزانی. دامەزرێنەرەکان ئەمانە بوون:
١- جەلال تاڵەبانی، ٢- د. فوئاد مەعسوم، ٣- د. کەمال فوئاد، ٤- نەوشیروان مستەفا، ٥- د. کەمال خۆشناو، ٦- عادل مراد، ٧- عەبدورەزاق میرزا، ٨- عومەر مستەفا، ٩- عومەر شێخ مووس.
بێجگە لەمانەش گرووپێکی تر بە ناوی کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتیی دیموکراتی کوردستان (الهيئه التحضيريه للپارتي) هەبوو، کە بریتی بوون لە: ١- د. مەحموود عوسمان، ٢- قادر جەباری، ٣- شەمسەدین موفتی و دوو سێ کەسی تر.(×)

---

(×) لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوودا لە چەند لاوە گوێبیست بووم کە دامودەسگا بەرپرسیارەکانی سوریا و ئێران بواریان بۆ هەندێک لە کەسایەتییە کوردەکان خۆش کردبوو کە بکەونەوە خۆڕێکخستنەوە و جموجووڵی دژ بە حکوومەتی بەعسی عیراق، بەڵام هیچ بەڵگە و دۆکیومێنتێکم دەربارەی ڕاستی و درۆی ئەو گوتانە نەبینیوە!

هەر یەکێک لەم هێزانە بەپێی توانا و نەخشە و ئامادەبوونیان کەوتنەوە بزووتن و چالاکینواندن و ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکانی سەرکردایەتیی کاتی (القیادە الموقتە) نێرانیان بە جێ هێشت و بنکە و شوێن خەباتکردنیان لە شاخی مەتینە لە بادینان و دۆڵی نۆکان دامەزراند و کەوتنە پەیوەندیکردن بە لایەنگری و ئەندامانی کۆنی پارتییەوە لە دەڤەری بادینان و شوێنانی دیکە.

هەر زووش کۆمەڵەی مارکسی لینینی(×) لە ژێر سەرکردایەتیی ئارام (شاسوار جەلال)دا بە چەند مەفرەزەیەکی بچووکی چەکدارەوە کەوتبوونە چالاکینواندن دژ بە دەستدرێژیکردنەکانی دامودەسگا چاسووسییەکانی رژێمی بەعسی عیراق و کۆتایی ١٩٧٦یش نەوشیروان مستەفا گەڕایەوە و بنکەی سەرەکییان لە (گۆستا)(××) بوو.

---

(×) کۆمەڵەی مارکسی لینینی: پێش ئێرە ئاماژە بەوە کراوە کە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی پێشوودا دەنگی بڵاو بووەوە کە لە ریزی لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی کۆندا بیروبڕوای (ماویزم) بڵاو بووەتەوە. هەڵگرانی فیکرەکە بەرگری لە تیۆریی ماویزم دەکەن و رەخنەی توند دژی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی بڵاو دەکەنەوە.

دەنگوباس و زانیارییەکان سەرەکی و کەم بوون، تا بەستنی کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە کە لە مانگی ئاباتی ١٩٨١دا بە تێروتەسەلی لەسەر بنج و بناوانی کۆمەڵەکە و ئەو گۆڕان و گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هات تاووتوێ کرد.

دوای کێشە و مشتومڕی زۆر و بگرە و بەردەی بێسوود، کۆنفرانس لەسەر ناوەرۆکی ئەم برگەیە رێک کەوت: "کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستانی عیراق لە ساڵی ١٩٧٠دا دامەزرا، وەک لە گێڕانەوەدا لە کۆنفرانسدا دەیانگێڕایەوە. ئەم رێکخراوە لە ئەنجامی یەکگرتنی سێ گرووپی مارکسی لینینی نێو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیدا (مەبەست لایەنگرانی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییە ـ ف. ـ) پاش ئەوەی فیکری رێبازی جیهانییەکەی گەلاڵە بوو و دامەزێنراوە. مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و شەهید شەهاب شێخ نوری لێپرسراوی ئەم سێ گرووپە بوون. ئەمە ئەو گێڕانەوە رەسمییەیە کە لەوێدا لەسەری رێک کەوتن و زۆر رای جیاوازی تریش هەیە." (پشکۆ نەجمەدین، لە سێبەری دیوی ناوەوەی رووداوەکان، لاپەڕە ٢٨)

(××) گۆستا: دۆڵێکی یەکجار شاخاوی و سەختە لقێک لە رووباری چامەی بەناودا تێپەڕ دەبێت. کەوتووەتە سەر سنووری نێوان تورکیا و ناوچەی هەکاری و ناوچەی برادۆستییەکان (ناحیەی سیدەکا، قەزای سۆران).

ساڵی ١٩٧٧ جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیر بە ڕێگای سنوور لە سووریاوە گەڕانەوە کوردستان و کادیرە سەرەکییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی لە (گۆستا) یەکەم کۆبوونەوەیان ساز کرد و کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتییان دەستنیشان کرد. بڕیاریان وەرگرت بارەگا و بنکەی سەرەکییان بۆ بناری شاخی قەندیل و دۆڵی تۆکان بگوێزنەوە. سەرکردایەتی لەم ناوانە پێکهاتبوو:
نوێنەرانی باڵی کۆمەڵەی مارکسی. ١- ئارام شێخ جەلال، ٢- سالار عەزیز، ٣- مەلا بەختیار، ٤- نەوشیروان مستەفا، ٥- مولازم عومەر عەبدوڵا، ٦- تالب ڕۆستەم و نوێنەرانی باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیش: ١- عەلی عەسکەری، ٢- خالد سەعید، ٣- تاهیر عەلی والی، ٤- سەعدی گچکە، ٥- عومەر مستەفا، ٦- ڕەسول مامەند و
مام جەلالی سکرتێری گشتیی یەکێتییەکە.
دەنگوباسی سەرهەڵدانەوەی چەکداری لە شار و لادێیەکانی کوردستانی باشووردا، بە گەرموگوڕی، دەنگی دایەوە. دامودەسگا سەرکوتکەرەکانی بەعسی دووچاری سەرشێتی کرد و کەوتنەوە ڕاونان و گرتن و لەسێدارەدان، ئەوەی گەلێک ناڕەوا و پڕ ئازار و بە هەڵەکردنێکی مەزن لە قەڵەم دەدرا، سەرهەڵدانەوەی دووبەرەکی و ئاکۆکی و شەڕی چەکداری نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و ڕاونان و ڕێگاگرتن لە یەکتری و شەڕی ڕاگەیاندن و سووکایەتیکردن بە یەکتر و یاوانکردن و دانانی سنوور دژ بە یەکتری و.. تاد بوو ماوەی چەند ساڵ کاریگەریی خراپی لەسەر چالاکینواندنی هێزی پێشمەرگەی هەردوو لا هەبوو.
ڕۆژ دوای ڕۆژ گەلێک بە خێرایی حکومەتی بەعسی عیراق ڕەوت و ڕووی بۆ دیکتاتۆریەتێکی تاکەحزبی دژوارتر دەڕۆیشت و تۆزقاڵێک پەردەی چەپ و پێشکەوتووخوازی لەسەر ڕوویان نەما. تەنانەت ئەو هاوکارییە نایەرابەرییەی لە ژێر ناوی (بەرە) شۆڕشۆقەکەی لەگەڵ پارتیی کۆمۆنیستی عیراقدا

هەیانبوو، تێکیان داو بێ ئەوەی گوێ بدەن بە هیچ پێوانەیەک یان پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی، سەرەتای ١٩٧٨ پایان دایەوە سەر ڕێکخراوەکانی پارتیی کۆمۆنیست و پەیدەرپەی لە بەسرەوە دەستیان بە پاکتاوکردنی ڕێکخراوەکان کرد تا گەیشتە ئەوەی لە کۆتایی ساڵەکەدا ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیست کەوتە بەر درندەترین شاڵاوی تێرۆریست و بە سەدان ئەندام و لایەنگر و کادیر خۆیان دەرباز کرد و ڕوویان کردە ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوون. ژمارەیەکی زۆر لە ڕاکردووەکان گەیشتنە دۆڵی (ناوزەنگ) و بنکە و بارەگای خۆیان بەتەک بارەگای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دامەزراند و لە سەرەتادا یەکێتیی نیشتمانی بەپێی توانایان یارمەتییان پێشکەش کردن و هەر زوو لە نزیکەوە هەستی بەوە دەکرا کە ڕق و کینە و ناحەزیی یەکێتیی نیشتمانی بەرامبەر بە پارتیی دیموکراتیی کوردستان توندوتیژە و لە خانەی دوژمنیان دەژماردن. هەر لە سەرەتادا ڕاوبۆچوونی کادیر و لایەنگرانی پارتیی کۆمۆنیست جیاوازی تەواوی تێدا بەدی دەکرا لەگەڵ ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

## ١٨- کوردستان لەنێوان دوو جەنگدا

سەرەتای شوباتی ١٩٧٩ شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕژێمی بنەماڵەی حەمەڕەزا شادا سەر کەوت و کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیەنرا، شادی و خۆشی لە سەرتاپای وڵاتەکە و کوردستاندا بڵاو بووەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوتەوە بووژانەوە و گەشەکردن و گیان و خوێنی تازەی تێ گەڕایەوە. بە درێژایی سنوور دەروازە لە پێش هێزە پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕەکاندا کرایەوە. ئاڵوگۆڕییەکان زێدەبەدەر حکوومەتی بەعسی عیراقی ئانارام کرد و ڕەوشت و بیرکردنەوەی بابەتییانەیان لە دەست دا و کەوتنە پیلانگێڕان و نەخشەدانان دژ بە کۆمارە

تازەکەی ئێران، هێز و پارتییەکانی کوردستانی باشوور و زەمینەی لەباریان بۆ ڕەخسا و سوودی باش و پڕ بەهایان بە دەست هێنا و لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتییەوە گەشەیان کرد، بە سەدان لاو ڕوویان لە ناوچە شاخاوییەکان دەکرد، هێزی پێشمەرگەی گەلی زیادی کرد و پارتیی کۆمۆنیستی عیراق کەوتە نێو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە و ئەندام و لایەنگرانیان ڕوویان کردە ئەو ناوچانەی بە سانایی دەسەڵاتی حکوومەتی عیراقیان پێ تەدەگەیشت.

لە گەرمەی خۆشی و وورەی بەرزی و گۆڕانەکاندا لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ۱۹۷۹دا باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و کۆمیتەی ئامادەکردنی پارتیی دیموکراتی کوردستان لە ڕیزی یەکێتیی نیشتمانی کوردسان دەرهاتن و کەرتکردنو سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند.(×) کۆمیتەی سەرکردایەتیی خۆیان پێکهێنا و ناویان لە خۆ نا پارتی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیک) و گرژی و باری ناسروشتی لە هەموو سووچ و کەنارێک سەرەتای دەرکەوت. لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ۱۹۸۰دا هێزە چەکدارەکانی عیراق بەبێ بوونی هۆکارێکی پێویست هێرشێکی بەرفراوانیان بردە سەر خاکی ئێران و جەنگێکی دڕندانەیان دەست پێکرد و هەشت ساڵی ڕەبەق درێژەی کێشا. بە هەزاران ڕۆڵەی هەردوو وڵات کران بە سووتەمەنی شەڕەکە و خاکی کوردستان لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا کەوتبووە بەر هێرش و پێکدادانەکان و بە چەکی جۆراوجۆر و فڕۆکە و تانک و تۆپ و بە دانان ملیۆنان مین سەختترین و فراوانترین زیانیان بە گەل و خاکەکەی گەیاند.

(×) ئەو کادیرە سەرەکییانەی ڕابەرایەتی جیابوونەوەکەیان کرد ئەمانە بوون: د. مەحموود عوسمان، تاهیر عەلی والی، ڕەسوڵ مامەند، قادر عەزیز، عادل مراد، محەمەد شاکەلی، سەید کاکە، قادر جەباری، شیروان شێرەوەندی، مولازم ئەنوەر مەجید سوڵتان، ئەحمەدی فەقێ ڕەش و ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە. زۆری نەخایاند محەمەدی حاجی مەحموود و ئەو هێزی پێشمەرگەیەی لەگەڵیدا بوو چوونە ڕیزی حسیک و لە دوای ساڵێک کۆنگرەی خۆیان ساز کرد و ناوەکەیان بوو بە پارتیی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) و کۆنگرە ساڵح یوسفی بە سەرۆک و ڕێنماییکەری خۆی هەڵبژارد.

جیابوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کادیر و پێشمەرگە لە ڕیزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا وەک سەرەتا و ڕووداوێکی تازە کێشە و ناکۆکییەکانی کۆنی ژیاندەوە و مەشخەڵی ئاگری شەڕی ناوخۆ و یەکترکوژی گەیشتە ئاسمان. سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی یەکجار بە توندی کەوتە دژایەتیکردنیان و خوێنی زۆر لەنێوانیاندا بە فیڕۆ ڕۆیشت. داگیرکەرانی کوردستان لە عیراق و ئێران قازانجی یەکجار بەهاداریان لە کێشەی شەڕی نێوخۆی کوردەکان کرد.

کوردپەروەران و خێرخوازان و دوژمنانی ڕژێمی بەغداد تەقەلایان دەدا چارەیەک بۆ ناخۆشییەکانی نێوخۆ و دووبەرەکییەکان بدۆزنەوە، کە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان دووچاریان هاتبوون، هەوڵ و کۆششەکان گەیشتە ئەوە کە شەوی ١٩٨٠/١١/١٢ بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکراتی عیراق لە دیمەشق ڕاگەیەنرا.(*) ڕێگا بە پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق نەدرا کە بەشداری لە بەرەکەدا بکات.

سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و ژمارەیەک لە هێز و کەسانی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخواز دڵسۆزانە تێدەکۆشان چارەی بنەڕەتی بۆ ئەو کێشە ناڕەوایانە و یەکترکوژییەی نێوان هێزەکان کوردستان بدۆزنەوە و بەتایبەت لەنێوان (پدک) و (یnک) و لە ورد و درشتی هەوڵەکان سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئاگادار دەکرا.

---

(*) بەرەی نیشتمانیی نەتەوایەتی دیموکراتی عیراق (جوقد) لەم پارتی و گرووپانە پێکهاتبوو: ١- ڕێکخراوی سوپای ڕزگاریخوازی گەلی عیراق (منظمە جیش التحریر العراقی)، ٢- پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، ٣- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ٤- پارتی سۆسیالیستی یەکگرووی کوردستان (حسیک)، ٥- پارتیی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، سەرکردایەتیی هەرێمی عیراق، ٦- بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، ٧- پارتیی سۆسیالیستی عیراق و ٨- دیموکراسییەکانی سەربەخۆ.
هەرزوو کاتی خۆی دەرکەوت کە چەند گرووپێک لەوانەی ناویان خرایە سەر بەرەکە بریتی بوون لە چەند کەسێکی بێ ڕێکخراو و دوور لە جەماوەر و سەر بە پارتیی بەعس و حکوومەتی سووریا بوون.

(بڕوانە: بەرگی دووەم، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، ل٢٢٢)

بەیانیی ١٩٨٠/١١/٢٧ نەوشیروان مستەفا و عومەر شێخ مووس ئاگادار کران کە کۆبوونەوەی نێوان سەرکردایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی یەکگرتوو (حسیک) و پارتیی کۆمۆنیستی عیراق هەیە و بە مەبەستی دۆزینەوەی شێوازێک بۆ سەرەتای هەنگاونان بۆ ئاشتبوونەوە و تەبایی و نەهێشتنی جیاوازی و کێشەی نێوان ینک و پدک لە سەرووی هەموویانەوە.

شەوی ٢٨ لەسەر ١٩٨٠/١١/٢٩ ڕێککەوتننامەیەک بە ناوی پەیمانی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی (جود) مۆر کرا.(×) ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٢ بە وردی و دوورودرێژی هەموو شتێک بۆ نەوشیروان مستەفا و چەند کادیرێکی ینک ڕوون کرایەوە و هەڵوێستی نەوشیروان یەکجار نێگەتیڤ بوو و بڕوای بە ڕوونکردنەوەکان نەبوو و هێرشی یەکجار توندی بردە سەر (حسیک) و گوتی: "ماوەیان نادەین وا سوور بن لەسەر گێرەشێوێنی".

جەلال تاڵەبانی ئەوکاتە لە دیمەشق بوو و دەربارەی ڕاگەیاندنی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی (جود) نەوشیروان مستەفا برووسکەیەکی نێگەتیڤی بۆ دەنێرێت و هەڵوێستی ناحەزی دژ بە پارتیی کۆمۆنیست وەردەگرن و بە پشتیوانی سەرکردایەتیی هەرێمی عیراقی پارتی بەعسی عەرەبی

---

(×) ئێوارەی ١٩٨٠/١١/٢٨ نوێنەری هەر سێ حزب، پدک، حسیک و حشع گەیشتنە گوندی (ئەرکەش)، کە گوندێکی مەنگوڕانە و کەوتووەتە سەر ڕێگای ئۆتۆمۆبیلی نێوان خانە و سەردەشت. نوێنەرانی پدک: مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵا، د. محەمەد سالح جومعە، د. ڕۆژ نووری شاوەیس بوون. نوێنەرانی حسیک: ڕەسول مامەند، تاهیر عەلی والی و هی حشع: ئەحمەد بانیخێلانی و فاتیح ڕەسوڵ بوون و لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرا کە مۆرکردنی پەیمانی نیشتمانی بۆ دژایەتی هیچ حزب و هێزێکی کوردستانی و ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی نییە و ئامانج و مەبەست ئەوەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو هێزەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانی و پێشکەوتووخواز لە بەرەیەکی بەرفراوانی یەکگرتوودا دژ بە ڕژێمی فاشیستی عیراق کۆ بینەوە.
(بڕوانە: بەرگی دووەم، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی وکورد، لاپەڕەکانی ٢٣٤-٢٣٦).

سۆسیالیست،(×) پارتیی کۆمۆنیستیان لەنێو (جوقد) دوور خستەوە و ساردی و بێبڕوایی لەنێوان ینک و حشعدا دەستی پێکرد.

کێشە و ناکۆکییەکان ڕێگا لە یەکتر گرتن و پاوانکردنی ناوچەکانی سۆران ڕووی لە دژوارتربوون کرد و کوشتوبڕ و ناحەزی ڕەگاژۆتر بوو و هەرچەند جارێکی تر لە سەرەتای شوباتی ۱۹۸۳دا لە تەرابلس، پایتەختی لیبیا، نوێنەرانی ۱۹ پارتی و هێز پەیمانی هاوکاری و هاریکارییان لەنێو خۆیاندا مۆر کرد، بەڵام بە پێچەوانەوە سوودی نەدا و گرژی و تێکپڕژانەکان بەردەوام بوون، تا گەیشتە ئەوەی کارەساتی ڕۆژی ۱ی ئایار ۱۹۸۳ لە (پشتئاشان)(××)(×××) ڕووی دا. کارەساتەکە بە یەکێک لە گەورەترین هەڵەکردنی سیاسی و پەڵەی ڕەش لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەژمێردرێت.

ڕووداوەکە دوژمنانی شاگەشکە کرد و لە نیوەڕاستی ۱۹۸۳ تا سەرەتای ۱۹۸٤دا حکوومەتی بەعسی عیراق کەوتبووە فریودانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژێر ناوی گفتوگۆکردن دەربارەی چارەکردنی دۆزی گەلی کوردستانی باشوور و هەموو شانۆگەرییەکە پووچ و بێ ئەنجام دەرچوو و ڕژێمی بەغداد بۆ ماوەیەک سوودی لێ بە دەست هێنا.

---

(×) ئەوسا عەبدولجەبار ئەلکوبەیسی کە نازناوی حازم حسێن بوو، ئەمینداری هەرێمی عیراقی پارتیی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست و ئەندامی سەرکردایەتیی نەتەوەیی (القیادە القومیە) بوو. زۆری تەخایاند گشت ئەرکەکانی لێ وەرگیرایەوە و لە ریزی حزبەکەی تەجمید کرا. لە ڕا و بۆچوونەکانیدا، هەروەک نەتەوەپەرستێکی ڕەگەزپەرستی توندڕەو هەڵسوکەوتی دەکرد و ڕاوبۆچوونەکانیشی نەدەشاردەوە. لە دوایدا سوریای بە جێ هێشت و وەک گوێبیست بووم هەنووکە لە سویسرا دەژی.

(××) بڕوانە: کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی سێیەم) لاپەڕەکانی ۱۷۹ تا ۱۸٥، ناوی هەر (۱۹) حزب و هێز و گرووپەکان هاتووە و لەناویاندا پێنج پارتیی کوردستانی عیراق و پارتیی کۆمۆنیستی عیراقیش هەیە.

(×××) لە کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی سێیەم) لە لاپەڕەی ۱۸٦ تا ۲٦۹ بە دوورودرێژی پڕە لە دۆکیومێنت و بەڵگە و ناوی شەهیدەکانی هەموو هێزەکان لە کارەساتەکەدا. خوێندنەوەی پەند و دەرسی لێ وەردەگیرێت.

هەرچەندە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان عیراق و ئێران یەکجار بە گەرموگوڕی لە هارین و وێرانکردندا بەردەوام بوون، کەچی فەرمانڕەواکانی بەغداد ساتێک لە پەلاماردان و قڕکردنی گەلی کوردستانی باشووردا نەدەوەستان و هیچ چەک و ئامرازێک نەما بۆ لەناوبردنی بە کاری نەهێنن. لە کیمیاوبیاران، وێرانکردنی لادێ و شارۆچکەکان و چاندنی کێڵگەی مینی بێ ئەژمار.(×)

نووسەری کتێبی (امه فی الشقاق)؛ جوناسان رندل دەڵێت: "اعتبرت الامم المتحده في احدى تقاريرها ان الفضائع التي ارتكبها صدام حسين بحق الاكراد، كانت من الخطوره والضخامه، بحيث لاتوجد منذ نهايه الحرب العالميه الثانيه الا حالات معدوده ومشابهه لها."(١٣٨)

تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی عیراق لە هەموو سنوورێکی دڕندایەتی تێپەڕی کردبوو. دکتۆر کەنعان مەکیە دەڵێت: "دکتۆر جەعفەر بۆی گێڕامەوە کە ساڵی ١٩٨٧ لە ئاکامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا (٣٨٠) برینداریان هێنایە نەخۆشخانەی هەولێر. زۆربەیان پیر و ئافرەت و پەککەوتوو و منداڵ بوون. لە لایەن کاربەدەستانی بەعسەوە دکتۆرەکان ئاگادار کران، کە چارەیان نەکەن. لە دوای چەند ڕۆژێک لە خەستەخانەیان نەهێشتن و زانیم گشتیان زیندەبەچاڵ کران."(١٣٩)

فاشیزم و دڕندایەتیی فەرمانڕەواکانی بەعسی عیراق لە پێش شاڵاوی ئەنفالی ناوزراوی شووم دەستی پێکردبوو، لە ٢١ی نیسان تا حوزەیرانی ١٩٨٧، (٧٠٠) دێ کە زۆرینەیان لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتدا بوو، بە جارێک وێرانیان کردن."(١٤٠)

---

(×) دوای کوشتوبڕ و زەرەر و زیانێکی زۆر کە بە ئەستۆی گەلی کوردستان و یەک و یەک کەوتن، ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٧، بە میوانداریکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاران یەکەم ڕاگەیاندنی ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوەی نێوان هەردوو پارتی لە لایەن کۆچکردوو ئیدریس بارزانی و جەلال تاڵەبانییەوە مۆر کرا. (دەقی ڕاگەیاندنەکە لە لاپەڕەکانی ٤٣٩-٤٤٤ی کتێبی چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا، بەرگی سێیەم، بڵاو کراوەتەوە.)

ڕاگرتنی جەنگەکەی نێوان عیراق و ئێران بە ڕەسمی ڕاگەیەنرابوو، کە لە مانگی شوباتی ١٩٨٨دا حکوومەتی عیراق بە ٤٦ فرقەی هێزە چەکدارەکانی و سەرتاپای جاشە خۆفرۆشەکانی دژی گەلی کوردستان لە هەشت شەپۆلی ئەنفالدا بە کار هێنا و کوردستانیان وێران کرد و ١٨٢ هەزار کورد و ٤ هەزار دێ و شار و شارۆچکەیان خاپوور کرد.(١٤١)

لە گەرمەی کارەساتەکانی ئەنفالدا دیدەنی و گفتوگۆ لە نێوان هێزەکانی کوردستانی باشووردا، بە نیازی دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی، دەستی پێکرد و ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٦ نوێنەرانی شەش پارتی لە (خواکورک) کۆ بوونەوە و بەرەی کوردستانیان ڕاگەیاند.(×)

بەرە بالی بەسەر جموجوڵ و پەیوەندیی نێوان هێزەکانی کوردستاندا شەکایەوە و ژیان لە هەرێمی کوردستانی عیراق ئەوەندە سەخت و ناجۆر بووبوو تەنانەت شوێنی ئاسوودەیی و سروشتی بۆ ئاژەڵیش تەما بوو. لە ٢٠ی مانگی ئابی ١٩٨٨دا شەڕی ئێران و عیراق کە هەشت ساڵ درێژەی کێشا، ڕاوەستا. کوردستانێکی وێرانکراو و گەلێکی بێ پشت و پەنا بە نائومێدیی کەوتە ژێر چنگی درندە فاشیستەکانی بەعسی عیراق.

(×) بەرەی کوردستانی لەم پارتییانە پێکهاتبوو: ١- پارتیی سۆسیالیستی کورد، مولازم کەریم، ٢- پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق، عەلی عەبدوڵا، ٣- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، ٤- پارتیی کۆمۆنیستی عیراق، هەرێمی کوردستان: عەزیز محەمەد، ٥- پارتیی گەلی دیموکراتی کوردستان، محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان (سامی)، ٦- پارتیی سۆسیالیستی کوردستان، ڕەسول مامەند.

## ١٩- کوردستانی باشوور و ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ١٩٩١

هەشت ساڵی ڕەبەق بێماناترین جەنگی وێرانکەری نێوان عیراق و ئێران درێژەی کێشا، کە بە پلەی سەرەکی ڕژێمی بەعسی عیراق بەرپرسیاریی هەڵگیرساندنی دەکەوێتە ئەستۆ. هەردوو دەوڵەت ئەوەندە زەبر و ئازار و زیانیان بە یەکتری گەیاند کە بە شەکەت و ماندووبوونێکی زۆر لێی هاتنە دەر. سەرۆکی عیراق؛ دیکتاتۆر سەدام حسێن کە بە ڕاکشاوی بۆی دەرکەوت بەو ئەنجامە ناگات کە خوازیاری بوو، ئامادەیی شەڕراگرتنی پیشان دا، تا گەیشتە ئەوەی ئیمام خومەینی بڵێت: "ژەهر قووت دەدەم، کە بڕیاری شەڕراگرتنەکە دەدەم" و ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٠ جەنگە شوومەکە ڕاوەستێنرا و موتارەکەی (هدنە) نێوان هەردوو حکوومەت ڕاگەیەنرا.

کتوپڕ حکوومەتی بەعسی عیراق ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت و کێشەی سەخت و دژوار بووەوە و قەرزارییەکی یەکجار زۆری وڵاتانی عەرەبی و بێگانە بوو و نزیک ملیۆنێک چەکهەڵگر و، نیوملیۆن کوژراو و بریندار و پەککەوتووانەی جەنگ و... تاد هەبوو. سەرکردایەتی بەعسی فەرمانڕەوای خستبووە نێو قەیران و گێژەنێکەوە کە ڕێگای چارەی لێ ون بووبوو و کەوتبووە پەلپ و بیانوو گرتن بە وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت دراوسێیەکانی و داوای کۆمەک و پارەوپوولی تریان دەکرد.

مانگی ئابی ١٩٩٠ بە هێرشێکی بەربڵاو پەلاماری کوەیتی دا و داگیری کرد. تاوانەکە لە کۆمیتەی وڵاتانی یەکگرتوو و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و گشت وڵات و هێزە خێرخوازەکاندا بە توندی مەحکوم کرا و داوا تکا لە حکوومەتی عیراق کرا کە واز لە تاوانەکانی بهێنێت و کوەیت بە جێ بهێڵێت. بەڵام حکوومەت لەسەر کارەکەی سوور بوو و هیچ گوێ پێ نەدا، تا گەیشتە ئەوەی لە سەرەتای ١٩٩١دا هێزە چەکدارەکانی چەند دەوڵەت هێرشێکی یەکجار سەختیان کردە سەر عیراق و لە ماوەی دوو سێ هەفتەدا هێزە چەکدارەکانی عیراقیان تێکشکاند و دامودەسگا و ئامێر و سەرخان و

ژێرخانی وڵاتەکەیان پەک خست، سەدام و ڕژێمەکەی چۆکیان دادا و ئاڵای سپییان بەرز کردەوە و لە کوەیت دەریانپەڕاندن و بە زەلیلی و سەرشۆڕی بەرەو عیراق گەڕانەوە و هاوکات ڕاپەڕینی جەماوەری لە دژیان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی خواروو و ناوەڕاستی عیراق دەستی پێکرد و لە باکووریش ڕۆژی ١٩٩١/٣/٤ جەماوەری ڕانیە هێرشێکی مێرانەیان بردە سەر دامودەسگا و هێزە چەکدارەکەکانی بەعس لە ناوچەکەیاندا و زەبری باشیان پێگەیاندن و ڕاپانماڵین. ڕاپەڕین هەموو شار و ناوچەکانی کوردستانی باشووری گرتەوە، هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکووک ئازاد کران. جەماوەری تێکۆشەر و خۆڕاگری کوردستان، بە گەورەترین ڕۆڵی قارەمانی و لەخۆبوردوویی هەڵسا. زەبری کوشندەی ئەوتۆیان بە حکوومەتی بەعسی عیراق و نۆکەرانیان گەیاند کە هەرگیزاوهەرگیز لە بیر ناکرێت.

لە سەرەتای ڕۆژەکانی ڕاپەڕیندا، پێشمەرگە و پارتییەکانی بەرەی کوردستانی دەسەلاتیان بەسەر زۆربەی ناوچەکانی هەرێمەکەدا گرت و کۆمەڵێک کردەوەی پڕوپووچی نابەجێ ڕوویدا و پاشاگەردانی و بەرەڵایی بڵاو بووەوە، ڤران فران و تاڵان و دزی و دەستگرتن بەسەر ماشێن و ئامێر و ئەو کەلوپەلانەی موڵکی گشتی (الاموال العامە) بوون دەستی پێکرد و شەرم و هەستکردن بە بەرپرسیاری لە هیچ سووچ و شوێنێک بەدی نەدەکرا. ڕەخنەی زۆر ئاراستەی ژمارەیەک لە کادیرە سەرەکییەکانی پارتییە کوردستانییەکان، بەتایبەت ینک و پدک، دەگیرا و لۆمە دەکران.

لە کۆتایی مانگی مارتی هەمان ساڵدا، هێزە چەکدارەکانی عیراق بە فڕۆکە و تانک هێرشییان هێنایەوە سەر کوردستان و شاری کەرکووکیان داگیر کردەوە و بەرەو هەولێر و سلێمانی و دهۆک کەوتنە ڕێ. لە ترسی چەکی کیمیاوی و زوڵم و تاوانی دڕندە سەرکوتکەرەکانی عیراق [پێشینان گوتویانە مارانگاز لە خشەی گوریس دەترسێت!] کۆچرەوی ملیۆنی بەرەو ئێران و تورکیا دەستی پێکرد و کارەساتێکی مرۆڤایەتی یەکجار ترسناکی خوڵقاند. پشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی کەوتنەوە بەرگریکردن و خۆڕاگری و لە

گوندی (کۆڕێ) کە کەوتووەتە نێوان هاوینەهەواری پیرمام و شەقلاوە ڕێگا لە سوپای عـیـراق گـیـرا و زەبری قـورسـیـان پێ کـەوت و لە شـوێنی خـۆیان وەستاندیان و پاشەکشەیان پێ کردن.
لە مانگی نیسانی ۱۹۹۱ ئەنجوومـەنی ئاشتیی نێودەوڵەتی بڕیاری (٦٨٨)ی وەرگرت و هێڵی (٣٦) کرا بە سنوور بۆ پاراستنی گەلی کوردستانی باشوور و شـوێنی ئارامی و ژیانی ئاسوودە بۆ ڕاکـردووەکان. وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکا، بریتانیا و فەرەنسا پاراستنی گەلەکەیان گرتە ئەستۆ. دامودەسگای ئیداری و هێزی چەکداریی حکوومـەتی عـیـراق لە پارێزگـاکـانی هـەولێر، سلێـمـانی و دهۆک و بەشێک لە پارێزگـای کـەرکـووک و قـەزای خـانەقین دەرکران و بەتەواوی ناوچەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانییەوە.
کەشوهەوا و باری دەروونی خـەڵکی کوردسـتـان بۆ بارێکی پڕ لە گەشبینی گۆڕا، کە لە تاوان و کوشتوبڕ و کۆت و زنجیری ڕەفتارفاشیستەکانی بەغدا ڕزگاریان بووە!
لە پاییزی ۱۹۹۲دا یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لە مێژووی کوردستـاندا ئەنجام درا. لە ئاکامی کۆمـەڵێک کەمـوکووڕی و ئەو ڕێژە بەرزەی بۆ مـافی چوونە ناو پەرمـان دانرابوو، تـەنیـا پارتی و یەکـێـتی لەسـەر یەنجا بە یەنجا و پێنج ئەندامیش بۆ کلدان و ئاشوورییەکان، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پێکهات و حکوومەتی هاوبەش دامەزرێنرا.
پەرلەمانەکە ژمـارەیەک بڕیاری ڕەوا و بەسوودی وەرگرت، کە لە بەرژەوەندیی ئایندەی گەلی کوردستان و خزمەتگوزاری و پێشکەوتندا بوون، وەک یاسای فیدرالییەت بۆ کوردسـتـانی باشـوور، فـرەلایەنی کـاری سیـاسی و ئازادیی بیروڕا.
زۆری نەخایاند کینەیەری و ناحەزی و کێشەی پارتایەتیی تەسک لەنێوان دوو پارتیـیـە سـەرەکیـیـەکـەدا دەستی پێکردەوە و هۆش و هـەستی جەمـاوەری کـوردسـتـانی هێنایەوە هـەژان و ترس و نـائارامی خـسـتـەوە نێـو دڵ و دەروونیان. تا گەیشتە ئەو ڕۆژە ڕەش و شوومەی کە لە ۱/٥/۱۹۹٤دا شەڕی

براكوژی دەستی پێكردەوە (*) و زیانی زۆر بە دۆزی گەلی كوردستان كەوت و ناو ناوبانگ و ڕێزی دابەزی و زەمینەی لەبار بۆ دوژمنانی كورد ڕەخسا كە بە ئارەزوو و بەرژەوەندییان تەراتێن لە كوردستاندا بكەن. ترس و نائومێدی لەناو جەماوەردا بڵاو بووەوە كە بە برسێتی و بێكاری و نەداری ڕازی بوون و تەنیا بەو مەرجەی كۆت و زنجیری ڕژێمی بەغداد نەگەڕێتەوە سەریان.(*)

---

(*) یەكێك لەو خاڵانەی كە كرا بە بەڵگە و ماكی سەرەكی بۆ ئەو ناكۆكی و براكوژییە كە لە ١/٥/١٩٩٤دا دەستی پێكردەوە، داهاتی گومرگی (برایم خەلیل)ە. تاوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٠ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی لەندەنی بڵاوی كردەوە كە ساڵانە داهاتی گومرگی برایم خەلیل چوارسەد ملیۆن دۆلارە. ڕۆژنامەنووس براق ئەكەنجی لە ڕۆژنامەی (القدس)ی لەندەنی ژمارە ٣٥٨٧، ڕۆژی ٢١/١١/٢٠٠٠دا، گوتارێكی بڵاو كردەوە و داهاتی گومرگەكەی ساڵانە بە (٢٠٠) ملیۆن دۆلار دانا.

(**) شەڕی براكوژی هەست و بیری كوردانی دەربەدەر و دووروەڵاتیشی هێنایە هەژان و شڵەژان، دووچاری دڵتەنگی و ئائارامی پر زام و ئێش هاتن و كەوتنە جموجوۆڵ و داوا و تكا و هاتابردن كە شەڕی براكوژی ڕابگرن و ئەو هەلە زێرینەی ڕەخساوە لە كیس نەدەن. هەر دڵسۆزێك كە لە وڵاتانی بیانیش دەگەڕایەوە كوردستان، بەپێی بۆچوون و شوێن و توانای دەكەوتە تەقەلادان بۆ ئاگربڕی و یەكێك لەو كوڕەپەروەرانە شاعیر عەبدوڵا پەشێو بوو كە لە مانگی ئابی ١٩٩٤دا گەیشتەوە كوردستان و ڕۆژی ١٢/٨/١٩٩٤ لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر لە كۆبوونەوەیەكی فراواندا یەكجار بوێرانە و مێرانە ڕەخنەی ڕەوای خۆی و دڵبریندای بەرامبەر بە كێشە و شەڕەكان پێشكەش بە جەماوەر كرد و دژی عەقڵیەتی میلیشیایی و خۆسەپاندن بەسەر خەڵكی كوردستان و شەڕی كوڕە كوردكوژیدا ناخی دەروونی كردەوە و كەوتە هاواركردن لە چەند پارچەشیعرێكیدا وەكوو شیعری (براكوژی) و (برسیەتی چەك) و ...تاد و زەنگێكی ترسناكی لێ دا و ئەمەش چەند نموونەیەكە لە شیعرەكانی:

زەنگ لێ دەم كاسەتان دەكەم پڕ بە گەروو دەقیژێنم
لە ڕوانگاوان شەپۆل دەخەمە سەر پاش و
هەوای مەیوی دەوروژێنم دڕك لە چاوتان ڕادەكەم
كە براكوژێك دەبینم باوەڕ بكەن ڕشانەوەم دێ
تا بەیانی عەدا دەدەم دائیم ئەودیو و ئەودیو دەكەم
(لە دیوانی (براكوژی)یەوە وەرگیراوە)

براکوژییەکە کاریگەرییەکی خراپی کردە سەر ژیانی خەڵکەکە و کۆمەڵێک ڕووداو و لاپەڕەی ڕەشی بە دوادا هات، چەند جاریش سەرکردایەتیی دوو هەێزە سەرەکییەکە (یەنک و پدک) پەنایان بردووەتە بەر داگیرکەران و داوای کۆمەکە و پێشتگیرییان لێ کردوون و بۆ ئەوەی هەریەک چۆک بە نەیارەکەی دانەوێنێت. جروفرتەکەی ئێوانیشیان خوێنی سەدان ڕۆڵەی کوردی تێدا بە فیڕۆ چووە.

لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٨دا ڕێککەوتننامەیەک لەنێوان سەرکردایەتیی هەردوو پارتی لە ژێر چاودێری وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە واشنتۆن مۆر کرا و لەوساوە کوردستانی باشووری هێمنی و ئارامی بە خۆوە گرتووەتەوە و گفتوگۆ و دیدەنیش لەنێواندا بەردەوامە و هەردوو لا جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە سوورن لەسەر ڕێککەوتنەوەی پنەڕەتیو خەڵکی کوردستان لە چاوەنۆڕکردندا ماندوو و بێزارە.(×)

لەو کاتەوە کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (٩٨٦)ی

---

(×) بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٣٢ ساڵ بەسەر دەستگرتنی پارتیی بەعسی عیراق بەسەر حوکمڕانیی وڵاتەکەدا، ناوەڕاستی مانگی تەممووزی ٢٠٠١ سەرۆککۆمار سەدام حوسێن لە گوتارێکیدا بە سووکایەتیپێکردنەوە بانگی (پدک و یەنک)ی کرد بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی ئەو و ئێوارەی ٢٠٠١/٧/٢٧ تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی بەیاننامەی هاوبەشی سەرکردایەتیی هەردوو پارتیی بڵاو کردەوە و بە ڕێکوپێکی و هەڵوێستی ڕەوا و ڕاست و بە ڕاکشاوی بەرسڤیان دایەوە، کە گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی هەمیشە ئامادە بوون کە بە گفتوگۆی ئاشتیبانە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بە ئەنجام بگەیەنن و جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە بەبێ سازکردن زەمینەیەکی لەبار، پڕ لە بڕوا و متمانە بە یەکتر، گفتوگۆکردن بێ سوود و مەحاڵە. لە بەیاننامەکەشدا ئاماژەیان بە سیاسەتی شۆڤێنیستانە و دابڵۆسیتی عیراق کرد، کە چۆن بە درێژایی تەمەنی هاتنە سەر حوکمیان هەر خەریکی ڕاگوێزان و بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان.

وەرگرتووە، کە بە ناوی (پێداویستییەکان بەرانبەر بە نەوت) ناسراوە، خۆشبەختانە، بەشی کوردستانی ١٣٪ی پارەکەی بۆ تەرخان کراوە و ئەو پارە و کەلوپەلەی تا هەنووکە گەیشتووەتە کوردستان ڕۆڵێکی دیاری بینیوە لە بووژانەوەی جەماوەرەکە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، کە دیکتاتۆرەکانی بەغدا هێنابوویانە سەر وڵاتەکەمان.

لە ڕووی فیکری، نەفسی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا هاتووە. دەروازە لە پێش ڕۆشنبیر و هونەرمەندان و پێشکەوتووخوازاندا کراوەتەوە و بێجگە لە پارتییەکای بەرەی کوردستان، چەندین پارتی و گرووپ و کۆمەڵ و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی پێک هاتوون[×] و پرۆگرام و پێڕەوی زۆربەیان لە قەوارەی ئامانجی

(×) پارتیی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق: لە دوای ڕاپەڕینی پیرۆزی گەلی کوردستانی باشووری ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم، کەشوهەوایەکی لەبار هاتە کایەوە بۆ کارکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەنووکە ژمارەی ئەو پارتی و کۆڕ و کۆمەڵانەی دامەزرێنراون فرە زۆرە. کۆڕ و کۆمەڵەش هەن و بواری کارکردنی یاساییان پێ نەدراوە، بەڵام بە نهێنی کار دەکەن. یەکێک لەو گرووپانە گرووپێکن بە ناوی (پارتیی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراقی) و وا لێرەدا چەند ڕستەیەک تۆمار دەکەم، کە لە بڵاوکراوەکانی خۆیان وەرمگرتوون: "پارتیی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق لە ٢١ی تەممووزی ١٩٩٤دا، دوای تێکۆشینێکی سەختی بزووتنەوەی چەپی شیوعی و کرێکاری عیراق بنیات ترا. لە کۆبوونەوەی فراوان و ئاهەنگێڕان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی عیراق، کە هەزاران کرێکار و هەزاران بەشدارییان تێدا کرد و پارتییەکە دامەزرێنرا، لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست: یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستیی کرێکاری و کۆمەڵەی یەکێتیی چینی کرێکاران کە بە نهێنی لە خوارووی عیراقدا تێدەکۆشن، پێکهاتووە. سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٨ پارتییەکەمان کۆنگرەی یەکەمی خۆی ساز کرد لە پێناو بەرژەوەندیی هەژاران و چینی کرێکاردا دەخەبتن. چەند ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەن پشت و پەنای پارتییەکەن وەک ڕێکخراوی ئافرەتانی سەربەخۆ، یەکێتیی مامۆستایانی سەربەخۆ، یەکێتیی قوتابییان و ڕۆشنبیران و فیدراسیۆنی گشتیی یەکێتیی بێکارانی کوردستان." (ڕۆژی ٢٠٠١/٢/٩ لە ئینتەرنێت کورتەیەکیان دەربارەیان بڵاو کرایەوە، "نبذە موجزە عن الحزب الشیوعی العمالی العراقی" و لەوێوە وەرگێڕاوە.)
گەلێک سەرچاوە لە ئەورووپا ڕادەگەیەنن کە ئەم ڕێکخراوە دەستکردی پارتیی کۆمۆنیستیی ئێرانە کە مەنسووری حیکمەت ناوێک ڕێبەرایەتی دەکات. (دەربارەی مەنووسەری حیکمەت لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا چەند دۆکیومێنتم بڵاو کردووەتەوە و تکایە بڕوانە ئەوێ.) هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێت کە کۆمەک و یارمەتییان لە هەندێک دامودەسگای وڵاتانی بیانییەوە پێ دەگات.

پێشکەوتووخوازی و بەرژەوەندیی زۆربەی خەڵکی کوردستان دەرناچێت.
ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆر، سەدان نامیلە و کتێبی جۆراوجۆر بڵاو کراونەتەوە، زانکۆ و فێرگەی جۆراوجۆر کراونەتەوە و خوێندن و خوێندەواری ڕوو لە زیادبوونە. تا سنوورێک ژیانی دیموکراتی پیادە دەکرێت و گۆڕانکاری و پێشکەوتن، بەپێی پێداویستییەکانی سەردەم و مرۆڤایەتی، ئەنجام دەدرێن. ماوە لە پێش فرەلایەنی و ئازادیی بیروبڕوادا ئاوەڵایە، وەلێ کەموکورتی و شاشی زۆر ماوە و پێویستە چارەی ڕەوایان بۆ بدۆزرێتەوە.
گشت پارتی و هێز و دڵسۆزانی نەتەوەکە، بەتایبەت لەم قۆناغە ناسکەدا یەک و پەک، گەورەترین بەرپرسیاریی مێژووییان بەرامبەر بە ئاییندەی چل ملیۆن کوردی وڵاتی پارچەپارچەکراو و بێمافیان لە ئەستۆدایە. چونکە سەرجەم هیوا و خواستی نەتەوەکە ڕووی داوەتەوە ئەو پرۆسەیەی لە کوردستانی باشووردا پراکتیزە دەکرێت. پێویستە ئەو هەلە زێرینەی ڕەخساوە لە بیلبیلەی چاو و بەهاترین شت لە دونیا، بە هەموو هێز و تواناوە پارێزگاری لێ بکرێت. لە گشت شێمای لەناوچوون دوور بخرێتەوە. ئاواتی نزیک و دووری زۆرینەی ئەو پارتی و کۆڕ و کۆمەڵانەی لە گۆڕەپانەکەدا دەخەبتن بە هێزی چەپ دەژمێردرێن، لە چەپی مارکسیستەوە تا چەپی نەتەوەیی، هۆکارەکەش لە ڕووی تیۆری و چینایەتییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان، خەبات و قوربانیدانی گەلێکی مافخوراوی ستەمدیدەیە بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین لە بەرژەوەندیی سەرتاپای گەلەکەدایە.

سەرچاوەکان:
١- بڕوانە: عشره ايام هزت العالم، جون ريد، ترجمه دار التقدم، موسكو
٢- لا اصدقاء لهم سوى الجبال، هارفي موريس، جون بلوج، ترجمه، راج ال محمد
٣- جريده العرب، بغداد، ١٩١٩/٩/٥
٤- جريده العراق، بغداد، ١٩٢٠/٢/٧
٥- بڕوانە: اغد ديمقراطي ام حرمان شعب، من منشورات الاتحاد الوطني الكردستاني
٦- د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی کورد.
٧- بڕوانە: د. كمال مظهر، دور الشعب الكردي في ثوره العشرين.
٨- هەمان سەرچاوە، ص٥٦
٩- مجله الثقافه الجديده، حسين عوسمان تركسجاري، العدد٢٩١، تشرين الثاني ١٩٩٩
١٠- الحركه الكرديه في العصر الحديث، مجموعه من علماء السوفيت، ص١٠٢
١١- ويلسون، مسيوبوتاميا، مابين ١٩١٧-١٩٢٠، ج١٤٤
١٢- د. حنا بطاطو، العراق، الجزء الثاني، ص٣٨٢
١٣- د. كمال مظهر، دور الشعب الكردي في ثوره العشرين، ص١٢٦
١٤- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانيه، ص١٠٥
١٥- الحركه الكرديه في العصر الحديث، مجموعه من علماء السوفيت، ص١٠٨
١٦- د. حنا بطاطو، العراق، الجزء الثاني، ص٤٥
١٧- زكي خيري، د. سعاد خيري، صدى الستين، ص٢٤٨
١٨- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانيه، ص١٠٨
١٩- د. كمال مظهر، الحركه القوميه في كردستان العراق، ص١٠٤
٢٠- بڕوانە: د. كمال مظهر، صفحات من تاريخ العراق المعاصر.
٢١- محمود الدوره، القضيه الكرديه والامه العربيه في العراق، ص٧٧
٢٢- محەمەد ڕەسول هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان، بەرگی دووەم، ل١١٥-١٤٠
٢٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥
٢٤- هەمان سەرچاوە، ل٤٢٥
٢٥- د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ل١٥٩
٢٦- ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم، ل١٦
٢٧- هەمان سەرچاوە، ل٢٦
٢٨- محەمەد ڕەسول هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل٤١٩-٤٢١
٢٩- د. عزيز شمزيني، حركه التحرر الوطني الكردستاني، ص١١٣
٣٠- الحركات الكرديه في العصر الحديث، مجموعه من علماء السوفيت، ص١٣٥
٣١- هەمان سەرچاوە، ص١٣٦
٣٢- محەمەد ڕەسول هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان، بەرگی دووەم، ل٤٢٢
٣٣- حسرتيان، كوردستان تركيا بين الحربين العالميين، ص٥٥
٣٤- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، المجلد الاول، ص٢٢٤
٣٥- بڕوانە: د. عزيز الحاج، القضيه الكرديه في القرن العشرين.
٣٦- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص١٨٥

٣٧- د. حنا بطاطو، العراق، الجزء الثاني، ص٤٧-٤٨
٣٨- ديوانی حاجی قادری کۆیی، کەریم شارەزا، سەردار میران.
٣٩- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص٢٠٢-٢٠٤
٤٠- محەمەد رەسول هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان، بەرگی دووەم، ل٦٠٤
٤١- الحركات الكرديه في العصر الحديث، مجموعه من علماء السوفيت، ص١٥٠
٤٢- د. حنا بطاطو، العراق، الجزء الثاني، ص٤٧-٤٨
٤٣- محەمەد رەسول هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان، بەرگی دووەم، ل٧٠٢
٤٤- ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، ل٣٠-٣١
٤٥- د. سعاد الخيري، صدى السنين، ص٢٤٦
٤٦- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص٦٤-٦٥
٤٧- نەوشیروان مستەفا، کردستانی عیراق، سەردەمی قەڵەم و مراجعات، ل١٨-١٩
٤٨- ئارا خاچادور، لمحات عن نشوء وتطور الحركه النقابيه في العراق، ص١١
٤٩- مستەفا نەریمان، گۆڤاری رەنگین، ژمارە ٩، تەمموزی ١٩٨٨
٥٠- د. كمال مظهر، الحركه القوميه في كردستان العراق، ص١٢
٥١- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص٦٣-٦٥
٥٢- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص٢٢٦
٥٣- نەوشیروان مستەفا، کردستانی عیراق، سەردەمی قەڵەم و مراجعات، ل٢٤٤
٥٤- ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، ل٧٩
٥٥- نەوشیروان مستەفا، کردستانی عیراق، سەردەمی قەڵەم و مراجعات، ل٢٤٦
٥٦- ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، ل٨٢
٥٧- نەوشیروان مستەفا، کردستانی عیراق، سەردەمی قەڵەم و مراجعات، ل١٤١
٥٨- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص٢٢٩
٥٩- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص٦٧
٦٠- الحركات الكرديه في العصر الحديث، مجموعه من علماء السوفيت، ١٧٠-١٧٢
٦١- نەوشیروان مستەفا، کردستانی عیراق، سەردەمی قەڵەم و مراجعات، ل٢٣٦-٢٣٧
٦٢- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص٩٢
٦٣- د. حنا بطاطو، العراق، الجزء الثاني، ص٥٢
٦٤- رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپی لەندەن، ٥/٥/٢٠٠٠
٦٥- د. سعاد الخيري، صدى السنين، ص٢٤٩
٦٦- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص١٢٢
٦٧- ادمون غريب، الحركه القوميه الكرديه، ص١٥٠
٦٨- عبدالغني الملاح، تاريخ الحركه الديمقراطيه في العراق، ص٩٠
٦٩- ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی سێیەم، ل٨٦-٩١
٧٠- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص٢٣١
٧١- نەوشیروان مستەفا، کردستانی عیراق، سەردەمی قەڵەم و مراجعات، ل٢٦١ تا ٢٦٧
٧٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٥
٧٣- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص١٣٨-١٣٩
٧٤- هەمان سەرچاوە، ص١٥٧

٧٥- هەمان سەرچاوە، ص٢٠١ تا ٢٠٨
٧٦- مذكرات ساطع الحصري، ص٥٤٨
٧٧- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص٣٢٦
٧٨- هەمان سەرچاوە، الجزء الرابع، ص٩٠
٧٩- ئارا خاچادور، لمحات عن نشوء وتطور الحركه النقابيه فى العراق،
٨٠- د. حنا بطاطو، العراق، الجزء الثاني، ص٩٠
٨١- زكي خيري، دراسه في تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، ص٢٩
٨٢- هەمان سەرچاوە، ص٤٨
٨٣- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص١٤٠
٨٤- هەمان سەرچاوە، ص١٥٥
٨٥- هەمان سەرچاوە، ص١٤٢
٨٦- هەمان سەرچاوە، ص١٤٦
٨٧- رۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاپی لەندەن، ژمارە ٦٢، ١/٤/١٩٩٩
٨٨- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص٢٢٢
٨٩- هەمان سەرچاوە، ص٢٩٢
٩٠- زكي خيري، دراسه في تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، ص٤٥
٩١- د. حنا بطاطو، العراق، الجزء الثاني، ص٩٦
٩٢- هەمان سەرچاوە، ص٢٠
٩٣- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص٣٣٦
٩٤- العراق بين الانقلابين، محەمەد الباقی
٩٥- نامیلکەی العرب والاكراد، برایم ئەحمەد، ١٩٣٧
٩٦- الكرد وكردستان في الوثائق البريطانيه، ص٢٣٦
٩٧- العراق مذكرات الدبلوماسيي الاجانب، نجده فتحي صفوه، طبعه ١٩٦٩
٩٨- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء الثالث، ص٥٠
٩٩- هەمان سەرچاوە، ص١٦٠
١٠٠- نوری شاوەیس، بیرەوەرییەکانم، ل١٠
١٠١- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص٩٢
١٠٢- نوری شاوەیس، بیرەوەرییەکانم، ل١٩
١٠٣- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص١٢
١٠٤- هەمان سەرچاوە، ل١٠٠
١٠٥- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص٢٣٦
١٠٦- جەلال تاڵەبانی، کوردایەتی، ل٨٥
١٠٧- د. سەید عەزیز شەمزینی، بڕوانە: بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان
١٠٨- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص١٠١
١٠٨- گۆڤاری مامۆستای کورد، گفتوگۆی فەرهاد شاکەلی لەگەڵ عەزیز محەمەد، ١٩٨٦
١٠٩- بڕوانە: جريده الاتحاد، العدد٩، ٢٦/١١/١٩٩٢
١١٠- زكي خيري، د. سعاد خيري، دراسه في تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، المادة الخامسة، ٨٥
١١١- د. حنا بطاطو، العراق، الجزء الثاني، ص٤٠٦

١١٢- زكي خيري، د. سعاد خيري، دراسه في تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، ص١٧٠
١١٣- هەمان سەرچاوە، ص١٥٠
١١٤- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص١٣١
١١٥- د. سەيد عەزيز شمزينى، بزووتنەوەى ئازاديخوازى كوردستان، ل١٣٣
١١٦- سالح حيدري، لمحات من تاريخ الحركه الوطنيه الثوريه في كردستان، غير مطبوع، ص٢٣
١١٧- د. سەيد عەزيز شمزينى، بزووتنەوەى ئازاديخوازى كوردستان، ل١٣٤
١١٨- جەلال تالەبانى، كردستان والحركه الوطنيه، ص٨٧
١١٩- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص١١٤
١٢٠- شيرزاد محەمەد، نضال الاكراد، چاپى قاهيره.
١٢١- د. سەيد عەزيز شمزينى، بزووتنەوەى ئازاديخوازى كوردستان، ل١٣٥
١٢٢- مسعود البارزاني، البارزاني والحركه التحرريه الكرديه، ص٥٣-٦١
١٢٣- زكي خيري، د. سعاد خيري، دراسه في تاريخ الحزب الشيوعي...، ص١٥٠-١٥١
١٢٤- هەمان سەرچاوە
١٢٥- عەلائەدين سەجادى، شۆرشەكانى كورد، ل١٨٧
١٢٦- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقيه، الجزء السابع، ص١٢٤
١٢٧- بڕوانە ڕۆژنامەى التاخى، ١٩٧٢/٥/٦
١٢٨- جەلال تالەبانى، كردستان والحركه الوطنيه، ص١٤٢
١٢٩- نورى شاوەيس، بيرەوەرييەكانم، ل٣٦
١٣٠- سالح حەيدەرى، يادداشتى چاپنەكراو، ل٨٦-٨٧
١٣١- على عبدالله، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني، من موتمره التاسيسي الى موتمره الثالث.
١٣٢- د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والاحزاب الكرديه في نصف قرن، ص١٥٤
١٣٣- هەمان سەرچاوە، ص١٥٥
١٣٤- زكي خيري، د. سعاد خيري، دراسه في تاريخ الحزب الشيوعي...، ص٣١٤
١٣٥- هەمان سەرچاوە، ص٣١٣
١٤٦- هەمان سەرچاوە، ص٣١٤
١٤٧- د. كنعان مكيه، القسوه والصمت، ص١٣٧
١٣٨- جوناسان رندل، امه في الشقاق، ص٢٨٧
١٣٩- د. كنعان مكيه، القسوه والصمت، ص١٥٧
١٤٠- جوناسان رندل، امه في الشقاق، ص٣٠٥
١٤١- هەمان سەرچاوە، ص٣١١

تێبینی: جگە لەمانە لە بەشی زۆری پەراوێزەکانیشدا ئاماژە بەو سەرچاوانە کراوە کە زانیارییان لێوە وەرگیراوە.

# بەشی شەشەم: کوردستانی باشووری بچووک

## ١- کورتەیەک دەربارەی سوریا

دوو هەزار ساڵ زیدەتر لەمەوبەر، پێش پەیدابوونی ئایینی مەسیحی، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەرەڕێگا و شوێنی شەپۆل و شەڕ و پێکدادانی نێوان هێزە بەتوانا و دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەم بووە وە بە سەرهەڵهێنان و گەشەکردنی ئایینی مەسیحی، زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمەکە چوونەتە ژێر ئاڵای ئەو ئایینە نوێیەوە. بیزەنتییەکانی ڕۆژهەڵات کە شاری ئەستەنبوڵ پایتەختیان بووە، ماوەیەکی دوورودرێژ بە هێزی سەرەکی دەژمێردران و دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمەکەدا دەگەیشت.

هەر کە ئایینی ئیسلامی لە شاریی مەککە پەیدا بوو و بڵاو بووەوە، زۆری نەخایاند باکووری نیمچەدوورگەی عەرەبی (شمال شبه الجزیره العربیه) کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی و زۆرینەی دانیشتووانی ئیسلامبوونی خۆیان ڕاگەیاند، ڕووی ژیانی فیکری و کۆمەڵایەتییان گۆڕانی بەسەردا هات.

لە دوای تێکچوونی دەسەڵاتی خەلیفەکانی ڕاشدین کە (٣١) ساڵ تەمەنی بوو، دەوڵەتی ئەمەوی دامەزرێنرا و شاری شام (دیمەشق)یان کرد بە پایتەختی دەوڵەتەکەیان و وازیان لە سیستێمی شورا و هەڵبژاردن هێنا. ڕژێمەکەیان کرد بە پاشایەتی و بنەماڵە و ڕەچەڵەک (مەلیکایەتی). ناوەندی بزووتنەوەی ئایینی ئیسلامی کەوتە دەستی ئەوان، بەردەوام بوون لە پەلاماردان و هێرشبردن بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەریان، لە ژێر دروشمی بڵاوکردنەوەی ئاڵای ئایینی ئیسلامدا دەجەنگان و گەل و خاکی کوردستانیش بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی ئەمەوییەکان.

هەر لە سەرەتادا کوردەکان یەکجار بە پاکی و دڵسۆزی، ڕاستگۆیانە و بە بڕوای تەواوەوە، کەوتنە خزمەتکردنی دەوڵەت و ئایینی ئیسلام. بە گوێش و

---

(×) دەوڵەتی ئەمەوی لە ٦٦١ی زایینەوە تا ٧٥٠ی زایین درێژەی کێشا.

جۆش و سەرگەرمانە قوربانییان دەدا لە پێناو بڵاوبوونەوە و بەرگریکردن لە ئایینی ئیسلامدا بێ وچان تێدەکۆشان. لاپەڕە دێرینەکانی مێژوو پڕن لە گەواهی ئەوەی کە زانا و شارەزا و ناودارانی کورد کە بە بەهاترین کار و کردەوە و بەرهەم سوودیان بە ئایینی ئیسلام گەیاندووە.

زۆری نەخیاند، هەر لە سەرەتای پەلهاویشتنی ئایینی ئیسلامەوە بە دەوروبەریدا، کێشە و ناکۆکی و دووبەرەکیی بنەماڵەیی و مەرجی دەسەڵات گرتنە دەست لە ڕیزی ڕابەرانی دەستەی یەکەمی ئایینەکدا سەری هەڵدا و لاوازی و پارچەپارچەی کەوتە نێویان و خوێنی تێدا ڕژا.

لە ئاکامی شەڕی نێوخۆ و بنکۆلکردندا دەوڵەتی ئەمەوی ڕووخێنرا و بنەماڵەی عەباسییەکان دەستیان بەسەر حوکمدا گرت و پایتەختی دەوڵەتەکەیان بۆ عیراقی عەرەبی گواستەوە.

لە ماوەیەکی کورتدا، خەلیفەکانی عەباسی کە بە ناوی خەلیفەی ئیسلامەوە حوکمیان دەکرد، پەیدەرپەی، هێدی هێدی، لە ڕێبازی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام لایان دا و کەوتنە ژێر باری خۆشی و تاموچێژی دونیاییەوە. کورد و گەلەبەری زۆر ڕیزەکانیاندا پەیدا بوون و ڕەچەڵەکی تری وەکوو فارس و تورک کەوتنە ڕیزی سیستێمەکەوە و هەندێک جار ڕۆڵی سەرەکیی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتەکەیان دەکەوتە چنگ و دەروازەش لە پێش دوژمن و نەیارانی دەوڵەتی ئیسلامیدا کرایەوە.

مەسیحییە خاچهەڵگرەکانی ئەوروپا ماوەی (١٢٠) ساڵ دەستیان بەسەر شوێنە پیرۆز و ئایینییەکانی لێواری ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا گرت. بە بۆچوون و بیر و لێکدانەوەیان، خۆیان وا ڕەگازۆ کرد کە هەتاهەتایە خاکی قەلەستین و هەندێک شوێنی تر قەت لە ژێر دەسەڵاتیان دەرنەچێت و بە یەکجارەکی ببێت بە بەشێک لە وڵاتی مەسیحییەکان.

کەچی ساڵی ١١٨٦ زایین هێرشێکی سوپای ئیسلامییەکان بە ڕابەرایەتیی قارەمانی کورد سەلاحەدینی ئەیوبی توانی لە شەڕی (حطین)دا سوپای

داگیرکەرانی ئەوروپایی بشکێنێت و شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و ئەو هەرێمانەی لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوون، ڕزگاریان بکات. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش وە دەریان بنێت و بە سەرشۆڕی و شکاوی بۆ ئەوروپا بگەڕێنێتەوە.

دەوڵەتێکی ئایینی بە ناوی دەوڵەتی ئەیوبی بنیات نا و لە ساڵی ۱۱٦۹ تا ۱۲۵۰، بۆ ماوەی (۸۱) ساڵ، سوریا، لوبنان، میسر، فەلەستین، یەمەن و بەشی زۆری خاکی کوردستانی گرتەوە. لە دوای قارەمانێتیی سەلاحەدین و بنیاتنانی دەوڵەتی ئەیوبی کە شام پایتەختیان بوو، ناوی کورد و کوردستان بڵاو بووەوە و لە ناخەڵێوەدا وڵاتەکە بە تەواوی کەوتە بەر شەپۆلی هێرشی مەغۆل و تەیمووری لەنگ و عەشیرەتە ڕەوەند و گەڕۆکەکانی تورک. لە دواییشدا خێڵەکانی تورک لە ژێر پەردە و ناوی ئایینی ئیسلامدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دامەزراند،(×) کە زیدەتر لە (۵۰۰) ساڵ وڵاتانی عەربی و باکووری ئەفریقا و بەشی هەرەزۆری خاکی کوردسان و چەندین وڵات و شوێنی تریان کۆلۆنی کرد.

---

(×) ساڵی ۱٤۱۰ زایین دەوڵەتی عوسمانی بنیات نرا.

## ٢- کورد و سوریا لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا

عەشیرەتە ڕەوەندەکانی ناوەڕاستی ئاسیا لە ئەنادۆڵ جێگیر بوون و خۆیان چەسپاند و کەوتنە دەستدرێژیکردن و پەلاماردان بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەریان، بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستان و وڵاتانی عەرەبییان داگیر کرد، وایان ڕادەگەیاند و پروپاگەندەیان بڵاو دەکردەوە، کە جێگری خەلافەتی ئیسلامین و پارێزگاری لە ئایینەکە دەکەن. حوکمڕانییەکی کۆنەپەرستی ستەمکارانەی سیوکراتییان(×) بنیات نا و بە ئەوپەڕی توندوتیژ و دڕندانە و عەقڵیەتی خێڵەکی کەوتبووتە گیانی گەلانی ژێر دەستیان. شەپۆلی هێرش و پەلاماردنەکانیان لە باکووری ڕۆژئاوا و باشووری ئەنادۆڵ تا سنوورێک کۆسپ و بەرهەڵستی سەخت و دژواریان نەدەکەوتە پێش، کەچی بە پێچەوانەوە لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتەکەیاندا هێزەکانی دەوڵەتی ئێران و ڕووسیای تساری ماوەیان پێ نەدەدان کە بەرەوپێش بڕۆن و زەبر و زیانی زۆریان پێ دەگەیاندن و ناچار کران لە چاڵدیران،(××) ساڵی ١٥١٤، ڕێککەوتننامەیەک لەنێوانیاندا مۆر کرا و شاخی زاگرۆس کرا بە سنووری سروشتیی نێوان هەردوو دەوڵەت.

لە یاداشتی ئەو ئازایەتی و قوربانیدانانەی کوردەکان بۆ پاراستنی هێز و ناو و توانای دەوڵەتی عوسمانیدا بەخشییان، سوڵتان سەلیم بەڵگەنامەیەکی بۆ (٢٣) میرنشین کورد مۆر کرد، کە سەربەخۆیی ئەمارەتەکانیان دەپارێزرێت و تەنیا پەیوەندییەکیان بە ئەستەمبوڵەوە دەبێت. بۆ ماوەی (١٥٠) ساڵ پارێزگاری لە ڕێککەوتننامەکە کرا. ساڵی ١٦٨٣ سوڵتان سولێمانی دووەم

---

(×) سیوکراتی: بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لە ژێر پەردەی ئاییندا بە ڕێبازێکی دیکتاتۆری.

(××) چاڵدیران: ناوچەیەکە کەوتووەتە باکووری ئازربایجانی ئێرانەوە، شەڕێکی قورس لەنێوان ئێرانییەکان بە ڕابەرایەتیی شا ئیسماعیلی سەفەوی و هی دەوڵەتی عوسمانی بە ڕابەرایەتیی سوڵتان سەلیمی یەکەم لەوێدا ڕوویدا. ڕێککەوتننامەیەک بە ناوی شوێنەکەوە مۆر کرا و بۆ یەکەم جار خاکی کوردستان کرا بە دوو پارچەوە.

کەوتە گیانی کوردەکان و ساڵی ١٨٣٤ بە یەکجارەکی سوڵتانەکانی عوسمانی ئاڵای داگرتنی تێکڕای ئەمارەتەکانی کوردیان بەرز کردەوە و وەک سەختترین دوژمن کەوتنە ڕەفتارکردن لەگەڵ گەلی کوردستان. بە فرتوفێڵ و پیلانگێڕان ئەمارەتی سۆرانیان لەناو برد. بە هێز و هێرشی سەخت و چڕوپڕ ئەمارەتی بۆتانیان خاپوور کرد، کە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر باشووری بچووکدا هەبوو.

لە هەمان ڕۆژگاردا ڕابەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕێبازی نەرمونیانی و ڕازیکردنی سەرۆکعەشیرەت و پیاوانی ئایینی کوردیان پێڕەو دەکرد و لە ژێر پەردەی دڵسۆزی و پاراستنی ئایینْدا بە بەخشینی سامان و پارەوپووڵ دەیانکردن بە نۆکەر و ئەڵقەلەگوێی خۆیان. ژمارەیەکی زۆریان لێ دەکردن بە کارگێڕی ئیداریی مەزن و ئەفسەر، کار و ئەرکی گرنگیان پێ دەسپاردن، تەنانەت تا ماوەیەک هێزێکی گەڕۆکی سەرکوتکەری ترسناکیان بە ناوی هێزی (حەمیدیە) لێ پێکهێنابوون و وەک ئامرازێکی گورجوگۆڵی بەر دەست دژی یاخیبوون و بەرهەڵستکاران بە کاریان دەهێنان.

## ٣- باشووری بچووک لە دەوروبەری جەنگی یەکەمی جیهانیدا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەدا لاوازی و گەندەڵی لە گشت دامودەسگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا تەشانای کردبوو، وڵات و هەرێم نەمابوو دیاردەی نزیکبوونی تێکچوون و لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتەکەی لێ بەدی نەکرێت، بە ناوی (پیاوە نەخۆشەکە)وە ناوی دەهێنرا و سنوور و کۆنترۆڵ و دیسپلینێکی ئەوتۆ لە کاروبارەکانیدا نەمابوو. زانا و پسپۆر و سیخوڕەکانی وڵاتە ئیمپریالیست و سەرمایەدارە مۆنۆپۆڵییەکان بەپێی خواست و ئارەزووی خۆیان گەڕ و سووڕیان بە درێژایی و پانایی وڵاتەکانی ژێر چنگی دەوڵەتی عوسمانیدا دەکرد. زانیاریی ورد و تێروتەسەلیان کۆ دەکردەوە و لە نزیکەوە دەیانزانی چ ناوچەیەک پڕە لە سەرچاوەی نەوت و میتاڵی جۆراوجۆر و زەنگین و بەپیت بەرەکەتە.

کات زۆر بەسەر هەڵگیرسانی جەنگەکەدا تێپەڕی نەکردبوو و دەوڵەتی عوسمانی تووشی تەنگانە و سەرلێشێواوی هاتبوو و ساڵی ١٩١٥ کەوتە قڕکردنی گەلی ئەرمەن و بە گەورەترین تاوانی مێژووی هەڵسا. لە ماوەیەکی کورتدا زێدەتر لە یەک ملیۆن ئەرمەنییان لەناوبرد، بە هەزارانیش شوێن و ماڵ و سامانی خۆیان بە جێ هێشت و رایانکرد. لە هەمان رۆژگاردا بە فەرمانی سوڵتان (٧٠٠)هەزار کوردیان بە خاووخێزانەوە لە ناوچەکانی سەرسوور بۆ رۆژئاوای ئەنادۆڵ دوور خستەوە و بە هۆی سەختیی کەشوهەوا و سەرماسۆڵ و برسێتییەوە، هەر بە رێگاوە هەزاران ژیانیان لە دەست دا و لە فەرمانەکەدا هاتبوو کە هەر دە خێزانی کورد لەنێوان ١٠٠ خێزانی تورکدا دابەش بکرێن [1] ژمارەیەکی زۆریش پەنایان بردە بەر خێڵ و عەشیرەتەکانی ناوچەکانی تری کوردستانی باشوور و باشووری بچووک و بە هەژاری و دەردەسەری خۆیان شاردەوە.

لەنگەری بەرەی شەڕەکان بۆ بەرژەوەندیی بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان وەردەرچەخا و ئەوانیش: سەرگەرمانە، کەوتبوونە داڕشتنی نەخشە و پلان لەسەر ئایندەی ئەو وڵاتانەی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانەیوە کۆڵۆنی کرابوون، تا هەر کە جەنگەکە کۆتایی پێهات، بزانن چۆن و بە چ شێوەیەک وڵاتەکە لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن.

ساڵی ١٩١٦ رێککەوتننامەیەک لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی بریتانیا، فەرەنسا و رووسیای تساریدا مۆر کرا، کە لە دواییدا لە جیهاندا بە رێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ) ناسێرا.

## ٤- باشووری بچووک و سوریا لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا

بە تێکشکاندنی بەرەی وڵاتانی محودر (ئیمپراتۆریەتی عوسمان و ئەڵمانیا و نەمسا) ناوەڕاستی ١٩١٨ لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، شاری ئەستەنبوڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی دەوڵەتەکانی هاوپەیمانەوە و هەندێک لە

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن هێزەکانی فەرەنسا (سوریا و لوبنان) و بریتانیا (عیراق و فەلەستین) داگیر کران. کێشە و بگرەوبەردەی توند و دژوار لەنێوان هەردوو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکەدا سەری هەڵدا.

ڕۆژی ١٩٢٠/٤/٢٢ بەپێی ڕێککەوتننامەیەک کە لە (سان ڕیمۆ)[×] ئەنجام درا، سوریا و لوبنان کەوتنە ژێر چنگی فەرەنساوە و عیراق و فەلەستینیش بۆ بریتانیا. مشتومڕی زۆر لەسەر دابەشکردنی خێروبێری نەوت لە کایەدا بوو و چارە بۆ ئەوەش دۆزرایەوە. ساڵی ١٩٢١ حکوومەتی فەرەنسا خۆی لە شارەکانی جەزیرە، نوسەیبین، ئورفە کێشایەوە و گەڕێنرانەوە سەر ئاسیای بچووک.[××](٢)

لە دوای بڕیاری کۆنگرەی (لۆزان) ساڵی ١٩٢٣ خاکی کوردستان کرا بە چوار پارچەوە، هێڵێکی بە درێژی (٣٧٥) کیلۆمەتر بە سنووری نێوان سوریا و تورکیادا دانرا. بەبێ ئەوەی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی سروشتی هەبێت. پانتایی هەموو سوریا ١٨٠هەزار کیلۆمەتری دووجایە و کوردستانی باشووری بچووکیش ١٨/٣٠٠هەزار کیلۆمەتری دووجایە.(٣) سنووردانانەکە لەتکردن و تێکهەڵکێشانی کرچی نابەجێی نێوان هەرێمە کوردنشینەکە و هەندێک ناوچەی بچووکی عەرەبنشینی دروست کرد. ئاکامەکەشی یەکجار بە گران و پڕ زیان کەوتووەتەوە لەسەر گەلی کوردستان. بەپێی سەرژمێریی ئەو سەردەم ژمارەی کوردەکانی باشووری بچووک بە ٢٥٠ هەزار کورد دادەنرا.(٤)

ژمارەیەکی زۆری لە خێزان و کەسایەتیی ناودارانی کورد، کە بەشێکیان لە

---

(×) سان ڕیمۆ: شارێک ئیتالیایە، کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەوە و نزیک بە سنووری فەرەنسا و مۆناکۆ و کەوتووەتە سەر دەریا. ژمارەی دانیشتووانی ٦٠هەزار کەسە شارێکی قەشەنگە و بە گوڵ و جوانی ناسراوە.

(××) هەروەها ساڵی ١٩٣٨ حکوومەتی فەرەنسا بەندەری ئەسکەندەروونەی دایە حکوومەتی تورکیا، کە ژمارەیەکی زۆری کورد لە هەرێمەکەدا هەیە. بەرانبەر بەوە تورکیاش باکووری شاری حەلەبی بۆ سەر سووریا گەڕاندەوە.

سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبییەوە لە هەندێک شار و شارۆچکەی سوریادا جێگیر بووبوون، شوێنی گرنگ و دیاریان لە کۆمەڵگاکەدا هەبو.و

دوابەدوای ئەوەی مەستەفا کەمال کۆماری تورکیای بنیات نا و ساڵی ١٩٢٥ بەسەر شۆڕشی شێخ سەعید ناوی دەرکردبوو، زاڵ بوو و لە ناوی برد، هەزاران خێزانی کورد شوێن و ماڵ و موڵکی خۆیان بە جێ هێشت و زۆربەیان ڕوویان کردە باشووری بچووک. کوردپەروەر و تێکۆشەرانی ناودار و لێهاتوویان لەناودا هەبوو وەکوو قەدری جەمیل پاشا، ئەکرەم جەمیل پاشا، جەلادەت بەدرخان، کامیران بەدرخان، عوسمان سەبری و گەلێکی تر، بە گەرموگوڕی درێژەیان بە خەبات و تەقەلاکانیان دەدا. دەسەڵاتدارانی فەرەنسا تا سنوورێک هانی دەدان کە لەسەر پیادەکردنی هەندێک گورج و گۆڵی نەتەوەیی و لێدوان لە سەربەخۆیی کوردستان بەردەوام بن و دەرگا بۆیان خرابووە سەر پشت کە چالاکیی سیاسی و فەرهەنگی خۆیان بنوێنن، بەو مەرجە لە سنوورێک کە بۆیان دیاریکرابوو دەرنەچن.(٥) تاوان و دڕندایەتیی تۆرانیستەکان، هۆش و هەستی گەلی کوردستان و مرۆڤی خاوەنویژدانی هەژاند و ڕق و کینە بەرانبەریان لە دڵاندا پەنگی خواردەوە.

کوردەکانی باشووری بچووکیش وەکوو گشت گەلی کوردستان بە ناڕەزایی و برووسکە و سکاڵا ناردن هەڵسان و دەنگی بێزاری و ناڕەزایی خۆیان بە کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) و ڕای گشتیی جیهان دەگەیاند و داوای فریاکەوتنی گەلە ستەمدیدەکەی کوردیان دەکرد.

ساڵی ١٩٢٦ ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد وەکوو جەلادەت بەدرخان، کامیران بەدرخان، جەمیل بابان، خەلیل ڕامی، محەمەد تۆفیق، د. شوکری سەگبان، ڕەفعەت بەگ مەولانازادە، دەرویش بەگ و عوسمان سەبری و چەندانی تر کەوتبوونە جموجووڵ بۆ دەستەبەرکردنی پارتییەکی کوردستانی و ئاڵای شۆڕش بەرگریکردن بەرز کرایەوە.(٦)

لە گەرمەی تەنگوچەڵەمەکاندا، بنکەی سەرەکیی هێزەکانی فەرەنسا لە بەیروت،

ڕۆژی ١٩٢٧/٥/١٦، ڕاپۆرتێکی ئامادە کردبوو و تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە کوردەکانی سوریا پشتگیریی تەواو لە بیرۆکەی کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتوو دەکەن، کە پایتەختەکەی شاری دیاربەکر (ئامەد) بێت، لە بەندەری ئەسکەندەروونەوە تا کوردستانی ئێران و هەرێمی (کلیکیا) کە کورد تێیدا دەژی بگرێتەوە.(

تەقەلای کوردپەروەران گەیشت بە ئەنجام، ساڵی ١٩٢٧ پارتیی (خۆیبوون)(×) دامەزرێنرا، بنکە و بارەگای سەرەکی لە حەلەب و حەسەکە ساز کرد، ڕۆڵی سەرەکی بینی لە بەرپاکردنی شۆڕشی ئاراراتدا. لە شارەکانی سوریاش (خۆیبوون) چەند یانەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەری و وەرزشی ڕێکخست، سەرتاپایان بۆ بەرژەوەندی و خزمەتکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کاریان دەکرد. ڕۆشنبیر و خوێندەواران بە چۆرەها شێوە پروپاگەندەیان بۆ شۆڕشی ئارارات و مافە ڕەواکانی کورد بڵاو دەکردەوە.(٨)

جارێکی تر بە سەرکەوتنی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بەسەر شۆڕشی ئاراراتدا، گەلی کوردستانی باکوور کەوتەوە بەر درندەترین شەپۆلی تیرۆریستی و ئەشکەنجەدان، لە دوای ساڵی ١٩٣٣ەوە بە هەزاران خێزانی کورد دووچاری لەناوبردن و زەرەر و زیان و ڕاگوێزان و دەربەدەری هاتن و بەشێکیان ڕایانکردە باشووری بچووک.

زانا و تێکۆشەرەکان چۆکیان دانەنواند، بایەخی باشیان بە فەرهەنگ و زانیاری و ڕەگەیاندنی کورد دەدا. لە ١٩٣٢/٥/١٥دا گۆڤارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و وێژەییان بە ناوی (هاوار) دەرهێنا و سەرنووسەر و خاوەنەکەی جەلادەت بەدرخان بوو و تا ئەمڕۆی ١٩٤٣ ڕادەگیرا و دەردەهێنرایەوە. ساڵی ١٩٤١ گۆڤارێکی وێژەیی هەفتانە بە ناوی (ڕۆناهی) لە لایەن جەلادەت بەگ لە دیمەشق کەوتە دەست خوێنەرانی کورد و کامیران بەدرخان گۆڤاری

---

(×) لە پەراوێزەکاندا بە تێروتەسەلی باسی چۆنێتیی دامەزراندنی پارتیی (خۆیبوون) کراوە.

(ستیر)ی به تیپی لاتینی تا کۆتایی ١٩٤٥ دەرهێنا. کوردەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە دیمەشق نیشتەجێ بوون، ڕۆڵی دیاریکراو و شوێنی دیاریان لە کۆمەڵگاکەدا دەبینی.
ساڵی ١٩٢٧ چوار نائیب بە ناوی نوێنەری کوردەکانی سوریا گەیشتنە پەرلەمانی وڵاتەکە، کە ئەوکات لە ژێر چاوەدێریی ئیمپریالیستی فرەنسادا بوو.(١٠)

## ٥- باشووری بچووک لە دوای سەربەخۆیی سوریا

لە کۆتایی سییەکانی سەدەی پشووودا، باری جیهان بەتەواوی پشێوی و شڵەژانی تێکەوتبوو، بەرەی فاشیزم کەوتبووە پەلاماردان و هێرشبردن بۆ سەر وڵاتان و جەنگێکی بەربڵاوی سەخت و دژواریان هەڵگیرساند و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەکوو زۆرینەی وڵاتان کەوتبووە بەر ئاییندەیەکی ترسناکی نادیار.
زانا و تێکۆشەرەکانی کوردستانی باشووری بچووک هۆشیار بوون بەرامبەر بە ڕووداو و گۆڕان و گۆڕانکارییەکان، بە جۆرەها شێوە چالاکییان ئەنجام دەدا، کە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکە لە ڕووداوەکان سوود بە دەست بهێنن. پەیوەندیکردن و ئاگاداریبیان بە هێز و کوردپەروانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە هەبوو، بە تایبەت بە سەرکردایەتیی پارتیی هیوا لە کوردستانی باشوور و بزووتنەوەی ڕزگارخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ساڵی ١٩٤٤ نوێنەریان بەشداری لە کۆبوونەوەی لوتکەی (دالانپار)دا کرد، کە لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئامادەی پێکراوە.
لە هەلومەرجی ئەو کاتدا ژمارەیەکی زۆریش لە لاو و خوێندەوار و هەژارانی

کورد کەوتبوونە ڕیزی پارتیی کۆمۆنیستی سوریاوە.(×) لە پێناو پێشکەوتن و ئازادی و سەربەخۆیی سوریادا، کوردەکان ڕۆڵی پیرۆز و دیاریان ئەنجام داوە و نکوڵی ناکرێت، بەتایبەت چەند بنەماڵەیەکی کوردی دەوڵەمەند و بەتوانا وەکوو بنەماڵەی بۆزو، بەرمەدا، کیخیا و حاجۆ و...تاد لە قۆناغی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی وڵاتەکەدا لە دەستەی سەرەکیی تێکۆشانەکاندا بوون.

ساڵی ١٩٤٤ نووسەر و دکتۆر ئەدیب مەعەوەز گوتارێکی تێروتەسەلی لە گۆڤاری (النشرە)دا دەربارەی ژیان و باری چینایەتیی و کۆمەڵایەتیی کوردەکان بڵاو کردەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە ژمارەی کوردەکانی باشووری بچووک بە (٣٠٠)هەزار بە هی دیمەشق و هەندێک شوێنی تر سەرجەمیان دەگاتە (٧٥٠)هەزار(××) کورد.(١١)

هە کە مانگی ئایاری ١٩٤٥ جەنگەی دووەمی جیهان بە تێکشکانی بەرەی فاشیزم کۆتایی پێهات، گەلەکانی سوریا و لوبنان بە یەکپارچەیی کەوتنە

---

(×) لە ماوەی (٥٠) ساڵ زێدەتردا ژمارەیەکی زۆر لە کادیرە سەرەکییەکانی پارتیی کۆمۆنیستی سوریا کورد بوون. لە ڕووی نەتەوەییدا دانیان بە کوردایەتیی خۆشیان دا دەنا، کەچی بە پێچەوانەوە نە لە پرۆگرامی پارتییەکە و نە بە کردەوەش بایەخێکی ئەوتۆیان بە پرۆسەی گەلی کوردستان و هەژاران و ناسنامەی کوردی نەدەدا، کە لە نیشکردنی ئازاد و خوێندن و خوێندەواری بێبەش کرابوون. سەرتاپای خەباتیان لە قەوارەی گەشەدان بە خەباتی چینایەتی و دروشمی ئینتەرناسیونالیستی ستالینیزمیدا بوو.
ساڵی ١٩٨٦ لە شاری قامیشلی میوانی ڕەمەزان شێخۆ (ڕەمۆ شێخۆ، ئەبوجەنگۆ) بووم، ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیی پارتیی کۆمۆنیستی سوریا بوو و لەدوایشدا ماوەی چەند ساڵی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو و یەکجار بە گەرموگوڕی بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلەکەی دەکرد، نەیدەشاردەوە و دەیگوت: "ئەز کوردم، پێش ئەوەی کۆمۆنیست بم."
(××) سەرژمێری سوریا ئەوسا لە (٦) ملیۆن تێپەڕی نەدەکرد. ساڵی ١٩٩٥ حکوومەت بە سەرژماردن هەڵسا، ژمارەی دانیشتووانی سوریا گەیشتبووە (١٩) ملیۆن، ئەوجا بەو پێیە ژمارەی کوردی سوریا هەتووکە لە دوو ملیۆن زێدەترە. ناوی نەتەوە لە ناسنامەی سوریادا نییە، تەنیا دەنووسرێت هاووڵاتی سوریایی و دامودەسگاکانی میری دان بەوەدا دەنێن کە (٢٠٠)هەزار کورد لە وڵاتەکەدا بێ ناسنامەیە.

کۆڕی کۆشش و تەقەلادان بۆ دەرکردنی سوپای بێگانە لە وڵاتەکەیان و پیادەکردنی سەربەخۆیی تەواو. لە ١٧ی نیسانی ١٩٤٧دا ئاواتە ڕەواکانیان هاتە دی و کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری سەربەخۆیی تەواوی سوریا و لوبنانی وەرگرت و بە ئەندامی تەواویش لە کۆمیتەکەدا وەرگیران.
بۆران بەسەر باری سوریادا هات، پارتییە نیشتمانییەکان کە لە ڕووی پرۆگرام و ئایدیۆلۆژیاوە نوێنەری ڕاستەقینەی چینی بۆرژوای وڵاتەکە بوون، حکومڕانیکردنی وڵاتەکەیان کەوتە دەست. ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد، کەوتنە ڕیزی دەستەی فەرمانبەرەکان.
دڵسۆزەکانی کوردپەروەری وەکوو قەدری جەمیل، ئەکرەم جەمیل، جەلادەت بەدرخان، کامیران بەدرخان، عوسمان سەبری، مەمدوح سالم و عەلی ئاغای زلفو تاساڵی ١٩٤٧ هەر بە ناوی (خۆیبوون)ەوە بە هەندێک کاروباری کوردایەتی هەڵدەستان. ساڵی ١٩٤٤ قەدری جەمیل(×) لە لوتکەی شاخی (دلانپار)(××) لەگەڵ نوێنەرانی کوردی سێ پارچەکەی تر کۆ بووەوە و پەیوەندیشی بە کۆمەڵەی (ژ.ک.) و قازی محەمەدەوە کرد. هەروەها پەیوەندی و ئاگاداریی وردیان لەسەر باری پارتیی هیوا و جموجووڵی کوردستانی باشووریش هەبوو.
ساڵی ١٩٤٦-١٩٤٧ ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی کورد ڕۆژنامەی (ڕۆژی نوێ)یان لە بێرووت بە چاپ دەگەیاند.(١٢)
لێرەدا شایەنی ئاماژەپێکردنە کە هەر لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی

(×) مەحموود ئاغای کاکەزیاد بۆی گێڕامەوە کە ساڵی ١٩٤٤ بە ڕێگای مهێنی قەدری جەمیل پاشا لە مەهاباد گەیشتە کۆیە و میوانی ماڵی ئێمە بوو، بە ڕێزگرتن و میوانداریی گەرموگوڕ پێشوازی کرا و دوای چەند ڕۆژێک باوکم بۆ پاراستنی لە ڕێگادا من و قادری برامی تا موسڵ لەگەڵ نارد و هەر بە نامەی باوکم بە ڕێگای بادییەی شیمالیدا گەڕایەوە قامیشلی و سوریا.
(××) دلانپار، لە بەراوێزی بەشەکانی پێشوودا دەربارەی شاخی دلانپار و کۆبوونەوەکە نووسراوە.

سوریا، ژمارەیەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، شوێنی بالآیان لە ڕیزی حکوومەتدا هەبوو، چەند جار پیاوانی وەک محەمەدعەلی کوردی، ڕەشاد بەرمەدا، عەلی بۆزو و هی تر دەکران بە وەزیر. یەکەم کودەتای عەسکەری لە سوریا ئەفسەرێکی کورد (حوسنی ئەلزەعیم) پێی هەڵسا و بوو بە سەرۆککۆمار. کەسانی وەکوو فەوزی سەلو و حوسێن بەرازی و موحسین بەرازیش کران بە سەرۆکی وەزیران.

بوونی ئەم جۆرە دیاردانە کوردەکانی لە لەناوبردن و توانەوە پاراستووە.

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شانۆیەکی سەرسووڕهێنەری پڕ تراژیدیای دەکرد، ڕووداوێک تێپەڕی نەدەکرد، یەکێکی دیکەی دەکەوتە دوا.

هۆشمەند و دڵسۆزانی کوردیش، ژیرانە، گۆڕان و ڕووداوەکانیان تاوتوێ دەکرد و هەڵیان دەسەنگاندن و هەڵوێستیشیان بەرامبەر وەردەگرت. دەستەیەک لەو تێکۆشەرانە وەکوو نورەدین زازا، حەمدی دەرویش، عوسمان سەبری، ساڵی ١٩٥٦ لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە پارتییەکی کوردیی دیموکراتی بنیات بنێن. دوای ماوەیەک سەرکەوتنیان بە دەست هێنا و ساڵی ١٩٥٧ دامەزراندنی پارتیی دیموکراتیی کوردستانی سوریایان ڕاگەیاند. نورەدین زازا بە سەرۆکی پارتییەکە دانرا. لە پرۆگرامی یەکەمیاندا، جەختیان لەسەر ئازادی و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی گشت پارچەکان کوردستان دەکرد. زۆری نەخایاند وازیان لە دروشمەکە هێنا و گۆڕانی بنەڕەتییان لە ڕێبازەکەیاندا کرد و کەوتنە داواکردنی سەربەستییە دیموکراتییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ و یەکسانی و...تاد(١٢)

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە عیراق کاردانەوەیەکی گرنگی کردە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە سەرتاپای کوردستانی گەورە. کوردایەتی هەنگاوی نایە قۆناغێکی جۆنێتیی پێشکەوتووەوە و لە گشت چین و کۆڕ و کۆمەڵێک، پۆل پۆل، دڵسۆزانی گەل هاتنە نێو کۆڕی تێکۆشان و تەقەلادانەوە.

فەرمانڕەواکانی سوریا کە لەو سەردەمەدا بەشێک بوون لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەرامبەر بە ڕووداوەکان دەستەوەستان نەوەستان و کەوتنە هێرش و پەلامارەدانی دیموکراتیخوازانی عەرەب و کورد، بارێکی ناجۆر و دژواریان لە هەرێمی باشووری بچووکدا دروست کرد. لە تەوژمی فشار و ئەشکەنجەدانەکاندا، کۆمەڵێکی چەپی ئهێنی بە ناوی (کۆمەڵەی ئازادی) تێدەکۆشا و چووە ریزی حزبی دیموکراتی کوردستانی سوریاوە.(١٤)

هەر کە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦١دا شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی باشوور دەستی پێکرد، کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی لە باشووری بچووک گۆڕانی گرژ و دژواری بەسەردا هات. حکوومەتی سوریا یەکسەر کەوتە هەڕەشە و گرتن و کۆنترۆڵکردنی فراوان. ڕەفتارە چەپەڵەکانیان گەیشتە ئاقارێک سڵیان لە وشە و ناوی کوردی دەکردەوە و گەلی کوردیان وەک دوژمنێکی سەرەکیی خۆیان دەژمارد. بەبێ یەک و دوو ناسنامەیان لە (١٢٠)هەزار کورد سەندەوە و لە هەموو مافێک بێبەش کران.(١٤)

## ٦- حوکمڕانیی پارتیی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و کوردستانی باشووری بچووک

ڕۆژی ٨ی مانی ١٩٦٣ بەعسییەکانی عەفلەقیی سوریا بە کودەتایەکی عەسکەری هەڵسان و حوکمڕانیی وڵاتەکەیان کەوتە دەست. لە ڕۆژی یەکەمەوە، کەوتنە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کودەتاچییە خوێنڕێژەکانی عێراق، کە پێش ئەوان بە مانگێک لە ڕێگای پیلانێکی کۆنەپەرستیی گومانلێکراوەوە گەیشتبوونە سەر حوکم. عەفلەقییەکان کەوتنە هەڵپە و هاوکاریکردن لەگەڵ فەرمانڕەواکانی بەغداد. بە یەک شێواز و ئایدیۆلۆژیا سەیری سەراپای پرۆسە و تەوەری دوو وڵاتیان دەکرد. لە بۆچوون و هەڵسەنگاندیشدا جیاوازی لەنێوانیاندا لەبوو. هەر لە سەرەتاوە باشووری بچووکیان بە هێزێکی چەکداری تەنی و ناحەزی و ڕق و کینەیان بەرامبەر بە گەلی کورد و کوردستان نەدەشاردەوە.

کە ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ کوردەتاچییەکانی عیراق کەوتنەوە پەلاماردانو هێرشبردن بۆ سەر گەلی کوردستان، بەعسییە عەقلەقییەکانی سوریا بە هەموو هێز و توانایانەوە کەوتنە پشتگیریکردنی پەلاماردانی هێزە چەکدارەکانی عیراق و زوو لیوایەک سەربازی سورياییان بە چەکی قورس و سووکەوە بە فەرماندەی ئەفسەرێکی بەعسی (فەهد ئەلشاعیر) ناردە هەرێمی بادینان و کەوتنە ڕاونان و شەڕکردنی هێزی پێشمەرگە و گەلی کوردستان. زەرەر و زیانی زۆریان گەیاند و زیانیشیان لێکەوت. لە هەمان دەورووبەریشدا بەرپرسیارێکی مەزنی دامودەسگاکانی ئاسایش و موخابەرات لە دەڤەری جەزیرە (محەمەد تەلەب هیلال) ڕاپۆرتێکی یەکجار نارەوا و ناهەمواری دژ بە گەلی کوردستانی باشوور بۆ سەرکردایەتیی حکومەتەکەی بەرز کردەوە. هەر مرۆڤێکی خاوەنویژدان ڕاپۆرتەکە تاووتوێ بکات و بیخاتە بەر تیشکی ڕاستییەکان، بە زەوی بۆی دەردەکەوێت کە عەقڵیەتی شۆڤێنیستی عەرەبی، تۆرانیستی و فاشیستی لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن و دوورن لە هۆش و هەستی مرۆڤایەتی.

چەند پەرەگرافێک لە ڕاپۆرتی سەرۆکی ئاسایشی ئەلجەزیرە (محەمەد تەلەب هیلال)، ڕاپۆرتەکە ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن ناوبراوەوە نووسراوە و تیایدا هەوڵ دەدات لە پایەی کوردان لە دەوڵەتی سوریادا کەم بکاتەوە و ئەوە بسەلمێنێت کە کوردەکان نەتەوەیەک پێک ناهێنن و لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئا ئەمەیە گەلی کورد گەلێک بەبێ مێژوو، بێ شارستانییەت، بێ زمان، بێ نەژاد. هیچ شک نابات جگە لە ڕووالەتی چەپاوڵ و تۆقاندن، هەرچی خەسڵەتی تێکشاندن و زەبروزەنگ هەیە لەگەڵ هەموو گەلانی شاخاوی گرێدراوە." هیلال درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: "کوردەکان لەسەر شارستانییەت و میراتی نەتەوەکانی تر دەژین و بە هیچ شێوەیەک لە شارستانییەت و مێژووی ئەو گەلانەش بەشداریان نەکردووە." هیلال وەک نەتەوەپەرستێکی توندڕەو، پلانێک لە دوانزە خاڵ پێشنیاز دەکات و داوای جێبەجێکردنی دژ بە

کوردەکانی ئەلجەزیرە دەکات، کە ئەمانەن:
١- پێڕەوکردنی سیاسەتی براندنەوە لە ڕێی دەرکردنی کوردان و پەرش و بڵاوکردنەوەیان.
٢- بێبەشکردنی کوردان لە هەموو ڕۆشنبیرییەک، تەنانەت بە زمانی عەرەبیش و پێڕەوکردنی سیاسەتی دژ بە فێربوونیان لە رووی زانستییەوە.
٣- پێڕەوکردنی سیاسەتی برسیکردنی کوردان لەڕێی داخستنی بوژەکانی کا و بێبەشکردنیان لە هەموو ڕوویەکەوە.
٤- پێڕەوکردنی سیاسەتی ئاڵوگۆڕکردنی تاوانباران، لە ڕێگای دانەوەی ئەو کەسانەی کە لە شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور ڕزگاریان بووە بە حکوومەتی تورکیا.
٥- پێڕەوکردنی سیاسەتی 'جیاوازی بەرپا کە و سەرکەتوو دەبیت" ئەوەیش بە هاندانی کوردان لە ناوخۆیاندا دژی یەکتر.
٦- بەردەوامبوون لەسەر هەمان سیاسەت، سیاسەتی پێشین.
٧- نیشەجێکردنی عەرەبی ڕەسەن و نەتەوەپەرست لە ناوچە کوردییەکاندا پێش پەرش و بڵاو کردنەوەیان.
٨- پێڕەوکردنی سیاسەتێکی پڕوچری سوپا و هێشتنەوەی چەند کادیرێکی سەربازی لە ناوچەی پشتێن و هەڵسان بە پەرش و بڵاوکردنەوەی کوردان و مانەوەی عەرەبەکان بەپێی نەخشەی دەوڵەت.
٩- سیاسەتی جێبەجێکردنی سوسیالیزم لەڕێی دامەزراندنی کێڵگەی هەرەوەزی بۆ ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزەوە عەرەبن و لە ناوچەکە دەژین و هەروا ڕاهێنانیان و پڕ چەک کردنیان.
١٠- ڕێگاگرتن لە هەرکەسێک ناتوانێت بە عەرەبی ئاخافتن بکات لەو شوێنانەدا گوایا ناو نراون بە ناوچەی کوردان و هەروا ڕێگاداخستن بەرامبەریان کە بە هیچ شێوەیەک مافی مەدەنیی خۆیان لە پالاوتن و هەڵبژاردن پێڕەو نەکە، ئەمەش پێڕەوکرا پاش ئاماری ژماردنی ساڵی ١٩٦٣.

١١- گواستنەوەی زانا ئایینییە کوردەکان بۆ باشوور و ناردنی زانا ئایینییە عەرەبەکان بۆ ئەوەی شوێنی ئەوان بگرنەوە.

١٢- نانەوەی هێرشێکی بەربڵاو دژ بە کوردان لەنێو عەرەباندا.

(لە کتێبی (الاكراد وكوردستان)، نووسینی مستەفا نازدار، لە بڵاوکراوەکانی (فتح) التعبئه والتنظيم والدراسات وەرگیراوە.)(×)

---

(×) فقرات من تقرير رئيس الامن السياسي في الجزيره محمد طلب الاهلال كتبه سنه ١٩٦٣ ويحاول من خلاله ان يضعف من مكانه الاكراد في الدوله السوريه والبرهان على على ان الاكراد لا يشكلون امه واحده ويقول: "هذا هو الشعب الكردي، شعب بلا تاريخ، بلا حضاره، بلا لغه، بلا اصول عرقيه، انه لايملك سوى صفات البطش، القوه الهدامه والعنف. صفات من جهه اخرى الشعوب الجبليه كافه ويستطرد هيلال فيقول: "فالاكراد يعيشون على حضاره وارث اسم اخرى ولم يسهمو باي نصيب في هذه الحضاره ولا في تاريخ هذي الامم، واقترح هيلال كقومي متعصب خطه من اثني عشره نقطه ينبغي تطبيقها قبل كل شيء ضد الاكراد الجزيره وهي:

١- سياسهته التهجير وذلك بترحيل الاكراد وتشتتهم.
٢- سياسه التجهيل بحرمان الاكراد من كل ثقافه حتى باللغه العربيه.
٣- سياسه التجويع، بحرمان المعنيين بكل امكانيه العمل.
٤- سياسه تبادل المجرمين بتسليم الحكومه التركيه الذين نجو من ثورات كردستان الشماليه
٥- سياسه "فرق تسد" بتحريض الاكراد بعضهم ضد البعض الاخر.
٦- سياسه الحزام وهي السياسه ذاتها التي اتبعت.
٧- سياسه الاسكان بزرع عرب وقوميين من مناطق الاكراد قبل تشتتهم.
٨- سياسه عسكريه بمركزه قطعات عسكريه في منطقه الحزام تكون مهمتها السهر على تشتت الاكراد.
٩- سياسه تطبيق الاشتراكيه، بانشاء مزارع جماعيه من اصل العرب المقمين في المنطقه وتسليمهيم وتدريب هولاء العرب.
١٠- منع كائن من كان يجهل اللغه العربيه فيما يسمى بالمناطق الكرديه من مزاوله حقوقه المدنيه في الترشيح والانتخاب. فعلا حصل هذا في احصاء عام ١٩٦٣
١١- ترحيل علماء الدين الاكراد الى الجنوب وارسال علماء دين عرب الى اماكنهم.
١٢- اثاره حمله واسعه معاديه للاكراد بين العرب.

ماخوذ من كتاب (الاكراد وكردستان) لمولفه مصطفى نازدار، منشورات (فتح) التعبئه والتنظيم والدراسات.

ژیانی کوردەکان ناهەمواری و نائارامی تێکەوت، فشار و ستەمکردن و چەوسانەوە لەسەریان زێدەتر بوو، بە سەدان کورد کەوتنە خۆشاردنەوە و راکردن و ژمارەیەکیان گەیشتنە ئەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوولدا بوون، کەسانی ناودار و سیاسەتمەدار لەنێویاندا هەبوو، بە بڕیارێکی قەرەقووشی (١٢٠)هەزار کوردیان لە ناسنامەی خۆیان بێبەری کرد. ساڵی ١٩٦٧ دەست کرا بە پێڕەوکردنی پلانەکانی محەمەد تەلەب هیلال، بە ناوی پشتێنی عەرەبییەوە ژمارەیەکی زۆریان لە خێزانە کوردەکان لە شوێن و گوندەکانیان دوور خستەوە، عەرەبیان لە شوێنیاندا نیشتەجێ کرد. تەنانەت ناوی شار و شارۆچکە و شاخ و کانیی ناوەکانیشیان گۆڕی. بەندیخانەکانیان لە گیراوانی کورد پڕ کرد و ئەو ناکۆکی و کەرتکردنەش کە لە ناوەراستی شەستەکانی سەدەی پێشوودا لە ریزی شۆڕش و پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقدا ڕوویان دا، کاردانەوەی خراپی کردە سەر باری فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی باشوری بچووک.

## ٧- تێکۆشانی سیاسیی پارتییە کوردییەکانی سوریا

لە دوای راگەیاندنی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کێشە و دوویەرەکیی توندوتیژ لەنێوان هەردوو باڵی بەعس (هی عیراق و هی سوریا) سەریان هەڵدا و بۆ ماوەیەک فشار و پاڵەپەستۆی دامودەسگاکانی پۆلیس و موخابەراتی لەسەر کوردەکانی باشووری بچووک سووک کرد. لە ماوەی چەند ساڵێکدا چەند پارتی و گرووپی سیاسیی کوردی بە نهێنی لە سوریا دروست بوون.

ساڵی ١٩٨٦ لە دیمەشق بە بڕیاری سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بەرپرسیاریی پەیوەندیکردن بە پارتییە کوردییەکانی سوریاوە بە من سپێردرا و ماوەی سێ ساڵ پەیوەندیم بە نوێنەر و سەرکردەکان ئەم

پارتیيانەوە هەبوو: ١- پارتیی سوسیالیستی کوردی سوریا، ٢- پارتیی دیموکراتی پێشکەوتووخوازی کوردی سوریا، ٣- پارتیی دیموکراتی کوردی (الپارتی)، ٤- پارتیی یەکێتیی گەلی کورد، سوریا، ٥- پارتیی چەپی کورد، سوریا،[١٤] ٦- کۆمەڵەی ڕەنجدەران، ٧- پارتیی کۆمۆنیستی کوردستان و شێوازی تێکۆشان و پرۆگرامی سەرتاپاین لە یەکتری نزیکە و لە یەک چوارچێوەدایە، جەخت لەسەر داواکردنی مافە دیموکراسییەکان و دانان بە ناسنامەی نەتەوەیی دەکەن و داوا دەکەن ماوەیان بدرێت بە کوردی بخوێنن، بە یەکسانی لە بەرامبەر یاسا و ئیشکردندا ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت و چەند لایەنێکیان خۆیان بە چەپی مارکسیستی دادەنێن.

دکتۆر جەمال ئەتاسی کە کەسایەتییەکی نەتەوەیی ناوداری سوریایە، لە سەردەمی یەکبوونی میسر و سوریادا کرا بە وەزیر و لەو پێشەکییەدا کە بۆ کتێبی (عرب واکراد، رؤیه قومیه للقضیه الکردیه)دا نووسیویەتی، ڕەخنە و ناڕەزایی ئاراستەی ئەو ڕێبازە چەوت و شۆڤێنیستانەیە دەگرێت کە لە سوریا بەرامبەر بە گەلی کورد پێڕەو دەکرێت و تێیدا هاتووە: "ئەوەی بە کورتی بگوترێت ئەوەیە کە ئەوەی بەرامبەر کوردە نیشتمانییەکان پێڕەو دەکرێت، نامرۆڤانەی و دادپەروەری تێدا ڕەچاو ناکرێت. دەڤەرەکە شوێنی باوک و باپیریانە و بەرامبەر بەو کوردانەی لە ستەمدارێتیی فەرمانڕەواکانی تورکیا ڕایان کردووە. لە ساڵی ١٩٦٧وە حکوومەتی سوریا پشتێنیەکی بە

(×) ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ڕۆژی ٤/٥/٢٠٠١ ڕۆژنامەی (الاتحاد) چاپی لەندەن، ژمارە ٤١٩، گوتارێکی لەسەر پارتی و ڕۆژنامەکانیان کە بە عەرەبی بڵاو دەکرێنەوە، بڵاو کردەوە، تەنیا ئاماژەی بە ناوی پێنج پارتی کردبوو. ماوەیەک لە پێش هەتووکەدا گوێبیست بووم کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کورد، سوریا، چووتە ڕیزی پارتیی چەپی کوردەوە. جگە لەو پارتاییانەی ناویان هاتووە، پارتیی کرێکاراني کوردستان (پ.ک.ک.) جموجووڵێکی فراوانی لە ڕیزی کوردەکانی باشووری بچووکدا ئەنجام دەدا.. بارەگای سەرەکییان لە دیمەشق و لازقیە بنیات نابوو.

ناوی پشتێنەی عەرەبی بنیات نا، بە ڕاگوێزانی کوردەکان و دابەشکردنی سامان و ماڵ و کێڵگەیان بەسەر خێزان و عەشایرەکانی عەرەبی. هەروەها جنسیە و ناسنامەیان لە ژمارەیەکی زۆری کورد سەندەوە. بنەماڵەی وەهایان کەوتە گەڵ کە لە دێر زەمانەوە ناوچەکە شوێنی خۆیان و باوک و باپیرانیان بوو. جا ئەمە شۆڤێنییەتی بێ مانایە یان هەندێک پاراستنی یەدەگی سەرنەکەوتوو. بەرامبەر بەوەی گوایا کوردەکان خوازیارن لەسەر خاکی سوریا نیشتمانێکی تایبەت بە خۆیان ئەنجام بدەن.

لەگەڵ سەرجەم ئەو گۆڕان و ئاڵوگۆڕانەی بەسەر باری جیهاندا هاتووە، کە دانوساندن بە تەوەری مافی مرۆڤ و گەلان و دیموکراتیەت و فرەلایەنی بووە بە سیمای سەردەم، کەچی بە پێچەوانەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکە (بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتووخواز) کە پارتیی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست ڕابەرایەتی دەکات، دەرگای لە پێش پارتییە کوردییەکاندا داخستووە و ماوەش نادەن بڵاوکراوەیەک بە زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە.

ئەوجا پێداویستییەکی مێژوویی لە کایەدایە، ئەویش بووە بە ئەرکێکی گرنگ، چەندە ڕۆژێک زووتر گشت پارتی و کۆڕ و کۆمەڵ و توێژی یاشووری بچووک بە یەک دەنگ وەک بەرە و هێز تێبکۆشن لە پێناو بەرجەستەکردنی ئاواتە رەوا و پیرۆزەکانیان، ئەوەندە زیاتر سوود بە خۆیان و بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەگەیەنن.

سەرچاوەکان:


١- الحركه الكرديه في العصر الحديث، مجموعه من الخبراء، ص٩٢
٢- الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص١٠
٣- كردستان والاكراد، د. عبدالرحمن قاسملو، ص٦
٤- سياسه والاقليات في الشرق الادنى، لورانت شابري، ئانا شابري، ترجمه: ذوقان قرقوط، ص٣٤٨
٥- هەمان سەرچاوە، ص٣٤٩
٦- الكرد وكردستان في المخابرات البريطانيه، ص٢١٤-٢١٧
٧- هەمان سەرچاوە، ص٤٣١
٨- هەمان سەرچاوە، ص٤٣٢
٩- هەمان سەرچاوە، ص٤٣٢
١٠- عرب واكراد، رويه قوميه للقضيه الكرديه، منذر الموصلي، ص٢٣٤
١١- هەمان سەرچاوە، ص٢٨٩
١٢- الاكراد وبلادهم كردستان، د. زهير عبدالملك، ص٨٢
١٣- الاحزاب والمنظمات الكرديه في نصف قرن، ص٢٨٣
١٤- هەمان سەرچاوە، ص٢٨٨
١٥- عرب واكراد، رويه قوميه للقضيه الكرديه، منذر الموصلي، ص٢٠

# بەشی حەوتەم

## ١- کورد لە ئەرمینیا و کوردی کۆچردوو و دەربەدەر

ماوەی هەزاران ساڵە گەلی کوردستان لە شوێنی ئێستایدا دەژی، بەڵگە و گەواهیش بۆ ئەو ڕاستییە زۆرن. وەکوو هەموو گەلانی تر لەم جیهانەدا، قۆناغەکانی گۆڕانی مێژووی بەسەریدا تێپەڕیان کردووە.
ساڵی ٣٨٥ی پێش زایین، لە ئاکامی هێرشەکانی کۆرشی گەورە(×) بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کوردستانیش کەوتە ژێر چنگی هێز و دەسەڵاتی بەسەریدا سەپاند.
بە هۆی گرنگیی شوێنی جوگرافیایی و لەبارپوونی کەشوهەوای وڵاتەکەوە، لە هەمان کاتدا وڵاتەکە سەرەڕێگای هاتوچۆن و شەڕ و ململانێی نێوان وڵاتە زلهێز و خاوەن تواناکانی ئەو سەردەم بوون.[1]
کوردستان لە دوای ساڵی ١٨ی کۆچییەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە ئیسلامییەکان و بە درێژایی سەدان ساڵ لە وڵاتەکەدا چەندین ئەمارات و دەوڵەتی کوردیی خۆیان هەبووە.
لە ئاکامی کۆمەڵێک هۆکاری جیوپۆلیتیکیی دیار و نادیار کە بەسەر گەلەکەدا هاتووە، سەدان ساڵ پێش ئێستا دووچاری کۆچکردن و دوورکەوتنەوە بووە و لەسەر خاکی دێرینی خۆی و کەوتووەتە وڵاتانی وەک بلوچستان، لوبنان، ئەرمینیا و...تاد.

(×) کۆرشی گەورە: ساڵی ٥٩٠ی پێش زایین لە پاشووری ڕۆژئاوای ئێران هاتووەتە دونیاوە. لە ٥٢٩ی پێش زاییندا مردووە. لە دوای باوکی شا (قەمبیرای) یەکەم پاشایەتی کەوتە دەست، دەسەڵاتی حکومڕانیی (میدیا)ی تێک دا و داگیری کرد. دەستی بەسەر عیراق و سوریا و فەلەستیندا گرت. هێرشی بردە سەر ڕۆژهەڵاتی دەریای (قەزوین) و نەیتوانی داگیر بکات و بە دیل گیرا و کوشتیان. لە کتێبی (الخالدون المائە)، ژمارە ٨٦دەوە وەرگیراوە

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیشدا، هەزاران کورد کەوتنە کۆچکردن بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمە سی ساڵ زێدەترە کە کۆچکردن و وڵاتبەجێهێشت بوون بە دیاردەیەکی ترسناک و بەپێی کۆمەڵێک فاکت و سەرچاوە و ئامارکردن، ژمارەی ئەو کوردانەی لە دەرەوەی نیشتمانەکەی خۆیاندا دەژین لە دەوروبەری سێ ملیۆندان.

وەک ئەرکێک بە پێویستم زانی کە کورتەیەک دەربارەی باری ژیانی فیکری و نەتەوەییو کولتووریان بخەمە پێش چاوی خوێنەرانی ئازیز و توێژەرەوانی بەڕێز.

## ٢- کورد لە ئەرمینیا و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران

برایەتی و پەیوەندی و پێکڕاژیانی گەلی کورد و گەلی ئەرمەن، یەکجار کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵی پێش زایین. مۆزەخانەکانی ئەرمینیا پڕن لە بەڵگە و ئاسەواری مێژووی و کەلەپووری نەتەوەیی هەردوو نەتەوە و مرۆڤ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی ناکات.(×)

ساڵی ١٨١٣ بەپێی پەیمانی گلستان لەنێوان ئێران و ڕووسیای تساریدا سنوور لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا دەستنیشان کرا و بەشێک لە خاکی کوردستان کەوتە ئەرمینیاوە.(٢)

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، حکوومەتی سۆڤیەت کەوتە بایەخدان بە دۆزی گەلی کورد و گەلەکانی بێماقەکانی دیکە و سەرەتای

---

(×) ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٨ ماوەی ١٥ ڕۆژ بە کارێکی حزبی چووم بۆ ئەرمینیا و لە یەریڤان، لینینەکان، کیروفەکان مامەوە. سەردانی زۆربەی شوێنە گرنگەکان و چەند ماڵێکی کوردم کرد. مۆزەخانەکانی مێژووی کۆن، مێژووی سروشتی و فەرهەنی و کولتووری کۆن گەڕام، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە جلوبەرگی کۆن، کەلەپووری ناوماڵ و شێوەی ژیان و بەخێوکردنی منداڵدا جیاوازییەکی ئەوتۆم لەنێو ئەرمەن و کوردەکاندا بەدی نەکرد.

١٩٢٣ حکوومەتی ئەرمینیای سۆڤیەتی بە ڕەسمی لەو دەڤەرەی کوردەکانی تێدا دەژیا، کۆماری کوردستانی سووریان بۆ دامەزراندن و تا ساڵی ١٩٢٩ بەردەوام بوو و بە گەلێک کاری پڕسوود هەڵسا و ئەلفوبێی کوردی بە تیپی لاتینی ئامادە کرا و لە دواییدا ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە)ی دەرهێنا و بایەخێکی زۆر بە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی درا و...تاد.

دوای ئەوەی کە ستالین دووچاری لەخۆباییبوون بوو و لە ڕێبازی ئینتەرناسیۆنال لای دا، کوردەکان و چەند گەلێکی تر کەوتنە بەر شاڵاوی ڕاگوێزان و پەرت و بڵاو کرانەوە. بە هەزاران خاووخێزانی کوردیان بۆ ناوەڕاستی ئاسیا، کۆمارەکانی تورکمانستان و ئوزبێکستان و قازاخستان دوور خستەوە و دووچاری دەردەسەری و دژوارترین ژیانی پڕ هێرش و ئازار هاتن.

لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا هەر کە ڕێبازی پێرۆسترۆیکا ڕاگەیەنرا و یەکێتیی سۆڤیەت تێکچوو، کوردەکان لە هەموو شوێن و کەنارەکاندا گیانێکی نوێیان هاتەوە بەر و سەرگەرمانە کەوتنە جموجووڵ لە پێناو گەشەدان بە هەست و هۆشی نەتەوەیی و داواکردنی مافە ڕەواکانیان. لە مۆسکۆ، ئەرمینیا، جۆرجیا چەندین کۆڕ و کۆمەڵەی هونەری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری ڕێکخران. بە جۆش و گۆش کەوتنە بایەخدان بە هەست و گیانی نەتەوەییان، پەلیان هاویشت و پەیوەندییان بە هێز و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستانەوە بەهێز کرد، کەوتنە سەردان و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و بۆچوونەکانیان لەگەڵ یەکتر.

---

(×) ئێوارەی ٢٠٠٠/١١/٨ شاندێک لە ڕۆشنبیرانی کوردی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران کە گەیشتبوونە هەرێمی کوردستان، تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی دانوستاندنێکی لەگەڵ شاکرو خدو و بەشیر سەبری و بەکر شامحەمەد ساز کرد. بە درێژی باسی بارودۆخ و ژیانی کوردەکانیان، هی سەردەمی سۆڤیەتی جاران و هی ئێستای یەکێتیی وڵاتەکانی سەربەخۆیان بە تێروتەسەلی کرد. تەنیا لە مۆسکۆ ٤٠ هەزار کورد دەژین. ناوی نەتەوە لە ناسنامەیان نانووسرێت. لە کۆنەوە حکوومەتی سۆڤیەتی جاران بایەخێکی ئەوتۆی بە ـ

ساڵی ١٩٨٩ سەنتەری کولتووریی کوردی لە مۆسکۆ دامەزرێنرا، ڕۆژنامەیەک بە ناوی (گولەس کوردا) (دەنگی کوردی) بە زمانی ڕووی دەرهێنرا و لە ڕاستیدا خزمەتێکی پڕ بەها بە پرۆسەی کورد دەگەیەنێت و تا هەنووکە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە بەستنی دوو کۆنفرانسی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و تیۆری دەربارەی کورد و کوردستان. لە مۆسکۆ وەک بەرەیەکی یەکبوونی کوردیان دروست کردووە. زانای کورد نادر نادرۆف، ساڵی ١٩٨٩ لە کۆنگرەی مافی کورد کە لە پاریس بەسترا، بە تێروتەسەلی لەسەر باری ژیانی کوردەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە ناوەڕاستی ئاسیادا دەژین دوا و گوتی: لەو ئامارەی دەربارەی ژمارەی کوردەکان بڵاو کراوەتەوە، گوایا سەرجەمی کوردەکان ٢٠٠ هەزارە، ئەوە ڕاست نییە و کورد لە یەکێتیی وڵاتەکانی سەربەخۆدا لە ملیۆنێک زیدەترە.[٤] هیواری کوردەکان ئەوەیە ڕۆژێک زووتر بگەڕێنەوە شوێنی باوک و باپیرانیان و پەیوەندییان بە کوردستانەوە ڕابگانەوە.

---

ـ کورد ئەوەدا، هەر سێ ڕۆشنبیر ئاماژەیان بەوە کرد کە کوردەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا قوربانیی زۆریان پێشکەش کردووە و ناویان بە ئازا و جەنگاوەر دەرچووە و جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ژیانی کوردەکان لە هەموو ڕوویەکەوە لە کۆماری ئەرمینیادا ئاسوودەتر و باشتر بەڕێوە دەچوو و خوێندەوار و زانا و شارەزای لێهاتوویان لەناودا هەڵکەوتووە و خزمەتی باشیان بە مێژوو و فەرهەنگی گەلی کورد گەیاندووە. بەشی هەرە زۆری کوردە ڕاگوێزراوەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش هەر لەناوەڕاستی ئاسیادا ماونەتەوە. بەتوندی جەختیانلەسەر ئەوە دەکرد کە ژمارەی سەرجەمی کوردەکان لە هەموو وڵاتەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا ملیۆنێک دەبێت.

# ٣- کورد لە کۆماری لوبنان

ماوەی (٥٠٠) ساڵ لوبنان ویلایەتێک بوو لە ویلایەتەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، سنوور و کۆسپ لە پێش گەشت و گەڕ و سوورردا نەبوو لەنێوان هیچ کەس و عەشیرەت و ئەو بنەماڵانەی لە ژێر ئالای ئیمپراتۆریەتەکەدا بوون.

بۆ یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی هەڤدەیەمدا جانبلات بەگ و ژمارەیەک لە کەس و لایەنگرانی لە باشووری ئەنادۆڵەوە روویان کردە شاخەکانی لوبنان و لەوێ نیشتەجێ بوون. دوای چەند ساڵێک ڕێبازی ئاینی خۆیان گۆڕیو بوون بە تیرەیەک لە دورووز. پەیدەرپەی بنەماڵە و خێزانی تر وەکوو بنەماڵەی عەماد، مەرعی، عەبود گەیشتنە وڵاتەکە و نیشتەجێ بوون و شوێنی خۆیان چەسپاند.(٥)

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەوڵەتی عوسمانی کەوتە ڕاگوێزان و ئاڵوگۆڕکردن لەسەر شوێن و ناوچەی ئەو نەتەوە و گرووپ و تیرانەی کە بە ڕەچەڵەک تورک نین و گومانی دڵسۆزیان بۆ ڕژێمەکە لێ دەکردن. گەل و خاکی کوردستان کەوتە بەر تەوژمی کارە نامرۆڤایەتییەکانیان و لە دەورووبەری جەنگی یەکەمی جیهانیدا، پۆل پۆل و دەستە دەستە، کورد گەیشتنە لوبنان و هەر کە جەنگەکەی یەکەمی جیهانیش کۆتایی هات، لوبنان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی فەرەنساوە و باری ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕانی چۆنێتی بەسەردا هات و ئەو بنەماڵانەی لە کۆنەوە گەیشتبوونە وڵاتەکە، توانیبوویان شوێنی دیار و بەتوانای دارایی بۆ خۆیان دابین بکەن.

ساڵی ١٩٢٧ کە پارتیی (خۆیبوون) لە هاوینەهەواری (بحمدون) لە لوبنان دامەزرێنرا، کەسایەتییە کوردەکان و دەستە و کۆمەڵە کوردییەکان پشتگیرییان لە پارتییەکە کرد.

ساڵی ١٩٤٢ سامی ئەلسولح (سامی الصلح) بوو بە سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکە

و بۆ ئەوەی دەنگی کوردەکان بۆ لایەنگریی خۆی ڕابکێشێت، بڕیاری بەخشینی جنسیەی لوبنانی بە کوردەکان دا[٦] و ماوەیەک لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانێک بەسەر ژیانیاندا هات. ساڵی ١٩٤٦-١٩٤٧ کوردەکان توانیان ڕۆژنامەیەک بە ناوی (ڕۆژی نوێ) دەربهێنن و گوتاری زۆر و هەمەڕەنگیان دەربارەی کورد و کوردستان و داوا ڕەواکانی خۆیان و هی گەلی کوردستانیان تێدا بڵاو دەکردەوە.

ساڵی ١٩٥٩ دەست کرا بە فشارخستنە سەر کوردەکان و بڕیاری دانی جنسییەیان ڕاگیرا، نە ناسنامە و نە جنسییەیان نەدەدرایە، پاڵەپەستۆی ناڕەوا و شۆڤێنیستانەیان دەکرایە سەر. بە هۆی هەژار و نەداریو دەستکورتییانەوە، ناچار بە ڕەنجدان و ماندووبوونی زۆر، بە کاری کرێکاریی خانوودروستکردن، خزمەتکردن لە چێشتخانە و میوانخانە و یان لە بەشی کشتوکاڵ و کێڵگەکاندا و...تاد پێویستییەکانی بژێویی خۆیان بە دەست دەهێنا.

ساڵی ١٩٦٢ کە نیشتمانپەروەری کۆچکردوو کەمال جانبلات[×] بوو بە وەزیری ناوخۆی وڵاتەکە، باری کوردەکانی گۆڕی، بەخشینی جنسیەی بۆ گەڕاندنەوە، بواری کارکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێدان، ماوەی دان بە ڕێگای یاسا و ئاشکرا پارتییەک بە ناوی پارتیی دیموکراتیی کورد بە سەرۆکایەتیی جەمیل مەحۆ بنیات بنێن و ڕۆژنامەیەک بە ناوی (صوت الاکراد) (دەنگی کوردان) دەربهێنن.

(×) کەمال جانبلات: کەسایەتییەکی ناوداری لوبنان بوو، یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی دەروزی لوبنان. ئەوەی جانبلات بەگە و سەرۆکایەتیی پارتیی سۆسیالیستی پێشکەوتووخوازی لوبنانی دەکرد، لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ هاتە کوردستانی باشوور و سەردانی کۆچکردوو مەلا مستەفای بارزانی کرد. ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوو بە دەستێکی چەپەڵی خائینان تیرۆر کرا و وەلیدی کوڕی شوێنی گرتەوە و خۆی بە دۆستێکی نزیکی گەلی کوردستان دادەنێت.

پرۆگرامی پارتییەکە، پرۆگرامی پارتییەکی چەپی پێشکەوتووخواز بوو لە بڕگەیەکیدا هاتبوو: "ان حزبنا دیمقراطی ووطنی، یمثل العمال والفلاحین والحرفیین والمثقفین الاکراد فی لبنان. نناضل من اجل حکم دیمقراطی حر فی لبنان واطلاق الحریه لکافه الادیان والاراء بالاضافه الی حریه الصحافه والتنظیم والنقابی والاحزاب فضلا عن الحریه لسائر المواطنین دون تفرقه او تمیز عنصری وینادی الحزب بحق تقریر المصیر لکافه الشعوب منها الشعب الکردی خارج لبنان."(٨)

دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠ جەمیل مەحۆ هاتە سەردانی سەرکردایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق و شۆڕش و کە گەڕایەوە هەندێک ڕەخنەی تایبەتی لەسەر ڕێباز و هەندێک لە کەموکوورییەکانی شۆڕش بڵاو کردەوە. بۆ جاری دووەم کە گەڕایەوە بۆ سەردانی سەرکردایەتیی شۆڕش، ماوەی دوو ساڵ لە گەلاڵە زیندانی کرا، بە تاوانی ئەوەی گوایا سەر بە ڕژێمی ەعسی عیراقە!

کوردەکان لە لوبنان چەند یانە و کۆڕ و کۆمەڵی خێرخوازی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییان بنیات ناوە و گشتیان ناوی کوردییان پێوەیە، وەک (الجمعیه الخیریه الکردیه)، (الجمعیه الثقافیه الاجتماعیه الکردیه)، (فرقه النوروز الکردیه)، (رابطه المثقفین الکرد ـ کاوه)، (اتحاد طلبه الاکراد فی لبنان)، (جمعیه علماء الدین الکرد) و...تاد.(٩)

نیسانی ١٩٧٥ پارتییەکی تر بە ناوی (پارتیی ڕزگاریی کورد، لوبنان) دامەزرێنرا و ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (خەبات) دەردەهێنا. زۆری نەخایاند کەرتکردنی تێکەوت و بوو بە دوو پارچە و یەک ناو. هەر لە هەمان دەوروبەردا محەمەدی کوڕی جەمیل مەحۆ کەرتکردنی خۆی دژی باوکی ڕاگەیاند و ساڵی ١٩٢ سەری تێدا چوو و کوژرا. دوای ماوەیەک باوکیشی دونیای بە جێ هێشت و مرد و ناوی پارتییەکەی نەما.

بیرمەندی لوبنانی پارێزەر فواد شیقلق دەڵێت: "الان الاکراد حققوا موضوعیا

وعمليا مواطنيتهم اللبنانيه التى لم تعد فى الامكان تجاهلها واصبح ضروريا تكريس هذه الحقيقه قانونا لوضع حد لكل اشكال التفرقه والتميز الممارس ضدهم."

ژمارەی کوردەکان لە لوبنان لە سەرووی ۲٥٠هەزار کەسە. لە پارتیی سۆسیالیست و وەلید جانبلات نزیکن. لە جەژنەکانی نەورۆز و ئاهەنگ و خۆشییەکانی کوردستاندا بە گەرموگوڕی بەشداری دەکەن، لە رووی هەست و نەستی نەتەوەییەوە خۆیان بە کورد و دڵسۆز بۆ کوردستان دادەنێن.

## ٤- کورد لە خۆراسان

هەرێمی خۆراسان کەوتووەتە باکووری رۆژهەڵاتی ئێرانەوە و سنووری لەگەڵ ئەفغانستان، تورکمانستان و ئۆزبێکستان تێک دەکاتەوە. بە هۆی ململانێ و شەڕ و کوشتاری زۆری نێوان ئێران و شەپۆلی هێرشەکانی مەغۆل و تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیاوە کە دەکرانە سەر ئێران. ساڵی ١٦٣١ شاعەباسی یەکەم (٤٥)هەزار خێزانی کوردی کە لە سێ عەشیرەتی گەورەی کورد پێکهاتبوو بۆ ئەو هەرێمە گوێزایەوە و پاراستنی سنوورەکەی خستە ئەستۆیان. لەوساوە لە هەرێمەکەدا نیشتەجێن و چەند شار و شارۆچکەیان هەیە وەک قوچان و شیروان[١١] و زمان و کولتوور و نەریتی کوردایەتیی خۆیان پاراستووە.

ساڵی ١٩٢٦ بە ڕاپەڕینێکی چەکداری، بە سەرۆکایەتیی جووتیارێکی کورد (زلفو)، دژی ڕژێمی ڕەزاشای پەهلەوی هەڵسان و داوای بڕیاری هەڵگرتنی بە ناو چاکسازی جلوبەرگیان دەکرد و هەروەها داوایان ئەوەیان دەکرد کە سەربازییان پێ نەکرێت و بێگار و سوخرەش لەسەریان کەم بکرێتەوە. (زولفو) بە بریندای بە دیل گیرا و ڕەزاشا ئیعدامی کرد.[١٢]

لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، هەست و گیانی نەتەوەیی

کەوتەوە گەشەکردن، نووسەرێکی ناوداریان بە ناوی (تەوەکەلی) کتێبێکی مێژوویی قەبارە گەورەی لەسەر ژیانی کوردەکانی خۆراسان بە چاپ گەیاند، کۆماری ئیسلامیش بۆ چەند ساڵ زیندانی کرد. بەم وایەش دوو سێ جار لە تەلەفزیۆنی (میدیا) هەندێک چالاکیی فۆلکلۆری و هونەریی کوردی خۆراسان بلاو دەکردەوە. رۆشنبیر و هۆشمەندانی کورد لە ئەوروپا، چەند سکاڵا و یاداشتیان بۆ سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی نارده تاران و داوای ئازادکردنی تەوەکەلیان کرد.
هەندێک سەرچاوە، ژمارەی کوردەکانی خۆراسان، لە ئێستادا، بە یەک ملیۆن زێدەتر دادەنێت.

## ٥- کوردی کۆچکردوو و دەربەدەرکراو

ئا. مێژوونووسی ناوداری کورد، محەمەدئەمین زەکی لە کتێبە بەنرخەکەیدا (کورتەی مێژووی کورد و کوردستان) باسی ئەوە دەکات کە سەردەمی شالاوی مەغۆل و تەیموری لەنگ و تورکەکاندا بۆ سەر ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەراست، ژمارەیەک لە عەشیرەتە رەوەند و کۆچەرەکانی کورد پەراگەندە بوون و بەرەو رۆژهەلات رۆیشتن تا گەیشتنە بلوچستان و هیندستان و ئەفغانستان. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەیان لە بلوچستان دەگەیشتە (٣٥٠)هەزار کورد.[١٢]
لە دوای ئەوەوە، زانیارییەکی ئەوتۆ، یان شتێک دەربارەی پەیوەندییان بە گەلی کوردستانەوە بلاو نەکراوەتەوە. وەلێ لەم ساڵانەی دواییدا لە رێگای ئەو کوردە کۆچکەرانەی گەیشتوونەتە پاکستان، بەتایبەت شاری (کویتۆ) و تەلەفزیۆنەکانی کورد لە چەند بۆنەیەکدا باسیان هاتووە.
ب. لە دوای پەنجاکانی سەدەی پێشووەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی باکوور بۆ ولاتانی ئەوروپا کۆچیان کرد بە مەبەستی کارکردن و بووژانەوەی

ژیانی ئابووریـیـان. لە دوابەدوای سـالّی ١٩٧٠ەوە دیاردەی کـۆچکردن و دەربەدەکردن لە کوردستانی باشووریش دەستی پێکرد. لە سەرەتادا دژی برا کوردە فەیلییەکان کە لە بەغداد و خوارووی عیراقدا دەژیان و کاتێکیش کە شـۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥/٣/٥دا ڕووخـا و کـارەسـات بەسـەر هەمـوو کوردستاندا هات، کۆچکردن و دەربەدەری بە فراوانی دەستی پێکرد.

لە عـیراق حکوومـەتی بەعسی ڕەفـتارفـاشـیـست بە هەزاران کـوردی بۆ ناوەڕاست و خـوارووی عـیـراق گـواسـتـەوە. لە تورکـیـاش لەژێر پەردەی بەربەرەکانیکردنی (پ.ک.ک.)دا سەدان گوند وێران کران و بە هەزاران کورد پەرەوازەی ڕۆژئاوای بچووک بوون.

لەوساوە تا ڕۆژگـاری ئەمڕۆیکە کـۆچکردن و دەربەدەری لە سـەرانسـەری پارچەکـانی کـوردسـتـاندا بۆ وڵاتانی بیـانی بووە بە دیاردەیەکی ناڕەوا و ترسناک، بە جۆرەها شێوەش لە لایەن شۆڤێنیستەکان تورک، عـەرەب و فـارسـەوە پشـتگیـریی لێ دەکرێت و زەمـینەی بۆ سـاز دەکـەن. بە هەزاران خـوێندەوار، هێـزی کـار، زانا و ڕۆشنبـیـر و نووسـەر و سـیـاسـەتمەدار کوردستانیان بە جێ هێشتووە و لە وڵاتانی جیهاند پەرت و بڵاو بوونەتەوە.

ئەگەر چارەیەکی بنەڕەتیی زانستیانە بۆ ئەو کارەساتە نەدۆزرێتەوە، ساڵی دوای ساڵ زیانی گەورەتر بە خاک و نیشتمان و گیانی کوردایەتی دەگات.

سەرچاوەکان:


١- شێخ مەحەمەدی مەردۆخی، مێژووی کورد و کوردستان، ل٧٠
٢- د. عەبدورەحمان قاسملو، کردستان الاکراد، ل٨٧
٣- ئارام عەلی، پەیوەندی نێوان کورد و رووسیا، ل١٦ و ١٧
٤- هارفی مۆریس، جۆرج بلوچ، تورجمە راج ال محمد، ل١٩٩
٥- الکرد وکردستان فی مخابرات البریطانیه، ص٢٥٢
٦- عرب واکراد، رویه قومیه للقضیه الکردیه، ص٤٨٠
٧- زهیر عبدالملک، الکرد وبلادهم کردستان، ص٨٤
٨- عراب واکراد، رویه قومیه، منذر الموصلی، ص ٤٧٨ و ٧٩٠
٩- هەمان سەرچاوە، بڕوانە: بەشی (لبنان) چاپی سێیەم.
١٠- هەمان سەرچاوە، ص٤٩٤
١١- جنبش های کورد، ازدیر باز تا کنون، م. کاردوخ، جلد اول، ل١٩٦-٢٠١
١٢- الحرکه الکردیه فی العصر الحدیث، مجموعه من خبراء السوفیت، ص١٥٩-١٦٠
١٣- محمدامین زکی، ترجمه: محمدعلی عونی، موجز تاریخ الکرد وکردستان، ص٣٦٠

# چەند گوتەیەکی کورت

بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز باش بە بیر و بۆچوون و بیرکردنەوەم ئاشنا بێت، لە سەرەتای ئەو تەوەرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە و دەڵێم: بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان، هەر لە کۆنەوە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرییە و لە بەرەی چەپی جیهانیدایە.

وا بۆ دووسەد ساڵ دەچێت گەلی کوردستان بە شۆڕش هەڵدەستێت و قوربانی دەدات.(×) لەسەر هەمان دروشم و ئاوات ماوەتەوە، کە شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەم قوربانییان لە پێناویدا داوە.

لەو ماوە دوورودرێژەی تێپەڕی کردووە چەندان ئیمپراتۆریەت ڕووخان، ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری هاتن و ڕۆیشتن، کەچی گۆڕان و پێشکەوتنێکی بنەڕەتی و چۆنێتیی بەسەر باری جیۆپۆلیتیکی و سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگای کوردەواریدا نەهاتووە.

کورد تییە ئەڵێت: بێ مافین، نیشتمانەکەمان بە پارچە پارچە کراوی ماوەتەوە، دواکەوتووین.

دۆستانی کورد و مرۆڤی خاوەن ویژدان لەم جیهانەدا هەردەم دەڵێن: گەلی کوردستان گەلێکی دڵپاکە، ئازا و ڕاستگۆ و جەنگاوەرە، ستەملێکراوە.

---

(×) دکتۆر بێجرمانی لەو ئامیلکەیەی ساڵی ١٩٨٦ بە ناوی (کردستان الوطن والقضیە فی المواثیق والمواقف الدولیە)دا بڵاوی کردووەتەوە، ڕاستییانە کەوتووەتە ژماردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی نەتەوەیی کورد لە سەرهەڵدانی محەمەدپاشای ڕەواندوزییەوە (١٨٣٠-١٨٣٧) تا شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات (١٩٧٩) و بە ڕێکوپێکی (٣٧) شۆڕش و ڕاپەڕینی تۆمار کردووە. کە سەرتاپایان بە ئاگر و ئاسن، بە کوشتن و بڕین لە ناو براون. خۆ گەر شۆڕشی کوردستانی باشووری (١٩٧٦-١٩٩١) و هەڵای کوردستانی باکووری لە ساڵی ١٩٨٤دا بخرێتە سەر، سەرتاپا دەکاتە (٣٩) شۆڕش و ڕاپەڕین. بڕوانە: (ئامیلکەکەی دکتۆر بێجرمانی لاپەڕە ٦ و ٧)

وەلێ یەکجار کەم هەن دەنگی دادپەروەری و ڕاستی بەرز بکەنەوە و بڵێن: بۆچی دەبێت زۆرینەی هەژار و نەداران، خزمەتکار و ڕووت و ڕەجاڵان، کۆڵهەڵگر و بۆیاخچی، کرێکار و ڕەنجدەرانی هێزی بازوو فرۆشی هەرزان، منداڵانی سواڵکەری دوور لە خوێندن و قوتابخانە، هی شارەکانی ئەستەنبوڵ و تاران و بەغداد و ئەنقەرە و دیمەشق کوردی دەربەدەر و ئاوارەبوو بن! ئایا ئەو دیاردە پڕ لە کارەساتە چارە و قەدەری کوردە!؟

لەو مـاوە دوورودرێژەی ئاماژەی پێکراوە، بزووتنەوەی ڕزگـاریخـوازی نیشتمانی گەلی کوردستان، لە یەک قۆناغ و ئاستەنگدا چەقیوە، لە هەندێک ڕوودا دۆزەکەی دژوارتری بەسەردا هاتووە. خەباتی ڕەوای گەلەکە، خەباتی گشت چین، کۆڕ و کۆمەڵ و توێژەکانی کۆمەڵگاکایە. شوێنی سەرتاپایانی تێدا دەبێتەوە. ئەرکی گشتییە بە جۆش و گۆش بەشداری تێدا بکەن.

پرسیارێک دێتە پێش، ئایا دەبێت جەماوەری کوردستان و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئێستاکەدا چ ڕێبازێکی نەتەوەیی نوێی پێڕەو بکەن؟ بەو ئاوات و هیوایەی پێبازووی تێکۆشینی سەختی گەلەکە، لە ڕۆژی سەرکەوتن نزیک بخەنەوە.

بە ڕا و بۆچوونم، یەکەم هەنگاو دەکەوێتە ئەرک و ئەستۆی سەرکردایەتیی گشت پارتی و هێزە سیاسییەکان (بەتایبەت پارتییە بەتوانا و بەهێزەکان) ڕۆشنبیر و هۆشمەندانی کورد، بوێرانە، بکەونە پێداچوونەوەیەکی ڕەوا و زانستییانە بەسەر گشت ئەو کردەوانەی لە ڕابوردوودا ئەنجامیان داوە. دەرس و پەند لە شاشی و هەڵەکردنەکان، زۆریی زیان و فرتوفێڵی داگیرکەران و پیلانە گڵاوەکانیان وەربگرتن، سوود لە پراکتیزەکردنی گەلانی دونیا وەربگرن، بە ڕێبازی دیموکراتییانە و پشتبەستن بە جەماوەر و هەڵوێستی ڕاست، گۆڕانکاری بەسەر ڕەفتاریاندا بهێنن. بەڵێن بە گەل بدەن، بە کردەوەش بکەونە خۆڕزگارکردن لە عەقڵیەتی دیکتاتۆری، خۆسەپاندن بە هەڕەشە و گەف و گوڕ. بەڵێن بدەن خۆی لە عەقڵیەتی بنەماڵەیی و

پارتایەتیی تەسک و ناوچەگەرێتی ڕزگار بکەن. ئەگەر ئەم ڕێبازە بگرنە بەر، خزمەت بە خۆیان و مێژوویان دەکەن و سەربەرزییان بۆ دەمێنێتەوە.

ئەو ململانێ و کێشەیەی لەنێوانیاندا هەیە لاوەکین. هەر لە دێرزەمانەوە لە دارشتن و پیلانی داگیرکەرانی کوردستان و کۆنەپەرستانی چەوسێنەرە. چەند ڕۆژێ زووتر گەلی کوردستان لە سایکۆلۆژیای کۆنی ڕزگار بکەن، هێندە زووتر هیوا و ئاواتی سەرکەوتن لە کاریوەدا باشتر دەبیترێت.

با کۆتایی بە کوتانەوەی ئاسنی سارد بهێنرێت، لاپەڕەی تازە لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستاندا بکرێتەوە، هەنگاوی نوێی پێرەو بکرێت، شێوازی خەبات و کۆششەکانمان لەگەڵ سیمانی سەردەم بگونجێنین. لە ئەرکی هەموو لایەنێکدایە کە لە هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستاندا بەرەیەکی نەتەوەیی پتەو ساز بکرێت. مافی تەواوی هەر بەرەیەکە کێشە و نەخشە و ستراتیژیەتی کاری سیاسی و نەتەوەیی لە سنووری خۆیدا دابڕێژێت. هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەرەکانی تری کوردستاندا ڕێک بخات.

کوردە کۆچکردوو و دەربەدەر و پەناهەندەکان لە وڵاتانی بیانیدا، دەروازە لە پێشیاندا ئاوەڵایە، دەتوانن بە هەموو هێز و توانایانەوە لەعنەت لە عەقڵیەتی پارتایەتی تەسک و جیاوازیکاری بکەن. هەرکوردێک ئازادە لە پاراستنی پەیوەندیی حزبایەتیی خۆی، یان ئەو ڕێبازەی دەیگرێتە بەر، بەڵام لە ڕووی دەربەدەری و ژیان لە هەندەرانەوە، هەموو هەر کوردین و دەبێت بەرژەوەندیی نەتەوەی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان، بە تاواتی سەرەکی بزانین و بەبێ جیاوازی لەگەڵ ئەم و ئەو ڕەفتار بکەین. بە دڵسۆزی و هێز و تواناوە ببین بەیەک. لوبیی کوردی پێک بهێنین. پشت و پەنای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکامن بین. بە چەمکێکی توندوتۆڵ پروپاگەندە بۆ پرۆسەی ڕەوای گەلەکەمان بکەین. بە ئەخلاقی جوان و ڕەفتاری ڕێکوپێک، وەک نموونەی سەرکەوتوو، پێشانی گەلانی بدەین کە گەلی کوردستان شیاوی هەموو پشتگیری و پێشکەوتنێک هەیە.

بە گەرموگوڕی هاتی لاوانی کوردی پەناهەندە بدرێت، بایەخ بە خوێندن و خوێندەواری بدەن. بە خوێندنی بالا و زانینی زۆر گەلی کوردستان پێش دەکەوێت. زانا و خوێندەوار و کەسانی لێهاتووی کورد کۆشش بکەن، لە هەر شوێنێکدا دەژین بکەونە نێو ئامێر و سازمانەکانی دەوڵەتییەوە، وەک پەرلەمان، دانیشگاکان و کاروباری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و... تاد.

بە سووکایەتی ناژمێردرێت هەمان تاقیکردنەوەی گەلانی تر بۆ بەرژەوەندیی ئایندەی گەلی کورد بە کار بهێنرێت، چەند بە قازانجی کورد دەگەڕێتەوە، کە ژمارەی زۆر لە هۆشمەندانی کورد بکەونە کارکردنی حزباتی و بگەنە ریزی پەرلەمانی وڵاتەکانی ئەوروپا و ئەمریکا.

پێشینانی کورد گوتویانە: "قسە هەزارە یەکی بەکارە." مێژوو و ژیان سەلماندوویەتی کە گەلی کوردستان تەنیا بە یەکێتی و یەکبوونی ڕیزەکانی نەبێت، هەرگیز او هەرگیز، لە ژێردەستیی داگیرکەران، چەوسانەوە و دواکەوتوویی ڕزگاری نابێت و لەو قەیران و چاڵانەی دوژمنانی داگیرکەر بۆ کوردی دەنێتەوە ڕزگاریان نابێت و سەرکەوتنی یەکجارەکی دەبێت بە خەون و خەیال.

ئەوجا سەرکردایەتیی پارتییەکانی کوردستان و سیاسەتمەداران، خۆتان و ویژدانتان و دڵسۆزیتان و ئەخلاقتان، ئۆباڵی چل ملیۆن کورد لە ئەستۆتاندایە.

له بڵاوكراوەكانی نووسەر

١- دەنگدانەوەی ئاشتی، ١٩٥٤، لەژێر ناوی دلێر ئەحمەد. پۆلیس لە چاپخانەی دیجلە دەستی بەسەردا گرت.
٢- توتن و توتنەوانی لە كوردستانی عیراق، ١٩٥٨.
٣- هەندێ ڕووداوی گرنگی ساڵی ١٩٧٩، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی كورد، بەرگی یەكەم، ١٩٩١
٤- شەڕەكانی براكوژی ١٩٨٠-١٩٨١، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی كورد، بەرگی دووەم، ١٩٩٢
٥- كارەساتی پشت ئاشانی ١٩٨٣ و بەرەی كوردستانی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی كورد، ١٩٨٠-١٩٩٠
٦- لە كاروانێكی دووروودرێژدا، ئەزموون و تاقیكردنەوەی پەنجا ساڵ، ١٩٩٧
٧- بنچینەی مێژووی بیرۆكەی چەپ لە كوردستان، ٢٠٠١

ئامادەكراو بۆ چاپ
پاشماوەی خەرمان

Fatih Rasul

The Historical Roots of Leftist Thought in Kurdistan


Bingeha Dîrokîn Ya Bîra Çep Li Kurdistanê

2001

# Fatih Rasul

## The Historical Roots of Leftist Thought in Kurdistan

## Bingeha Dîrokîn Ya Bîra Çep Li Kurdistanê



فاتح ڕەسوڵ

ـ ساڵی ١٩٣١ لە شاری کۆیە، لە بنەماڵەیەکی کاسبکار، چاوی بە دونیا کەوتووە.
ـ ساڵی ١٩٣٨ چووەتە قوتابخانە.
ـ مانگی نیسانی ١٩٤٧ بۆ یەکەم جار، لەبەر بەرگری لە بارزانییەکان، بە ساڵێک زیندانی حوکم درا.
ـ ساڵی ١٩٤٩ بە یەکجارەکی لە قوتابخانەی ئامادەیی دەرکرا و لە دادگای عورفیی بەغدا بە ساڵێک زیندانی و ساڵێک مانەوە لە ژێر چاودێری، لەسەر ئەندامێتیی لە پارتیی کۆمۆنیستی عیراقدا، حوکم درا.
ـ تا ساڵی ١٩٥٥ چەند جار بە بەندکردنی کاتی سزا دراوە.
ـ مانگی شوباتی ١٩٥٥ بە ٣ ساڵ حوکم و ٢ ساڵ مانەوە لە ژێر چاودێریدا سزا درا.
ـ ٨ مانگ پێش شۆڕشی ١٤ی تەموز لە زیندان ڕزگار کرا.
ـ لە دوای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ تا ١٩٧٠ چووە شاخ و هەروەها ناچاری خۆشاردنەوە و دەربەدەری بوو. جارێکی تر لە سەرەتای ١٩٧٩ەوە تا ناوەڕاستی ١٩٨٦ کەوتەوە شاخ و نێو ژیانێکی یەکجار سەخت و دژوار.
ـ لە کۆتایی ١٩٦٠دا بوو بە ئەندامی هەرێمی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و لە ١٩٧٣شدا تا کۆنگرەی چوارەمی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق بە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی هەڵبژێردرا.
ـ لە ١٩٨٦ تا ١٩٨٩ لە سوریا مایەوە و لەدوای ١٩٨٩شەوە لە سوید دەژی.